نوسینی: ئەلیزا مارکوس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ماجید خەلیل



https://t.me/kurdistanbooks

# مێژووی پەکەکە

بەرگی ١-٢

# مێژووی پەکەکە

## خوێن و باوەڕ، پەکەکە و خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆیدا

# مێژووی پەکەکە

## خوێن و باوەڕ، پەکەکە و خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆیدا

https://t.me/kurdistanbooks

نوسینی: ئەلیزا مارکوس

وەرگێڕانی: ماجید خەلیل

بەشی یەکەم

2014

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (٤٦١)

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: مێژووی پەکەکە
- نوسینی: ئەلیزا مارکوس
- لە ئینگلیزییەوە: ماجد خەلیل
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپی: یەکەم - سلێمانی ٢٠١٤
- چاپخانەی: گەنج
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ناونیشان:
سلێمانی ، بازاڕی سلێمانی ، بەرامبەر بازاڕی خەفاف، تەنیشت گەراجی بۆتان
ژمارەی مۆبایل: ( ٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣ ) یان (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧ )

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەم پەرتوکە یەکێکە لە توێژینەوە ناوازەو دەگمەنەکان کە غەوارەکان دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد نووسیویانە، ئەلیزا مارکیوسی خانمە کوردناسی بەنێوبانگی ئەمەریکی دارای ١٥ ساڵ ئەزموونی مەیدانیو رۆژنامەنوسییە لە بوارەکەیداو لەو پێناوەددا چەندینجار رووبەڕووی گێچەڵی دامودەزگاکانی تورکبووەتەوەو زیندانی کراوە.

ئەم خانمە جگە لەکوردستان لە ئیسرائیلو ئەڵمانو چەندین وڵاتی تری دنیا کاری رۆژنامەنوسی خۆی بۆ نێوەندە میدیاییەکانی دونیا دەستداوەتێ.

ئەلیزا لە پێشەکی ئەم پەرتوکەدا بە وردی باس لە بایەخی کارەکەیمان بۆ دەکات، چڕو پڕیی سەرچاوە دەگمەنەکانیو چاوپێکەوتنە هەمەلایەنەکانی ئەو هەستەمان لا دروستدەکات کە ئەوینێکی راستەقینە لە نیازو نییەتی نووسەردا هەبووە بۆ مێژووی کورد.

ئەم نیازەی مارکیوس گەلێ لایەنی بریندارو پەنهانی مێژووی رێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی بۆ ئێمەی کورد زیندو و سلامەت راگرتووە، هەر بۆیە بە حوکمی پسپۆڕییەکەم لەبوارەکەدا و مژوڵیم لە توێژینەوەی دکتۆراکەم لە هەمان بواردا، ئەو باوەڕەم لا گەلاڵە بوو کە دەتوانم مافی تەواو بدەمە ناوەڕۆکو

مانای پەرتووکەکە کە وەك خۆی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردیی سۆرانیو لە چوارچێوەی دووبەرگدا بەچاپی بگەیەنم.

لەراستیدا پەکەکە تەنها پارتێکی کوردیىو یاخی لەدەوڵەتی تورکو ئەجێندای داگیرکاریی دەرەکیی نییە بۆ سەرکوردستان. تایبەتمەندی پەکەکە گەلێ ئاڵۆزی داوەتە زیهنو بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە ئاشنا بوون بە سەرەداوەکانی سیاسەتی ئەم هێزە.

بۆ خۆم گەلێك جار ئەوینێکی سەیرو هەیەجانێکی کوردانە لەواقیعی کارەکانیان دەخوێنمە، هەندێك جاریش ئەستەمە توێژەر یان کۆڵەرێکی سیاسی بتوانێت واتای شۆڕشگێڕشیەتی بلکێنێت بەم تەڤگەرەوە.

لەراستیدا ئاڵۆزیو سیحری رابوونی پەکەکە لەباکووری کوردستاندا ئەگەر بەشێکی بەسترابێت بە دەگمەنی رەگەزی رامیاریی ئەتاتورکو ئەجێندای تێکڕای نەیارەکانی پەکەکەوە، بەشێکی بەرینی بەستراوە بە تایبەتمەندی خودی ئۆجەلانو میتۆدی کاری پەکەکەوە. ئەم جیاکارییە لە ئەزموونی پەکەکەدا کە لە دەستپێکی حەفتاکانەوە لەنێوەندە زانکۆییەکانەوەو لەنێو شارە مەزنەکانی تورکیادا خەملێ، بەجۆرێك تاوی سەند کە بۆ هەوەڵجار لەچوارچێوەی پارتێکی سیاسی نهێنیدا لە ساڵی ١٩٧٨دا خۆی ئاشکرا کرد. بوونی پەکەکە لەبەرامبەر سڕینەوەی هەموو ئەوانی دیدا، رامیارییەك بوو لەگەڵ رامیاری تورکیا یەکی دەگرتەوە.

بوونی دەیان پارتو کۆمەڵەی راستو چەپی شۆڕشگێڕ کە لەلایەکەوە میراتگری چەپو بزافە شۆڕشگێڕەکانی کاریگەر بە روسیاو چینو ئەلبانیاو خۆرئاوا بوون لەلایەکی تریشەوە کاریگەر بوون بە توراسی رابردووی شۆڕشە چەکدارییە کلاسیکییەکانی کورد. هەموو ئەوانە لەژێر تینو تاوی زەبری رژێمی دووای کۆدەتای ١٩٨٠و ئەدەبیاتی جەنگخوازانەی پەکەکەدا لەبەینبران. لێرەوە پەکەکەو دەوڵەت وەك دوو جەمسەری دژ لە گۆڕەپانەکەدا کەوتنە مەتەرێزو وێزەی یەکتریی.

هەر بۆیە ئەزموونی ٢٤ ساڵ کاری سیاسیو ڕێکخستنو ٢٨ ساڵ خەباتی چەکداری پەکەکە لە تورکیادا پێویستی بەوە هەیە بە پەرچڤەیەکی لۆژیکی لێیوردبینەوە.

ئەگەریش روانینەکان مەیدانی بنو بە روانگەی عەقڵێکی خۆرئاواییانەوە نووسرابن، ئەوە ئاتاجی خوێندنەوەو ئاگابوونەکە زیاتر دێتە گۆڕێ. رەنگە خوێنەر بتوانێت لە خوێندنەوەی شیکارەکانی ئەم خانمەداو لە وردبوونەوە لە چرپڕی دیدارو چاوپێکەوتنە سەرەکییەکانی مەودای نوسینەکە بەشێك لە رازی پەکەی بۆ ئاشکرابێتو تێبگات رابردووی تەڤگەرێك کە ئێستا کلیلی دۆزی نەتەوەیەکی بندەست لەدەستیدایە بەچ ئاقارێکدا دەبات. لە خوێندنەوەی رابردووی پەکەکە دیسانەوە لە تایبەتمەندی شوناسی سیاسی رووداوەکانی ئەورۆ تێدەگەینو ئەو پەنهانیەی سەرکردەیەك لە زینداندا و رابەرایەتیکردنی گروپێك لە شاخدا زانستی سیاسی دەتوانێت گرێکوێرەکەی بکاتەوە. چونکە بوونی پەکەکە لە قەندیلو شۆڕبوونەوەی جۆرێك لە سیاسەت یان رەنگدانەوەی ئەم هێزە چەکدارە لەپانتایی سیاسی تورکیای ئێستادا لە چوارچێوەی پارتو رێکخراوی فەرمیدا جیا لەوەیش وابەستەیی جەماوەرێکی فرەی کورد لەنێوخۆو دەرەوەی تورکیا هاوکات هەموو ئەمانە کردنی ئۆجەلان بە مەرجەعی سیاسەتو جیهانبینی ئاشتیو جەنگیان، تەنها بەشۆڕبوونەوە بە مێژووی ئەم هێزەدا تێدەگەین تاچەند ئەم سیناریۆ و سیما میدیایەی ئەمڕۆ نێزیکە لە راستییەوە. ئایا کاروبارەکان هەروا سانانو ملدانێکی جەماوەری بەو جۆرە سانایيە نەزمی ئاپۆچییەتی لەدەماریدایە. ئایا بەندییەتی ئۆجەلان لەم قۆناغەدا زادەی چ سیاسەتێکەو چ گێرانو چ بەردانی لە زیان یان خزمەتی چ هێزو هەرەکەتێکدایە.

هیوادارین لەتانو پۆی ئەم پەرتووکەدا خۆنەری وردو وریای کورد بتوانێت کەمێك لە راستییەکانی رابردووی ئەم تەڤگەرە خوێناویو مانیایەی کوردی بۆ دەرکەوێتو لەوێوە لە رەهەندە ناوخۆییو هەرێمیو نێونەتەوەییەکانی لەمەڕ دۆزو

دۆخی کورد ئاشنا بێتو دەروازەیەکیش بێت بۆ ناسینی دیدگای کوردناسی، کە لە ئەزموونی کاری ئەم قەڵەمانەوە بەشێك لە زێڕی رابردوومان لە ژەنگو ژەهری خۆرئاواو داگیرکاریی هەرێمی بۆ رۆشندەبێتەوە.

ماجید خەلیل. هەورامان
٢٠١٢/٠٥/٢٥

## تێبینی نوسەر بۆ خوێنەران

ئەم پەرتووکە بەرهەمی چاوپێکەوتنگەلێکی تێرو تەسەلە کە لەتەك ئەندامانی بەرایی گروپی کوردیی بەرهەڵستکار (پەکەکە) دا سازدراون، هەموو ئەو دیدارانە گرۆتینیان پێدام تا بتوانم دیرۆکی ئەو تەڤگەرەو رێو رێچکەی جەنگە گەریلاییەکەیی‌و هەستی رادیکاڵی تەڤگەری ناسیۆنالیستی کوردیی لەو قۆناغەدا زیندوو رابگرم.

لەهەمان کاتدا، لە نێزیکەوە قسەکردن دەگەڵ رێبەرانی پێشووی پەکەکەدا، راستیی دیوی ناوەوەی گروپەکەو کاروو کردەوەکانیانی لا رۆشنکردمەوە، هەروەها لە پاڵنەرەکانی فراوانبوونی بازنەی مرۆیی ئەو رەوشەیش تێگەیشتین کە بۆچی ئەو کورو کیژانە دێنە نێو تەڤگەرێکەوە لەکاتێکدا کە لە تەواوی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو خودی تورکیەدا بە پێرێکی تێرۆریستو یاخی لەقەڵەمدراون. هاوکات، سەرەرای پەیبردن بە نهێنیی‌و سەرنجراکێشییەکانی ئەم گرووپە، ئاماژەم بەوەش داوە بۆچی مەترسیی‌و مەرگەساتو سەختییەکان‌و دواجار قۆڵبەستکرانی ئۆجەلانی رێبەری گروپەکە نەیانتوانییوە رێ لە گەنجی کورد بگرن، تا لەریزەکانی ئەو هێزەدا خەبات نەکەن.

لەتەك ئەمەشدا رەنگە کەسانێك پلاری ئەوە بگرن، بۆچی پشکی گەورەی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانی پەکەکەوەیەو بۆچوونی رێبەرەکانی پێشوویەتی. ئەوان وادەبینن ئەو سەرچاوانە زانیاریگەلێکی گوماناویی‌و بێبنەمان، ئەوان پێیان وایە، کە کەسانێك لە گروپێکی نایاسایی‌و توندرەودا بووبن، کە پیشەیان کوشتن‌و تۆقین بووە ئیتر ناتوانن راستییەکان بدرکێنن.

بۆ وەڵامی ئەو رەخنانە، پێویستە ئەم تێبینییانە رەچاوبکەین:

یەکەم : بۆ تێگەیشتن لە پەکەکە یان هەر تەڤگەرێکی تر بەدڵنیاییەوە دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا بدوێین کە بە شێك بوون لە گروپەکەو لە واقیعەکەدا ئامادەییان

هەبووە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەندامانی ئێستەی پەکەکە زۆر بەکەمی بەئازادانە دەدوێن، هەربۆیە پەنامان بردە بەر ئەندامانێکی بالآی گروپەکە کە پێشتر لە بگرەو بەردەکاندا ئامادەییان هەبوو.

دووەم: کەڵك لە سەرچاوەی جیاوازو بەراوردکار وەرگیراوە، دەستمان را گەیشتووە بە بنکەکانی مەشق‌و نێو کۆبوونەوەکانی تەڤگەرو و فێرگە تایبەتییەکانیان. چاپ‌و وەشانە دەرەکی‌و تورکییەکانیش بەگوێرەی پێویست لە رووداو و تۆمارەکاندا بۆ زێدەتر بەهێزبوونی توێژینەوەکە کەڵکگیر بووە. هەر بۆیە زانیارییەکانی نێو ئەم پەرتووکە لە تەنها سەرچاوەیەکی زانیارییەوە نییە، بەڵکوو زانیارییەکان تێکهەڵکێش بوونە لەگەڵ زانیاری‌و سەرنجی چالاکوانانی کوردو رێبەرە دیارەکانی کوردو تەنانەت نەیارانی پەکەکەو چاودێرانی کوردی سەربەخۆو بێلایەن لە کوردستان، هەروەك چۆن لە سەرچاوە دەرەکییەکانی پێوەست بە پەکەکە کەڵکی فرە وەرگیراوە.

بەگشتی راوبۆچوون‌و دیداری فەرمیی لەتەك نێزیکەی سەد کەس پەیوەست بە توێژینەوەکە کراوە. زێدەتر لەوەیش پشتقاییم بووم بە خۆم‌و هەروەها هەموو ئەو رێپۆرتانەم خستووەتە روو کە لەمەڕ پەکەکەو دەرگیربوونی کوردیی لەنێوان سالآنی ١٩٨٦ بۆ ١٩٩٧ دەرکراون. بەمجۆرە هەروەك چۆن خوێنەر لە داهاتوودا بۆی نومایاندەبێت، بەوجۆرە زانیارییەکانم بە پشتبەستن بە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر داڕشتووەتەوە.

لەراستیدا تا ئێستا توێژینەوە یان بلأوکراوەگەلێکی زانستی قوڵ لە مەڕ پەکەکە نەکراوە، جیا لەوەیش چاوپێکەوتن‌و دیدارەکانیش لەتەك ئەندامانی پێشووی واندا نەکراوە.

وەلێ برێکی گچکە کار بۆ خستنەڕووی واقیعی کوردیی لە تورکیا تاوەکو ئێستا هاتووەتە وەشاندن. بۆ نموونە لەوانە پەرتووکی (پرسیی کوردی تورکیا) ی هەردوو

پسپۆڕی ئەمەریکی هێنری جی بارکی‌و گراهام فولەر، (ئاپۆو پەکەکە) ی ڕۆژنامەنووسی تورك عەلی موحەممەد بیراند، پەرتوکی (کێوێك لە ئازار) ی سەلاحەدین سلیکی ئەندامی پێشووی پەکەکە، پەکەکە لە نوسینی ڕۆژنامەنووسی تورك عیسمەت ئیسمەت، (مێژووی نوێی کورد) ی پسپۆڕی بەریتانی داڤید ماکداوڵ، پەکەکە (پارتی کرێکارانی تورکیە)ی ئەکادیمیستی تورك نیهاد عەلی ئۆزکان.

دیارە پشتبەستن‌و وەرگرتنی زانیاری لەو نوسراوانە ئەوە ناگەیەنێت کە زانیارییەکانیان پشتراستی زانیاری منن، هەروەك چۆن نوسینەکەی منیش ڕازیبوون نییە بە هەموو ئەوانەی کە ئەوان نوسیویانە. وەلێ پێویستە بگوترێت کە قەرزاری بۆچوونەکانیانم‌و قەرزاری هەموو ئەو پێنووسانەم کە لەو گۆڕەپانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە.

بە دڵنیاییەوە دوپاتیدەکەمەوە، بەبێ دەستگرۆیکردنی زانیارییەکانی ئەندامانی بەرایی پەکەکە نەدەتوانرا ئەم پەرتووکە بنوسرێت. زۆرجار دیدارەکان زیاد لە ١٢ کاتژمێر بەردەوام دەبوون، بەدرێژایی کاتە جیاوازەکانی ڕۆژێك وەدووی کۆبوونەوەکانەوە یان لەرێگەی ئیمەیل‌و پێوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە کاری توێژینەوەکە دەگوزەرا. دیارە چێکردنی پێوەندیی لەتەك ئەندامانی پێشووی پەکەکەدا هەروا کارێکی هەوانتە نەبوو، جیا لەوەش ئەوان هەمیشە ژمارە تەلەفۆنەکانیان دەگۆڕی یاخۆ داخرابوون. لێرەدا پێویستە سوپاسی سەلاحەدین سیلیکی ئەندامی پێشووی پەکەکە بکەم کە زۆرێك لە ژمارەکان لەرێی ئەوەوە چنگم کەوتن. هاوکات ئامادەیی سەلاحەدین بۆ مشتومڕی تێرو تەسەل لەمەڕ ڕابردووی کارو چالاکییەکان‌و ئەزموونی تێکۆشان‌و سەرنجە بابەتییەکانی‌و تێرامانی بە پرسی ئەو هێزە لەرووی زانستییەوە فرە بەرز دەنرخێنرێن.

هەروەها موراد داگدێلین چالاککاری سیاسیی تەوای ئەرشیف‌و نوسیینە تایبەتییەکانی خۆی خستە بەردەستم. جوسەین تۆپگیدەر هەڵسەنگاندنی زیاد لە

بیست ساڵ خەباتی پەکەکەی بە کەڵك وەرگرتن لە زانیاریی نێو بەشێك لە کۆبوونەوەکان لادرکاندم، سورگوڵ گولموز ئەو ئەندامەی وێب سایتی ناسنامەی بەرهەڵسکار بە پەکەکە بەڕێوە دەبات، نێوبەناو پێشنیاری پێوەندیگەلی نوێ دەکات. سەلیم کوروکایا یەکێ لە بەرهەڵستکارە لە مێژینەکانی پەکەکەیش، توانی دیوی نێوەوەی ئەو هێزەو نیازو ژیانی ژێر بەڕەی بخاتە بان بەڕە.

ئیهان سیفتیسی، نیهال، زەکی ئۆزتورکو دەیان کادێرو هەڵسوڕاوی تری پەکەکە بەنیاز پاکیو سەر راستانە بۆ پرسیارەکانم هاتنە گۆ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە خانوو خانەوادەو خوانە بەپێزەکانیان هەمیشە دەرگەیان لەسەرپشت بوو لەپێناو راپەراندنی کارەکانمدا. بەجۆرێك گەشتم دەکرد وەك ئەوەی لە کیشوەری ئەوروپادا گەشتەکەم لێنەوییبێت. خەدیجە یەشاریش لە گروپی ئالآی رزگاری گوزەرێکی کورتو پوختی مێژووی کوردیی پێدام، هەروەها دامەرزێنەری پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیە کەمال بورکای لە پاریس زۆر میهرەبانو لەسەر وەخت بوو بۆ هەرکارێکم. کەندال نەزانی بەرێوەبەری ئینستیتیوی کوردیی لە پاریس بۆ چەند ساڵێك میواندۆستێکی نیانو رایەڵیەکی بەپێز بوو . شەرەفەدین ئاڵچیش وەك سیاسییەکی کوردی سەربەخۆ هەردەم حازرو بازر بوو بۆ وەلآمی هەر پرسو جۆیەکمان .

دامەزراوەی ماك ئارسەر یش لەماوەی ١٨ مانگی توێژینەوەدا ، کاری نوسینو دەرامەتی نوسینی پێدام تاوەکو لەدەستپێکردنی پرۆژەکەمدا دڵکرمێ نەبم. هاوکات کۆمەكو دەستگرۆیی هاورێیانو هەندێ لە پێوەندییە پیشەییەکانو کەسانی تایبەتمەند ناکرێت بایەخیان لەپێشچاونەگرین. لەوانە ئامادەیی جۆن رون وەك باوەرپدارێکی نەلەخشاو، مشتومرکانمان یاریدەی منیدا تا وەخۆکەوم بۆ دارشتنەوەی پرۆژەکەم، هاوکات ناکرێت ئەزموونی گوڵستان گولبێی لە پێوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ ولآتانی ئەورووپەو ئێراقدا پێنەزانین.

ئارام نیگۆگۆسیانیش هەمیشە شان بەشانی بابەتە نوێیەکانی لەمەڕ پەکەکە زانیاری پێدەدامو بە زۆرێك لە وەرگێڕدراوەکانیشمدا چاوی دەخشاندەوە. شانبەشانی ئەو رۆبەرت ئۆڵسنی شارەزاو ئەکادیمیست لە سەر مێژووی کورد، بە کۆمێنتو سەرنجەکانی نوسینەکانی زەنگین دەکردم. عومەر ئێرزیرین دەگەڵ ئەودا هەوەڵ گەشتم بۆ باشووری تورکیە ساڵی ١٩٨٩ دەستدایە، بەتێبینییەکانی دڵنیایی زێدەتری پێدەخشیم. زەینەدین کیزیل یاپاك رۆژنامەنووسی تورکی سەربەخۆ ، یارمەتی دام بۆ داڕشتنەوەی بیرو بۆچونەکانمو هەوڵی دا زانیارییە دەگمەنەکانم بۆ وەچنگخاتو لەدوتوێی توێژینەکەمدا دایانبڕێژمەوە. راپۆرتەکانی هەردوو هاوڕێی بەئەمەکم فاروق بیلدیریكو نامیق دوروکان ساڵی ١٩٩٥ لە ئێراق بۆ توێژینەوەکەم ئێکجار بەکەڵك بوون. هەروەها توانیم سودی فراوان لە کتێبخانەکانی هەردوو پەیمانگەی کوردیی لە پاریسو بەرلین وەربگرم، کە بە چەندین پەرتوكو رۆژنامەی پێیوەست بە رەوشی کوردو پەکەکە تێدا بەدەستدەکەون.

دەکرێت بڵێم توێژینەوەکەم سەختو ناهەموار دەبوو ئەگەر لە ئەرشیفی کتێبخانەی ویلایەتی بەرلین، کەڵکم لە رۆژنامە تورکیەکان وەرنەگرتایە. بەدرێژایی ساڵانیش موحەمەد عەلی بیراند و یافوز ئێرین پەیوەندییان هەبوو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروراکانمان. یەڵماز فیلی هەرچەندە پاش وەدەرنانی لە زیندان، زۆر کەم ژیا، وەلێ توانیم سودێکی فرە لەوتوێژە کەمخایەنەکەمان وەربگرم، هەروەها خواڵخۆشبوو ئەمیل غالب کاریگەریی گرنگی لەسەر بۆچوونەکانم بەجێهێشت.

بە گشتی جێی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەم کەسو کەسایەتیانەی لای خوارەوە بکەم: ئەما کامەتۆی، میشیل کۆهن، بلیندا کوپر ، سوزی غولدنبرگ، ئەغنیس هیلر، ئەرتغل کورکیو، شتاین هانیس، تومومس لیان، شانا مارکوس، شاهیکا یوکسل، نیلی ترول، ئەدریە، لە راستیدا کەسانێکی تر هەن کە پێمخۆشە

ناویانبهێنم، وەلێ لەبارودۆخێکی وەهاو بابەتێکی وەهادا ئەستەمە بەناوهێنانیان ڕووبەڕووی گرفتنەبنەوە.

هەروەها جێگەی خۆیەتی دەسترەنگینی ئیلین کارلیشی سەرنوسەر لە ڕۆژنامەی زانکۆی نیویۆرك بنرخێنین لە نوسینیی یەکەم مسۆدەی توێژینەوەکەم. هەریەك لەشارۆن موشافی جان لێستر وەك نوسەرو شارەزایەك توانیان هاناو هاندەرم بن بە کۆمێنتە کاریگەرەکانیان.

# بەشی یەکەم

## ئۆجەلان و کورد و دەستپێکی سەرهەڵدانی پەکەکە

# باسی یەکەم

## رەگورپیشەی جوڵانەوەی پەکەکە (١٩٤٩-١٩٧٦)

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە گوندێکی کشتوکاڵیی سەر بەپارێزگەی ئورفەی نێوچەی کوردستان لە دایك بوو[1]. بۆخۆی زۆرجار دەیوت بەتەواوی دڵنیانییە رۆژو ساڵی لەدایك بوونی چ کاتێکە. لە راستیدا ئەو رۆژگارە خەڵکی ئاواییەکان یەك دوو ساڵێ دێرتر زارۆکانیان تۆماردەکردن. ئەوەش رەنگە بگەرێتەوە بۆ گوێنەدانی خەڵکی نێوچەکە بەدامەزراوە فەرمییەکانی میریی یاخۆ رێی تێدەچێت خانەوادەی ئۆجەلان مەبەستیان بووبێت دێرتر نەوەکەیان راپێچی سەربازگیریی زۆرەملێ بکرێت بۆ نێو یەکەکانی ئەرتەشی تورکیە.

پێکهاتەی دانیشتوانی نێوچەکەی ئۆجەلان لە کوردو ئەرمەن‌و تورك پێك هاتبوو، ئەو لەوێ پەروەردە بوو، دانیشتوانی ئەوێ بە ئاسانیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان یەکانگیرو تێکەڵببوو. زارۆکانیان بە یەکەوە نێردرابوونە بەر خوێندن، بەیەکەوە کارو گوزەرانی رۆژانەیان رادەپەڕاندو تەنانەت دیان‌و موسڵمانەکان ژن‌و ژنحوازییان دەگەڵ یەکتریدا دەکرد.

بۆ نموونە داپیرەی ئۆجەلان لە سەری دایکییەوە بەرەگەز تورك بوو. تەنانەت جارێکیش ئاماژەی بەتورکبوونی دایکیشی دابوو[2]. وەلێ لەگەڵ هەموو ئەو ئامبازبوونە کۆمەڵایەتییەدا، ئۆجەلان هەتاوەکو نەخرایە بەر خوێندنی سەرەتایی فێری تورکیی نە ببوو. ژیانکردن لەم نێوچەیەدا تاقەت پروکێنبوو، زۆرینەی خەڵك

[1] This section relies on two main sources: A wide-ranging interview Ocalan gave Turkish writer Yalcin Kucuk, published as *Kurt Bahcesinde Soy-*
313
*lesiler* in 1993 and cited in Vamik Volkan, *Bloodlines* (New York: Farrar Straus
and Giroux, 1997), 168–180; *Dogu'da,* Cilt I, 83–169, a history of the PKK's early years written by former PKK member Yuce; and Kucuk's *Dirilisin Oykusu,* apparently based on the interview in *Kurt Bahcesinde*

[2] Ocalan said this shortly after he was captured by Turkish special forces in 1999 in a video released by the government to the news media.

جیا لە خاوەن زەوییەکان لە نەدارییەکی سەختدا دەژییان. لە گوندەکەی ئۆجەلاندا نێرو مێ لە کێڵگەو دەوەنە سەختەتەکاندا پێکەوە مژوڵی کار بوون. لە وەرزی دروێنەشدا هەموو ئەوەی بەدرێژایی هاوین سەرقاڵی ببوون داهاتێکی کەم بوو، ئەویش بە چنینەوەی پەموو لە کێڵگەکانی خاوەن زەوییە زەنگینەکاندا پێیاندەبڕا.

دیارە ئەوەش ژیانێکی دژواربوو، کە لە بەرامبەر پوڵێکی کەمدا رەنجیان دەبرد، بەڵام هەرچۆنێك بێت تروسکاییەکانی باشبوونی رەوشەکە لەگۆڕێدا بوو. چونکە لەکاتەکانی دوواتردا هەوادارانی ئۆجەلان (ئاپۆچییەکان) لە هەناوی ئەو توێژو چینە شەکەتو ماندووەوە بوونی خۆیان سەلماندو رووماڵی رەوشەکەیان لەنێو خەڵکدا کردە باسو خواست. ئەمەش رێك بەپێچەوانەی سەردارو سەرکردە پێشینەکانی تری کوردەوە بوو کە هەمیشە پێوەندییەکانیان لەتەك چینی سەرمایەو سەرکارو ساحێب زەمینەکان بوو.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی لیمۆندی فەرەنسی، وادیاربوو ئەم چەتری هەژاریو دەردەسەرییە، بێچەندوو چوون زێدەتر لە ٣٠ ساڵ بەر لەدایك بوونی ئۆجەلان نێوچەکەی کلۆم دابوو. راپۆرتەکە وێنەی ژیان لە گوندێکی کشتوکاڵیی کوردیی سەر بە پارێزگەی مێردینی سنووریی سوریە بەم رەنگە نومایاندەکات:" هەر خێزانێك برێکی کەم پەلەوەری مریشكو رەنگە پێنج تا شەش سەر پەزی هەبوو، ئاغەی ئاوایی یا دەرەبەگی خاوەن زەوی جاروبار سەری لە دەسەڵاتداری سیاسیی نێوچەکە دەدا بۆ نوێکردنەوەی گوێڕایەڵیو ملکەچیکردنو وەرگرتنی فەرمایشتی نوێ. ئەم رەوشە لە کێڵگەکانی پەموو بەشێوەیەکی گشتی لە زەوییەکانی میزۆپۆتامییە پێکهاتبوو.

رۆژانە یازدە کاتژمێر کاری بێوچان جگە لە گچکەو بەساڵاچووەکان، ئیتر هەمووان قۆڵو چاکیان لێهەڵدەماڵی، بەگشتی کرێی رۆژانە بۆ زارۆیەك تەنها یەك دۆلار ئەمەریکیو بۆ ژنێك دۆلارو نیوێك بوو، هەروەها پیاوێك لە رۆژێکدا تەنها دوو

دۆلار جیرەکەی بوو. تێکرای ڕێژەی مردن لەنێو زارۆی دێهاتییەکاندا خۆی دەدا لە٣٠٪."[٣]

ئۆجەلان لەژینگەیەکی تارو توندوتیژدا گەورەبوو، ئەو لە نێو حەوت زارۆکەی خێزانەکەیدا تەمەنی زێدەتر بوو. ئۆجەلان کەرەتێك وتی: "کە هۆشم پەیدا کرد جا زانیم، لەنێو خانەوادەکەمدا هەمیشە ململانێیەك هەبووە"یان "نا شادومانییەکی لەرادەبەدەر ئامادەیی هەبووە".[٤] یەکێك لە جیاکەرەوە ڕەوانییەکانی ئەو هەوڵدانی بوو بۆ ئەوەی تێبگات لە دووایین خەمو خەیاڵە نەتەوەییە خەباتگێڕییەکەی، کە لەیەك کاتدا یەکانگیرە لەتەك ئەو خواستو خۆشەویستیو خەسڵەتانەی لەباوکییەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەگەڵ ئەو رقە شاراوەو پەنهانەی بەئاقاری ئەوان هەیەتی.[٥] ئەو زۆرجار لە مشتورەکانیدا لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکەدا بوو، لەدیدارو دیمانەکانیدا زۆرجار دەگەڕایەوە بۆ ئەزموونو ئەدگاری سەردەمی زارۆیی تا ئەوە ڕوونبکاتەوە کەچۆن بایەخی تۆڵە سەندنەوەو توندوتیژیی بەکارهێنان زەمینەی بابەتێکی گەرماو گەرمیی واقیعەکەن.

لە ڕاستیدا بابی ئۆجەلان تەنها کەساسو کەنەفتترین کەس نەبوو لە ئاواییەکەیاندا، بەڵکو زەبوونو زەلیلکراوی زەحمەتی ژیانو دەوروبەرەکەیشی بوو. لەم بارەیەوە ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە نەوەدەکاندا دەگەڵی سازکرابوو وتبووی: " تەنانەت هیچ کات دۆستو دراوسێکانیشی ئەویان بە هەند وەرنەدەگرت، بەهۆی ئەوانیشەوە هەمیشە لە ئازارو ئاخدا دەژیا" یاخۆ" بابم وەك ئەوە وەهایە هەر نەژیابێت، یا ئەو بۆ خۆی نەدەڕۆی، بەڵکو دەبرا بەڕێوە".[٦]

---

[3] Paraphrased in McDowall, *Modern History,* 419.
[4] Birand, *Apo ve PKK,* 31.
[5] Volkan, *Bloodlines,* 168–180.
[6] Cited in ibid., 171.

دایکی ئاپۆ وەك هەر دایکێکی تر میهرەبانو نیان نەبوو، ئەو ژنێکی توندو تورەبوو، بەتایبەتیو لەهەمبەر هاوسەرەکەیدا زەجرو زەبوونی دەدایەدوواوەو لەگەڵ ئەوەدا نەبوو ملکەچی خێزانەکەی بێت. بەم نەزمە دایكو بابی ئۆجەلان هەوەڵ کۆرپەکەیان چەماندەوە بەرەو رێو رێبازێکی توندوو دەستدرێژکار.

بۆ نموونە کەرەتێکیان، چەند زارۆیەکی گەجەرو گوجەر لە کۆلانێدا ئۆجەلانیان کوتی بوو، ئەویش وەك زارۆیەك بە دەم هەنسكو گریانەوە هەڵهاتو و پەنای بۆ دایکی بردو و عەرزی حاڵی خۆی پێگوت، وەلێ دایکی پێچەوانەی دایکانی تر لە زارۆکەی لێدەگەرێو وەدەریدەنێت، ئاگاداریشی دەکاتەوە تا بە تەواوی تۆڵەی خۆی نەکاتەوە، نابێت توخنی ماڵەوە بکەوێت.

هەربۆیە هەمیشە ئۆجەلان ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە رەفتاری دایکی هۆکارێك بووە کە لەتمەی داوە لە سروشتە شەرمنییەکەی ئەو وەك ئۆجەلان. دواجار بەخێرایی ناو و نێوبانگی وەك زارۆیەکی هاروهاجو گوندە زڕا.

بۆ نموونە ئاپۆ لە شوێنێکدا دەڵێ:" هەرچەند کە بۆ هەوەڵجار ناچار دەکرام کە تۆڵە لەوانە بکەمەوە، کە سەرو سەکوتیان دەشکاندم، وەلێ وام لێهات کە ببمە کەسێکی گوندەو ئیدی هەرلەخۆوەو بە هەقو ناهەق چەندینجار سەرو گوێلاکی زارۆگەلێکم دەشکاند"[7].

هەروەها یەکێك لە نائومێدییو کەسەرە بنچینەییەکانی ژیانی ئۆجەلان وەك زارۆیەك بریتی بوو لە مێردکردنی یەکێك لە خۆیشکەکانی بە یەکێك لە پیاوەکانی ئاواییەکی هامسایان. ئەوەی پێی بوترێت خۆشەویستی لەم جۆرە هاوسەرگیرییانەدا ئامادەیی نەبوو، هەرچی زاوایە فرە بەکەمی قسەیەکی لە گوڤەندەکەیدا هەبوو، هاڤای خۆیشکی ئۆجەلانیش هیچ حسابێکی بۆ نەکرا، ئەو لەو پێوەندییەدا فرۆشرا بە چەند کیسەیەك گەنمو دانەوێڵەو برێك پوڵو پارە لەبری

[7] Ibid., 172.

مارەیی. دوواتر لەسەر ئەو بنەمایە ئۆجەلان راڤەی ئەو راستییەی کرد کە ئەو جۆرە ژەن و ژەنخوازییە تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی مردن بۆ ژن.

لەمبارەیەوە بیریاری پێشووی پەکەکە مەهمەد خان یوسو وەک بەڵگەیەک هاوسەرگیرییەکەی هاڤا بە نموونە دەهێنێتەوە، ئەو پێی وایە ئەو رووداوە کاریگەریی لەسەر تیۆری ئازادیخوازیی ژن لە ئەدەبیاتی ئۆجەلاندا هەبوو دژی نەریتە کلاسیکییەکەی پێوەندییەکانی نێرو و مێو رۆڵی زگماکیی زۆردارانەی دەرهەق بە ژن لە جڤاکی کوردییدا . بۆیە ئۆجەلان کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەو ئاماژە بە هاوسەرگیریی خوشکەکەی دەکاتو دەڵێ:" هەمیشە کە بیرم دەکەوێتەوە هەستی داخو پەژارە رووملێدەنێت"[8]. هەر لەوکاتەوە ئۆجەلان بیری لەو رەوشە دەکردەوەو هەمیشە دەیوت:" ئەگەر بوومە خەباتکار، بوار نادەم کارەساتی لەو جۆرە رووبداتەوە". هەروەها وەک زۆرێك لە ئاواییەکان، ئاواییەکەی ئۆجەلانیش قوتابخانەی سەرەتایی لێنەبوو. کوردەکان پێیان وابوو ئەمە هەوڵێك بوو بۆ زێدەتر هێشتنەوەی کورد لە پەرێزو پەراوێزی ژیاندا.

لەراستیدا پەروەردەو فێرکردن لە بەرژەوەندیی ئەنکەرەدا بوو، تا هەرچی زووترە زمانی تورکییو ناسیۆنالیزمی تورکیی نێوچەکە بگرێتەوە، کەواتە ئەم راستییەش تورکیای دوچاری هیچ گوڵمەزێك نەدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دێو لادێ هەبوون، کە نەدەوڵەتو نەبۆخۆشیان دەیانتوانی قوتابخانە بۆ نەوەکانیان دروستبکەن. هەربۆیە ئۆجەلانیش وەک زۆرێك لە منداڵی دێهاتییەکان لە پێویستبوو رۆژانە یەك کاتژمێر رێگە بە پێیان ببڕێ بۆ ئەوەی لەئاواییەکەی نێزیکیاندا درێژە بەخوێندنەکەی بدات. ئۆجەلان خوێندکارێکی زۆر باش بوو، ئەو

[8] Ibid., 173–174.

تەواوی وانەکانی زمانی تورکیو ناسیۆنالیزمی تورکیی بە تاسەوە وەردەگرتو چەلەنگو بەهۆشبوو.

لەسەرەتاوە خەونی ئەوە بوو ببێتە ئەفسەرێکی پرۆفیشناڵ لە ئەرتەشی تورکیادا، دیارە بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە بۆ نەوجەوانێکی کورد، کە لەو قۆناغەدا خرابێتە بەر خوێندن شتێکی نامۆو ناباو بوو، بەتایبەتی لە کیشوەرێکدا کە موستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەرزێنەر قارەمانو سەرداری بوو. بەڵام ئۆجەلان نەیتوانی لە تاقیکردنەوەی خوێندنی باڵای سەربازییدا سەربکەوێت، ناچار نێوی خۆی لە قوتابخانەی باڵای پیشەیی تۆمارکرد لە ئەنکەرە تا وەك قوتابییە راهێنراوەکان کاربکات لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کیشوەر دا.

لەراستیدا گەیشتنی هەوەڵجاری ئۆجەلان بۆ ئەنکەرە لە ١٩٦٦دا رێك هاوکات بوو لەتەك گەشو نمای ئارامی رووبەروبوونەوەی شوناسی کوردیی لە نێو شارە گەورەکانی تورکیا دا. بۆنموونە هەرزەکارو نەوجەوانەکان هەر بۆ پۆزو بە مەبەستەوە جگەرەی بەتلیس (شارێکی کورد نشین)ە یان دەکێشا، ئەم ناوە دەگەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە توتنی تێدا بەرهەمدەهێنرا لە باشووری رۆژهەڵاتدا[9]. هاوکات لەو هەرێمە کوردییانەدا خوێنکارە بێزارەکانو پاڵەو کرێکارەکان مژوڵی میتینگو کۆبوونەوەی هەمەلایەنو جەماوەری بوون لە پێناو داواکردنی مافە دێموکراتەکانیانو دانەدوواوەی چیدی بندەستکردنو قڕکردنی شوناسی نەتەوەییان.

رەچاونەکردنو تێپەڕین بەسەر ئەو رەوشە نوێیەدا بۆ ئۆجەلان سەخت بوو. ئۆجەلان لە راڤەیەکی دوواتریدا دەڵێت:" ئەو کۆبوونەوانە لە هەرێمەکوردییەکاندا کاریگەرییان کردە سەر من، تەنانەت ئەگەرچی تەنها رێچکەیەکی بچوکیشبووبن بۆ قوتاربوون"[10]. لەراستیدا ئەم شۆرو شەیپوری نەتەوایەتییە لەنێو لاوانی کچو کوڕی

---

[9] Birand, *Apo ve PKK,* 80.
[10] . Ibid., 80.

نێو ئامادەیی‌و زانکۆکانیشدا شتێکی ئەستەم نەبوو، هەموو ئەوانە خەون‌و خولیای گەڕان بەدووای شوناسی نەتەواییدا هەڵپێچابوون، لەوانە تێیاندا بوو کەوتبووە ژێرکاریگەریی یەکێك لە مامۆستاکانیان یاخۆ رێبەرێکی کارای گەنجەوە، کە بەشێوەیەکی نهێنی‌و پەنهان مژوولی بیری نەتەوایەتیی کوردیبوون.

هەندێك لەو لاوانەش رامابوون لە سەیری ناکۆکییەکانی نێوان ژیانی تایبەتییان، کە ئەویش ناکۆکی نێوان ئەوانەی هۆشیارکرابوونەوە بەهۆی نەزمیی کلاسیکی ئاواییەکانی کوردو وتەو ئاکاری رۆژانەیان یاخۆ کاریگەربوون بە ئەدەبیات‌و زانیاریی کوردیی پەخشی رادیۆکانی ئەودیو سنوور(مەبەست پێی رادیۆی کوردیی یەریڤان)ە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە گشتییەی دەوڵەت کە پێی وابوو ریشەو رێچکەی کوردەکان هەر لەنەتەوەی تورکەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئۆجەلان نموونەی ئەو پێڕە بوو کە لە ناکۆکییەکانیان دەڕوانی، ئەوان لە هەردوو تەڤگەری چەپ‌و رادیکاڵی کوردیی کە لەکۆتایی شەستەکانەوە گەشەی سەندبوو بەتەواوی داماڵرابوون. ئۆجەلان پاش ئەوەی بەسەرکەوتوویی خوێندنەکەی لە قوتابخانەی پیشەیی لە ١٩٦٩ دا کۆتاپێهێنا، ئیتر راستەوخۆ لە شاری دیاربەکر لە نوسینگەیەکی حکومیی دامەزراو بوو بە بەرپرسی تۆماری زەوی‌و سەنەدی موڵکەکان، بەڵام پاش تێپەڕبوونی ساڵێك، راژەکەی گواستەوە بۆ نوسینگەیەك لە ئەستەمبوڵ. پانۆراماکانی کۆتایی شەستەکان بۆ تورکیا ململانێیەکی سیاسیی سەخت‌و دژوار بوو، لەو نێوەندەدا ئۆجەلانیش وەك چەندەها کوڕو کچی ئەو وڵاتە لە ئاریشەیەکی سیاسی‌و رامانێکی مۆڵەقدا بوو، کە نەیاندەزانی بەرەوکوێ ملدەنێن. لەراستیدا تا ئەوکاتە ناسیۆنالیزمێکی دروستی کوردی لە گۆڕێدا نەبوو.

ئۆجەلان لە سەرەتای ئەوەدا بوو کە ئاشنابێت بەوەی، بەڵێ لە تورکیادا کێشەیەك هەیە بەنێوی کێشەی کوردو شتانێکیش هەن کە پێویستن بۆ ئەوەی ئەنجامبدرێن. ئەو پاش ئەوەی نامیلکەی ئەلف‌و بێی سۆشیالیزمی بەرچاوکەوت‌و خوێندیەوە، ئیتر

کاریگەریی لە سەرداناو بۆ یەکەمجار بڕیاریدا ببێتە کۆمۆنیست[11]. وەلێ ئۆجەلان دڵگرمێ بوو لەوە کە بتوانێت پێوەستییەك لەنێوان بیرۆکە سۆشیالیستییەکەی‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیدا چێبکات.

هەرچۆنێك بێت لە ئەستەمبووڵ تێکەڵ بە چالاکی خوێندکارە توندڕەوەکان بوو، ئەوان رێبەرایەتی جوڵانەوەکانی ئەو قۆناغەیان دەکرد، ئەو خوێندکارانە بڕوایان وابوو کە تورکیا پێویستە لە بندەستی ئەمەریکاو بەندایەتی وڵاتانی کاپیتالیست‌و سەرمایەدار بێتە دەرێ‌و خۆی لە هەیمەنەی وان رزگاربکات.

ئەوکات بۆ لاوێکی کورد ئەستەم بوو بتوانێت لە دەرەوەی شۆڕو شەوقی وانکۆکبێت‌و تێکەڵ بەو هەیەجانە نەبێت، بە تایبەتی بۆ ئۆجەلان کە تەنانەت خوێنکاریش نەبوو، بەڵکو وەك کارمەندێکی پلە نزمی دەوڵەت، لە قوژبنێکی ئەو شارەدا دەست‌و پەنجەی لەتەك بەڵگەو سەنەدی موڵك‌و زەویدا نەرمدەکرد[12].

## مێژوو

ئۆجەلان پێش ئەوەی لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد هەڵوێستەبکات‌و لە ڕێ‌و ڕێچکە سیاسییەکاندا ئەم پرسە لەتەرازوو بدات، نێزیکەی بیستساڵێك تەمەنی بوو. دیارە ئەمەیش بۆ نەوەی ئەو قۆناغەی تورکیا کارێکی نامۆو نەگبەتی هێنبوو، چونکە لە تورکیادا بەماوەیەکی ئێجگار کەم پاش دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماریی ١٩٢٣ کوردە نەتەوەگەراکان روویان لە چیاو چەك نا دژی دەسەلاتدارێتیی وڵاتەکەیان.

---

[11] The book's title in Turkish is always given as *Sosyalizmin Alfabesi.* It refers to U.S. socialist Leo Huberman and Sybil H. May's 1953 pamphlet, "The
ABC of Socialism," published by Monthly Review Press.

[12] The main sources for this section are McDowall, *Modern History,* 397–410; Zurcher, *Turkey,* 231–274; and Ahmad, *Modern Turkey,* 121–157.

وەلێ هەر لەوکاتەوە تەواوی راپەرینەکان سەرکوتکران‌و تەواوی یاساو رێساکانیش کە دەردەکران بۆ سڕینەوەو سڕکردنی شوناس‌و شکۆی نەتەوەیی کوردیی دەردەکران. لەم پێناوەدا ناوی کوردیی بازێرو ئاواییەکانی کوردستان گۆڕدرا بۆ ناوی تورکیی‌و ناوی کوردستانیش کە تا ئەوکات تەنها ئاماژەبوو بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی، فەرماندرا لەتەواوی پەرتوك‌و نوسراوەکان‌و زمانی خودی کورداندا سڕایەوەو قەدەغەکرا.

بەم جۆرە کوشت‌وبڕی تورکیی بەشێوەیەکی هەمە لایەنە شوناس‌و شیرازەی کوردانی پچڕاندو خاپورکرد. ترس‌و تۆقاندن‌و تەمبێکردن لە ئاستێکی ئێجگار بالآدا بەڕێوە چوو. یەکێك لە دیپلۆماتکارە ئینگلیزەکان کاتێك لە ١٩٥٦دا بەناوچە کوردییەکاندا تێدەپەڕێت وتبووی:" بواری هەناسەیەکم بۆ ناسیۆنالیزمی کوردیی نەبینی، لەکاتێکدا چاودێرێکی ئاسایی لە ئێراقدا بە ئاسانی تێبینی بواری نەتەوایەتیی دەکرد"[١٣]. بەلآم تورکیا هەرگیز لە گۆرانکارییە نەتەوەییەکانی کورد لە ولآتانی هەرێمی نەیدەتوانی خۆی بەدوور بگرێت، هەروەها نەدەبوو بێئاگابێت لەو هاندانە ناوخۆییەی کە لە ئاکامی دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتییەکان لە دەوروبەردا هاتووەتە ئاراوە. هەر ئەو هۆکارانەیش یاریدەی کوردیان دا تا دەرفەتیان بۆ هەڵبکەوێت بۆ بەخۆداچونەوەو دەستەبەرکردنی خواستەکانیان‌و دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

هەر هۆکاری ئەو رەشە بوو ئەرتەشی تورکیا هەستا بە ئەنجامدانی کۆدەتایەکی سەربازیی لە ١٩٦٠دا، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەبوو کۆتایی بە زێدەتربوونی دەسەلآتی ئۆتۆکراتییەتی عەدنان مەندەریسی سەرۆك کۆمار لە تورکیادا بهێنێت. دیمانەی کۆدەتاچییەکان پێشبینینەکراو بوو، ئەوان بوارێکی بەرینیان لەبەردەم توێژی رۆشنفکرو خوێندەواردا کردەوەو پشتیوانیان بوون. هاوکات ئاسۆیەکی

[13] McDowall, *Modern History,* 402.

نوێیان لەبەردەم خواستە ئازادیخوازییەکانی خەڵکدا کردەوە کە پێشتر بۆ خەڵکی تورکیا نامۆو نەدیدە بوو. هەر لەو سەرو بەندەدا گروپێکی پرۆفیشناڵو ئەکادیمی بانگهێشتکران تا دەستورێکی نوێ بۆ وڵات سەرلەنوێ دابرێژنەوە. بەگوێرەی ئەو دەستورە ئازادیگەلێکی پێویست بۆ دروستکردنی رێکخراو و سەندیکای پیشەییو چاپەمەنی فەراهەمکرابوو. دیارە کە هەموو ئەمانە لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئەوکات ئازادییان لێزەوتکرابوو[١٤].

پەرەسەندنی دیموکراسی لەتورکیا هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی زێدەتریی خوێندەوارییو ئاگاییو بەنێونەتەوەیی بوونی دۆزی کورد. ئەوێ دەم هەوەڵ تۆرەمەی دووای یاخیبوونەکانی کورد پێگەیشتبوون. ئەوان بەترسو توندیی و تاڵییەکانی ئەرتەشی تورك گۆشنەکرابوونو یادەوەری کوشتوبڕو جینۆسایدییان لەتەك خۆیاندا نەهێنابوو، ئەو یادەوەریانەی کە دایكو باپیانی بۆ ماوەی چەند دەیەیەك توشی گرشو گێچەڵ کردبوو. زۆرێك لە لاوانی کورد لەزانکۆکاندا بوون، لەوێ هەم ئاشنادەبوون بە لاوانی کوردی دیکە، هەم ئامبازی بیرۆکەو بیری نێو دەبوون.

پاڵەو جوتیاری کوردیش بۆ قوتاربوونی لەو تەنگژە ئابوورییەی گیرۆدەیببوو، ملی لە شارێ دەنا، ئیتر لەوێ ئەگەری فرە هەبوو بۆ دێهاتییەکان تا ئاشنابن بەو پرتەو بۆڵانەی کە ئاماژەبوون بە دنیای نابەرابەری کایەی ئابووریی نێوان تورکو کوردو هەروەها گوێشیانهەڵدەخست بۆ مقۆمقۆی درووژاندنی پرسی کوردیی کە لە ناوەوەی وڵاتو دەرێی وڵات بەتایبەت لە ئێراقدا لەگۆرێدا بوو.

لەلایەکیترەوە پارتێکی مۆڵەتپێدراوی کۆمۆنیستی ، بەنێوی پارتی کاری تورکی (تیپ) کە ساڵی ١٩٦١ دامەزرابوو ، بەهۆی پەیامی یەکسانیو دادوەری

---

[14] See Ahmad, *Modern Turkey,* 121–137 for description of 1960 coup and aftermath.

کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییەکەیەوە توانیبووی سەرنجی زۆربەی کورد بۆخۆی رابکێشێت‌و لەنێو کورداندا هەوادارێکی فرە بخاتەوە. وەلێ لە راستیدا کێشەی کورد هەر بە هەستیاریی مابوویەوەو پارتی کاری تورکیش بۆ نێزیکەی دەیەیەك چارەیەکی بۆ کێشەکە لە هەگبەدا پێنەبوو. هەندێك لە چالاکوانانی کورد هەوڵیاندا راستەوخۆ ژینگەی ئازادیی ئەزموونبکەن، وەلێ ئەوانە هەرزوو دەمبەستکران، چونکە دەوڵەت بە هەڵەداوان کەوتەخۆو تەواوی گۆڤارە کلتورییەکان‌و رۆژنامە کوردییەکانی داخستن‌و قەدەغەی کردن‌و نوسەرو سەرنووسەرەکانیشیان تۆمەتی کۆمۆنیستی‌و جوداخوازی درایە پاڵیان[15].

ئەو رەوشەش ئەوەی دوپاتکردەوە هەوڵی لیبرالیزەکردنی تورکیا هێشتا لەو ئاست‌و ئاقارەدا نییە. بەڵام زۆری نەخایاند وەك ئەوەی هەمیشە تورکیا لێی دەترسا، تێکۆشانی کوردی تێراق لە سنوورەکانی تورکیاوە پەڕییە ئەم بەرو بۆن‌و بەرامەی دایە کەللەی ئازادیخوازانی ئەمبەر. هەر پاش ئەوەی پاشایەتیی لە ئێراقدا تەخت‌و تاراجی لە ١٩٥٨ دا نەما، ئیتر حکومەتی نوێ بڕیاری گەڕانەوەی سەرکردەی نەتەوەیی کورد مەلا موستەفا بارزانی دا ، کە ئەو کات دوور خرابوویەوە بۆ یەکێتی سۆڤییەت.

بارزانی سەرکردەیەکی بەنێوبانگی نەبەردو ناسیۆنالیستێکی دانسقەی کورد بوو. ئەو لە سەرەتای چلەکاندا رێبەرایەتی شۆڕشێکی کردو یارمەتی کۆماریی کوردیی مەهابادی دا و بەرگریی لە کۆمارەکە کرد . وەلێ لە بەد شەنسی کورد دا کۆماری دێموکراتی مهاباد ساڵێکی نەخایاند، چونکە یەکێتی سۆڤییەت دەستی لە پشتیوانیکردنیدا بەردا. بارزانی بەبۆنەی رووداوەکانی کۆمارەوە وەك دیارترین رێبەری قارەمانی کورد نێو و شۆرەتی دەرکرد. هەربۆیە بە گەڕانەوەی بۆ ئێراق، وزەو ورەی نەتەوایەتی بەخشییە هەموو کوردێك لە هەرکوێییەك بێت.

---

[15] McDowall, *Modern History,* 405.

له ماوەی سێ ساڵدا پێوەندییەکانی بارزانیو دەوڵەتی نوێی ئێراق لەپێناو خواستی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان تێکو پێکچوو، ئیتر بارزانیش سەرلەنوێ دەستی دایەوە چەکو چۆڵو یاخیبوون. سەرهەڵدانی ئەم کەرەتەی بارزانی لە وێنای کوردیی تورکیا دا کاریگەریی ئەوتۆی بەجێهێشت. هەر لە ژێر ئەوکاریگەرییەشدا بوو کە هەندێ لە کوردەکان بڕیاری دامەزراندنی پارتێکی نهێنیان بەنێوی پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە دا . ئەم پارتە لە دووای سەرکوتی دوایین یاخیبوونی چەکداریی کورد لە ١٩٣٨دا هەوەڵ پارتی ناسیۆنالیستیی کوردیی نێوخۆی تورکیا بوو[١٦].

پارتی خوازیاریی یەکێتییەکی کوردیی بوو لە چوارچێوەی سنووری تورکیا دا. لەرووی تیۆریشەوە پشتیوانی لە چالاکی چەکداریی دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەروەها لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لەتەك پارتەکەی بارزانیدا نێزیك بوو. وەلێ گرفتەکانی یەکێتییەکی کوردییش هەوانەتە نەبوو. بۆنموونە نامەی پ.د.ك.ت بۆ ئەوەی دەستگرۆیی بارزانی بکەن، لەلایەن بارزانییەوە بێ وەڵامبوو، هەربۆیە ئەندامانی پارتەکە، ئەم خامۆشییەی بارزانی بەوە راڤە دەکەن، کە بارزانی نایهەوێ شمشێر رووبەرووی تورکیا هەڵکێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای شەرەفەدین ئاڵچی کە پارێزەرێکی کوردو غەمخۆری پ.د.ك.ت بوو پێی وابوو: "پ.د.ك.ت وای دەبینی هاریکاریکردنی بارزانی بەرپرسایەتییەکی نەتەوەییە". لەراستیدا پ.د.ك.ت تەنانەت لەنێو تورکیاشدا پارتێکی فرە جەماوەری نەبوو. ئەودەم لاوی کورد زێدەتر کاریگەربوون بە بیروباوەڕی چەپگەریی کە لەلایەن

[16] Information on the TKDP is taken from an interview with Kurdish politician Serafettin Elci, who was close to the group, in Balli, *Kurt Dosyasi,* 599–607.

پارتی کاری تورکییەوە رەواجی پێدرابوو. هاوکات بڵاوکراوەکانیان لە زانکۆدا نەخشی نەزۆک و بێ بەرهەم نەبوو.

هەرچەندە پ.د.ک.ت هەمان رەنگدانەوەی میتۆدیی کۆنەخوازیی و کلاسیکیی پێوەدیاربوو، رێبەرەکەیشی فایەق بوجاك یەکێك بوو لە بنەماڵە زەنگینە خاوەن زەمینەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا. فایەق بوجاك لە ١٩٦٦داو لە رووداوی کۆنەقین یا دوشمنایەتی خوێندا کوژرا[17].

زۆرێك لە کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دەوڵەت و هێزەکانی لەپشت ئەو رووداوەوە بن. هەرچۆنێك بێت پارتەکە گڕو تینی ئەوسای نەماو پوکایەوە، ئیتر پشتیوانی خەڵك و کاریگەرییەکانی سرەوتن و سەنگینی لەدەستدا.

کوردەکان ئەوانەی مەبەستیانبوو زێدەتر لە نێزیکەوە شەن و کەوی کێشەکان بکەن ، تێکڕا لە پەرێزو پێچی رەوشەکەدا بوون و هەموو دەرو دەروازیەکییان لەسەر کڵۆم درابوو. چەپگەراکانی تورکیش کە دانوویان لەگەڵ سیاسەتەکانی میریدا نەدەکولا، ئەوان لەهەمبەر پرۆژەو پرسی نەتەوایەتی کوردییدا کزو بێدەنگبوون.

بەو رەنگە ئومێدی کوردگەل بۆ خۆساغکردنەوە لە تەك رەوتی چەپدا تینوویەتیی کوردی نەدەشکاند. لەگەڵ ئەوەشدا کورد جگە لە ئاڕاستەی چەپ هیچ دەرەتانێکی تریان نەبوو. هەروەك کەمال بۆرکای هزرڤانی گەورەو چالاکی چەپی کوردو دامەزرێنەری پارتی سۆشیالیست دەڵێ:" تا ئەوکات بیرمان لە دروستکردنی رێکخراو و رێکخستنێکی جیاو سەربەخۆ نەکردبوویەوە". ئەو هەمیشە دەیووت:" ئامانجمان لە گۆڕانکارییەکانی تورکیادا، سەرخستنی پرۆسەی دێموکراسیی و مافەکانی مرۆڤی کورد بوو، دیارە ئەوەش پەیوەستبوو بە خەباتی هاوبەش و پێکەوەیی کوردو تورکەوە".

[17] Ibid., 603.

لە هەمانکاتیشدا دوپاتیدەکردەوە:" ئێمە تێگەیشتبووین کە چەپی کورد هیچ بەرنامەیەکی دروستی بۆ پرسی کورد لە هەگبەدا نەبوو".

## کوردەکان ماندەگرن

لەکۆتایی شێستەکاندا بەڕێبەرایەتی خوێندکارە چەپەکان دەستکرا بە ئەزموونی کارو کردەوەی توندوتیژ. لەو میانەشدا بۆ هەوەڵجار خوێندکارو رۆشنبیرە کوردەکانیش چەندین یانەو ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دەمەزراند.

یانە کولتورییەکانی شۆڕشگێڕیی رۆژهەلات نموونەی ئەو یانەو ڕێکخراوانەبوون. ئەوان بۆئەوەی خۆیان لە گرو گێچەڵی دەوڵەت قوتاربکەن، لەجیاتی وشەی کورد وشەی رۆژهەلاتییان لە نێوی یانەو ڕێکخراوەکانیان دەنا. ئەم ڕێکخراوە بەوردی بایەخی بە گرفتە فەرهەنگیی و کۆمەلایەتییەکانی پێوەست بەکورد دەدا. هاوکات لە ئەدەبیاتی ویردو وتاری ئەم گروپەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان مارکسییەتو کوردایەتی ئاوێتەی یەکترکرابوون. دیارە ئەمەیش ئاماژەو هەنگامێکی نوێبوو لە ئەزمی پەرەسەندنی شوناسیی ساسیی کورد لەتورکیا دا. هەرچەندە ئەم کۆمەڵەو یانانە خۆیان لە مۆرك‌و رواڵەتی کوردیی بەدووردەگرت، وەلێ دەوڵەت بەگومانەوە تەماشای رۆڵ‌و ڕەونەقی ئەوانی دەکرد لەرامیارییدا، هەربۆیە لەکۆتایداو لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ تێکڕای ڕێبەرەکانی ئەو گروپانە بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جیاو جیاخوازیی باڵبەستکران[١٨].

دیارە رەنگە هەندێك لە کوردەکان خەون‌و خەیاڵی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردییان لە هزردا بوبێت، وەلێ هەموو ئەوانی تر هەر هەوڵ‌و هێزێك بۆ دەوڵەتی

---

[18] See description of the 4th Congress in Lipovsky, *The Socialist Movement,* 75–82.

سەربەخۆی کوردیی لە پێچو پەنای یانەو کۆمەڵەکانی مافی کلتوریی کوردییدا بە کارێکی لەنگو دەبینی.

دەوڵەتیش هەمیشە ئەوەی دوپاتدەکردەوە:" رامیاریی ئازادیخوازیمان، کۆتو بەندی سەر چالاکییە نەتەوەییەکانی کوردی نەگرتووەتەوە". بەنەزمێکی تر نیازو نیری خۆیان روو بەکورد بەرزدەکردەوەو دەیانووت:" تەنانەت ئەگەر دەوڵەت سیاسەتیشی نەمێنێت، ئەوا رێگە بە سیاسەتکردنو کاریگەریی شوناسی نەتەوەیی کورد نادەین"[19]. کوردەکان ئەوکات لەنێو چەپەکانی پارتی کاری تورکییدا لە گەشەیەکی گەرمو گوڕدا بوون، لە کۆتایی کۆنگرەی چوارەمی پارتەکەدا تێکڕا بەجۆرێك دەنگیاندا کە کاریگەریی بیریی نەتەوەییان بەتەواوی رەچاودەکرا. لە بڕیارەکانی کۆنگرەدا پاش مشتومڕو پرسێکی ئاڵۆز، بۆ هەوەڵجار داننرا بەبوونی نەتەوەی کورد دا لە رۆژهەڵاتی تورکیا، هاوکات بەردەوامبوون لە سەرزەنشتکردنی دەوڵەت بە سەپاندنی رامیاریی بندەستکردنو تێرۆرو تواندنەوەی نەتەوەیی دەرهەق بەکورد .

ئەوە تەنها کوردەکانیش نەبوون کە ریفۆرمی خێرا ناتەبا نەبوون، بەڵکو لە کۆتای شەستەکاندا بزووتنەوەی سۆشیالیستی تەواوی ئەوروپا، بەجۆرێك لە جۆرەکان لەنێو تورکیادا شێوەی گرتبوو. لەم رەوشەدا خوێندکاری زانکۆکانی تورکیا پێبە پێ تینو تاو و تیۆرەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەوروپای دەخواستەوە نێو تورکیاو رەخنەو دادو بێدای خۆیانیان لە خۆپیشاندانەکاندا بە گوێی دەسەڵاتدارانی تورکیادا دەدا. هەموو ئەو نارەزاییانە جەختکردنەوە بوو لەسەر مەترسییەکانی کاپیتالیزمو ئیمپریالیزمو نێزیکی پێوەندییەکانی ئەمەریکاو تورکیا، هاوکات خواستی گۆڕانکارییەکی ریشەییو دەستێوەردانی ئەمەریکا لە ڤێتنام و خواستی خەباتی گەریلایی دژ بە هەستو هێزی ئەمریکا لەنێوچەکەدا گرنگترین

[19] Ibid., 78.

باس‌و خواسه‌کانی خوێندکاران بوون. به‌م جۆره دیدو دنیابینی چه‌پەکان به‌کاوه‌خۆو هه‌نگامبه‌هه‌نگام سه‌ختگیرو به‌رینتر بلاوده‌بوویه‌وه. ته‌نانه‌ت بۆ پراکتیکی تیۆره‌کانیشیان چه‌ندین رێبه‌ری به‌رپرس له خوێندکاران به‌ره‌و خێوه‌تگاکانی راهێنانی سه‌ربازی فه‌له‌ستینییه‌کان له‌لوبنان که‌وتنه رێ تا بتوانن که‌لك له ئه‌زموونی خه‌باتی چه‌کداری وه‌ربگرن. سه‌ندیکا کرێکارییه‌کان زێده‌تر به‌ره‌و رادیکالیه‌ت‌و ره‌قیی رۆیشتن له خواسته‌کانیاندا.

له‌راستیدا هه‌ر ئه‌م خواست‌و خرۆشانه‌ی زانکۆکانبوو که رۆلێکی گرنگی گێڕا له کۆتایهێنان به ده‌سه‌لاتداریتی مه‌نده‌ریس له تورکیا، هه‌ر ئه‌م به‌ره‌و پێشچوونه بوو له خواسته‌کانی چه‌پگه‌راکاندا که گۆڕانکاریی کۆمه‌لایه‌تیشی له‌گه‌لخۆیدا هێنا. به‌م نه‌زمه بچوکبوونه‌وه‌ی پانتاییه‌کانی دێموکراتیی‌و چالاکی یاسایی رۆلی بینی له بره‌ودان به بیروبۆچوونی رادیکال‌و توند له تورکیادا.

چونکه یاسای هه‌لبژاردنی ١٩٦٨ هه‌ولی دا بۆ سنووردارکردنی گه‌ش‌و نماکانی پارتی کاری تورکیاو هه‌روه‌ها ئه‌وه‌یشی گه‌یاند که له رێگه‌ی خه‌باتی سیاسیی‌و یاساییه‌وه ناکرێت هیچ ده‌ستکه‌وتێك به‌دیبهێنرێت. هه‌ربۆیه له ده‌ستپێکی ١٩٧٠دا دوو گروپی چه‌کداریی له‌تورکیادا و له هه‌ناوی چه‌پی تورکیی دا له دایکبوون [20]. هه‌ریه‌ك له‌م گروپانه تیۆری شۆڕشی چه‌کداریی کۆمۆنیستی له‌خۆگیرابوو. وه‌لێ گروپه‌کان چالاکییه‌کانیان بریتی بوو له برینی بانکه‌کان بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رمایه‌گوزاری بکه‌ن له پێناو چالاکییه‌کانیاندا. هاوکات کاری رفاندنیان بره‌و پێده‌دا تا بتوانن ئامانجه‌کانیان زێده‌تر بگه‌یه‌نن‌و بلاوبکه‌نه‌وه.

له راستیدا ئه‌م ره‌وشه زێده‌تر ئه‌وه‌ی پیشانده‌دا که حکومه‌ت کۆنترۆلی ولاتی له‌ده‌ستداوه. له لایه‌کیتره‌وه خه‌باتکاره‌کان پلانگه‌لێکیان دارشتبوو بۆ گواستنه‌وه‌ی خه‌باته‌که‌یان بۆ نێو چیاو چۆله‌کان، تا له‌وێ بتوانن ببنه سه‌رمه‌شقی

---

[20] Ahmad, *Modern Turkey*, 145.

شۆڕش بۆ هەموو تورکیا. لەنێوخۆی تورکیادا پێوەستی ڕێکخراوە کوردییە ئاشکراکانو بزووتنەوە توندڕەوە کۆمۆنیستییەکانی تورك بەهۆی ئەو شاڵاوە توندانەی لەلایەن ڕاستڕەوەکانەوە دەکرایە سەریان، هەموو ئەوانە وڵاتیان بەرەو ئاقارێکی سامناكو پشێوییەکی سیاسیی تاریك بردبوو. کە ئەوەی زێدەتر ڕەوشەکەی توشی شۆککردبوو، بریتی بوو لە مانگرتنی بەربڵاو و بەرینی کرێکاران لەسەرانسەری خاکی تورکیا . بەمجۆرە بەرزبوونەوەی ئاستی توندووتیژی لە شارەکاندا سەقامگیریی پرسی دێموکراسی لە تورکیادا ڕووبەڕووی هەڕەشەو گوڕەشە کردەوە. هاوکات ڕۆڵی تورکیای وەك ئەندامی لوتکەی ناتۆو هاوپەیمانی نێزیکی ئەمەریکا خستە ژێر پرسیارو هەڕەشەی جددییەوە.

هەربۆیە سوپای تورکیا کە خۆی بە تەنها پارێزەری بەرو دووای دێموکراتیو سیکۆلارییەتی تورکیا دەزانی، ئێجگار بەو ڕەوشە نیگەرانکرا. دوواجار لە ١٢ -٣- ١٩٧١ دا هێزە چەکدارەکان بۆ جاری دووەم لە ماوەی هەمان دەیەدا دووەم کۆدەتای سەربازییان ڕاگەیاندەوە[21].

کۆدەتای ئەمجار بە ئامانجی وشککردنی سەرچاوەکانی توندوتیژییو ڕادیکاڵییەت بوو لەتورکیادا، هەروەها هەوڵێك بو تا جارێکی تر دەستوری بنچینەیی ١٩٦١و یاساو ڕێساکانی بنوسرێنەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ هێزێك نەتوانێت لەتمە بە ئاسایشی وڵات بەرێتو جاڕی توندوتیژیبدات. لە دەسپێکی کۆدەتادا تەواوی ڕێبەرانی پارتی کاری تورکی تۆمەتبارکران بە بانگەشەکردن بۆ کۆمۆنیزمو پشگیریکردن لە جوداخوازیی کورد. هاوکات سوپا نیگەران بوو لەمەڕ ئەو ناسۆرییانەی لەئەگەری تێوەگلانی لە بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا دێنە پێشەوە، هەربۆیە حکومەتی سپارد بە چینێك تەکنۆکرات تا وڵات بەرنە ببەنبەڕێوە.

---

[21] See Ahmad, *Modern Turkey,* 148–157 for details on the coup and aftermath.

ئەرکی سەرەکی ئەم حکومەتە بریتی بوو لە سەرلەنوێ نووسینەوەی یاسای بنچینەیی تا هەموو ئەو ئازادییانە سنوردار بکات کە بواریان بە سەرهەڵدانو قوتبوونەوەی گروپی رادیکاڵو توند رەخساندبوو. ئیتر لەسەرانسەری وڵاتدا یاسا سەپێنرابوو. بەمەش تەواوی ژیانی سیاسییو گروپەکانی لاوان لە پەلوپۆکەوتنو داخران. هەروەها کۆبوونەوەکانی سەندیکا کرێکارییەکان چیدی قەدەغەکران. دەسەڵاتدارانیش هێزێکی لە رادەبەدەریان پێدرا تا تەمامی بڵاوکراوەکان لە وڵاتدا رابگرن.

پاشماوەی یانەکانی گروپی کلتوریی رۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ داخرانو پارتی کاری تورکیش قەدەغەکرا. هەروەها هەموو چالاکوانە چەپەکان ئەوانەی کە بەرەو ئەوروپا هەڵنەهاتبوون، یان دەستبەسەربوون یاخۆ توندی بەندیخانە کرابوون[٢٢].

ئۆجەلان لە سەرو بەندی کۆدەتادا تەمەنی تەنها ٢١ ساڵ بوو. ئەو وەك کارمەندێکی تۆماری زەوییەکان لە ئەستەمبووڵ مابوویەوەو لەو قۆناغەدا مژوڵی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆدا، لەلایەکی تریشەوە مەبەستی بوو بتوانێت برێك پوڵو پارە خڕبکاتەوە تا بتوانێت ژیانی خۆی پێمەیسەربکات.

لەگەڵ ئەوەشدا تارادەیەك بەشداریی کۆڕو کۆبوونەوەکانی یانە کلتورییەکانی کوردی دەکرد. وەلێ تا ئەوکات نە گروپە کوردییەکانو نە بزووتنەوەی چەپی تورك کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر ئۆجەلان بەجێنەهێشتبوو.

ئۆجەلان پێی وابوو گروپە کوردییەکان لە مەڕ پرسە گرنگە سیاسییەکانی داهاتووی کورد بێ ئاگاو ئاوەزن. چەپەکانی تورکیش تەنانەت ئامادە نین رووبەڕووی کێشەی کورد ببنەوەو بیهێننە بەرباسو خواست. بەمجۆرە پشێویە

[22] Birand, *Apo ve PKK,* 81–83. Ocalan's role in and his views on the Turkish left are described in Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 169–177.

سیاسییەکان ئۆجەلانیان ناچارکرد پێداچوونەوە بکات بە ژیانی ئەوکاتەو بیر لە نیازو نەخشەکانی داهاتوویشی بکاتەوە. لە سەرەتادا ئەو ئومێدەواربوو لە بەشی یاسای زانکۆی ئەستەمبوڵدا درێژە بەخوێندن بدات، وەلێ ژینگەی دەوروبەر ئەویان ناچارکرد رووبکاتە بوارگەلێکی تری زانستیی وەك كێشەکانی دنیای سیاسەتو شوناسی نەتەوەیی.

هەربۆیە ئۆجەلان بە ماوەیەکی کەم لە پاش کۆدەتا بڕیاریدا گۆڕانکاریبکات. سەرەتا وازی لە ئیشەکەی ئەستەمبوڵی هێناو پاشان رویکردە شاری ئەنکەرەو لەوێ بەمەبەستی خوێندن لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرە، کە بەشێکی بەرزو باڵا بوو نێوی خۆی تۆمارکرد[23]. ئۆجەلان لەبارەی ئەوکاتەوە دەڵێت:" لەلایەکەوە چەندین تەڤگەریی شۆڕشگێڕ هەبوون، لەلایەکیترەوە کوردایەتیو سۆشیالیزم لە گۆڕێدا بوو". لەشوێنێکیتردا دەڵێ:" چەندین پرسیار لە هیزرمدا کەڵەکە کرابوون، لەو باوەڕەدا بووم بتوانم ئەو وەڵامانەم لە دوتوێی زانستی رامیارییدا چنگبکەوێت".

## زیندانییەك

پەروەردەو پێگەیشتنی راستەقینەی سیاسیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٧٢دا دەستپێدەکات. ساڵێك کە تێیدا هێزەچەکدارەکان پشتیوانی بەرێوەچوونی حکومەتیان دەکرد. لەبەرامبەردا هێزە چەکدارەکانی چەپی تورك لەهەوڵی ئازادکردنی سێ لە ئەندامەکانیان بوون کە سزادرابوون بە لەسێدارەدان. کار گەیشتە ئەوەی لە رووبەڕووبونەوەیەکی ئەو گروپەدا لەتەك پۆلیس بەتۆمەتی ناپاکیی گەورەو رفاندنی سێ لە ئەندازیاری غەوارەی نێو هێزەکانی ناتۆ جەنگ دەستپێکرد. ئەوان ١١بارمتەیان لە گوندێکی نێزیك ئەنکەرە بەنێوی قیزلدەر

[23] Birand, *Apo ve PKK*, 81.

حەشاردابوو. لەئاکامدا تێکرای رفێنەرانو یەکێك لە هێزەکانی پۆلیسو سیان لە بارمتەکان کوژران. ئیتر لەکاردانەوەی ئەم رووداوەدا بۆ هەوەڵجار خوێندکارانی چەپ ناڕەزایی توندیان لەدژی کوشتنی خەباتکارە چەپەکانیان نیشانداو پرۆتستۆکرد.

لە پاش ئەم رووداوە ئۆجەلان وەك خوێندکارێکی زانکۆ پێوەندیکرد بەو گروپە خۆپیشاندەرەوە. لەراستیدا دەوڵەت لەبەرامبەر ئەم خۆپیشاندانەدا نەرمیی نەنواندو یەکێك لەوانەی کە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە دەستبەسەرکرا عەبدوڵا ئۆجەلان بوو.

ئەوە یەکەمجاربوو ئۆجەلان زیندان ببینێتو لێپێچینەوەی لەتەکدا بکرێت. لەماوەی لێکۆڵینەوەکەیدا زۆر بەجوانی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. ئیبراهیم ئایدین دەڵێ:" من ئەوم نەدەناسی، هێندە دەزانم پاش دەستبەسەرکرانی هێنرایە خانەی پرسوجۆوە. ئەو لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا وەك خوێندکارێکی زانکۆ پێوەندی بەریزەکانی خۆپیشاندەرانەوە کردبوو ".

هەروەها یەکێك لە پاسەوانەکان وتبووی:" هەرکە کاپیتان دەهات ، ئۆجەلان پێویستبوو جۆرێك لە کاردانەوەی پیشانبدایە، دواجار کاپیتان هاتو ئەوی بردە دەرێ". دوو پیاو برانە گرتووخانەی ماماکی سەربازیی لە ئەنکەرە. ئەوێ سەنتەرێك بوو پڕ لە جۆشو خرۆشی تەڤگەریی خوێندکارانی چەپو زۆرینەی رێبەرو رێنیشاندەرنی چەپڕەوەکان لەو گرتوخانەیە بوون. هەموو ئەوانە بە هۆکاری ئاژاوەنانەوەو کاری رفئەستێنو رفاندن بەندکرابوون. لەوانە سێ لاو بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرابوو.

ئۆجەلانو ئایدین برانە خانەیەکی گرتووخانەکە کە ٧٠ بەندیی تێدابوو. زۆرینەی ئەوانەیش خوێندکاری زانکۆ یا پێشتر لەزانکۆبوونو تەواویشیان بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ رەوتو رێبازی چەپگەریی بەندکرابوون.

زۆربەی ئەوانەی دەستگیرکرابوون هێند رادیکاڵ نەبوون، وەلێ نێزیکەی هەموویان وادادەنرا کە پێوەندیان لەتەك فیدراسۆنی لاوی شۆڕشگێڕەوە(دەڤ گەنج) دا هەیە. لەکاتێکدا ئەم کۆمەڵە خوێندکارییە چەپەو هەندێك لە چەپەکان لەدەرەوەی گروپە چەکدارییە چەپڕەکانەوە گەشوونمایان کردبوو.

بەرێکەوت ئایدین رێك بەتەنیشت ئۆجەلانەوە شوێنی خەوتنیان پێدابوو. ئایدین پیاوی پێوەندیی‌و پێداگیر لەخەبات بوو. ئەو دەیخوێند تاببێتە مامۆستای پەروەردەی بەدەنیی‌و یەکێکیش بوو لە هەوادارو هامباوەڕەکانی (دەڤ گەنج). ئایدن کوردبوو، ئەو راستیەی خاس دەزانی، خزم‌و خێزانی دیکەی لە سەروەختی راپەڕینی خەڵکی شاری دێرسیمدا لەلایەن ژەندرمەکانی تورکەوە لەنێوبرابوون. وەلێ وەك زۆربەی زۆری کوردان لەو قۆناغەدا، هێشتا بیری سیاسیی کوردیی لەلای ئایدن نەخەملیبوو.

ئەو پێی وابوو شۆڕشی بەڵێندراوی چەپی تورك دەکرێت کێشەکانی کورد چارەسەربکات. ئایدن دەڵێ:" ئێمە هەستی کوردایەتیمان زۆر بەتووندی نەگرتبوو، ئەوەی کە هەبوو تەنها شتێکی سروشتی بوو".

ئێستەکانێ ئایدن لە تاراوگەیەو لە ولاتی سوید ژیان بەسەردەبات. بەم نەزمە لەگرتوخانەدا ئۆجەلان‌و ئایدن بوونە هاوەڵی گیانی بەگیانی یەکتر. ئەوەی زێدەتر نێزیکی کردنەوە لەلایەکەوە کوردبوونیان بوو لەلایەکیترەوە بەندکردنیان بوو لە یەك ژووردا. ئیتر پێکەوە کاتەکانی زیندانیان بەوتووێژو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاوە دەگوزەراند.

ئۆجەلان لەبارەی ستراتیژو خاڵی کەموکورپیەکانی بزاڤی چەپی تورکیی دەدواو روونکردنەوەی دەدا.

هاوکات ئۆجەلان لە زێنداندا بە ئاسانی دەستی رادەگەیشت بە گەلێك لەو پەرتووکە باوانەی ئەوکات‌و دەیخوێندنەوە، لەوانە پەرتوکەکانی پەیوەست بە

گرفتەکانی سۆشیالیزمو مارکسو لینینیزمو کلاسیکیاتی رووسی. هەربۆیە هەمیشە ئۆجەلان لە بارەی سیاسەتو تیۆرەکانی چەپەوە شتانێکی دەزانیو بە ئایدنی دەوتن. وەلێ کاتێك کاتی ئەوە دەهات ئەو روانگەو راستییەکانی خۆی رابگەیەنێت، ئۆجەلان بەشێوەیەکی زۆر نامۆ بێدەنگی دایدەگرت.

بەشێوەیەکی گشتیش زیندان ببوویە مەکۆی رازونیازو وتووێژە بەردەوامەکانی هەوادارو هاورێیانی دەڤ گەنج. ئۆجەلانیش بەدەر نەبوو لەو مشتومڕانەداو بەڵکو فرە بە گەرمو گوڕییەوە مژوڵی گفتوگۆکان بوو.

ئۆجەلان لە دنیای سیاسەتدا لە سەرەتادا بوو، کەواتە شتانێك هەبوو دەبوو ئاشنابوایە پێی. پێویستە بگوترێت ئەوانی تر لە زیندانێدا لە بەر ئەوە پێوەندیان پێوەنەکرابوو کە خوێندکاری سەرەکی بزووتنەوەکان بوون، بەڵکو لەبەر ئەوە پێوەندییان پێوەکرابوو کە گروپی چەپی چەکداریی بوونو بەڵێنی شۆڕشیان دابوو لە تورکیا. لەراستیدا هەندێك لە چەپڕەوەکان کە دەستگیرکرابوون بەتاسەو تامەزرۆییەوە لە خۆسازدانو خۆ ئامادەکردندابوون بۆ نەبەردییەکی شۆڕشگێڕانە لەتورکیا. بەتایبەتی لەو کاتەدا شالاوی دەستگیرکردنی بەکۆمەڵو سەرکوتی پاش کۆدەتای سەربازیی دووەم دەستی پێکردبوو. بەڵام ئۆجەلان لەو کاتانەدا تەنها کارمەندێکی سادەو نۆرماڵی میریی بوو. لەبەر ئەوە ئەگەر بۆ هاو زیندانییەکانی قسەیەکی پێنەبوایە بۆ وتن، ئەوا بە دڵنیاییەوە گوێی بۆ هەموو ئەوانە دەگرت کە لە گۆڕەپانەکەدا رابردوویەکیان بۆ خۆیان تۆمارکردبوو.

بەمجۆرە ئۆجەلان لە نێزیکەوە لە کرۆکی کاری پێڕو گروپە چەپەکان تێگەیشت، ئیتر تێگەیشت بوونی هێزێکی رێکخراوەیی و رێکخستنێك چەند بەبایەخە بۆ ئەوەی بتوانیت خواستە سیاسییەکانت نومایان بکەیت.

ئۆجەلان لە زیندانێدا چاوی بە هەموو ئەو سەردارو سەرکردانەی چەپ کەوت، کە پێداگرو پەرگیربوون لەسەر ئەوەی کە تەنها خەباتی چەکداری دەتوانێت گۆڕان لە ڕەوشی تورکیادا بهێنێتە ئاراوە.

لە گرتووخانەدا ئەو شتەی کە بۆ ئۆجەلان هەمیشە جێگەی پرسیار بوو ئەوە بوو، کە بەهیچ جۆرێك کێشەی کورد لە تورکیا نەدەخرایە بەر باس.

بەمجۆرەو لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٢دا، پاش نێزیکەی حەوت مانگ مانەوەی لە گرتوخانەدا، بڕیاری ئازادکرانی ئۆجەلان درا. ئۆجەلانی پاش زیندان مرۆڤێکیتر بوو، بۆخۆی دەیوت:" زیندان بۆ من قوتابخانەیەك بوو ، کە تێیدا توانیم پەرە بە خەباتی سیاسیم بدەم"[٢٤].

هەروەها شالاوی دەستگیرکرانەکان تەنها بەپاساوی ئەوەی کە پێوندییان هەیە بە بەشداری لە خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەوە، ئەو باوەڕەی لای ئۆجەلان سەلماند، کە لەتورکیا دا تەنها کونجێکی گچکە بۆ خەباتی دێموکراسی نەماوەتەوە. هاوکات مشتومڕەکانی نێو زیندانو ئەو زانیارییانەی لە زینداندا لەلای ڕێبەرانی چەپ گوێبیستی ببوو بەتەواوی رامانو ڕووگەی ئۆجەلانیان بەرەو خەباتی چەكو چەکداری وەرچەرخاندبوو. لەوەشگرنگتر هۆشیاریی و ئاگایی ئۆجەلان لەمەڕ پرسی کوردیی لە دەسپێکدا بوو بۆ ئەوەی بنچینەیەك بۆ کێشەی نەتەوایەتی کوردیی دابڕێژێتو گروپێکی پەیوەست بەو پرسە دابمەزرێنێت.

هەروەك ئۆجەلان لە دووایدا وتبووی:" ئەوە خاڵی گواستنەوەی من بوو بۆ ئەوەی ببمە شۆڕشگێڕێکی پرۆفیشناڵ"[٢٥].

---

[24] Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 201.
[25] Birand, *Apo ve PKK,* 84.

## رامیاریی باو

یەکەم هەڵبژاردنی نەتەوەیی بۆ ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو. لە مانگی یەکی ساڵی داهاتوشدا سەرۆك وەزیرانی نوێ بولند ئەجەوید کابینەی نوێی دەوڵەتەکەی راگەیاندو لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا لێبووردنێکی سەرتاسەریشی بۆ هەموو ئەوانە دەرکرد کە بە تاوانی سیاسیی بەندکرابوون[٢٦]. ئەگەر حکومەت هیوای بەوە هەبوایە بە نەزمێکی شێوەسەربازی بۆ دوو یان دووساڵو نیو وڵاتی بەڕێوە ببردایە، ئەوا دەتوانرا شوێنەواری توندووتیژی سیاسیی لە تەواوی کیشوەردا بسڕێتەوە، وەلێ دەوڵەت لەوەدا کەوتە هەڵەوە. چونکە دەستبەجێ چەپەکان لە زیندانێدا ئازادکرانو دوورخراوەکان لە تاراوگە گەڕانەوەو سەرلەنوێ ریزەکانی خۆیان لە ڕێکخراوگەلێکی کۆنو نوێدا یەکخستەوەو ئەمجارەیان بگرە ژمارەیان فرەترو بیرو ڕایان توندو رادیکاڵتر بوو لە جاران. بەمجۆرە چالاکوانە سیاسییەکانی کوردیش ئەوانەی توندی زیندانکرابوون یاخۆ ناچارکرابوون لە زێدی خۆیان هەڵکەنرێن، سەرلەنوێ گەڕانەوە نێو کایەی سیاسیی و بگرە بە ئایدیاو ئەجێندایەکی رۆشنترەوە قۆڵی خەباتیان لێهەڵماڵی.

چالاکوانانی کوردیش وەك هاوڵاتییە تورکەکانیان، ئەوانەی ساڵانێکیان لە ئەوروپا گوزەراندبوو، ئیتر ئاشناببوون بە شێوەی کاری ڕێکخراوگە توندڕەوەکانی ئەوکاتی دونیا، لەوانە پێڕی پارتیزانی بادر ماینهوفی ئەڵمانیاو بزووتنەوەی ئەیلولی رەشی فەلەستینییەکان.

---

26 This section relies on interviews with Kurds, representing a variety of groups active in the 1970s, including PSK, Kawa, Rizgari, TKDP, and the PKK.
It also draws on Ahmad, *Modern Turkey*, 159–164.
314 Notes to Chapter 1

هاوکات لە ژینگەی ئازادی ئەوروپا دا بە ئاسانی دەستیان رادەگەیشت بە خوێندنەوەی هەر پەرتوکێکی کایەی شۆرشگێریی‌و لە کۆرو کۆبوونەوەکان بیرمەندو رۆشنبیرانی چەپ‌و ناسیۆنالیستەکاندا ئامادەبیان هەبوو. هەروەها مشتومڕوی زانستییان دەکردو بەتەواوی لە زنجیرە جیاوازەکانی تیۆریی ئازادیخوازیی‌و راستییەکانی ئەو وەختەی دنیا ئاشناببوون.

ئەوانەش کە لەنێوخۆی تورکیا دا پێشتر لەکونجی بەندیخانە نرابوون، ئەو قۆناغە بۆ ئەوان هەلیك بوو تا بیروڕاکانیان ئالوگۆڕبکەن‌و بگرە زیندان خاڵی کۆکەرەوە بوو تا لەوێ نەتەوەییە رادیکاڵەکانی کورد یەکتر بناسن‌و کۆببنەوە. بەمەش توانرا بناغەیەك بۆ چێکردنی رێکخراوگەلێکی نوێ دابرێژرێت‌و هەمووان بتوانن لە فەلسەفەی خەباتی یەکتریی تێبگەن.

هەر لە زیندانێدا زۆرینەی چالاکوانە کوردەکانی هاوشێوەی ئۆجەلان بڕیاریان دابوو بۆ ئەوەی لە دەرێ رێکخراو و گروپی سەربەخۆی کوردیی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. لە راستیدا چەپی تورکیی دووچاری رەشبینی‌و بێهیوایی ببوون.

لەلایەکیتریشەوە ئەگەی چەپەکانی تورك دانی خێریشیان بە کێشەی کورد دا بنایە، ئەوا هەر گیز ئەو کێشەیە لە دەسپێکی کارەکانیاندا نەدەبوو. لەبەر ئەوە کوردەکان زیاتر بەدوای دۆزینەوەی چارەسەریی‌و رێگەچارەی گونجاوەوە بوون بۆ کێشەی کورد، چەپی تورکیش ملی نەدەدا بۆ ئەو خواست‌و خەمەی کورد.

لەراستیدا بگرەو بەردەیەکی سروشتی لەنێو هەناوی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی هەبوو. بۆ نموونە لەنێوان بانگەشەکەران بۆ نەتەوەچییەتی‌و ئەوانەی باوەڕیان وابوو کە چارەی گرفتەکان لە کۆمۆنیزمدایە ئەم رەوشە دەبینرا. ئەودەم لە تورکیا دا زەمینەی ناسیۆنالیستیی تورکیی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی دەوڵەتدا فرە بەهێزو باو بوو. بەجۆرێك چەپی رادیکاڵ ئاسان نەبوو بەرە لە ژێر پێیانیدا رابکێشێتە دەرێ.

جگە لەوەیش گرفتی دەوڵەتی کوردیش بۆ چەپەکان شتێك نەبوو کە ویستبێتیان چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. لەم بارەیەوە کەمال بورکای دەڵێ:" چەپی تورك بە توندیی لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای تورکیدا بوو، لەبەر ئەوە نەیتوانی بە شێوەیەکی کراوەو روون بێتە پێشەوە بۆ چارەسەریی دۆزی کورد".

کەمال بۆرکای پارێزەرێکی شلڕەو و ئەندامی پێشووی پارتی سۆشیالیستی بوو. هەندێکجاریش سەرگەرم بەئەدەبو هۆنراوەی دەنوسین. ئەو لەماوەی کۆدەتا دا هەڵهات بۆ ئەوروپاو پاشان لەگەڵ لێبووردنی گشتیدا گەڕایەوە وڵات.

بورکای پاش گەڕانەوەی بۆ تورکیا کاری کرد لەسەر دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی تایبەت . لەم بارەیەوە بۆخۆی وتبووی:" ئێمە ویستمان دۆزەکەمان بەکراوەیی بخەینە بەردەم خەڵکی کورد، ئەوەشمان لە کۆتایدا دانابوو، توانیشمان ئەوە ئەنجامبدەین بە دامەزراندنی پارتێکی پەیوەست بەخۆمان".

سەرەڕای ئەوەیش ئیتر ئەوە تێپەڕیبوو کە هەر روناکبیرانی تورك رونکردنەوە بدەن لەبارەی ئەوەی کورد پێویستە چی بکاتو چۆن خەبات بکات. هاوکات چالاکی کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکان نەك تەنها رابوونو هۆشیارییەکی سیاسیی ئەوتۆی بەرهەم نەهێنابوو لە نێو کورداندا، بەڵکو لەهەندێ بارو دۆخدا سیاسەتی قڕکردنو توانەوەیان بەتەواوی بەئاگای هێنابوونەوە، کە ئەوە چ هەوڵێکی بەردەوامبوو بۆ سڕینەوەی شوناسیان.

حکومەتی ئەنکەرە ئومێدەواربوو بە توانەوەو مردنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد، لەم پێناوەشدا کاریکرد بۆ پێشکەشکردنی هەلی خوێندنو فێربوونی زمانو مێژووی تورك لەنێو کورداندا. بۆ ئەمەش لە ١٩٦١ دا لە هەرێمە کوردییەکاندا قوتابخانەی نێوخۆیی یان شەوانە رۆژیی دامەزرێنرابوون. بەئامانجی دورخستنەوەی زاڕۆیانی کورد لە ژینگەی خانەوادەو ژیانیانو راهێنانو

گۆشکردنیان به فەرهەنگو فیکری تورکو تورکاندن لەسەرانسەری وڵاتدا[٢٧]. بەڵام به پێچەوانەوە ئەم هەوڵانە کاریگەرییەکی نەخوازراویان لەسەر برەودان به شوناسی نەتەوەیی کوردیی. چونکە پێشتر لاوەکان نەدەخرانە بەر خوێندن، بەڵکو جوانەکان له کێڵگەو رەزەکاندا خەریکی کارو فەرمان بوون یاخۆ له ئاواییه دووره دەستو کاولەکاندا به دەستگێڕ شمەکو کاڵایان دەفرۆشت.

بەڵام ئیتر دەیانتوانی بچنه قوتابخانه شەوانه رۆژییەکانەوەو لەوێ پەروەرده دەکران له قوتابخانه ئامادەییەکانیشدا فێردەکرانو تەنانەت زەمینەشیان بۆ دەڕەخسا تا بچنه زانکۆکانەوە.

لاوای کورد له بری ئەوەی له گوندێکی گچکەی داخراودا قەتیسبمێنێت، ئیتر دەرویان لێکرایەوە تا له دنیای دەرێ ببینن و تێکەڵ به ژینگەی نوێی بیروبچوونو خوێندکارگەلێکی کوردی دیکه بنو بزانن له بەشەکانی دیکەی وڵاتدا چی هەیەو چی نییە. رەمەزان یولوك که خوێندکارێکی کوردی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بوو، لەیەکێك لەو خوێندنگایانە خرابووبە بەر خوێندن، ئەو دەیووت:"ئامانجی ئەو خوێندنگایانە بەتورککردنی لاوانی کوردبوو، بەهۆی ئەوەی که لەوێندەر کاردانەوە هەبوو". هەروەها وتبووی:"پێش ئەوە هیچکام له ئێمه له ئامابییەکانمان دوورنەکەوتبووینەوە، وەلێ له پڕێکدا ئەو هەلەمان بۆ رەخسا که دنیای دەرێی خۆمانو چۆنیەتی کاروبارەکان ببینین".

## ئۆجەلان.. کارامەیەك

نێزیکەی ساڵێك پاش جودابوونەوەیان له زیندانی ماماك، له ١٩٧٢دا ئیبراهیم ئایدنو ئۆجەلان جارێکی تر پێککەیشتنەوە. ئەوکات ئۆجەلان مرۆڤێکی جودا بوو. ئەو له زیندانییەکی ئارامو ئاساییەوە ببوویە مرۆڤێکی رادیکاڵی توندڕەو. ئەوەی

[27] McDowall, *Modern History,* 404.

پێداگربوو لە سەری ئەوەبوو، کە کورد پێویستە دەستپێشخەریبکات بۆ خەباتێکی چەکداریی بۆ ئەوەی خۆی لە داگیرکاریی تورکان قوتاربکات. ئۆجەلان ٤ لە هاوەڵەکانی ئەوانەی کە دوواتر بوونە کۆڵەکەی پ.ک.ک لە یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەنکەرەدا تەنها ژوورێکیان بەکرێ گرت. ئیتر لەوێ شەوانە دوازدە یان زێدەتر کۆدەبوونەوەو ڕێوشوێنی پێویستو ئامادەکارییان دەکرد بۆ دۆزینەوەی ڕێیەکی لەبار لە بارەی دۆزیی کورد .

ئیبراهیم ئایدن لەو ژوورەدا بوو، ئەو چاوەڕێبوو تا وەك مامۆستای پەروەردەی بەدەنی دابمەزرێت. ئایدن تا ئەوکات هەر وابەستەبوو بە چەپی تورکەوە، وەلێ ئێجگار لە ڕەوشەکەی ئەوێ نارازیبوو. هەمیشە هاوڕێیەکانی لەبایەخی بیروباوەڕەکەی ئایدنیان کەم دەکردەوەو چەوتو چەوێڵییەکانی چەپیان دەخستە روو دەربارەی کوردەکان. ئەو بۆ خۆیشی لە رامانو بیرکردنەوەدا بوو لەمەڕ شوناسی نەتەوەیی خۆی. وتوویژ لەگەڵ ئۆجەلان، هەمیشە لەسەر پرسی کورد رایدەوەستاند. خوێندکاری زانستە سیاسییەکانیش بە تاسەو تێبینییەوە بایەخیان دەدا بەوەی ئۆجەلان چی پێیە بۆ ئەوەی لەسەر دۆزی کورد بیگەیەنێت.

ئەمەش وادەردەکەوت کە جۆرێك لە هەستی نەتەوەییانەی لەوێندەر دروستکردبێت. چونکە ئۆجەلان هەمیشە فرە بەباشی دەیخوێندەوە، ئەو ببوە خوێندکارێکی کارامەو چالاك لە سازدانی وتووێژەکاندا هاوکات توانایەکی ئێجگار باشی هەبوو بۆ دروستکردنی بەڵگەو لەسەر هێڵکی ئایدیۆلۆژی وتووێژەکانی بەبەڵگەوەو بە دروستی دەخستنە روو. وەك زۆربەی ئەوانی تر، ئیبراهیم ئایدین لەژێرکاریگەریی ئۆجەلاندا نبوو، چونکە هەمیشە ئۆجەلانی دەبینی لە رامانو بیرکردنەوەدا بوو. هەردەم لە مەژگیدا پلانو پلار لە دەورووبەرو ئایندە دەخوێنرایەوە. لەبەر ئەوە بۆ گەنجێکی سەرگەرمو بێ پەروای وەك ئایدن بیرو رامانەکانی ئۆجەلان، بێ ملە جیڕەو چەندوچوون پەسەندو بەجێبوون.

ئایدن دەیوت:" ئێمە هەموومان خوێندکاربووین، ئێستا باوکێك کە لە نێوەندی تەمەنیدایە سێهێندەی گەنجێکی بوێرو بەئەمەك لەخزمەتو خەمی کورد دایە". هەروەها دەڵێ:" ئێمە هیچ جۆرە چەكو چۆڵێكو تەنانەت نەماندەتوانی نانو خۆری پێویست پەیدابکەین بۆ خۆمان، وەڵێ ئامادەبووینو بڕیارمان دابوو بجەنگین لەپێناو کوردایەتیدا". بۆ هەموەڵجار و لە بەهاری ١٩٧٣ دا ئۆجەلان چەند خوێندکارێکی هاوڕێی بانگهێشکرد تا بەنهێنی دانیشتنێك بکەنو تێیدا ئەوە لەپێشچاوبگرن چۆن لە کێشەو گرفتەکانی کورد نێزیکببنەوە[٢٨].

گروپەکە لەسەر ئەوە کۆکبوون، کە لە دەستپێکی کارەکانیاندا واپێویستدەکات لێکۆڵینەوە بکەن تا لە دۆزی کورد تێبگەنو پاشان ڕێگە چارەی پێویست بۆ گرفتەکان دابنێن. لەراستیدا ئەوان کەمو کورتیی ماتریاڵی مێژوویی لەسەر مێژووی کوردستانو ڕاپەرینەکانی ڕابردوو، ئەو هێزەی پێدان کە لێکۆڵینەوە بکەنو سەرلەنوێ لەبارەی مێژوویان کەرەستە کۆبکەنەوەو شیکاری ڕووداوەکان بکەن تا بزانن داوای چی دەکەنو بۆچی جیاوازو جێباوەڕ ترن لەوانی ڕابردوو.

لەم بارەیەوە ئۆجەلان دەیووت:" ئێمە توانیمان داوای گروپێکی لێکۆڵینەوە بکەین، لە ئاکامدا هیچ پلانێكو نەخشە ڕێژییەکمان بۆ کاری چالاکی ئایندە لەهەگبەدا نەبوو"[٢٩]. پاش ئەوەی لە ١٩٧٤دا وڵات گەڕایەوە دۆخی پێشووی‌و حوکمی مەدەنی دەستبەکاربوویەوە، ئیتر ئۆجەلان پێوەندی کرد بە ڕێکخراوێکی نوێی خوێندکارانەوە بەناوی کۆمەڵەی خوێندنی باڵاو دیموکراتی ئەنکەرە کە تێیدا پەرەی بە سۆشیالیزمو چەپرەویی دەدا. ئۆجەلان ویستی لە پاڵ ئەم ڕێکخراوە یاساییەدا کارو کردەوە شاراوەو نایاسایەکانی برەوپێبدات. لەوکاتەدا ئۆجەلانو هاوڕێکانی ئەو باوەڕەیان لەلا دروستببوو کە پێویستیان بە ڕێکخستنێکی

---

[28] Details of the Cubuk Baraji, or Cubuk Dam meeting, are found in Birand, *Apo ve PKK,* 84 and Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 234–238.
[29] Birand, *Apo ve PKK,* 84.

سەربەخۆی کوردیی هەیە تا لە پێناو مافە نەتەوەییەکانیاندا خەبات و نەبەرد بکات. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە چەپەکانی تورک و کورد دەیانتوانی هۆیەکی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە دەستبدەنە شۆڕش[٣٠].

لەگەڵئەوەشدا ئۆجەلان کاریکرد تا پێکەوە لەنێو ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی باڵای ئەنکەرە ئەو خاڵە هاوبەشە دروستبکات. بەڵام بیرۆکەکەی ئۆجەلان لەنێو خوێندکارانی چەپی کۆمەڵەکەدا هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەوان پێیان وابوو پێویستە ئەو نەزمە باوەی دژی کورد بەردەوام بێت و جاریێ شۆڕش لەپێشەوەی هەموو ئەگەرەکاندایە بۆ ئازادی هەردوو کوردو تورک پێکەوە. دەکرێت بوترێت کە چەپەکانی تورک کاریگەر نەبوون بەو تیۆرو نەخشانەی کە ئۆجەلان بۆ شۆڕش پێیانگۆشکرابوو. دواجار ڕێکخراوەکە کەوتە مەتەرێزی یاساو ڕێساکانی تورکیاوەو لە چوارچێوەی قەدەغەکردنی پروپاگەندەی کۆمۆنیستیدا لە ١٩٧٥دا کۆمەڵەکە قەدەغەکرا[٣١].

ئەمەو کاردانەوەی نێگەتیڤی چەپی تورک لەبەرامبەر ڕوانگەی ئۆجەلاندا، ئیتر هیچ بوارێکی بۆ خەباتی هاوبەشی چەپی کوردو تورک نەهێشتەوە، هاوکات ئەو گرفتە یاساییانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵەکە کرایەوە دیسانەوە یاریدەی ئۆجەلانیان دا تا وازبێنێت لە بیرۆکەی چێکردنی بەرەیەکی یاسایی بۆ دەستپێکردن و بەرپاکردنی ڕێکخراوێکی نوێ.

[30] Ocalan's experiences in ADYOD and how it affected his developing ideology are described in Birand, *Apo ve PKK,* 84–85 and Yuce, *Dogu'da,* Cilt I,
243–250.

[31] Ocalan describes the meeting and decisions taken in Birand, *Apo ve PKK,* 85; also Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 280.

هاوکات ئۆجەلان ئەو بڕوایەی لەلا گەڵاڵەبوو کە یانە کلتورییەکانو کۆمەڵە یاساییەکان هەمیشە جێگەی سەرنجو چاودێری دەوڵەتن، لەبەرئەوە ئاسان نییە مانەوەی رێکخستنێکی نهێنی لەبەردەم تیغی دەزگا سیخوڕییەکانو پۆلیسدا، هەربۆیە ئەو خاڵە بۆ ئۆجەلان تەمام چارەنوسسازو بەبایەخبوو. هاوکات باوەڕیشی وابوو رێکخراوە یاساییەکانو بەرەی چەپەکان هۆیەکن بۆ کێبەرکێو وتوێژی درێژخایەنو ماندووکەر لە نێوان ئەندامانیدا.

ئەمەش بێ گومان دەرفەتی شۆڕشو ئاسۆی دەستپێکردنی شۆڕشی لەتورکیا دا دووردەخستەوە. ئەم هۆکارانە بەزوویی یاریدەی ئۆجەلانیان دا تا لە ١٩٧٥ دا لە تەك ١٥ هاوەڵیدا لە دیکمانی دەوروبەری شاری ئەنکەرەدا کۆبوونەوەیەکی چارەنووساز گرێبدەن. لەم کۆبوونەوەیەدا تەواوی خوێندکارەکان بڕیاریاندا بە دامەزراندنی رێکخراوێکی مارکس _ لینینیو لەو پێناوەدا بەتەمامی دەستبەرداری خوێندنی زانکۆبوونو یەکلاییبوونەوە بۆ نەبەرد لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا.

هەروەها بڕیاریاندا راستەوخۆ تێکۆشانو تینو تاوی خەباتیان بەرنەوە کوردستانو لەوێ بیرو باوەڕکانیان بلاْوبکەنەوەو سەرنجو سیرەی خەڵکی بۆخۆیان کێشبکەنو ببنە پشگیرو پەنای خەڵکی کوردستان.

لەراستیدا ئەم تیۆرو تێبینیانەی گروپەکەی ئۆجەلانو کاروکردەوەکانیان زێدەتر خود سەرانەو گێلانەبوو تا ئەوەی بەبەرنامەو بابەتیانە بێت. بۆنموونە هێرشکردنە سەر گروپە راستڕەوە نەتەوەپەرستەکان ئەوانەی پێداگریو پشتیوانی ناسیۆنالیزمی تورکیی بوون، هەروەها واتەواتو دەمەقاڵەو هەندێك کات شەڕو شۆڕ لەتەك گروپە چەکدارییەکانی چەپی تورك ئەوانەی پێویستییەکیان بۆ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی نەدەدی، هەروەها رێپێوانو خۆپیشاندانی بەرفراوانو بۆ

سەرنج راکێشانی رایگشتیو دەوڵەت بە بایەخو بەیداخی دۆزەکەیان شتانێکی بێ ئاکامو ئامانج بوون.

هاوکات گروپی تازەدامەزراو بڕیاریدا کە هیچ ئۆرگانێکی فەرمی وەك رۆژنامە یان گۆڤار وەشاننەکات، چونکە لە هەر بارێکدا هەژارو نەدارەکان نەیاندەتوانی بەدەستی بهێننو نەخوێندەوارەکانیش لێی تێنەدەگەیشتن.

لەبری ئەوە گروپەکە پشتبەستۆو بوو بە یەکبەیەکی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ کوردانی باشووری رۆژهەلآت بۆ ئەوەی خێراتر خواستەکانیان بگەیەننو پشگیریی ئەوان بەدەستبهێنن. ئەم بڕیارە لەکاتێکدا هات، کە گروپە توندڕەوە کوردو تورکەکان پێویستبوو بەلایەنی کەمەوە بەرەیەکی یاسایی چێبکەن لەپێناو بلآوکردنەوەی بیرو بۆچونەکانیان، وەلێ ئەمەیان ئەستەم بوو.

خاڵی گرنگ بۆ ئەوان ئەوە بوو، کە لەبری بەهەدەردانی کات کارگەلێکی گرنگ بکەن بۆ خڕکردنەوەی پوڵ تا ئۆفیسێك بەکرێ بگرنو چاپخانەیەکی پێدەستەبەربکەن، یاخۆ جۆرێك مامەڵە بکەن لەتەك دۆسییەکانی دادگادا کە هەمیشە لە دژی گۆڤارە رادیکاڵەکاندا بازبوون.

دیارە کە گرتنەبەری ئەم نەزمە یاریدەی ئۆجەلانو ئاپۆچییەکانی دەدا کە بتوانن شۆڕشی بەڵێندراو دەستپێبکەن. لەراستیدا هەروەك سەلاحەدین چلیك وتبووی:" لە تورکیادا دێموکراسی روویەکی شاراوەی هەبوو، کە ئەمەش دێموکراسییەکی چەوت بوو".

سەلاحەدین کاتێك مژوڵی خوێندنی ئەندازیاری بوو لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەنکەرەدا، هاوەڵەکانی بۆ هەوەڵجار ئەویان بە ئۆجەلان ئاشناکرد. ئەو لەیەکێك لە وتەکانیدا لەمەڕ ئەو رەوشە وتبووی:" بۆ قوتاربوون لە سایەی تورك، ناکرێت رێگەی دێموکراسیی یا رێگەی یاسایی بگرینە بەر، لەبەر ئەوە پێمانوابوو تەنها رێگەی بردنەوەمان لە گەمەکەدا گرتنەبەری خەباتی چەکداری بوو. ئێمە لە

دێموکراسییەتدا نەژیابووین، بۆیە هیچ شتێکمان لەبارەی دێموکراسییەوە نەدەزانی".

هەرچەندە ئۆجەلان سەبارەت بەم تیۆرانە کەمێك لە تواناکانی خۆی نیشاندابوو، وەلێ فرە دڵنیابوو لە بەرنامەو پلان‌و تیۆرەکانی، کە دەتوانێت بەهۆیانەوە خەڵکی نێو ئۆرگان‌و ئۆفیسە جوداکانی تر لە پێناو مەرامەکانیدا بەکاربهێنێت.

بۆ نموونە لە دەستپێکی ١٩٧٦دا سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی کلتوری‌و دێموکراسیی شۆڕشگێر (د.د.ك.د)، کە ساڵی ١٩٧٢ وەك گروپێکی کوردیی جوداخوازی هەوادارو پشتیوانی سۆڤییەت دامەرزێنرابوو، ئامادەیی خۆی دەربڕی تا لەیەکێك لە گردبوونەوەکانی ئۆجەلاندا بەشداریبکات. لەبەرامبەردا ئۆجەلانیش لەرێگەی کەسێکەوە ئەوەی بۆ ئەو خستە پێشچاو کە:" ئەگەر تورکەکان بژنەون کە تۆ باس لە چیدەکەیت، ئەوا لە ماوەی سێمانگدا تارومارتان دەکەن"[32].

## بەتاك و تەنهایی

ئۆجەلان نەیتوانی هیچ پشتو پەنایەك‌و هامدەمییەك لەنێو گروپە کوردییەکانی تردا دەستەبەربکات. بەپێچەوانەوە رێبەرانی تەواوی گروپەکانی تر( یەکێك لەو رێبەرانە، بەرپرسی گروپی رزگاریی خەجۆ یەشار بوو، تەنها رێبەری ژن بوو لەنێو گروپە کوردییەکانی ئەوکاتدا) نەك تەنها خۆیان بە رێبەری سەر راست‌و دروستی بزووتنەوەی کوردیی دەزانی، بەڵکو بە گومانەوە دەیانڕوانییە ئاپۆو ئاپۆچییەکان. چونکە بەدەر لەبەسەربردنی حەوت مانگ لەزینداندا، کە بەتۆمەتی تێوەگلان لە خۆپیشاندانەکاندا قۆڵبەستکرابوو، ئیتر چالاکوانە کوردەکانی گروپەکانی دیکە هیچ ئەزموون‌و ئەڤینێکی ئۆجەلانیان لە نێو تەڤگەری کوردیدا شکنەدەبرد.

---

[32] Birand, *Apo ve PKK*, 86.

ئەوی ئەم دڵکرمێییەی زێدەتر کرد لە نێو خوێندکارانی زانکۆدا، بریتی بوو لە پلانەکەی ئۆجەلان بۆ شۆڕشێکی کتوپڕ. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە چالاکوانەکانی دیی لە گەرمەی گفتوگۆو وتوێژدا بوون بۆ دۆزینەوەی کاتێکی لەبارو میتۆدێکی درووستو ئایدیۆلۆژیایەکی بنچینەییو رەسەن بۆ شۆڕشی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئۆجەلان سەرەرای ئەو ئەزموونەی کە رووبەرووی ببویەوە باوەڕی وابوو، ئەو ئامادەیە بۆ ئەوەی رێبەرایەتی راپەڕینێکی سەرکەوتووی کوردیی بکات لە مێژوودا. بۆ ئەمەش چالاکوانە کوردەکان فرە بە ئەستەم ملیان بۆ دابوو.

لە جیهانبینی ئەواندا ئەو کەمتر وەك شۆڕشگێڕێك دەردەکەوت. زێدەتر کەسێکی هەرزەو زیاد لەڕادە توندو تیژو ناکامڵ دەرکەوتبوو. گومان لەوەدا نەبوو کە هەموو ئەو ڕەخنەو رەقییەی گروپەکانی دی ڕیشەدارکرابوون لە نەخشەی ئۆجەلان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ئەوە بەشێك بوو لە لەمپەرەکانی بەردەم ئۆجەلان بۆ رازیکردنی ئەوانی ترو شوێنکردنەوەی خۆی لە دڵی ئەوانی تردا. لە جیهانبینی تەواوی شۆڕشگێرە تامەزرۆکانی چەپدا، کۆمەڵگەی کوردی زیاد لە پێویست سوننەتی بوون. کەواتە بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕێك یان چالاکوانێك لەو کۆمەڵگەیەدا متمانەی پێببەخشرێت، دەبوو بزانرێت سەر بە چ خێڵو خێزانێکەو چ پێشینەو پیشەیەکی هەیەو چالاکییەکانی لە چ مەنزڵێکدا بەگەڕخستووە.

هەربۆیە خانەوادەی ئۆجەلانیش سەر بە هیچ خێزانو خێڵکی نەتەوەپەروەرو دیار نەبوون، هاوکات بەدەستبەتاڵیو بێ بەدەستهێنانی هیچ پسپۆڕییەك وازی لە خوێندنی زانکۆ هێنابوو. وەلێ چالاکوانە کوردەکانی نێو گروپە کوردییەکانی تر هەریەك مێژوویەکی زەنگینیان هەبوو چ لە ناو پارتی کاری تورکییدا تا ئەو کاتەی لە کۆدەتای سەربازیدا داخرا، یاخۆ لە ناو یانە کلتورییە شۆڕشگێرەکانی رۆژهەڵاتدا

تا یاساغکردنی لەلایەن میرییەوە(د.د.ك.و) یان پارێزەرو نوسەرو بلاوکەرەوەی چالاك بوون، ئەگەر نا لە خێزانو خانەوادەی بەرزو بەناوبانگەوە هاتبوون[٣٣].

هەروەها پارتو گروپەکانی تر پێوەستییەکی تەواویان هەبوو بە باکگراوندو ریشەیانەوە لە نێو چەپەکانی تورکو کوردو تەنانەت لەگەڵ رێکخراوە کوردییەکان کوردستای ئێراقەوە.

لەبەر ئەوە گرفتی ئۆ جەلان تەنها لەوەدا نەبوو کە تازە بەتازە هاتبووە نێو کایەو کێبەرکێکەوە، بەڵکو ئەو رابردوویەکی نەبوو کە شیاوی ناساندن بێت. تەنها شتێك کە شیاو باسکردنیش نییە، ئەوەبوو کە ئۆجەلان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە نێو (د.د.ك.و) دا وتاربێژێکی دیاری نێو کۆبوونەوەکان بووە، وەلێ گروپەکانی تر ئەو بانگەشەیەی ئۆجەلانیان دایە دوواوە پێیان وابوو ئۆجەلان لەنێو ئەو یانە کلتوریانەدا هیچ بەدەست نەبوو.

ئەم بارودۆخەی ئۆجەلان ئەوەی گەیاند کە ئەو خاڵی بوو لە هەموو بیرو بیرۆکەو قەرزی پێشوو، هاوکات کاریگەریی‌و پێوەندی لەتەك هیچ رێبەرو گروپێکدا نەبوو، بەڵکو ئەو بە ئاسانی‌و بە پشتبەستن بە بەهرەو بونیادی کەسایەتی خۆی دەستی دایەکارەکەی‌و لەو نێوەندەشدا کارو چالاکی گروپەکانی تری بە کاری شۆخی‌و شێتانە دەزانی.

کەمال بۆرکای کە ١٠ ساڵێك لە ئۆجەلان بەتەمەنتر بوو، ئەو یەکێك بوو لە چالاکوانە دیارەکانی کورد، بۆرکای هەر لە سەرەتاوە کارو کردەوەکانی ئۆجەلانی بە چەوتو ناپەسەند دەزانی‌و سەرلەبەریانی دەدایە دوواوە. بۆرکای پاش لێبوردنی گشتی لە تاراوگە گەڕایەوە تورکیاو کەوتە شوێن پلانو نەخشەکانی‌و لەو پێناوەدا پارتێکی نوێی بە نێوی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی دامەزراند.

---

[33] For a description of the origins of the groups and others

پارتەکە سەربەخۆیی کوردستانی بە هەند وەردەگرت، وەلێ بۆ ئەو قۆناغە ئەو بیرۆکەیەی بە چەوت دەزانی، بروایشی بە میتۆدو ڕێبازی ناتوندو تیژیی هەبوو لە خەباتدا. گروپەکە زۆرجار بە نێوی ڕۆژنامەکەیانەوە(ڕێگای ئازادی) نێو زەد دەکران یاخۆ بە پەسەکە، کە کورتکراوەی کوردی نێوی تەواوی پارتەکەبوو. ئەم پارتە لە کۆتایی حەفتاکاندا لەنێو گروپە فەرمییو یاساییەکانی کورددا شوێنی خۆی کردبوویەوە، هەروەها زۆرینەی ئەندامە پێشووەکانی نێو پارتی کاری تورکی لەنێو ئەم پارتەدا درێژەیان بە خەبات دەدا.

کاتێك لە سەروبەندی ١٩٧٦دا بۆرکای بۆ هەولّجار گوێبیستی نێوی گروپەکەی ئۆجەلان بوو، ڕێك لەوکاتەوە بەگومانەوە لە تەواوی بەڵێنو پلانو پلارەکانی ئۆجەلانی دەڕوانی. بۆرکای هیچکام لە ئەندامەکانی نەدەناسی. هاوکات بە ڕەخنەو پلارە توندو زارەکییەکانی ئۆجەلان نیگەرانو نائارامبوو، کە دەرهەق بە هەموو کەس دەینواندن.

بۆرکای هەموو هاتو هاوارەکانی ئۆجەلانی دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە کەسێکی هەلقۆزەرەوەیەو بەکرێگیراوە. ئەو کارەکانی ئۆجەلانی بە بەدترین کار دەزانی بۆ گیانی وردە بۆرجواو مارکسییەکان. بۆرکای هاندنو فشاری ئۆجەلانی بۆ خەباتی چەکداریی بە هەڵەو هەیەجان دەزانی، چونکە پێی وابوو خەڵکی کوردستان هێشتا ئامادە نەبوو بۆ ئەم بەندو بالۆرەیە.

بۆرکای پیاوێکی بالآبەرزو باریکەلە بوو، کاتێك لە نێو بارەگای سەرکردایەتی پارتەکەیدا لە کۆڵن چاوم پێی کەوت پێمی گوت:" دیدگای پارتەکەمان ڕوونو ڕەوان بوو لە مەڕ پرسی خەبات چەکدارییی". لەوێ لە ژوورەکاندا چەندین پەرتوکی مێژوویيو نامیلکەو گۆڤارو ڕۆژنامەو وتار لە خانەی پەرتوکخانەکەدا هەڵچنرابوون، کە لەلایەن ڕێکخراوی مۆڵەتپێدراوی نوسینگەی ئەورووپای (کۆمکار)وە وەشانکرابوون .

هاوکات چەندین وتاری کۆپیکراوی بورکای کە لە حەفتاکاندا لە تورکیا بڵاوکرابونەوە پارێزرابوون. هەر لەوێدا بۆرکای وتی:" کورد گەلێ جار راپەڕیوەو جاری شۆڕشی داوە، وەلێ هیچکات سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە کۆمەڵگەی کوردیی لە سەرەتادا وا دەخوازێت رێکخبخرێت پاشان دەستبداتە خەباتو شۆڕش".

یەکێك لە چالاکوانە دیارو بەرچاوەکانی تری کورد ئەحمەد زەکی ئۆکسوغلو بوو، ئەحمەد زەکی لەگەڵ چاپخانەی کاوە دا مژوڵی کاربوو. بەزوویی نێوی ئەم خانەی بڵاوکردنەوەیە بووە نێوی رێکخراوێکی کوردی پەنهان. ئەو چەند جارێك وارێککەوتبوو چاوی بە ئۆجەلان بکەوێت. چەند ساڵێك پاش ئەوە من (نووسەر) لەتەك ئەحمەد زەکیدا کە لە ترسی بەندکردن ولأتی جێهێشتبوو، لە یەکێك لە قاوەخانەکانی بەرلیندا دانیشتبووین، ئەو لە باسی ئۆجەلاندا دەیووت:" ئۆجەلان پیاوێکی سادەو زۆر کاریگەر نەبوو، پاش ئەوەی کەمێك گفتوگۆم لەتەك کرد، بۆم دەرکەوت کە لە بارەی مێژووی کورد هیچی پێ نییە". لەراستیدا پلانی ئۆجەلان بۆ دەستپێکی شۆڕشی کوردستان، بەوەدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەلاوانی گۆشکرد فرە کاریگەر بوو.

لەکۆتایدا ئیبراهیم ئایدن هاوڕێی بەندیخانەی ئۆجەلان بڕیاری دا پێوەندیی بکات بە ئۆجەلانەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بۆ یەکەمجاربوو وەك مامۆستای راهێنانی لەشو لار دامەزرابوو. وەلێ ئۆجەلان پێداگریکرد کە دەبێت واز لە کارەکەی بهێنێتو لێگەڕێت بۆ کاری پارتایەتی.

ئایدن لەوەلأمی پێداگری ئۆجەلاندا گوتی، بۆ دەبێت لە یەککاتدا هەردوو کارەکان رانەپەڕێنم، تەنانەت دەکرێت کاری مامۆستاییەکەم هۆیەك بێت بۆ یاریدەدانی رێکخراوەکەم.

وەزارەتی پەروەردە ئیبراهیم ئایدنی وەك کارمەند راسپاردبوو تا لە ئاواییەکی تورکیای نێزیك لێواری خۆرئاوا کاربکات. وەلێ بەزوویی کاریکرد تا لە شوێنێکی هەرێمی کوردستاندا کاریبۆدیاریبکردێت. لە کۆتایدا بڕیاردرا لە قوتابخانەیەکی باشوری رۆژهەلاتدا بکرێتە مامۆستا، ئەوێ هەرێمێك بوو کە هەمیشە مامۆستا تورکەکان خۆیان لێدەدزییەوە. ئیتر لەوێ ئیبراهیم دەستی کرد بە وانەوتنەوەو قسەکردن بۆ خوێندکارو مامۆستا هام پیشەکانی.

بانگەشەکانی ئایدن دەربارەی رێکخراوێك بوو کە تا ئەو کات لەوێندەر نەناسرا بوو، رێکخراوێك کە تێدەکۆشا بۆ رزگارکردنی کوردستان لە کۆلۆنیی دەولەتی تورکیا .

# باسی دووەم

## عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆک (١٩٧٥ـ١٩٨٠)

بەهێزترین لێدان کە سرەوێنرایە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لەپاش رووخانی کۆماری مهابادی نێوچەی کوردیی ئێران، لە مارسی ١٩٧٥ دا بوو[٣٤]. رێبەری کوردی ئێراق مەلا موستەفا بارزانی، ئەو پیاوەی دلاوەری سەربازیو چاونەترسیی نەتەوەیی پالێپێوەنا تا لەرێگەی خەباتی چەکدارییەوە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی باکووری ئێراق وەرگرت، وەلێ ئەم جارەیان دوور لە خەباتی چەکداریی لەلایەن بەغدادەوە ناچارکرا بەتەواوەتی دانبنێت بە شکستو ئاشبەتالّی شۆڕشی کوردیدا لە باکووری ئێراق. ئەوەبوو لە شەشی مارسی هەمان سالّدا هەردوو وولاّت ئێرانو ئێراق لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئۆپیك لە جەزائیری پایتەخت، رێککەوتن لەسەر جێگیرکردنی ئەو سنوورانەی نێوانیان کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ جێگەی مشتوو مڕی نێوانیان بوون. هاوکات وەك بەشێکی رێکەوتننامەکە، تاران دەستبەرداری ئەو کوردانە بوو کە لەلایەن ئێرانو هاوپەیمانەکەی ئەمەریکاوە بەکاردەهێنرانو پڕچەکدەکران بۆ فشارخستنە سەر ئێراق[٣٥].

ئیتر لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئێران تەواوی جەنگاوەرەکانی، ئەوانەی شانبەشانی کوردی ئێراق لە جەنگدابوون پاشەکشە پێکرد. هەروەها ئەمەریکایش سەرچاوەی یارمەتییەکانی بۆ کوردی ئێراق وشککردو بارزانی لەژێر رەحمەتی سوپاو سانی سازو راهێنراوی ئێراقدا بێکەسو دەرکرد. کەرەتێکی تر، کوردەکان بۆ پێویستییەکانی گرەوگەلێکی سیاسیی گەورەتر خۆیان لە ژێر پێی ئەوانی دیکەدا دییەوە. لەبەرامبەردا بارزانی ناچارکرا دان بنێت بە هەرەسی شۆڕشداو دوو ئەگەریشی لەبەردەمدا دانرا: داوای پەنابەری بکات لە ئێران، لە ئەگەری رازیبوونیدا دەتوانێت هەزاران کوردی هەلّهاتوو لە سزای میریی قوتاربکاتو لەگەلّ خۆیدا دالّدە

---

[34] *Middle East Quarterly,* June 1994, Vol. I, No. 2; and Ghareeb, *The Kurdish Question,* 160–176.

[35] For details of U.S. assistance, and also aid by Israel, see Ghareeb, *The Kurdish Question,* 138–146.

بدات یاخۆ پەنابەریی یەکێتی سۆڤییەت پەسەند بکات، هەروەك چۆن لە ساڵانی پەنجاکاندا دوورخرابوویەوە بۆ ئەوێندەر . دیارە نەزمی ئەو ئۆپشنانە بۆ بارزانی شتێکی نوێ نەبوون، وەلێ ئێستەکانێ ئەو مەردێکی پیرو بەتەمەن بوو، بارزانی نێزیکەی هەموو ٧٢ ساڵەکەی تەمەنی لە بەرخودان لەتەك ئەم ولاتو ئەو ولاتی دیکەدا گوزەراندبوو.

بارزانی تائەوکاتیش ئەوەی نەدەزانی کە دوچاری نەخۆشی شێر پەنجە بووەو تەنها چوارساڵی تر بوونی لە ژیاندا مابوو. هاوکات رووبەرووی بەرهەڵستکارییەکی جدیش بوویەوە لەنێو بزووتنەوەی کوردیی ئێراق دا کە لەلایەن جەلال تالەبانییەوە ئاراستە دەکرا. ئەو رکابەرێکی ئێجگار جەوان بوو، سەردەمێکی زۆر بەرەنگاریکردبوو لەبەرامبەر هەیمەنەو هێزی بارزانییدا.

ئیتر لەژێر هەموو ئەو فشارانەدا، بارزانی وازیهێناو لێگەرا بۆ کورەکانی ئیدریس‌و مەسعود تا پاشماوەی پارتەکەی بخەنە ئەستۆی خۆیان. ئیتر بەدەر لە چەند مانگێکی کەم لە ئێران، بارزانی پاشماوەی تەمەنی لە تاراوگەداو لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا گوزەراندو هەر لەوێیش لە ١٩٧٩دا کۆچی دوایی کرد.

زەبوونی‌و گلانی بارزانی لە گۆرەپانەکەدا وەك شۆکێك وەهابوو بۆ زۆرێك لە نێو تەڤگەری گەشەکردووی سیاسیی کورد لە تورکیا، هەر ئەو رووداوەیش زۆرێك لە گروپەکانی ناچارکرد بچنەوە بە پلان‌و پاشخانی ئایدیۆلۆژییانداو چاو بە دۆست‌و دیاری دەوروبەریاندا بگێرنەوە. هێندێك تریش برپاریاندا پێویستە زۆر وردتر بن لەئەگەری ئەنجامدانی هەر هەڵوێستێك‌و برپارێکی نوێدا.

هەرچەندە هیچ کەس دەستگرۆی بارزانی نەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا بارزانی ببوە رەمزێکی گرنگ‌و خاڵی پێکەوە بەستنی تەواوی کوردە جوداخوازەکان.

دیار نەمانیشی لە گۆرەپانەکەدا رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوانی تر تا بتوانن درێژە بە رێ‌و رێبازەکەی بدەن . لە روانینی ئۆجەلاندا شکستی بارزانی ئەوەی

دووپاتدەکردەوە کە هەموو ئەوانە ڕێبازی هەڵەن لە بزاڤی نەتەوەیی کوردییدا. دیسانەوە راستو دروستیو متمانەی بە ڕێبازو ڕێکخراوەکەی خۆی کردەوە.

ئۆجەلان وەك پیاوێکی گەنجی دڵگەرم ئەوەی خستە روو، هەڵەی کوشندەی بارزانیی وەك مەردێکی بەساڵاچوو لەوەدابوو کە ئەو هەمیشە وەك بەشێكو وەك پارێزەری مانەوەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی کوردیی وەهابوو، هاوکات پاڵیدابووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئێرانی نۆکەریی ئەمەریکاوە بۆ چنگخستنی هاوکارییو پشتیوانیکردنی تەڤگەرەکەی. لەوەیش خراوتر، بارزانی لەبری ئەوەی خوازیاری سەربەخۆیی بێت، بانگەشەی خودموختاری کردبوو بۆ کوردستان.

ئۆجەلان هەرەسی شۆڕشی بارزانی وەك بەڵگەیەك لە بانگەشەکانیدا بەکارهێنا، ئەو دەیوت بۆ ئەوەی بتوانی سەرکەوتوویبیت، دەبێت سەربەخۆبیتو خۆت لە هەموو زلهێزێك داماڵیت، ئیتر ئەگەر ئەمەریکا یاخۆ یەکێتی سۆڤییەت بێت.

هاوکات هەرەسی شۆڕش ئامازەیەك بوو بۆ هەمووان کە پێویستبوو لە دژی رێبەرە هۆزییەکانو خاوەن زمینەگەورەکان بووەستن، ئەوانەی کە بەشێکی بەرینی کۆمەڵگەی کوردییان مۆنۆپۆڵکردبوو بۆ خۆیان. لە روانگەی ئۆجەلاندا، بارزانی نوێنەری ئایدیۆلۆژیایەکی سەرەتایی بوو، کە بۆ دەیان ساڵ لەتەمەی لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی دابوو[٣٦].

بەمجۆرە ئۆجەلان هێرشەکانی بۆسەر بارزانی رانەگرت. وتار لە دووای وتارو لە هەر دوانگەیەك بیتوانیایە بانگەشەکانی بخاتەروو ئەوەی نەدەشاردەوە کە سەرهەڵدانەکانی رابردووی کورد لە تورکیا بۆیە شکستیان خواردووە لەبەرئەوەی نە بەئەندازەی پێویست سۆشیالیستی بوون، نەش خەباتکارێکی رزگاریخوازیی نەتەوەیی سەر راستبوون.

---

[36] Information on Ocalan's speeches come from the speeches themselves, in Ocalan, *Ilk Konusmalar,* Cilt II; also interviews with former PKK militants active in that period.

هاوکات ئۆجەلان گلەو گازاندەی لە سەروەتمەندانی کۆمەڵگەی کوردیو خاوەن زەمینە گەورەکانیو چینە پشەییەکان گرت لەبەرامبەر ئەوەی دەستیان خستووەتە نێودەستی دەوڵەتی سەرکوتکەری تورك، ئەوەیش تەنها لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانو پایماڵی مافی هەموو ئەوانی تر بوو.

لەراستیدا خاوەن زەوییە گەورەکان رێك وەك خودی دەوڵەت تاوانبارن لە زەوتکردنی مافی سەربەخۆیی گەلی کورد دا.

ئۆجەلان زۆرترین رەخنەکانی کۆدەکردەوە بۆ ئەوانەی وەك رکابەری خۆی دەیبینین. گروپە تورکی وکوردییە نوێیەکانی تری وەك کاوە، رێگەی ئازادی، دەدەقەدەو کوك وەك هامدەستەکانو ریفۆرمخوازەکان لە روانگەی ئۆجەلاندا دەستنرابوو بە روویانەوە. ئۆجەلان هەموو ئەوانەی دەدایە دوواوەو پێی وابوو ئەوان لە بەرەیەکی درۆیینەو نادروستدا خواستەکانیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی نومایاندەکەن.

هەروەها بانگەشەکانیشیان بۆ خەباتی چەکداریی تەنها لە چوارچێوەی وەهمو فەنتازیا تێناپەڕێتو بیروباوەری چەپگەریشیان وەك نەزمێکی تری بیرکردنەوەی فیوداڵیو بۆرجوازیی لە دیدگای ئۆجەلاندا دەدرایە دوواوە. ئۆجەلان ئەوەی نەدەشاردەوە کە ئەو گروپانە وەك پەڵەیەکی رەش لە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردیدا دیارن، سەرکردەکانیشیان، لە راستیدا سەرکردەی کرێگرتەو نەگریسن. هەموو ئەوانە لە سۆنگەی ئۆجەلاندا لەبەرامبەر هێزو هەوڵە سەرمایەدارییەکانی چینو سۆڤییەتو ئەمەریکاو تورکیادا دەستەکانیان لەسەرشانو ملیان کەچ بوو.

لە راستیدا گێچەڵو گوڵمەزی ئۆجەلان بۆ سەر رکابەرەکانی هەمیشە نە لۆژیکی بوو نەش راستگۆیانە بوو. بەگشتی نەتەوەییەکانی کورد نائومێدییان لە بەرامبەر شکستەکانی رابردووداو تواندنەوەی بەتۆپزی لە هەمبەر نەژادو نەتەوەیان، ئەو خەڵکانەی هاندا تا لەبەرامبەر ئەو پرسە ئایدیۆلۆژییەدا راوەستن، کە بۆچی تاوەکو

ئێستا هیچ گروپێکی جوداخوازی کوردیی سەرکەوتوو نەبووە. دورەپەرێزی تەمامی ئۆجەلان لە کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردیی، بۆ نموونە دوورە پەرێزی ئۆجەلان لە بەرزانی لە ئێراقو کەمال بورقای لە تورکیا وەلآمی ئەو پرسیارەبوو، کە بۆچی هەمیشە کوردەکان لە زیانو زەبری کوشندەدا دەژین.

هۆکارەکە ئەوەبوو کە ئەو رێبەرانە شۆڕشگێڕی کوردی سەر ڕاست نەبوون. دیارە ئەمەیش تەنها روونکردنەوەیەکی ساناو سەرنجڕاکێشەو بەس. لەوەختێکدا رکابەرەکان ئۆجەلانیان تۆمەتباردەکرد بە برەودان بەڕقو کینە، کەچی هەندێك کورد ئەویان لە سەر بەزمو بالۆرە تایبەتییەکەی خۆی کە بانگەشەی سەربەخۆیی دەکرد رادەوەستاند، بەجۆرێك ئۆجەلان ئەو بڕوایەی لای ئەوان چاند کە دەکرێت رێبەرایەتی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ خوازی کورد بگرێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی.

## پەیڕەوان

سەرەڕای کۆتو بەندە یاساییەکان لەمەڕ چالاکی سیاسیی چەپڕەوەکان بەدرێژایی حەفتاکان، هاوکات تەقەلاکانی میریی بۆ بندەستکردنو سەرکوتی زێدەتری شوناسی نەژادیی کورد، توندڕەوەکان بە هەموو مەزهەبو باڵەکانیانەوە گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە ئەوان دەکرێت لەگەڵ کەمێك دەستوەرداندا رێکبخرێن. کاربەدەستان لە سەرەتاوە چاوپۆشیانکرد لە هەمبەر پێشکەوتنی چالاکیی‌و بیرکردنەوەکاندا کە بەگوێرەی ئەوەی خەڵك لەبارەیەوە دەدووا، ئەوکات میریی کەمێك نیگەرانی لەبارەی ئەو مشتومڕانە نومایاندەکرد. دیارە کە ئەوەیش بەشێکی لە لوتبەرزیی دەوڵەتەوە بوو. کاربەدەستانی ئاسایشی دەوڵەت باوەڕیان وابوو کە کۆدەتای سەربازی ١٩٧١ هامڕا لەگەڵ زیاتر کۆتوبەندی یاسایی‌و یاسا نوێیەکان هەموو پاشماوەکانی توندڕەویی خۆپیشاندانو بزووتنەوەکانی ١٩٦٨ی تورکیای

سڕیبوویەوە. وەلێ بەزوویی ژینگەو ژوانی سیاسیی فرە گەرمو گوڕتر لە کۆتایی نیمەی دووەمی حەفتاکانەوە دەستیپێکردەوە.

گرفتەکە لەوەدا بوو کە زۆربەی جار بەرپرسەکان لەرێگەی توندوتیژیو هەیەجانی سیاسیی ناتوندوتیژەوە زاڵکرابوون شۆڕشگێرانی کوردستان لەوانە هەوادارانی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٧٥ بەنەزمێکی توندوتۆڵ خۆیان لەچوارچێوەی رێکخراوێکی دیاریکراودا مۆڵدا، بەمجۆرە ئەندامانی گروپی ئەنکەرە یان بازنە نێوخۆییەکەی ئۆجەلان لە نێوچەو هەرێمەکاندا دامەزرابوونو دەستنیشانکرابوون. لەوێ هەریەك لەو ئەندامانە بەرپرسبوون لە هاندانو بەرەوپێشەوەچوونی هێڵی کاری گروپە نهێنییەکە. نەزمەکانی ئەندامگیریی نوێ لە ئەنکەرە بوایە یاخۆ لە باشوری رۆژهەلاتی ولات بەوردی سەرنجیان چڕدەکردەوە لەسەر تاك بەتاکی خەڵکی بۆ ئەوەی بتوانن ئەجێندای گروپەکە بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن.

ئەندامەکان لەدانیشتنەکانیاندا لەتەك هەموو ئەوانی تردا شەو و رۆژ بیریان دەکردەوە، پێویستە راستەوخۆ مشتومڕ لەبارەی راستو دروستی گروپە نوێیەکەوە بکەن.

یەکێك لە ئەندامە پێشینەکانی گروپەکە ئەوە بیردەهێنێتەوە کە بۆ ماوەی یەك ساڵ بەنێزیکی تەواوی رۆژەکان لە سەردانی هاورێیەکیدا بووە تا بەڵێنی لێوەرگرتووە بۆ ئەوەی پشتیوانی لە گروپەکەی بکات. مەهمەد کان یوجی دەیوت:" کاتێك دەمانووت مژوڵی کارین، واتە کارماندەکرد بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی کەسێك". ئەو بیست ساڵ تەمەنی لە کونجی زینداندا تێپەڕاند، تەنها لەبەر ئەوەی پەشیمانی خۆی پیشان نەدا لەو رۆڵەی کە لە نێو پەکەکەدا بینیبووی. هەروەها وتبووی:" ئەم رەوشە دووچاری رەشبینیو بێزاریمان ناکات، گرنگیش نییە ماوەی زیندان چەند دەخایەنێت، گرنگ ئەوەیە روانگەو رێبازی خۆمانمان گەیاندە ئەوانو

رازیمانکردن، ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگو گەورە بوو". زۆرجاران ئەم راستییە بۆ رازیکردنی کەسانێك بوو، لەهەوەڵجاردا پێیان بسەلمێنرێت کە ئەوان کوردن. دووەم جاریش ئەو کوردانە خاوەنی مافی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیانن، دواتریش گەیاندنی ئەو راستییە بوو کە تەنها کوردە شۆڕشگێڕەکان دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو مافەو خەونەکانی کورد بهێننە دی. دواجاریش ئەم نیازو نەزمانەی شۆڕشگێڕیو فراوانخوازیی بۆ برەوی ئایدیۆلۆژیایەکی لەمجۆرە تەنها بە چێکردنی ئەنجومەنی نەتەوەخوازانی کورد مسۆگەر دەبێت.

راستییەکە ئەوەیە کە ئاپۆچییەکان بەڵێنیان دا باسکیان هەڵماڵن بۆ خەباتی چەکداریی، لەبەرامبەریشدا گروپو دەستەکانی تر تازە بەتازە لە مشتومڕو بگرەو بەردەی ئەوەدا بوون کە کەیو چۆنو خەباتی چەکداریی بۆچی؟، دیارە ئەوەیش پەیامێکی روونو رەوان دەبەخشێتو سەلماندنێکی ئێجگار کاریگەرە بۆ گروپەکە.

سەلیم جوروك کایا دەیووت" رامانگەیاند، ئەوە گرنگ نییە تەنها بلێیت ویستمان خەباتی چەکداریی بکەینو پاشان بچینەوە نێوچەکانمانوماڵەکانمان بۆ مشتومڕکردن لە بارەی ئەوەوە". سەلیم سەرانسەری باشوری رۆژهەلاتی تورکیای تەیکرد بۆ بارگاویکردنی خەڵكو کۆکردنەوەی هێزی مرۆیی بۆ گروپەکە، هاوکات لە ساڵی ١٩٧٥ دا وەك خوێندکارێکی ٢١ ساڵ لە خوێندنگەی مامۆستایانی تونجەلی مابوویەوە. لەشوێنێکی تردا دەیووت:" ویستمان لەوە تێبگەین چۆن دەتوانین چەكو چۆڵ چنگ بخەین، هاوکات لەوبارەیەوە مشتومڕمانکردو پاشان چووینە دەرێو ئەوانەمان بەدەستهێنا. کەواتە گرنگی بابەتەکەی ئێمە لەوەدابوو کە چیمان وتو ویستمان بەتەواوی ئەنجامماندا".

لەکاتێکدا کە ئۆجەلانو هاورێکانی وەك خوێندکار نێونووسکرابوون، بەگوێرەی سەرچاوەکان لەلایەن میرییەوە کۆمەکی داراییان کراوە تا لە چالاکییە نهێنییەکاندا کەڵك وەربگرن. ئەوان مژوڵی ئەوەبوون تا لە پێشەوەی خوێندکارە زانکۆییەکانی

دیکەدا شوێنبگرن. ئەو ڕەوشە بەجۆرێك بوو کە زۆرێك لە خەڵکی ئەنکەرە گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە گروپەکەی ئۆجەلان بێئاگانو ڕیشەی کوردایەتی خۆیان فەرامۆشکردووە.

سەلاحەدین جیلیك ئەوە بەیاد دێنێتەوە کە:" لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ یاخۆ دەستپێکی ساڵی ١٩٧٦ دا هەندێك لە هاوڕێیان منیان بە ئۆجەلان ناساند". هەروەها دەیووت:" ئێمە هەموومان لە بارەی ئۆجەلانەوە شتێکمان بیستبوو، دەمانزانی ئۆجەلان خوێندکارێکی وردو وریا بوو، هاوکات کاتێك دەدوا کەشێکی سایکۆلۆژی دروستدەکرد. بۆ نموونە تۆ چایەك بۆ ئەو بانگبکەیت، ئەو هەرگیز چایەك بۆ تۆ بانگ ناکات".

بەپێی ئۆجەلان، جیلیك پاوێکی لاوازو کورتە بنە بوو، ئەو ئێستەکانێ لە کۆتایی چلەکانی تەمەنیدایە، جیلیك هێلکەیەکی پاککراو بوو بۆ ئۆجەلان، تەنانەت بەڵێنی دابوو دەستبداتە جەنگێکی ڕاستەقینە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا. جیلیك هەردەم بۆ نەتەوەخوازانی کورد هاوسۆزو هاو دەرد بووە. باببشی دڵبەرێکی سەرسەختی مەلا موستەفای بارزانی بوو. سەرنجی چڕی مشتومڕەکانی ئۆجەلان کورتکرابووەوە لەسەر ئەو خوێندکارە ئەندازیارە.

دواجار بەبێ هیچ دوودڵییەك بڕیاریدا دەستبەئیشکردنبکاتو پێوەندیکرد بە گروپەکەی ئۆجەلانەوەو لەکۆبوونەوەو نارەزاییەکانی گروپەکەدا کە دژ بەسیاسەتەکانی میریی سازدەکران ئامادەیی هەبوو. لەم بارەیەوە جیلیك وتوویەتی:"ئەم نەزمی بەسیاسیکردنە هیچ بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دروستی لەپشتەوە نەبوو". ئەو ئێستەکانێ لە یەکەیەکی گچکەی ئاپارتمانێکدا لەبەردەم کۆمپوتەرێكو لادیوارێك کتێبدا لە کۆلۆنیا ستاریکرتووە. سەبارەت بەو ڕۆژانە دەڵێ:" ڕەنگە هاوەڵێکت هەبووایە ڕاپێچی گردبوونەوەیەکی بکردیتایە، یاخۆ بەیادی ئاواییەکەت

بایتایە کە سەربازەکان دەهاتن‌و ترس‌و تەم سەراپای دەتەنیت]، هەموو ئەوانە شتانێکن کە ئاماژەگەلێك لەسەرکەسەکان جێدەهێڵن".

هەروەها وەك زارۆیەك لەرۆژێکدا کە تەمەنێکی پێویستت هەبوو، تێگەیشتی کە شتانێك جیاواز دەرچوون، زمانێك کە تۆ پێی دەدوای جیاواز بوو، هەروەها هەموو ئەو جۆرانە لە شتەکانی دەوروبەر هەموو جیاواز بوون".

ئەو ئەندامانەی لە سەرەتاوە پێوەندییان دەکردو دەهاتنە ریزەکانی تەڤگەرەوە بریتیبوون لە قوتابیانی زانکۆو خوێندکارانی پەیمانگاکانی مامۆستایان یاخۆ ئەوانەبوون کە لە خوێندن دابڕابوون. هەموو ئەوانەیش بەشێوەیەکی گشتی لە خانەوادە نزمەکان‌و هەژارو کەمدەرامەتەکان بوون یاخۆ ئەو دێهاتیانە بوون کە لە دارای دنیا خاوەنی بستێك زەوی نەبوون.

هەموو ئەوانەیش پێکهاتبوون لە زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەی کوردیی‌و ئەو خانەوادانەی کە دەرزنێك زارۆیان خستبووەوە لەتەك دایکانێکی نەخۆنەوار کە فرە بەسەختی ژیانیان لە سەر پارچە زەوییەکی گچکە یاخۆ پەروەردەکردنی مەڕوماڵات دەچوو بەڕێوە . هاوکات زارۆ ناردنە بەر خوێندنیش بەدەر نەبوو لە چەندین گرفت، ئەوان سەپێنرابوو بەسەریاندا کە زارۆکانیان بنێرنە بەر ئەو خوێندنگە نێوخۆییانەی هەرێمەکان کە راستەوخۆمیریی سەرپەرستی دەکردن‌و دەبوو خوێندکاریش دوور لە خانەو خانەوادەکەی لە قوتابخانە نێوخۆییەکاندا بمێنێتەوە. هەندێك هەواداری گروپ وەك چروك کایا دوورنمای ئیشگەلێکی باشی هەبوو لەکاتێکدا ئەوانی تری وەك چیلیك دارای کارو کاسپییەکی پڕ دەرامەت بوو. ئەوە لەکاتێکدایە کە دروستە بێژین پەکەکە سەرنجی خەڵکانێکی مەحروم لە ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردیی بۆ خۆی راکێشا. ئەوە لە هەوەڵەوە گوێی لێخەوێنرا ئەوە بوو کە کەسانێك هەبوون خۆیان پێگەیاندبوو لە دەرەوەی گیرۆدەبوون بە ژیانی هەژارانەو نەخوێندەواریی دەوروبەرەکەیان. ئەوانە پیاوانێکی گەنج‌و ژنگەلێکی کەمی کەم تەمەنبوون، هەموو ئەوانە لە توانایاندا بوو خۆیان لەو ژیانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی‌و

فەرهەنگییە کوللە مەرگییەی دەوروبەرەکەیان قوتار بکەن کە دایکو بابیان تا ئەوکات بۆ ئەوانیان وێنەکێشابوو. لەراستیدا هەموو ئەوانە فرە جاحێڵبوون بە جۆرێك کە تەمامیان لە بیستەکانی تەمەنیاندا بوون، ئەوان بە زمانە رەوانە تورکییەکەیانداو بە بەرزی ئاستی خۆنەوارییاندا وا گوماندەبرا کە لەنێو کەڵچەرو کۆمەڵگەی تورکیدا توابنەوە. لە دورترین ئەگەردا ئەگەر بوونی ئەوان ئەجێندای ئەنکەرە بوو بێت، وەلێ سەرەڕای فرەترین تەقەلای ئەنکەرە بۆ دەستوەردان لە نەزمە نەتەوایەتییەکانی کورد، لە هەمانکاتدا ئەوە سەلماندنێکی ساویلکانەبوو کە شوناسی کوردی بەکۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیستی کوردیو گروپێکی کوردیی بسرپێتەوە.

## ئەوەی لە رێگەکەدا دەگوزەرێ

لە ئێوارەی سەری ساڵی نوێی ١٩٧٧ دا، نێزیکەی ٢٠ کەس لە نێو تەڤگەرەکەی ئۆجەلاندا لە نێوەندی دیکمانی دەوروبەری ئەنکەرە پێکەوە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنییدا کە دوو شەوو رۆژی خایاند گردبوونەوە، لەگرنگترین کارەکانی ئەو گردبوونەوەیە بەرنامەرێژی بوو بۆ پرۆگرامی پارتێکی فەرمیی[٢٧]. ئەوان بۆ ئەو مەبەستە رۆژێکی پشوویان هەڵبژارد، چونکە پۆلیس کەمتر لەو رۆژانەدا دەپیەرژایە سەر گومانلێکراوەکان، گەرهاتو پرسو جۆیەکی پۆلیسیش رووبەروویان ببایەتەوە، ئەوا دەکرا بڵێن مژوڵی بۆنەکانی سەری ساڵی نوێن. لەسەر ئەم بنەمایە لەماوەی دووساڵدا توانیان ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ ئەندام پێکەوە کۆبکەنەوە، هاوکات پلانیان دانا تا ئۆجەلان چەند میتینگێکی نهێنی بۆ هەوادارە سەرەتاییەکان لە باشوری رۆژهەلاتی کورد نشیندا ئەنجامبدات.

---

[37] This section incorporates information from Celik, who attended the meeting, also the description in Yuce, *Dogu'da*, Cilt I, 371–377, and interviews with early PKK members and rival figures.

بەم جۆرە کۆبوونەوەی دیکمان تەدارەکی ئەوەی کرد کاربکرێت بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی لەبارو پێشکەوتوو، ئەگەرچی ئەو رێکخراوە نایاسایش بێت. هاوکات کارکرا بۆ ئەوەی رێکخراوەکە خاوەنی دیدگاو ئایدیۆلۆژیای فەرمی خۆی بێت. بەماوەیەکی کەم پاش ئەوە، ئۆج ئالان گەشتێکی ٦ هەفتەیی دەستپێکرد بۆ دێهاتە دوورە دەستەکانی نێوچە شاخاویەکانی کوردستان‌و شارو شارۆچکە پایمال‌و خاپورکراوەکانی کوردستان. بە بڕوای زۆربەی ئاپۆچییەکان، ئەوە بۆ هەوەڵ جار بوو ئەوان لەتەك پیاوێکدا کۆببنەوە کە وەك سەرکردەی خۆیان بۆی بڕوانن‌و وەتەو ئاکارەکانی نائومێدو رەشبینیان نەکات. " گوێگرتن بۆ وتەکانی ئەو هەستی دڵنیایی لە ناخمدا چاند" ئەمە وتەی یوجی یە کە لە ساڵانی دواییدا پیێ بە پیێ ژیانی ئۆجەلان‌و دامەزراندنی پەکەکەی بڵاوکردەوە.

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ:" ئۆجەلان توانای هەبوو پلان‌و باوەڕەکانی بەنەزمێك بڵاوبکاتەوە، کە گروپە ئایدیۆلۆژییەکەی بخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوەو رامیانبکات". ئۆجەلان وەك قسەکەرێکی رەوان مەبەستی بوو لێبڕاو بێت‌و شیکردنەوەکانی کۆلۆنیالیزم‌و نەگریسییەکانی ئیمپریالیزم‌و تیۆرەکانی لەوەی کە ئایدیۆلۆجیای مارکس‌و ستالین‌و ئەنگلز وەك رێبەری بیرکردنەوەکانی دەکرا پێکەوە گرێبدرێن. بەڵام ئۆجەلان هەموو ئەوانەی لە داهاتووی خەباتی کوردیدا کورت‌و پوخت نومایانکردبوو. ئەوە بۆ ئۆجەلان گرنگ نەبوو کە ئایا مشتومڕەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی گەیشتبوونە ئاستێکی پێویست لە گەشەی ئایدیۆلۆژیدا بۆ دەستپێکی خەباتی چەکداریی یاخۆ ئایا پرسوجۆی رەوشی ئابووری کۆمەڵگا لەبار بوو بۆ ململانێی کۆمۆنیستیی یان ئایا پێویستە کەڵك لە تیۆری جیهانی سیێ وەر بگیرێت یان نا؟. لەبری هەموو ئەوانە گرفتێك هەبوو. داگیرکاریکردن لە هەرێمیی کوردستاندا هەریەك لە ئیمپریالیزم‌و کاپیتالیزمی پێکەوە گرێدابوو، چارەسەریش بۆ ئەو گریێ کوێرەیە سۆشیالیزم‌و خەباتی چەکداریی بوو.

لەو دەمەدا نۆ یان زێدەتریش لەو ژمارەیە ڕێکخراوی کوردی مژوڵی کارو چالاکی بوون لە تورکیادا. ڕێژەی ئەو گروپانە بەدرێژایی دەهەیەك بە هۆی دابەشبوونی ئایدیۆلۆژییو پارچە پارچەبوونیانەوە بەردەوام زیاد دەبوون. هەموو ئەو ڕێکخراوانەیش، بەلایەنی کەمەوە لە تیۆرەکانیاندا پشتیوانییان لە دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ دەکرد. زۆرینەشیان پێیان وابوو کوردستان دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەر (ئێران، ئێراق، تورکیا، سوریا). لەو ڕێکخراوانەشدا هەبوو بڕوای وەها بوو بەشێکی کوردستانی دابەشکراو لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە کۆلۆنیکراوە. هەریەك لەو ڕێکخراوانەش نەزمێکی سۆشیالیزمیان لە کوردستاندا برەو پێدەدا، کەوەك هیوایەك بۆ دەوڵەتی کوردیی پشتیان پێبەستبوو. دیارە هەموو ئەوە لە نێوەرۆکی پێڕەو و پرۆگرامیاندا ئاماژەیان پێدابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازی ئێجگار توووند لەنێو گروپەکاندا سەریهەڵدابوو.

هەندێك لەو گروپانە پشتیوانییان لە مۆدێلی ماویزم دەکرد لە خەباتی سیاسییدا، لە کاتێکدا ئەوانی تر ستالینی یاخۆ سەربە ڕەوتە جیاوازەکانی تری چەپی ڕادیکاڵو توندڕەوبوونو ئایدیۆلۆژیای بنچینەییان لە هەستو سۆزی سیاسییاندا کاری لەسەر دانرابوو، بۆنموونە: هەندێکیان هەواداری سۆڤییەت بوون، هەندێکی تر هەواداری ماو بوون، یەکێکیش نەیاری هەردوو سۆڤییەتو ماوچییەکان بوو، بەڵکو بڕوای بە نەزمی شۆڕشی چینییەکان هەبوو، وەلێ پشتیوانی لە ئەلبانیا دەکرد لە خەباتی سیاسیی چەپرەویداو پێیان وابوو هەر دەستبەرداربوونێك لەو باوەڕەدا سەرلێشێوانی سیاسیی بەدووادا دێت.

جگە لە پارتەکەی کەمال بورکای، پارتی سۆشیالیستی کوردستان (پەسەکە) بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشتگیری خەباتی چەکداریی نەدەکرد. بەتێکرا لەو باوەڕەدا بوون کە خەباتی چەکداریی پێویستییەکە بۆ هەموو ئەوانەی خواستی ئازادییان هەیە لە باکوری کوردستاندا. هەرچەندە لە تیۆری پارتەکەی بۆرکایدا

دژایەتی نەزمی چەکداریی نەکرابوو، وەلێ ئەو باوەڕە چاندرابوو کە شەڕی چەکداریو ڕووبەڕووبوونەوە لە تورکیادا هێشتا زەمینەی بۆ نەڕەخساوە[٣٨].

لەم ژینگە ئالۆزو ئاستەمەدا، بۆ نەتەوەییە کوردەکان ئاسان نەبوو، کە کێ هەڵبژێرن بۆ ئەوەی وابەستەی بن‌و شوێنی بکەون. وەلێ ڕەوانبێژیو ئەدای ئۆجەلان ئاماژەی دابوو بە جۆرە نەزمێکی سیاسی لە خەباتی چەکداریدا کە لە نێو تەفگەرو گروپەکانی تردا پەی پێنەبرابوو.

ئۆج ئالان و ئاپۆچییەکان تیۆریزەیان کردبوو کە سەرکوتی توندی کورد لە پاش شکستی یاخی بوونەکانی بیستەکان‌و سییەکانی رابردوو، خەڵکی دووچاری ترس‌و دڵەڕاوکێیەکی ئێجگار زیاد کرد بوو، هەربۆیە ئاسان نەبوو بۆیان جارێکی تر پێوەندی بکەن بە هەر ڕاپەرینێکەوە. بەمجۆرە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕەوشە، هەرچییەك پێویستکرابوو و هەرچی لەتوانایاندا بوو پێیانکراو ئەنجامیاندا. ئیتر هەر زوو خەڵکی بۆیان ڕۆشنبووەوە کە گروپەکە چەندە پەرۆش‌و پڕتاون لە یاخی بوونی چەکداریداو پشتیوانی هەر جەنگێك دەکەن لەو پێناوەدا. "گەر خەڵکی نەریتی تایبەت بەخۆیان توند دەستپێوەبگرن‌و زمانەکەیان بخەنەگەڕ، ئەوا فەرهەنگ‌و کەلتووریان زیندوو دەمێنێتەوە، دیارە ئەمەیش بەرهەڵستکاریو ئازادیخوازییە، وەلێ مەزنترین ئازادیخوازیو بەرهەڵستکاریی، بەرهەڵستکاریی چەکدارییە". ئەوە یەکێك بوو لە وتەکانی ئۆجەلان کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە ئەلازیگ ڕایگەیاندو ئەم وتانە دواجار بوونە بنەمای هەوەڵ ناملیکەی بڵاوکراوەی ئایدیۆلۆژیی گروپەکە[٣٩].

یەك لەدووی یەك وتەکانی ئۆجەلان دەستپێکی هێزو پێزی سەرەتاکانی گروپەکە بوون. ئۆجەلان خۆی لە هەموو کێبەرکێکارەکانی تەنها بەوە جیانەدەکردەوە کە

---

[38] For a breakdown of the groups and their ideologies, see Imset, *the PKK,* 380–398.

[39] Ocalan, *Ilk Konusmalar,* Cilt II, 84.

سوربوو لەسەر ئەوەی راپەرینی چەکداریی راستەوخۆ دەستپێبکات، بەڵکو ئۆجەلان لە رێگەی برەودانو هاندانی توندوتیژییەوە کاریدەکرد بۆ بواردنی هەر تەڵەزگەو پەرژینێکی بەردەم گۆڕانکارییەکان. دیارە بایەخدانو سەرنج کۆکردنەوە لە سەر جەنگو جەڵەبە دارای لۆژیکێکی دڵنەوا بوو کە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات لە پشتییەوە بوو.

سیستەمی دێموکراتیی تورکیا نە کاری کردبوو بۆ ئەوەو نەیش دێموکراتییانە دارێژرابوو. بۆیە بۆ نەتەوەییە کوردەکان ئەستەم نەبوو گەر هەموو ئەو هەولانە بدەنە دوواوە کە خواستی کارکردنی یاساییان هەیە لە ولاتدا.

پشێوییە سیاسییەکان کە لە کۆتایی حەفتاکاندا تەواوی ولاتیان داپۆشیبوو، ئەمەیش هۆکارێك بوو تا گروپە کوردییەکانو رەوتە چەپەکان لەو بگرەو بەردەیەدا سەردەربێننو بین بە بەشێك لە رووداوەکان. هەرچەندە چالاکییەکانی وەك نوسینو بانگەشەکردن بۆ دەوڵەتی کوردیی لەتەمتومانی ئەو رۆژگارەدا هەر بە قەدەغەکراوی مابوویەوە. چالاکوانانی کورد کەمێك دەرفەتیان هەبوو. بۆ نموونە گەر بیانویستایە برەو بە بیروڕاکانیان بدەن، تەنانەتە ئەگەر لە گۆڤارێکیشدا بێت. ئەوا پێویستبوو یاسا شکێنی بکەن . پاش ماوەیەك، نەوجەوانو لاوانی کورد ئەو هەستەیان لەلادروست بوو کە لەخۆیان بپرسن، بۆچی ئەوان پێویستە توندی زیندان بکرێن لەپێناو دەرکردنی گۆڤارێك یاخۆ نوسینی بابەتێك. لەکاتێکدا ئەوە دیارە کە مەترسییەکانی تفەنگێك فرە کاریگەرترە ."یەکەکە فرە بەباشی لە فسیۆلۆجیای تاکی کورد حاڵی ببوو، ئەوان تێگەیشتبوون مەردوم چەند لاوازو کزۆڵن، هەربۆیە ئەوان پێویستە چەکداربکرێن" ئەوە وتەی حوسەین تۆپگیدەر بوو، حوسەین لەساڵی ١٩٧٨ لە پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیا جیابویەوەو پێوەندی کرد بە ئۆجەلانەوە. گروپەکانی تر بەردەوام بوون لە سەر ئەو نەهجەی کە لەپێشدا پێویستە بیربکەیتەوەو گفتوگۆبکەیتو پێشبکەویتو هەستو هۆشت لاگەلاڵە بێت

پاشان خۆت رێکبخەیت. وەلێ لەو قۆناغەی تورکیادا پێویستی دەکرد پێش هەموو شتێك چەکداربیت بۆ ئەوەی هەموو شتێك دەستەبەر بکەیت.

## کردار

لەگەڵ ئەوەی بانگو فیغانی ئۆجەلان بۆ جەنگ لەلای شۆڕشگێرانی کوردستان لە دەستپێکی کاردا تەنها بۆ شاڵاو بردنە سەر رەوتە چەپەکانیانو کێبەرکێکارەکانی کورد بایەخدار بوو ، نەك بۆ ئەوەی شاڵاو بەرنە سەر دامەزراوە میرییەکان٤٠. لەسەرانسەری هەرێمە کوردییەکاندا، ئاپۆچییەکان زیاد لە رادە تێروانینێکی ناهەموارو مەمەڵەیەکی رەقیان لەبەرامبەر گروپەکانی تر گرتبووە بەرو پێکدادانی چەکدارییان پێڕەو دەکرد.

هەموو ئەو جەنگانە لە ئاکامی بەیانی لێکتێنەگەیشتن‌و نارۆشن‌و گفتوگۆی لە کۆنترۆڵ دەرچووەوە یاخۆ هەوڵی چەند لایەنێك بۆ دەنگدان بە بەرەیەك زێدەتر هەڵدەگیرسان‌و برەویان پێدەدرا. بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هەڵگیرساندنی هەر جەنگێك ئەوە بەس بوو کە گروپێکی کێبەرکێکار چەلاك بووایە، لەهەمان ئەو شارۆچکە یان ئاواییەی کە لەوێ شۆڕشگێرەکانی کورد مەبەستیان بوو شوێن پێی خۆیان راگیربکەن.

وتارەکانی ئۆجەلان، هەندێك لەوانە کە پارێزراوبوون‌و بڵاوکرابوونەوە، ئەوەیان نومایاندەکرد کە زۆر بەچاوێکی سوك‌و سرکەوە تەماشای نەیارەکانی دەکرد. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەوانەیە ئەو فەرمانی نەکردایە بۆ هەموو هێرشەکان‌و سەرزەنشتی ئەو کارانەیشی نەدەکرد لەکاتێکدا کە روویاندە دا. لەهەمانکاتدا

---

[40] This section relies heavily on interviews with former PSK leader
Kemal Burkay, former Rizgari member Kamuran, former KUK militant Selahattin,
and former PKK militants active in the southeast then.

ڕێکخستنە پەرتو بڵاوەکانی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئاسانکارییانکردبوو بۆ ئاپۆچییەکان تا بە سانایی ئەندامەکانی ئەو ڕێکخستنانە دەستەمۆی خۆیان بکەن‌و بیروڕای بەرپاکردنی خۆیان وەك تەنها هێزی نێوچەکە بەنەزمێکی لۆژیکی پێشچاوبخەن.

ئاپۆچییەکان بەسودوەرگرتن لە دیدگای لینینییەکان نەیارەکانی خۆیان وەك ڕێگرییەك دەبینین بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی پارتەکەی خۆیان دەستەبەر بکەن، هەربۆیە بەردەوامیی نەیارییەتی هەمووانیان بە پێویستییەك دەزانی لە پێناو شۆڕشێکی سەرکەوتوو دا. هەر لەو ماوەیەدا گروپەکانی دیکە لە هەوڵ‌و تەقەلای ئەوەدابوون کە گەل ئامادەبکەن و هۆشدارییان پێبدەن لە پێناو شۆڕشدا ، هەموو ئەوانەیشیان لە ڕێگەی گرتنی کۆڕو میتینگەکانەوە رادەپەڕاند.

ئاپۆچییەکانیش هەوڵیاندابوو کایەکە روونبکەنەوە، بۆیە ئەوان توانیان شۆڕشەکە دەستپێبکەن. ئەم زەمینەیە هەموو ئەم ڕەوتانەی لەخۆگرتبوو: گروپە راستڕەوەکان کە برەویاندەدا بە ناسیۆنالیزمی تورکیی چەکدار. گروپە کوردییە چەپڕەوەکان کە دژ بوون لەگەڵ نەتەوەگەراکانی کورد. لە هەمانکاتدا گروپە کوردییەکانیش ڕێگەیان نەدەدا بوار لەبەردەم ئاپۆچییەکاندا بکەنەوە. لەم ڕەوشەدا تێکگیران بە چەك‌وچۆڵ یاخۆ بە شێوەی دەستەو یەخە دەبووە ئەگەرێکی چەمەڕوانکراو. هەموو ئەم بگرەو بەردانە بۆ ئەوە بوو تا بتوانن خۆیان لەو ڕەوشە دژوارەدا رابهێنن‌و هەموان مژوڵی ئەوە بوون بتوانن لە پێچی چاخانەیەکدا یاخۆ لە قوتابخانەیەکدا مقۆمقۆ لەسەر بیروباوەڕو بانگەشەکانیان بکەن‌و خۆیان لە زەبرو زیانی یاسا توندەکانی ڕژێم قوتار بکەن.

موحەمەد جان یوجی لەم بارەیەوە وتویەتی:"لەم قۆناغەدا لەنێو تەواوی تەڤگەرە چەپەکاندا بەتورك‌و کوردەوە، هەمیشە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنهاو تەنها دیدو تێڕوانینی خۆیان دروستەو ڕوانینی هەموو ئەوانی تر قەڵس‌و

قێزەونە" موحەمەد یوجی پاش ئەوەی لە پەکەکە دابڕاو جودا ببوەوە لەلایەن هامسەنگەرە پێشووەکانییەوە لە ساڵی ١٩٩٩ دا هەوڵی غافڵکوشتنی درا. " لەبەشێکیتری بۆچوونەکانیدا رووی دەمی دەکاتە پێرەوانی پەکەکەو دەڵێ:"جیهانبینیی ئێوە وابوو، هەر بۆچوونێك لەدەرەوەی تێگەیشتنتان بێت بۆچوونێکی خوارو خێچە، لە راستیدا ئەم نەزمە خاسترین یاریدەدەری بۆرجوازییەت بوو لەو قۆناغەدا، لەکاتێکدا ئێوە رقو کینە بەرچاوی تاریك کردبوون‌و رەوایەتی ئەوانی دیتان نەدەبینی‌و پێتان وانەبوو کەسانێکی تر هەن کە مافیان هەیە تاوەك ئێوە بژین ". دەرگیریی‌و جەنگ لەنێو گروپە چەکدارەکانی کورد هەوڵ‌و .هەرەکەتێکبوو لەهەمانکاتداو لەسەرانسەری هەرێمەکەدا بەرێوە دەچوو، لەم رەوشەدا ئۆجەلان‌و ئاپۆچییەکان دەبوو لەدووی کونج‌و کەلەبەرێکەوە بن تا لەنێو سنوورەکانی باکووری ئێراقدا جاپایەك بۆ خۆیان جێگیربکەن.

ئەوێ دەمێ پێوەندییەکان لەنێو چالاکوانە کوردییەکاندا بەتەمامی تێکچووبوون، بەتایبەتی لەدوای پیرۆزی‌و زاڵبوونی بەغداد بەسەر رێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق مەلا موستەفای بارزانی لە ئازاری ١٩٧٥ دا[41]. لەم کەینو بەینەدا جەلال تاڵەبانی نەیارە سەرسەخت‌و لەمێژینەکەی بارزانی توانی بۆشایی هێزو پێزی پارتی بقۆزێتەوەو رێکخراوێکی ئاراستەدارتر بە بنەما سۆشیالیستییەکان بە نێوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ( ی ن ك ) دا بمەزرێنێت.

دیارە جێنشینانی بارزانی لە ناو ئەواندا هەردوو نەوەکەی بارزانی، ئیدریس‌و مەسعود هاوکات سامی عەبدوڕەحمانی بەرپرسی باڵای پارتەکەی دڵخۆش نەبوون بە هەڕەشەیەکی لەم جۆرە بۆ سەر بنکەی هێزو جەماوەری پارتەکەیان. لە راستیدا پارتی جارێکی تر بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٧٦ دا خۆی رێکخستبوەوە.

---

[41] Description of KDP-PUK conflict taken from McDowall, *Modern History,* 343–345.

ئیتر لێرەوە پێکدادان لەنێوان ئەم دوو گروپەدا لە کوردستانی ئێراق بە سەختی هەڵگیرسا. لەم جەنگە نێوخۆییەدا تاقمەکەی تاڵەبانی سێ جار رووبەڕووی هێرش‌و هەڵمەتی مەرگبارو کوشندە بوونەوەو زەبری کوشندەیان بەرکەوت، ئەمە لەکاتێکدا پیاوانی تاڵەبانی هیچ فرسەتێکیان بۆ تۆڵەو تەمبێکردنی نەیارانیان بۆ هەڵنەکەوت. تاڵەبانی لە بەهاری ١٩٧٨دا پلانی دانا تا هەڵبکوتێتە سەر بارەگاو بنکەکانی پارتی، وەلێ هەرزوو نیازو نەخشەی کارەکانی کەوتە دەست سامی عەبدوڕەحمان. ئیتر هێزەکانی یەکێتی کەوتنە مەتەرێزی سەنگەرەکانی پارتییەوە، پارتی داوی دانابوو بۆ هێزەکانی یەکێتی، هێزەکانی یەکێتی لە ژێر پەردەی هێنان‌و بەدەستراگەیشتنی چەک‌و چۆڵی قاچاغ هێنراو ملیان بەرەو سنوورەکانی پارتی نابوو. لە ئاکامدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە جەنگاوەرانی یەکێتی پێوەبوون‌و لەنێوبران. هاوکات دوان لە بەرپرسە بالاْکانیشیان بەفەرمانی سامی عەبدوڕەحمان لە سێدارە دران. لە راستیدا ئەم پێکدادانانە یەك لە هۆکارەکانی نەفرەت‌و بێباوەڕی‌و کینەی نێوخۆیی بوو لە نێوان گروپە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا کە بە بە بەردەوامی تا کۆتایی نەوەدەکان شۆڕببوویەوە.

هاوکات ئاپۆچییەکان زۆر بێ پەروا گەشەیانکرد، بۆ نموونە ئەوان هێزە ئاسایشییەکانی میرییان لە هەموو روویەکەوە بەهۆی زێدە بوونی چالاکییە چەکدارییەکانیان دەستە پاچەکردبوو، هاوکات لە پارتە نەیارەکانیان زیاتر رێکخراوتربوون‌و لە رووی تیۆریی‌و پراکتیکەوە زیاتر بەرەو پێش چوون‌و زەبری کوشندەیان لە زۆربەیان وەشاند. نەیارانی ئۆجەلان دەیانووت:" دوژمنایەتی بێ گرێ‌و گۆڵ‌و یەکبینی ئۆجەلان ئەو تاڵیەی سەلماند کە ئۆجەلان زیاد لە راست‌و ناسیۆنالیستەکان مایەی هەڕەشەو گوڕەشەیە". ئاپۆچییەکان هێرش‌و هێزەکانیان بەگەرخست تا بۆ هەمووانی پیشانبدەن ئەوان سوورن لەسەر رزگارکردنی کوردستان‌و هیچ هێزو تێزێکیش ناتوانێت لە پێش هەنگاوەکانیاندا ببێتە کۆسپ‌و

لەمپەر. سەلیم چروککایا وتبووی:" ئێمە بڕوامان بە سۆشیالیزم هێنابوو، ئەوەیش شێوەیەکی ستالینی بوو لە سۆشیالیزمدا کە ئێمەی لەسەر گۆشدەکرا" . ئەو نەهجە بوو کە رەوایەتیان لێوە وەردەگرتو ئەندامانی پێشووی پەکەکە بەکاریاندەهێنا بۆ روونکردنەوەی ئەوەی بۆچی لە کۆتایی هەفتاکاندا لەبری ئەوەی جەنگ لەدژ تورك بەرپابکەن ئالأبوونە سەرکوتو سەربڕینی پارتو گروپە کوردییەکانی دی". هەروەها وتبووی:" ئێمە هەمان مۆدیلو مۆراڵی بیستەکانی پارتی کۆمۆنیستی روسیامان هەبوو . وەك ئەوان چۆن خۆیان لە هەموو پێڕو گروپو پارتەکان پاککردەوە، ئێمە ئەو رێگەیەمان بە دروستو دەگمەن دەزانی، هەربۆیە هەوڵماندا هەمان رابردووی ئەوان دووبارە بکەینەوە".

## خۆشەویستی

عەبدوڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٧٨ دا ژیانی هاوسەری پێکهێنا، هاوسەرەکەی کیژە زانکۆییەکی خوێندکاری تەمەن ٢٥ ساڵ بوو، بە نێوی کەسیرە یەڵدرم ناسرابوو. کەسیرە هەوەڵین ژنێك بوو کە پشتیوانی لە گروپە کوردییە ساواکە بکات. ئەو خاتونێکی قژ رەشی سەنگو سەلار بوو، لەگەڵ ئۆجەلان فرە جیاواز بوو ، ئاپۆ پەروەردەیەکی دێهاتیانەی هەبوو، وەلێ ئەم لە خێزانێکی پلە ناوەندی کوردییەوە پێگەیبوو[42]. بابی پێی راگەیەنرابوو تابێتە ئەندامی هەرێمی رەوتی پاتی گەلی کۆماریی. پارتی گەلی کۆماریی ئەو پارتە بوو کە ئەتاتورك دایمەزراندبوو.

خێزانەکەی لە شارۆچکەکەیەکی سەر سنوریی نێوچە کوردییەکان بەنێوی کەراکوکان ژیانیان دەگوزەراند. کەسیرە وەك نۆبەرەی خێزانەکەیان لەلایەن

[42] Factual details of Yildirim's life are drawn mainly from Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 327–371; and Ocalan's comments in *Dirilisin Oykusu.* Interviews with Celik, Yuce, and Arslan also were helpful, as were sections of Celik's *Agri,* especially 149–153.

بابیەوە پشتیوانی دەکرا تا خوێندنەکەی تەواو بکات. دواتر لە پەیمانگەی مامۆستایانی ئلازیگ خۆی بینییەوە، پاشان سەرکەوتوو بوو تا لە سکوڵی رۆژنامەگەری زانکۆی ئەنکەرە توانی کورسییەك داگیربکات. ئیتر لێرەوە چیرۆکی ژیانی لەگەڵ ئۆجەلان دەستپێدەکاتو بەیەکتر ئاشنا دەبن.

ئەم هاوسەرگیرییە لەکاتێکدا بوو کە ئاپۆچییەکان پێیان وابوو هاوسەرگیریی پرۆژەیەکی بۆرجوازییەتە بۆ لاوازو مژوڵکردنی گەلو دورخستنەوەیانە لە نەبەردو جەنگ. سەلاحەدین جلیك لەم بارەیەوە وتوویەتی:"لە هەوەڵەوە یاسایەك لە گۆڕێدا هەبوو بۆ دژایەتی هاوسەرگیریی، یا گەر ئەو پرسە نەخرابێتە چوارچێوەی یاسایەکیشەوە، دەتوانین بێژین ئایدیایەك یاخۆ شێوە بیرکردنەوەیەك هەبوو دژی ئەو پرۆسەیە". لەوێندەر خۆشەویستیو ئەویندارى شتێکبوو بۆ وردە بۆرجواکانو پێویستییەکی ئەوتۆ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە ئەندامە بەرابیەکانی پەکەکە هاوسەرگیرییان کردبوو. هەندێك وەك ئۆجەلان هاوسەرگیرییان لەتەك پێڕەوانی پەکەکە کردبوو، وەلێ ژیانی نائاساییو ناياساییان زۆر بەزەحمەت مانەوەی پێوەندییە کلاسیکییەکانی لەنێوانیاندا زیندوو راگرتبوو.

ئۆجەلان هەستو نەستێکی تێکەڵو پێکەڵ لەمەڕ هاوسەرگیرییەکەی نومایاندەکات. هەندێکیش پێیان وایە هاوسەرگیرییەکەی ئۆجەلان لەتەك خاتو کەسیرە بۆ ئەوە بوو تا رێگە لەپێش کەسیرەدا واز بکات چالاکییە سیاسییەکانی لە کوردستاندا ئەنجامبدات، چونکە بۆ ئافرەتێکی لاوی کچ مەحاڵ بوو گەشتکردنو هاموشۆی شارو شارۆچکەکانی کوردستان. ساڵانی دوواتر پاش ئەوەی یەڵدرم لە پەکەکە جودا بوەوە، ئۆجەلان لە بارەی ئەوەی بۆچی لەتەك خاتوو کەسیرەدا هاوسەرگیریی کردبوو پاساو گەلێکی تری خستە روو. بەشێوەیەکی سەرەکی ئۆجەلان دەڵێ ئەوم هێنا تا بتوانم بیپارێزمو دوریخەمەوە لە پەیوەندییەکانی خێزانەکەی لەتەك میریدا. هاوکات ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە بەراستی خاتو

کەسیرە خانمێك بووە سیحرو سەرنجی لە سەر ئۆجەلان داناوەو لەنێو پێڕەوانی پەکەکەدا بەتەواوی نێوبانگی وەك خانمێکی بەهۆش‌و جوان‌و کارامە ڕۆیشتبوو. ئۆجەلان لە پاش جودا بوونەوەیان ئەوە نومایان دەکات، کە هەرگیز ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێوەندییەکانیان شکست دەهێنن. هەروەها دەڵێت:" من ڕاکێشرابووم بەرەو هەست‌و ئەوینێکی بێسنوورو پاشان زەواج"[43]. هەندێك لە پێڕەوانی ئۆجەلان هیچ کەیفخۆش نەبوون بە پێوەندیی ئۆجەلان‌و خاتو کەسیرە. لەراستیدا جیا لەو باوەڕەی کە هاوسەرگیرییەکە بە گوێرەی خەباتی شۆڕشگێڕیی ئەوێ دەم خواستێکی نابەجێ‌و نادروست بوو ، هاوکات ئاپۆچییەکان لە مەڕ پاشخانی خاتوو کەسیرەیش دڵگرمێ‌و واسواسبوون. چوون دەوترا قەوم‌و قەبیلەی خاتوون لە کۆتایی بیستەکان‌و سییەکاندا و لەوەختی یاخی بوون‌و هەستانی خەڵکی کوردستاندا تێکڕا هام دەست‌و دڵ بوون لەتەك میریداو تەنانەت بابیشی لە کارو باری سیاسیی میریدا دەستی تێکەڵکردبوو.

لە سەرگوزشتەکەی خۆیدا بۆ دامەزراندنی پەکەکە، یۆجی ئاماژە دەکات کە شۆڕشگێڕەکانی تر ئەو هەستەیان لادروستببوو کە کەسیرە بێ لامو جیمی هەڵسوڕاوی دەوڵەتە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت:" زاڕۆی پۆلیس دەبێتە پۆلیس‌و زاڕۆی پارێزەریش پارێزەرە"[44]. رەنگە ئەم رەوشە لە بەرژەوەندی کەسیرەدا نەبووایە، چوون خانەوادەکەی زۆر باشتربوون لە زۆرێك کە لەنێو گروپەکەدا بوون، ئەو لە رووکەشێکی سادەی ژیانی هاوسەرگیرییدا خۆی نومایان دەکرد، هاو کات لە گلەو گازاندەکانی یوجی دا هاتووە کە ماڵ‌و حاڵی کەسیرە زۆرتر لە وردە بۆرجوایەکی ئەکرد تا لەوەی لە ژیانی گەریلایەکی شۆڕشگێڕبکات[45]. ئۆجەلان‌و خاتوو کەسیرە خاوەنی ئیرادەو ئومێدێکی بەهێزو نەستیلەو هۆشیاربوون، هاوکات

---

[43] Quoted in Yuce, *Dogu'da,* Cilt I, 356.
[44] Ibid., 356.
[45] Ibid., 361.

ئێجگار شۆرشگێڕو بە ویقار بوون. ئۆجەلان دەیوت:" لەبری ئەوەی فێرببێت ئارام بێتو لەسەرخۆبێت، فێربوو هۆشیارو بەئاگابێت، لەبارەی کەسیرەشەوە دەیوت:" من ئەوم لەماڵ نەکردە دەرێ، بەڵکو زۆرجار من لە ماڵێ هەڵدەهاتم"[46].

هەندێك لە پێڕەوانی ئۆجەلان زۆر قەڵسو نیگەران بوون لە مامەڵەی کەسیرە لەگەڵ ڕێبەرەکەیاندا، ئەوان هەڵسوکەوتی خاتوو کەسیرە لەبەرامبەر ئۆجەلاندا جۆرێك لە بێڕێزیان لێدەخوێندەوە. هەر بۆیە ئەوان غایەلەی ئەوەیان بۆ دروستبوو کە خاتو کەسیرە غافڵکوژ بکەن، وەلێ هەر زوو لەم پلانە دوورکەوتنەوە چونکە پێیانوابوو ئۆجەلان ملنادات بۆ بڕیارێکی وەها شێوە. وەلێ هەمیشە ئۆجەلان ئەوەی وەك بەڵگەیەك لە تینو توانای دێموکراسیانەیدا دەهێنایەوە کە ئەو ناتوانێت بەرگری لە هیچ شتێك بکات تەنانەت لە ژنێك کە هاورێکانی خواستیان هەبوو لەنێوی بەرن. هاوسەرگیرییەکەی ئۆجەلان بەزوویی هەڵوەشایەوە. لەناوەراستی هەشتاکاندا هەردوو بەتەواوی لێکجودابوونەوەو بە گوێرەی زانیارییەکان ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٨٨ دا گیرۆدەی داوی ئافرەتێکی تر ببوو. تا ئەوکاتیش خاتوو کەسیرە لە ئەسینا وەك هەڵسوراوێکی پەکەکە خۆی نیشاندەدا، ئەو لەوێ هەوڵیدا هەستێت بە ئەنجامدانی کۆدەتایەك بەسەر شووەکەیدا، وەلێ نەیتوانیو لە پلانەکەیدا شکستی هێنا.

دووا بەدوای ئەوە ئیتر خاتوو کەسیرە دەنگو رەنگی نەماو گومە ساربوو، ئەو دەم دەنگۆی ئەوە بڵاو بوەوە کە ئۆجەلان توانویەتی هاوسەرەکەی لەبەرامبەر پێدانی برە پارەیەكو بەڵێنی لێگەرانی تا زیندوو بێت رازیکردووە بە بێدەنگی بمێنێتەوە. تاوەکو ئێستایش رێبەری پەکەکە خیانەتی هاوسەرەکەی لەیاد نەکردووە. هەربۆیە ژیانی کەسیرەو هاوسەرگیرییەکەیان لە زیهنی ئۆجەلانو پەکەکەدا وەك چەکێکی ستراتیژیی لە ئەزمونپارتایەتیدا سودی لێوەرگیرا، چەکێك

---

[46]Ibid., 363.

ئۆجەلان بەکاریهێنا تا پێداگریی لەوە بکات کە ئەو و پەکەکە ڕووبەڕووی مەترسییو پلانی ترسناک بوونەوەو پێویستە لە هەموو کات زێدەتر وردو وریابن لەبەرامبەر ناپاکو کرێگرتەکان. هاوکات ئۆجەلان ئەو ئەزموونەی بەکارهێنا بۆ پاڵپشتیکردن لە بۆچوونو ڕوانینەکانی لەمەڕ دنیای هاوسەرگیریی و پێوەندییە سێکسییەکان.

هەربۆیە دوواتر هەردوو پرۆسەی سێکسو هاوسەرگیریی لەنێو گەریلاکانی پەکەکەدا یاساغکرد. ئۆجەلان سوور بوو لە سەر ئەوەی کەئەزموونی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ کەسیرەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە هاوسەرگیریی تراديشنالی کوردیی مەترسییە بۆ سەر ڕەوشی شۆڕشگێڕیی، هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات کە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ خاتو کەسیرەدا زۆر هاوسەرگیریەکی تەقلیدیی نەبووە. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژن پێویستە ئازادو سەربەخۆبێت لە چالاکییەکانیداو دوور بێت لە پەلپو فشاری پیاو و پیاوسالاریی.

بۆ ئۆجەلان پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی هەمیشە بێ کۆسپو کورتی نەبوو، وەلێ ئەنجامەکەی لەلای ئەو جێگەی بایەخێکی ئێجگار مەزن بوو. ئۆجەلان لە وەڵامی پرسیارێکی یالچین کوچوك وتی:" گەر ژنێك هەوڵبدات بۆ ئەوەی بمخاتە ژێر فشارییەوەو پاشان ناچاربکرێم فێریم، ئیتر واتای ژن بوون چییە"، هەروەها وتی:" لەم سۆنگەیەوە کەسیرە یەکێك بوو لە گەورەترین مامۆستاکانم، وەلێ مامۆستایەکی توندو توڕە بوو"[٤٧].

## مەرگی ناگەهان

لە ئێوارەی ١٩ مانگی پێنجی ١٩٧٨ خەلیل کاڤکون لە ئاواییەکی چەپەکی نێوچەی حەلواندا درایە بەر دەستڕێژی گوللەو کوژرا[٤٨]. کاڤکون یەکێك بوو لە

---

[47] *Dirilisin Oykusu,* 91.

[48] This section utilizes the following sources for information on the Hilvan

ئەندامانی شۆڕشگێڕانی کوردستان‌و بکوژەکەیشی یەکێك بوو لە ئەندامانی هۆزی گەورەی سولەیمانیان . خوێندنەوە گەلێکی جودا هەیە، دەپرسن ئەوە چی بوو بووە هۆی ئەو هێرشە، راست‌و دروست ئالۆزییەکان لەنێو گروپە چەپە کوردییەکان لەسەر ئەوە بوو کە شوێن پێیەك بۆ خۆیان لەنێو شارۆچکەکەو هۆزەکەدا دیاربیکەن.

کە لە راستیدا بۆ چەند حەفتەیەك بوو شارۆچکەکەو دەوروبەری لەلایەن ئەو گروپ‌و گەجەرو گوجەرانەوە کۆنترۆڵکرابوو. لەبەر ئەوە سولەیمانان ئەو گروپانەیان وەك هەڕەشەیەك دەبینی بۆ سەر سیستەم‌و سیادەی بوونیان. لەهەمان کاتدا شۆڕشگێڕە کوردییەکانیش خاوەن زەوی‌و دەرەبەگە سەرکوتکەرەکانیان وەك خودی دەوڵەت بە نەیارو ناحەز بەتەوای ئەجێنداکانیان دەزانی.

بەدانپێنانی خودی پیاوانی ئۆجەلان، ئاپۆچییەکان لە سەرەتادا شکستیان هێنا لە پلانی تۆڵەی ئەو هێرشەی کە هۆزچییەکان کردیانە سەر تەڤگەری شۆڕشگێڕی کوردیی. لە راستیدا بەدەر لەو خێزانانەی کە بە پەنجەی دەستێ دەژمێردران، هیچ کەس نەبوو کە رازی بێت بە پلان‌و ئەجێندای شۆڕشگێڕیی ئۆجەلان. خەڵکە رەشۆك‌و بێ زەوی‌و زارەکەیش دودڵ‌و دڵگرمێ بوون لەمەڕ گرتنە بەری هەڵوێستێك دژ بە خاوەن زەوییە فیوداڵەکان کە کۆنترۆڵی شارەوانییان کردبوو، لەهەمان کاتدا وایان دادەنا کەشارەوانی هاوپەیمان‌و هامسۆزی وانە.

لەراستیدا کوشتنی کەسێك لەو ژینگەیەدا ئەگەری ئەوەی هەبوو دوژمنایەتی خوێن لە نێوان هۆزەکاندا بەرپا ببێت، لەبەر ئەوە کوشتنی ئەندامانی ئەو هۆزانە بۆ کەسانی شۆڕشگێڕ زێدەتر بۆن‌و بەرامەی دوشمنایەتی خزم‌و خوێش‌و خوێناوی لێدەکەوێتەوە. لاوێکی شۆڕشگێڕی گەنج ئەستەم بوو خۆی لەقەرەی کارەساتێکی لەو چەشنە بدات، چوون دەیزانی بنەماڵەکەی لەژێر باری وەها گۆڤەندێك

---

fighting: Yuce, *Dogu'da*, Cilt II, 75–113;

دەرنایەت. بەڵام بەنیسبەت ئۆجەلانەوە کوشتنی کاڤگون جۆرێك لەکاردانەوەی تایبەتی بەدووی خۆیدا هێنا. ئەو کارە دووەم دیاردەی کوشتن بوو لە نێو ئەندامە ئاست باڵاکانی شۆڕشگێڕاندا.

لەبەر ئەوە نێوبانگو پێگەی گروپەکە بەتەمامی رووبەڕووی مەترسیی لەنێوچوون ببویەوە. ئەو کات ئۆجەلان بەڵێنی دابوویە شوێنکەوتووانی تا دژ بەمیریی دەستبدەنە چەكو یاخی ببن. وەلێ تا ئەو وەختە کشتوبڕو جەنگ تەنها لەگەڵ گروپە کوردییە نەیارەکانیو چەپی تورك یاخۆ باڵە راستڕەوەکانی گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا بوو. لەبەر ئەوە وەڵامدانەوەو وەستان لەبەردەم خاوەنزەوییە زەنگینەکانی هێزی گەورەی سولەیمانیان، خواستی شۆڕشگێڕیو بەرهەڵستکاریی راستگۆیانەی ئاپۆچییەکانی نومایانکرد.

لەراستیدا هەموو ئەو هێزە زەبەلاحانەبوون کە خەڵکی هەژارو رەشۆکی دێهاتەکانیان دەچەوساندنەوەو لە هەمووش گرنگتر دەستیان لەگەڵ میریدا تێکەڵکردبوو بۆ ئەوەی نەبنە لەمپەر لەبەردەم گەشەی رەوتی شۆڕشگێڕیی کوردستاندا. هەربۆیە هێرشی سولەیمانانەکان بۆ سەرگروپەکە رێكو راست گروپەکەی بەرەو خەباتو خەمی چەكو چۆڵو کاری پارتیزانی برد.

ئەوە بوو لە دەستپێکی کاردا دووان لە کادێرە باڵاکانی گروپ نێردرانە هەرێمەکەوە تا لەوێ ئامادەسازی بۆ هەڵمەتو هێز بکەنەوە. ئەوەبوو لەماوەی دوومانگدا شۆڕشگێڕانی کوردستان توانیان دڵی هێزی سولەیمانان بلەرزێننو لەئاکامی هێرشێکدا موحەمەد بوجاکی رێبەرو سەرداری هێزەکەیان بەسزای مەرگ گەیاند.

ئیتر لە چەند مانگی داهاتووی پاش رووداوەکەداو لەئاکامی هەڵایسانی تەقو تۆقو نەیاریەتی توندی یەکتریدا نەتەوەییە کوردەکان توانیان پشتیوانی بەرفراوانی خەڵکی شارۆچکەکە بەدەست بهێنن. هاوکات یەکێك لە دیارترین هۆکارەکانی گروپ

بۆ دژایەتیو جەنگ لەدژ هۆزەکان دەست تێکەڵکردنیان بوو لەگەڵ باڵی راستی توندڕەویی پارتی نەتەوەیی تورکی (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش رابەرایەتی دەکرد. وەرگێڕ) کە یەکێك بوو لە هاوسۆزو هەوادارەکانی هۆزە ستەمکارەکان. رەوشەکە تەنها جەنگی گروپو هۆزەکانەوە نەوەستا، بەڵکو خەڵکی پاڵەو رەشو روتیش هاوسۆزیان بۆگروپ نیشاندا، هاوکات چەپەکانی کوردیش دەستپێشخەریو نیازی خۆیان بۆ هاتنە نێو جەنگی هۆزەکان نەشاردەوە. گروپە جوداخوازە کوردییەکانی دیکە وەك ئۆجەلان بەرهەڵستکاری زەنگینو زەویدارەکان بوون، وەلێ زێدەتر بەنەزمێکی تیۆری رووبەڕووی رەوشەکە ببونەوەو چالاکییەکانیان فرە سنووردارو سستبوو، ئەگەر نا بە شێوەیەکی بلاّو تەنها ئۆجەلانو شوێنکەوتووەکانی ئامادەییان هەبوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کرداری بێنە نێو جەنگەکەوە.

رەمەزان مالك دەڵێت:" پاش ساڵەهای ساڵ لە چەوساندنەوەو بندەستیی، ناگەهان گروپێك پەیدابوو لە رووی هەموو ئەو نەزمە توندو تیژییەدا وەستا، لە کۆتاییدا ئەمە وەك ئەوە وابوو، کە بەڵێ دەکرێت تۆڵە بکەینەوە". رەمەزان زاڕۆی ئاواییەك بوو کە فرە لە حەلوانەوە دوور نەبوو، ئەو ساڵی ۱۹۷۷ خوێندکاری زانکۆ بوو. ناوبراو نێزیك بە ئۆجەلانو گروپەکەی چاوی بەڕووی سیاسەتدا کرایەوە، ئەو پێی وابوو تەنها ئەم گروپە دەتوانێت شۆڕشی کوردستانو بەڵێنی رزگاری نەتەوەیی بەئاکام بگەیەنێت. رەمەزان دەیوت:" لە ئاواییەکەماندا کەسێك نەبوو ناسراوێك یاخۆ نێزیکێکی لەلایەن سەربازەکانەوە کوتەك کاری نەکرابێت، لە راستیدا پەکەکە هات لە ڕووی ئەو بێ نەزمییەدا وەستایەوە". هەروەها وتی:"هاوکات پەکەکە لە رووی دەرەبەگو خاوەن زەوییە گەورەکان وەستایەوە، لە راستیدا دەرەبەگەکان خاوەنی هەموو شتێکی خەڵکبوون، هەموو شتێکیان لە ژێر ڕکێفدا بوو، تەنانەت ئاڵتوونی گەردەنی خانمانیان دەپچڕاندو حەپەلوشیاندەکرد.

له پاش ساڵانێك بندەستكردنی بەردەوامی خەڵك، لەپڕێكداو بەلێشاو خەڵكی روویان لە سۆزداریو پشتیوانی بۆ پەكەكە دەربڕی".

له بەر ئەوە بەنیسبەت گروپە كوردییەكەوە جەنگی حەلوان دەستپێكی هەڵوێستو ئاڕاستەی هێرشو ئەجێندایەكی نوێی دیاریكرد. لێرەوە گروپەكە تەواوی سەردارو سەرۆك هۆزە گەورەكانی كردنە ئامانج، ئەو سەرۆك هۆزانەی دەستیانگرتبوو بە سەر ئابووری نێوچەكەو قوتی خەڵكداو دەستیان لە دەستی دەوڵەتو بینی خەڵكی هەژاردا بوو.

چەند مانگێكی كەم پاش ئەوەو لە ٣٠ مانگی حەوتی ١٩٧٩ دا گروپەكە دەستەیەك كادێری بوێر بۆ تێرۆركردنی پەرلەمانتارو سەرۆكی هۆزی گەورەی بوجاك دامەزراند. موحەمەد جەلال بوجاك ئەندامی پارتی عەدالەت بوو، كە لە حەفتاكاندا لەگەڵ پارتی كاری نەتەوەیی توندڕەو حكومەتێكی ئیئلافییان پێكهێنابوو. جەلال بوجاك شۆرەتی لە توندو تیژییو رەق مامەڵەیدا رۆشتبوو، بەتایبەت لە مامەڵەكردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەقەڵەمڕەوەكەیدا دەژیان. یەكێك لە خزمە نێزیكەكانی بوجاك دامەزرێنەری پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا بوو، كە پێوەندییەكی نێزیكی لەگەڵ تەڤگەری بارزانی هەبوو لە باشووری كوردستان.

لەراستیدا ئامادەیی ئۆجەلانو شوێنكەوتوانی بۆ شەڕو كەوكردنی پاكو ناپاك ئامانجو نیشانەیەكی رۆشن بوو كە نەهجێكی دیارو جێگەی بایەخی شوێنكەوتووەكانی بوو. دیارە پلانی ترۆركردنی موحەمەد جەلال بوجاك سەركەوتوو نەبوو، ئەو بە برینداری مایەوە، وەڵێ جەسارەتو پلان بۆ پشتیوانی تەڤگەری كوردیی كەمی نەكردو هەروا بەرنامەی شۆڕش بەرەو پێشەوە دەچوو. چیلیك دەیووت:"هێرشكردنە سەر بوجاك رێك وەك هەڵكوتانە سەر میریی وەهابوو، لە كاتێكدا دەوڵەت پشتیوانی لە سەرۆك هۆزو دەرەبەگە دەسەلاتدارەكان دەكرد".

چیلیك پاش تەواوكردنی زانكۆ وەك ئەندازیار بۆ ماوەی ساڵێك كاری كرد، پاشان

وازی له کارەکەی هێناو بەتەواوی خۆی یەکلایکردەوە بۆ کاروباریی شۆڕشگێڕیی.
لەپاش هێرشکردنە سەر بوجاك گەلێ جەنگو کوشتو کوشتار رویداو لەونێوەندەدا خەڵکانێکی زۆر تیاچوون. وەلێ چیلیك ئاشکرای کرد:" ئاپۆ بڕوای وابوو کە گەر جەنگێکی گەورە هەڵبگیرسێنن، ئەوا دەتوانن پشگیریی جەماوەریی بۆ پەکەکە بەرینتربکەن". بەگوێرەی سەرنجەکانی ئاپۆ، گەر لە جەنگەکاندا ١٠٠ هاولاتیش کوژرابن، ئەوا زارۆکانیان دەبنە گەریلا بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی بابو بنەچەیان.

## پارتەکە

هەوڵی غافڵکوژکردنی بوجاك زەمینەسازی بۆکرا بۆ راگەیاندنی سەرتاسەریی دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی بەنێوی پەکەکە کە بە کوردیی کورتکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو[49]. لە راستیدا پارتەکە لە گردبوونەوەیەکی نهێنیدا هەشت مانگ پێشترو لە ٢٨ی مانگی یازدەی ١٩٧٨ دا لە گوندی فیسی دەرەوەی دیاربەکردا دامەزرابوو. بەلام گروپەکە بڕیاریاندابوو راگەیاندنی دامەزراندنی پارتەکەیان دووا بخەن تاوەکو رەوشو رۆژێك بێتە پێشەوەو لەهەراو هوریاو چالاکییەکی گەورەدا خۆیان نومایان بکەن بۆ ئەوەی یاریدەی بلاوبوونەوەی نێو و ناوبانگیان بدات.

هەرچەندە گروپەکە شکستیانهێنا لە کوشتنی بوجاکدا. وەلێ هەوڵی کوشتنی بوجاك پەیامێکی خێراو دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو لەسەرانسەری هەرێمەکەدا و پلانو ئامانجەکانی کوشتنەکەو بلاوکراوەو ئەدەبیاتی گروپەکە لەتەواوی نێوچەکەدا بایەخو بەهای تایبەتی هەبوو. ئەو نامیلکانەی لەدەستپێکی دامەزراندنی پەکەکەدا بلاوکرانەوە بریتی بوون لە پوختەو کورتەی مێژووی کورد کە لەژێر ناوی

---

49 This section relies on Yuce, *Dogu'da,* Cilt II, 226–244; Birand, *Apo ve PKK,* 96–99; and interviews with former PKK members active during the period.

شۆڕشی نەتەوەیی بۆ لەنێوبردنی دەوڵەتی تورك وەشانكرابوون لە وانە: نا بۆ ئیمپریالیزمو كۆلۆنیالیزم، بەرەو سەربەخۆیی، یەكێتی، كوردستانێكی دیموكرات، بژی سەربەخۆییو ئومەمیەتی پرۆلیتاریی ، بژی پەكەكە (پارتی كرێكارانی كوردستان)[50]

جیاكەرەوەكانی نێوان پارتییەكەو گروپە كۆنەكە بە شێوەیەكی سەرەكی پێوەستبوو بە كاروچالاكییەكانەوە. لەپاش كۆنگرەی دامەزراندنی پارتەكە لە ئاوایی فیسی دەوروخولی دیاربەكرێ، ئیدی پارتییەكەو پێڕەوانی پارتەكە زێدەترو بەگوێرەی پسپۆڕییان دەستیان دایە چالاكیو گردبوونەوەی جودا جودا. لەپێشدا پێرەوانی ئۆجەلان چالاكییەكانیان تەنها دەستپێشخەریی و هەنگاوی خۆیان بوو، هەرچەندە بوونیان لەچوارچێوەی هەستی ناسیۆنالیستیو ئامانجە چەپخوازییەكاندابوو. وەلێ كۆنگرەی فیس، بووە هەولێك تا هەموو ئەو تینو تاوەی ئەندامان لە چوارچێوەیەكی رێكخراوەییدا دابڕێژێتەوەو سەرلەنوێ هەمووان لەدەوروخولی میتۆدێكی ئامانجدار گردبكاتەوە. هەر لە كۆبوونەوەكەدا سێ كەس وەك ئەنجومەنی نێوەندی پارتەكە هەڵبژێردران، لەوانە عەبدولاّ ئۆجەلان، جەمیل بایك، شاهین دۆنمز . دواتر كۆمیتەگەلێكی ئامادەكاریی نێوچەیی لە سەراسەری هەرێمە كوردییەكاندا دامەزران، هەر كۆمیتەیەك لەپێنج ئەندام پێكهاتبوونو وادانرابوون تا بڕیار لەچالاكییە لۆكاڵییەكان بدەن[51] هاوكات لەگەڵ هەوادارانی ئەم گۆڕانكارییانەدا، ئەوانەن لە راستیدا ببوونە ئەندامانی دیفاكتۆی رێكخراوە نوێیەكە. ئەو ئەندامانەی هەڵسوڕاوی پەكەكە بوون زۆرجار دەستبەرداری خوێندنو خزمو خوێشو بژێوی ژیانیان دەبوونو خۆیان یەكلاییدەكردەوە بۆ رێكخراوەكەیان. هەندێك لە پێرەوانی ئاپۆ رەوانەی زێدی خۆیان دەكرانەوە تا بە چالاكییەكانیان

---

[50] Parts of the PKK founding manifesto are reprinted in Yuce, *Dogu'da,* Cilt II, 293–298.
[51] Yuce, *Dogu'da,* Cilt II, 174, 190.

بتوانن دەستبگرن بەسەر سەندیکاو دامەزراوە فێرکارییەکان‌و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانداو لە بۆتەی ڕێکخراوە نەیارەکانی دیکەدا دەریانبهێنن. زۆرجار تەق‌و تۆق‌و بگرەو بەردەی چەکداری دەبووە بەشێك لە سیماکانی کارو چالاکی ئەو ڕێکخراوانە. هەربۆیە سەرەڕای هەوڵی ئاپۆچییەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی نێوچە کوردییەکان، کەچی هەروەك پێشوو چالاکییەکان بەئاقاری پاشاگەردانی‌و بێسەرەو بەرەیی دەچوون. ئەندامان بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەوەو بەبێ ڕەچاوکردنی زانیارییەکانی کۆمیتە نێوچەییەکان، بۆ خۆیان بڕیاریان دەداو سەر بەکڵاوی خۆیان بوون.

لەراستیدا هۆیەکی ئەم پشێوییە دەگەڕایەوە بۆ ڕژێمی تورکیا، چونکە هەمیشە برەوی دەدا بە تەنگژەکان، هەر بۆیە هەمیشە چالاکییەکان بەرنامەو راوێژێکی ڕێکخراوەییان پێوە نەدەبینرا. هەروەها بنکەی جەماوەریی پەکەکە لەو گەنجە دڵگەرم‌و تامەزرۆیانە پێکهاتبوو، کە وەك دەوترا هیچ سەبرو سەلوانێکیان نەبوو تا بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاری دەستپێکردنی خەباتی چەکداری‌و پارتی زانی بدرێت:" هەروەك سکرتێری گشتی ئەنجومەنەکە دەڵێت، تۆ دەکرا بڵێیت هیچ پلانێکی داڕێژراو نەبوو بۆ هەڵمەت، وەك ئەوەی کە بەردەوام لە گۆڕێدا بوو". ناوبراو حوسەین تۆپگیدەر، ئەو بەرپرسی کۆمیتەی ئەلازیگ بوو. گەنجانی وەك ئەو، بۆ نموونە:" بۆ خۆیان بڕیاریان دەدا کە دەستدرێژی بکەنە سەر خەڵکی نەیاریان لە پێناوی بەدەستهێنانی چەك‌و چۆڵ‌و پوڵ‌و پارەدا، هاوکات کاری هەیەجانییان ئەنجامدەداو هێرشیان دەکردە سەر بەکرێگیراو کاربەدەستانی میریی". لەهەمانکاتدا ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوەکە، ڕەوشەکەی وەك قۆناغێکی نوێ گریمانکردبوو، کە ڕێگایەکە بۆ رزگاریی نەتەوەیی کوردستان. ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا پەکەکە خۆی لەنێو بۆتەی نەیارەکانییدا دییەوەو لە هەموو ڕوویەکەوە تەنگی پێهەڵچنرا بوو. هەموو ئەو دەستکەوتانەی

ئەوان لەساڵێکی پێشوودا پێی گەیشتبوون‌و دەنگدانەوەی فرەی هەبوو، هێدی هێدی‌و بەکاوەخۆ دەپوکایەوەو لەدەستیاندەدرا. دیارە ئەوەیش بەهۆی دوژمندارێتی تایبەتییەوە بوو کە دەکرایە سەریان. هاوکات هەڵوێستی دوژمنکارانە بەرامبەر بە نەیارەکانیان، کارو چالاکی پێڕەوانی پەکەکەی سەخت‌و سامناك کردبوو، هەر بۆیە نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی ئازادانە باوەڕەکانی خۆیان نومایانبکەن. گروپە کوردییەکانی تر هەوڵیاندەدا ئەوان بخەنە پەرێزەوەو بلۆکیان بکەن لە بەشداریکردن لە گردبوونەوە گشتییەکانی نێوانیان. هەروەها دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە ئەندامانی پەکەکە بۆ نانەوەی پشێوی دەستیان داوەتە چەك. یەك لە ئەندامانی گروپەکانی پەکەکە گەیشتبووە ئەو راستییەی کە رژێم ئەندامانی پەکەکە لە ئاواییەکی دەرەوەی دۆگو بایەزید رادەهێنێت‌و سازیان دەکات بۆ نانەوەی تەنگژەو توندوتیژیی[52].

هۆزی گەورەی سولەیمانیان سەرلەنوێ دەستیان دایەوە هێرش بۆ سەر پەکەکەو لەونێوەندەدا شەش لە هاوڵاتیانی ئاواییەکانیان فڕاندو پاشان لەنێویانبردن[53]. سەرلەنوێ هێرشی سولەیمانان پێڕەوانی ئاپۆی هاندا بکەونە بیری تۆڵەو تەنگژەکانی زێدەتر کرد. هاوکات دەرگیرییەکان لەگەڵ هێزی رزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (کوك) فرە بەسەختی هەڵگیرساو بووەهۆی بەهەدەردانی تین‌و تاوی خەڵکی دڵگەرمی کورد بۆ ئازادیی کوردستان.

هاوکات لە بەهاری ١٩٧٩دا ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی پەکەکە شاهین دۆنمز لەلایەن میرییەوە قۆڵبەستکرا. شاهین لەنێو هاوەڵانیدا فرە خۆشەویست‌و خۆشمەشرەب نەبوو، وەلێ کارامەیی‌و وردو وریایی ئەوی گەیاندبوویە ئاستێکی باڵا

[52] Ibid., 219.
[53] Ibid., 375.

لەپارتەکەیدا. بەهۆی کاری ڕێکخراوەییەوە سەراسەری هەرێمە کوردییەکان دەگەڕا، دواجار لە ئەلازیگ لەلایەن پۆلیسەوە قۆڵبەستدەکرێتو ڕەوانەی زیندان دەکرێت.

ئۆجەلان لەکاتێکدا کە لە دیاربەکر بوو هەواڵی دەستگیرکردنەکەی پێگەیشت. بەم هەواڵە ڕاستەوخۆ دیاربەکری بەجێهێشت بۆ شوێنێکی نێزیك مێردین، وادیاربوو دۆنمز شوێنو حەشارگەی پەکەکە بەدروستی دەزانێت لە دیاربەکر دا. بۆ ئەم مەبەستە پۆلیس تەواوی حەشەرگەکانی پەکەکەی لەنێوچەکەدا کێومالکرد. ئەوەیش ڕوون بووەوە کە دۆنمز تارادەیەك لەپشت هەلمالینی ئەو نهێنیانەوە بوو. ئۆجەلان دەیوت:" ئەوەمان بۆ ئاشکرابوو، کە کۆتایی چالاکییەکانمان لەنێوچەکەدا لە گۆڕێدایە"٥٤. بەمجۆرە دەستگیرکردنی شاهین یارمەتی ئۆجەلانی دا تا ملبدات بۆ ئەو ڕاستیەی کە پێویستە تورکیا بەرەو پەناگەیەکی ئارام بەجێبهێڵێت. هاوکات دەنگۆی ڕوودانی کۆدەتای سەربازی لەتورکیا دا بەگەرمو گوڕی لە گۆڕێدا بوو. هێزەکانی ئاسایش ڕێوشوێنی توندوتۆڵیان لە گەلێ لەنێوچە کوردییەکاندا گرتبوویە بەر. هەرچەندە گلەو گازاندەی لە ڕادەبەریش لە سەربازەکانیان دەکرا، چونکە بەهۆی زاڵیو سەردارییەتی گروپە چەکدارەکانی کوردەوە لە نێوچەکەدا بۆیان نەدەلوا بەتەواوی ئەرکە سەربازییەکانیان ڕاپەڕێنن . بەگوێرەی زانیاری یەکێك لە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی هێزەکانی ئاسایش، کە تەنها مانگێك پێش قۆڵبەستکرانی شاهێن دۆنمەز بلاو ببویەوە نوسرابوو:" تەنها ئەفسەرێکی قارەمانمان بچێتە هەر ئاواییەکەوە کەمتر لە بیست کەسی دەرچوو لەیاسا قۆڵبەست دەکات"٥٥. بەمجۆرە پەستانو پایمالکردن لەوانە دەستگیرکردنی هاولاتیان لە هەلکشانێکی سەیردا بوو. هیچ شتێك دلنیا نەبوو، هەروەك چۆن ئۆجەلان پاش هەلهاتنی لە دیاربەکرد توانای ئەوەی نەبوو شوێنێکی بێوەی بۆخۆی بدۆزێتەوە. تەنانەت لەو شوێنانەیشدا کە

---

[54] Ibid., 244.
[55] Pope and Pope, *Turkey Unveiled,* 135.

پەکەکە تێیدا باڵادەستو بەهێزبوو، هەموو شوێنەکان بەشێوەیەکی کردارییی لەلایەن میرییەوە کۆنترۆڵکرابوون.

هەموو بەدوواچوونەکانی پۆلیس، کێبەرکێی گروپەنەیارەکانو ئاڵۆزی رەوشەکە مانگ لە دووای مانگ ببوونە فشاری جدیو لە شانو شکۆو شیرازەی کاری پەکەکەیان کەمدەکردەوە. ئۆجەلان دووچاری نیگەرانییەکی ئێجگار زۆر ببویەوە. من لە هەوڵی دۆزینەوەی پەناگەیەکم لە ئورفەدا. بڕیارە بۆ چەند رۆژێکی کەم لەوێندەر وەمێنین. تەنانەت هاوسەری هەندێك لە هەڤاڵانمان ئێمەیان وەك گرفتو چەڵەمەیەك دەزانیو مژوڵی ئەوە بوون لە پشت دەرگاکانەوە دەرمانبهێنن.

هەربۆیە ماڵ لەکۆڵ بووینو وەك کتی پاسوتاو وابووینو هەرجارەو پۆلیس لە قوژبنێکدا دەریدەپەڕاندینو هەمو کاتێکیش دۆزینەوەی مەنزڵێك ئێجگار سەختو سرك بوو"[56]. لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا، ئۆجەلان بە شێوەیەکی نهێنی توانی لەخاکی تورکیا قوتاربێتو پەنا بەرێتە بەر سوریا. بەتێبەڕبوونی ساڵێك هیچ لە ئەندامانی پەکەکە ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئۆجەلان لە تورکیادا دەرباز بووە. ئەمەیش خۆی لەخۆیدا هێما بوو بۆ توندو تۆڵیو قایمکاری لەنێو رێکخستنەکانی پەکەکەدا.

لەپاش ئەوە ئیتر سەدان ئەندامو چالاکوانی سیاسیی تورکو کورد رێگەی هەڵهاتنیان هەڵبژارد، ئەگەر نا یان دەستگیر دەکران یاخۆ لەنێودەبران. خەباتگێڕان بۆیان روونببویەوە کە پلانێك لە گۆڕێدا هەیە بۆ ئەنجامدانی کۆدەتا لەنێوخاکی تورکیادا. لە هاوینی ١٩٨٠ دا، تەنها چەند مانگێکی کەم پێش روودانی کۆدەتای سەربازیی ١٩٨٠، ئۆجەلان پەیامێکی ئاراستەی شۆڕشگێرانو پێڕەوانی کرد، بۆ ئەوەی هەرچی زووترە خاکی تورکیا بەجێبهێڵنو پێوەندی بە خۆیەوە بکەن لە سوریا.

---

[56] Yuce, *Dogu'da,* Cilt II, 245.

## توركیا لە داڕوخاندا

یەکێك لەو هۆیانەی یاریدەی پەکەکەیدا دەرکەوێتو لێنەوێت بۆ چالاکیو کردەی سەربازیی، بریتی بوو لەو رەوشە نوێیەی کە لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا تورکیای بەرەو ئالۆزیو لێکترازانو دەرچوون لە کۆنترۆڵی میری بردبوو[٥٧] هەربۆیە لەپاش گرتنە بەری ڕێوشوێنی دیموکراسی لەولآتدا ئیتر تورکیا بەکاوەخۆ بەرەو لاوازیو لێکترازانو مایە پوچبوون دەبوویەوە. لەماوەی نێوان ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ هاوپەیمانییەتی لەنێوان پارتەکاندا چوار حکومەتی لێکەوتەوە، هەر یەك لەوانە فرە بە سەختی دەیانتوانی کارەکانیان راپەڕێنن. هەریەك لەوانە بوونی کەمتر لەشەش مانگی دەخایاندو دوواتر بەتێکڕای دەنگ متمانەی لێدەسێنرایەوە. تەنانەت کاتێکیش هاوپەیمانییەتی دروستدەبوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئیتر ئایدیۆلۆژیای قوڵو کۆنەقینی نێوان پارتە بەشداربووەکان لەمپەری سەرەکی بوو لەپێش جێبەجێکردنی یاسا پێویستەکاندا. هاوکات ناجێگیریی رەوشی سیاسیی زێدەتر ولآتی بەرەو پشێویو خراپی برد، ئەمەیش بەهۆی ئەو پاشەکشە ئابوورییەوە بوو کەلەلایەن ولآتانی ئەوروپییەوە لەو دەمەدا سەریهەڵدابوو.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا دیاردەی هەڵاوسانی ئابووری ولآت گەیشتبووە ٪٩٠. هاوکات هاوردەکردنی دراوی بیانی بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نەوتو هەروەها کەمبوونەوەو بچڕانی رۆژانەی وزەی کارەبا. بازرگانەکان نەیاندەتوانی کەرەستەی خاوی پێویست بهێننە ناوەوەو دواجار بەرهەمهێنان رووی لە کزیو کەمی کرد. تەنانەت هاولآتیان نەیاندەتوانی گڵۆپی رووناکی، کلینیکسی تەوالێتو داو دەرمان بەدەستبهێنن، لەهەمانکاتدا بێکاریی لەولآتدا روو لەگەشەبوو. زانکۆکان تەنها ٪٢٠

[57] This section draws its information from Birand, *General's Coup*; Zurcher, *Turkey;* and Ahmad, *Modern Turkey*

ئەو خوێنكارانەیان وەردەگرت كە ساڵانە لە دووا ناوەندییەكانەوە دەردەچوون. هەموو ئەوانە كە لە زانكۆكان وەرنەدەگیران، بەبێ كاری دەمانەوەو ئیشیان چنگ نەدەكەوت، هەربۆیە دەبوونە نێچیرێكی باش بۆ گروپە راستو چەپە توندڕەوەكان.

توندوتیژی سیاسیی لە نیوەی دووەمی حەفتاكانەوە لە هەڵكشانێكی سەیردا بوو. لێرەوە چەكدارەكانی نێو گروپی گورگە بۆرەكان گەیشتبوونە لوتكەی هێزو بەخواستی خۆیان تەراتێنی سیاسەتی نێو گۆڕەپانەكەیان دەكرد. گورگە بۆرەكان پارتێكی راستی نەتەوەیی پەرگیربوون بە نێوی پارتی كاری نەتەوایەتی توركو لەگەڵ دوو لە كابینەكانی حكومەتدا هاوپەیمان بوون بۆ پێكهێنانی حكومەت. ئەم گروپە هەمیشە لە بگرەو بەردەو شەڕدابوون لەگەڵ گروپە توندڕەوە چەپەكان. لەلایەكی تریشەوە ئیسلامییەكان وەك رەوتێكی توندی راستڕەو دەركەوتن. چەپەكان زۆر لە گروپە راستڕەوەكان پەرت پەرتو جیا بوون. زیاد لە ٤٠ رەوتو گروپی چەپی توندڕەو لە توركیادا مكوڕبوون لە سەر جەنگو ململانێی چەكداریی، هەموو ئەوانە لەمەتەرێزدا بوون دژ بە گروپی گورگە بۆرەكانو لەنێو خودی خۆیاندا مژوڵی خوێنڕشتنو ناكۆكی ئایدیۆلۆژی بوون.

گروپە چەكدارەكان سەر شەقامو شوێنە گشتییەكانیان كردبووە مەیدانی رووبەڕوو بوونەوەی یەكتریی. زانكۆكان شوێنێك نەبوون جگە لە تەراتێنی بیرە جیاوازەكانو شوێنی نومایانی گروپە چەكدارەكان. تەواوی بەشەكانی زانكۆكان لەلایەن گروپە جوداكانەوە كۆنترۆڵكرابوون. خەڵكی بە چوونە دەرەوەیان لە ماڵەكانیان ترسو دڵەڕاوكێ دایدەگرتن.

لە ساڵی ١٩٧٦ دا ١٠٤ رووداوی كوشتنی سیاسی هەبوو، ساڵی ١٩٧٧ رێژەكە بەرز بووەوە بۆ ٢٣٠ رووداوی كوشتن، لە نیوەی ساڵی ١٩٧٩دا رۆژانە ٢٠ هاوڵاتی دەهاتنە كوشتن. ئامانجەكان زۆر بە بێ سەرەو بەرەیی لە برەودا بوون. هاوكات خەڵكێكی كەم لەبەرامبەر ئەو كوشتو كوشتارانەدا كە ئەنجامیان دەدا

قۆڵبەستدەکران‌و زۆرینەی ئەوانە زۆر بەئاسانی لەدەست‌و پێوەندی میریی قوتاردەبوون‌و وەك بەرزەکی بەر بانان بۆی دەردەچوون. لەگەڵ ئەوەی سەپاندنی یاسای سەربازی‌و عورفیی لەهەندێك لە ویلایەتەکاندا لە ١٩٧٨ دەرکرابوو، سوپا بانگەشەی ئەوەی دەکرد نەهێزی پێویستی هەیەو نەیش پشگیریی سیاسیی تا بتوانێت کۆتایی بە توندو تیژیی بهێنێت.

لەهەمانکاتدا ریزەکانی پۆلیسیش تێکچوو بوو، ئەوان بەهۆی دابەشبوونی ئایدیۆلۆژییەوە شیرازەیان پچرابوو، بەشێکیان لەگەڵ رێکخراوە راستە توندڕەوەکاندا دەستیان تێکەڵکردبوو، هەمیشە لە پلانگێڕاندا بوون. بۆ نموونە هەوەڵ گردبوونەوەی کرێکاران لە ئەستەمبوڵ‌و لە ساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن ماوییەکانەوە بڵاوەی پێکرا، پاش ئەوەی لە بان کوچەو کۆڵانەکانەوە خۆپیشاندەران درانە بەر دەستڕێژی گوللە، لەم کاتەدا پۆلیس ئەم سەرو ئەوسەری شەقامەکانی تەنی بوو، هەر بۆیە لەکاتی هەڵهاتنندا بەهۆی پایماڵ‌و دەستڕێژی گوللەوە نێزیکەی ٤٠ هاولاَتی گیانیان لەدەستدا. لێرەدا باوەڕوایە کە کوشتارگەکە دەستکیسەی هاوسۆزان‌و هەڵسوڕاوانی میریی بووە. دووا بەدووای ئەم رووداوە خوێناوییە کەمینەی عەلەویی مەزهەب لەلایەن گورگە بۆرەکانەوە بەسەختی هێرش گەلێکیان کرایە سەر. بۆ نموونە کوشت‌و بڕی مەرعەش لە ساڵی ١٩٧٨ دا، ئەم قڕکردنە کاتێك کۆتایی هات کە هێزەکانی میریی گەیشتنە شوێنی رووداوەکە. لێرەوە سوپا کەوتە مشتومڕی ئەوەی گوایا دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر دۆخەکەدا، هەروەك چۆن توانی ساڵی ١٩٧٨ رەوشی مەرعەش هێوربکاتەوە. بەلاَم لەماوەی ساڵەکەدا بارودۆخی سیاسیی، ئابووری، کۆمەلاَیەتی ئێجگار تاریك‌و تەنگ ببویەوە، ئیدی مشتومڕەکان بەتەواوی لەدەورو خولی ئەوەبوون پێویستە کۆدەتای سەربازیی چۆن‌و کەی؟ لە ولاَتدا رووبدات.

له کاتژمێر چواری بەرەبەیانی ٠٨-٠٩-١٩٨٠ دا رادیۆی فەرمی دەوڵەتی تورك لەگەڵ دەستپێکی مارشی سەربازیدا، بێژەر راگەیەنراوی سەربازیی کەنعان عیفرینی سەرۆکی ئەرکانی سوپای خوێندەوەو تێیدا ئامارەی بەوە دابوو کە دەستیان گرتووە بەسەر تەواوی کاروباریی میرییدا. لێرەوە سەربازەکان بلاوەیان پێکرا بۆ کێومالکردنی تەواوی بەرپرسە سیاسییە بالاکان و دەستگیرکردنیان. هاوکات پەرلەمان هەلوەشێنرایەوەو یاسای عورفی لەسەرانسەریی ولاتدا سەپێنرا. ئیتر بەدرێژایی سێ ساڵ پاش رووداوی کۆدەتا دەیان هەزار لە چەپگەرو نەتەوەیی کوردو راستڕەو رووبەرووی بەندو دادگا بوونەوەو ئەشکەنجەدان و دەستبەسەرکردن و بەندیخانە ببووە شتێکی رۆتین و رۆژانە.

هاوکات دەنگی جوداو ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی رێگە لە کارو کردەوەی سیاسیانەیان گیرا، جارێکی تر دەستووری بنچینەیی ولات دارێژرایەوەو جارێکی تر فەلسەفەو هزری ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیا برەوی پێدرایەوە. زانکۆکان لەسەر بنەماو ئەجێندایەکی نوێ رێکخرانەوەو ئەو بوارەیان لەبەردەمدا کلۆمدا، تا جارێکی تر ببنەوە پەناگەی کێبەرکێی سیاسیی و توندوتیژی ئایدیۆلۆژیی. لەم سەروبەندەداو کاتێك ولات لە ساڵی ١٩٨٤دا هێدی هێدی بەرەو هۆوربونەوەو دیموکراسیی دەرۆی، پەکەکە مژوڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ وەشاندنی هەوەڵ کوتەك و گورزی سەربازیی لە سنووری تورکیادا.

# باسی سێهەم: هەڵهاتن لە پێناو مانەوەدا

# ١٩٨٢ ـ ١٩٨٤

کاتێك کۆدەتای سەربازی ڕاگەیەنرا ،ئیبراهیم ئایدن لە چیاکانی دەوری شارۆچکەی قزلتەپە، کە زۆر دوور نەبوو لە هێڵی سنووریی سوریاوە، مژوڵی بەجێهێنانی ئەرکی پاسەوانی بوو[58]. ئایدن کاتێك لە ڕادیۆکەیەوە گوێبیستی هەواڵەکە بوو، ئیدی هەموو ئەوانی دی ئاگادار کردەوە. پێرەکەی ئایدن نێزیکەی دوازدە کەسێ دەبوون. ئەوان بەرپرسبوون لە چێکردن‌و هێشتنەوەی پێوەندیی لەنێوان گەریلاکانی نێوخۆی تورکیاو ڕێبەری پەکەکە لە سوریا. پەیك‌و هەواڵەکانیان لە سنوورەکاندا دەگەیاندو هاوکات یاریدەدەربوون بۆ دۆزینەوەی مەنزڵگای سەلامەت بۆ هەڵهاتووان لە قزلتەپە. لەلایەکی ترەوە گردبوونەوەکانیان ڕێکدەخستن‌و پلان‌و تاکتیکیان بۆ کاروبارەکانیان نومایاندەکرد. ڕوودانی کۆدەتا لەوکاتەدا ئەوەی لەلای ئەوان چەسپاند، کە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی ، کۆدەتا نابێتە هۆی گۆڕان لە بەرپرسایەتی‌و ئامانجەکانیان دا. تەنها ڕەنگە ئەو ڕاستییە لەلای ئەوان بچێنێت کە بە تین‌و تاوتریان بکات بۆ ئەوەی جەنگەکەیان زوتر دژ بە تورکیا بەرپابکەن.

وەلێ دوو هەفتە پاش کۆدەتا لە سوریاوە پەیکێك گەیشتە جێ، ئەو پەیکە هەڵگری پەیامێك بوو بۆ تەواوی شۆڕشگێڕەکان کە پێویستبوو هەرچی زووترە نێوخۆی تورکیا بەجێبهێڵن. ئۆجەلان گەیشتە بڕیارێك کە ئیتر سەختبوو بۆ شۆڕشگێرەکان بتوانن لەنێو خاکی تورکیادا درێژە بە خەباتەکەیان بدەن. پاش بڕیارەکەی ئۆجەلان زۆرینەی خەباتکارەکان ڕازیبوون بەوەی کە پێویستە ماڵئاوایی لەخاکی تورکیا بکەن. هەڵمەتی بەرفراوانی دەستگیرکردن‌و ڕاوەدوونان هەموو دەرفەتێکی بۆ کارو چالاکی‌و خەبات لەنێو خۆی تورکیادا زەوتکردبوو. هەربۆیە گەریلاکان ناچارکرابوون زۆر زێدەتر بەپەنهانی‌و شاراوەیی وەسوڕێن. بەمجۆرە

---

58 This section utilizes interviews with PKK and other militants who fled Turkey after the coup.

قوتاربوون لەخاکی تورکیا وادیاربوو تەنها رێگە چارەی ئەو رەوشەبوبێت. لەم نێوەندەدا ئایدنیش دەستی دایە خۆ ئامادەکردن بۆ جێهێشتنی بەرەکانی رووبەروو بوونەوەو قوتاربوون لە رەوشەکە. لە راستیدا مرۆ لە نێوچە سنوورییەکاندا ساناتر دەیتوانی دەرباز بێت بۆ نێوخاکی سوریا.

قاچاخچییەکان چەندین شێوازو مەکرو فێڵو رێگەی هەورازو نشێوی پەنهان لە هێزە سەربازییەکانیان بەکاردەهێنا بۆ دەربازکردنی شۆڕشگێڕەکان. ئیبراهیم ئایدن لە گێڕانەوەکەیدا دەیوت:" من فرە بەسانایی هەڵهاتم". هەروەها دەیوت:"ئێمە لەلایەن ئاواییەکەی نێزیکمانەوە هاریکاریمان کرا، هەربۆیە لەو گوندەدا ماینەوە تا شەو داهات. سەربازانی تورك لە گوندەکەدا هەبوون، تەنانەت کاتێك ئێمە لەیەکێك لە ماڵەکاندا مابووینەوەو سەرگەرم بووین بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنوخواردنەوەی چاوە، ئەوان دابەزیبوونە نێو خانووەکەی تەنیشتمان، بەڵام خۆشبەختانە هەستیان بە بوونی ئێمە نەکرد". دوواجار ئایدن خۆی لە شاری کوردنشینی سنووریی قامیشلۆدا بینییەوە. لەوێو لە شوێنێکی تۆزاویو تەژنەو نامۆدا زیاد لە سەد هەزار کەس تەنها لە لێوارەکانی باشووریدا دەژیان. زۆرترینی خەڵکی ئەوێ کورد زوان بوون. لەراستیدا زۆبەیان ئەو کوردانە بوون کە لەدوای راپەرینە سەرنەکەوتووەکانی سالأنی بیستی تورکیا لە چنگی جەنگو کوشتاری تورکیا هەڵهاتبوون[59].

لەوێ کوردەکان نەك هەر تەنها بایەخیان بە رەوشی تورکیا دەدا، بەڵکو لە ژینگەی سیاسیی وڵاتەکەشیان دانەبڕابوون. ئەوان لەتەك رووداوەکانی ئێراقی دراوسێو جەنگو جیدالی مەلا موستەفای بارزانی بێئاگانەبوونو هەردەم لەغایەلەی پشتیوانیو دەستگرۆیی شۆڕشی کوردیدا بوون . خەڵکی قامیشلۆ زێدەتر هەوادارو هاوسۆزی لقو شاخەکانی پارتی دێکوکراتی کوردستانی ئێراقو رێکخراوی کوك

[59] McDowall, *Kurds of Syria*, 10–11

بوون، وەڵێ خەڵکەکە بەگشتی فرە ناسیۆنالیستبوون، هەربۆیە پشتیوان‌و سەرخەری هەر کوردێکی شۆڕشگێڕو دەربەدەربوون‌و هاندەری هەستانەوەو هەیەجانی نەتەوەیی نوێبوون بۆ ئەوانەی کە پەنایان ئەهێنایە نێوچەکە.

ئیبراهیم بۆچەند رۆژێکی کەم لە قامیشلۆ مایەوە، دوواتر گەشتی کرد بۆ دیمەشقی پێتەختی سوریا، لەوێ بۆ هەوەڵجار لەپاش ساڵێك دابڕان چاوی کەوتەوە بە ئۆجەلانی رێبەری پەکەکە.

ئۆجەلان لەو دەمەدا خواستی خۆی نەشاردەوە بۆ ئەوەی هاریکاری ژمارەیەك لە گەریلا بکرێت تابتوانن تورکیا بەجێبهێڵن. هەروەها ئیبراهیم ئایدن دیگوت:" ئۆجەلان پێی گۆتم ئێمە لێرە دەپارێزرێین، ئەو مەبەستی بوو هەموو گەریلایەك تورکیا بەجێبهێڵێت تا لە دەرێ خۆیان بۆ جەنگیی گەریلایی سازو ئامادەبکەن. بەڵێ ئۆجەلان لەسەر ئەو پرسە بۆچوونەکانی فرە جدی‌و رەوان بوون".

هەمیشە دەربارەی ئەوەی کە پەکەکە دەبێت ئەجێندای چی بێت. ئۆجەلان گەشبینی خۆی نەدەشاردەوە، چونکە سەختگیرییەکانی رژێمی سەربازی فرە سەرکەوتوو بوون لەدامرکاندنەوەی ئەو شەپۆلە توندوتیژییەی کە وڵاتی گرتبوویەوە. هەر لەپاش کۆدەتا هەزاران کەس دەستگیرکران، لەنێو ئەوانەدا زیاد لە هەزار ئەندام‌و هەوادارو کەسانی گومانلێکراوی نێزیك لە پەکەکە بەندی زیندانەکان کرابوون[٦٠]. لەگەڵ بەردەوامی دەستگیرکردنەکاندا بۆ ساڵی داهاتوو، ئیتر پەکەکە لەنێو زینداندا نێوبانگی بەشێوەیەکی بەرین بڵاوبوویەوەو وەك رێکخراوێکی کوردی لەنێو تەواوی گروپە شۆڕشگێڕەکاندا دەرکەوت.

لەراستیدا بوونی ژمارەیەکی زۆری هەوادارو دۆستی پەکەکە لە زیندانێدا ئامارەبوو بۆ جەماوەریبوونی زێدەتری پەکەکە لەچاو گروپە نەیارەکانیدا، ئەمەیش

---

[60] Marvine Howe, "Turks Say They are Gaining on Kurdish Nationalists," *The New York Times*, Dec. 12, 1980

تارادەیەکی کەم دڵدانەوەیەك بوو بۆ ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە دەرفەتیان بۆ رەخسابوو تا دەربازی تورکیا بن. لە بەرگریی زیندانیدا پەکەکە زۆرێك لە بەتواناترینو کەسە کارێزماکانی نێوخۆی لە ژنو پیاو لەدەستدا. ساری باران دەیوت:" پەکەکە لەسەروەختی لەنێوچووندا بوو" .ناوبراو لەتەك هەشت لەئەندامانی پەکەکە بەماوەیەکی کەم پاش کۆدەتا دەربازی تورکیا ببوون.

وەلێ بە پێچەوانەی ئیبراهیم ئایدن، دەربازبوونی ساری لە سەربازگەیەکی شاخاوی دوور لە سنورەوە بوو. قوتاربوونی ئەوان بیست رۆژی پڕ دەردە سەری خایاند. لە ماوەی ئەو بیست رۆژەدا ئەوان بەدرێژایی رۆژ خۆیان لە کێوەکاندا حەشار دەداو بەشەوانیش بە پەنهانی هەورازو نشێویان دەبڕی. هاوکات بۆ خۆراكو جلو بەرگیشیان پشتیان دەبەست بە ئاوایی نشینەکانی سەر رێگەیان. زۆرجاریش سودیان دەبینی لە گوند نشینە چاوساغەکان، وەلێ ئەوانیش بەین بەین دەرنەدەکەوتنو خۆیان لەقەرەی وان نەدەدا. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زۆر زیاد بوونو فشاری سەرئاواییەکان بەرین بوون. بەراستی ئەوە گەشتێکی ئاسان نەبوو بۆ ئەوانەی کە هەڵدەهاتن، هەندێك لەوانەی نیازی هەڵهاتنیان هەبوو، لە رێگەدا دەکوژرانو لەنێو دەچوون.

هەوڵی یاخیبوانی پەکەکە بۆ گەیشتن بە خاکی سوریا هەوەڵ هەوڵی لەو جۆرە نەبوو. بەڵکو هەمیشە ئەم وڵاتە عەرەبییە دیمەشقی کردووەتە پەناو پێچی مانەوەی توندڕەوە چەپگەراکانی تورك.

چونکە دیمەشقو ئەنکەرە لەمێژە ناکۆکی گەلێك لەنێوانیاندا هەیە، هەربۆیە سوریا هەمیشە کاری لەسەر ئەو پرەنسیپە کردووە کە ئێژێ "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە"، لەبەر رۆشنایی ئەم سیاسەتەیش خاکی خۆی کردووەتە پەنایەك بۆ گروپە تورکو کوردە یاخییەکانی دژ بە تورکیا. هەندێك لەوانە ئەو لێشاوی هەڵهاتنە لەوەدا دەبیننەوە تا سوریا وەك وێستگەیەك بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی مافی

پاسپۆرتو ڤیزای ئەوروپا. هەروەك چۆن هەندێکیش لە پلانی ئەوەدا بوون لە سوریا دا بمێننەوە یاخۆ لەوێوە بچنە ئێراقو لوبنان. بەمجۆرە لە سێ وڵاتدا پەکەکە دەرفەتی راهێنانو خۆسازدانی هەبوو بۆ سەرلەنوێ رووبەڕووبوونەوە دژ بە رژێمی تورکیا.

سەلاحەدین جلیك خەباتکاری پێشووی پەکەکە دەیوت:" کاتێك گەیشتینە سوریا پێمان وابوو ئیتر هەموو شتێك بە سانایی دەگوزەرێت". جیلیك بەماوەیەکی کەم پاش خۆحەشاردان لە کۆدەتاچییەکان، لە سنوریی قامیشلۆوە وەك زۆرێك لە ئاپۆچییەکانی تر خۆی گەیاندبووە سوریا. ناوبراو بڕوای وابوو پاش چەند مانگێك ئیتر دەتوانن بگەڕێنەوە تورکیاو بەشێوەی جەنگی ڤێتنام دەتوانن ئەرتەشی تورکیا لە زێدو زۆنەکەیان هەڵکەنن. لەم بارەیەوە دەیگۆت:" ئەمە هەموو ئەوە بوو کە لەبارەیەوە دەدواینو گفتوگۆکان لەسەر ئەوە بوو چۆن چۆنی بەزوویی وەگەڕێینەوەو جەنگ دەستپێبکەین".

## ئۆجەلان ماڵە نوێیەکەی پەکەکە دەدۆزێتەوە

سەلاحەدین جلیك بۆ دوو حەوتە لەسنووری شارۆچکەیەکی قامیشلۆدا مایەوە، تا ئەو کات لەلایەن ئۆجەلانەوە هەواڵ گەیشت. ئیدی ویش ماشێنێکی گرتو بەرەو دیمەشقی پایتەخت بەڕێکەوت. لەوێ ئۆجەلان چەندین بەشو یەکەی سەربازی لەسەرانسەری شارەکەدا رێکخستبوو، هاوکات چەندین یەکەی نیشتەجێبوونی ئامادەکردبوون. بەشێك لەو یەکانە لە نێوچەو گەڕەکە کوردیی یاخۆ فەلەستینییەکانی دیمەشقێدا بوون. زۆرێك لەوانە بەئاشکرا لەلایەن ئۆجەلان یاخۆ بەهۆی چێکردنی پێوەندییە نوێیەکانی لەتەك فەلەستینییەکان بە کرێگیرابوون .

بە گوتەی چێلیك ئۆجەلان بووە پیاوێکی مەزنو دیار، ئەو توانی بەزوویی پشتیوانی بۆ گەریلاکان مسۆگەر بکەنو لە بنکەکانی مەشقی فەلەستینییەکان لە لوبنانو لە رووی سەربازییەوە خۆیان گورجکردەوە.

ئەودەم بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك بو ئۆجەلان تورکیای بەجێهێشتبوو. ئەو لەماوەی ئەو ساڵەدا بەردەوام کاری کردبوو بۆ شوێن پا قایمکردنی لەو ژینگە سیاسییە پڕ سەرو سەدایەدا[٦١]. ئۆجەلانیش وەك زۆرێك لە هەڵهاتووان بە پێیانو بە رووتو رەجاڵی هەڵهاتو بە هێواشی سنوورە تەنراوەکانی بڕی. ئەو بەهەماهەنگی لەتەك قاچاخچییە لۆکاڵییەکاندا توانی خۆی بگەیەنێتە ئەمدیو سنوور. هەوەڵێن ئامانجی ئاپۆ لەهەوڵەکەیدا پاراستنی گیانی خۆی بوو، پاشان کاری کرد تا پێگەیەك بۆ راهێنانی خەباتکارەکان لە نێو خێوەتگە فەلەستینییەکاندا لە لوبنانو سوریادا دیاری بکات. فەلەستینییەکان نێوبانگ بوون بۆ هەماهەنگی لەتەك خەباتکارە غەوارەکاندا. لەوانە بۆ ماوەیەکی کورت هاریکاریی چەپگەراکانی تورکیان کردبوو لە سەرەتای حەفتاکاندا. وەلێ ئۆجەلان بەگشتی لە چێکردنی پێوەندییەکاندا شکستی هێنا، بەتایبەتی لە خۆناساندن لەتەك گروپە فەلەستینییەکاندا، کە بارەگای سەرەکییان لە دیمەشقدا پەنا دابوو. ئەوە بوو پاش ماوەیەکی کەم ئۆجەلان وازی لە دیمەشقو سوریا هێناو ملی رێگەی بەرەو لوبنان گرتە بەر.

لوبنان تازە بەتازە لەجەنگی نێوخۆیی پڕ دەردی سەر قوتاربووبوو، وڵات دابەشببوو بۆ دووبەرەی خەباتکاری فەلەستینیو کریستیانییەوە. ئەرتەشی سوریا کە لەساڵی ١٩٧٦ هاتبوونە ئەوێندەر تا پێشگیریی لەجەنگ بکەن، بەتەواوی کۆنترۆڵی دۆڵی بیقاعیان کردبوو ، ئەویَ شوێنێکە هەڵکەوتووە لە هەرێمی

[61] 4. The reconstruction of Ocalan's activities draws on Birand, *Apo ve PKK,* 108–118; Yuce, *Dogu'da,* Cilt II, 257 –260; and interviews with former PKK members and others who met with Ocalan during this period.

ڕۆژهەڵاتی لوبنان . بەمجۆرە سوریا بەتەواوی بەسەر بەشێکی بەرین لەوڵاتدا دەسەڵاتی دەشکایەوە. ئۆجەلان لەوێ لە پایتەختی لوبناندا شوێنێکی دیکەی دۆزیەوەو پێوەندی لەتەك کوردانی نیشتەجێبووی ئەوێندەر چێکرد.

بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردیی لوبنان رەچەڵەکو رابردوویان دەگەڕایەوە بۆ تورکیا. کۆچی وان دەگەڕایەوە بۆ چەند دەیەیەك پێشترو دووا بەدووای شکستی راپەرینەکانی کورد لە بیستەکانو سییەکاندا لە زێدی خۆیان هەڵکەنرابوون. لە راستیدا کە تازە بەتازە دەگەیشتنە ئەوێ، ئیتر هەمیشە هەژاریو نەداری لەگەڵ ئەوانەدا هاوڕێ بوو، هەر بۆیە بەشوێن کارو کەسابەتدا دەگەڕانو لە کارگەو کۆمپانیاکانی بیناکاریدا دەستیان لەکار گیردەبوو[62]. ئۆجەلان دەگێڕێتەوە:" لەوێ چەندین خێزانی کوردو تورك ژیانیان بەسەر دەبرد، من بەنێوی عەلی بانگدەکرام، بەمجۆرە شەش مانگ بگرە ساڵێك تێپەڕی"[63]. لەکۆتایی ١٩٧٩ یان لە سەرەتای ١٩٨٠ دا بۆ هەوەڵجار ئۆجەلان لەتەك نایف حەواتیمەی بەرەی پشتیوانی دێموکراتی سوریا بۆ رزگارکردنی فەلەستین کۆبویەوە(د.ف.ل.پ)، لەو کۆبوونەوەیەدا کە شایەد لەلایەن کوردەکانەوە رێکخرابێت، ئۆجەلان لە بەیروتدا چاوی بە نایف کەوت. کە دوواجار ئەم گردبوونەوەیە بووە هۆی ئەوەی لە دووەم کۆبونەوەی گرنگو چارەنوسسازدا لە دیمەشق، ئۆجەلان ئەبو لەیلا (قەیس عەبدوڵلا کەریم) ببینێت، ناوبراو ئەندامی رێبەرایەتی سیاسیی گروپی فەلەستین بوو. ئەو زۆرکەمی لەبارەی چەپڕەوەکانی تورکەوە دەزانی. ئەبو لەیلا ئەوەی لەبارەی ئۆجەلانەوە بیستبووی زۆر قایلکەر نەبوو. هەربۆیە ناوبراو بە ئۆجەلانی وت:" گروپەکانی تر ئۆجەلانیان تۆمەتبار دەکرد بە بەکارهێنانی رێگەی تێرۆرو

---

[62] For an overview of Kurds in Lebanon, see McDowall, *Kurds of Syria*, 93–104.
[63] Birand, *Apo ve PKK*, 110.

توندو تیژ لەگەڵ نەیارانی نێو پارتەکەی‌و بەکارهێنانی ڕێگەی تری هاوشێوەی ئەوە". هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە دا کە گروپەکان لە ڕامەڵاداو لە بەشی خۆبەڕێوە بەری فەلەستین لە کەرتی خۆرئاوا ئەو زانیاریانەی پێدراوە. ئەبو لەیلا لە درێژەی وتەکانیدا دەیوت:"بەدڵنیاییەوە ئۆجەلان دانی نەدەنا بەمەدا، ئەو کەسێکی زۆر خەباتکار بوو لە پێگەو پلە ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیدا". هەروەها دەیوت:" ئۆجەلان بەوردی دەربارەی پراگماتیزم‌و نوێکردنەوەی بیروبۆچونەکان دووا لەگەڵماو موحازەرەیەکی درێژی پێدام، هاوکات پێی وتم چۆن دەتوانین لە پراگماتیککەراکان قوتارمانبێت تا بتوانین جەنگ لەبەرامبەر دوژمنماندا هەڵبگرسێنین". شەوق‌و زەوقی ئۆجەلان بۆ وتوێژکردن لەبارەی بابەتەکانەوە و وەرگێرانی وتەکانی بۆ بەرامبەر لە نیوەی شەوەوە تا بەرەبەیانی خایاند. لە کۆتایدا ئەبوو لەیلا بەخەندەیەکەوە گۆتی:"ئەوە دژوارترین‌و گەرم‌و گوڕترین دیدارو کۆبوونەوە بوو لە ژیانمدا".

بەهەمان شێوە تێکرای بەرپرسە فەلەستینییەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئۆجەلانەوە. ئەوان دەیانگۆت ئێمە زۆرێك لە ڕێبەرە کوردو تورکەکانمان بینی بوو، بەڵام هیچ کام لەوان وادیار نەبوو جێ متمانەو باوەڕپێکراو بن. وەلێ ئەم پیاوە واتە ئۆجەلان وادیارە ئێجگار گەرم‌و گوڕو جدییە. ئەو نە یارمەتی دارایی گەرەکەو نە یاریدەی سەربازیی، تەنها گەرەکییە خۆبەخشەکانی ڕابهێنرێن‌و ئامادەبکرێن بۆ داهاتوو. بەرەی دێموکراتی لەسەرەتاوە ڕەزامەندی نیشاندا کە ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی پەکەکە بگرێتە خۆ، تا بتوانێت لەسەر شێوازەکانی جەنگی گەریلایی ڕایانبهێنێت. لەڕاستیدا ئۆفەرێکی لەمجۆرە بۆ گەریلاکانی پەکەکە شتێکی هەوانتەو نائاسایی نەبوو، بەڵکوو لە سەردەمە جۆراو جۆرو جیاکاندا بەرەی دێموکراتی فەلەستینی هاریکاریی زۆرێك لە شۆڕگێڕەکانی دنیای کردووە لەوانە ساندیانیستەکانی نیکاراگوای، کۆمۆنیستەکانی یۆنان، چەپەکانی ئێران‌و تەنانەت

غەوارە سعودییەکانی داڵدەداوە. لەم بارەیەوە مەمدوح نوفل دەیوت:"مادام بۆ خۆمان مارکسی‌و لینینی بووین، هەموو گروپە مارکسی‌و لینینییەکان لەلامان پەسەند بوون". مەمدوح سەرکردەیەکی سەربازیی پێشووی بەرەی دیموکراتی بوو، ئەم بەرەیە گەورەترین رەوتی نێو رێکخراوی رزگاریی خوازی فەلەستینی بوو. ناوبراو لە شوێنێکی دیکەدا دەیوت:"ئێمە شۆڕشگێڕبووین، هەربۆیە پشتیوانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانیش بووین". لەراستیدا دەکرا چەندین هۆکاری مەلموس چنگ بخەین کە لەپشت هاریکاریی بەرەی دیموکراتی فەلەستینییەوە بۆ کۆمەڵ‌و پشتیوانییەکانی".

داڵدەدانی گروپە چەپخوازەکانی تر ئەو هەستەی دەگەیاند کە دەخوازرێت بەرەی رزگاریخوازیی فەلەستینی دابنرێت بە بەرەیەکی رزگاریخوازیی لەلایەن هاوپەیمانانەوەو هاوکات وەك بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی نێونەتەوەیی نێوزەد بکرێت. ئەم رەوشەیش هاریکاریی فەلەستینییەکانی دەکرد تا لەکاتی زێدەبوونی تەنگژەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بیانخەنە مەتەرێزی نەیارەکەیانەوە. هەرچەندە بەرەی دیموکرات هیچ پلانێکی ئەوتۆی نەبوو تاوەکو کورد لە جەنگی دژە ئیسرائیلدا وەربدات. ئەوەش لە ئاماژەیەکی مەمدوح دا ڕووندەبێتەوە کە پێی وابوو ئەوکات گەریلاکانی پەکەکە ئێجگار بێ ئەزموون‌و سادە بوون. وەلێ ئەوەیشیان لەلا گەڵاڵە ببوو کە چەکدارەکانی پەکەکە دەتوانن بەرگری لە بنکەکانیان بکەن لەکاتی هەر هێرشێکی ئیسرائیل بۆ سەریان.

هاوکات ئەو دەم پەکەکەیش ئەوەی نومایانکرد کە ئەوان نایانەوێ لەجەنگی ئیسرائیل تێوە بگلێن. سەبارەت بە بۆچوونی پەکەکەیش نۆفل وتی: پەکەکە دارای بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیان بوون‌و ئێمەیش هیچ دەستێوەردانێکمان نەبوو لە سیاسەتیاندا". لەم سەروبەندەدا و لە نیوەی هەوڵی هەشتاکاندا ژمارەیەکی کەم لە یاخیبووانی پەکەکە پەڕینەوە بۆ سووریا بەمەبەستی راهێنانیان‌و

پرچەککردنیان. ئەوەیش پاش ئەوەی سەربازانی کۆدەتا سەربازییەکە زێدەتر جێدەستیان لە فەرمانبەرداری وڵاتدا جێگیر ببوو. پاش گەیشتنیان لەنێو کەمپەکانی بەرەی دیموکراتی فەلەستینیی لە لوبنان بڵاوەیان پێکرا. بۆنموونە ئۆردوگای حلوە لەسەر لێواری سوریە. ئەویێ واتە دۆڵی بیقاع زۆردوور نەبوو لە ئاوایی حلوەی سەر بەلوبنان.

لەراستیدا سوریە ساڵی ١٩٧٦ دۆڵی بیقاعی لوبنانی داگیرکردبوو تابەو هۆیەوە بتوانێت پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی بکات. بەمەیش تۆپخانەی چڕو پڕی سوریە فرە بەقورسی گەمارۆی گردۆڵکەکانی دەوروبەرەکەی دەدا. ساڵی ١٩٨٠ کاتێك گەریلاکانی پەکەکە لە سەربازگەی حلوە رادەهێنران، ئەوکات کەمپەکە تەنها لەتوانایدا بوو ١٠٠ گەریلا لەخۆی بگرێت[٦٤]. لەوێدا بنکەی سەرەکی بەکاردەهات بۆ راهێنانی سیاسیی و مشتومڕە فیکرییەکان و سێ یان چوار خانەی گچکەتر هەبوون تایبەتبوون بە چێشتخانەو تەوالێت و ژووری نوستنی گەریلاکان. وانەو بابەتە سەربازییەکان لە هۆڵێکی گەورەتردا بەرێوە دەچوون. لە گردۆلکەکانی دەوروبەریشدا گەریلاکان بە شێوەیەکی کرداریی راهێنانیان پێدەکرا، ئەوێ وێنەیەکی بچووکی هەرێمەکوردییەکان بوون، کە بڕیاربوو لەوێدا پلانەکانیان دارێژن بۆ خەباتی چەکداریی و جەنگ. کوردەکان و فەلەستینییەکان بەگشتی مەشقە سەربازییەکانیان پێکەوە ئەنجام دەدا، وەلێ لە راهێنانە تیۆریی و سیاسییەکاندا جودا دەکرانەوەو لە پۆلی جیاجیادا گۆشدەکران. نۆفل ئاماژەی بەوەداوەو وتویەتی:" کۆرسە سەربازییەکان بەگوێرەی گروپەکان دەوترانەوە". هەروەها دەیگۆت:" هەندێك لە کۆرسەکان تایبەتبوون بە مەوادی تەقینەوە، ئەم کۆرسانە دە رۆژ تا دوو هەفتەیان پێویستبوو بۆ یادگیریی. هەروەها هەندێك لە خولەکان دوو

---

64 Description of the camp provided by Kurdish militants who trained there and the DFLP's Nofal and Abu Laila.

مانگی دەخایاند، بۆنموونە بۆ ئەفسەرانی ئەرکان، ئەوان کۆرسەکانیان لە یەکەی سەربازیی، تۆپۆگرافی، تەقینەوەو تۆپخانەو جەنگی گەریلایی وەردەگرت. فەلەستینییەکان کەسانێکی بەئەزموون بوون لە جەنگو جیدالدا، هەر بۆیە ئەندامانی پەکەکەیان رادەهێنا لەسەر بنچینەکانی شێوازی خەباتی گەریلاییو جەنگی دەستەو یەخەیی. لەم بارەیەوە باران دەیوت:" ئێمە هیچ ئەزمونێکمان لە مەڕ خەباتی گەریلایی نەبوو، وەلێ فەلەستینییەکان دارای ئەو ئەزموونە بوون، هەر بۆیە خولەکانیان وادیاربوو دروستو فرە پڕبایەخ بوون". هاوکات فەلەستینییەکان رێگەکانی دیکەی هەڵگیرساندنو سەرکەوتنی جەنگیان فەرامۆش نەکردبوو، ئەوان گەریلاکانیان رادەهێنا لەسەر نەزمی پڕوپاگەندەو رێکخستنی هاوڵاتیانی مەدەنی بۆ خزمەتی ئامانجەکان. یەکێك لە دیارترین ئامڕازەکانی جەنگ کە فەلەستینییەکان بۆ خەباتکارانی پەکەکە دەستەبەریانکرد، بریتی بوو لە خولەکانی بایەخدان بە میلیشیای مەدەنی لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جموجوڵە سەربازییەکانو دابینکردنی خۆراكو شوێنو دامەزراندنی لیژنە تایبەتییەکانی وەك لیژنەی قوتابیانو ژنان تا لەم رێگەیەوە ئاسانتر کۆمەكو کۆنترۆڵی شوێنەکان دەستەبەر بکرێن. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠و ١٩٨٢ دا زیاد لە ٣٠٠ خەباتکاری پەکەکە گەیشتنە سوریا بەمەبەستی راهێنانو خۆکۆکردنەوە. رێژەی گەریلاکان بەجۆرێك گەشەی کرد کە ئیتر کەمپەکانی بەرەی دیموکرات نەیدەتوانی زێدەتر پەنای پەنابەرەکان بدات. لەم بارەیەوە نۆفل گلەو گازاندەی رەوشەکەی گەیاندە ئۆجەلانو ئەوەی درکاند کە راهێنانەکان تێچوونێکی فرەو بارێکی سەختی خستووەتە سەرشانی گروپەکەیان. لەراستیدا بەرەی دیموکرات تەنها بڕی پارەی بۆ تێچوونی خەباتکارەکان لە بنکەکانیان تەرخان نەکردبوو، بەڵکو بەگوێرەی ئاستە جوداکان پارەی مانگانەی بۆ ئەندامان دابین دەکرد کە لە ١٠ دۆلارەوە بیگرە تا سەد دۆلارو سێ سەد دۆلار دەگەیشت. نۆفال لەم بارەیەوە دەیوت:" تێبینیمان کردبوو کە

پەنابەرەکان دەستیان دابوویە هێنانی ئەندامانێکی ئێجگار زۆر بۆ نێو کەمپەکانمان. ئێمەیش گوتمان ئێمە ناتوانین رازی بین ئەو هەموو ئەندامە لە خۆ بگرین ئەوە بۆ ئێمە تێچوونێکی زۆر گەورەی گەرەکە" . نۆفل پێشنیاری کرد چی دی پێویستە راهێنانی پەکەکە لە شوێنە تایبەتییەکانیان لە بیقاع یان لە ئاپارتمانەکانی دیمەشق بێت، ئەو شوێنەی کە زۆرجار ئۆجەلان تێیدا دەمایەوە. هەر بۆیە لەهەمانکاتدا ئۆجەلان فرە بە گورجو گۆڵیو سەرکەوتوانە لەلایەن رێکخراوە فەلەستینییەکانی دیکەوە یەکەی تایبەتی بۆ راهێنان دەستەبەر کرد. ئەمەیش بواری رەخساند تا ئەندامانی پەکەکە لەنێو بەرەو رەوتە جوداکانی فەلەستیندا پەرشو بلاّو ببنەوە، لەوانە رێکخراوی فەتحی یاسر عەرەفات، بەرەی گەلی جۆرج حەبەش بۆ رزگارکردنی فەلەستین، بەرەی خەباتی گەلی فەلەستیی سەمیر غوشەو هەروەها پارتی کۆمۆنیستی لوبنانی. لە راستیدا خەباتکارانی کورد ئێجگار گەلّکگیریی ئەوان بوون، چونکە دەکرا ببنە سەنگەر بەندێکی بەهێز لەکاتی روودانی هەر هێرشێکی سەربازی ئیسرائیلدا یاخۆ دەکرا ببرێنە بەرەکانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەیارەکانیان.

هەموو ئەو خەباتکارانە ببوونە سەرباز یاخۆ جەنگاوەرێکی بەهێزو کارامەو بەسوود. ئەبوو لەیلا وتبووی:" ئەوە ئاشکرا بوو کە عەبدولاّ ئۆجەلان دارای بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان بوو، پیاوەکانیشی دیسپلینترو یەککرتوو تر بوون لە ئەندامانی گروپەکانی دیکە. ئێمە بیرمانکردەوە کە ئەم گروپە مەترسیدارترین گروپە لە کوردستانی تورکیا دا، هەر بۆیە ئێمە ئەو گروپەمان لەنێو کەمپەکانی خۆماندا پاراست". گەریلاکانیش تاڕادەیەك عەقلاّنی دەیانڕوانییە بارودۆخەکە.

چیلیك لە روونکرنەوەیەکدا دەیوت:"ئێمە لە هەر شوێنێك بماینایەتەوە هەمان بەرگمان دەپۆشی، هاوکات لەسەر ئەوە کۆك بووین کە لە جەنگو جیدالی نێوان گروپە فەلەستینییەکانو فەلەستینییو لوبنانییەکان نەگلێن". وەلێ دابەشبوونی

ئەندامانی پەکەکە بەسەر گروپە فەلەستینییەکاندا هیچی لە بارگرانی گەریلاکان بەسەر شانی ئەو ڕێکخراوە فەلەستینیانەوە کەمنەکردەوە، بەڵکو نیازیان بوو پەکەکە وەك پەرژینێك بۆ ئامانجو خواستەکانیان بەکاربهێنن. چیلیك لەم ڕووەوە دەپرسی:" بە هاتنمان بۆ سوریا چیمان بەدەستهێنا. پاشماوەیەك دۆشدامان، لە ڕاستیدا ئێمە وەك ڕێکخراوێك لە پاش ١٩٨٠ کۆتایمان پێهێنرا بوو. ئێمە دارای هیچ هێزو هەرەکەتێك نەبووین نە لە ئەورووپاو نەیش لەتورکیا، ئێمە لەزینداندا بووین، تەنها لە سوریا توانیمان بۆ خۆمان خۆمان گرد بکەینەوە. ئێمە ماوەیەکی فرەکەم بوو دەستمان گەیشتبووە پوڵو پارە، ناچار بووین خەڵکیمان دەنارد بۆ ئەورووپا تا لەوێ کاربکەن. لە فەلەستینییەکانیشەوە شتانێك فێربووین. لەوانەوە فێر بووین لەمەراسیمی شەهیدەکانمانداو لە بۆنەکاندا خۆپیشاندان ئەنجام بدەین. هاوکات شتانێکی فرەمان لەسەر جەنگی خەڵکو ڕاهێنانی سەربازی خوێندەوەو ئەنجاماندا. ئەوان جلو بەرگو جگەرەیان پێدەداین. ئێمە گەلێ قەرزداری فەلەستینییەکانین".

## وابەستەگی سورییەکان

لەڕاستیدا یاخی بووەکان ڕەنگە ویستبێتیان سنووربەزاندنیان بۆ سوریا بەشێوەیەکی نهێنی بێت، وەلێ دەزگای هەواڵگیریی سورییە ئاگاداری ڕەوشەکە بوو[٦٥]. کامەران حاجۆ ئاماژەی بەوەکردو وتی:" کە کاتێك پەنابەرەکان دەگەیشتنە سوریا لەسەریان بوو نێوی نهێنی بۆ خۆیان بەکاربهێنن، هەروەها ئێمە حەشارمان دەدان لە ماڵەکانی خۆماندا". پاشان لەدێهاتە سنوورییەکانی قامیشلۆدا قوتابیانی ئامادەیی کورد دەژیان. هەروەها دەیوت:" ئێمە واماندەزانی کەس هیچ شتێك

[65] Additional information on Syrian attitudes toward militant groups comes from Reuven Ehrlich, "Terrorism as a Preferred Instrument of Syrian Policy," Institute for Counter-Terrorism (Israel), www.ict.org.il and interview with Ely Carmon of the ICT

نازانێت، بەڵام ئەوە تێگەیشتنێکی ساویلکانە بوو، لەکاتێکدا هەندێك لە کوردەکانی تورکیان پێیان وابوو ئەوان بە شاراوەییو ئەسپایی گەیشتوونەتە جێ. لەراستیدا هەندێك ئەو هەستەیان هەبوو، وەلێ ئەمە زۆری نەخایاندو هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە هەموو ئەوانەی سنوور شکێنییان کردووەو بەوردی لەژێرچاودێریدان. یەکێك لە خەباتکارەکانی گروپی رزگاریی لەلایەن یەکێك لە دەزگەی هەواڵگریی سوورییەوە سەردانی کرابوو، پاش رۆژێك لە دەرکەوتنی ئەو کەسە لە سوریا دا. " سوورییەکان چۆن زانیان تۆ لەم وڵاتەدایت". ئەوە پرسیاربوو لە ئەندامێکی پێشووی گروپەکە بەنێوی کامەران. لەوەڵامدا وتبووی:" ئێمە هێندەی بوترێت یەك و دوو لە سنوور پەرینەوەو گەیشتینە ماڵە کوردێك . ئەویش راستەو خۆ خۆی گەیاندە دەزگای هەواڵگریی نێوچەکە، لەوێ پێی راگەیاندن کە میوانێکی غەوارەی هەیە، گەر وای نەکردایە ئەوە رووبەڕووی گێچەڵی دەزگا سیخوڕییەکان دەبوویەوە". لەپرسی ئەوەی ئایا دەمێننەوە لە سوریا یان نا، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێرەیش فەرمانرەوایی وڵاتەکەیان بەجۆرێکە کوردەکان دەچەوسێننەوە، ئەوەیش پرسیارێك بوو زۆرچار دەوروژا. هەروەها کامەران دەیوت:" لە مشتومڕی ئەوەدا بووین ئایا دەتوانین رێگە بدەین بە خۆمان لە ژێر دەسەڵاتی سوریادا بمێنینەوە، ئەم مشتومڕە لەکاتێکدا بوو کە جیا لە رژێمە غەدارو سەربازییەکەی تورکیا ئەو راستییە گەلاڵە ببوو کە سوریا زیاد لە تورکیا رژێمێکی چەوسێنەرو دیکتاتۆرو دووا کەوتوو بوو لە نەزمی سیاسیدا.

لەبەر ئەوە گروپێك لە کوردەکان لە دووی بەدیلێك دەگەڕان بۆ رژێمی سوریا، ئەوان پێیان وابوو بیری پشت بەستن بەدیمەشق بیرێکی هەڵەیەو تەرەفداری سوریە نەبوون، ئەوان نیازیان وابوو بنکەی هێزەکانیان بەرنەوە خودی کوردستان، ئەگەرچی ئەودەم کوردستان بەشێك بوو لە ئێراقو تورکیا. وەلێ بەبێ رەچاوکردنی

ئەوەی ئایا ئەوانە دەیانەوێ لە دەرێی سوریە کار بکەنە یان نا، تەواوی گروپەکان نوێنەران‌و کەسە بالاَکانیان لە پایتەختدا هێشتەوە.

ئیبراهیم ئایدن رێبەری پێشووی پەکەکە لەم بارەیەوە دەیوت:" لەراستیدا ناکۆکی‌و مشتو مڕ لە گۆڕێدا بوو، ئایا پشت بەسوریا ببەستن یان نا، وەلێ زۆرترین ناکۆکی لەسەر پرسی رۆژهەلاَتی نێوەراست بوو". لەسەرەتاوە پشتیوانی سوریا بۆ گروپە کوردییەکان فرە لاوەکی‌و بێ سەرو سەداتر بوو تا ئەوەی ئاشکراو روون بێت. ئەوەیش مانای ئەوە بوو کە دیمەشق نایەوێت دەرگا لەبەردەم ئاوارە نا یاساییەکانی تورکیا دابخات، ئەوکات بەربەستیش لەبەردەم پەنابەرەکان دروست ناکات تا شوێن بۆ حەوانەوەو مەنزڵ بۆ ژیانیان لە ولاَتەکەیدا دابین بکەن‌و هاوکات رێگەیشی نەدەگرت لە هامو شۆی گروپەکان لە سوریاوە بەرەو لوبنان.

سوریا هیچ کام لەوانەی نەکرد، لە هەمانکاتیشدا بایەخی نەدەدا بەوەی هانی کەسانی تر بدا زێدەتر پەنا بەرنە بەر ولاَتەکەی. لەسەرەتاوە سوریا نیگەرانی ئەوە بوو کە کوردی ولاَتەکەی بەهەمان شێوە بیری دژ راوەستان دژ بە میریی لەکەلەیان زیندو نەبێتەوە، هەر بۆیە نیازی بوو دلَنیا بێت لەوەی ئەو رەوشە کارناکاتە سەر ئەوانیش.

پەکەکە زۆر باش ئاگاداری سنوورو تەلَەزگەکانی سوریابوو، سەرەڕای ئەوەیش دروشمە فەرمییەکانی خۆی دەبینییەوە لە کوردستانێکی سەربەخۆ، کە کوردستانی سوریایشی دەگرتەوە. چیلیك دەیوت:" ئەوە زۆر روون و رەوان بوو کە ئێمە هیچ چالاکییەکمان رانەدەپەڕاند کە دژ بێت لەگەڵ سوریا، لە راستیدا هیچ بڕیارێکیش لە گۆڕێدا نەبوو، ئێمە باش ئەوەمان لە گوێ گرتبوو کە ناتوانین هیچ کارێکی ئەوتۆ لەوبارەیەوە ئەنجام بدەین، ئەوەیش کورتەی باسەکە بوو".

هاوکات گروپە فەلەستینییەکانیش کە دەستگرۆیی کوردەکانیان دەکرد، هەمیشە بەرژەوەندی سوریایان لەپێشچاو دەگرت‌و بەوردی سەرنجیان دەدایە ئەو

مەسەلەیە. سوریایش پشتیوانێکی گرنگ بوو بۆ فەلەستینییەکان، بەتایبەتی لەو جەنگەی کە ئیسرائیل بۆی تواندبوونەوە.

کۆنترۆڵی سوریا بەتەمامی ببووە ئەمری واقیع لە لوبناندا. هەر بۆیە جیهانبینی سوریا دەبوو لەنێو هەموو فەلەستینییە چالاکوانەکانی نێوان سوریەو لوبنان رەچاو بکرایە، بەتایبەتی ئەو گروپە سیاسیانەی کە بارەگا سەرەکییەکانیان لە دیمەشقی پایتەختدا بوون دەبوو رەنگدانەوەی سیاسیی سوریا لە ئەدای کاریاندا نومایان بووایە. مەسعود ئەکیولێ، کە ناوێکی خوازراوی چەپگەرێکی تورك بوو دەیوت:" بەبێ روخسەتی سوریا، هیچ گروپێکی فەلەستینی نەیدەتوانی لە تەڤگەرە کوردیو تورکییە ئاوارەکان نێزیك بێتەوە". ناو براو لەو دەمەیدا هامو شۆی نێوەوەو دەرەوەی سوریای دەکرد، لە شوێنێکی تردا ئاماژەی بەوە دەکردو دەیوت:" روخسەتو بەڵێنی سوریا مەرجی سەرەکی بوو". لە راستیدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە سوریا راستەوخۆ خۆی لە رێکخراوە کوردییەکان تێ نەدەگەیاند، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە سوریا دەیەویست واخۆی پیشانبدات کە ئەو جەنگاوەرە هەڵهاتووانەی ژێر رکێفی دادو ئەمانی تورکیا لە کیشوەری ویدا نین.

گروپە ئۆپۆزسیۆنە کوردو تورکییەکان شوناسنامەیان لەلایەن گروپە فەلەستینییەکان، کوردانی ئێراق، پارتی کۆمۆنیستی سورییەکان، گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی ترو تەنانەت هەندێك کات لەلایەن دەزگای هەواڵگریی سورییەوە شوناسنامەیان بۆ دەکرا . دیارە ئەوەیش تەنا لەپێناو ئەوەدا بوو کە تورەیی بێئەندازەی تورکیا لەمەڕ رەوشەکە رابگرن. کامەران لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە:" ئێمە هەموومان نێوی عەرەبیمان لێنرابوو".

کامەران لەلایەن دەزگای هەواڵگری سورییەوە شوناسنامەی بۆ دەرهێنرابوو، ئەو لە شوناسنامەکەیدا وەك کوردی ئێراقی ئەژمارکرابوو. سورییەکان ئێمەیان ناچارکردبوو کە ئەو شوناسنامانە وەربگرین بۆ ئەوەی گەر هاتوو تورکیا داوای کرد

بگەڕێینەوە بۆ زێدی خۆمان، پاساوی ئەوەیان هەبێت کە بڵێن کەسانێك شك نابەین بەشێوەیەکی نایاسایی لە وڵاتدا بن. لە راستیدا سوریا ناکۆکیگەلێکی فرەی لەتەك تورکیادا هەبوو، ئەوان دانوویان پێکەوە نەدەکولا، هەر بۆیە ئەم دەرفەتو دەرەتانەی بۆ گروپە توندڕەو و خەباتکارە یاخییەکانی تورکیا رەخساندبوو، گەر نا هەرگیز بوارێکی لەم جۆرەی بۆ ئەو هەموو گەریلاو خەڵکی جیاجیاو گەجەرو گوجەر نەدەکردەوە کە روو لە وڵاتەکە بنێن[٦٦].

سوریا هەمیشە خوازیاری پارێزگای ئەسکەندەرۆنەبوو، کە لەپاش راپرسی ١٩٣٩ تورکیا توانی بەتەواوی لە ژێر رکێفی سوریا بیهێنێتە دەر. هەر بۆیە سوریا هەرگیز بە فەرمی ئەو پارێزگایەی وەك بەشێك لە تورکیا نەدەناسی. پشێویو پەستی تورکیایش لەوە بوو کە نەخشەکانی سوریا بەردەوام ئەوەیان دەخستە پێشچاو، نێوی پارێزگای هاتایان گۆڕیوەو وەك بەشێك لە وڵاتی خۆیان لە نەخشەدا دیارییان کردووە.

هەروەها زێدەتر ئەسەد نیگەرانی ئەوەبوو، تورکیا مژوڵی دروستکردنی پرۆژەی بەرفراوانی گاپ بوو بەنیازی گلدانەوەی ئاوی رووبارەکانی دیجلەو فورات، تابتوانێت بەو هۆیەوە بۆمەبەستی کشتوکاڵی نێوخۆ یاخۆ بوارەکانی کارەبا کەڵکیان لێوەربگرێت. هەردوو رووباری دیجلەو فورات کە لە تورکیاوە هەڵدەقوڵێن، پاش ئەوەی دیجلە دەڕژێتە نێو بەشێك لە سنوورەکانی سوریاو پاشان دەچێتە نێو ئێراق، هەروەها فوراتیش سەرانسەری سوریا تەی دەکاتو دواتر دێتە نێوخاکی ئێراق، ئەم رووبارانە بەهۆی پرۆژەی گاپەوە دەدەن لەکەمیو وشکیو دەیمیی رووبەکاتە بەشێکی گەورە لە زەوییەکانی سوریا. هەروەها سوریا لەو بڕوایەشدا بوو کە تورکیا داڵدەی ژمارەیەك لە ئەندامانی برایانی موسڵمان، هێزی چەکداری

[66] Information on Syrian-Turkish discontent largely drawn from Makovsky, "Defusing the Turkish-Syrian Crisis," and Daniel Pipes, "Hafiz al-Asad Should be Careful," *Turkish Times*, Dec. 15, 1994

ئۆپۆزسیۆنی دابوو کە هەستابوون بە هێرشێکی هەمەلایەن بۆ سەر حکومەتی سوریا بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە ئۆجەلان و هاوەڵەکانی پەڕیبوونەوە بۆ نێو خاکی سوریا[٦٧].

لەم رەوشەدا سوریا تەنها هەڵبژاردنێکی لاوازی لەبەردەمدا بوو، لەکاتێکدا فشارەکانی تورکیا بۆ سەر خاک و خەڵك رووی لە زیادی دەکرد، هەر بۆیە تورکیا لە رووی دانیشتوان و خاکەوە کە پێنج جار قەبارەی هێندەی سوریا دەبوو فرە بەئاسانی لە بگرەو بەردەکەدا دەیدۆڕاند. هاوکات تورکیا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەندامی ناتۆو هاوپەیمانێکی بەبەهای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. سنوری تورکیا لەتەك بەشی خۆرئاوای دووری یەکێتی سۆڤییەت، ئەوەی دابیندەکرد کە بەلایەنی کەمەوە لە بگرەو بەردەکانی جەنگی ساردا ناکرێت دەستبەرداری تورکیا ببن.

ئەسەد باش لەو راستییە گەیشتبوو، کە لە رووی سەربازییەوە چەنسێکی ئێجگار کەمی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت دژ بە تورکیا بوەستێت. هەر بۆیە باشترین دەر فەت بۆ سوریا کە کاربکاتە سەر سیاسەتی تورکیا پەیدا کردنی گروپ و دەستەیەك بوو کە زۆرانبگرێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا. هەر بۆیە گەڕان بۆ دۆزینەوەی نوێنەرو نێوەندێك نا ململانێ هەرێمییەکان بەقازانجی سوریا هەڵسوڕێنێت شتێکی نوێ و نادان نەبوو بەنیسبەت سوریاوە. لەراستیدا سوریا دارای رابردوویەکی زەنگین بوو لە پشتبەستن بە هێزو گروپە غەوارەو دەرەکییەکان تا برەو بدات بە ئامانجە سەربازی و سیاسییەکانی خۆی[٦٨].

---

[67] This was a frequent complaint of Syrian officials, who made their views clear to many Turkish and Kurdish militants. Jalal Talabani also discusses
this in Birand, *Apo*
*ve PKK*,
199

[68] For details on Syria's general approach and policy goals see Ehrlich,

بۆ نموونە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان کە سوریا پشتگیریدەکردن، ئێجگار بەسوود بوون، هێرشەکانی ئەوان دژ بە ئیسرائیل زێدەتر کۆمەکی دەکرد بە ئارەزووی ئەسەد بۆ لاوازکردنی کیانی جوو لە نێوچەکەدا، هاوکات ئەوان شوێن پای ئاسایشیی ئەسەدیان لە لوبناندا زێدەتر پایەدارو پتەو دەکرد، کە دەکرا ئەوە بەکاربهێنرێن دژ بە وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە گەر پێویستی بکردایە.

هەموو ئەم دەستکەوتانە دەکرا بەدەستبهێنرێن بەبێ ئەوەی سوریا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێوە بگلێنرێت لە بگرەو بەردەی هەرێمیو مشتومڕی دەرەکییەوە. لە ڕاستیدا سوریا لەپێناو ڕێبەرایەتی کردنی هەرێمەکە کەوتبووە کێبەرکێیەکی سەختو دژوارەوە لەگەڵ ئێراق. ئەودەم کوردانی ئێراق لە پاش هەرەسی خەباتەکەیان لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بەتەواوی دوچاری ڕەشبینیو نامۆبوون ببوون، هەربۆیە لەو قۆناغەدا ئامادەییان دەر دەبڕی بۆ ئەوەی بێنە بەرەی سوریاوە لە ململانێکانیاندا لەتەك ئێراق[69]. لە هەوەڵ ئەنگاودا جەلال تاڵەبانی توانی مافی پەنابەرێتی لە سوریا وەربگرێتو پاشان توانی لە دیمەشقی پایتەختدا ڕێکخراوێکی نوێ بەنێوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابمەزرێنێتو هەوەڵ بەیانی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە لە دیمەشقدا وەشانبکات، هاوکات پارتی سۆشیالیستی کوردستان پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ لە یەکێتی جودا دەبێتەوە، بەهەمان شێوە بارەگاکانی لە دیمەشقدا دەهێڵێتەوە، هەروەها حزبی شویعی عێراقیش کە هاوپەیمانی کوردەکان بوو، دیسانەوە بارەگاکانی لە دیمەشقدا بوون.

---

"Terrorism . . . Syrian Policy" and Maoz, *Asad,* 170–177; information on Syrian-Iraqi relations is taken from Maoz, *Asad,* 112–113, 146–147

[69] Details taken from McDowall, *Modern History,* 343 – 347; see also Montgomery, *Kurds of Syria,* 136–139

دیارە نەرمو نیانی سوریا لەگەڵ گروپە کوردییەکان ئێراق‌و سوریا، ئاماژە نەبوو بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەو رژێمە لەتەك کوردەکانی خۆیدا[٧٠]. چونکە هەمیشە دیمەشق بەوە زەندەقی چوبوو کە کوردەکانی خۆی داوای خۆ بەرێوەبەری بکەن یاخۆ ببنە مەترسی بۆ سەر جڵەوی ئارامی‌و ئاسایشی وڵاتەکەی. هەر بۆیە لە شەستەکاندا نێزیکەی سەدو بیست هەزار هاوڵاتی کورد لە سوریا مافی هاوڵاتیبوونیان لێ زەوتکراو ناچارکران لە هەرێمە بێ پیتو بەرەکەتەکاندا ژیان بگوزەرێنن، ئەوان زۆرێك لەمافە سەرەتاییەکانیان لێ قەدەغە کرا.

کورد بۆی نەبوو موڵك‌و ماڵ‌و ماشینی هەبێت، هاوکات بۆیان نەبوو پاسپۆرتیان هەبێت تا وڵات بەجێبهێڵن یاخۆ پیشەو پێناسی دیاریکراویان نەبوو. هەروەها سوریا هەموو جۆرە پارتێکی سیاسیی کوردی لە وڵاتدا قەدەغەکردبوو، هاوکات هاو شێوەی تورکیای دراوسێی کۆت‌و بەندی بەسەر هەموو جۆرە جموجوڵێکی زمان‌و فێرکاری‌و بڵاوکراوەی کوردییەوە دانابوو. کوردانی سوریا ئێجگار پەست‌و رق پیشاوە بوون لە بەرامبەر ئەو کۆت‌و بەندو سنوورانەی رژێمدا، وەلێ زەبرو زەنگ‌و دڕندەیی رژێم‌و دەسەڵاتداران کە ئەسەد رێبەرایەتی دەکرد، چەنسێکی ئێجگار کەمی بۆ کوردی سوریا هێڵابوویەوە. بەڵام لە قامیشلۆ و لە شارۆچکە کوردییەکانی هاوسنووری تورکیاو سوریا، بەکاریگەریی پەکەکەو گروپە کوردییەکانی دیکە بەجۆش‌و خرۆشێکی زۆرەوە کاریگەرییان لەسەر دانرابوو. هاوکات مشتو مڕو شەڕی نێوان چەندین رەوتی ناکاریگەری کوردی سوریا، کوردانی لە وەهم‌و خورافیات‌و پوچەڵی سیاسەتی ئەو گروپانە هۆشیارکردبوویەوە. هاوکات لەگەڵ مەلا موستەفای بارزانیدا ئەوان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە نەوینە خەبات‌و بوونە پارویەکی چەور بۆ ئامانجەکانی هەڵایسان.

[70] For details see Montgomery, *Kurds of Syria,* and McDowall, *Kurds of Syria*

## ئۆج ئالان پێدەگات

ئۆجەلان هەمیشە خۆی وەك ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بینیوە لە تورکیا. ئێستا کە ئەو لە دیمەشق جێگیر کراوە، کاتی هەبوو بۆ ئەوەی کۆڵینەوە بکاتو بزانێت چ هێزێك مابوونەوە بۆ ململانێکان[71]. توندڕەوترین ڕێکخراوەکان لە هەوڵی دووبارە دامەزراندنەوەدا بوون، ئەوان بەشی زۆریان لە زینداندا بوون ، ڕێبەرە ڕزگاربووەکانیشیان نەیاندەزانی پلانی دابێو داهاتوویان دەبێت چیبێت. هەموو بەڵێنو پەیمانێك کە چەپڕەوە کوردو تورکەکان دابوویان تێکڕا بە کارەسات کۆتاییان هات. فەرمانڕەوایی بە زەبرو زەنگی ڕژێمی سەربازیی هەرگیز تا ئەو کات ئەزموون نەکرابوو. مەتین کەهرەمان کە هاوسۆزێکی چەپ بوو، ٢٥ ساڵ پێش ئێستا وتبووی: " هەموو کەس لە شۆكو شپرزەییدا بوو، من بۆ خۆم تێکشکابووم" . لەراستیدا بە ڕوودانی کۆدەتاو تەنانەت تا یەك دوو ساڵێك پاش کۆدەتایش لێرەو لەوێو لە چەند شوێنێکی دوورو دابڕاو و تەقو تۆقو لە ڕوو وەستانەوەی میریی ڕوویدەدا. وەڵێ ڕاستییەکەی ئەو وردە بەرەنگارییانە هیچ ئەنجامو جۆشێکی نەدایە ڕەوشەکەو بگرە نەهامەتیو نانیانی زێدەتر پەرەی گرت[72] .

لە بۆ ئۆجەلان توانەوەو داڕمانی سەرلەنوێ جەماوەریی گروپو پارتە سیاسییەکان مایەی پرسیار نەبوو. بەڵکو لە مەژگی ئۆجەلاندا ئەو ڕەوشە تەنها

---

[71] The analysis of Ocalan's activities and plans during this period is based on interviews with those who had contact with him during this period. It also draws on the unpublished English-language copy of Mesut Akyol's political autobiography, "A Slice of My Life." Information about the 1st Conference comes from Birand, *Apo ve PKK,* 116–117, Imset, *the PKK,* 32–33, and Celik, *Agri,* 53–54

[72] Quoted in "Express" dergisi, Sept. 2005, 58

هەنگاوێك بوو بۆ نومایانی تواناکانی رێبەرایەتی کردنی رەوشەکە. وەك ئەوەی چەند سالێك پێشتر ئاماژەی پێدابوو. ئۆجەلان بڕیاری دەرباز بوونی لە تورکیا وەك کارێکی خود سەرانە وای دەهاتە پێشچاو کە نەك تەنها خودی خۆی بەڵکو رێکخراوەکەیشی لە تەڵەو تەڵەزگەی مەرگ ترازاند. هاوکات لەپاش کۆدەتا ئەوی کردە پێشەنگو پاڵەوانی ئەو ململانێیەی کە لەنێو تەڤگەری شۆڕشگێڕی تورکیدا دەستەو یەخەی ببویەوە. ئۆجەلان هەمیشە دەیگۆت:"ئەوان دووساڵ لە پاش من توانیان دەرباز بن، پاش ئەوەی دەستیان لەبنی هەمانەکەوە دەرچوو بوو. رێکخراوەکانیان لە دەست دابوو."

لە شوێنێکی دیکەدا دەیگۆت:" لە بەر ئەوەی پێش کۆدەتا توانیم قوتاریم، توانیشم گیانی سەدان لە هاوسەنگەرانم بپارێزمو بە نەزمێکی دروستیش راهێنانیان پێبکەم"[٧٣]. لەم کاتەدا رێبەری پەکەکە بڕیاری دا دەستپێشخەری ئاشتی بکەن لە گەڵ تەواوی تەڤگەرەکانی چەپی تورکو کورد داو پەرەیەکی هاوبەش دژ بە رژێمی سەربازی تورکیا پێك بهێنن. ئەگەرچی ئەم بانگەشەیەی ئۆجەلان تەنها مەکرێکی سیاسیی بوو، لە هەمانکاتدا هەوڵێکی جدیش بوو تا هەموو ئەوانی تر لە نێو بازنەی پاتەکەی خۆیدا جێگە بکاتەوە، هاوکات هەوڵێکیش بوو تا لە رێگە کۆنەکانی کارکردن لەگەڵ ئەو گروپانە قوتارببێتو ئەم جارەیان لەنێو پارتەکەی خۆیدا بیانتوێنێتەوەو لە نێزیکەوە دەستو پەنجەی لەتەکیاندا نەرم کات. هەر بۆیە بە درێژی لە نامەو پەیامەکانیدا کە بۆ رێبەران چەپی تورکی دەنارد لە ئەورووپا، ئەو نیاز پاکیو دڵسۆزی خۆی لە ئامانجو ئایەی خەباتەکەی ئاگاداردەکرنەوە.

مەسعود ئاکیۆڵ یەکێك لە رێبەرانی پێشووی بزووتنەوەی چەپی تورك کە ناسراو بوو بە دەڤ یۆڵ یاخۆ رێگای شۆڕشگێڕیی لەم ساڵانەی دوایدا ژیاننامەی سیاسیی خۆی نوسیی، ئەو لەوێدا وتبووی:" ئاپۆ لە نامەکەیدا ئاماژەی دابوو بە

---

[73] Birand, *Apo ve PKK,* 111

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی تورك". هەروەها مەسعوود ئاماژەی بەوەدابوو کە جەنگی سەربەخۆیی تورکیا ئەنجامی هاوپەیمانی لە نێوان کوردو تورکدا بوو. ئاپۆ هەمیشە دەیگوت ئەدی ئێمە بۆ ناتوانین هەمان ئەو کارە بکەین کە باپیرانی دەرەبەگو بۆرجوامان بەدەستیانهێنابوو"[٧٤]. دەڤ یۆل کە بەهێزترین رێکخراوی توندڕەوی چەپ بوو لە تورکیا، لە پاش کۆدەتای ١٩٨٠ بەتەواوی هەڵوەشابوویەوە.

زۆرینەی ئەندامەکانیان یان لە زینداندا مردبوون یاخۆ لە وەختی دەستگیرکردنو هەڵهاتنیاندا کوژرابوون. مەسعود ساڵی ١٩٧٧ پاش ئەوەی بەتۆمەتی پروپاگەندە بۆ کۆمۆنیزمو کورد ٨ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپابوو، لە وڵات هەڵدێت. ئیتر لە دەرێ ببویە رێبەری دیفاکتۆی بزووتنەوەکە.

لە راستیدا پەیامەکەی ئۆجەلان چارەسەری گەلێ تەنگو چەڵەمەی لە خۆ گرتبوو، کە تا ئەوکات چەپەکانی تورك گازاندەیان لە رەوشی لێکترازانی ریزەکانیانو ئەو شکستە گشتییەی کە روویکردبوویە هەموویان هەبوو. ئاکیۆل نوسیبووی:" پێشنیازەکەی ئۆجەلانم گەلێ کاریگەر دەهاتە پێشچاو". هەروەها گوتی:" کاتێك پێوەندیم دەکرد بە هاوەڵەکانمەوە لە بارەی پەیامەکەی ئۆجەلان، ئەوانیش پێیان دەگوتم هەمان پەیامان لە ئۆجەلانەوە بۆ هاتووە، ئایا بۆ لە بارەی وتەکانی ئۆجەلان هەڵوێستە ناکەنو بۆچی گوێناگرن داخۆ ئەو لە بارەی چییەوە دەدوێ"[٧٥].

لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ دا ئاکیۆڵ لە رێگەی فڕۆکەوە گەشتی کرد بۆ دیمەشق، تا لە نێزیکەوە لەگەڵ ئۆجەلان وتووێژبکەن. لەوێ ئۆجەلان میوانەکەی برد بۆ تەماشاکردنی بنکە سەربازییەکانو شوێنی راهێنانی گەریلاکان لە حلوە. لە راستیدا

---

[74] Akyol, “Slice of Life,” 6
[75] Ibid., 6

بۆ ئاکیۆلو هاورێکەی ئامادەسازیی بۆ شۆڕشێکی چەکداریی خەونێك بوو کە لەوێندەر ڕێگەیەکی زۆر درێژیان بینی بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئەو خەونە. ئیتر هەرکە ئاکیۆل گەڕایەوە بۆ کیشوەری ئەوروپا، لەوێ بیَ چەندو چوون بە هەمو لای ڕاگەیاند کە ئۆجەلان لە غایەلەی ئەوەدایە خەباتێکی چەکداریی لە هەمبەر ڕژێمی تورك لێنەوێت، هەر بۆیە فرە بەجدی بۆ کارەکەی کاردەکاتو دەخوازێت لەتەك گروپە ڕکابەرەکانی پێکەوە کاربکەنو هەموو گێرمەو کێشەو توندوتیژییەکانی رابردوویشی فەرامۆشکردووە.

لەپاش چەند مانگێکی کەم، هەردوو لا لەبارەی ئەوەی چلۆن هاوپەیمانییەکەیان دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت وتوێژیان کرد. کاری ئەوان وەستان بوو لەسەر ئەو گریمانانەی کە تەنها خەباتی چەکداریی دەتوانێت ڕژێمی سەربازی ناچاربکات دەستبەرداری هێزو هاتو هاواری توندوتیژیی بێت. هەربۆیە تەنها خەباتی چەکداریو جەنگانی تورکو کورد لە سەنگەرێکداو بە هاوبەشی دەتوانن تێکۆشانێکی دروست بە ئاکامبگەیەنن. ئاکیۆل گوتبووی:"ئاپۆ ئەوەی روونکردبوویەوە، کە لە خوارێدا( کوردستان) خۆیان نومایان دەکەن، ئێمەیش لە سەرێرا (شارەکان)" وەلێ زۆرێك لە ئەندامانی دەڤ یۆل فرە دڵکرمیو خوتخوتەی راستیو دروستی نیازی پەکەکەیان بوو، ئەوان دەیانپرسی ئایا بەراستی پەکەکە دەیهەوێ واز بێنێت لە هێرشو دەستدرێژی بۆ سەر نەیارەکانی، لە کاتێکدا ئەو نەزمە پێناسەی پێشوو تری پەکەکەو ستراتیژی ئاپۆچییەکان بوو.

ئاکیۆل سەرانسەری ئەوروپا دەگەڕاو گروپو تاقمە چەپەکانی دیکەی لەمەڕ پەیامەکەی ئۆجەلان و بەرەی پێشنیازکراو هۆشیاردەکردەوەو ئەوەی بە هەموان رادەگەیاند کە ئۆجەلان نیازو نواڕینی رابردووی لە هەگبەدا نییەو کاری لەو جۆرە لە داهاتووی پەکەکەدا دووبارە نابێتەوە. لە شوێنێکی تردا ئاکیۆل روونی کردەوە کە ئەمە مەرجی بنچینەیی ئێمە بوو.

هاوکات ئۆجەلان لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆشنوودی خۆی بۆ گروپە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی دی دەربڕێتو پەیامەکانی دەناردە دەرێو دەیخواست لەتەك ڕێبەرە کوردییەکانی دیکەدا دیدارو وتوێژ بکەن. هەوڵی ئۆجەلان بۆ دانوستانو ئاشتی هەوەڵجار لەلایەن ڕێبەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانییەوە پێشوازیلێکرا. جەلال تاڵەبانی لەوکاتەوەی هەڵکەنرابوو بۆ نێو سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئێراقو ئێران، لە سەرو کاریی ئەوەدا بوو کە بگەڕێتەوە بۆ سنووری سوریا. " من ناوبژیوانیم کرد"، جەلال تاڵەبانی ئەوەی وت بە موحەمەد عەلی بیراندی ڕۆژنامەنووسی تورك" من دەمهەویست زاڵبم بە سەر جیاوازییەکان لە تێروانینەکاندا یان هیچ نەبێت کۆتایی بهێنم بەو کوشتو بڕەی لە نێوانیاندا هەیە"[٧٦].

بەمجۆرە تاڵەبانی هامڕا لەگەڵ حزبی شویعی ئێراقیو پارتە جۆراوجۆرە کوردییەکانی سوریا کەمال بۆرکایان ناچارکرد تا وتوێژ لەتەك عەبدوڵا ئۆجەلاندا بکات. کەمال بۆرکای ڕێبەری پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا بوو. پارتەکەی ئەو یەکێك بوو لە کاریگەرترین پارتە کوردیو تورکییەکانی تورکیا. بۆیە لێك نێزیکبوونەوە لە نێوان ئەو و ئۆجەلاندا دەکرا ڕێگەی نێزیکبوونەوە لە نێوان پارتو گروپەکانی تریش خۆشبکات. بورکای لە ئەورووپا دەژیا، ئەویش وەك ئۆجەلان پێشبینی ڕوودانی کۆدەتای کردبوو، هەربۆیە پێش ڕووداوەکە قوتاربببوو. بۆرکای جارەجارە سەردانی سوریای دەکرد، چونکە لەوێ بەشێك لە نوێنەرانی گروپەکەی پارێزرابوون.

ڕەخنە توندەکانی سەر پەکەکە لە هەمبەر هێرشەکانی بۆ سەر نەیارەکانی، لە سەرەتاوە ڕێگر بوون لە برەودان بە ئایدیاکە. هاوکات کوشتنی چالاکوانێکی پارتەکەی بورکای لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە لە مانگی سێی ١٩٧٩دا ،

---

[76] Quoted in Birand, *Apo Ve PKK,* 194

هۆکارێکی تر بوو کە بورکای باوەڕ بە ئۆجەلان نەکات. بۆرکای دەیوت:" گروپەکانی دی پێمان دەڵێن پەکەکە کەوتە هەڵەوە، ئێستا ئێوە رازیبوون بەهەڵەکان". هەروەها دەیوت:" گروپەکانی دی پێیان خۆش نەبوو بەوەی من چ دەڵێم، ئەوان وایان دادەنا پەکەکەیش هەر کوردن". بەمجۆرە هەریەك بە شتێك ئەوی دی تاوانباردەکرد، لە راستیدا ئەوە زۆربێمانابوو کە بەو تەوسەوە هەستێك هەبوو بۆ یەکتر تاوانبارکردن. لەلایەکی تریشەوە هەندێك دەیانوت ئێستا ئۆجەلان لە تورکیادا نییە، کەواتە وەرن با هەوڵبدەین گروپەکە بگۆڕین.

دواجار لەگەڵ بوونی کەمێك لامو جیمیدا، بۆرکای ملیدا بۆ ئەوەی لەتەك ئۆجەلاندا قسەبکات. هەردووك لە ماڵێکدا لە پێتەختی سوریا کە ئەندامانی پارتەکەی بۆرکای تێدادەمانەوە، یەکتریان بینی. ئەوان سێ تا چوار ساڵ بوو کە دواین جار لە ئەنکەرەی پێتەختی تورکیا یەکترییان بینی بوو. ئەوکات ئۆجەلان پیاوێکی گەنجی سەرگەرم بوو، مژوڵی ئەوە بوو پارتێکی تایبەت بەخۆی چێبکات. ئۆجەلان ئەوکات لەتەك هاورێیەکیدا هاتنە دیداری بۆرکای لە ئۆفیسەکەیدا کە کاری پارێزەری دەکرد.

ئەوان لە گەرمەی مشتومڕی شێوازی خەباتو چالاکیدابوونو لەو تەوەرەیەدا دەسوڕانەوە ئایا کوردستان داگیرکراوە یان نا؟. بۆرکای کتێبێکی تەنها لەبارەی ئەو مشتومڕانەوە نووسیبوو.

بەهەر حاڵ ئۆجەلان شادومان بوو بەوەی کە توانیویەتی رێگەی راست بپێکێت. ئۆجەلان لەو دەمەدا دەهاتە کن بۆرکای تا نێزیکتر لە بنەمایەکی یەکسان کاربکەن. بۆرکای دەگێڕێتەوە:"دادەنیشتینو پێکەوە دەدواین". هەروەها دەیگوت:" ئۆجەلان گازاندەی لەخۆی دەکردو دەیوت کە وەك رابردوو نابین". لە مشتو مڕو دانیشتنەکاندا پێنچ کەس لە گۆرێدا بوون کە تاڵەبانی یەکێك بوو لەوانە. هەروەها بۆرکای دەگێڕێتەوە:"وتم بە ئۆجەلان، هەموو ئەمانە هەڵە نەبوون، تۆ دەتکوشتن،

تۆ بەرنامەیەکت هەڵبژاردو هەوڵت دەدا گەلەکەمان وەك دوژمن تەماشامان بکات، هەڵەکە ئەمە بوو، گەر ئەم کردەوانەت هەڵەبوون، ئێستا پەیامێك بڵاوبکەرەوەو بڵێ کە رابردوومان هەڵە بووە، ئەمانە دوژمن نیین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە لە سەنگەرێکدا کار بکەین". وەلێ بۆرکای لە بیست ساڵی رابردوو زێدەتر لە ئۆجەلان‌و کارو کردەوەکانی ناجۆرو نائومێد بوو. رێکخراوە کوردییەکانی تریش بە پێی وتەی بۆرکای هەر هەمان داواکارییان لە ئۆجەلان هەبوو، ئەوانیش رازیبوون بەوەی ئۆجەلان میتۆدی رابردووی بگۆرێت‌و دان بنێت بە هەڵەکاندا، ئەوکات پێکەوە دادەنیشن‌و باس لە ئەگەرەکانی کارکردنی هاوبەش‌و پێکەوەیی دەکەن.

پاش ئەوە بەماوەیەکی کەم، پەکەکە یەکەم کۆنفرانسی خۆی گرێدا، ئەوە هەوەڵ گردبوونەوەی بەرفراوانی پەکەکە بوو لەماوەی دامەزراندنییەوە وەك پارتێکی سیاسیی. لە گردبوونەوەکەی ٢٥- ٢٦ی تەمووزی ١٩٨١ لە کەمپی حلوە نێزیکەی ٨٠ کەس لە هەڵسوڕاوانی پەکەکە ئامادەبوون. خاڵی گرنگ لە کۆنفرانسەکەدا جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی کە چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی گروپەکە پایەداربێت‌و جارێکی تر دەستبکاتەوە بەخەبات لەنێوخۆی تورکیا دا. هەروەها بڕیاردرا تا بەنەزمێکی رێکخراوەیی برەو بدرێت بە چالاکی‌و کردەوەی رامیاریی لە نێو کوردانی ئەورووپادا. هاوکات لەدارشتنی پلاندا بوون تا دەستبدەنە چەك لەنێوخۆی تورکیادا. وەك ئەوەی بۆرکای‌و ئاکیۆل‌و ئەوانی دیکە داوایانکرد لە ئۆجەلان تا رەخنە لە رابردووی کارەکانی بگرێت، خواستەکانی ئەوان بۆ پاشگەزبوونەوەی ئۆجەلان بوو لە رابردووی بیرو سەرنج‌و وتەکانی‌و وەستان بوو لە رووی کردە توندو توند رەوییەکانی پەکەکە. رەخنەکان هاوڕا لەگەڵ بەیانێکی نوسراوی شایستە بوو لەبۆ رێکخراوی توندڕەوی دەڤ یۆل یش. بەمجۆرە ساڵی دواتر بەرەی شۆڕشگێڕانی یەکگرتوو دژ بە فاشیزم راگەیەنرا. کە پەکەکەو دەڤ یۆل‌و نێزیکەی پێنج پارتی گچکەی چەپی لەخۆگرتبوو[77]. دەڤ یۆل‌و پەکەکە لە ئەورووپایش ئەنجومەنی

[77] For further details on the Front, see Celik, *Agri,* 63–64; for informa-

ئەورپیی–بیرلیك كۆمۆنیستییان تامەزراند، ئەم ئەنجوومەنە بووە نێوەندێكی گرنگ بۆ بەرهەڵستكارە چەپەكانی تورك بۆ خەملێنی ئەنجومەنێكی سەربازیی. هاوكات لە سووریایش هەردوو گروپەكە ستافێكی هاوبەشیان پێكەوەنا تا پلان دابڕێژن بۆ جموجوڵو خەباتە سەربازییەكەیان. هەروەها دیڤ یۆل بەشێوەیەكی سەربەخۆ دەستی دایە ناردنی ئەندامەكانی بۆ سووریاو لوبنان تا لەگەڵ بزووتنەوەی فەتحی فەلەستینیدا خۆیان بۆ كردە سەربازییەكان رابهێنن. وەلێ هەوڵەكانی ئۆجەلان بۆ كەمەندكێشكردنی پارتە كوردستانییەكانو گردكردنەوەیان لە بەرەیەكدا دوچاری تەنگو چەڵەمە بوویەوەو شكستی هێنا.

بۆركایو بەرپرسە كوردەكانی دی ئەوانەی لە پێش كۆدەتادا بەهۆی توندووتیژییەكانی ئۆجەلانەوە لەتەمەیان بەركەوتبوو، نەیان دەتوانی باوەڕ بە دروستی بۆچوونەكانی ئۆجەلان بكەنو پێیان وابوو بانگەشەكانی ئۆجەلان هیچیتر نییە جگە لە مەكرو مەیلی سەركردایەتیكردنی تەفگەرەكە.

هەندێك لە چالاكوانە كوردەكانی تر پەلّپی ئەوەیان دەگرت لە ئاكیۆڵ كە هاوپەیمانییەكەی لەتەك ئۆجەلاندا جۆرێك شەرعییەتی داوە بە ئۆجەلان كە لە راستیدا شیاوی ئەوە نەبوو. خەجۆ یەشار یەكێك لە رێبەرانی ئالآی رزگاری هۆشداری دایە ئاكیۆڵ، كە بەلێ ئەو مژولّی هەڵەیەكی مەزنە. خەجۆ دەیوت:" هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووین ئەو پیاوە بگۆڕێت، لەكاتێكدا پەكەكە ئاتاجی بە خوێن بوو".

## پەكەكە لە ئەوروپا

پەكەكە هەمیشە رێژەیەكی كەم لە ئەندامانی لە ئەوروپا دا هەبوون، وەلێ لە نێوەندی ١٩٨١ دا پێنج لە بەرپرسە بالآكانی ناردنە ئەوێ تا بتوانن كۆمەك بە چالاكیو چەلەنگییەكانی پارتەكە بكەنو بازنەی كردەكانیان فراوانتر بكەن[٧٨]. لە

---

tion on internal Dev-Yol debates on the alliance by a leading member, see Aslan, *Devrimci-Yol,* 63–99

[78]Details on PKK operations and other militant groups in Europe in the

راستیدا ڕێگەی گەیشتن بە ئەورووپا بەبێ ئەوەی ئاتاج بە پاسپۆرت بێت ئێجگار ئاسان‌و بۆ لوواو بوو. هەندێك لەوانەی سنووریان دەبڕی، ئەوانە بوون کە لەداخ‌و دەستی دەسەلأتدارانی تورکییە دەربازببوون. باوترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی پاسپۆرتی ساختە، کەڵك وەرگرتن بوو لە پاسپۆرتی خانەوادە یاخۆ کەس‌و ناسراوێکت، پاشان وێنەکەیت دەگۆڕی‌و لە دیمەشقێدا سواری فرۆکە دەبوویت بەرەو ئەوێندەر.

ئیبراهیم ئایدن لە ئامازەیەکیدا وتبووی:" لە سوریادا بە پارە دەتوانی هەموو شتێك ئەنجامبدەیت"، ناوبراو بۆخۆی لە ڕێگەی فرۆکەوە تکتی سوریەی بۆ ئاڵمان بڕی بوو. دوواجار ئەورپا بوویە نیشتمانی نێزیکەی دوومليۆن، کە پێیان دەگوترا میوان. زیاتر لە نیوەی ئەوانەی کە لەتورکیاوە ملی ڕێگەیان گرتبوو لە وڵاتی ئاڵماندا گیرسابوونەوە. ئەم وڵاتە لەلایەن گروپە خەباتکارەکانەوە وادەبینرا کە ژینگەیەکی باشە بۆ کەمەندکێشکردنی پشتیوانانی پرۆژە سیاسیەکەیان‌و گلێرکردنەوەی کۆمەکی دارایی‌و داهات .

هاوکات ئەورووپا پۆ چالاکوانەکان جایەکی ئێجگار سەرنج ڕاکێش‌و سەرحاڵبوو، هەر بۆیە پاش بالأدەستبوونی تورکییە بەدەیان هەزار هەڵسوڕاو ڕوویان ن لەو

---

early 1980s benefited from interviews with Kemal, Burkay, and former Turkish
leftist leader Ertugrul
Kurkcu. General information on the situation of political
refugees
taken from
Info-Turk,
*Black*
*Book*

نوێیه نا[٧٩]. مەسعود ئاککۆل ئێژێ:"لەسەرەتاوە چەپخوازەکان ئەوروپایان بە ئیمپریالیست نێودەبرد، وەلێ کاتێك گەیشتنە ئەوێو دالدەدران، ئیدی هێند ژینگەکەیان لا پەسەند بوو، بە ئەوروپا سوێندیان دەخوارد".

ئەو یەکێك بوو لەوانەی لە١٩٧٧ دا لەبەر جەوری رژێم هەڵهاتبوو، ئیدی لە رێگەی سوریاوە خۆی گەیاندبوویە وڵاتی ئاڵمانو داوای مافی پەنابەری کردبوو.

ئاکۆڵ هەر لەسەرەتاوە دەیزانی نەزمی دێموکراسی ئەوروپا جێگەی ئەو دەکاتەوە. خاڵی دووەم لە ملنان بەرەو ئەوروپا دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئەوێ پەسەندو پەنای پاڵەو کرێکار بوو. دەستپێکی کاری رێکخراوەیی پەکەکە لە ئەڵمانیاوە دەستی پێکردو پاشان بەرەو وڵاتانی هۆڵەنداو سویدو فەرەنسا تەشەنی سەند. سەلمان ئەرسلان دەیوت:" لە سەرەتادا پەکەکە لەنێو پەنابەرەکاندا زۆر کاریگەرو کردە دەرکەوت، بەتایبەتی لەنێو ئەوانەی لەنێوچە دێهاتییەکانەوە هاتبوون" پەکەکە بۆ خۆیشی گرنگی دەدا بە رێکخستنی ئەوانەی کە دەگەیشتنە ئەوروپاو ئەمەیش زێدەتر ئەوانی گەرمدەکرد بۆ خۆ پێچاندن لە پەکەکەوە. نێوەندگەلێك بۆ چالاکی نواندنی پەکەکە لە ئەوروپا برێتی بوون لە پانە کلتورییەکان، ئەوانیش بریتی بوونی لە قاوەخانەکان، هۆڵەکانی خوێندنەوە، دامەزراوەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیو نێوەندەکانی مشتومڕ.

لەوێدا ئایدیاکان خەڵکەکەیان گۆشدەکردو پێدەگەیاند. ئەرسلان دەیگوت:" یاریدەیان دەدرا بۆ خستنە رووی گرفتەکانیانو کۆمەککردنی یەکتریو زێدەتر پەیوەستییان بەیەکەوە". ئەرسلان بۆ خۆی کۆمەڵەی فەرهەنگیو کرێکارانی فرانکفۆرتی لە ١٩٨١ دا دامەزراند. هاوکات تەنگو چەڵەمەو ناسۆریی زیندانیانی سیاسییو سەرکوتی سەربازیی نێو تورکیا، زێدەتر ئەجێندای کاروو چالاکی گروپە

---

[79] About 110,000 people applied for political asylum in Europe after the military coup, *Black Book,* 234

خەباتکارەکانی لە ئەورووپادا برەو پێدا. لەناوخۆی ولآتدا تەواوی پارتە سیاسییەکان‌و گروپ‌و کۆمەڵە فەرهەنگییەکان‌و سەندیکا کرێکارییەکان داخران‌و بەتۆمەتی هاوسۆزییان بۆ رەوتی چەپ‌و کۆمۆنیست رۆژنامەو گۆڤارو نێوەندە ئەکادیمییەکان یاساغکران.

هاوکات جارێکی تر دەستوری بنچینەیی نوسرایەوەو تێیدا زێدەتر کۆت‌و بەندەکان توندکرانەوەو کۆلآنەکانی ئازادی لەولآتدا تەسکتر بوونەوە. لەو دەستوورەدا ئەوە دەخوێنرایەوە کە بەڵێ تورکیا ولآتێکی فاشیستەو بەبێ شۆڕش ناتوانرێت هیچ نەزمێکی دیموکراسی بچەسپێنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا گرتنی بەکۆمەڵ‌و دادگا سەربازییەکان برەویان سەند، جگە لەوەیش راپۆرتەکان ئاماژەیان دەدا بە زەبرو زەنگ‌و ئازادرانی زیندانییەکان‌و کوشتن لە ژێر سزادا. بەم جۆرە دادگا سەربازییەکان‌و لەسێدارەدانی زیندانیان، لەگەڵ ناچارکردنی زیندانیانی کورد بە گوتنەوەی سرودی نیشتمانی تورك‌و سوکایەتی‌و ئازاردانی دەروونی گەیشتبووە لوتکە، دواجار لەکاردانەوەی ئەو رەوشەدا ئامادەکاری‌و زەمینەی فراوانبوونی بازنەی بەرهەڵستکاریی لە دەرێ کاری بۆکرا.

پەکەکەیش وەك گروپە بەرهەڵستکارەکانی دی لە ئەورووپا راهاتبوو بە برەودان بە ئەجێندای سیاسیی تایبەت بەخۆی. هاوکات نەبەردی زیندانیانی پەکەکە لە گرتوخانەکانی دیاربەکردا، بەتەواوی جەماوەری پەکەکەیان ئاڕاستە دەکرد، کاردانەوەی رێبەرە بەندکراوەکانی پەکەکە لە درندانەترین گرتووخانەکانی تورکیادا ئامێزی خەڵکی نارازییان بۆ پەکەکە کردەوە.

لە راستیدا ئەندامانی دیکەی گروپە کوردییەکانی تر هەوڵیاندەدا لەبەرامبە رژێمی دیسپۆتیزم‌و واقیعەکەدا بووەستنەوە، وەلێ ئەندامانی پەکەکە لە زیندانێدا زۆرینە بوون‌و بەتین‌و تاوتر دەیانتوانی رووبەروو ببنەوەو نەبەردی ئەنجام بدەن[٨٠].

[80] The description of abuses inside Diyarbakir prison was taken from

مەهدی زانا سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر لەوبارەیەوەو لەسەر مەشهەدی نێو زیندانەکان نوسیبووی:"هەموو شەوێك فەریادو هاواری پیاوان، کە لەژێر زەبری شەلاق و سزادا بەرزدەبووەوە دەژنەورا". مەهدی زانا هاوسۆزو هەواداری پەکەکە نەبوو. لە پاش کۆدەتای ١٩٨٠ وە توندی زیندانی سەربازی دیاربەکر کرابوو. ناوبراو باس لە ناڵەو فیغانی زیندانییەکان دەکات لە شەواندا، دەنوسێت چۆن هاتوو هاواری گرتووەکان تێکەڵ بە لوورە لووری ئاژەڵان دەبوو، لە ڕاستیدا ئەوە نەزمێك بوو بۆ چەشتنی ئازاری دەروونی لەناو ناخی هەر تاکێکدا"[81]. زیندانییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر ئازاری جەستەیی و گیانییان ڕووبەڕوودەبووەوە، لەوانە دەیانخوساندن لەنێو حەوزی پڕکراو لە بۆگەنی و پیسیی، هاوکات سەگی هاریان تێبەردەدرا یاخۆ ناچاریان دەکردن بە پۆشاکی ژێرەوەیان لەسەر سەهۆڵ و بەفردا رابکشێن، هاوکات لەنێو مارو مێروو مشکدا جێیان دەهێشتن و ئاوی خواردنەوەیان تێکەڵ بە تایت و سابووناو دەکردن. هەروەها لەپێناو ئەنجامدانی خواستەکاندا زیندانییەکان تاڵ و ترشی زۆریان چەشت، ئەوان ناچاردەکران هاوار بکەن و بڵێن شانازی بەتورکبوونمانەوە دەکەین، هاواریان دەکرد تورك شیاوترین و بەئەرزشترینە لەتەواوی جیهاندا"[82].

لە شەوی ٢١ی مانگی ئازاری ١٩٨٢ کە هاوکاتە لەگەڵ هەوەڵ ڕۆژی ساڵی نوێی کوردی، مەزڵوم دۆغان کە هەڵسوراوێکی کارای پەکەکە بوو لە زیندانێدا، وەك نومایانی ناڕەزایەتی و بەرخودانێکی نێو زیندان گیانی خۆی بەختکردو خۆی

---

Zana, *Prison No. 5,* and interviews with former prisoners. There are numerous books in Turkish about Diyarbakir prison; see especially the personal memoir of lawyer Kaya, *Diyarbakir'da Iskence,* and the Internet site about the prison, www.diyarbakirzindani.com, organized by former PKK prisoner Selim Curuk-
kaya

81 Zana, *Prison No. 5,* 26

82 Ibid., 19

خنكان. له ١٨ی مانگی پێنجیشدا چوار ئەندامی دیکەی پەکەکە لە زینداندا خۆیان سوتاند، لە ١٤ی مانگی شەشی هەمانساڵدا لەپێناو دوایهێنان بە رەوشی تۆمەتبارکردنو دەستدرێژی بۆ سەریان، چەندین ئەندام مەرگیان هەڵبژارد، هاوکات لەگەڵ مانگی ئەیلولی هەمانساڵدا چوار کادێری پێشکەوتووی تری پەکەکە لەو پێناوەدا گیانیان سپارد. راپۆرتو هەواڵی نەبەردی زیندانیانی پەکەکە لەو ساڵەدا زێدەتر نێو و ناوبانگی پەکەکەی بلاوکردەوە. ئەرسلان دەگێرێتەوە کە ئەم هۆکارە بووە هۆی جەماوەریی بوونو جێکردنەوەی شوێنی پەکەکە لە دڵو دەروونی خەڵکدا.

هاوکات هاندەرێکیش بوو تا خەڵك تەرکیزی زیاتر بخەنە سەر پەیامو پێرەوی پەکەکە. ئەندامانی پەکەکە یش لە ئەورووپادا بەردەوام بوون بۆ پێداگریکردن لەسەر ساغکردنەوەی ئەو بروایەی کە خەباتی چەکداریی تەنها رێگەی تێکۆشانە بۆ رزگارکردنی کوردستان.

گروپە کوردییەکانی دیکە لەم رەوشەدا یان باوەڕیان وابوو کە رەوشەکە وەختێکی گونجاو نییە بۆ شۆڕش یاخۆ دەرگیربوون لەگەڵ مشتومڕە باو و نێوخۆییەکانی دیکە لەمەڕ تەنگو چەڵەمەکە. ئەرسلان نوسی:" ئێمە زیاتر باوەڕدارو یەکلابووینو بێچەندووچوون لێنەویبووین". ناوبراو خۆی وەك مرۆڤێکی بەباوەڕو جدی نومایان دەکرد. دەیگوت ئێمە هەمیشە پێداگربووین لەسەر پێویستی خەباتی چەکداریی دژی تورکیا، ئێمە تەنها بە ووتن ناتوانین هەرگیز مافە زەوتکراوەکانمان بەدەستبهێنینەوە. هەروەها ئەسلان دەیگوت، لە رژێمێکی دیکتاتۆرییەتدا ئەستەمە بتوانین بە رێگەی ئاشتی مافە زەوتکراوەکانمان چنگ بخەین.

## پێکەوەنانی بارەگا لە باکووری ئێراق

چەند مانگێك پاش کۆچی دوایی مەلا موستەفای بارزان، مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان دەستنیشانکرا. مەسعود بارزانی تەمەن ٣٢سالٚ، زیاتر لە نیمەی تەمەنی وەك پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر گوزەراندبوو، ئەو بووە میراتگری ڕێکراوێکی پەرتەوازەو پەرت بە بیروبۆچوونی سیاسیی پەراگەندەو لاوازو شکستخواردوو لەبواری سەربازیدا. هەرەسی جەنگو ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەتەك بەغداد ٤سالٚ بوو قەومابوو. هەرەسو ئاشبەتالٚی شۆڕش پاش ڕێکەوتننامەی دیپلۆماسیی نێوان تارانو بەغداد، پارتی دێموکراتی کوردستانی لە پاشاگەردانییو بێنەزمیدا هێشتەوە، دواجار هەندێك لە ئەندامانی ئاست باڵای پارتەکە جودابوونەوەو پارتی سیاسیی تایبەت بەخۆیان پێکەوەنا. یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێك بوو لە پارتە سەرەکییە نوێیەکان، ئەم پارتە سیاسییە لە نێوچە شاخاوییەکانی باکووری ئێراقدا هەمیشە لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە کێشمەکێشو بگرەو بەردەدابوون[٨٣]. لە ڕاستیدا پێشووتر میریی یاسای خۆبەڕێوەبەری بۆ نێوچەی کوردستان دەرکردبوو، وەلێ لەئاکامی پێکنەگەیشتن بە ئەنجامێکی دروست جەنگ لە نێوان ١٩٧٤–١٩٧٥ هەڵگیرسابوو.

بە کۆتایهاتنی جەنگو شکستی کورد لە گۆڕەپانەکەدا نێزیکەی ١٤٠٠ ئاوایی کورد خاپوورکرانو بەلایەنی کەمەوە ٦٠٠٠٠ کورد دەربەدەربوونو بەتۆپزی لە

---

[83] Details on Barzani and the situation of the Iraqi Kurdish groups at this time draws on McDowall, *Modern History,* 335–347; Gunter, *Kurds of Iraq*37–39; and Ghareeb, *Kurdish Question in Iraq,* 14–28, 187–193. The description of developing PKK-KDP relations utilizes also Ozcan, *PKK,* 228–229; Birand, *Apo ve PKK,* 123–124; and Dagli, *Birakuji,* 20–32

زێدی خۆیان هەڵکەنران. لە رەوشێکی وەهایشداو لە پاش هەرەس هەرچەند کوردانی ئێراق دابەشببوون بەسەر چەند پارتێکی رکابەرو نەیاری یەکتریدا، وەلێ دووبارە قاڵی خەباتی چەکدارییان دایەوە بە گوێی میرییدا.

وەلێ ئەمجارە جەنگ ئەستەم بوو، یادەوەری شکستە چەکدارییەکە نەزمی جەنگو رووبەڕوو بوونەوەی لە نێو کورداندا بێبایەخکردبوو، هاوکات جەنگی چەکداریی نێوخۆی پارتە سیاسییەکانیش هێندەی تر رێچکەی خەباتی خوارو خێچکردبوو.

رووخانی رژێمی شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا، هاوکات دەسپێکی جەنگی نێوان ئێرانو ئێراق، سەرلەنوێ زەمینە کۆنەکەی بۆ کوردانی ئێراق فەراهەم هێنایەوە، دیسانەوە بایەخی کوردان بۆ هێزە هەرێمییەکان نومایان بوو. پارتی لەتەك رژێمی ئیسلامی ئێراندا پێوەندی نێزیکی دامەزراند.

ئێران نیازی بوو یاخیبوونی کوردانی ئێران لە رێگەی کۆمەککردن بە پارتی دامرکێنێتەوە، ئەوان دارای خواستو خولیای سەربەخۆییو مافی ئۆتۆنۆمی بوون لە رژێمی تازە دامەزراوی ئێران.

لە لایەکی ترەوە، پارتەکەی تاڵەبانی بووە هاوپەیمانی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا). یەکێتی بە روانگەی چەپگەرایانەی خۆیەوە یاریدەی حدکای دا لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر شاری مەهەباد. هاوکات هەردوو پارتیو یەکێتی لەم رەوشەدا لەتەك یەکتریدا دەرگیرببوونو لەجەنگدا بوون. بەهاتنی ساڵی ١٩٨٢ جەنگ شانبەشانی ئێران دژ بە رژێمی سەدام ئاراستەی خۆی گرت.

ئیتر رژێمی ئێراق ناچارکرا بەشێکی گەورە لە هێزە سەربازییەکانی بەرەو باشووری وڵات رابگوێزێت تا رێگە لەبەردەم پێشڕەوییەکانی ئەرتەشی ئێران بگرێت. هەرچەندە سەدام حوسەین باوەڕی وابوو دابەشبوونی پارتە سیاسییە کوردییەکان ئەگەرێکی کاریگەرەو خاڵێکی بەهێزە لە فەرمانرەواییەتەکەیدا، لەگەڵ

ئەوەیشدا رژێم هەستا بە دروستکردنی هێزی تایبەت لە کوردەکان کە هەوادارو سەرخەری پرۆژەی میریی بوون تا لەم ڕێیەوە ئاسایشی هەرێمەکانی باکوور زامنبکات. لەراستیدا نێوچە سنوورییەکانی باکوری ئێراق ئەستەم بوو لە باشترین بارودۆخیی سوپایی رژێمدا کۆنترۆڵبکرێت، ئەویّ سنورێکی شاخاوی سەختو ئێجگار دژوار بوو بۆ میریی. بارودۆخی جوگرافیی و ئاڵوگۆڕی سەربازی رژێم هەلێکی زێڕینی دایە پارتە کوردییەکان تا زیاتر شوێنپێی خۆیان لە نێوچە سنوورییەکاندا جێگیر بکەن. هەیمەنەی هێزەکانی بارزانی بە درێژایی نێوچە سنورییەکانی ئێران تا سەراسەری نێوچە سنورییەکانی تورکیا درێژدەبوویەوە.

هەموو ئەو ناوچانەی کە هێزی سەرەکی پارتی لێبوو بە نێوچەی بادینان دەناسرا. تەنانەت لەو نێوچانەدا دێهاتییەکان لەژێر هەیمەنەو هێزی پارتیدا گەڕانەوە سەرماڵو حاڵو زێدی خۆیان. هەروەها جەنگاوەرانی تاڵەبانی لە نێو قسەکەرانی سۆرانی زمانی نێوچەی سلێمانیدا بەهێزترو تۆکمە تربوون لە پارتەکانی دی. کە شوێنی نفوسیان دەکەوتە باشووری نێوچە کۆنترۆڵکراوەکانی ژێر دەستی بارزانی. هەرچەند هەردوو پارتی نەیار لەسەر ئەوە کۆك بوون کە جەنگاوەرانیان بۆیان هەیە بەنێو نێوچەکەکانی یەکتریدا بەبێ قەڵسکردنی یەکتریی هاموشۆبکەن، وەلێ ئەم رێککەوتنە ساڵێك کەمتری خایاندو هەرزوو لە ساڵی ١٩٨٣دا پێکدادانو بەریەککەتن لەنێو هەردوولادا رویدایەوە.

ئۆجەلان زۆر گرنگی بە پێکدادانەکانی نێوخۆی کوردستان نەدەدا، ئەو تەنها مژوڵی ئەوە بوو هێزەکانی خۆی لە نێو سنووری کوردستانی ئێراقدا جێگیربکات. چەند ئەندامێکی کەمی پەکەکە پێش دەستپێکردنی جەنگ لەنێوان ئێراقو ئێران رۆیشتبوونە نێو خاکی ئێرانەوە، لەویّو لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیاداو لەنێو کەمپە سەربازییەکانی حدکا دا شوێنی خۆیانکردبوویەوە.

وەلێ پێوەندییەکە فرە کەم‌و لەسەر ئاستێکی لاواز بوو. بەڵام پێوەندییەکان لەتەك جەنگاوەرانی کوردستانی ئێراقدا فرەتر تۆکمەو تەواو بوون، رەنگە هۆکارەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزە کوردییەکانی ئێراق کاراترو بەهێزترو بەئەزموونتربوون لە جەنگە گەریلاییەکەداو زۆرجاریش پێشوازییان لە گروپە کوردییەکانی باکوری کوردستان کردبوو. وەلێ ئەم جارە پەکەکە بۆ شوێنێك دەگەڕا کە شوێنێکی کاتی‌و سەرپێیی نەبێت‌و دەیخواست زیاتر تێیدا جێگیربێت‌و هێزەکانی خۆی باشتر رێکبخاتەوە. لە راستیدا پەکەکە ئاتاجی بە پێگەیەك هەبوو تا لێیەوە هێرشەکانی بۆ ناو قوڵایی خاکی تورکیا رێکبخات‌و پاشان بکشێنەوە بۆی. هەرچەند ئەم پێگەیە تا ئەو کات هیچ رێگەیەکی لەپێشدا تەختنەکرابوو.

لەهاوینی ١٩٨٢دا هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان. رەوشێکی نائارامی بەسەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکەدا هانی بوو لە دۆڵی بیقاعدا. هاوکات سوریا کە تائەوکات مەنزڵگایەکی باشبوو بۆ وەرگرتنی ئاوارەو گەریلا پەراگەندەکان، وەلێ شوێنێکی گونجاو نەبوو بۆ ئەوەی لێیەوە هێرش‌و تەکبیری شەڕ بکرێت بۆ نێو خاکی تورکیا. زەوییەکانی نێوان سوریاو تورکیا پانتاییەکی ئێجگار تەخت‌و دەشتایی بوو. جیا لەوەیش دیمەشق ناچۆربو لەگەڵ هەر هەوڵێکدا گەر بیهەوێت لەقەڵەمڕەوی ئەودا پەلاماری تورکیا بدا .

سوریا لەگەڵ ئەوە نەبوو کونی زەردەواڵەکە بدێوێنرێت بە رووی خاکی ئەودا. لەبەر ئەوە تێگەیشتنی ئۆجەلان لەوەدا بوو کە پێویستە شوێنپێیەك بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە لەژێر کۆنترۆڵی بارزانیدان چنگبخات. هەربۆیە ئۆجەلان ناچاربوو چاوبخشێنێتەوە بە بیروبۆچوونە لە مێژیینەکانی‌و باری سەرنجی لەمەڕ بنەماڵەی بارزانی کە نەزمێکی شەڕەنگێزانە بووە بگۆڕێت. لە راستیدا رەخنە توندو شەرەنگێزییەکانی ئۆجەلان لەسەر مەلا موستەفای بارزان بەتەواوی جێگەی قەڵسی‌و قسەو باسبوون‌و بەهەند وەردەگیران لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەتایبەت لەکاتێکیشدا بوو کە سەرداری ئەو پارتە کۆچی دوایی کردبوو. وەلێ ئۆجەلان وەك خووی تایبەتی خۆی فرە وردو وریابوو، بۆیە هەمیشە کارو کردەوەکانی لەپێشەوەی هزرو ئایدیۆلۆژیاوە شوێندەکردەوە. هەربۆیە ئۆجەلان لەو سەرو بەندەدا لەتەك مەسعوود بارزانیدا گەیشتنە رێکەوتنێك، بەگوێرەی ئەو رێکەوتنە گەریلای پەکەکە بۆی هەبوو ئەو نێوچانەی کە سەر بەقەڵەمڕەوی پێشمەرگەکانی پارتین بەکاربهێنن. هەر بەگوێرەی رێککەوتننامەکە، کە ساڵی دوواتر زێدەتر گشتی کراو بە فەرمی راگەیەنرا، گروپە کوردییەکانی ئێراق نێوچەیەکیان تەرخانکرد بۆ گەریلاکانی پەکەکە تا تێیدا بارەگا سەربازییەکانی خۆیان دابمەزرێننو لەهەموویش گرنگتر بەپێی رێککەوتنەکە گەریلاکان دەیانتوانی لە نێوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بپەڕنەوە بۆ نێو سنوورەکانی تورکیاو کەس بۆی نەبوو رێگەیان لێبگرێت. ئاکیۆڵ دەڵێ:"ئۆجەلان لە کۆتایی ١٩٨١ یاخۆ بەدرێژایی ١٩٨٢ پێوەندیی باشو پتەوی لەگەڵ مەسعود بارزانیدا پێشخستو رووخسەتی لەپارتی وەرگرت تا بارەگاکانی لەباکووری ئێراقدا پێکەوە بنێت". ئاکیۆل زۆرجار لە تواناکانیان وەك ئەندامانی سەرکردایەتی دیڤ یۆل وەك ئۆجەلان بەتینو تاوبوون.

ناوبراو دەگێڕێتەوە کە ئۆجەلان لەیەکێك لە وتووێژەکانیاندا پێی گوتووە، ئەو رێککەوتنە وەك وەرچەرخانێکی مێژوویی وەها بوو لە مێژووی پەکەکە دا. لە راستیدا رێککەوتنەکە فرە چارەنوسساز بوو بۆ دەستپێکی خەباتی چەکداریی پەکەکەو خاڵی دەستپێکردنی هەڵمەتو هێرشەکان بۆ نێوخاکی تورکییە. هەر بۆیە لەگرنگیدا ئەم رێککەوتنە هیچی کەمتر نەبوو لە پێوەندییەکانیان لەتەك سوریادا. لە راستیدا بەبێ ئەم رێککەوتنە پەکەکە رووبەڕووی دژواریو دابڕانێکی گەورە دەبووەوە لە دەستپێکردنی پلانەکانیدا بۆ جەنگی گەریلایی لە ناوخۆی تورکیا دا.

هەر بۆیە تێگەیشتنی بارزانی لە دەرهاویشتەکانی رێککەوتنەوە ئێجگار بێ نەزمو پەروا بوو. بەدرێژایی ئەو سالأنەی کە بارزانی دوورخرابوویەوە بۆ مەنفا، ئیدی پارتی جەماوەرو جەنگاوەری لەدەستدابوو. چونکە پارتی ئیتر وەك جاران تەنها پارتی کوردیی نەبوو لە گۆرەپانەکەدا، لەلایەکی تریشەوە ئامادەیی نیشاندانی بۆ ئەوەی هێرش بەرێتە سەر کوردانی ئێران لە بەرژەوەندیی تاراندا. گورزێکی بەهێزوو لەتمەیەکی گەورەی دابوویە هێزو هەرەکەتی پارتی لەپێشچاوی جەماوەرەکەیدا. هەروەها پارتی هاوپەیمانە دێرینەکانی دەنێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی تورکیادا لەدەستدابوو، چونکە زۆرێك لەو گروپە نەتەوەییانەی کورد لە تورکیادا لەچالاکی کەوتبوونو شوێنەواریان نەمابوو، هاوکات رەوشەکە رووبەرووی هەرەشەی چەکداری کردبوویەوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.

بەم حاڵەیشەوە رێککەوتنی پاتی لەگەل نۆجەلاندا ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئاپۆچییەکانو کوردچییەکان خوازیاری چاوپیاخشاندنەوەن بە ئەزموونو ئارمانجی پارتییدا. سالێك دوواتر بارزانی لەوەلأمی رۆژنامەنوسێکدا گوتی:" هەمیشە ئەوە جێگەی شانازیمانە کە بە قوربانیدانو رشتنی خوێنمان نێوچەیەکی ئازادو رزگارکراومان لەژێر دەستدایە، ئەم نێوچەیەشمان وەك قەلأیەك والأکردووە لەبەردەم هەر پێشمەرگەیەکی کورد دا".

هەروەها بارزانی لە دیمانەکەدا وتی:" ئێمە لە پێناو ئەم لۆژیکەو بۆ ئەم هۆکارانە وازۆی رێککەوتنمان لەتەك پەکەکە دا کرد"[٨٤]. وەلێ پەکەکە پاش جێگیربوونی شوێن پێیو شارەزابوونیان لە نێوچەکەدا ئیتر کاتی خۆیان بۆ وازۆکردنی پەیمانێکی نوێ لەتەك پارتیدا بەهەدەر نەدا، ئەوان بنکەو بارەگا

[84] Balli, *Kurt Dosyasi,* 447.

سەرەکییەکانیان بردە سێگۆشەی سنووری ناسراو کە درێژدەبێتەوە لەنێوەند هێڵە سنوورییەکانی ئێراق‌و ئێران‌و تورکیە. لەراستیدا ئەم شوێنەیش هەمیشە بنکەیەکی گرنگ بووە بۆ جەنگاوەرانی پارتی لە چیادا. هاوکات نێزیکی جوگرافیی لە سنووری تورکییەوە تەواو شوێنەکەی لە پێشچاو پەکەکەدا بەبایەخکردبوو. هەر بۆیە تەواوی گەریلا پەراگەندەکان‌و ئەوانەی لەتەك گروپە کوردییەکانی تر مابوونەوە، هەمووان بانگهێشتکران بۆ بارەگای نێوەندیی پەکەکەو بۆ بارەگاکانی بەرەکانی پێشەوەی سنووری تورکیە.

هەندێك لە گەریلاکان لە دیمەشقەوە بەفڕۆکە قوتاربوون‌و چوونە ئێران‌و لەوێشەوە بەپێیان هاتنە نێو خاکی ئێراقەوە. هەندێکی تریش بە لاپلاو کورتبڕییانکرد لە سنورەکانی ئێران‌و ئێراق‌و تورکیادا، ئەوان بە کورتی توانیان بچنە نێو تورکیاوە بەبێ ئەوەی پێیان بچێتە ناو ئێراقەوە. جێلیك دەیوت:" پێویست بوو بە هەر نرخێك بێت خۆمان بگەیەنینە بارەگای سەرەکی، ئێمە بە پێیان هەموو ئەو سنوورانەمان بڕی ، بەراستی گەشتێکی سەخت‌و دژوار بوو، ڕێگەکان بەفراوی‌و کەش‌و هەوا سەرماو سۆڵەبوو". لە راستیدا بارودۆخی گەریلاکان لە نێوبارەگاکانیشیاندا لە نێوچەی سێگۆشەی نێزیك سنووری تورکیا هیچ باشتر نەبوو. چیلیك دەیوت:" لە لوبنان هەموو رۆژێك خواردنی باش‌و گۆشتمان دەخوارد، جگەرەو بەرگی باشمان هەبوو، وەلێ لە چیاداو لە بارەگا نوێیەکانماندا هیچ شتێك نەبوو، تەنها شۆرباو لاسکی گەنم‌و هەندێ گژوگیای کێویمان دەخواردو لە پیس‌و پۆخڵیدا ئەسپێ تێیدابووین". لە راستیدا ئەم رەوشە دژوارو ناهەموارە یاریدەدەرێکی باشبوو بۆ راهێنانی گەریلاکان لەسەر نەزم‌و نەریتی جەنگی چەکداریی. گەریلاکان لە لوبناندا فێربوون چۆن بۆمبەکان بتەقێننەوەو چلۆن نارنجۆکێك بهاوێژن، وەلێ لە باکوری ئێراقدا یادیانگرت کە چۆن خۆیان زیندوو رابگرن لە چیاداو وەك هێزێکی پارتیزان خۆڕاگربن.

## دەربازبوونی زۆرینەی ئەوانی تر

چیرۆکی دەستپێکردنی خەباتی گەریلایی لە بانگەشەکانی ئۆجەلاندا وردە وردە لەنێو گروپە بەرهەڵستکارو نەیارە کوردییەکانیدا، ئەوانەی لە دیمەشقەوە قوتار ببوون وەك نوکتەیەك باسی لێوە دەکرا[٨٥]. چونکە سێ ساڵ بەسەر رووداونی کۆدەتای سەربازیی تورکیادا تێپەڕی بوو، هێشتا پەکەکە ئەو بەڵێنەی کەدابووی بۆ دەستپێکردنی جەنگی پارتی زانی نەیبردبووە سەر. هەرچەند پەکەکە لە ناردنی جەنگاوەرەکانی دا بوو بۆ نێو سنوورەکانی ئێراق، بەڵام زۆرێك لەوانە لەکاتی تێپەڕبوونیان بەنێو سنورەکانی تورکیا کوژران یاخۆ دەستگیرکران، هەندێکیشیان پاش ئەوەی دەرفەتیان بۆ ڕەخسا لە گروپەکە تەکینەوەو هەڵهاتن.

ئاکیۆل دەیگوت:" ئەو بەهەڵسوڕاوەکانی خۆی دەگوت، کە هاوینی داهاتوو دەستبەکاردەبین، وەلێ ئەوە هاوینی ١٩٨٢ هاتوو هێشتا خەباتی چەکداریی دەستی پێنەکردبوو، ئەوکات دەیگوت پرۆژەی خەباتە چەکدارییەکەمان تا ١٩٨٣ دوواخستووە". بەمجۆرە دەنگۆی خەباتە چەکدارییەکەی پەکەکە ببووە نوکتەو جێگەی شۆخیکردنی نێو خەڵکی، وەلێ بۆ ئۆجەلان پرسەکە ئێجگار جددیی بەبەرنامەوە دەجوڵایەوە. هەروەها ئاکیۆل دەیگوت:"ئۆجەلان گوێی بەو مقۆمقۆیە نەدەدا ، ئەو بەرنامەیەکی جێگیری هەبوو، لە زیهنیشیدا کاتێك دیاریکراو هەبوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسە چەکدارییەکە". کەمال بۆرکای سەرسەخترین رەخنەگری کورد لەبەرامبەر ئۆجەلان لە ١٩٨٠ بلاوترین رەخنەو گازاندەی خۆی لەسەر پەکەکە

---

[85] This section draws primarily on interviews with Kurdish and Turkish activists in Syria at the time. Information on Syria and the Palestinians uses Seale, *Asad*, 378–396, and Maoz, *Asad*, 119–122, 167–169.

وەشاندەکرد، ئەو لە ساڵی ١٩٨٢دا کتێبێکی بەچاپگەیاند، ئەو کتێبە فرە بەوردیو سەرنجەوە شیکاری پرسو جۆی پەکەکەو رەوشی رێکخراوەیی ئەو هێزەی کردبوو. بۆرکای ئەنجامگیریی کردبوو کە پەکەکەیش تەنها بزووتنەوەیەکی شکستخواردووە لە نێو تێکرای شکستەکانی تردا. هەروەها دەیگوت ئەوانە خەڵکی نەخوێندەوارو ئاست نزمن لە رووی ئاگاهیو هۆشیارییەوە[٨٦]. ئەوانەیش کە خۆنەواری نێو پارتەکەبوون، بڕیاری وازهێنانیان داوەو لە ئۆجەلان دابڕاون.

لە راستیدا بانگەشەگەلێك کە پەکەکە تێیدا دۆڕاو بوو، ببونە گۆشەنیگایەك بۆ پارتەکانی ترو نەیارەکانی، هەر بۆیە تێکرا لەو رابردووەوە تەماشای هەر کارو جموجوڵێکی پەکەکەیان دەکرد.

دیارە ئۆجەلان تەنها کەسێك نەبوو کە بەڵێنی دابوو بۆ رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لە چنگی داگیرکەر. رکابەرەکانی ئۆجەلانیش تاوتوێی ئەو پرسەیان کردبوو، وەلێ تائەوکات هیچ کام لەوانە نەیانتوانی بوو سەرکەوتن بەدەستبهێنن. بۆ نموونە ئالآی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٠ دا نێزیکەی ١٥٠ چەکداری ناردە سنوورەکانی باکووری ئێراق. ئەم چەکدارانەی ئالآی رزگاری بەهۆی گرفتی دابەشبوونی ئایدیۆلۆژیو پەراگەندەیی هزرییەوە هەرزوو چەکەکانیان فرێ داو لە هەوەڵی ساڵی ١٩٨٢دا چیایان بەجێهێشت[٨٧].

لەراستیدا هەر دەوڵەتێك لە هەرێمەکەدا دارای تەنگو چەڵەمەو گرفتی تایبەت بە پرسیی کوردەکانی خۆی بوو. خەجۆیەشار کە ژنە سەردارێکی نێو رزگاری بوو بەدەم جگەرەکێشانەوەو بەتووندی پێویستی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دووپاتدەکردەوەو دەیگوت:"هەر رووداوێك لە هەر پارچەیەك لەپارچەکانی

---

[86] Burkay, *Devrimcilik Mi Terorizm Mi,* 207

[87] For a full discussion of Ala Rizgari's activities during this period, see the interview with Yasar, one of the group's leaders, in Balli, *Kurt Dosyasi,* 83–106

کوردستان روویبدایە راستەوخۆ کاریدەکردە سەر پارچەکانی دیکە. هەر بۆیە هەریەك لەو دەوڵەتانە گەر یاریدەی گروپێکی کوردیی بدایە بۆ ئەوەبوو ئەو گروپە کۆنترۆڵبکاتو سود لە توانا مرۆییەکانی وەربگرێت لەبەرژەوەندی خۆیدا". هەر بۆیە خەجۆ یەشار پێی وابوو:" ئەم جۆرە پێوەندیانە لەتەك وڵاتانی هەرێمیدا، لەکۆتاییدا جگە لە خۆ دۆراندن هیچی دیکەی لێسەوزنابێت".

هەر بۆیە پاشە کشەی ئاڵای رزگاریو وازهێنانیان لە خەباتو چیا، نێزیکەی ٤ مانگی خایاند، لەو ماوەیەداو بەنهێنی توانیان لە تورکیاوە دەربازی سوریە بنو لەوێیش تێکڕا ملیان نا بەرەو ئەوروپا. تێکڕای گروپەکانی تر چاویانخشاندەوە بە زیانو سودییانداو هەمووان دەستیان دایە چۆڵکردنی مەیدانەکەو سوریایان کردە ئامانجی چۆڵکردنی خەبات بەرەو ئەوروپا. هەر بۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٤ بەشێوەیەکی نهێنی تەواوی کادێرو کاروچالاکییەکانیان گواستەوە بۆ ئەوروپا. کامەران کادێری باڵای رزگاری گوتی:" ئێمە لەلایەن تورکیاوە تێکشکێنرابووین، هیچ کادێرو جەنگاوەرێکمان بەدەستەوە نەمابوو، بڕیارماندا ئیدی نەمێنینەوە". بەهەمان شێوە (د.د.ك.د) کە لەلایەن فەتحی یاسر عەرەفاتەوە مژوڵی راهێنان ببوون، ئەوانیش بریاریاندا سوریە جێبهێڵن. وەهبی ئایدن دەگێڕێتەوە:" ئێمە وەك د.د.ك.د نێزیکەی دووساڵ لەسوریادا سەرقاڵی خۆ سازدان بووینو دارای کۆمەڵگەیەکی تایبەت بەخۆمان بووین، وەلێ هیچ کام لە ئەندامانمان لەتەك ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیمان لەتەك سوریادا هەبێت". وەهبی ئایدن لە ساڵی ١٩٨١ لە تورکیاوە دەربازی سوریابوو تا سەربازەکان قۆڵبەستی نەکەن، ناوبراو ئێستەکانێ لە پاریسدا ژیان بەسەردەبات. لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کام لەو گروپانە پلانی خۆسازدانیان بۆ جەنگی گەریلایی نەخستبووە بواری کارو فەرمانەوە. ئایدن رایگەیاندبوو:" هەندێك لە ئەندامانی بێ چەکمان ناردبووەوە خاکی تورکیاو بەشێك لە ئەندامانیشمان دەستگیرکرابوون". هەروەها

دەیگوت:"ئێمە بیرکردنەوەمان لەو چوارچێوەیەدا بوو کە برەو بە هۆشیاریی خەڵکی بدەین، پاشان دەست بدەینە خەباتی چەکداریی".

لە هەمانکاتدا هاوەڵە چەپڕەوە تورکەکانی ئۆجەلانو خەباتکارەکانی نێو دەڤ یۆل هەموو ئەوانە لەسەرو بەندی چاوخشاندنەوەدا بوون بە هاوپەیمانییەکەیاندا لەگەڵ پەکەکە. هاوکات ئاماژەگەلێکیش لە گۆڕێدابوون کە پەکەکە دەستیدابوویەوە هەمان ئەو نەزمی هەڵسوکەوتو ڕێبازە دێرینە توندەی کە لەتەك پارتەکانی دەوروبەردا هەیبوو. هاوکات هەندێك لە ئەندامانی پەکەکە دیار نەدەمان، تەنانەت دەنگۆی ئەوە بڵاوبوو کەلەلایەن خودی پەکەکەوە قۆڵبەستکراون. ڕێکخراوی کۆمکاری کەمال بۆرکای لە ئەورووپا پێوەندی کرد بە ئاکیۆلو لیستێك لە ناوی خەباتکارانی پەکەکەی دایە کەلەلایەن خودی پەکەکەوە دەستبەسەر کرابوون. ئاکیۆل لە ژیانانمەی سیاسی خۆیدا هێناویەتی:" پەکەکە دەستیدابوویە دەستگیرکردنی هەندێك لە ئەندامەکانی خۆیو کەسیش زانیاری لەو بارەوە نەبوو کە چ بەڵایەك بەسەر ئەوانەدا دەهێنرێت". هەروەها دەڵێت:" نامەیەکی پەلەو توندم نووسی بۆ ئۆجەلانو پێیم ڕاگەیاند کە پێویستە یەکسەر هەموو ئەندامان ئازاد بکات. ئەو کارەی ئەو ناسازگارە لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ پەکەکە کردبوومان، بەپێچەوانەوە ناچارین بە ئاشکرا جاڕی ئەوە بدەینو سەرزەنشتی خەراپەکارییەکانی پەکەکە بکەین"[88]. بەڵام ئۆجەلان هەڕەشەو گوڕەشەکەی ئاکیۆلی پشتگوێخست. دیڤ یۆل ئیتر ئەو ڕێکخراوە بەهێزو سیاسییەی جاران نەبوو، کە پەکەکە وەك هاوپەیمانێك پشتی پێببەستێت. ئاکیۆل دەڵێ:" ڕێکخراوێکی هێند سیاسیو کاریگەر نەبووین کە داواکارییەکانمان کاربکاتە سەر

[88] Akyol, "Slice of Life," 7

ئاكارو رامیاریی ئۆجەلان. هاوكات لەسەروبەندی لێكهەڵوەشان‌و پارچە پارچەبوونیشدا بووین"[89].

ئەندامانی دەڤ یۆل لەنێوەندی مشتومڕێكی نێوخۆیی تاڵدا سەبارەت بە نەزمی زانیاریی ڕێكخراوەیی‌و لینینگەرایی گروپەكەو ئامانجە شۆڕشگێڕییەكانیان ژیانیان دەگوزەران. ئاكیۆل ڕێبەری ڕەوتێكی نێو دیڤ یۆل بوو كە بەپێویستی دەزانی چاوبخشێنرێتەوە بەنەزم‌و نوارپین‌و ئارمانجەكانیاندا. مشتومڕەكان دارای چەند هۆكارێك بوون، گرنگترینیان كاریگەرییەكانی ژیانی شێوە دێموكراسیانەی ئەورووپا بوو لەسەر ئەندامەكانی دیڤ یۆل، ئەوان لە ئەورووپا دا دارای ژیانێكی جیاوازبوون‌و لەوێ دەركیان بە هەموو نابەرابەرییەكانی ژیانی دێموكراسیانەی خۆیانكردبوو.

لەم ئاڵۆ گۆڕە هزرییەدا كە بەسەر ئەندامانی دیڤ یۆل دا هات، ئیتر پلانەكان بۆ دەستپێكردنی خەباتی چەكداریی لە نێو هەندێك لە ئەندامانی گرۆی دیڤ یۆڵدا فرە بە ناواقیعی دەهاتنە پێشچاو، ئاكیۆل یەكێك بوو لەو ئەندامانە كە زەرورەتی خەباتی چەكداریی بە ڕەوا نەدەبینی. ئاكیۆڵ لە نووسینەوەی ژیاننامەی سیاسیی خۆیدا نوسیویەتی:" دەتوانم بێژم، كە بزووتنەوە ساواو ڕۆمانسییەكەمان بەزوویی بەهۆی پێوەندییە تاڵەكانی ڕۆژگارمانەوە ڕووبەڕووی تەنگ‌و كۆسپ دەبێتەوە". هەروەها دەنوسێت:" ئێمە دارای ڕێكخراوێك نەبووین كە بتوانێت خەونەكانمان بكاتە واقیع، هەر بۆیە بە زوویی تێگەیشتم كە ئێمە خەریكین لە نێو دنیای خەون‌و خەیاڵدا ژیان دەگوزەرێنین"[90]. لە ڕاستیدا ئەم مشتومڕو چەندو چوونەی كە لەنێو ئەم ڕێكخراوەدا ڕوویدەدا، ڕاستەوخۆ كاریگەری‌و كاردانەوەی لەسەر خەباتكارو جەنگاوەرەكانی دی دروستدەكرد.

---

[89] Ibid
[90] Ibid., 6

پرسیاری سەرەکی لەنێو ئەو گروپانەدا بەردەوام لەدەوری ئەو تەوەرەیەدا دەسوڕایەوە، ئایا دەستبردن بۆ خەباتی چەکداری زەمینەی بۆ رەخساوە یاخۆ هێشتا بڤیەو خەونێکی ئەستەمە؟.لەبەر ئەوە هیچ کام لە گروپە کوردییەکان ئەو توانایەیان نەبوو لەنێو تورکیادا دەستبکەنەوەو شەڕە تەقەی چەکداریی بنێنەوە، چ جای ئەوەی بنکەو بنەمای سەربازیو کۆمەك بۆ خۆیان کۆبکەنەوە.

لەتورکیادا پێش روودانی کۆدەتا توندوو تیژییو ئاگریی تورەیی لەلایەن چەپو راستەکانەوەو گروپە نەتەوەییە کوردییەکانەوە هەڵدەگیرسێنراو وڵاتیان دووچاری تۆقینو ترس کردبوویەوە. لە رەوشێکی وەهادا زۆرینەی خەڵکی تورکیا عەودالّی ئارامشو ئاشتییەکی هەمیشەیی بوون بۆ وڵات.

ئاکیۆڵ دەنوسێت:" هەربۆیە زۆرینەی گەل پشتیوانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی سەربازی نیشاندەدا، ئەوێ دەم بزووتنەوەکەمان کۆنترۆڵی سەراسەر شارەکانی تورکیای کردبوو، وەلێ هەموو پشتیوانییەکی جەماوەریمان لەناخی جەماوەردا لەدەست دابوو"[91]. لێرە بەدوواوەو لە رۆژگاری داهاتوودا بەکاوەخۆ ئاکیۆل هەوڵی دەدا گۆڕان لە ئەجێنداو هزریی سیاسییدا قبوڵبکاتو روونیبکاتەوە، ئەو تەمتومانەیش لادەدا کە بەڵێ ئەوەی لە سوریاو ئەڵمانیادا مژوڵی بووین، فرە گەمژانەوە زارۆیانە بووە. ئاکیۆڵ دەنوسێت:"ئیدی رێکخراوێك لە تورکیادا نەبوو. نە گەلەکۆمەیەکی پشتیوانیو نەهیچ، جگە لە چەند گەجەرو گوجەرێكو گەمەچییەکی کۆدەتا لە دەرێو بۆ خزمەتی کۆدەتا هەڵدەسوڕان".

هەروەها کێشە گەلێکی دیکە لە گۆرەپانەکەدا قوتببوونەوە کە پەیوەندیدار بوون بە پێوەندییەکانی نێوان دیمەشقو گروپە خەباتکارە دەرەکییەکانەوە کە بانگهێشتکرابوون. هەڵمەتی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ١٩٨٢ دا، هاوزەمان هێرشی لەناکاو بۆ سەر پێگەو پەناگە ئامانجدارەکانی سوریا، لە رووی

---

[91] 34. Ibid

مادی‌و مه‌عنه‌وییه‌وه سوریاو سه‌رۆك ئه‌سه‌دی خزانده ره‌وشێكی به‌رگریكارانه‌وه. له‌ هه‌مانكاتدا تێكچوونی پێوه‌ندییه‌كانی یاسر عه‌ره‌فات‌و ئه‌سه‌د له‌سه‌ر مناوه‌راتی سیاسیی سه‌رۆكی رێكخراوی ئازادیخوازی فه‌له‌ستینی له‌ته‌ك ولأته عه‌ره‌بییه‌كانی دیكه‌دا، ئیدی پێكدادان‌و مشتومڕی ئه‌سه‌د له‌ته‌ك ولأتانی عه‌ره‌بییدا به‌ته‌واوی ئه‌سه‌دی ماندوو دڵگرمیٚ كرد له‌سه‌ر ئه‌و نێوچانه‌ی كه‌ ده‌یخواست به‌سه‌ریاندا بالأده‌ستبێت. سه‌رۆكی سوریا زێده‌تر به‌رچاوته‌نگبوو بۆ كۆنترۆڵكردنی زیاتری گروپه‌ فه‌له‌ستینییه‌كان. ئه‌م نیازو نه‌زمه‌ی سه‌رۆك جارێكی تر به‌سه‌ر گروپه‌ كوردی‌و توركییه‌كانه‌وه‌ ره‌نگی دایه‌وه، كاتێك كه‌ خاكی سوریایان كردبووه‌ په‌ناو پێگه‌ی چالاكییه‌كانیان. ئه‌وه‌بوو له‌ناكاو سوریا هه‌موو ئه‌و به‌ڵگه‌نامه‌و شوناسنامانه‌ی رێكخراوه‌ فه‌له‌ستینییه‌كانی دایه‌ دوواوه‌ كه‌ بۆ گروپه‌ بیانییه‌كانی وه‌ك دیڤ پۆل كرابوون.

سوریا به‌مه‌رجێك قایل بوو ئه‌و رێكخراوه‌ توركیانه‌ شوناسنامه‌ هه‌ڵبگرن كه‌ له‌لایه‌ن ده‌زگای هه‌واڵگریی سورییه‌وه‌ ئه‌و كارتانه‌یان بۆ ده‌ربكرێت. هاوكات په‌كه‌كه‌و رێكخراوه‌ هامكاره‌كه‌ی دیڤ پۆلیٚ داوایان لێكرا به‌زوویی لیستی نێوی ئه‌ندامه‌كانیان له‌ سوریاو ئه‌ڵمانیادا بۆ ئاماده‌ بكه‌ن. ئاكیۆڵ ده‌ڵێت ئه‌م خواسته‌ی ده‌زگه‌ی هه‌واڵگریی سوریا سه‌رو سه‌دایه‌كیٚ فره‌ی نایه‌وه‌و بووه‌ خاڵێكی وه‌رچه‌رخان له‌نه‌زمی چالاكی ئێمه‌دا. هه‌روه‌ها ده‌ڵیٚ ئه‌م خواسته‌ی سوریا ئه‌وه‌ی ده‌گه‌یاند ، كه‌ ئیتر ئێمه‌ بۆمان نه‌بوو خه‌بات بكه‌ین بۆ دیموكراتیزه‌كردنی توركیا.

ئاكیۆڵ ده‌نوسێت: "ئه‌گه‌ر نا ئێمه‌ بارمته‌ی سوریا بووین، ئێمه‌ زۆر به‌سه‌ختی هه‌ستمان به‌وه‌ ده‌كرد، ئه‌وه‌ بیركردنه‌وه‌ی ئێمه‌ بوو له‌ سوریا". به‌لأم به‌ بۆچوونی ئاكیۆڵ ئه‌وان نه‌یانتوانیوه‌ ئۆجه‌لان قایل بكه‌ن به‌وه‌ی پێدانی لیستی نێوه‌كانیان به‌ده‌زگای هه‌واڵگریی هه‌نگاوێكی مه‌ترسیدار ده‌بێت بۆ ئاینده‌یان. ئاكیۆڵ له‌سه‌ری ده‌روات‌و ده‌ڵێت: " له‌وباره‌وه‌ وتووێژم كرد له‌ته‌ك ئۆجه‌لاندان ،به‌راستی ئه‌و كه‌سێكی

گەمژە نەبوو، پێیم وت گەر زێدەتر لە سوریادا وەمێنین دەبینە بارمتەی ولآتانی هەرێمی. ئۆجەلان لەوەلآمدا گوتی: "بەدڵنیاییەوە ئەوە دەزانم، وەلێ لە ئێستادا من ئاتاجم بە وەخت هەیە، دەزانم ئەوان تەمایانە من بەکاربهێنن، وەلێ منیش وان لەداهاتوودا بەکاردەهێنم". لەسەروبەندی کۆتایی ١٩٨٣ دا دیڤ پۆلێ تەواوی ئەندامو دۆستانی خۆی لە سوریادا پاشەکشە پێکردو نەچووە ژێر ئەو خواستانەی رژێمی سوریاوە. ئاکیۆلێ دەنوسێت:" دەسەلآتدارانی سوریا تێگەیشتن کە ئێمە ساردو سڕین لە هەمبەر پێشنیازەکەیاندا، هەربۆیە ئەوان هیچ تەگەرەیەکیان لەپێشماندا دروست نەدەکرد وەختێ کە لەسوریادا قوتاردەبووین".

لە راستیدا ئەم بریارەی دیڤ پۆلێ گورزێکی کوشندەی سرەواندە پلانە سەربازییەکانیان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی تورکیا، وەلێ لەوەختی ئێستادا پلانەکەی ئەوان هیچ بایەخو بنچینەیەکی نەبوو. ئیدی ئەم گروپە پەرتو پەرتەوازە بوونو توانەوە. ئەوبالەی کە سەربە ئاکیۆلێ بوون، وازیان لە خەونی خەباتی چەکداری هاوردوو لە خەمو خولیای دەستگرتن بەسەر پێکهاتەی نێوخۆیی پارتەکەیشدا رەوینەوە. هاوکات هاوپەیمانییەتیشیان لەگەلێ پەکەکەدا بەتەواوی لە گۆڕنرا. ئاکیۆلێ دەنوسێت:" لەوکاتەوەی پەکەکە خۆی بۆ خەباتی چەکداری ماوە درێژ سازدەکرد، ئەو هەنگاوەی منی بۆ دوواوە وەك خیانەت دەناساند"[92].

هەرچەندە دیڤ پۆل سوریایان بەجێهێشتو هاوپەیمانیان لەتەك پەکەکە کۆتایی پێهێناو توانەوە، وەلێ هێشتا بەرەی بەرگریی یەککرتوو دژی فاشیزم (ئێف.کەی.بی.دی.سی)بەردەوام بوون، ئەوە تەنها هێمایەکی لاوەکی بوو، یاخۆ ئامازەبوو بۆ شکستی پرۆژەی هاوبەشی تورکی کوردی بۆ شۆڕش لە تورکیا. تاڕادەیەکی فراوانیش ئامازەیەکی بێ پێچو پەنا بوو لەسەر شکستی بیست سالێ لە ئەزموونی شۆڕشی رادیکالی تورکییدا .

---

[92] 35. Ibid., 7

چونکه لەتەك بڕیاری ئاشبەتاڵی دیڤ یۆڵدا تەواوی هێزە چەپەکانی تورکیش مەیدانەکەیان چۆڵکردو وازیان لە خەباتو خەونی چەکداری هێناو لەتورکیاو لەپێناو نیازێکی ناروونو دیارینەکراودا خۆیان هەڵپەسارد. بەمجۆرە هزرڤانەکانی چەپی تورکی یا مردن یان لە زیندانەکانی تورکیادا پەراگەندەو پیرو کەڕبوون یاخۆ ژیانیان لەمەنفاو لە دابڕانی ئەورووپادا بەهەدەردا. ئەمەبوو داهاتووی نادیارو لێڵی چەپ لە تورکیادا. ئاکیۆڵ دەڵێ:"روون نەبوو بەرەو چ داهاتوویەك ملدەنێین ، تەنها پێویست بوو سوریا چۆڵکەینو لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاربکەین".

ناوبراو دوواتر گەڕایەوە سەر خوێندنە ئەکادیمییەکەیو ئەلئان لەیەکێ لە زانکۆکانی خۆئاوادا مژوڵی دەرسو دەوری خۆیەتیو وانە دەڵێتەوە. ئاکیۆڵ لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:" گەر پێویست بێت بەڵێ، دەگەڕێینەوە بۆ خەباتی چەکداریی، گەر ٩٠ ساڵی تریش پێویست بێت، وەلێ لە ئێستادا خەباتی چەکداری ئەستەمەو ئەنجامێکی ناکامی هەیە".

# باسی چوارەم

## رێگا بەرەو جەنگ (١٩٨٢–١٩٨٤)

بەنێوبانگترین خەباتکاری دێرینی پەکەکە بە ساری باران ناسرابوو. ئەو قەدو بالاَ درێژوو باریکو نێوچەوان قولّ بوو، لە کۆتایی ۱۹۸۲ نێردرایە باکووری ئێراق. ئەم هەولّەی پەکەکە بەشێك بوو لەو پلانەی کە خوازیاربوو بە کاوەخۆ بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە سوریاوە بگوازێتەوە بۆ نێوچە سنورییەکانی نێزیك تورکیا لە باکووری ئێراق.

لەراستیدا لەمانگەکانی زستاندا هاموشۆ لەنێوچە شاخاوییەکاندا ئێجگار ئەستەمو ناهەمواربوو، مرۆ نەیدەتوانی بە سانایی پەڕێتە ئەودیو سنووڕو خاکی دوژمن، وەلێ لە نەورۆزدا نێوچەکە دەکرایەوە بەرووی ڕێبوارانداو دەکرا لەوێندەرەوە گوزەر بکرێت. پاش ئەوە بارانو دوو لە هاورێکانی بەنهێنیو بە شاراوەیی دەستیان دایە ئەنجامدانی گەشتێکی شەش مانگەی پڕ لە ناسۆر بۆ ئەوەی رێو شوێن بۆ پلانەکانیان تەخت بکەن. لە هەکارییەوە دەستیان دایە گەشتەکەیان تا تونجەلی. هاوکات تیمێکی تر رەوانەی نێوچەکانی باشوری رۆژهەلاّتی تورکیە کرانو لەدیاربەکرو هەرێمی شرناخدا کەوتنە شوێنپێهەلگرتنی رەوشەکە.

لەسەر ئەم تیمانە بوو بەتەواوی زانیاری وردو درشت کۆبکەنەوە لە سەر بارودۆخی نێوچەکانو خەلّكو شێوەی ئەندازیاری نێوچەکە ئایا کاتو شوێنەکان لەبارن و رێگەدەدەن بەپەکەکە دەستبداتە چەكو تیۆرە شۆرشگێڕییەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە یان نا. باران دەیوت:"لە چیاکاندا دەماینەوە، لە چیایەکەوە دەچووینە چیایەکی دیکە".

باران لە سالّی ۱۹۷۸ دا، پاش ئەوەی لەپارتێکی کوردی تر جودابویەوە پێوەندی کردبوو بە پەکەکە وە. ئامانجی تیمەکان برێتی بوو لە شەنو کەوکردنی شوێنە جوگرافییەکانو ئاشنابوون بەو جێگایانەی کە دەکرێت گەریلاکان خۆیان تێیدا حەشاربدەن، لەلایەکی ترەوە دەبوو تێبگەن لە سەرنجو روانینی خەلّکی

لەمەڕ خەباتی چەکداریی پەکەکەو هاوکات ئاشنابن بە بنکەو بارەگاکانی سەربازانی تورك لە نێوچەکەدا.

لەراستیدا وەك چۆن گەریلاکانی پەکەکە ئاماژەیان پێدەدا، زیاد لە نیوەی خەڵکی کوردستان لە دێهاتەکاندا دەژیانو بەشێك لە ئاوایییە گچکەکان نە کارەبایان هەبوو نە ڕێگەیەکی تەوەن ڕێژ[93]. دووری زۆرێك لە ئاوایییەکان، ئاسانکارییان کردبوو بۆ تیمەکەی باران تا دەسەڵاتداران دەستیان رانەگات بە قۆڵبەستکردنیان. بەگشتی بارەگاو بنکە سەربازییەکانی تورك لە شارەکانو ڕێگە سەرەکییەکانەوە نێزیکتربوون تا لەو ئاوایییانەوە کە گەریلاکان خۆیان تێدا حەشار دابوو. هەرکاتێکیش دەوڵەت گوێبیستی سەرو سەداو پشێوی بوایە، ئەوا بەزوویی تیمەکەی باران دەکرا شوێن پێیان ونکەن خۆیان حەشاربدەن.

باران دەگێڕێتەوە:"لە هەندێك لە شوێنەکاندا گوێبیست دەبووین و پێمان رادەگەیەنرا کە میری هەڵیان کوتاوەتە سەرمان، وەلێ ئەوە لەپاش کاتێك بوو کە ئێمە ئەو شوێنانەمان جێهێشتبوو". لە رەوشێکی لەم جۆرەدا ئەوە ئاسان بوو بۆ سێ کەسی یاخی کە هەڵبێنو خۆیان حەشاربدەن. هەربۆیە فەرمانەکە زۆر روون بوو، یاخۆ کۆکردنەوەی زانیاریو بەسلامەتی گەرانەوە بۆ باکووری ئێراق لەبار بوو. بۆئەوەیش مەترسی دەستگیرکرانیان لەلایەن ئەرتەشی تورکییەوە کاڵکەنەوە، ئەوا پێشتر پێیان راگەیەنرابوو لە ئەگەری هەرچالاکیو کردەیەك خۆیان بەدووربگرن کە دەکرا رووبەڕوویان بێتەوە. باران لە روونکردنەوەیەکدا دەڵێ:" ئێمە چەکمان

---

[93] 1. In 1985, the national average of people living in Turkey's urban centers stood at 53 percent. In southeastern Turkey, the percentage of people living in urban centers ranged from a high of 50.5 percent in Diyarbakir province to a low of 23.1 percent in Mus province. All figures from the Il Gostergeleri, 1980– 2003 (Ankara: T.C. Basbakanlik Devlet Istatistik Enstitusu Yayinlari, 2004).

هەڵگرت، وەلێ لەتەك هیچ كەسێكدا پێكدادانمان نەكرد، ئامانجی ئێمە تەنها بەدەستهێنانی زانیاری بوو".

پێرەكەی باران لەهیچ كام لە ئاواییەكاندا شەوانە نەدەمانەوە، ئەوان تەنها لەو كوردە نیشتەجێیانە نێزیك دەبوونەوە كە لە دەوروخولی نشینگەكانی خەڵكدا بوون. چونكە لەرەوشێكی لەو جۆرەدا گەر كۆسپو كێشەیەكیش روویبدایە دەكرا بەخێرایی وەخۆبكەویتو هەڵبێیت. یاخۆ هەرگیز نەیاندەهێلا كەسێك ئاگابێت وەختێ سەریان لەماڵێك دەدا، چونكە دوور نەبوو كەسەكە هەواڵی ئەو خێزانە بە پۆلیس رابگەیەنێت. لە هەرێمە كوردییەكەدا. شتێكی ئاسایی نەبوو بۆ كەسانێك كە تێوەگلابوون بە بەیتو بالۆرەی چەپگەرییو نەتەوایەتی كوردیی یاخۆ هەر لە یاسادەرچونێكی تر كە بۆ خۆلادان لە دەستگیركردنیان پەنابەرنەبەر ئاواییەكان، لە روانینی ئاواییەكاندا ئەو سێ كەسە، كەسانێكی هەڵهاتوو بوون. وەلێ باران دەیگۆت هەندێك جار ئاواییەكان لەتەكماندا هاو سۆزبوونو تەنانەت بۆ خۆیان زانیارییان بۆ دەهاوردین كە كام لە دێهاتییەكان هاوكاریی میرینو كامەیش وەك كورپەروەر ناسراون. وەلێ دێهاتییەكان پرۆژەی خەباتی چەكداری پەكەكەیان فرە بەهەند وەرنەدەگرت.

خەڵكی كورد لە رووی رۆحیو دەروونییەوە بندەستكرابوون. دێهاتییەكان هەمیشە گوێیان بۆ دەگرتین، وەلێ بە راستیان نەبوو، ئەوان وایان دادەنا ئێمە قوتابین، ئەو قوتابیانەی لە توركیادا لە ژێر رەنجو ئازاردابوون، بۆیە واگومانیان دەبرد هاتوینو خۆمان حەشارداوە، ئەوان كاتێك لە ئێمەیان دەروانی ، وەك ئەوە وابوو زارۆكانی خۆیان ببینن، پێیان وابوو خەڵكێكین و ناچاركراوین رێگەی چیا بگرینە بەر. ئەوان لەلایان وابوو گەر میریی ئێمەیان دەستبكەوێت، ئەوا لەنێومان دەبات، بۆیە بەداخ بوون بۆمانو دەستی هاوكارییان بۆ درێژدەكردینو خواردنیان بۆ دەهانیین، وەلێ داواشیان دەكرد ئاواییەكەیان جێبهێڵینو ئیدی نەگەڕێینەوە. لە

راستیدا ئێستەیش‌و ئەوسایش گروپەکەی باران ، هەرچەندە رووبەڕووی خەڵکانێکی زەبەند بوونەوە، وەلێ تەنها مەگەر لەتەك شوان‌و گاوان تێکەڵییانکردبێت، ئەوانەی لە ئاواییە دوورە دەستەکاندا مێگەلەکانیان دەلەڕەواند.

بارانیش وەك هەوانی دیکەی نێو پەکەکە فرە لێزانانە دەیتوانی پڕوپاگەندەکانی ببڕێت‌و بدورێت بۆ جەماوەرەکەی. گەر بەکەسێك بگەیشتینایەو جێگەی بایەخبوایە، راستەوخۆ لەبارەی مارکس‌و لینینەوە قسەمان بۆی دەکرد، ئەگەر نا لەبارەی خەباتی چەکدارییەوە دەدواین. ئەوەیش رێگەیەك بوو کە خەڵکی گرنگییان پێدەدا. ئەوان یان هیچ شتێکیان لەمەڕ سۆشیالیزم نەدەزانی، یاخۆ ئەوان دژی سۆشیالیزم بوون‌و پێیان وابوو ئەم رێبازە لەگەڵ ئیسلامدا پێکەوە دانوویان ناکولێت. هەندێك لە لاوەکان کە لەوتوێژدا بوون تا پێوەندی لەتەك پەکەکە دا دروستبکەن، تیمەکان خواستەکانی ئەوانیان بۆ ئەوەی بێنە نێو ریزی پەکەکە وە دەدایە دواوە.

بە بڕوای باران ئەو رامیارییە لەدەرەوەی ئامانجەکانیان نەبووە. باران ئەم روونکردنەوانەی کاتێك دەدا کە لە باڵکۆنی شوقەکەیداو لە شوێنێکی دەوروبەر ستۆکۆڵمدا دانیشتبوو، ئەو لە کۆتایی نەوەدەکاندا داوای مافی پەنابەریی کردبوو لەو وڵاتەدا[٩٤].

باران دەیگوت:" ئێمە خواستی ئەوەمان بوو ئەو خەڵکە رێك بخەین تا لە دەرێی تورکیادا پێوەندیمان لەگەڵ بکەن‌و رووبکەنە باکووری ئێراق". کورد بەتایبەت ئەوانەی لە ئاواییە دوور دەستەکاندا دەژیان، سەرچاوەی زانیارییەکانیان رادیۆ یان قسەی دەماو دەم بوو، ئاستی خوێنەواریی لە هەکاریدا ٣١,٦٪ بوو وەلێ لە تونجەلیدا ئەم ئاستە بەرز ببویەوە بۆ ٦٠,٦٪ لەبەر ئەوە بەدگومانیشیان لەمەڕ

---

94 In 1980, the average literacy rate in Turkey was 67.48 percent. All fig- ures from Il Gostergeleri, 1980–2003.

تیمەکەی باران، دیسانەوە چانسێك بوو تالێیانەوە راستیو دروستی بارودۆخەکە بزانن.

زۆرجار ئەوان دەیانپرسی لە باشووری کوردستاندا خەریکە چی روودەدات. ئەوان دەیانویست بزانن ئێمە چیمان دەوێتو چ گرەنتییەك هەیە بۆ ئەوەی پەکەکە براوە بێت لە خەباتەکەیدا. هەر بۆیە باران وا هەستی کردبوو کە هەوەڵ جەنگی پەکەکە جەنگێك دەبێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەو پشتیوانی نێوچەکە بەدەستبهێنێتو ئەمەیش شتێکی ئالۆز بوو. کوشتو برو سەرکوت لەپاش کۆدەتا سەربازییەکەوە خەڵکی چاوترسێنو بەرچاو تاریك کردبوو لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکی داهاتوودا. لەهەمان کاتیشدا تورەیی لە دەوڵەت، گرتنی بەکۆمەڵو ئەشکەنجەو زیندان، ژینگەیەکی بەر هەمهێنابوو کە هەر هێرشێکی تۆڵەسێن بەگەرمی پێشوازی لێوە دەکرا.

باران دوپاتی دەکاتەوە:"خەڵکی ئامادەبوون، بەڵێ تامەزرۆیی بۆ خەباتی چەکداریی لە گۆڕێدا بوو". بەلام بە هۆی شکستی شۆڕشەکانی پێشوو ترەوە نائومێدییەکی تایبەت لەنێو چینو توێژەکانی خەڵکا چێنرابوو. باران دەڵێ:" بیرمانکردەوە گەر دەستبدەینە چەكو واخۆمان نومایان کەین بەهێزو هەرەکەتین، ئەوا پشتیوانیو کۆمەکی خەڵکی بۆ خۆمان بەدەستدەهێنین".

شتانێك کە باران تێبینی کردبوو نائومێدییەکی دیاریکراو بوو کە هامڕابوو بە بێزارییو تورەیی خەڵك لە میریی، ئەم تێبینییە رێك لەلای گروپە کوردییەکانی دیکەیش دروستببوو.[٩٥]

هەمان ساڵ ئەندامێکی تەمەن ٢٩ساڵی رزگاری لە سوریاوە گەیشتە جێ، ئەو دەیەویست ئەندازەگیریی بکات بۆ پلانەکەیان تا سەرلەنوێ خۆیان رێکبخەنەوە بۆ

---

[95] A handful of unidentified militants, apparently from Dev-Yol, who took to the mountains in Turkey after the coup, described similar experiences in Uyan, Gerilla Kartaldir

خەباتی چەکداریی. سەیموس ئۆزەنگین دەگێڕێتەوە:"هەموو کەس چاوەڕێی ڕێکخراوەکانی دەرێی تورکیا بوون تا بەڵکو شتێك بکەن بەشت. بەڵێ بارو دۆخەکە بەجۆرێك بوو کە پێشبینی ڕوودانی شتێك دەکرا لەنێوچەکەدا". ناوبراو پیاوێکی ڕەوان‌و کارابوو، پاش ساڵێك بەنهێنی هاتنەناوەوەی بۆ تورکیا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە قۆڵبەستکرا. ئەو لەو ماوەیەدا گەیشتبووە بڕوایەك کە هەرکەسێك دەستبداتە خەباتی چەکداریی لەلایەن گەلەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بەڵام پێی وابوو لەو قۆناغەدا هیچ گروپێك لە هیچ پێگەیەکدا نەبوو بۆ ئەوەی دەستبدەنە کارو چالاکی. ئەو دەیوت:" گروپێك نەبوو کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی کار بکات".

لەراستیدا جەماوەرو قاعیدە هەبوو بۆ کۆمەکیی گروپە کوردییەکان ، بەڵام گروپی چالاك‌و کردە نەبوو. بەڵام خەباتکارانی پەکەکە لەو قۆناغەدا ڕەوشەکەیان جودا دەبینی. هەرچەندە خەباتکارێکی کەمیان هەبوو تا لەنێو تورکیادا دەستبدەنە چالاکی، وەلێ گروپەکە هەم خۆی بەچالاك دەزانی هەمیش وایدەبینی کە لە گەشەکردندایە. باران لە هەرشوێنێك ڕێی بکەوتایە کاریگەریی دادەناو هۆشداریی دەدا کە پەکەکە لە ئامادەکاریدایە بۆ جەنگێکی دوورو درێژ.

## شەڕ

لە دەستپێکی ساڵی ١٩٨٤ دا، پەکەکە سازو ئامادەبوو، ئەوێ دەمێ تیمەکانی هەڵسەنگاندن‌و شەن‌و کەوکردنی ڕەوشەکە لە تورکیاوە بە زانیاری تێروتەسەلەوە لەمەڕ ڕەوشی هەست‌و سۆزی نەتەوەیی خەڵك‌و شوێن‌و پێگەی هێزوو لەشکری تورك گەڕابوونەوە نێو گەریلاکان لە چیادا. دەیەها شۆڕشگێر لە جەرگەی تورکیادا بە تۆکمەیی خۆیان حەشاردابوو، ئەوان لەهەوڵی پێکهێنانی میلیشیای مەدەنی بوون لەنێو چین‌و توێژەکانی خەڵکدا. ژمارەیەك لە پەکەکە ئەو باوەڕەیان لادروستببوو کە پەکەکە توانیویەتی لە هەرێمەکەدا هاو هەڵوێستی‌و هاوسۆزی

بەدەستبهێنێت. لە دیمەشقیشدا ئۆجەلان سەرکردە بالأکانی پەکەکەی گردکردەوە تا لەبارەی رەوشە نوێیەکەوە وتوێژ بکەن. پێشتر لە وەهار یاخۆ دەستپێکدی هاویندا، رێبەری پەکەکە دووا فەرمانی دابوو، کە ئیتر کاتی هەلأیسانی جەنگە دژ بە تورکیا[٩٦].

گەریلاکانی پەکەکەیش مژوولێ دوا پلانو چالاکییەکانیان بوون، ئەوان زۆرجار لە ئاواییەکی چۆڵو راگوێزراوی کوردیی ئێراقدا کە هەڵکەوتوو لەسەر سنووریی نێوان تورکیاو ئێراق بوو، گرد دەبوونەوە، هەڵبژاردنی ئەم ئاواییەش بەهۆی نێزیکی بوو لە باشوری شارۆچکەی یەکسێکۆڤای تورکییەوە. ئەوکات چیلیك دەیوت:" شوێنێکی زۆر نهێنییە". ئەو یەکێك بوو لە سێ رێکخەرە سەرەکییەکە. ناوبراو سێ پارێزگای دیاریکردبوو، ئەو لە سێ ویلایەتی تورکیادا ورد دەبوویەوە تا شوێنێك دیاری بکات، شوێنێك هەم هێندە سەخت بێت کە بسازێت لەگەڵ خەباتی گەریلاییدا، هەمیش هاوسۆزیی نەتەوەگەرایانی کوردی تێدا بەرجەستەبکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە سێ یەکەی سەربازیی لەنێوان ١٠ بۆ ٣٠ چەکدار پێکهات. هەریەکەیان بەرپرس لە ئامانجێکی جیاوازدا. دەستیانکرد بە پەرینەوە بۆ نێو خاکی تورکیا، تابتوانن بگەنە ئەنجامێك لەو پارێزگایانەدا کەلەسەری رێککەوتوون. ئەوان بەدووی پێگەیەکی نێوەندییەوە بوون تابتوانن لێیەوە هێرش ئەنجام بدەنو دەرفەتی قوتاربوونیش مسۆگەر بکەن تا نەکەونە دەست دوژمن.

هەموو ئامانجە سنوورییەکان پشتگوێخران، لەبەر ئەوەی پێکدادانەکان لەوسنورانەدا، هەم لەلایەن قاچاخچییەکانەوە هەمیش لەلایەن دەوڵەتو کوردەکانەوە رەنگە رووبەرووی پلارو گازاندە ببنەوە . باران دەیوت:"لەراستیدا ئامانجمان کوشتنی رێژەیەکی زۆر لە سەربازان نەبوو". یان دەیوت:" ئامانجمان

96 Extensive details on the practical planning, along with information on who took part in the attacks can be found in Celik, Agri, 73–98.

ئەوە بوو پشتیوانی خەڵك بەدەستبهێنین‌و کەمەندکێشیان بکەین تا بێنە نێو ریزەکانمانەوە".

لەهەمانکاتدا خواستێك بوو تاورەو بڕوا بدەن بەخەڵك‌و هێرشەکانیشیان پلەبەند بکەن. هەوەڵجار ئامانجەکان دەستنیشانکران‌و ژمارەیەك خەڵك دوایین بۆچوون‌و سەرنجیان لەوبارەوە دا.

باران دەیوت:" ئێمە نیازمان بوو بچینە نێوشارەکان(لەوێوە تەواوی پلانەکان دادەرێژران) لەشارەکاندا ئاگاداری ئاڵوگۆڕی پاسەوانەکان‌و جموجوڵی سەربازەکان دەبووین‌و لەنزیکەوە چاومان بەرووی رەوشەکەدا دەکرایەوە". هاوکات خەباتکارەکان رێگاکانی رەفت‌و ئامەدی نێوچەکە زۆرئاشنابوون‌و توانیان چەندین یەکەو حەشارگەی تایبەت بە گردبونەوەی چەك‌و چۆڵ چێبکەن" . هاوکات باران بەزەردەخەنەیەکەوە دەیوت": زانیارییەکانمان لەوەدا بوو کە میریی پێشبینی رووداني هیچی نەدەکرد، میریی لەو باوەڕەدا بوو کە دارای هێزو توانایەکی زۆرە"[97].

باران سەبارەت بەیەکەم چالاکی‌و لێدانی یەکەسەربازییەکانی ئەروح‌و سێمیدیلی بەمجۆرە هاتە دووان:"ئێمە چاوەڕێی رۆژێکی لەو جۆرە بووین، هەستێکی زۆر سەیرمان لەوشەوەدا هەبوو، ئاخر ئێمە خۆمان بۆ چارەنوسێکی دژوار ئامادە دەکرد. ئەروح تەنها ٤٠٠٠ دانیشتووی لەخۆگرتبوو، ئەم شارۆچکەکە بە زنجیرە چیایەك گەمارۆ درابوو. لە کاتژمێر حەوتو نیوی بەیانیدا گروپێکی ٣٠ کەسیی لە گەریلاکانی پەکەکە خۆیان خزاندە نێو شارۆچکەی ئەروحەوە، یەکێك لە تیمەکان راستەوخۆ هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی سەربازی لەنێوچەکەداو یەکێك لە پاسەوانەکانیان کوشت. هاوکات یەکێك لە یەکە سەربازییەکانی پەکەکە بەردەم

[97] The Eruh attack was recreated based on descriptions in Celik, Agri, 90– 92, and Ozcan, PKK, 95–96, and an interview with Celik, one of the people responsible

پایگا سەربازییەکەیان گرت تا رێلە هەردزە هێرشێك بگرن، گرووپێکی دیکەیان لە نێوشارێداو لەبڵندگۆی مزگەوتەوە هاواریان کردو بوونی خۆیان بۆ خەڵکی شارۆچکەکە نومایانکرد.

هەندێکیشیان لەسەر شەقامە سەرەکییەکانی شارۆچکەکە دەستیان کرد بە دابەشکردنی نامیلکەو بڵاوکراوەکانی پەکەکەو لەبەردەم چاخانەو کۆگا بازرگانییەکاندا بۆخەڵکیان روونده‌کردەوە کە ئەمە دەستپێکی شەرو خەباتی رزگاریخوازیی کوردستانە. کاتێکیش ئەوە روونبووەوە کە هیچ هەڕەشەیەکی کتوپڕو دژە هێرشێك لە گۆڕێدا نییەو سەربازەکان هیچ ئامادەکارییەکییان بۆ کارێکی لەم جۆرە نەبوو، هیچ کام لەوان سەربازخانەکەیان چۆڵنەکردو شۆڕشگێڕانیش لەپێناو جبەخانەکاندا سەربازگەکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو توانییان ئەو جبەخانەو چەك‌و چۆڵەی کە لەسەربازخانەکان هەبوو دەستیان بەسەردا بگرن‌و لە شارۆچکەکە بیانبەنەدەرێ.

لە سێمیدێنلیش دوو سەعات پاش ئەوە، هێرشی دووەمی گرووپە چەکدارییەکانی پەکەکە دەستی پێکرد. ئەم شارۆچکەیەیش لەنێوەندیی چیاکانی نێوچەکەدایە، لەوێش هەمان تاکتیکی ئەروح گیرایە بەر لە هێرشەکانداو هەشت گەریلا لە کۆی هەژدە گەریلا کە لە نەخشەکەدا ئامادەبوون‌و توانیان شوێنێك لە دەرەوەی سەربازخانەکانی شارو یانە فەرمییەکان دیارییبکەن. ئەوانی دیکە شۆڕبوونەوە بۆ نێوەندی شار تا دڵنیابن کەسێك دژەهێرش ناکات. هاوکات یەکێك لە یەکەکان پاسەوانی رێگەکەبوون نەکا پۆلیسی شێوە سەربازیی دێهاتییەکان سەربازگەکە جێبهێڵن‌و رووبکەنە نێو شارۆچکەکە.

وەلێ سەربازەکان نەیاندەتوانی کارێکی لەوجۆرە بکەن، چوون بۆیان نەلوا پێگەکانیان چۆڵبکەن. لەنێوندی شاریشدا گەریلاکان کە باران لەنێو ئەواندا بوو بەدەنگی بەرز بەیانی ئامادەکراوی پەکەکەیان خوێندەوە، کە بەناوی هێزی رزگاری

کوردستانەوەبوو، باسی لە پێکهێنانی هێزی رزگاری کوردستان دەکرد، ئەمەیش لەژێر کاریگەریی شۆڕشگێرانی ڤێتنامی باکووردا بوو کە جەنگی رزگاریی نەتەوەییان دژ بە ئەمریکا کردبوو. ئەوانەی لەو نێوەندەدا کۆببونەوە زێدەتر مەردی بەتاسەو تێنو تاوبوون تاوەکو کەسی ترساو و لەرزۆك.

باران باسی دەکرد: " خەڵکی دۆشدامابوون، ئەوان گەرەکیان بوو بزانن کە خەریکە چی روودەدات. ئەوان گوێیان لەتەقو تۆق بوو، بۆیە دەکرا پێیان بێژین کە خەباتی چەکداری دەستی پێکرد، ئەوەیش نەك لێرە بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەیش بەهەمان شێوەبوو". کورد لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکییەو تەنانەت لە ئێرانو ئێراقدا ئاشنابوون بە خەباتی چەکداریی، بۆئەوان رۆشنبوو کەهەموو ئەو راپەرینانە دوواجار مایەپوچو شکست ئامێزن. بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەم رەوشەیش، پەکەکە پێویستبوو پرۆژەیەك بخاتە پێشچاو لە ئازایەتیو هێزوو خەباتی درێژماوە دژ بە رژێمی سەربازیی تورکیا. ئامانجەکە لێرەدا کوشتنو برینی سەربازگەلی تورك نەبوو. بەڵکو ئامانج لە چالاکییەکە پساندنی پێوەندی نێوان خەڵكو سەربازانبوو.

لەلایەکی تریشەوە راگەیاندنی یەکە سەربازییەکانی پەکەکە ئامانجێکی دیکە بوو. لەم بارەیەوە باران روندەکاتەوە کە ئامانج لە هێرشەکاندا دروستکردنی متمانەبوو لە نێوخەڵکدا. شۆڕشگێڕێکی پێشوو وەختێك لەبارەی رەوشەکەوە دەدوا، خۆی لەبان کورسییەکەیدا هاوردە پێشەوەو بە تاسەوە دەیپرسیی، ئایا سەرکەوتووبووینو توانیمان ئامانجەکانمان وەچنگ خەین، ئەو ئامانجانەی کە دارای بووینو باوەڕمان پێیان هەبوو؟. لەپاش هێرشەکان گەریلاکان دەکشانەوە بۆ پێگە نهێنییەکانیان لە چیاکان تا نەتوانن شوێنپێیان هەڵبگرن.

باران ئامارە بەو رەوشە دەیوت:" ئەرتەشی تورکیا دەستیان دایە کێومالّو گەڕان بەدووامان‌دا، وەلێ هیچیان بۆ نەکرا، ئیدی بەهەورازو نشێوەکاندا پاشەکشەمانکرد بۆ سیمیندەلی". هەروەها دەیوت:" لە راستیدا ئێمە هەرێمەکە

فره بەباشی شارەزابووین. لەلایەکی ترەوە شۆڕشوانەکان نیگەرانی ئەوە بوون کە ئاوایییە دوورەدەستەکانی نێو چیاکان رەنگە هەواڵی هێرشەکانیان بەرگوێ نەکەوتبێت یاخۆ رادیۆی میریی بەجۆرێك رونکردنەوەی لەبارە داوە کە لەبەرژەوەندیی پەکەکەدا نەبووە. هەربۆیە گەریلاکان خۆیان دەگەیاندە دوورترینو گچکەترین ئاواییەکانو هەواڵی جەگەکانیان بلاْودەکردەوە. لەگەڵ هەمووان دیدارمان دەکردوو گرد دەبووینەوە، هەموانمان تێدەگەیاند کە رێگەیەکی تر جگە لە جەنگی گەریلایی لە خەباتەکەدا شك نابرێت.

بۆنموونە لەمەیدانی سیمیندلیدا لەمانگی شەشدا چەندین هاولاْتیی بەتاسەوە گردبیوونەوەو گوێیان راگرتبوو، هاوکات نیگەرانیو دڵخوتخوتەیشیان لێدەخوێنرایەوە. ئەوان دەیانپرسیی ئایا تەنها لێرەی نێوچە سنوورییەکاندا دەستتان داوەتە چەك یاخۆ جەنگەکانتان برەو پێدەدەن بۆ شوێنەکانی دیی، یاخۆ دەیانپرسیی هێزی ئێوە لە چیدایەو چییە؟ شتگەلێکی دیکە هەبوو کە دێهاتییەکان خوازیاربوون بیزانن، ئەویش ئەوە بوو ئایا میریی کاردانەوەی چی دەبێت.

جارێکی تر لەمانگی ئۆکتۆبەردا گەریلاکان گورزێکی دیکەیان وەشاند، لەو هەڵمەتەدا سێ لە سەربازانی تورك کوژران، هێرشەکە لەکاتێکدا بوو کە سەرۆك کەنعان عەفرین هاتبووە نێوچەکە بۆ دەربڕینی هێزو پێزی دەوڵەتو بەرزکردنەوەی ورەی سەربازانی دەوڵەت. لەم کاتەدا رۆژنامەی تورکیی دەربڕینێکی سەرۆکی بلاْوکردەوە کە لەئەوپەڕیی تورەیدا رایگەیاندبوو: "مار دەبێت بکوژرێت، ئەگەر چی سەریشی بچوك بێت"[98]. چەند رۆژێك دووای ئەوە. دیسان گەریلاکان هەشت لە سەربازانی تورکیایان لە جوروکای نێزیك لە سنووری ئێراق لەنێوبرد.

دوواتریش کاپتنێکی سەربازیی بۆسەی بۆدانراو کوژرا. ئەم هێرشە سەربازییانە وەك شۆکێك وەهابوو بۆ سەر ئەرتەشی تورکیاو کاریگەریی ئەوتۆی لەنێو خەڵکیدا

98 Cumhuriyet, October 5, 1984

بەجێهێشت. هاوکات جەنگی پڕوپاگەندەی پەکەکە مژوڵی کاری خۆی بوو. ئەم نەزمی نانەوەی پشێویو هێرشانە کاریگەریی خۆیان لەنێوخەڵکدا چاندو متمانەیان دروستکرد. باران کە زۆربەی مەتەرێزو بۆسەکانی لەنێوچەی سیمیندلی دادەناو کاری پارتیزانی دەکرد ئەو ڕوانینەی لا گەلاڵەببوو کە خەڵکی بڕوایان بە خەباتەکە هەیە. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە هەزاران سەرباز لەنێوچەکەدا دامەزرابوون، وەلێ نەیاندەتوانیو بۆیان نەدەلوا هیچ زیانێك بە گەریلاکان بگەیەنن. باران دەیوت:" هێرشەکانمان هانی چەندین لاوی دابوو تا پێوەندی بەریزەکانمانەوە بکەنو ببنە پارتیزان".

هەروەها دەیوت :"لەهەوەڵ هێرشماندا لە سیمیندلی تەنها لە تیمەکەی مندا ١٨ ئەندام دەبووین، وەلێ لە کۆتایی ١٩٨٤دا ببوینە پەنجا ئەندام، لەراستیدا یەکەیەکی گەورەترمان هەبوو ، بەلاّم هەندێك لەوانە نێردران بۆ باکووری ئێراقو هەندێکیشیان وەك پارتیزانێك یاخۆ ئەندامێك لە نێوخەڵکداو لە هەرێمەکاندا هێڵرابوونەوە. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ دا چیلیك کەمپی میڤرۆزی بەجێهێشتو چووە تارانو لەوێشەوە بەفرۆکە چووە دیمەشق تاچاوی بە ئۆجەلان بکەوێت. چیلیك لەم بارەیەوە دەیوت:" چاوم کەوت بە ئۆجەلان کە لەرەوشێکی ئێجگار باشدا بوو، ئەو بەتەواوی چوبووە خەیاڵی واقعیی خۆیەوە". ئۆجەلان تۆمارێکی دەنگیی شەش کاتژمێری سپاردە چیلیك تا بیباتەوە بۆ گەریلاکان لە شاخێدا. تۆمارە دەنگییەکەی ئۆجەلان لە چەند وتارێکدا وتبووی پێویستە گەریلاکان لەساڵی ئایندەدا چی بکەنو چ رابپەڕێنن[٩٩].

سەرکەوتنەکانی پەکەکە ئۆجەلانیان والێکرد کە پاش توانەوەی بەفرو نەمانی دژواریی زستان لەچەند مانگێکی کەمدا بازنەی هێرشەکانیان بەرینتربکەن تا زیاتر

[99] Some details taken from Imset, the PKK, 41–42, 130–131, Birand, Apo ve PKK, 135

بتوانن شۆڕببنەوە بۆنێو خەڵكو نێوخۆی توركیا. هاوكات كۆمیتەی نێوەندیی بەرەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی كوردستانی پێكهانی. ئەندامانی ئەم بەرەیە هەوڵیاندا لە بەهاری ١٩٨٥ بەتەواوی بچنە نێو توركیاوە.

ئۆجەلان پێشبینی كردبوو بەكاریگەریی ئەم بەرەیە دەتوانرێت لە هاوینی هەمانساڵدا راپەرین دژ بە دەوڵەت بێتە گۆڕێ. بەڵام بەهاتنی ساڵی نوێ، رەوشی ناوخۆی توركیاو پەكەكە بەجۆرێك شكایەوە كە ئۆجەلانیان لە خەمو خولیای هێرشەوە گەڕاندەوە بۆ خەمو خولیای بەرگرییو خۆپاراستن.

## توركیا سەرسوڕمان دایدەگرێت

لە ئاكامی هێرشە لەناكاوەكانی ئەروحو سەمیندەلیدا توركیا رووبەڕووی هەژانو سەرسوڕمان بوویەوە. ئەوە لەكاتێكدا بوو تەنها هەشت مانگ تێپەڕی بوو بەسەر گواستنەوەی حكومەت لە دەسەڵاتی سەربازیو هێزەوە بۆ حكومەتێكی مەدەنیو دێموكراتیكی هەڵبژێردراو[100].

ئەودەم وڵات لە كۆدەتای ١٩٨٠وە لە نێو حوكمی عورفیدا تێدەپەڕیی، وردە وردە یاسای عورفیو سەربازی لە هەڵگیراندا بوون. هەرچەند دەبوو دەوڵەت ئاگاداری بەرنامەو پلانی پەكەكە و ئۆجەلان بوونایە. رۆژنامەی سەربەخۆیی كە لە ئەڵمان دەردەچوێنرا هەموو مانگێك تواناو تینی پەكەكەی بۆ هەڵایسانی جەنگ و هەرەشەی هێرش وەشاندەكرد. بەڵام ئەم ئەنجامگیرییەی دەوڵەت یەكێك بوو لە بڕیارە هەڵەكانی دەوڵەت لەسەر هێوربوونەوەی رەوشی باشوری رۆژهەڵات. لەراستیدا ٣ ساڵ دووای ئەو رووداوانە جەنەراڵ یازگان قایا دانی بەوەدا نا كە هەموو ئەو رووداوانە پێشبینی نەكراو بوون. ناوبراو لەسەرو بەندی هێرشەكاندا بەرپرس بووە لە یەكەی حەوتەمی ئەرتەشی توركیا لە باشوری رۆژهەڵاتدا.

---

[100] This section relies on the following: Ahmad, Modern Turkey, 181–190

جەنەراڵ کایا وتبووی:" ئۆجەلان تا ئەوکات نەدەزانرا کێیە، ناوی ئەو ئاشنابوو، وەلێ شوێنکەوتووەکانی وەك رێگرو گروپێکی دز ناسێنرابوون". جەنەراڵ گازاندەی ئەوەی دەگرت کە تەنانەت پاش هێرشەکانیش دەوڵەتی تازە دەستبەکاربووی مەدەنیو هەڵبژێردراو، هیچ رێوشوێنێکی ئەوتۆو تەواوی بەرامبەر بەو هێرشانە نەگرتەبەر کە شیاوی کاریگەرییەکان بێت. سیاسییەکانیش لە ئەنکەرەدا پێیان وانەبوو ئەو هێرشانە ئاماژەیەکی سەرەتایین بۆ دەستپێکی گەورەتر. ئەوان تاوتوێی رەوشەکەیان بەوە دەخەملاند کە هێرشەکان پاشماوەی رووداوەکانی کودەتای سەربازی ١٩٨٠[101] بە چاوخشاندنەوە بە رابردوویشدا ئەوە روونە کە هیچ جێگەی رامانو سەرسوڕمان نییە کە بێئاگایی دامەزراوەی سیاسیو سەربازیی لە ئاست هەوەڵ لێدانی پەکەکەدا لە گۆڕێدا بووە. فەرمانرەوایانی سەربازی لە ١٩٨٠-١٩٨٣دا بەتەواوی سەختگیرو بێبەزەیی بوونو بەزەبرو زەنگ رێبازو ئامانجەکانیان لەپێشچاوگرتبوو، بەڵام توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

ئیدی توندوتیژیی سیاسیی ٩٠٪ دای لەکەمیو ئابووری ولات جێگیربوو، جەنەراڵەکانیش پەیوەستبوون بەو بەڵێنانەی کەدابوویان بۆ ئەوەی لێگەڕێن لە دەسەلات بۆ سیاسییەکان. رەنگە ئەمە هۆکارێکی گچکە بێت بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە هەلایسانی توندوتیژی سیاسیی لە ولاتدا. جەنەراڵەکان تەنها بەرۆکی ئەوانەیان نەدەگرت کە بە پشێوییەکانو نائارامییەکانی کۆتایی حەفتاکان سزایاندابوون، بەڵکو پێیان وابوو گۆڕانی یاساکان دیسانەوە پشکی مەزنیان هەبوو لە کردنەوەی بوارگەلێك بۆ روودانی پشێوی لە ولاتدا ، هەر بۆئەم مەبەستەبوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە پاش کودەتا سەرلەنوێ سیستەمی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو یاسایی تورکیای دارشتەوە. هاوکات دەستووری بنچینەیی

[101] Birand, Apo ve PKK, 126

وڵات سەرلەنوێ نوسرایەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی ئازدی دەربڕین‌و بزووتنەوەو کۆمەڵەو تەنانەت لێکۆڵینەوە زانستییەکان سنووردارببکات.

هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی کە خۆیان لە سنووردارکردنی چالاکییەکاندا دەدییەوە لەپێناو پاراستن‌و پەنادانی ئاسایش‌و یەکێتی خاکی تورکیادا بوو. ئەم دوو وشەیە پاراستنی ئاسایش‌و یەکێتی وڵات واتای نادیاریان هەبوو، هەربۆیە بەخواستی دەوڵەت راڤەیان بۆدەکراو لە سۆنگەیانەوە ئامانجەکانی میریی دەپێکرا.

کەنعان عفرین لە یاداشتەکانیدا نوسیویەتی:" پێویستبوو بە برێك لە مافیی شەخسیمان قوربانی بدەین تا بتوانین ئاسایشی کۆمەڵگە جەمو جۆر بکەین". جەنەراڵەکان هەمیشە گازاندەی ئەوەیان هەبوو کە پارتە سیاسییەکان‌و سیاسەتی پارتەکان نەتەوان بوو لە ئاست رووداوەکانداو نەیانتوانیوە پێکەوە پەرلەمانی مەنگو مۆلەق بخەنە گەڕ. ئیدی بەشیوەیەکی سیستەماتیکی کاریانکرد بۆ تێکشکاندن‌و بەربەستدانان لەبەردەم پارتەکۆنەکان‌و دوورخستنەوەی سیاسییە کۆنەکان. ڕێبەری پارتەکان بۆ ۱۰ ساڵ لە کاری سیاسی دووردەخرایەوەو پەرلەمان تارە کۆنەکانیان بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە رەوشی سیاسی دووردەخستەوە و بۆیان نەبوو لە دامەزراوەی میریدا یاخۆ پارتی سیاسی نوێ دامەزرێنن. بەمجۆرە هەموو ئەو پارتانەی کە لە پێش کۆدەتادا لە گۆرەپانی سیاسیدا هەبوون هەڵوەشێنرانەوە.

لە دەستووری بنچینەییدا و لە نێو یاسا نوێیەکاندا هاتبوو کە پارتە نوێیەکان قەدەغەیە لقی تایبەت بە لاوان‌و ژنانیان هەبێت یاخۆ لە ئاواییەکاندا بنکەو بارەگا بکەنەوە[١٠٢]. بۆ هەموو قوتابی‌و پرۆفیسۆرو فەرمانبەرانی میریی نەبوو لە دامەزراوە مەدەنییەکاندا، پەیوەندی بکەن بە پارتە سیاسییەکانەوە. ئامانج لەم کۆت‌و بەندانەدا خۆ لادان بوو لە دووبارە بوونەوەی ئەو رەوشە توندو ناهەموارەی بەرۆکی

[102] Quoted in Pope and Pope, Turkey, 148

ولآتی له کۆتایی حەفتاکاندا گرتبوو ، ئیدی بەم بەندو کۆتانە لاوان نەیاندەتوانی خۆیان لەناو گروپو ڕێکخراوو کۆمەڵەکاندا ڕێکبخەنەوە.

هەوڵی جەنەراڵەکان لە بوونیادنانەوەی کۆمەڵگەی نوێی تورکیدا بە یاسا نوێیەکان‌و ڕێکخستنە نوێیەکانەوە نەوەستا. لە سەروەختی هەڵبژاردنی نەتەوەیی بۆ ئەوەی دەوڵەت لە نەزمێکی سەربازییەوە بەرن بەرەو دەوڵەتێکی مەدەنی. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو مافەی پێدرا بوو کە هەر پارتێکی سیاسی یان کەسایەتییەك بداتە دوواوە، بەتایبەت لەنێو ئەوانەدا کە لەئامادەسازیدا بوون بۆ پەرلەمانی داهاتوو.

بەمجۆرە نێزیکەی حەوسەد کاندید کە خۆیان پالأوتبوو بۆ پەرلەمان، لەلایەن ئەنجومەنەوە درانە دوواوەو هاوکات لە کۆی پانزە پارتی سیاسییدا تەنها دوو پارت ڕێگەیان پێدرا کە بەشدارییکەن لە هەڵبژاردنەکاندا. لەو سێ پارتەیشدا تەنها یەکێکیان سەر بە ڕەوتی سەربازی‌و ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتی سەربازەکان نەبوو. بەم جۆرە لەنێو ئەو ڕەوشە پڕ لە بەندو باوەی دەسەڵاتدارییەتی سەربازیدا بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەی تورکسالار، پارتی نیشتمانیی سەربەخۆ بەرێبەرایەتی تورکوت ئۆزاڵ، کە تەکنۆکراتێکی ئابووریناس بوو، توانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. جەنەراڵەکان لەم ڕەوشەدا چەند هەنگاوێکیان گرتە بەر بۆ ئەوەی دڵنیابن لەو ڕەوشەی کەلەپاش گەڕانەوەی حوکمی وڵات بۆ دەسەڵاتی مەدەنی بەر گوێیان دەکەوێت. ئیدی دەستووری بنچینەیی تەواوی تواناو دەسەڵاتی بەخشییە کەنعان عفرینی سەرۆك بۆ ماوەی حەوت ساڵ، ئەو تا ئەوکاتەی پۆستەکەی جێدەهێڵێت هەموو هێزێکی پێدرابوو. هاوکات ئەنجومەنەی ئاسایشی نەتەوەیی ٤ ئەندامی مەدەنی زیادکرد، ئەمە لەپاش گواستنەوەی دەسەڵاتەوە هات بۆ دەسەڵاتێکی مەدەنی، ئەمانە لەلایەن پێنجەم ئەندامەوە کۆنترۆڵکرابوون کە کەنعان عفرینی سەرۆکی کۆدەتا بوو. لە ڕاستیدا ئەم ئەنجومەنە

دووباره ڕێکخستنەوەی وەك ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بوو، بەڵام خۆی لەخۆیدا دیسانەوە ئەرکی پاراستنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەپێشچاوان بوو. هەروەها لەدەستووری بنچینەیدا هەموو ڕاگەیەنراوەکانی پێویستبوو پێگەی هەوەڵیان هەبێت لە لایەن وەزارەتەکانەوە. لە تورکیای دیموکراسی سەرلەنوێ دامەزراودا، چالاکوانانی کورد ئیدی لە مەنفا یاخۆ لە زیندان یان ئەوانەی لەتورکیادا ئازاد بوون، لەو باوەڕەدا نەبوون، کە تەنها ژوورێك هەبێت بۆ چالاکیو کاری ئەوان.

هاوکات بەڵگەیەکیان شکنەدەبرد کە بتوانن بەهۆیەوە مافەسەرەتاییەکانی نەتەوەی کوردی تیادا ببیننەوە. لە دەستووری بنچینەیی نوێدا کە لەژێر فەرمانرەوایانی سەربازیدا لەدایك بوو، ڕاگەیەنرابوو کە هەموو هاووڵاتیانی تورکیا تورکنو تورکیی زمانی فەرمیی دەوڵەتە، لەلایەکی تردا ئاماژەدرابوو کە ئەو بەندانە قابیلی گۆڕانکاریی نین. هاوکات پارتە سیاسییەکان لەژێر ئەو بەندو یاسایانەدا بۆیان نەبوو بانگەشەی بوونی کەمایەتی نەتەوەیی بکەنو بۆشیان نەبوو دەم بدەن لەو پرسانەی کەباس لە فەرهەنگو کلتوورو گرفتی نەتەوەیی دەکەن لەتورکیادا[103].

هاوکات زمانی کوردی لەژێر بەندی تایبەتی ٢٩٣٢دا بۆی نەبوو بەکاربهێنرێت یاخۆ بخوێنرێت. بەم جۆرە بەبێ ئەوەی ئاماژەش بە وشەی کوردی کرابێت ، هەموو بوارێك لەبەردەم زمانو ئەدەبیاتو بوونی کوردیدا قەدەغەکرابوو. هەموو ئەم ڕێگریانە نوێ نەبوون، تەنها شتێك کە نوێ بوو ئەوە بوو کە تەنانەت دەربڕینێك کە بۆنو بەرامەی نەتەوەی تری دەدا بەدەستوور ڕێ لەبەردەم هەناسەیدا گیرابوو.

کاتێك هێرشەکانی پەکەکە ڕوویاندا، بەتەواوی جێگەی تێرامانو سەرسوڕمان بوو، چونکە بەفەرمی لەتورکیاداو بەدەستوور شتێك بەناوی کوردەوە بوونی نەبوو. بەڵام لە شەستو هەفتاکاندا گەر کارێکی وەهاش بوایە ئەوا پارتو ڕێکخراو و

---

[103] Political Parties Law No. 2820, section 81

بلاوکراوەی نیمچەکوردی و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوونیان هەبوو، هەموو ئەو دەستکەوتانە لە کۆدەتای ۱۹۸۰دا لە گۆڕنران. لەتورکیای وێدا هەموو بۆنو بەرامەیەکی کوردی بەیاسا ریشەکێشکرا.تەنانەت سەرەتاییترین بوونی کورد، ناوی منداڵو شوێنو تەعبیرە کوردییەکان بوون، هەموو ئەوانە بەتەواوی لە دامەزراوەکانی تورکیادا قەدەغەکرانو هەردەستەواژەیەکی لەو جۆرە تێکرا بەکاری جوداخوزای نێودەبرا. تەنانەت بەچەند رۆژێك پاش هێرشەکانی پەکەکە کاتێك رۆژنامەنووسێکی تورك سەردانی ناوچەکەی کردبوو نوسیبووی:" لەوێندەر تورکگەلێك هەن کە فرە بە سەختی بەتورکی قسان دەکەن". تا ئەو رادەیە نەتوانرا بوو بوترێت بە زمانێکی جیاواز دەدوێن کە زمانی کوردییە[١٠٤].

[104] Cumhuriyet, October 18, 1984.

# بەشی دووەم

## پەکەکە رووڵە هێز دەنێت

# باسی یەکەم

# توندوتیژیو ئەمەکداریی ١٩٨٥-١٩٩٠

دوو ساڵ پێش دەستپێکی خەباتی چەکداریی پەکەکە. چەتین غونغور ئەندامی باڵای کۆمیتەی ئەورووپای گروپەکە، دەستیدابوویە وتوێژ بۆ ریفۆرمێکی نێوخۆیی. ئەو بەهەموو رێگەیەکی زیرەکیو کاریی سەختگیرو وریایانە هۆشداری دایە گروپەکە کە بەنەزمێکی زۆر رەهاو تاکرەوانە مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا دەکرێت[١٠٥].

نیگەرانی چەتین بەتەواوی تاوی سەندبوو، ئەویش زێدەتر لەوکاتەوە بوو کە بۆماوەی ساڵێك لەتەك گروپەکەدا لە ئەورووپا کاری کرد. ئەو ساڵی ١٩٨١ نێردرابوویە ئەویَ تا بتوانێت تۆڕێکی پشتیوانی لەنێو کوردانی ئاوارەی ئەورووپادا چێبکات.

چەتین خوازیاربوو برەو بدرێت بە مشومڕە نێوخۆییەکان لە کۆنگرەی دووەمی پەکەکەدا کە بڕیاربوو ساڵی ١٩٨٢ ببەسترێت. چەتین لە ئەڵمانیاوە بەمەبەستی بەشداری لەو کۆنگرەدا گەڕایەوەو کۆنگرەکەیش لە ئۆردوگای راگوێزراوی فەلەستینییەکان لە نێوان سنوری ئەردەنو سوریا گرێدرا. ئەو شوێنە گەلێ دوور نەبوو. ئۆجەلان لەم کۆنگرەیەدا بەزمانێکی تەنز ئامێزەوە لەبەرامبەر چەتینو نەزمی ئەورووپاو هەرجۆرەمشتومڕو گفتوگۆیەك وەستایەوەو هەموو دەنگێکی جوداوازی سەرکوتکرد.

بەمجۆرە ئەندامانی دیکەی کۆنگرە بایەخێکی ئێجگار کەمیان دایە ئەو باسو خواسەی کە لە نیازو نواڕینی چەتین غونغوردا هەبوو. ئێس کە ئەندامێکی پێشووی پەکەکەو سەرکردەیەکی بەرچاو بوو دەگێڕێتەوە:" ئێمە تەنها هۆشمان لەلای

---

.تەواوی ئەم بەشە بریتییە لە زنجیرە دیداریَکی ضروثر لەطەلَ بەرثرسە ئَيشووتكانی ئەكەكەدا. ١
A vari- ety of unpublished sources were critical to this section, including the open let- ters of Cetin Gungor to the PKK, dated April 15, 1983, May 10, 1983, Oct. 19, 1983, March 18, 1984, and August 16, 1984, and an unsigned, undated eulogy for Enver Ata in 1984. Also used was a pamphlet from Die Gruenen/GAL, “Politische Mord in Europa,” 25/6/87.

دەستپێکی خەباتی چەکداری بوو، ئیدی نەماندەپەرژا بیربکەینەوە بۆچی ئەو بەرەو بالآیی دەڕوات، پێمان وابوو هەموو ئەو شتانە شتانێکی لابەلاو لاوەکین".

ناوبراو لە ئەڵمانیادا ژیانێکی سەرکەوتووانەو باڵەخانەیەکی دڵگیری پێکەوەنابوو. لەراستیدا ئۆجەلان وادیاربوو بەشێك لە خولیا نەتەوەییەکانی لەدەستدابوو. هەربۆیە غونغور کە ناوی نهێنییەکەی بە سەمیر ناسراو بوو. بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو دەستبەرداری دڵخوتخوتەو نیگەرانییەکانی بێت. هەربۆیە پاش ئەوەی لە کۆنگرەی دووەم گەڕایەوە ئەڵمانیا، ئیدی بەجدی دەستی دایە مشتومڕ بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی. چەتین بەدەر لە نیگەرانییەکانی لەمەڕ پێکهاتەی ناڕۆشن‌و ستەمگەرای پەکەکە. خوازیاری ئەوە بوو جارێکی دیکە چاو بە رێکخستنەکانی ئەورووپا بخشێنرێتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا ئاراستەکرابوون تا پوڵ‌و پیاو بۆ جەنگیی چەکداریی نەخشەبۆدارێژراوی پەکەکە گردبکەنەوە. چەتین لەوباوەڕەدابوو لەجیاتی چالاکییەکانی پەکەکە لە ئەورووپا پێویستە رووبکرێتە نێوچەکوردییەکان‌و هانبدرێن‌و رۆشنبیربکرێن‌و یاریدەیان بدرێت‌و لەگەڵ ئازارەکانی میللەتدا بژین.

هاوکات چەتین لەو باوەڕەدابوو پەکەکە تابازنەی پەیوەندییەکانی لەدەرەوەی گرووپە چەپە لاوازو لاوەکییەکاندا فراواننەکات ناتوانێت چالاکتر دەرکەوێت. پەکەکە پێویستە لەگەڵ رێخراوەناحکومییەکان‌و پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندا بازنەی پەیوەندییەکانی بەرینبکات، هاوکات پێویستە کۆمیتەیەکی تۆکمە لە رێکخستنەکانی ئەورووپادا دیاریبکات‌و ئازادی بۆچوون‌و رافەی رووداوەکانیان هەبێت. لەراستیدا نەویستراوە ئەوراستییە بوترێت یاخۆ تێبینی نەکراوە، ئەگەرنا دەسەلآتی ئۆجەلان لە چالاکییەکانی ئەورووپادا دیاریکراو بووە. سەرلمان ئەرسەلان کە خەباتگێرێکی پێشووی پەکەکەو کەسێکی نێزیك لە سەمیر بوو لە ئەورووپا لەم بارەیەوە روونکردنەوە دەدات‌و دەڵێت:" سەمیر مرۆڤێکی دۆگما نەبوو، ئەو پێی وابوو هەمووشتێك دەکرێت مشتومڕی لەبارەوە بکرێت، پێویستیش نییە هەمیشە

بڕیارەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزن. خەڵکی پێویستە سوود لە ئەزمونی خۆیان ببینن‌و سەربەخۆبن لە بڕیارو خودموختاربن لە بڕیارداندا".

ئۆجەلانیش هەمیشە نیگەرانی ئەو کاردانانەوە بوو کە لەهەمبەر دەسەڵاتیدا قوتدەبنەوەو هەمیشە لەخەمی لێکترازانی ریزەکانی پەکەکەدا بوو، بۆ ئەم مەبەستەیش سەمیری بە تەگەرەو کۆسپ دەزانی. هەربۆیە لەسەرەتادا هەوڵی دا کاریگەریی‌و هێزی سەمیر لەنێو کۆمیتەی ئەورووپای پەکەکەدا کەمبکاتەوە. ئەوەبوو هەڵمەتێك بۆنابوتکردنی تواناکانی سەمیر لە دیمەشقەوە سەرچاوەی گرت، لەوێندەر نزیکەکانی ئۆجەلان گەلێ پرس‌و جۆیان لەسەر تواناکانی سەمیر وروژاندو هاتنە ئەورووپا. ئەوان بەئاماژەدان بە خوێنساردی سەمیر لەپابەندبوون بەبنەما شۆڕشگێرییەکانەوەو رەخنەو گازاندە لە رەوشی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەکەکەو زیادکردنی نەزمی لادان لە رێکخستنەکاندا رووبەرووکرایەوە. ئەرسەلان دەڵێ:" ئیدی یەك بەیەك هەموانیان دوواندو ئەوەیان تێگەیاندن یاخۆ هەوڵیاندا ملیانپێبدەن کە سەمیر خەریکە کارێکی هەڵە ئەنجامدەدات‌و ئەنجومەنی ئەورووپای پەکەکە نەیتوانیوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی". هەروەها دەیوت:" ئەورۆ کە ئاوڕدەدەمەوە دەبینم هەموو پلانەکان لەدەوروخولی ئەوەدا بوون کە خۆیان لە سەمیر قوتاربکەن". سەمیر کەسێك بوو لەدەورووبەری ١٩٧٥دا وازی لەپلانەکانی هێنا تا ببێتە مامۆستاو پەیوەندی کرد بە ئۆجەلانەوە، ئەو دارای بڕوایەك بوو کە پەکەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەستەبەری دەکات. سەمیر کەسێکی وردو وریاو فزوڵ بوو، ئەو ملە جیڕەی لەهەر شتێکدا دەکرد کەدەهاتە پێشەوە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی نێردراوانی ئۆجەلان فشارو فووی زۆریانکرد بە زراندنی نێوی سەمیرداو هەوڵیاندا پاشگەزی بکەنەوە لە باوەڕەکانی، ئەو بەپێچەوانەوە سوربوو لەسەر کارەکەی‌و دوپاتیکردەوە کە پەکەکە وەك پارتێکی پێکهاتە لینینی پێویستی بەراستکردنەوەی ناوخۆییە. سەمیر هێند وریابوو تا لەپرس‌وجۆکانی ئۆجەلان وەك

ڕێبەرێك خۆی دەربازبكات، وەلێ هەمیشە ئەوەی خواستبوو، ئایا ئۆجەلان پێویستە لەهەموو کێشەو چارەسەری گرفتێکدا پشتی پێببەسترێت؟ ئەو هەمیشە دەیپرسی چالاکییەکانی پارتی بەتەنهایی لەگەڵ ئەرکی جێبەجێبکرێن‌و ئەرکی شەخسی‌و تایبەتدا ناتوانرێت سەرکەوتووبن.

لەنامەیەکدا کە ئاراستەی ئۆجەلانکرابو ئاماژەیان بەوەدابوو کە پێویستە لەو ژیانە خەیاڵییەدا بەئاگابێتەوە[١٠٦]. سەمیر بۆ ماوەی ٣ ساڵ بوو لە ئەوروپادا ژیا بوو، لەوێ فێری گفتوگۆی ئازادو نەزمی دیموکراتی‌و دیموکراسییەتی ڕاستەقینە ببوو. هاوکات لەتەك هاوپەیمانە چەپە تورکەکانی پەکەکە لەوانە دیڤ یۆل دا لە نێزیکەوە پێوەندی هەبوو. ئەوانیش دەستیان دابوویە چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستە لینینگەراکانیان‌و پێیان وابوو دیموکراسی دواجار دەبێت شۆڕش لە هەگبەیدا هەڵگیرابێت.

ئیدی کۆی هەموو ئەم هۆکارانە بوونە داینەمۆی باوەڕی سەمیرو ئەو هەستەی لا گەلاڵە بوو کە پەکەکە ئاتاجی بە گۆڕانکارییە. لە ڕاستیدا ژیانی ئۆجەلانیش لەگەڵ شوێنی جیاوازی جیهاندا بوو، بنکەی مانەوەی ئەو لە دیمەشقدا بوو کە دیکتاتۆریەت هێشتبوویەوە، وڵاتانی دیکەی دەرێی سنوورەکانی سوریایش هەر دیکتاتۆرو دیموکراسییەکی مەنگۆڵ‌و ناتەواو بوون. لەهەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئۆجەلانی لێبوو گفتوگۆی ئازاد نەبوو نەشیان دەویست ڕەوشێکی لەو جۆرە سەرهەڵبدات. ئۆجەلان کەتەماشای پێوەندییەکانیشی لەگەڵ دەڤ یۆل دەکرد تێدەگەیشت کە خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا لاواز بووە. ئەو تاوانی هەموو ئەوانەی خستبووە ئەستۆی سەمیر، پێیشی وابوو سەمیر لە نێو دنیای خەون‌و خەیاڵدا دەژی. ئۆجەلان لەوتارەکانیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە لەناو پەکەکەدا هەمیشە

---

[106] Semir, open letter to the European committee, April 15, 1983.

لایەنی لاوازو بەهێز سەرکەوتن‌و شکست باسکراوەو وەستان لەسەر پێشهاتەکان کراوەو گیانی رەخنە زیندوو بووە ئەوەیش کە سەمیر باسی لێوە دەکات نارەوایەو ئەو رەخنەکانی زادەی نێو کۆنگرەنین‌و لە ئەورووپاوە دەدوێ. هەر بۆیە نیازی سەمیر نیازێکی شەرخوازانەو غایەلەی سەمیر غایەلەیەکی خراوە. هەروەها ئەوەیشی دوپاتدەکردەوە کە سەمیر هیچ کارێکی نەکردووە تا پەکەکە بەهێزبکات[١٠٧].

لەراستیدا تائەوکات سەمیر خۆی بەبەرپرس لە ئەنجومەنی پەکەکە دەزانی لە ئەورووپا، وەلێ نێردراوانی ئۆجەلان ئەویان لەو بەرپرسایەتییە دوورخستەوەو پێیان راگەیاند کە پێویستت بەکات هەیە تا بە هەڵوێستەکانتدا بچیتەوە. لەبەرامبەردا سەمیر ئەوەی درکاند کە بەڵی لە ئێستادا دۆگماتیزمی نێوخۆیی حزب زۆر لە بیرکردنەوەو ئیرادەی من بەهێزترە. هەربۆیە بە پێویستی دەزانم کە ریزەکانی ئەو حزبە چۆڵبکەم. سەمیر لە نامەیەکی کراوەیشدا بۆ هاو رێبازانی نووسیی:" ئەستەمە بتوانن لە ئێستادا لە ئاستێکدا بن کە لەمن تێبگەن، رەنگە کاتێك بێت ئەوە روویدات".

لەراستیدا ئاسان نەبوو بۆ سەمیر کەواز لەپەکەکە بهێنێت. ئەو جیا لە رەخنە ئایدیۆلۆژییەکان لە ئۆجەلان‌و چالاکییەکانی پەکەکە بەهەموو واتایەك پشگیرو پشتیوانی پەکەکە بوو، ئەو نێزیکەی حەوت ساڵ لەتەمەنی تەرخانکردبوو بۆ پەکەکە. هەربۆیە چەند مانگێك پاش وازهێنانەکەی رازی بوو لەیەکێك لە بەشەکانی کۆلێژدا لە ئاڵمان لەگەڵ چالاکوانانی پەکەکە بەمەبەستی پێکهاتنەوە دانیشتن‌و دیداربکات. دوواجار سەمیر لەتەك چالاکوانەکان کۆبوویەوە، هەرچەند بیروڕاکانی سەمیر گۆرانیان بەسەردا هاتبوو، تەنانەت لێدوانەکانی زۆر پۆزەتیف بوون، ئەمە

---

[107] Ocalan, PKK'ye Dayatilan, 47.

وای کرد کە گومان لەپەیوەندی سەمیرو شاهین دۆنمز بکەن کە بەکرێگیراوی میتی تورکیو ئەندامی پێشووی پەکەکە بوو.

لەبەرئەوە چالاکوانەکان بە سەمیریان وت، ئەو ناتوانێت شوێنی کۆبوونەوەکە جێبهێڵێت تاوەکو لەو بارەیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

دواجار سەمیر لەو پلانەدا توانی هەڵبێت، وەڵێ پاسەوانەکان دەیگرنەوەوە و لە شەوێکدا توندی شوقەیەکی دەکەن، ئیدی سەمیریان ئەو شەوە هێشتەوەو لەلایەن چوار پاسەوانەوە هەموو پارەو پوڵو شوناسنامەیەکیان لێزەوتکرد. سەمیر لە نامەیەکدا کە لە ١٩-١٠-١٩٨٣ نوسیویەتی زۆر بە تورەییو قەڵسییەوە باس لەوە دەکات کە نە پێشبینی کارێکی لەو جۆرەی کردبوو نەیش توانای ئەوەی هەیە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستێکی لەوجۆرەبکات. لەراستیدا هێشتنەوەی سەمیر بەدەستبەسەریی وایکرد لەهاوەڵەکانی بەدوویدا بگەڕێن، پاسەوانەکانی سەمیریش ئاگاداریان کردەوە گەر رووداوی رفاندنەکەی باس بکات لەناو شۆڕشگێراندا ئەوا ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە. هەرچۆنێك بێت سەمیر توانی بۆ دووەمجار لەچنگ چالاکوانەکان قوتاربێت.

لەپاش هەڵهاتنی لە دەستبەسەرییەکە، لەونامە کراوەدا کەنوسیبووی ئەوەی خستبووە روو کە هەموو پێوەندییەکی لەگەڵ پەکەکەدا پچراندووە، دوپاتیشی کردبوویەوە کە بەڵێ دژ بە هەموو پرەنسیپەکانی پەکەکەیەو لەروویان دەوەستێتەوەو وەك هێزێکی ئایدیۆلۆژیی مەترسیداریش لێیان دەڕوانێت. لەو بارەوە نوسیبووی:"ئێستا دەزانم ئەم هێزە چەند ترسناك بوو، چەندیش لەسەر هەقو رەوابووم کە دژی ئەم رەوتە نەفرەتییە وەستابوومەوە". سەمیر بەمجۆرە لە گازاندەو گلەیی لەپەکەکە بەردەوام بوو. پێشی وابوو لەپێناو شۆڕشی کورد دا ناتوانێت دەستبەرداری خەباتو چالاکی بێت، وەڵێ ناتوانێت لەسەر نەهجی پەکەکە بڕوات. ئەو هۆشداریشی دا کە بایکۆتکردنی ئەو هەڵەیە. ئەوە هیچ سوودێك

بەپەکەکە ناگەیەنێت کە بمکەنە دوژمنی خۆیان. ئەم راگەیانراوەی سەمیر بۆ بەردەوامبوونی لەکارەکەی دروست وەك هەڕەشەو گوڕەشەیەك بۆسەر ژیانی شەخسی ئۆجەلان و وەك تەحەدایەکی راستەوخۆ بۆ سەر پەکەکە لێکدرایەوە. پەکەکە هیچ کات لەئاست دابەشبوونەکاندا بێدەنگ نەبووەو نەرمی نەنواندووە.هەر لەساڵی ١٩٧٧دا پەکەکە دووان لەچالاکوانەکانی خۆی لە غازی عەینتابدا کوشت، ئەوەیش پاش ئەوە روویدا کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لە گروپەکەیان جودا بوونەتەوە. هەر بۆیە سەمیریش خۆی وەك رکابەری پەکەکە راگەیاندبوو، بۆیە لە دەستپێکی ١٩٨٤ دا لە رۆژنامەی سەربەخۆیی کە رۆژنامەیەکی نێوخۆیی پەکەکە بوو سەمیر وەك غەیان بە شۆڕش لەقەڵەم درا. ئەوەیش لە ئەدەبیاتی پەکەکەدا ئاماژەیەکی روونو رەوان بوو کە پێویستە خۆی بۆ مردن ئامادە بکات. لە راستیدا ئەوە بۆ پەکەکە گرنگ نەبوو کە سەمیر رۆشنبیرێکی وریاو وردە، نەبوونی ئەو هیچ لەمپەرێکی لەبەردەم هەیمەنەو هێزی گەشەکردووی پەکەکەدا دروست نەدەکرد. لەنێو پەکەکەیشدا زۆرینەی هاورێکانیو پێوەندییەکانی لەتەك ویدا پچڕابوون. بەمەیش دەرفەتی کارکردنی لەنێو گروپێکی دیکەدا سنووردارکرابوو. هاوکات بانگەشەی سەمیر بۆ زەمینە سازکردن بۆ ئازادی بیروڕاو دیموکراسی نێوخۆیی هاوتانەبوو لەتەك میتۆدی هیچ کام لەپارتو گروپەکانی دیکەدا.

نوسینەکانی لەبواری چەپڕەویدا و تۆمەتبارکردنی ئۆجەلان بەوەی کە کەسێکە گرفتی دەروونی هەیە، هۆیەك بوو تا گروپە فاشیستەکان کەڵك لە زرموکوتی نێوان خودی چەپەکان وەربگرن. تەنانەت هەندێك لە چالاکوانانی پەکەکە ئەوانەی وابیریان کردبوویەوە کە ئۆجەلان بۆ پاڵپشتنی پێگەی سەرۆکایەتی خۆی ئەو هەرا هوریایەی لە سەمیر بەرزکردووەتەوە، ئەوان بە هێرشو هۆشدارییەکانی سەمیر نا ئارام بوون. لەم بارەیەوە ئەرسەلان دەیوت:" لەراستیدا پێم وانەبوو سەمیر بەکرێگیراو بێت، هاوکات پێشم وانەبوو ئەوەی ئەو دەیکات کارێکی باش بێت بۆ

پەکەکە"یان " ئەوەی من دەمبینی تەنها دیوێك بوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئەم ڕێکخراوە لەخەباتو ململانێدایە لەپێناو کوردو دەوڵەتی کوردیدا، پێشمان وابوو کەسێك دژ بەم ڕێکخراوە دەنگ بەرز بکاتەوە، بەهیچ جۆرێك خزمەتو خەمی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردی پێ نییە".

سەمیر پشتی بەستبووە هاوڕێکانی لەنێو چەپی تورکیدا تاوەکو سەلامەتی گیانی بپارێزن. بەڵام هەڵسوڕاوانی پەکەکە بەشوێن ئەوەوەبوونو بەدوویدا دەگەڕان. ئێس کە هاوڕێیەکی چەپی سەمیربوو لە هامبورگ وتبووی :"ئەوان لەوەدەگەران شوێنێك بدۆزێتەوە بۆ مانەوەو پاشان هەڵبکوتنە سەریو لەنێوی بەرن". لەکۆتایی ١٩٨٤ دا بوو یاخۆ لەسەرتای ١٩٨٥ سەمیر داواکاریی پێشکەشکردو مافی پەنابەرێتی سیاسیی لەوڵاتی سوید وەرگرت. هەندێکی دیکە لە بەرهەڵستکارو نەیاری پەکەکە لەوێندەر دەژیان. مەسعود ئاکیۆڵ لەم بارەیەوە دەڵێ:" سەمیر لەسەرەتادا بڕیاری نەدا دەستوەربداتە کاری سیاسیی لەتەکیان، وەلێ هەولی دا چەندین بڵاوکراوەو نوسراو بنوسێت تا برەو بە هزرو بۆچوونەکانی بدات بۆ پێشخستنی دیدی دیموکراسی لەنێو پەکەکەدا".

مەسعود سەرکردەی پێشوی دەڤ یۆل بوو، ئەوبوو سەمیری پەنادا پاش ئەوەی توانی لە دەستبەسەرییەکەی پەکەکە لە شاری کۆڵن قوتاربێت. هەر بەگوێرەی گێرانەوەکانی مەسعود، سەمیر پاش ئەو قۆناغە بڕیاری دا بێتە ناو کایەی گشتییەوە، دیارە ئەمەیش ئەو رۆژەبوو کە واژۆی لەنێوبردنی بوو بە ئەمری واقیع. ناوبراو هەڵوێستەکانی سەمیر بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:" لە ئێستادا ئێمە تەمەنمان هەڵکشاوەو شتەکان جیاوازتر دێنە پێشچاومان، وەلێ لەو کاتەداو لە تەمەنی سەمیرداو لەقۆناغێکی وەهادا، سەمیر هێند باوەڕی بەهزرە دیموکراسییەکەی هەبوو، ئامادەبوو لەپێناویدا ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە".

لە ئێوارەیەکی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٥دا سەمیرو دووان لە ئەندامانی پێشووی پەکەکە بەشداریانکرد لە گردبوونەوەیەکی چالاکوانە کوردەکان لە شاری ستۆکۆڵمدا. ئیدی ئەمە هەوەڵ دەرکەوتنی سەمیر بوو لە شوێنە گشتییەکاندا. هەر لەو ئێوارەیەدا یەکێك لەپشت سەمیرەوە بەچەند فیشەکێك کۆتایی بەژیانی هێناو هەڵهات. هاوڕێکانی سەمیر تێنەدەگەشتن بۆچی دەبێت پەکەکە سەمیر بکوژێت.

پەکەکە بۆ خۆیشی لە بڵاوکراوەیەکدا بکوژی سەمیری بە قارەمانو نیشتمانپەروەر نێوبرد. ئۆجەلان سەبارەت بەم رووداوە گوتبووی:" ئەو بەکرێگیراوە لەلایەن گەلەکەمانەوە گەیەنرا بە راستیو یەکسانی"[١٠٨]. لەم وتانەدا دیاربوو کە ئۆجەلان لە بەرپرسایەتی شەخسی کوشتنەکە خۆی دەپەڕێنێتەوە، وەڵێ دوواتر بەئاشکرا درکاندی کە سانێك کە ئەندامی پەکەکە بوونو بەئاشکراو بێ پێچو پەنا دەبنە گرفتو تۆوی جیاوازی دەچێنن، پێویستە پێشبینی ئەوە بکەین کە بێدەنگ دەکرێن. ئۆجەلان لەشوێنێکی تردا وتبووی:" سەمیر لە هەرشوێنێکدا بێت، دەکوژرێت"[١٠٩]. بەمجۆرە کوشتنی سەمیر بووە هەوەڵ ئاماژەی سەرکەوتنی ئۆجەلان بەسەر نەیارانی دەسەڵاتدارییەتەکەیدا.

بەڵام سەمیر یەکەم قوربانی نەبوو لە جوڵانەوەکەی ئۆجەلاندا، سەرکەشییەکەی ئۆجەلان لەبەرامبەر نەیارانی خۆیو یەکێتی گروپەکەیدا قوربانیگەلێکی دیکەی لێکەوتەوە. تەنها لەماوەی ساڵانی نێوان ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٥ ئۆجەلان فەرمانی دەرکردو هانی دا تا بەلایەنی کەمەوە ١١ ئەندامی باڵای پێشوو و ئەوکاتی پەکەکە لەنێوبەرن، کە سەمیر تەنها یەکێك بوو لەو یازە ئەندامە. هەندێك لەو یازدە

[108] From the German-language translation of a November 1985 brochure issued by the PKK in Europe: "PKK-Vertretung in Europa," November 1985
[109] Birand, Apo ve PKK, 163.

سەرکردەی پەکەکە توانیان هەڵبێن‌و خۆیان بشارنەوە، وەلێ زۆرینەیان لە ئۆردوگای دۆڵی لۆلانی پەکەکە لەباکوری ئێراق یاخود لە ئوروپادا گوللەبارانکران[110].

بەمجۆرە نێزیکەی هەموو ئەوانەی کاریان لەتەك سەمیردا کردبوو لەنێو چالاکییە پەرەگرتووەکانی ئەورووپای گروپەکەدا، تەنانەت ئەوانەیش کە قسەیەکیان لەبەرژەوەندی سەمیردا نەکردبوو، تەنها پەیوەندییەك بەسبوو بۆ ئەوەی سەرکۆنەبکرێن. ئەوانی دیکەیش فرەبەسانایی ئەوە دەخوێنرایەوە لێیان کە بەئەندازەی پێویست ئەمەکدارنەبوون بۆ رێبەرایەتی ئۆجەلان. ئۆجەلانیش بۆخۆی قەد فەرمانی بەکوشتن نەدەکرد، وەلێ ژینگەیەکی رەخساندبوو کە تێیدا غەیانەکان پێویستبوو لەنێوببرێن.

یەکێك لە خەباتکارەکانی پەکەکە دەڵێ:" ئەو کەسەی پرسیاری لەسەر کوشتنی کەسێك بکردایە، ئەوا بەخائین ناو زەد دەکرا". ئۆج ئالان‌و ئیبراهیم ئایدن یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە نێو زینداندا ئاشنا بوون بە یەکتریی. ناوبراو لە مشتومڕەکانیدا لەتەك سەمیردا پاڵپشتی ئۆج ئالانی دەکرد. ئەوەیش پاش ئەوە هات کە لە وڵاتی ئاڵمان گەڕابوویەوەو لە سوریادا مژوڵی کارو باری پەکەکە بوو. لەکۆتایی ١٩٨٤ یشدا نێردرا بۆ کەمپی لۆلانی پەکەکە لە باکووری ئێراق. ئیبراهیم یەکلایکرابوویەوە بۆ خەباتی پەکەکەو رازیببوو بە هەموو فەرمانەکان بەبێ هیچ پرس‌و لام‌و جیمییەك. لەگەڵ ئەوەیشدا برایم بۆخۆی تێبینی ئەوەی کردبوو کەلەلایەن ئەوانی دیکەوە بە شێوەیەکی گوماناوییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت. لە دەوروخولی مانگی ئازاری ١٩٨٥دا ئیبراهیم هەستی بە بوونی مشتومڕێککرد کە

[110] This figure is my own. Hatice Yasar, writing in the magazine Sterka Rizgari, No. 21, 2002 (Istanbul), 89fn12, names many of the same people; Birand, in his Apo ve PKK, 121, came up with a figure of 10, but did not specify names

لەبارەی ئەوەوە سازکرابوو، ئیتر تێگەیشت کە ژیانی لەمەترسیدایەو وەختە بە ناپاك نێو دەبرێتو پلانێك لە گۆڕێدایە بۆ لەنێوبردنی.

هەربۆیە بۆ ڕۆژی دووایی ئیبراهیم بە بیانووی گردکردنەوەی چیلکەو دار بۆ سوتاندن توانی خۆی قوتاربکاتو پەنا بەرێتە بەر هێزە کوردییەکانی ژێر سەرکردایەتی مەسعودبارزانی کە ئەوکات لەنێو سنوورەکانی ئێراندا ستاریانگرتبوو. دوواتر ئیبراهیم لە دیدارێکی تایبەتداو لەدرەنگانێکی شەودا وەختێك لە ئۆتاقێکی خواردنی پیتزادا بوو لە سوید، ئەوەی راگەیاند کە دووایین بریاری داوەو هەرگیز ناچێتەبەرەی دوژمنەکەیەوە لەتورکیاو نایهەوێت واز لە خۆی بهێنێتو لێناگەڕێت تابەدەستی پەکەکەیش بکوژرێت. ئیدی لەوێ لە تاراوگەدا بە گۆشەگیریی ژیانی دەگوزەران.

یەکێك لە خاتوونەکانی ناو پەکەکەیش لە ئەوروپا بەناوی نهێنی ئەڤین لەگەڵ سەمیردا مژوڵی کاری رێکخستن بوو، وەڵێ لە مشتومڕو بگرەو بەردە سیاسیو حزبییەکاندا تەرەفداریی لە ئۆج ئالان دەکرد. لەراستیدا ئایدیایەکی ساکاربوو بۆ ئەوەی تەڤگەرەکە داماڵرێت لە هەر کەسێك کە بەهەر جۆرێك بەشداریکردبوو. ئەوە وتەی یەکێك لە خانمە خەباتکارەکانی پەکەکەبوو کە لەو دەمەدا لە لوبنان بەکارەکانی هەڵدەستا. سامیە ئاسکین پاش ئەوەی لەسەر خواستی ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە ئەڵمانیاوە هاتە دیمەشق، ناوبراو لەتەواوی ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا پاڵپشتی لەسەمیر دەکرد، هەربۆیە بەگورجی لەکۆڵکرایەوەو لەنێوبرا. سەرەتا ئۆجەلان فەمانی کردبوو بە سامیە ئاسکین تا بچێتە کەمپی لۆلان لە باکووری ئێراق. بەوتەی یەکێك لە خەباتکارەکان کە سامیەی لە کەمپی لۆلان دیبوو:" ئەو لە جۆرە ژنانە بوو کە مشتومڕیان دەکردو لەسەر بابەتەکان رادەوەستان". هەربۆیە لە روانینینی هەمواندا چارەنوسێکی مەترسیدار بۆ ئەو خانمە دەبینرا. دوواجار لە کۆتاییەکانی ١٩٨٤ یان نیوەی هەوەڵی ١٩٨٥ دابوو

لەلایەن پەکەکەوە لە سێدارە درا. هەروەها سوفی قەرەقوس کە ناوەنهێنییەکەی شۆڕش بوو دیسان یەکێك بوو لە هامکارەکانی سەمیر، ئەو لەسەر فەرمانی ئۆجەلان نێردرابوو بۆ شیوی لۆلان لەباکوری ئێراق‌و لە کۆتایی ١٩٨٤ یشدا هەر لەوێ لەنێوبرا. بەلایەنی کەمەوە سیان لە ئەندامانی پەکەکەیش کە لەتەك سەمیر لە ئەوروپا کاریان دەکرد پاش ئەوەی سەمیر لەنێوبرا، دوای ساڵێك هەموو ئەوانە لە ١٩٨٤ دا بەشێوازی جۆراو جۆر کوژران. ئەوانیش ئەنوەر عەتاو زوڵفو گوك و موراد بایرەکیلی بوون[١١١].

پور موراد کە یەکێك بوو لە خەباتکارەکانی پەکەکە دەڵێ:" لە راستیدا هۆیەك نەبوو بۆ کوشتنی سەمیر، وەڵێ کێ دەزانێت، رەنگە ئۆجەلان بەجۆرێك لە جۆرەکان هەڕەشەیەکی بەدی کردبێت" ئەما سەبارەت بە عەتا هەرچەند کە لەلایەن برێك لە ئەندامانی پەکەکەوە وەك پاڵەوان تەماشا دەکرا، ناوبراو پەیوەندی کردبوو بەسەمیرەوە، هەربۆیە بەهەرەشەیەکی جددی دەبینرا یان بۆ سەر ئۆجەلان یاخۆ بۆ سەر تەڤگەری پەکەکە. ئەنوەرش هەرگیز قسەیەکی نەکردبوو. خانمێك کە لە جگەرە کێشانەکەیدا قوڵبوونەوەی لێدەبینرا، وەختی خۆی لەنێو تەڤگەری دەڤ یۆل دا بوو، ئەو ئەنوەری دەناسی. پرسی لە ئەنوەر بۆچی پەکەکە سەمیری کوشت، من نازانم. جۆك یش ئەستەم بوو بتوانیت ئاماژەیەك بدۆزیتەوە بۆ سەرپێچی لە نەزمی پەکەکە بوونیدا. بەم جۆرە ئۆجەلان کاری دەکرد بۆ لەناو بردنی هەرکەس‌و کارێك کە مایەی دروستکردنی پشێوی‌و جوداخوازی‌و رەخنە بێت لەمیتۆدو پلانی پەکەکە دا.

بەخوێندنەوەی بچوکترین ئاماژەی ناکۆکی‌و سەرپێچی لەهەریەکێکدا راستەوخۆ لەنێو دەبرا. رەسوڵ داود ئەلسینۆکی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە لەلایەن

[111] The men arrested for the attacks on Ata and Gok had worked in the PKK's Serxwebun newspaper according to the Gruene/GAL report, "Politische Mord in Europa," 14.

پارتەکەیەوە لە ١٩٨٢ دەستبەسەرکرابوو، دواتر گوازرایەوە بۆ شیوی لۆلان لە باکووری ئێراق‌و لە کۆتایی ١٩٨٤یشدا لە سێدارە درا. ئەو کەسەی کە فەرمانی کوشتنەکەی پێگەیشتبوو بەمجۆرە روونکردنەوەی دا:" فەرمانی لەسێدارەدانەکە راستەوخۆ لە ئۆجەلانەوە دەرکرا". دەیگێڕایەوە کە ئۆجەلان رایگەیاندبوو:" هۆگەلێکی فرە لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی لە ژیاندا بهێڵرێتەوە". جەمیلە قەیتان فرە خۆشبەخت بوو، ئەو نازناوە نهێنییەکەی بەسەحەر رۆیشتبوو. ئەویش لە ساڵی ١٩٨٣ دا وازی هێنا لە گروپەکەو بەشدار بوو لە ناجۆرییەکانی سەمیردا لەگەڵ پەکەکە، هەمیشە دەیپرسی کاروبارەکان چلۆن دەگوزەرێن. ناوبرا ئەو شەوەی سەمیر لە هۆڵەکەیدا کە بەکرێی گرتبوو کوژرا، لەگەڵ سەمیردا بوو. وەلێ ئەو توانی خۆی حەشاربداتو لە ئەورووپادا ژیانێکی نوێ بۆخۆی بەدەستبهێنێت. ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی پەکەکە فرە بەسەختی توانی خۆی قوتاربکات. ئەویش لەساڵی ١٩٨٢ دا دەستبەسەرکرابوو، دوواتر نێردرا بۆ شیوی لۆلان. وەلێ بەهۆی بێ ئاگایی پاسەوانەکانییەوە توانی خۆی دەرباز بکات. دوواتریش پاسەوانەکەی توانی خۆی قوتاربکات.

ئیدی لە سوید کاریر توانی مافی پەنابەرییەتی بەدەستبهێنێتو پەیوەندیش بکات بە گروپەکەی سەمیرەوە بۆ شەرمەزارکردنی پراکتیکی پەکەکەو رێبەرەکەی. کاتێك سەمیر کوژرا، کاریریش دروست لە هەمان هۆڵدا بوو. کاریر بەماوەیەکی کەم پاش کوشتنی سەمیر لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەیەکی تورکی رایگەیاند:" هەست بە پەشیمانیی دەکەم کە لە رێکخراوێکی خوێناوی لەو جۆرەدا بەشداربوومە، هەموو ئەو ساڵانە وەك پەڵەیەکی رەش لە ژیانمدا دەمێننەوە".

هەروەها گوتی:" هەموو ئەو تاوانی کوشتنانە ئەوە دیاری دەکات کە لەداهاتووی چەند ساڵێکی کەمدا چ دەگوزەرێتو چی دێتە پێشەوە. بەمجۆرە پەکەکە لە جەنگەکەیدا بۆ خۆدامەزراندن لە نێوخۆی تورکیادا، بەردەوام بوو لە

پاکتاوی رەخنەگرو سەرپێچیکارانی ناوخۆی رێکخراوەکەی. لەلای ئۆجەلان پەرتبوون‌و ناکۆکی وەك مەترسیی بۆ سەر دەسەلأت‌و پارتەکەی لێکدەدرایەوە. زۆرێك لە ئەندامانی پەکەکەیش بەسانایی دەیانڕوانییە جوداخوازان‌و بە مەترسیان دەزانین بۆ سەر رەوش‌و رەونەقی گروپەکە. بیرکردنەوە لەنێو پەکەکەدا بەو جۆرە بوو کە ئەوەی پەکەکە ئەنجامی دەدا ئەرکێکی پیرۆزو بێ هەڵەو پەڵەیە. یەکێك لە ئەندامانی پێشووی پەکەکە رایدەگەیاند:" لە ژینگەیەکی وەهادا کەس نەیدەتوانی رەخنەو گازاندەکانی بکات، زۆرێك لەو تاوانی کوشتنانە کە ئەنجامدەدرا خودی ئۆجەلان بزوێنەری پشت رووداوەکان بوو، زۆرێك لە ئەندامانی پەکەکەیش رازی بوون بە هەر بڕیارو بەندێك کە لەلایەن ئۆجەلانەوە دەردەکراو ئەنجامدەدرا". هەروەها دەیگوت:" ئۆجەلان رێگەکەی دانابوو، ئەوانی دیکەیش لە ئێمە شوێنی کەوتبووین"[١١٢]. لە راستیدا ئەم دیدگا توندو بێ باکەی پەکەکە لەبەرامبەر نەیاران‌و جوداخوازانی ناو گروپەکەی یاریدەی پەکەکەی دا تا لە لاوازیی‌و رەوشی کارەساتئامێزی رێکخراوەکوردییەکانی دیکە رزگاریبێت کە بەهۆی پەرتەوازەییەوە رووبەڕووی ببوونەوە. لەهەمانکاتدا ئەم رەوشەی ناو پەکەکە بووە هۆیەك تا زێدەتر هێزی تاکڕەوی ئۆجەلان بەهێزبێت. ئیدی ئۆجەلان‌و سەردارانی دیکەی پەکەکە راهاتن لەسەر ئەوەی کە بەسانایی هەموو ئەوانە لە کۆڵبکەنەوە کە گەرەکیانە دژبن لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئاپۆدا.

یاخود بەسانایی دەیانتوانی ئەوانە لەناو بەرن کە جێگەی باوەڕنین یا لەمەیدانەکانی جەنگدا کەڵکیان نییەو مایەی سەر ئێشەن بۆ گروپەکە. ئەندامگەلێکی پیشووی پەکەکە کە لەنێوەراستی هەشتاکاندا لە باکووری ئێراقدا جێگیرکرابوون. ئەوان دەڵێن نێزیکەی شەش یان هەشت و زیاد لەو رێژەیە لە ئەندامانی بە ئەزموونی پەکەکە لەوێندەر لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥

---

[112] Cumhuriyet newspaper, Nov. 12, 1985.

لەنێوبران‌و کەسیش نەیدەزانی چۆن‌و لەکوێ، تەنها لەبەر ئەوەی وەك هەڕەشەیەك دەبینران بۆ سەر پرەنسیپەکانی گروپەکە.

بۆنموونە یەکێك لەو خاتوونانەی کە لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی زیندانەکانی تورکیادا باری دەروونی تێکچووبوو، پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد کرابوو، جارێکی دیکە پەیوەندی کردبوویەوە بەریزەکانی پەکەکەوە. بەڵام نازانرێت ئایا بۆ ئەوەی کە وەك بەکرێگیراو سەیریان دەکرد یاخۆ نەیاندەزانی لەگەڵ بارە دەروونییە ناتەواوەکەیدا چی بکەن گوللە بارانیانکرد[١١٣].

بەمجۆرە تا بیست ساڵی دوایی تەواوی ناوی کوژراوان‌و رووداوەکان کە لە نێوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانی باکوری ئێراق قەومابوون بە نهێنی مابوونەوەو کرابوون بە ژێر گڵەوە، ئیتر لەترسا بوبێت یان بەهۆی دڵسۆزانی پەکەکەوە.

هەندێك لە رەخنەگرانی پەکەکە پێیان وایە ئەو کوشتارە ناوخۆییەی پەکەکە مانای لاوازیی پەکەکە بووە، وەلێ راستییەکە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە، چونکە پەکەکە کاتێك ئەو فەرمانانەی دەرکرد کە هەوەڵ دەستپێکی خەباتی چەکداری بەسەرکەوتوویی دژ بەتورکیا لە مانگی هەشتی ١٩٨٤ راگەیاندبوو. یەکێك لە خەباتکارە چالاکەکانی پەکەکە دەیووت:" هەموو ئەوانە پاش راگەیاندنی چەنگ بوو".

## گەڕانەوە بۆ تورکیا

سەلاحەدین چیلیك پاش سازدانی دیدارێك لەتەك ئۆج ئالان لە کۆتایی ١٩٨٤ دا گەڕایەوە باکووری ئێراق‌و پلانی دانا تا لە دەستپێکی ساڵی نوێدا بخزێتە نێو

[113] In his letter dated August 16, 1984, Semir identifies her as Ayten Yildirim, a name I also was given

تورکیاوە، وەلێ ئەم پلانە ئەگەرێکی دووربوو[١١٤]. ئەو زستانە ئێجگار سەخت بوو ، ئەستەم بوو بتوانرێت ئەو بەفرە ببڕیت کە چیا سنوورییەکانی داپۆشیبوو. چەندین لە ئەندامانی پەکەکە کە بەئەستەم لە خاڵە سنوورییەکانی تورکیاو ئێراق پەڕیبوونەوە لەلایەن ئێشکگرە سنووریەکانی تورکەوە درابوونە بەر دەستڕێژی گوللەو کوژرابوون.

چیلیکو ئەندامانی پێشکەوتووی دیکەی پەکەکە لە ئامادەکارییاندا بۆ قۆناغی داهاتووی نەبەردییەکەیان، ئەم زەوشەیان لەپێشچاو نەگرتبوو. دوواتر چیلیک لە ئەڵمانیاوەو بەتەلەفۆن پێی راگەیاندم کە :" گروپێکمان ناردنە نێو تورکیا، وەلێ هەرزوو دەستگیرکران". هەروەها پێی راگەیاندم :" لەنێوەندی زستانێکی پڕ کرێوەی تردا ، گروپو خەڵکی دیکەمان ناردن، ئەوانیش یان کوژران یاخۆ دەستگیرکران. هەروەها هەشت کەسی دیکە پاش ئەوەی نێردرانە نێوخۆی تورکیا لە پێکدادانێکدا کوژران.

سەربازانی تورك فرە بەباشی لە خاڵە سنوورییەکاندا جێگیرکرابوون". بۆیە جەنەراڵەکانی تورك سەریان لە هێرشە هەوەڵینەکانی پەکەکە سەر سوڕمابوو. ئەوان چەندین مانگیان لە بونیادنانی ستراتیژێکی تۆکمەدا بۆ پرسی پەکەکە بەهەدەردابوو. لەو دەمەدا پێنج دەورییەی تایبەت گوازرابوونەوە بۆ باشوری رۆژهەلاتی تورکیاو ژمارەی پۆلیسی دێهاتەکان زیادکرابوون، ئەوان فەرمانیان پێکرابوو کاراتر بەشوێن ئامانجەکانیانەوە بنو یاخی بووان سەرکوتبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پایگا سەربازییەکان لەنێزیك دێهاتو گوندە شاخاوییەکاندا دامەزرابوونو بەرپرسە ئەمنییەکان بە رێژەیەکی زۆر بلاوەیانپێکرابوو.

---

[114] . This section utilizes especially the firsthand experiences in the region of Baran, Celik, and former PKK militant S. The main published sources were Birand, Apo ve PKK, 134–143, and Imset, the PKK, 41–44, 107

بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە پەکەکە ئاتاجی بەخواردن و زانیاریی و هێزی مرۆیی هەبوو بۆ پشتیوانیکردنیان"[115]. جەنەراڵ موستەفا نەجدەت کە لێپرسراوی هێزە وشکانییەکان و سەرکردەیەکی دیاری ئەرتەشی تورك بوو لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووس موحەمەد عەلی بیراند وتبووی:"لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ هەوەڵجار لە هەرێمەکەدا خۆمان دامەزراندو دەستبەکاربووین و سەربازەکانمان لە هەرێمەکەدا گردکردبوویەوەو فرە بە وریاییەوە شەن و کەوی نێوچەکەمان دەکرد". هەروەها وتبووی:" نێزیکەی ٢٠٠ لە یاخیبووانی کورد لە نێو تورکیادا هەبوون، فرە کتوپڕ تێبینی گۆڕانێکمان دەکرد لە ناوچەکەدا. یەکە چەکدارییەکانی پەکەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە لە ژێر چاودێری سەربازانی تورك بوو بەنهێنی هاموشۆیان دەکرد".

لە راستیدا چەکدارەکان بە رۆژدا دادەبارینە شوێنە ئامانجارەکان و بەشەویشدا پاشەکشەیان دەکرد. زۆرجار سەربازانی تورك بۆ ماوەی رۆژێك دەمانەوەو دەجەنگان. زۆرجاریش سەرچاوەکانی ئاوو خواردنیان لە پەکەکە دەگرتەوەو پشتیان دەبەست بەرەوانەکردنی سەربازگەلی زیاتر بۆ نێوچەکانی جەنگ. باران لەم بارەوە وتی:" بەمجۆرە هەموو کاتێك سەربازەکان زیانگەلێکی فرەیان رووبەڕوودەبوویەوە". هەروەها دەیگووت:" ئێمە توانامان سنوردار بوو بۆ ئەوەی بچینە نێو ئاواییەکانەوە. ئێمە ئاسان نەبوو بۆمان و نەماندەتوانی پروپاگەندە بکەین بۆخۆمان، چون هەرکارێکمان لە ئاواییەکاندا زیانی دەگەیاند بەپەیوەندییەکانمان لەتەك خەڵکداو مەرمی رووبەڕووی ئاواییەکان دەبوویەوە.

هاوکات بڕی خواردن و خۆراك فرە لەبەردەست نەبوو بۆمان، زۆرجار تەنها بایی دوو رۆژ خواردنمان هەبوو، لەسەرەی سێهەم رۆژدا شتێکمان شك نەدەبرد بۆ خواردن". بەهاتنی نیمەی ساڵ خەباتکارانی پەکەکە رووبەڕووی مەترسییەکی نوێ

[115] Birand, Apo ve PKK, 136.

بوونەوە. لەوکاتەدا ئاواییە کووردییەکان چەکداردەکران‌و پول‌و پارەیان پێدەدرا بۆ ئەوەی جەنگی گەریلاکانیان پێبکەن. لەراستیدا دەوڵەتی تورك لەدەستپێکی دامەزراندنی کۆماردا میلیشیا کوردییەکانی چەکدارکردبوو تا سنووورە نوێیەکانی کۆمار بپارێزن. وەلێ لەشەستەکاندا وادانرا ئەم یاسایە نادێموکرات‌و نەسازە، هەربۆیە پوچەڵکرایەوەو ئیدی کاری پێنەکرا. دووا بەدووای هێرشەکەی پەکەکە لە مانگی هەشتی ١٩٨٤ دا ، ئیدی ئەم جۆرە پەلامارو هێرشانە دووبارەو چەند بارە کرانەوە.

دووا بەدووای ئەوە سەرۆکی تورکی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هەمو ئەو ناوچە نیشتەنییە دوورانەی ولآت کە بەدەست هەژاری‌و خراپی رێگەوبان‌و کارەباوە دەناڵێنن، ئیدی هۆیەك نییە بۆ ئەوەی بتوانین ئاسایش‌و ئارامییان بپارێزین. لەو شوێنانەدا پاسەوانی دێهاتەکان مانگانە موچەیەیان لەمیری وەردەگرت کە نێزیکەی ٣٥ هەزار لیرەی تورکی دەبوو کە دەیکردە ٧٠ دۆلاری ئەمەریکی. ئەوەیش بڕێکی بەس بوو بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی خۆیان‌و خێزانیان دابین بکەن، هەربۆیە لە کۆتایی ١٩٨٥دا نێزیکەی ١٢ هەزار پیاو بەنێوی پاسەوانی ئاواییەکان نێویان تۆمارکرا.

ئەمانە تەنها هەرەشەیەکی نوێ نەبوون بۆ سەر پەکەکە، بەڵکو هۆیەك بوو تا یاخی بووەکان دووچاری نائارامی‌و دڵەڕاوکێ بکات. ئەندامێکی پێشووی پەکەکە کە لە ساڵی ١٩٨٤ وە لە نێوچەی هەکاری دەستی دابوویە چەك، بەناوی خوازراوی نێس. دەیوت:" من ناتوانم دژ بە پاسەوانانی دێهاتەکان بجەنگم، ئاخر ئەوانیش کوردن، هەر بۆیە توشی ئیفلیج بوونێك هاتبووم بەرامبەریان". هێشتا ساڵێك بەسەر خەباتی چەکداری پەکەکەدا تێنەپەڕی بوو، وادیاربوو دەوڵەت لەو سیاسەتەیدا قازانجی فرەی کردبوو. هەروەها بەهۆی دەرکردنی یاسای لێخۆشبوونەوە هەندێك لە شۆڕشگێران وازیان هێنا لە شۆڕش‌و بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانیاریی

لەسەر گروپەکە لەلایەن میرییەوە. چیلیك وتی:" شتەکان بەکامی ئێمە هەڵنەدەسوڕانو هەر هەواڵێك کە لەتورکیاوە بەدەستم دەگەیشت، هەواڵێکی پۆزەتیڤ نەدەبوونو خەڵکی خەریکبوون خیانەتیان لێدەکردین، خەڵکەکەمان وازیان لەخەبات دەهێناو لەسەر شاشەی تیڤییەکاندا دەردەکەوتنو باسیان لەو تاوانو کوشتنانەدەکرد کە لەنێو گروپەکەدا تێوە گلابوون".

بەوتەی چیلیك تەنها لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا لەتەك ئەرتەشی تورك نێزیکەی ٩٠ گەریلا کوژرابوون. تا ئەوکاتیش ژمارەی ئەوانەی کە پێوەندیان بە پەکەکەوە دەکرد رووله زیاد بوون بوون. چونکە بەوتەی کادیرێکی پێشووی پەکەکە لە هەر کاتێکدا جەنگێك روویبدایەوە لە هەرشوێنێك فیشەکێك بتەقایە، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی نوێ بێنە نێو ریزەکانی پەکەکەوە[116].

هەروەها باران دەیگوت: "هاوکات رۆحی بەرگریو بەردەوامی لەناو شۆڕشواناندا هەبوو، ئەگەریش لە شوێنێکی دیاریکراودا جەنگەکەیان بدۆڕاندایە، هەر بەردەوام دەبوون. میریی نەیدەتوانی ئێمە وەدەرنێت، خەڵکی ئەوەیان بەچاوی خۆیان دەدی، هەر بۆیە ئەوە کاردانەوەیەکی باشی لەناو خەڵکدا هەبوو بۆ ئێمە، هەربۆیە دەوڵەت نەیتوانی بەردەوام بێتو سەرکەوتوو بێت، چونکە ئێمە لەهەموو ئەو ناوچانەدا کە لێی بووین توانیمان خۆمان رابگرین".

## هاوڕێکانی پەکەکە

هەمیشە ئەوە ئەزموونکراوە کە هەریەك لە ئێران، ئێراق، تورکیاو سوریا توانیویانە گروپە کوردییەکانی یەکتر بەکاربهێنن وەك کرێگرتەیەك دژ بە گروپەکوردییە نەیارەکانی خۆیان. گروپە کوردیی تورکیا لەو دەمەدا فرە بەبەهێزی دەرکەوتبوون. هەوەڵجار سوریا توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو بۆ قازانجی خۆی

[116] Birand, Apo ve PKK, 138

بەکاریانبهێنێت. ئێراق شکستی هێنا لەبەکارهێنانی کوردی تورکیەو ئێرانیش لە کۆتایی هەشتاکاندا توانی برەو بەپەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ کوردی تورکییەدا.

هەمیشە سووریا نێزیکترین پێوەندیی لەگەڵ پەکەکەدا هەبووە، لە دەورووبەری ١٩٨٥ پێوەندی هەردوولا برەوی زێدەتری پێدرا[117]. پەکەکە شانبەشانی گروپە فەلەستینییەکانی دیکە لە شیوی بیقاع توانی شوێنی خۆی بکاتەوەو گەریلاکانی فێری مەشقی سەربازی بکات. سوریا پشتی دەبەست بە دەزگا هەواڵگیرییەکانی بۆ چێکردنی پەیوەندی لەگەڵ گروپە بیانییەکاندا.

هاوکات جەمیل ئەسەدی برا بچووکی حافز ئەسەد بەتایبەتی بایەخی دەدا بە پەکەکەو سەردانی کەمپی حیلوەی دەکرد. جگە لە کورسی ئەنجومەنی گەل جەمیل ئەسەد دارای پۆستێکی دیکە نەبوو لە دەوڵەتدا. وەلێ لە بنچینەدا کۆنترۆڵی تەواوی بەندەری لازقییەی لە دەستدا بوو. هاوکات پەکەکەیش لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو بەرپرسی رێکخستنە عەرەبییەکانی نێو هەرێمی هاتای تورکیی بوو. ئەو پارێزگا پێشووەی سوریا کە تاوەکو ئێستایش سوریا بانگەشەی گەڕانەوەی دەکات.

سوریا بە چێکردنی پێوەندی لەگەڵ پەکەکەدا دەیخواست فشارێکی زێدەتر لە سەر تورکیا دروستبکات لەبەرامبەر ئەو کێشمەکێشە بێ پایانەی کە لە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیاندا دەگوزەرا.

لەساڵی ١٩٨٧ ئەوە دەخوێنرایەوە کەسورییە هەر بەردەوامە لە نیازی پەیوەندییەکانیدا. سەرۆك وەزیرانی تورکییە تورکوت ئۆزاڵ لەسەردانێکی

---

[117] Sources for this section included Syrian Kurds, Ely Carmon, an Israeli expert on Syria and the PKK, and former PKK members active in the Bekaa. Some details relied on Makovsky, "Defusing the Turkish-Syrian Crisis"; Seale, Asad, 427; and David Barchard, "Ozal Signs Security Agreement with Syria," Financial Times, July 18, 1987.

دەگمەنیدا بۆ دیمەشق کاریکرد تا فشاری زێدەتر دروستبکات بۆدەستدانە پرۆتۆکۆڵی هاوکاری نێوانیان.

هەرچەند کە سوریا بەفەرمی پێی لێنەدەنا کە ئۆجەلان لە سوریا بێت. بەڵام هەردوو لا رێککەوتن کە چیدی هیچ هێرشێك لەسوریاوە نەکرێتە سەر قەڵەمڕەوی تورکیاو هاوکات زانیاریی هەواڵگیریی‌و ئاسایشی لەنێوان یەکدیدا ئاڵوگۆڕبکەن . لەبەرامبەردا ئۆزاڵ هەوڵێ دا کە چارەسەری ئەو تەنگژەیە بکەن کە لەمەڕ پرۆژەی زنجیرە بەنداوەکانی سەر رووباری دیجلەو فورات هاتوونەتە گۆڕێ.

هاوکات بەڵێنی دا هیچ کەلێنێك لە بڕی ئاوی رۆیشتوو بۆ سوریا لە ئایندەدا دروست نەبێت. بەمجۆرە سوریا توانی پەکەکە وەك چەکێکی ستراتیژیی بەکاربهێنێت لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا بۆ فشار خستنە سەر سوریا. بەمجۆرە لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆڵە نوێیەکە سوریا هۆشداری دایە پەکەکە تا لە خاکەکەیەوە سنورەکانی تورکیا نەبەزێنن. وەلێ ڕوون نەبوو ئەو پرۆتۆکۆڵە نوێیە تاچەند کاریگەریی دەبێت لەسەر فشار خستنە سەر پەکەکە.

لەو قۆناغەدا پەکەکە پلانێکی دیکەیان گرتە بەر بۆ ئەوەی رووبکەنە تاران یاخود لە سنوورەکانی نێوان ئێراق‌و تورکیادا جێگیربن. هاوکات سوریا ئیدی کاری نەکرد بۆ راهێنانی گروپە چەکدارییەکانی پەکەکەو رێکخستن‌و گردکردنەوەیان‌و هیچ بەدەمەوەچونێکیشی بەرجەستەنەکرد لە چالاکییەکانی ئۆجەلاندا.

لە هەوەڵدیداریی رۆژنامەنوسێکی تورك بەناوی موحەمەد عەلی بیراند لەگەڵ ئۆجەلاندا ئەم پرسیارەکرا:" ئەگەر سوریا بیویستایە یاخۆ بیتوانایە ئێوەی دەوەستاند؟"، ئۆجەلانیش لەوەلامدا وتی بەڵێ بەدڵنیاییەوە، خۆ ئەوان بە فەرمانێکی دیاریکراو ئێمەیان لە سوریا وەستاند"[118].

---

[118] Birand, Apo ve PKK, 177

سوریا هەمیشە هۆشی لەلای کەمینە کوردییەکەی خۆی بوو، بەردەوام ئەوەی دەخستە ڕوو کە پەکەکە ناتوانێت لەجیاتی کوردانی سوورییە بێتە گۆڕو بیانوروژێنێت. هاوکات دیمەشق کاریکرد تا پەکەکە لەنێوکوردانی سوورییەدا هێزی مرۆیی خۆی تۆکمە بکاتو ئەندامگەلی تر بهێنێتە نێو ریزەکانییەوە. سوورییە ئەم هەوڵەی بە ئومێدی ئەوە بوو تا ئاراستەی کوردەکانی لە جەنگو جیدالی ناوخۆی سووریاوە بگوازێتەوە بۆ دژایەتی تورکیا. لە راستیدا پەکەکە پێشتر لەنێو کوردانی سوریەدا ناوو شۆرەتیان فرە بوو. لەسالآنی هەوەڵدا ئۆجەلان وتارەکانی ئاراستەی کوردی سوریا دەکردو گەریلاکانیش پێڕەکانیان بەنێو ئاواییەکانی کوردی سوورییەدا دەگەڕانو پروپاگەندەیان بۆ کوردایەتیو خۆیاندەکردو یارمەتیو پوڵو پارەیان گرد دەکردەوە.

کوردانی سوریەش گەرموگوڕبوون لەگەڵ پەکەکەدا، بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆکان زۆر پەرۆشی ئەو دروشمانەبوون کە پەکەکە تێیاندا ئاماژەو ئامانجی دەوڵەتی کوردیی دەدا بەدەستەوە، تەنانەت گەر باسیشیان لە دەوڵەتی کوردو تورک پێکەوە بکردایە.

پارتە کوردییەکانی سوریا تەنها نوزەیەکیان تێدامابوو، ئەوان بندەستو گیرۆدەی ململانێی ناوخۆییو فشاری میریی بوون. ئەوان لەم رەوشەدا دارای چانسێکی ئێجگار کەم بوون تا پێکەوە بەرنامەیەك دابنێنو بکەونە خۆیان. لەکاتێکدا پەکەکە بە راستی لە جەنگو جیدالدا بوو دژ بەنەیارەکانی.

عاکیف حەسەن کە موویەکی رەشو نەرمی هەبوو، بە ئینگلیزییەکی رێكو رەوانیش دەدووا وتی:" خەڵکی لە گروپە کوردییەکانی سوورییە پڕ ببوون، ئەوان تا ئەوکات هیچیان بۆ کورد نەکردبوو، ئەوەی هەیانبوو تەنها قسەو قسەڵۆك بوو". پەکەکە لە گروپە کوردییەکانی سوریە فرە جیاواز بوو، وادەردەکەوت پەکەکە هێزێکی زیاد هزریو دیسپلینو سۆشیالیستی بێت. پەکەکە لە هیوای کوردانی

سوریادا وەك تیشكی خۆر وابوو، هیچ كام لەوان دژو نەیاری پارتێكی كوردی توركیا نەبوون‌و پشتیوانیان دەكرد. كوردانی سوریا دارای هاموشۆو خزمایەتی بوون لەگەڵ دیووی توركیاو قاچاخچییەتی‌و بازرگانی لەنێوانیاندا هەبوو. هەوەها هیچ رێگرییەكیشیان لە چێبوونی لینكێكی سیاسی نەبوو لەنێوانیاندا.

كامەران حاجۆ كە چالاكوانێكی كوردی سوریە بوو، ئەو لە هەوەڵەوە هۆگری پەكەكە ببوو ، لە دیدارەكەیدا گوتی:" كوردستانی توركیا وەك بەرینترین بەشی كوردستان هەمیشە لە هۆش‌و هیواماندا زیندوو بووە". هەروەها گوتی:" ئێمە لە غایەلەی ئەوەدا بووین كە پێویستبوو پشگیری كوردستانی توركیا بكەین، چونكە لە كوردستانی ئێراقدا شكسمان هێنا لەوەی كە ببینە دەوڵەت". لەگەڵ ئەوەیشدا بەرنامەی پەكەكە وێنای هەر چوارپارچەی كوردستانی دەكردو ئامانجی یەكبوون‌و یەكێتی نێوانیان بوو.

لەبەرنامەی پەكەكەدا سەرەتا پێویستبوو كوردستانی توركیا ئازادبكرێت پاشان دەیانپەرژایە سەر پارچەكانی دیكە. هەوەها حەسەن دەیگووت:" ئێمەی قوتابی ئەو هەستەمان لەلاگەلاڵە ببوو كە شتێك خەریكە روودەدات". كاتێك حەسەن پێوەندی كرد بە پەكەكەوە لە ساڵی ١٩٨٥دا تەنها چەند كوردێكی كەمی سوریی لە نێو ریزەكانی پەكەكە دا بوون. وەڵێ لەو ساڵەدا ژمارەیان گەیشتە ٤٥ گەریلاو بۆ ساڵی ئایندە ئەم ژمارەیە سێ جار زیادی كردوو بوونە ١٣٠ . ئەو ژمارەیە تەنها ئەوانە بوون كە لە ریزەكانی پەكەكە لە حیلوە مژوڵی راهێنانی سەربازی بوون، گەر نا بە درێژایی سنووری سوریەو توركیە كوردی سوریە هەبوون‌و یاریدەو دەستگرۆییان لە بواری خۆراك‌و پوڵو پەناگادا كردووە بۆ گەریلاكانی پەكەكە.

## دۆستە عێراقییەکانی پەکەکە

هەریەك لە ئێراقو سورییە بێ ئاگا نەبوون لەپەکەکە، بەردەوام دەزگای هەواڵگریی ئێراق سەوداسەری چێکردنی پێوەندیی بوون لەگەڵ کوردانی یاخی بووی تورکیا. لەو دەمەدا بەغدا نەیدەویست پەکەکە دژ بەتورکیا بەکاربهێنێت. چونکە لەو دەمەدا ئێراق برێك لەنەوتی خاوی خۆی لە رێی بۆرییە نەوتییەکاندا بەنێو تورکیادا دەناردە دەرێ. لەبری وی ئێراق دەیهەویست پەکەکە سازبدات بۆ جەنگ لە دژی پێشمەرگەکانی مەسعود بارزانی کەنەیاری ولاتەکەی بوون. ئەودەم ئێراق لە ساڵی ١٩٨٠وە لە جەنگێکی دژواردا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. هەرچەند کە ئەمەریکا ئێراقی لەوە دڵنیاکردبوویەوە کە ئێران ناتوانێت جەنگەکە بەرێتەوە، وەلێ سەدام حسێنی سەرۆکی ئێراق لەبەرامبەر رەوشی کوردانی باکووری ولاتەکەی هەر نیگەرانو دڵ خوتخوتەی بوو.

نیگەرانی گەورەی سەدام بریتی بوو لە مەسعود بارزانی. بارزانی لەلایەن ئێرانەوە توانی بووی دەستی بگات بەچەكو چۆڵو پشتیوانی مادی لێدەکرا. هەر بۆیە زۆرجار شانبەشانی هێزە ئێرانییەکان دژ بە ئەرتەشی ئێراقی دەجەنگان. هێزەکانی پەکەکە کەوتبوونە نێوچەیەك کە لەژێر قەڵەمرەوی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقدا بوون. هەر بۆیە چەند جارێکیش تێکگیران لەنێوان پەکەکەو پارتیدا روویدابوو. لە راستیدا دوو هۆکار هەبوون کە ئەگەری بایەخدانی بەغدای بۆ پەکەکە هێنابوویە گۆڕێ[١١٩].

سەلمان ئەرسەلان ئەندامی پەکەکە ساڵی ١٩٨٥ لە ئەورووپاوە گەڕابوویەوە دیمەشق. ناوبراو لەوێشەوە روویکردبوویە باکووری ئێراق، وەلێ لە دەوروبەری ١٩٨٦ لەلایەن سەربازانی ئێراقییەوە لەسەر سنووری نێوان تورکیاو ئێراق قۆڵبەستکرابوو.

---

[119] Information on Iraq and Iraqi Kurds relies mainly on McDowall, Modern History, 347–352.

پاش لێپرسینەوەیەکی سەرەتایی ئەرسەلان بە قۆڵبەستکراویی گوێزرابوویەوە بۆ باشووری بەغداد. ناوبراو بەچاوی بەستراو رەوانەی ئەویٚ کرابوو، ئەو شوێنەی ئەوی تێدابوو، نێوەندی زیندانێکی سەربازی بوو، رەنگە بەشێك بوو بێت لە زیندانی بەد ناوی ئەبوو غرێب.

لەراستیدا زیندانییەکانی ئێراق بەهۆکاری سیاسیی دەئاخرانە کونجی بەندیخانە. ئیدی هەڵهاتنو رزگاربوون لەو زیندانەدا ئەستەم بوو، وەلیٚ ئەرسەلان شەنسی هێنابووی بۆ ئەوەی بەزیندووی بمێنێتەوە، یاخۆ وادیار بوو دەزگای هەوالگریی رژێم دەیهەویست لەرێی ئەم مەردەوە پێوەندی لەگەڵ پەکەکەدا چێبکات. ئەوان ئیدی دەیانتوانی لە رێی ئەمەوە پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئۆجەلان دروستبکەنو بەمەیش جارێکی دیکە هەلی ژیان بۆ ئەرسەلان دەگەڕایەوە.

ئەرسەلان کە ئێستەکانی لە ئەڵمانیا دەژی دەیگوت:" دەمتوانی گوێم لە هاوارو نالەی ئەوانی دی بێت، دیاربوو ئەوان لەژێر ئەشکەنجەدا بوون". هەروەها دەیگوت:" شەوێك کەسێکیان هێنایە خانەکەی منەوە، ئەو خەڵکی سوریا بوو، پێی وتم ئێرە شوێنێکی زۆر ناخۆشە، لەپێشدا دانم نەدەنا بەوەدا کە لەگەڵ پەکەکەدا بووم، جارێك تا دوجار لێیاندامو تەزووی کارەبایان خستە سەرم، وەلیٚ ئەوانی دیکە هیچیان لێنەدەکردن". پاش چەند هەفتەیەکی کەم ئەرسەلان بەچڕو پڕی پرسیاری لەبارەی پەکەکەوە لیٚ کرا. بەگوێرەی بۆچوونی ئەرسەلان، ئەوان نەیانویستووە پەکەکە دژ بە تورکیا بجوڵێنەوە. هاوکات داواشیان نەکردووە ئایا پەکەکە لەگەڵ گروپەکەی تاڵەبانی دەجەنگیٚ یان نا؟ وەلیٚ ئەوان بەتێرو تەسەلی لەمەڕ پەیوەندییەکانی پەکەکەو پارتەکەی مەسعود بارزانی کۆڵینەوەیانکردووە. ئەرسەلان دەڵیٚ:" ئەوان دەیانەویست بزانن ئایا پەکەکە نیازی هەیە لەگەڵ پارتیدا بجەنگێت، بەلام پێم وتن وابیرناکەمەوە نیازێکی لەم جۆرە لە ئەجێندای پەکەکەدا هەبێت، وەلیٚ ئەگەر بخوازرێت پێم وانییە پەکەکە خۆی لە شەڕکردن لەگەڵ پارتیدا لابدات".

هەروەها بەگوێرەی گێڕانەوەکەی ئەرسەلان ، ئێراقییەکان وتوویانە گەر چەک‌و چۆڵ بۆ پەکەکە دابین بکەین، ئایا ئەوان پەسەندی دەکەن یان نا؟ ئایا دوواتر داوابکەین لەگەڵ پارتیدا دەجەگن یان نا؟ . ئەرسەلان لەوەڵامی ئەو پرسیارانەدا وتی:" گەر پەکەکە چانسی پێبدرێت، بەڵێ دەخوازێت لەگەڵ بەغدادا پێوەندی درووستبکات". پاش تێپەڕبوونی چەند مانگ ئەرسەلان فشاری دەروونی تینی بۆ هانی بوو، ئیدی داوای لە کاربەدەستانی زیندان کرد ئازادبکرێت. بەرپرسانی زیندان نەیاندەزانی چی لە ئەرسەلان بکەن، نەشیان دەویست رادەستی تورکیای بکەنەوە.

ئەرسەلان پێی وابوو هۆی مانەوەی ئەو لە زینداندا ئەوە بوو ، لەلایەکەوە گەرەکیان بوو پەیامی دەزگا هەواڵگرییەکان بە ئۆجەلان بگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە دڵنیا نەبوون کە ئایا ئەو کارەدەکات یان نا؟ پاش تێپەڕبوونی نۆ مانگ بەسەر دەستگیرکردنی ئەرسەلاندا، وادیاربوو دەزگای هەواڵگریی ئێراقی وازی لەو بۆچوونە هێنابوو، هەربۆیە پاسپۆرتێکی ساختەیان دایە ئەرسەلان‌و سواری فرۆکەیانکرد بەرەو بەلەگراد. ناوبراو دیپلۆماتێکی ئێراقی لەگەڵیدا بوو. پاش ئەوەی خاڵی پشکنین‌و کۆنترۆڵ تەواو بوو دیپلۆماتە ئێراقییەکە پاسپۆرتەکەی لە ئەرسەلان وەرگرتەوە. ئیدی ئەو بەبێ پوڵ‌و پارەو بەبێ هیچ شوناسنامەیەك لە بەلەگراد بەرەڵاکرا، هەربۆیە بەزوویی لەلایەن دەسەڵاتدارانی یوگسلافیاوە ئەرسەلان دەستگیرکرایەوە. بەڵام جارێکی تر ئەرسەلان ئازاد کراو دیسان پێوەندی کردەوە بە پەکەکەوە.

ئێراق لەو دەمەدا دەستی دابوویە هێرش‌و تەمبێ کردنی هێزە دیموکرات‌و نەیارە کوردییەکان‌و لەوپێناوەشدا ئاتاجی بە هیچ هێزێکی دەرەکی نەبوو. پەکەکە گومانی لە دیارنەمانی ئەو ماوە درێژە هەبوو کە ئەرسەلانی تێکەوتبوو، دووابەدووای لێپێچینەوە لێی، گومان دەکرا بەکرێگیراوی یەکێك لە تورکیا یان ئەڵمان یاخود پارتەکەی بارزانی بێت. بۆیە تاکۆتایی هەشتاکان ئەو بۆی نەبوو هیچ نامەو پەیامێك هەڵبگرێت. پاش ئەوەی هێزە ئێراقییەکان دەستیانگرتەوە بەسەر بەشێك لەخاڵەسنووریەکاندا لەگەڵ تورکیا، ئیدی پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ پەکەکە دا

چێکرد. هاریکارییەکان قەتیس مابوو لە چوارچێوەی بەرپرسە سەربازییە نێوچەییەکاندا. بەرپرسە سەربازییەکانی ئێراق چاوپۆشیان دەکرد گەریلاکان لەبەرامبەر ئالۆگۆڕی زانیاریی لەسەر پارتەکەی بارزانی"[١٢٠].

ئەزمان کادیری پێشووی پەکەکە کە لەکۆتایی هەشتاکاندا لەناوچەکەدا مژوڵی چالاکی بوو، دەیوت:" بەگشتی ڕژێمی بەغدادا چاوی لە ئاستماندا داخستبوو، یارمەتییەك لەگۆڕێدا نەبوو، لەبەر ئەوە نەبوو کە پەکەکە یارمەتی نەدەویست، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە سەدام یارمەتی نەدەداین". لەراستیدا جۆرێك لە پەیوەندی نافەرمی تا جەنگی کەنداوی ١٩٩١ هەبوو، وەلێ پاش ئەوەی هێزەکانی ئێراق پاشەکشەیان لە باکووری ئێراق پێکرا، ئیدی بەشێوەیەکی دراماتیکی هاوسەنگی هێزەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات.

## کوردانی ئێراق

جارێکیان مەسعود بارزانی بە میوانێکی کوردی تورکییەی وتبوو، کە ئۆجەلان کوردی تورکیە رزگار دەکات. وەلێ پاش دەستپێکردنی شەڕە گەریلاییەکەی پەکەکە، روانینێکی جوداتر بۆ مەسعود بارزانی دروستبوو[١٢١]. ئەنکەرە ئاگاداری جێگیربوونی کەمپی سەربازیی پەکەکە بوو لە سنوورەکانی نێوان تورکیاو ئێراق.

---

[120] . They also were reported to be providing information on Turkish troops movement: See McDowall, Modern History, 426.

[121] . This section utilizes interviews with former PKK militants active in Iraq and the Bekaa during this period; and also non-PKK sources familiar with events at the time, including Mesut Akyol and Paris-based Kurdish Insti- tute chairman Kendal Nezan. Published sources: Celik, Agri, 119–120; Dagli, Birakuji, 29–47; McDowall, Modern History, 347, 350–351; and Chubin and Tripp, Iran and Iraq, 142. Barzani's comment on the PKK, probably half in jest, was made in 1982 to Nejdet Buldan, who had crossed into Iran to avoid an un- related jail sentence in Turkey.

هەربۆیە بارزانی قایلکرد تا چەکدارەکانی پەکەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بکاتە دەرێ.

ئەوەی بارزانی نیگەران کردبوو، ئەوە بوو کە هێزو هێرشی تورکو تۆڵەسەندنەوەی تورك لە ساڵی ١٩٨٣ دا ئەگەری ئەوەی هەبوو لەبری خاپوورکردنی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە، پێگەو پایگاکانی وان لەتەك خۆیدا رامالێت. هەربۆیە ئیدریس بارزانی برای مەسعود بارزانی داوای کرد لە سەرانی پەکەکە کە پێویستە بنکەو بارەگاکانیان راگوێزن‌و لە نێزیك سنوورەکانیاندا هێرش‌و هەڵمەتەکانیان بۆ سەر تورکیا ئەنجام نەدەن. سەلاحەدین چیلیك کە ساڵی ١٩٨٤ لە کۆبوونەوەیەکی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دۆڵی ڕاژان ئامادەبوو رایگەیاند:" ئیدریس بارزانی ئاشکرای کرد، کە ئەوان لەلایەن تورکیاوە قەناعەتیان پێکراوە". بەڵام پەکەکە خواستەکەی بارزانیان دایە دوواوەو رایانگەیاند کە ئەوان ئاتاجیان بە سنوورەکانە تا لەوێوە تێپەڕنە نێو سنووەرەکانی تورکیا. وەلێ هێدی هێدی گۆڕانەکانیان لە دەرفەتی هێرشەکانیاندا کەمکردەوە، نەکا تورکیا تۆڵە لە ئاوابیەکانی سنوورو پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێراق بکاتەوە. گۆڕانکارییە هونەری‌و رووکەشییەکانی پەکەکە بۆ تورکیا جێگەی بایەخ‌و گرنگی نەبوون. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤دا وەزیری دەرەوەی تورکیا هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی سەربازی تورکیا سەردانی بەغدادیان کرد بۆ مشتومڕکردن سەبارەت بە بارودۆخەکە[١٢٢].

هەریەك لە تورکیاو ئێراق نەیاری سەربەخۆیی کورد بوون لە هەرپارچەیەکی کوردستاندا، لەم پێناوەدا تورکیا تاڕادەیەك بە سەختی توانی دانوستان‌و رێککەوتنێك ئەنجامبدات تا هەڵبکوتێتە سەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە باکووری

[122]. See Birand, Apo ve PKK, 130–133

ئێراق. لەراستیدا دوو هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی ئێراق رازی بێت تورکیا کێومالّی نێوچە سنوورییەکانی باکووری ولاّتەکەی بکات.

ئەوە لەکاتێکدا بوو ئێراق هەمیشە نیگەرانی خواستو خولیای تورکیابوو بۆ کۆنترۆلّکردنەوەی نێوچە ناعەرەبییەکانی باکووری ئێراق، ئەو ناوچانەی زەنگین بەنەوتو بیرەنەوتەکان بوونو لە رابردوودا لەژێر دەستی وسمانییەکاندا بوون. هۆکاری یەکەم، ئێراق دەیەویست پێوەندییەکی تۆکمە لەتەك تورکیادا زیندوو رابگرێت، چونکە نەوتی خاوی ئێراق لە رێگەی تورکیاوە رەوانەی دەرێ دەکرا، هاوکات پێوەندییە بازرگانییەکانی دیش لەو رێگەیەوە دەستەبەر دەکرا. دووەم هۆکار خۆی دەبینییەوە لە تەمبێ کردنی هێزە کوردییەکانی نەیاری رژێم، چونکە هەر ئۆپەراسیۆنێکی تورکیا بەدرێژایی پێنج کیلۆمەتر بۆ راوەدوونانی هێزەکانی پەکەکە، کاریگەریی دەکردە سەر شێواندنی ئەو بنکەو بارەگایانەی پارتەکەی مەسعود بارزانی.

لەگەلّ ئەوەیشدا ئێراق بەئەندازەی پێویست بەوریایی مابوویەوە لەبەرامبەر هەر زێدەرەوییەکی زیاتر لە ٥کم بۆنێو قوولاّیی خاکی ئێراق. نیگەرانییەکانی تورکیایش لەوەوە سەرچاوەیانگرتبوو کە رژێمی ئێراقیش بۆخۆی دەسەلاّتی نەدەشکا بەسەر نێوچە سنوورییەکانی خۆیدا. هەریەك لە تالّەبانیو بارزانی پەشێوبوون بەو رێکەوتننامەیەی نێوان ئێراقو تورکیا. بارزانی هەموو ئەو ناوچانە تاسنوورەکانی تورکیا لەژێر کێفیدا بوون. هەربۆیە تارادەیەك پەشێویی بارزانی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەهەر ئۆپەراسیۆنێکدا ئەوان دووچاری گرفتدەبوونەوە. هاوکات پێوەندییەکانی رێبەری کوردەکانی ئێراق لەگەلّ ئۆجەلاندا زێدەتر بەرەو خراپی دەچوون. ترسی بارزانی لەوەدابوو کە لەگەلّ هەر سنوربەزاندنێکی تورکیادا، ئەوانیش بەئامانج بگیرێن.

له دووەم ساڵوەگەڕی دەستپێکی خەباتی گەریلایی پەکەکەدا دژ بە تورکیا لە ١٥ی هەشتی ١٩٨٦دا هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا تۆپبارانی نێوچە سنوورییەکانی باکوری ئێراقیانکرد. لەئاکامدا نێزیکەی ١٠٠ کەس لە هاوڵاتی کوردی سیڤیلو پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق کوژران. لەساڵی ئایندەیشدا هێزەکانی تورك ئۆپەراسیۆنێکی گچکەتریان بۆ نێوچەکە دەستپێکرد.

له مانگی ئازاری ١٩٨٧ دا دیسان ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی سنووربەزاندنو تۆپباران دەستپێکرد، لە ئاکامدا چەندین کەس برینداربوونو دەیان خانووی ئاواییە کوردنشینەکان خاپوورکران[١٢٣]. دوو مانگ دوواتر بارزانی بەشێوەیەکی فەرمی ئەو پرۆتۆکۆڵەی لەگەڵ پەکەکەدا واژۆی کردبوو هەڵیوەشاندەوە. رەنگە هۆشیاری بارزانی لەمەڕ زیادبوونی جەماوەری پەکەکەوە بوبێت، ئەو هەستەیان لەلای بارزانی چاند کە پەکەکە وەك دوژمن نەبینێت. لەم بارەیەوە بارزانی رایگەیاند:" ئێمە لەبارەی هێرشەکانی پەکەکەوە بۆ سەر تورکیا، هیچ شتێکمان نییە بۆ وتن، بەڵام پاش ئەوەی ئەو هەموو رووداوانە روویانداوە، ئیدی ئەستەمە بۆ پەکەکە بتوانێت لە نێوچەکانی ژێر کۆنترۆڵمان بمێنێتەوە"[١٢٤].

کاتێك بارزانی داوای کرد پەکەکە نێوچە سنوورییەکان جێبهێڵن. پەکەکە لەرووی داواکەی بارزانی نەوەستانەوە. دیارە کۆتایی هاوپەیمانییەتی نێوان پەکەکەو پارتی کەمێك کاریگەریی لەسەر پەکەکەو چالاکییەکانی پەکەکە هەبوو لەنێوچەکەدا. چونکە هاوپەیمانییەکە رێگەی دابوو بە پەکەکە بنکەو بارەگاکانی خۆیان لە باکووری ئێراقدا دامەزرێنن. لەو ماوەیەدا گەریلاکانی پەکەکە بەتەوای بارەگاو سەنگەرەکانی خۆیان لەناوچەکەدا دامەزراندبوو، ئیدی ئەستەمبوو لەو نێوچانەدا هەڵبکەندرێن بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی توند. ئۆجەلانیش دەمێکبوو بایەخی هاوپەیمانییەتەکەی لەلا بێ بایەخ ببوو.

---

123 Attacks cited in Dagli, Birakuji, 44–45

124 Quoted in Yeni Gundem, 27 Sept.–3 Oct. 1987, 14

هەربۆیە لەو ماوەی پێشوودا دەستیدابوویە زنجیرەیەك رەخنەوەو گازاندە لەبارزانی‌و پێی وابوو خەباتی بارزانی خەباتێکی سەرەتاییە لەبەرئەوەی ئامانجەکانی لە پێناو ئۆتۆنۆمیدایەو ئامانجی ئەم سەربەخۆییە. ئێس کە نازناوی کادیرێکی پەکەکەبوو لە هەرێمەکەداو مژوڵی چالاکی بوو دەیوت:" چەندینجار مەسعود بارزانی نارەزایەتی دژ بەو زمانە دەربڕیوە و پێی وابوو زمانێکی شەرمهێنەرە"، هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا دەیوت:" بارودۆخی ئێمە وەك بارودۆخی کورد نییە لەتورکیا، خواستی سەربەخۆیی لە ئێستادا خواستێکی سەختە". لەهەمانکاتدا مەسعود بارزانی فرە سەغڵەت‌و تورەبوو لەو دەستدرێژیانەی پەکەکە کە دەیکردە سەر گروپ‌و رێکخراوە کوردییەکانی دی لەناوچەکەدا. بۆ نموونە لەبەهاری ١٩٨٥دا چەکدارانی پەکەکە هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیست. دیارە ئەوەش بەپاساوی ئەوە بوو کە پشتگیری گروپە کوردییەکانی تورکیایان کردووە وەختێك کە لە شوێنەکانی دیدا لەگەڵ پەکەکەدا لە جەنگدا بوون. بارزانی ئەم هێرشەی پەکەکەی بۆ سەر کۆمۆنیستەکان بەو جۆرە لێکدایەوە کە هێرشە بۆسەر پارتی، چونکە پارتی لەو کاتەدا لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا لە یەك هاوپەیمانیدا بوون.

لەراستیدا هێرشکردنە سەر کۆمۆنیستەکان‌و تورەیی بارزانی لەو هێرشە رەنگدانەوەی ململانێی باڵادەستی نێوان بارزانی‌و رێبازی سەرۆکایەتی ئۆجەلان بوو. ئۆجەلان لەو دەمەدا چەپێکی توندرەو بوو، ئەو بۆخۆی ببووە رێبەری پەکەکە، بارزانیش رێبەرێکی هۆزگەرای ترادیشناڵ بوو، ئەو سەرۆکایەتییەکەی بەشێوەی بۆماوەیی لەباببیەوە بۆمابوویەوە، پاش ئەوەی بابی مرد، ئیدی ئەو بووە رێبەری بزووتنەوەکەی. بارزانی دەکرا توندوتیژبێت لەبەرامبەر نەیارەکانی، لەوانە پارتە کوردییەکانی دی، ئەوانەی چاویان بڕیبووە دەسەڵاتەکەی، وەڵێ لەبەرامبەر ناوخۆی پارتەکەیدا خەیاڵی تەخت بوو. بەڵام ئۆجەلان وانەبوو. بارزانی نەزمی لەسێدارەدانی بۆ نەیارانی ناوپارتەکەی بەکارنەدەهێنا، ئەو نەزمەی لەناو تەڤگەرە چەپە توندرەوەکاندا فرە باو بوو. هێرش‌و هەڵکوتانە سەر پارتی کۆمۆنیست‌و نواندنی

توندوتیژیی لەبەرامبەریان، هاوکات هێرشی زارەکی پەکەکە بۆ سەربارزانی دەنگدانەوەی بەرینی هەبوو، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو گروپە ئێراقیەکە کە پەنای چەکدارانی پەکەکەیان دابوو وەختێ کە هەڵهاتبوون بۆ نێوچەکانیان.

بارزانی بەتەواوی لە هەڵچوونو پشێوییەکانی ئۆجەلان تێنەگەیشتبوو، ئۆجەلان دڵگرمێ بوو لە بەرامبەر زۆرێك لە ئەندامانی گروپەکە، بەتایبەتی ئەوانەی وازیان لە پەکەکە هێنا بوو. تەنانەت جارێکیان بارزانی هەوڵی دا تا بەسەلامەتی یەکێك لە ئەندامانی پەکەکە بگەڕێنێتەوە بۆ ناویان، ئەو ئەندامە ترسی ئەوەی هەبوو لەسێدارەی بدەن. ئیبراهیم ئایدن پاش ئەوەی لە پەکەکە هەڵدێت، لەسەر سنووری ئێران سوپای پازداران قۆڵبەستی دەکەنو پاشان پێشمەرگەکانی پارتی پەنای دەدەن. ئەو دەیوت:" مەسعود بارزانی هەواڵی نارد بۆ جەمیل بایك، پاشان مەسعود بارزانی پێی راگەیاندم کە دەتگەڕێنمەوە بۆنێو پەکەکە". هەروەها وتی:" من داواکەی بارزانیم دایە دواوە، ئەو نەیدەزانی بەگەڕانەوەم دەمکوژن".

لەراستیدا بۆ ئۆجەلان کێشە نەبوو چەند سەرکردەی کورد رقیان لێی دەبێتەوە یاخود بەڵێنەکانی ناباتە سەر، بەلام بەهیچ جۆرێك نەدەبوو ئەندامێکی پەکەکە واز لەپەکەکە بهێنێت. جەلال تاڵەبانی لەکۆتایی هەشتاکاندا وتی:" پەکەکە بەهێز نەبوو، بەلام لەهەموو گروپە کوردییەکانی دی جەماوەریی تر بوون". هەروەها وتی:" بۆ ئەوەی بەهێز بیت، پێویستە رێکخستنێکی بەهێزو سەرکردەیەکی بەهێزو جەنگاوەرێکی سەرکەشت هەبن، ئەوانەش لەپەکەکەدا نەدەبینران، ئەوان ئەوەی هەیانبوو پشگیرییەکی جەماوەریی بوو"[١٢٥].

[125] Birand, Apo ve PKK, 197.

# باسی دووەم

# خەبات لەپێناو سەرکەوتندا

لەکۆتایدا سەلاحەدین چیلیك لە نێوەندی ١٩٨٥ دا گەڕایەوە بۆ نێو تورکیا. ئەو دەبوو لە چیاکانی باکووری ئێراقەوە بۆ نێوچەی شرناخی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەربازبێت. بۆخۆی دەیگێڕایەوە:" ئێمە ٣٠ تا ٥٠ کەسێك دەبووین، دەبوو بەهێواشی تێپەڕبووینایە، هەرچەند کە سەربازەکانی تورك دەسەڵاتیان بەتەواوی بەسەر زنجیرە شاخەکانی سنووردا نەدەشکا".

چیلیك لەدەستپێکی هێرشەکانەوە بۆسەر تورکیا جارێکی دی توانی بە باب‌و براکەی لە ئاواییە کۆنەکەیاندا شاد بێتەوە[١٢٦]. وەلێ ئیدی ئەستەم بوو بتوانێت بەسانایی بمێنێتەوە لەتەکیان. سوپای تورکیا ئەزموونی باشی لە یەکە گەریلاییە بێ ئەزموونەکان دیتبوو. ئەستەم بوو بۆ گەریلاکانی پەکەکە بەنێوچەکاندا گوزەربکەن‌و هاوکات ڕووبەڕووی جەنگی دژوارو یەك لەدووی یەك ببنەوە. مەحسوم قرقماز لە مانگی نۆدا یەکێك لە هێرشەکانی بۆسەرتورکیا ڕێکخست، وەلێ تورکیا فرە بەسەختی تۆڵەیانکردەوەو دوو کەسیان لێ بریندارکرا. چیلیك دەیوت:" من شەنسم هێنابووی کە دووچاری شەڕ نەبوومەوە".

کۆتایی ئەو ساڵە چیلیك گەڕایەوە باکووری ئێراق‌و لەسنوورەوە دەربازی ئێرانبوو، لەوێشەوە چووە تاران. ئیدی لەوێ لەرێگەی پاسپۆرتە ساختە تورکییەکەیەوە سواری فرۆکە بوو بەرەو دیمەشق. ناوبراو پێش ئەوەی بچێتە کەمپی حلووە چاوی بە ئۆجەلان کەوت. چیلیك دەیوت:"ئۆجەلان سەرقاڵی گلەو گازاندەبوو لە خەڵکی، وەلێ من هیچ سەنجی ڕانەکێشام". هەروەها دەیوت:" من تەنها مژوڵی ئەوە بووم چی پێویستە بکەین لەپێناو جەنگە گەریلاییەکەماندا". لەو دەممەدا پەکەکە لە ئامادەسازیدا بوو بۆ کۆنگرەی سێهەم. کۆنگرە لە کۆتایی

---

[126] Description of the 3rd Congress draws mainly on Celik's recollections, along with information provided by PKK members who later received information about the proceedings. Published sources include Birand, Apo ve PKK, 141; and Yuce, Bildirgesi, 233–234

١٩٨٦دا بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو. لە کەمپی حیلوەدا سەرقاڵییەکی جدی هەبوو بۆ شیکاری بابەتەکانو بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ قۆناغی جەنگی داهاتوو. چیلیك پەیوەستبوو بە گروپێکی چالاکەوەو مەزنترین شیکاریان هەنجامدا لەسەر رووبەڕووبوونەوەکانو بەهای جەنگەکان.

دواتر پاش سێ مانگ کاری جدیو هەڵسەنگاندن، چیلیك لەلایەن خودی پەکەکەوە قۆڵبەستکرا. چیلیك تارادەیەك بە نیگەرانییەوە دەیگێرایەوە:" لە ئێوارەیەکدا قۆڵبەستکرام، ئەو دەم هاوینبوو، کەشو هەوای حیلوە خۆشبوو. کەسێك کە بەباشی دەمناسی، بەناوی خەلیل کایا هاتە نێو ژورەکەم، ناوبراو گوتی پێویستە بتخەینە زیندان تا راپۆرتەکە دەنوسرێت. ئیدی ناوبراو چەکەکەی هەلگرتم، من هەمیشە پیستۆڵم پێبوو، پاشان بردمیە ژورێکو تەنها هێشتمیەوە. زیندانی پەکەکە کەوتبوە یەکێك لە نهۆمەکانی بیناکانی پەکەکەوە لە کەمپەکەدا.

نهۆمی یەکەم هەمیشە بەکاردەهێرانرا بۆ ئەوانەی کە تۆمەتباربوون بە کرێگرتەییو کاری تێکدەرانە. نهۆمی ژێرەوەیش بەکاردەهێنرا بۆ ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە خراپ ئەرکەکانیان بەرێوەدەبردو کاریان دەکرد بۆ تەگەرە خستنە بەردەم خەباتی گروپەکە. چیلیك کە بەنائارامییەوە لەسەر کورسییەکەی جموجوڵی دەکرد وتی:" بۆ چەند مانگێکی کەم لەو زیندانەدا مامەوە، لەوێدا بەتەواوی پەراوێزنەخرابووم، دەمتوانی بە پیادەڕەوی بچمە دەوروبەر، سەردانی کتێبخانەم دەکرد، هەرچەند پاسەوانێکم بۆدانرابوو، وەلێ پێویستی بەپاسەوان نەدەکرد، ئاخر تۆ چیت پێدەکرێت لە زینداندا، پاسەوان تەنها بۆ هەڕەشەکردن بوو لەتۆ".

لە راستیدا ئۆجەلان نیگەران بوو لەوەی کە ئامانجە سەربازییەکانی نەگەیشتوونەتە جێ، هێشتا گەریلاکانی پەکەکە لە نێوخۆی تورکیادا مژووڵی خۆ سەلماندن بوون وەك جەنگاوەرێك. هاوکات تورکیا توانیبووی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەکەکە لەنێوبەرێت، لەنێو ئەواندا سەرکردەی ئەفسانەیی پەکەکە قرقماز

له مانگی ئازاری ١٩٨٦دا كوژرابوو. لەراستیدا ئەنجامدان ئەو جەنگانەی كە لەلایەن گەریلاكانەوە بەڕێوەدەبران، وادیاربوو بەشێك بوون لەو تێروانینە ناڕاستانەو ئەوپێشبینیە هەڵانەی كە ئۆجەلان بۆ تواناو هێزو قەبارەی پارتەكەی كردبووی لە رووبەڕووبوونەوەكاندا.

هەرچەند لەبەرامبەر چالاكییەكانداو لەسەر زانیارییەكانی ئۆجەلان گلەو گازاندە بەرزبوویەوە، وەڵێ ئۆجەلان لە وتاری كۆنگرەدا وەك هەورە برووسكە هاواری دەكرد:" ئایا رێگرییەكانی پێش ئێمە چ بوون، ئەدی بۆ كەس لێنەنەوی، ئایا من هەڵەبووم، بێگومان هەرگیز". [127]

لەراستیدا فەرماندە سەربازییە باڵاكان هەڵەگەڵكیان لە جەنگەكاندا ئەنجام دابوو. لە بڕیارەكانی سەرەتادا بۆ چێكردنی گروپێكی چەكدار سێ تا پێنج كەسێك راسپێردرابوون، هەر ئەوانە بوونە هۆی ئەنجامدانی گەڵێ گیروگرفت بۆ گەریلاكان. هاوكات ئەو گروپانە گەڵێ گچكە بوون تا بوەستنەوە لەرووی هەر هێرشێكی توركیدا، لەهەمانكاتدا بۆ توركەكان ئاسان بوو تا ئەوان كێومالبكەنو لەنێویان بەرن.

ئەم رەوشە رووینەدا تا چیلیكو سەركردە سەربازییەكانی دی یەكەكانیان رێكخستو هێزی گەریلای گونجاویان دروستكرد لە نێوەراستی ١٩٨٥دا. ژمارەی كەمو بێ ئەزموونیان هەڵەگەلێكی ئێجگار دژواری لێكەوتەوە. ئۆجەلان ملی نەدەدا بۆ بەرپرسایەتیی هەر هەڵەیەكی ستراتیژیو تاكتیكی. ئۆجەلان هەمیشە بە باوەرێكی چەسپاوو بەهێزەوە بۆچوونەكانی دەربڕیوە لەمەڕ توانای پەكەكە بۆ سەركەوتنو باوەڕی وابووە كارێزما بوونی پێگەیەكی دیاری كردووەو گەریلاكانیشی لەنێوتەڤگەری كورددا نەیاریان كەمە، ئەوەیش كاتێك رەنگی دابوویەوە كە پشتیوانی نوێ دەهاتنە ناو ریزەكانیانەوە.

---

[127] Ocalan

لەراستیدا هەڵە سەربازییەکانی پەکەکە دەرهاویشتەی بۆچوونەکانی ئۆجەلان بوون‌و بوونە مایەی بەخششێکیش بۆ ئۆجەلان. چون ئۆجەلان دەیبینی هەلێك رەخساوە بۆ بەرەبەرە لەنێوچوونی سەرکردەکانی پەکەکە، ئیدی ئەوانەی کە تەحەدای پێگەو کورسی ئۆجەلانیان دەکرد ون‌و گومەساربوون. موحەمەد خان یوجی رێبەری بەندکراوی پێشووی پەکەکە ساڵێك دوواتر نوسیبووی:" ئۆجەلان لە کۆنگرەی سێهەمدا کۆدەتای کردو هەموو دەسەڵاتەکانی پەکەکەی گرتە دەست".
ئۆجەلان راهاتبوو بە گرتنەبەری رێوشوێنی سادە، وەلێ بەتەدابیرو نەخشەی کاریگەر. لەکۆنگرەدا دروست وەك چیلیك چەند سەرکردەیەکی تری دەستبەسەرکردن‌و چەکیکردن‌و ناچاری کردن بەتۆپزی بەیان‌و پەیامی زەبوونی‌و زەلیلی بدەن.

بەمجۆرە لاوازی دەنگە نەیارەکان هۆکارێك بوو تا ئۆجەلان بەرواڵەت پێگەو پەنای بەهێزو تۆکمە بکات. چیلیك بە هێواشی‌و بەدەنگێکی خەمناکەوە دەیگێرِایەوە:"ئەوانەی لە شاخ بووین تێنەدەگەیشتین لە نیازو نەریتی سیاسی‌و ئەو ماجەرایانەی سیاسییەکان ، ئەوە بۆ ئێمە رووینەدا تا بتوانین دەستبگرین بەسەر رێکخراوەکەداو لەچنگی ئەو تاکرەویە قوتاری بکەین. لە راستیدا ئێمە لەچیادا سەرگەرمی کاری خۆمان بووین، وەلێ ئۆجەلان لەخەمی شتێکی دیکەدابوو، ئەو جودا بیری دەکردەوە نەیدەویست هیچ شتێك بەسەریدا تێپەرِێت‌و هەموو هەلێکی دەقۆستەوە بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی"[128].

دیارە کۆنگرە لە ٢٥ مانگی ئۆداب ژماوەی پێنج رۆژ دەرگاکانی واڵابوو، لەرووی تیۆرییەوە دەبوو کۆنگرە مەیدانێکبێت تا ئەندامان ئازادانە مشتومرِو ململانێ لەسەر پرس‌و جۆکان بکەن، وەلێ بەکردارەکی ئەم نەزمی بەرێوەچوونی کۆنگرەیە نەبینرا. دیارە کە کۆنگرەی دامەزراندنی پەکەکە لەساڵی ١٩٧٨دا لەناوخۆی تورکیا

---

[128] Kongre, 378. Yuce, Bildirgesi, 219

بەسترا، ئەو كۆنگرەیە پێویستییەكی بەپەلە بوو. دووەم كۆنگرەی پەكەكە لە سوریاو لە ١٩٨٢دا بەسترا. لەم كۆنگرەیەدا هەوڵەكانی چەتین سەمیر بۆ لێپرسینەوە لە ئاپۆ، لەلایەن خودی ئاپۆوە بێ بایەخ پیشاندراو دواتر لەدەرەوەی پەكەكەدا لەنێوبرا. لە كۆنگرەی سێهەمیشدا ئەوە روونبوو كە رێگەی گفتوگۆی واقعی بەكەس نەدراو و پانتاییەكانی ئازادی تەواو بەرتەسكبوون و هەموو شیكارەكان پێویستبوو داكۆكی لە بۆچوونەكانی ئۆجەلان و جیهانبینی ئەو بكەنەوە، بۆ ئەمەیش بۆخۆی هەموو راپۆرتەكانی نوسیبوونەوەو نومایانی كردبوون.

چیلیك لە كۆتایی كۆنگرەدا دێتە سەرشانۆی كۆنگرە، باشیەكەی لەوەدا بوو ئاپۆ لەوێ نەبوو. چیلیك بەسانایی دەیپرسیی ئێمە یەكتریمان لەنێوبردووە، لەكۆنگرەكەدا ٨٠ كەسێك روویان لە چیلیك بوون ئەوان لەسەر كورسییە دارینەكان دانیشتبوون، چیلیك بەدەم قسەكانەوە هەستایە سەرپێ. گوتی ئەوان ئێوە تۆمەتباردەكەن بەبەكرێگیراوی بۆ دوژمن و بابتان بە بەكرێگیراو نێودەبەن و تۆمەتبارت دەكەن بەوەی كەسانی دی ژەهراوی دەكەن. ئەوان دەڵێن شوێن فەرمانی ئاپۆ ناكەون، پاشان وەستاو جگەرەیەكی داگیرساند. ئەوە زۆر سەخت بوو بۆمن، ئەوە یەكەمجارم بوو لەژیاندا دووچارو رووبەرووی تۆمەتگەلی لەو شێوە بكرێمەوە، ئەوە بەراستی سەختە بۆمن، ئەوان ویستیان كەسایەتی من تێكبشكێنن، ئەوان تەنانەت هیچ فرسەتێك نادەن بەتۆ تا قسان بكەیت. ئەوە مانای وایە كەتۆ دژی حزبەكەی".

چیلیك سەرێكی راوەشاندو گوتی: من پێویستبوو لەشتانێك دڵنیابم، راپۆرتێكم نوسی و لە رۆژنامەی پەكەكەدا وەشانكرا. وام دانابوو ئێوە دەكرێت بڵێن ئۆجەلان بردییەوە. بەهەمان شێوە ئۆجەلان چەند بەرپرسێك كە گەیشتبوونە پلەی بەرپرسایەتی و رێز بوونە جێ ئامانجی.

لەپاش دەستپێکی خەباتی چەکداری لە ئۆگەستی ١٩٨٤ دا تەقریبەن هەموو کەسێکی دیار لەنێو پەکەکەدا بووە جێ ئامانجی ئۆجەلان. دوران باڵکان(عەباس) کە لەدووای کۆنگرەی دووەم بەرپرسی سیاسیی تێکڕای هێرشی سەر سەمیندیلی بوو، ئەو دیاری کرابوو بە جێگری عەبدوڵا ئۆجەلان، یەکێك بوو لەوانەی کە قۆڵبەستکرا. هەروەها عەلی (تێرزی جەمال) ئۆمورکان فەرماندەی هەڵکوتانە سەر کەتاك بوو لە ئۆگۆستی ١٩٨٤ دا دروست لەپاش کۆنگرەی دووەمدا ئەویش دەستگیرکرا. هەوەها کەسیرە یەڵدرم(فاتیمە)ی هاوسەری ئۆجەلان، کە بەشداربوو لە دووایین بڕیاری دەستپێکی خەباتی چەکداریدا، ئەویش بەبڕیاری ئۆجەلان دەستگیرکرا. کەسیرە خانمێکی زمان پاراو بوو، ئەو لەسەر هێڵێکی سەربەخۆ دەڕۆی لەناو پارتەکەدا، دوواجار لەگەڵ ئۆجەلان دووهۆکار بوونە هۆی پێکدادان لەنێوانیاندا، پڕوپاگەندەگەلێك ئەو باوەڕەیان لاچاندبوو کە ئۆجەلان لەگەڵ خانمێکی دیکەدا دەستی تێکەڵکردووە. لە راستیدا ئەوانەی کە لە ترس و تووڕەیی ئۆجەلانیش هەڵهاتبوون یان لەنێوبران وەك کۆرك مەزی فەرماندەی هەڵکوتانە سەر ئەروح لە ئۆگەستی ١٩٨٤و عەبدوڵا ئاکینجی فەرماندەی هەڵکوتانە سەر سەمیندلی لەهەمان ساڵدا یاخود نەیانتوانی هیچ شتێك ئەنجامبدەن لە دووەم کۆنگرەی پارتەکەدا سەرکوتکران. یەکێك لەگەریلاکانی پێشووی نێو ئەو پارتە بە خەندەیەکەوە گوتی تەنها چارەی ئۆجەلان بۆئەوەی ئیدی نەچێت بەدووی ئەو کەسانەی کەلەناو پارتەکەدا نێودەردەکەن، ئەوەیە کە خەڵکانێك تەرخانبکات بۆ هێشتنەوەی ئەوانە لەپێگەو مەکانی خۆیان و کاریان بچوککردنەوەیان بێت.

ئۆجەلان گەر زەبوونکردن و قۆڵبەستکردنی ئەنجامبدایە، هاوکات بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئەو رەوشەو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی لێبووردنی گشتیشی دەدا تا زیاتر خەڵکی پەیوەستبن پێوەیەو توندتر سەرۆکایەتییەکەی

راپەڕێنێت. لەدووای کۆنگرەی دووەم چەکدارە زەبوونکراوو ئابڕووچووەکان، ئێسان پێگەی نوێو بەرپرسایەتی دیکەیان پێسپێردرا.

لەراستید یەك دوانێك کارو ئەرکە نوێیەکەیان دایە دوواوە، ئیدی ئەوانی دی تێکڕا رازی بوون بە بەرپرسایەتییە نوێیەکەیان. بۆنمونە کەسیرە یەڵدرم نێردرا بۆ ئاسینا بۆ رێکخستنی پەکەکەو چیلیکیش چووە ولاتی ئەڵمانیا بۆ هەمان مەبەست. بەم پێیەش ئۆجەلان توانی ئەوە بسەلمێنێت نەك هەر کەس ناتوانێت جگە لەخۆی پێگەی کەسێك لەنێو پەکەکەدا هەڵبکەنێت، بەڵکو کەسێکیشە دەتوانێت کەسانێك بگەڕێنێتەوەو ئەرك‌و ئامانجی نوێی حزبەکەیان پێدەستەبەربکات. چیلیك دەیوت:" لەمردن نەدەترساین، بەلام لەوە زەندەقمان چووبوو، گەر پێیان بوتینایە غەیان‌و ناپاك". هەروەها وتی:" بۆخۆشمان ئاسان نەبوو گروپێکی شەڕکەر بەجێبهێڵین کە ئامانجی دەوڵەتی کوردی بوو، تەنانەت ئەگەر ئەو گروپە شۆرەت‌و ناوی لەنێو هاوەڵەکانماندا لەکەداربکردایە، نەدەکرا دژی شتێك بین کە بەنێوی پەکەکەوە رووبەڕوومان دەکرایەوە. لەراستیدا پەکەکە رێکخراوێکی باش‌و گرنگبوو، تەنانەت بە خەیاڵیش نەماندەتوانی چەوت‌و چەوێڵییەکانی ببینین". ئەوانەی کە لە هەفتاکانەوە پێوەندیانکردبوو بە گروپەکەوە، جۆرێك لە بێسەرەو بەرەیی‌و ئازادانە هەڵسوکەوتیان دەبینی، ئەوێ دەم دەسەلاتی ئۆجەلان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵدەسوڕا، وەلێ لەئێستادا دەیاندی کە چۆن ئۆجەلان بەهێزو سەنگین بووە لەناو پەکەکەدا. لەراستیدا ئەوان یان نەیاندەتوانی چاودێر ئۆجەلان بکەن یاخۆ هیچ دەرفەتێکیان نەبوو بۆ رووبەڕووبونەوەی ئۆجەلان.

هەرچەند ئەوانەی کەدواتر پێوەندیان کرد بە گروپەکەوە ئیدی پێویست نەبوو ببینن چی روودەداو چی روونادات. ئەوانە زیاتر لە ئەورووپاوە هاتبوونە نێو ریزەکانی پەکەکەوە، لەلای ئەوان بوونی ئۆجەلان‌و هێزو توانای شیاوی هیچ لێپێچنەوەو راڕاییەك نەبوو. بەمجۆرە لە قۆناغی کۆنگرەی سێهەمدا ئیدی ئۆجەلان

بەتەواوی کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی کرد لەنێو پەکەکەدا. ئۆجەلان تەنها یەکلانەببوویەوە بۆ کۆنترۆڵی پارتەکەی، بەڵکو دەسەڵاتیشی دەشکا بەسەر دانە بەدانەی ئەندامانی گروپەکەدا.

هاوکات هەوڵیشی دەدا دەسەڵاتی بەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی کورد لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بشکێنێت. لەسەر خواستی ئۆجەلان کۆنگرەی سێهەم پێداگریکرد لەسەر چەند بڕیارێکی گرنگو جێ مشتومڕ. لەوانە سەرکردایەتی بڕیاری بەسەربازکردنی دا بەشێوەی تۆپزیی، ئەو جەوانو مەردانە کە تەمەنیان گەیشتبووە ئاستی پێویست دەبوو بێنە نێو ریزەکانی پەکەکەوە یاخود دووچاری مەترسی رفاندن دەبوونەوە. هەموو ئەوانەی لە کۆنگرەدا بوون رازی بوون بەیاسای سەندنی باج بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمەکەدا. هەردوو یاساکە لە نیازی پەکەکەدا بۆ جێگیرکردنو شوێنکردنەوەی پەکەکە بوو لەنێوچەکەدا، وەلێ بەپێچەوانەوە بوونە هۆی رەوینەوەی چەندین هاوڵاتی لەپەکەکە، دژی پەکەکەیش لەنێو میلیشیا کوردییەکاندا کەلەلایەن میرییەوە سپۆنسەردەکران دەستیان دایە چەك.

## پەکەکە لەنێو زینداندا

کوردەکان لە تورکیادا راپێچی بەندیخانە دەکران، ئەوان زیاتر دەبرانە زیندانی سەربازیی دیاربەکرد، لە ساڵی ۱۹۸۰وە ئیدی ئەو زیندانە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سەربازییدا بوو[١٢٩]. ئەو شوێنەی زیندانەکەی لێبوو پێکهاتبوو لە کۆمەڵە ساختمانێکی تەنراو بە تەلی دڕکاوی، و تاوەری پاسەوانیی، ئەوێ شوێنێك بوو لە دەرێی دیاربەکردا، زیاتر شوێنی ئەو دێهاتیانەبوو کە بەدووی کارو کەسابەتدا

---

٤ .Information on Diyarbakir prison relies on interviews with former prisoners. Published sources include Zana, Bekle Diyarbakir, 336–346 and Prison No 5, 3–36; Yuce, Zindan Direnisi; and Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (1988).

گەڕابوونو یاخۆ لەجەنگەکان هەڵهاتبوون، ئیدی گەشەیماڵەکان بەجۆرێك بوو کە بە تەواوی دەوری دیواری زیندانەکانیان تەنی بوو.

بەشێوەیەکی گشتی زیندانی دیاربەکر نێزیکەی ۲۰۰۰ کەسێکی تێدابوون زۆربەی زۆریان بە تاوانی پاڵپشتیو تێوەگلان لەگەڵ پەکەکەدا دەستگیرکرابوون، لەوانە پێڕێکی سەرەکی هەبوون کە چەند سەد کەسێك دەبوون، ئەوان چەند مانگێك پێشتر یاخو دروست پاش کۆدەتای ۱۹۸۰ قۆڵبەستکرابوون.

ئەو بەندییانە هەندێکیان لە دڵسۆزترین خەباتکارانی پەکەکە بوون، زۆربەیان لەبەر چالاکیو جموجوڵەکانیان رووبەڕووی سزای مەرگو لەداردان بیوونەوە. هەرچەند هیچ لەو زیندانیانە پێوەندیان لەتەك ئەو گەریلایانە نەبوو کە دزەیانکردبووە نێو تورکیاو ئۆجەلان لەدیمەشقەوە هیچ سەرەداوێکی لەگەڵیان نەبوو. وەلێ ئەوان هەوڵیاندەدا ، بوونی پەکەکەو ئامادەیی رێکخستنەکە لە زینداندا بسەلمێنن. زیندانی دیاربەکر بەناوبانگبوو بە ئەشکەنجەو ئازاری دڕندانەی زیندانیانو رەوشی ناهەمواریان.

ساڵی ۱۹۸٤ هەلومەرجی زیندان هێوربوویەوە، بەرادەیەکی زۆر هێوربوونەوەکە پێوەندی بە گەڕانەوە رژێمی وڵاتەوە هەبوو بۆ رژێمێکی دیموکراتیو فشاری سەرلەنوێی ئەورووپییەکان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا.

لە مانگی یەکی ۱۹۸٤ لە ئاکامی ناڕەزایەتییەکدا دووان لە زیندانییەکان مردنو دوانیش خۆیان کوشتەوەو یەکێکی دیش لێیاندا تا بەمەرگیان گەیاند[۱۳۰]. پاش ئەوە لەزۆربەی زیندانەکاندا رەوشی زیندان بەرەو باشبوون چوو، زیندانییەکان ئەشکەنجەنەدەدرانو بۆ هەوەڵجار دەستیان رادەگەیشت بە کتێبوو رۆژنامەو دەیانتوانی بێنە حەوشەی زیندانو هەوای پاك هەڵمژنو وەرزشبکەن. پارێزەرێکی

[130] Details are given in Yuce, Zindan Direnisi, 191–220 and Zana, Prison No 5, 28–35.

زیندانی دیاربەکرد دەیوت:" کاتێك رەوشی زیندان هێور بوویەوە، زیندانییەکان هەستیاندەکرد لە بەهەشتدان".[131]

بەمجۆرە وەك زۆربەی زیندانەکانی تورکیا، ئیدی خانەکانی بەند کردن گەورەکران‌و شوێنی خەوتن‌و مانەوەی زیندانییەکان گۆرانی بەسەردا هات. زیندانییەکان ترنجێنرابوونە ژوورگەلێکەوە کە هەریەکەیان ٤٠ بۆ ١٠٠ کەسی لەخۆ دەگرت، لەوێدا قەرەوێڵەی دوو یا سێ قات هەبوون بۆ خەوتن‌و خواردن دەهێنرایە نێو ژووری زیندانییەکانەوە. ئەم گردکردنەوەیەی زیندانیانی پەکەکە لە ژوورەکاندا وەك هەلێکی زێرین وابوو بۆ ئەندامانی پەکەکە، ئەوان لەوێ خۆیان رێکخست‌و کادێرگەلێکی باشیان دەستەبەرکردو دواجار بنەمای رێکخراوەیی خۆیان پاراست. رەجەب مارسیلی ئەندامی گروپی رزگاریی کە نێزیکەی تەواوی هەشتاکان لە کونجی زینداندا بوو دەیگوت:" بەندکراوەکانی پەکەکە زۆر چالاك‌و وردو وریابوون".

ئەندامانی پەکەکە بەهەمان نەفەس‌و نیازی پێش دەستگیرکردنیانەوە لەنێو زیندانیشدا چالاك بوون. ئەوان کۆمیتەیەکی ناوەندییان پێکەوەنا بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی تایبەت بەخۆیان‌و هەر خانەیەکی زیندانیش کۆمیتەیەکی تایبەتی هەبوو کە کاری رۆژانەیانی تاوتوێ دەکرد. هەروەها زیندانییەکان خولی خوێندنی بەکۆمەڵ‌و گردبوونەوەی رێکخراوییان پێکەوە ئەنجامدەدا. رەفیق کە ناوێکی خوازراوی قوتابیەکی کوردی بەشی یاسابوو، ببووە ئەندامێکی چالاکی پەکەکەو لە دەوروبەری کۆدەتای ١٩٨٠دا قۆڵبەستکرابوو، ئەو دەیوت:" هەموو رۆژێك بەتایبەتی لە ئێوارەندا، کەسێك مێژووی پەکەکەی دەوتەوە، ئەندامانی پەکەکە دابەش ببوون بەسەر گروپەکان نێو زینداندا، ئەوان وتوێژیان لەبارەی مێژووی کوردو پەکەکەو سیاسەتی نێودەوڵەتی‌و ململانێی دەسەلاتەکان دەکرد.

---

[131] Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (March 1988), 15.

راگەیاندنی خەباتی چەکداری پەکەکە لەدەرێ، ورەی زیندانیانی بەرزکردەوە. هەروەها رەفیق دەیگوت:" ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە لە هێرشەکاندا بەشدارییان کردبوو، پاشان دەستگیرکرابوون، ئەوان روونکردنەوەیان لەبارەی رووداوەکان بۆ زیندانیان دەداو باسیان دەکرد کە لەدەرێ چی دەگوزەرێت". هەروەها دەیگوت:" ئەو دێهاتیانەی کە یارمەتیدانی پەکەکە تۆمەتبارکرابوون‌و راپێچی زیندانکرابوون، بۆ ئێمەیان دەگێرایەوە رەوشەکە چۆنەو ئەندامانی پەکەکە چۆن دەهاتنە ناو گوندەکانەوەو چۆن مژوڵی رێکخستنەکان بوون.

بەمجۆرە جەنگ هاورێا لەگەڵ بەرخودانی ناو زیندانن بەتەواوی بوونە هۆی بەرزبوونەوەی شۆرەت‌و پێگەی پەکەکە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. هاوکات ئەو زیندانیانەی پەکەکە کاریانکردە سەر هاو بەندییەکانیان، بەتایبەت کاتێك ئەوانیان دی بەبڕوای نەلەخشیوەوە دەستیانداوەتە رێبازەکەیان، هاوکات هێزەکانی ئاسایش پاش ئەوەی لەپاش جەنگە چەکدارییەکە دەستیان دایە راوەدوونان‌و گرتنی هەڕەمەکی خەڵکی، ئیدی بوونی ئەو خەڵکە لەزینداندا هۆیەك بوو تا پەیامی زیندانیانی پەکەکە زووتر بڵاو بێتەوە. مارسیلی دەیگوت:" پەکەکە دەیتوانی سوود لە دێهاتییانە وەربگرێت کە بەتۆمەتی هاوکاریکردنی پەکەکە بەچەك‌و خۆراك دەستگیرکرابوون‌و لەوێ لەخانەکانداو لەکاتی وەرزشدا پەیامی پەکەکەیان پێدەگەیشت". زیندانیانی پەکەکە لە دووی دۆزینەوەی رێگەیەك بوون تا پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا لەدەرێ دروستبکەن.

موحەمەد خان یوجی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی زیندانیانی پەکەکە دەیگوت:" دەبوو بزانین لەدەرێ پەکەکە مژوڵی چییەو بیر لەچی دەکاتەوە". بەڵام دژواربوو بتوانن پەیوەندی چێبکەن، چونکە قسەکردنی زیندانیانی پەکەکە لەتەك ئەوانەی لەدەرێی زیندان بوون سنووردارکرابوو.

تا کۆتایی هەشتاکانیش نامەو نامەکاری سنووردارکرابوو، بەتوندی لەژێرچاودێریدا بوون، تەنها بۆ خزمو خوێشی نێزیکی زیندانیان هەبوو سەردان بکەن، ئەوانیش بەتوندی چاودێری دەکران. هەندێك جار لەبۆنەو پشووەکاندا زیندانییەکان بەئازادی زیارەتکارانیان دەیانتوانی تێکەڵیانبن‌و قسانبکەن. پەکەکە هەرچۆنێك بوو توانی کەناڵێك بدۆزێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕی نامەو نامەکاری لەنێوان پارتەکەو زیندانیاندا، تەنانەتە ڕێگەی جۆراو جۆر دەگیرانە بەر، ئەوان نامەکانیان دەخستە ناو زاریانەوەو لەکاتی ماچکردنی یەکتریدا دەیانگواستەوە بۆ ئەوانی دی، بەتایبەت لەناوهاوسەرانی یەکتریدا ئەم نەزمە ڕوویدەدا. هاوکات زیندانییەکان توانیان تێبگەن لە ڕەوش‌و ڕووی پەکەکە لەدەرەوە، بەتایبەت ئاگاداری کۆنگرەی سێیەم بوون‌و زانییان ناپاکەکان لەداردراون، تەنانەت هەستیان بە لێکترازانی ڕیزەکاندەکردو باسوخواسی چەپەکانی دییان پێگەیشتبوو.

## ئامانجگیریی

لە ئێوارەیەکی سەرەتای مانگی شەشی ١٩٨٧دا چەکدارەکانی پەکەکە گەمارۆی ئاواییەکی بچوکی سەر بەپارێزگای مێردینیاندا کە تەنها نێزیکەی شەست کەسێك ئاواییەکەیان پێکدەهێنا[١٣٢]. لە ئاوایی پینارچیك هەشت لە ئەندامانی پاسەوانانی گوندی سەربە میریی دروست لەپاش نانی ئێوارە لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا مژوڵی پاسەوانی بوون. یەکێك لەپاسەوانەکان هەستی بەوەکردبوو، کە چەکدارەکانی پەکەکە دابەزیونەتە نێو ئاوایی و تەقە دەکەن، وەڵێ بۆ پاسەوانەکان زۆر جێگەی بایەخ نەبوو، چوونکە چەکدارەکان فرەجار هاتبوونە نێو ئاواییەوە. ئاواییەکە

---

[132] Description of Pinarcik attack taken from reports in Milliyet and Cumhuriyet newspapers; other information uses Birand, Apo ve PKK, 141–145; Oz- can, PKK, 99–100; Imset, the PKK, 49–78; Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (March 1988).

لەنێوان دوو گردۆڵکەو نێزیکەی دەمیل لەنێوەندی ڕێگەی سەرەکی نێوان مێردینو ئۆمێرلی هەڵکەوتبوو. وەڵێ لەم جارەدا ژمارەی گەریلاکان زیاتر بوون، بەشێوەی چوار بەرامبەر بەیەك لە پاسەوانەکانی سنوور، لەراستیدا جەنگ ڕوویدا. یەکێك لەپاسەوانەکان گلەیی لەوە دەکرد کە ئەوان ڕێژەیان کەمبوو، هەروەها تفاقی جەنگو شەڕیشیان بەپێی پێویست نەبوو. گەریلاکان ٣٠ چەکدار دەبوون، ئەوان دابەزینە نێو ئاواییەکەو جەنگ لەگەڵ پاسەوانەکانی سەر بەمیریی دەرێژەی کێشا تا دوو کاتژمێر. [١٣٣] لەکۆتایدا شازدەمنداڵو شەش ژن هامڕا لەگەڵ هەشت پیاو بوونە قوربانی.

موحەمەد عەلی بیراندی وتارنووس کە خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ نووسین سەبارەت بەکێشەی کوردی وڵاتەکەی. لەکاردانەوەی ڕووداوەکەدا ئەوەی خستەڕوو کە ئەو کشتوبڕە تاوانێکی مێژووییە. دەنگدانەوەی کشتوبڕی پینارچیك لەمیدیاکانی تورکیادا وەك درندەترین هێرشی پەکەکە هەژمارکرا لەوکاتەوەی کە پەکە چەکدارییەکان وەك پاسەوانی سنوور دامەزرابوون. ئامانجی گەریلاکان لەم هێرشەدا چاوترساندنی کوردە دێهاتییەکان بوو تا واز لە کرێگرتەیی‌و وابەستەیی بێنن بۆ میریی.

پەکەکە وایدانابوو ئەو خەڵکانە نەك هەر یارمەتی گەریلاکان لە هەردە سەختو دژوارەکانی نێوچەکەدا نادەن، بەڵکو زۆرجار هاوکارو هەماهەنگیی لەتەك سەربازەکاندا دەکەن.

ڕۆژنامەی سەربەخۆبوونی پەکەکە بەئاشکرا ئەوەی خستە ڕوو، کە ئەوە هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی بوونی پەکەکە لەبەرامبەر بەکرێگیراوانداو هاوکات هۆشداری ئەوەیشی دا کە پێویستە هەموو ئەوانە لەنێوببرێن. ئەوان کوردێك کە دەستی لەتەك میریدا تێکەڵکردبێت دروست بە غەیانو ناپاکیان دەزانی. لە راستیدا

---

[133] Milliyet, June 24, 1987.

بوونی پاسەوانەکانی سنوور نەك هەر رێگربوون لە بوونی پەکەکە لەنێوچەکەدا، بەڵکوو هەوڵێکیشبوون بۆ لاوازکردنی بانگەشەو بەرنامەی پەکەکە لە سنوورەکەدا.[١٣٤]

لەراستیدا پاسەوانەکانی سنووریش وەك گروپە نەیارو رکابەرە کوردییەکانی دی، وادانرابوون کە ناپاكو غەیانن بە پرسی پەکەکەو دۆزی کورد. پەکەکە زۆرجار ئەوانی بەدار هەڵدەواسیو دەمیانی پڕدەکرد لە پوڵو درهەم. وەلێ هەڵکووتانە سەر پاسەوانانی سنوور بە هەرەمەکی بوو، خۆیان لە کوشتنی ژنو زارۆ نەدەبووارد. زۆرجاران وەك لەو ئاواییەدا ئەنجامیاندا پەکەکە ئەو راستیەیان سەلماند کە نیازی کوشتن هێندەی بیانهەوێت دەتوانن، ئیدی ئەوانە ژنو زارۆین یاخۆ چەکدارو سەربازبن. گەریلاکان نەزمی هێرشەکەیان ئەوەی لێدەخوێنرایەوە کە دەستناپارێزن لە کوشتنی هاوڵاتیانی سیڤیلو تەقەدەکەن لەو ئامبوڵاسانەیش کە خەڵکیان دەگواستەوەو پەیوەندیان بە میلیشیا چەکدارەکانی پاسەوانی سنوورەوە هەبوو.

لەدوو مانگی هەوەڵی ١٩٨٧دا گەریلاکان ٣٥ هاوڵاتی کوردی دێهاتەکانیان کوشت، لەوانە بەلایەنی کەمەوە حەوت منداڵ دەبینران. ئۆج ئالان بەئاشکرا لاریی لەو رەوشەنەبوو، بەرپرسانی پەکەکەیش هەوڵیاندەدا جۆرێك لە لۆژیك بدەنە کوشتارو کاولکارییەکان. وتەبێژی پەکەکە چەند رۆژێك پاش کوشتارگەکە کوشتنی هاوڵاتیانو زارۆی وەك شتێك کە قابیلی خۆلێلانەدان بێت، دایە دوواوە. ئەو وتی:" لەهەموو تێکۆشانو نەبەردییەکدا خەڵکی دەکوژرێن، وەلێ ئێمە پشتیوانی لە کوشتنی هاوڵاتیان ناکەین"[١٣٥] تەنانەت دوواتر روونبوویەوە زۆرینەی ئەوانەی کە دەکوژران ژنو زارۆبوون. گەریلاکانی پەکەکە لەپاش ئەو رووداوەیشو لە زۆرینەی

---

[134] From a 1987 issue of Serxwebun, quoted in Birand, Apo ve PKK, 142.
[135] Cumhuriyet, June, 26, 1987.

ئەو هێرشانەی لە پارێزگای ماردین روویاندەدا کە زۆرینەی تەنگژەکان لەوێ بوون پەکەکە بەهیچ کلۆجێك تاکتیکی شەڕی خۆی نەگۆڕی. بەچەند رۆژێکی کەم پاش هەڵکوتانە سەر ئاوابیەکە، گەریلاکان سەرشاخی ئاوابیەکی نێزیك لەوێیان گرتو پێیانیان راگەیاندن، گەر ناتانەوێت کوشتارگەیەکی هاوشێوەی ئەوێ دووبارە نەبێتەوە، ئەوا نابێت ناپاکو غەیانبن بەرامبەر بە پەکەکە[136]. لەراستیدا ئەم سیاسەتەی پەکەکە رای گشتی تورکیاو گروپگەلێکی دژ بەپەکەکە راستکردەوە، هاوکات سەربازەکانیش گەیشتنە بڕوایەك کە زۆرجار کوردانی نێوچەکان ئەو خراپ بەکارهێنان‌و کوشتوبڕە هێند بەسەختی ناگرن.

هەربۆیە گەر ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨ کوشتارگەکان هۆیەکی گەشەو نمای پەکەکە بووبن ، ئەوا لەکاردانەوەی ئەو کوشتوبڕانەی کە پەکەکە بەکاریدەهێنا، کۆمەڵگەی کوردەواریی هەڵوێست‌و کاردانەوەی نەبوو. دیارە ئەوەیش هۆکارگەلێکی جۆراو جۆری لەپشتەوە بوو، لەراستیدا خەڵکی بەئەستەم هەواڵیان پێدەگەیشت. یان لە کوردەواریدا بڕوا بەمیدیا تورکییەکان‌و رۆژنامەکانی میریی نەدەکراو سەرلەبەری هەواڵەکانیان بەدرۆ دەزانرا و بەهەوڵێکیان دەزانین تا پێگەو پێناسەی پەکەکە لەکەدار بکەن.

هاوکات نەبوونی کارەباو هێڵی تەلەفۆن‌و خزمەتگوزاری بۆ گەیاندنی رۆژنامەو نوسراوەکان بۆ ناوچە شاخاوییەکان ئێجگار کەم بوو. نەجدەت بولگان کە دوواتر بووە سەرۆکی شارەوانی یوك سیکۆڤا (شارێکە نێزیك سنوورەکانی ئێراق‌و ئێران) دەیووت:" زۆرجار میری لەمەڕ رووداوەکان هەواڵی ناڕاستی وەشاندەکرد، ئەم رەوشە هێند کاریگەریی هەبوو گەر هەواڵێکی دروستیش بلاوبکرایەتەوە کەس بڕوای نەدەکرد".

---

[136] Milliyet, June 24, 1987.

له راستیدا هەندێك لەکوردان شایەتی کوشتارگە کە بوونو بەداخ بوون بۆ رەوشو رێگایەکی لەو جۆرە، وەلێ نەیانتوانی نکولی لە خەباتی رەوای پەکەکە بکەن. ئەم تێگەیشتنە یارمەتی توندوتیژییەکانی پەکەکەیان دا ، بەجۆرێك کاری لەو جۆرە زۆر ناجۆر نەبوو لە نێو هەرێمە دێهاتییەکانی کوردەواریدا.

هەوەها دووژمنایەتی خوێن کە بەردەوام لەهەرێمەکەدا برەوی پێدەدرا، ئەوە وەك خواستێك بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە مردنێك یاخۆ کردارێکی بێ ئابڕوویی. ئەم رەوشی تۆڵە سەندنەوە بەسەر کەسێکدا نەدەسەپا کە لەنێو گەریلاکاندا بەشداربوو لە هێرشێکدا، وەلێ بەسەر کەسێکدا جێبەجێدەکرا کە سەر بەهۆزێك لە هۆزەکان بێت[137].

ژنو زارۆ بەدەر نەبوون لە زەبری هێرشەکان. پەکەکە بۆ کارناسێکی تورك نووسی:" ئەو نەریتە نامۆیە بۆ باشترین جۆر ئیستغلالکراوە".[138] رەنگە بۆ پەکەکە هەمان بایەخی هەبێت، بۆنموونە پەکەکە بەعەشوایی هەڵی نەدەکوتایە سەردێهاتەکان، تەنها ئەو دێهاتانەی بەگیر دەهێنا کە پوڵو چەکیان لەمیریی وەرگرتبوو. بۆنموونە تەنها هەفتەیەك پاش رووداوە خوێناویەکە پەکەکە هەڵی کوتایە سەر سێ گوند لەسنووری پارێزگای ماردین، ئەو گوندانە هیچ پێوەندییەکیان بە میلیشیاکانی میرییەوە نەبوو. گەریلاکان بەسانایی خەڵکی ئاواییەکانیان لەنێوەندی دێکاندا خڕکردنەوەو ناچاریانکردن گوێبگرن بۆ وتارگەلێك کە تێیدا ستایشی جەنگی چەکداریو خەباتی کوردیان دەکرد. کەسێك نەکوژرا، پەیامەکەش روون بوو. ئەو ئاواییانەی کە خۆیان بە هاوپەیمانی میریی نازانن بەلایەنی کەمەوە لە هێرشو هێزی پەکەکە بۆ سەریان دەپارێزرێنو هێرشەکانیش

[137] The best analysis on Kurdish tribal structure and behavior remains van Bruinessen's Agha, Shaikh. See pages 64–73 for an overview of the history of blood feuds.
[138] Imset, the PKK, 100fn92.

بۆ سەر ئەوانەیە کە بوونەتە بەشێك لەپرۆسەی رامیاریی میریو لە پرۆژەی کرێگرتەییو جاشایەتیدان. ئەم تاکتیکەی پەکەکەیش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەپاش کۆنگرەی سێهەمی پارتەکەیان گیرایە بەر.

ئەم هەڵوێستەی پەکەکە لەکاتێکدا بوو کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بێ لاموجیمی بڕیاریاندابوو کە نیازیان بەوە هەیە دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمەکەدا نومایان بکەن. لەراستیدا بەئامانجگرتنی ئاوایی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە میریی تەنها بەشێك بوو لەو گۆڕانە لە رامیاری رێبازی کاری پەکەکەدا درابوو. ئەوان پیاوانی گەنجیان دەرفاند، یاخۆ لەکاتێکدا دەیان کەس لەئاواییەکدا دەرفێنران،و دوواتر بانگەشەی ئەوەیاندەکرد کە ئەوانە پێوەندیانکردووە بەریزەکانی پەکەکەوە. لەراستیدا یاسای سەربازگیریی ناسراوی نێو پەکەکە، دروست تەقلیدێکی بێ چەندووچوونی هێزو ئەرتەشی دەوڵەت بوو، چوون ئەوان بەتۆپزی سەرباز گیرییان دەکرد، هاوکات هەوڵێکیش بوو تا برەو بەهێزی چەکداری پەکەکە بدرێت، چوون بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانیان لەهەر شوێنێك نێزیکەی چەند سەدکەسێك بۆ زیاتر لە هەزار چەکداریان دەستگیر دەبوو.

بەمجۆرە گەریلاکان لە شەوقو شۆریاندا بۆ بەتۆپزی گرتنی سەرباز لەنێوچەکەدا هەندێکیان هەرکەسێك توانای سەربازی هەبووایە راپێچیاندەکرد.

حوسەین تۆپچیلەر کە ئەوکات شەرکەرێکی پەکەکە بوو، ناسراو بوو بە بۆتان، بۆتان مەڵبەندی سەرەکی هەوادارانی پەکەکە بوو لە باشوری رۆژهەلاتی تورکیادا، ئەو دەیگێڕایەوە: "رۆژێك بە دووربین تەماشام دەکرد، لەناکاو گروپێکی گەورەم بینی بەرەو رووی ئێمە دەهاتن، تێکڕا ئەوان ژنی ئاواییەکان بوون لەنێو بەرگو پۆشاکی رەنگاورەنگدا، بەرێکەتبوون". ناوبراو لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا ووتی:" پرسیم لە هاورێکەم ئەوانە کێن؟ ئەویش گوتی: ئەوانە یەکە نوێییەکەی دکتۆر کەنداڵن. حوسەین پێکەنی، گەریلاکان چوونە ئاواییەکەوە هەموو ئەو ژنە

گەنجانەیان گرتن، وەلیٚ ئەوان ئامادەنەبوون جلو بەرگەکانیان بگۆڕنو چەك هەڵبگرن، هەموو ئەوانە خێزانداربوون، ئێمەیش ڕێگەمان نەدا ئەوان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ نێو ئاواییەکانیان". ئەم سیاسەتە جێگەی مشتومڕو ناکۆکیی بوو تەنانەت لەنێو خودی پەکەکەیشدا. هەندیٚ لە فەرماندەکانی پەکەکە لەکاردانەوەی پێچەوانەی سیاسەتی سەربازگیریی زۆرەملێدا هەڵوێستیان وەرگرت، بەتایبەت کاتێك نەوجەوانو جەوانەکان دەستیان دابوویە خۆحەشاردانو خۆلادان لە رفاندن، فەرماندەکان ئیدی خۆیان دەبووارد لە جێبەجێکردنی یاساکە. ساری باران کە فەرماندەی هێزێکی سەرەکی ٤٠-٥٠ چەکداردەبوو لە جوکورکای ناوچەی هەکاریدا ناڕازی بوو . ئەوانەی بڕیاریی یەکلاکەرەوەیان دابوو لە نێو کۆنگرەدا، تا ئەوکات نەیاندەزانی بەدرووستی شەڕکردن چۆنو چییە. ناوبراو دەیوت:" یاسای بە زۆرەملیٚ گرتنی سەرباز ئاواییەکان دەخاتە بەرەی دژمانەوە، کاتێك بەزۆر گەنجەکان ڕاپێچی جەنگ دەکەین ، دوواتر ئاواییەکان کاردانەوەیان دەبێت، ئەو خەڵکانەی لە چنگی ئێمە هەڵهاتوون پێویستبوو لەنێویان بەرین". پەکەکە تەقەلای ئەوەی دەکرد کە کاریگەریی و دەسەلاٚتی ڕاستەوخۆی میریی لە هەرێمەکەدا لاوازو بیٚ هەرەکەت بکات. پەکەکە هۆشداری دابوویە کرێکاری پرۆژە گشتییەکانی وەك چەوڕێژی ڕێگەوبانەکان یاخۆ بڕینەوەی دارەکان پێویستە دەستهەڵبگرن لە کارو بارەکانیان، هەروەها پێیان ڕاگەیەنرابوو ئامێرو کەرەستەکانیان هەموو دەسوتێنرێت. مامۆستاکانیان ئاگادارکردنەوە کە پێویستە هەرچی زووترە هەرێمەکە جێبهێلن.

ساڵی ١٩٨٨ پەکەکە ٥ مامۆستای کوشت. ئەو مامۆستایانە لەسنووری پارێزگای ماردین هەر لەوشوێنەی ڕووداوە خوێناوییەکەی پینارچیك ڕوویدابوو

مژووڵی کارەکەیانبوون[١٣٩] هاوکات لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەکەدا چەند قوتابخانەو بنکەی تەندروستییان گرتێبەردا. ئاپۆچییەکان پێیانوابوو مامۆستایان سەربازن یاخۆ کرێگرتەی میرییبن‌و قوتابخانەو بنکە تەندروستیەکانیش وەك جێگەو بارەگای سەربازیین. لەراستیدا سەربازەکانیش هەندێك جار ئەو بیناو شوێنە حکومیانەیان کردبووە شوێنی کاتی ئێشکگرتنیان.

هەروەها میریی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریدا بەرنامەیان دانابوو بۆ ناردنی مامۆستای سەرباز بۆ ئەو شوێنانە، ئەوەیش لەبەرنامەکەدا وەك ئەکێکی دامەزراندنیانبوو لە پیشەی مامۆستایدا. لەراستیدا ئەم رەوشە وەك بەشێك لە تاکتیکەکانی میریی تەنها یاریدەی پەکەکەیدا تا ئەو باوەڕەیان لاگەلاڵەبێت کە پاساویان هەیە بۆ هێرشەکانیان. هەربۆیە لەو میانەدا چەندین مامۆستا کوژران، لەبەرئەوەی کە تەنها مامۆستان. بەمجۆرە تاکتیکە نوێیەکان‌و دەستدرێژیی زێدەتری پەکەکە ئاوێتەی سەرکەوتنەکانیان ببوو.

بۆنموونە لەهەوڵ ساڵدا کەپەکەکە ئاواییەکانی بەئامانجگرت، خواستە نوێیەکانی میریی کەمیانکردو رێژەی پاسەوانەکان دابەزین بۆ دوو لەسەر سێی رێژەی پێشوویانو تەنها ٦٠٠٠ چەکدار مابوونەوە[١٤٠]

لەکاردانەوەی رامیاری پەکەکەدا دەوڵەت بە ئەجێندایەکی نوێوە دەستی دایە زیادکردنی موچەی پاسەوانەکان‌و پێدانی جیهازی بێ سیم‌و دەسەلاتی فراوانتر، بەمەیش بوونە هێزێکی پابەندترو تۆکمەتر لەناوچەکەدا. لەبەرامبەردا توندوو تیژییەکانی پەکەکەیش گەلێ لە نێزیکەکانی پەکەکەی کردە دوژمن‌و بەشێك لەدانیشتووانی کوردیشیان خستە بەرەی دژ بە خەباتی پەکەکەوە. حوسەین

---

[139] The TIHV (Turkish Human Rights Foundation) included a comprehensive report on attacks on teachers in its 2001 Turkiye Insan Haklari Raporu.

[140] McDowall, Modern History, 423

دەیگوت: " دەوڵەت هەوڵی دەدا کورد بخاتە بەرەی دژ بەپەکەکەوە، هەر بۆیە پێویستبوو ئێمە نەکەوینە نێو ئەو داوەی کە میریی بۆی دانابووین". پەکەکە هەرچەند تاکتیکگەلی هەمەلایەنەی بەکاردەهێنا وەك ئایدیۆلۆژیاو هزری فرەلایەنە بۆ راکێشانی پشتیوانی بۆ ئەجێنداکەی. ئیدی ئۆجەلان تێگەیشت لەکاریگەرییە نێگەتیڤەکانی هێرشکردنە سەر هاوڵاتیانی بێ چەك، بەتایبەتی وێنای ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی نەیارییەتی نەدەکرد، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٨دا، هەربۆیە هەر زوو بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەوان دژی کوشتنی بەو جۆرەن‌و دانیشی نا بەوەدا کە هەندێك لە گەریلاکان کەوتوونەتە هەڵەی لەو جۆرەوە[١٤١].

ئیدی لە کۆنگرەی چوارەمی ١٩٩٠دا ئامادەبووانی کۆنگرە تێکرا دەنگی نارەزاییان لەمەڕ هێرشکردنە سەر هاوڵاتیان بەرزکردەوە، بەو جۆرە بەکەمتر لە سێ ساڵ ئەو رەوتە لەناو پەکەکەدا بەرەو کزی‌و لاوازی چوو. پەکەکە ساڵی ١٩٩١ لێبووردنێکی سنووورداری دەرکرد بۆ ئەو دێهاتیانەی واز لە پاسەوانی سنوور دێنن. هەرچەند هاندەری مادی‌و بێ متمانەیی‌و فشاری بەهێزی میریی رێگربوو لەوەی زۆرێك لەپاسەوانەکان ئەو ئۆفەری ئاشتییەی پەکەکە پەسەندبکەن، وەلێ بەجۆرێ لەجۆرەکان پێشنیاری لێبووردنی پەکەکە رێزوو پێگەی بۆ ئەو گروپە گەڕاندەوە. هاوکات پەکەکە لەسیاسەتی سەربازگیریی زۆرەملێ‌و رفاندنی لاواندا کەڵکی نەبینی‌و دۆڕا، چونکە زۆرجار رفێنراوەکان هەڵدەهاتن، جا بۆئەوەی بەدامەزراوەکانی میریی‌و ئاسایشی بسەلمێنن کە بەخواستی خۆیان نەبووە، چەندین بەڵگەو زانیاری بەسوود لەسەر پێگەو پلانی پەکەکە دەدرایە هێزەکانی ئاسایش.

[141] Milliyet, June 16, 1988. Ocalan told this to Mehmet Ali Birand, the first mainstream Turkish journalist to interview him. The series of articles Birand later wrote was banned before it could run in full.

بەم جۆرە سەربازگیرییەکەی پەکەکە دەستکەوتەکانی پەکەکەی خستە مەترسییەکی بەرچاوەوە، ئەوەیش بەدروستی لە هێرشەکانی سەر ئاواییەکاندا هەستی پێدەکرا. سەلاحەدین چیلیکی فەرماندەی پێشووی پەکەکە دەیووت:"هاوکات رفاندنەکان هانی خەڵکی دا تا پێوەستبن بە پاسەوانانی سنوورەوە تا بتوانن چەك بەدەستبهێننو لەو پێناوەدا زارۆو سامانیان دژ بە پەکەکە بپارێزن". هەر بۆیە پەکەکە بەخێرایی چاوی خشاندەوە بە نەزمی یاسای زۆرەملێدا. لە ساڵی ١٩٩٠داو لەدووەم کۆنفرانسی نەتەوەیی دا لە لەلوبنان بەشداربووان رازی بوون کە یاسای بە تۆپزی گرتنی سەرباز هەڵبسپێرن. لە کۆنگرەی چوارەمی چەند مانگی پاش ئەو کۆنفرانسە. بەشداربووان دەیانگوت دیسان پێداگریی لەسەر ئەو بریارە کراوەتەوە. ئەم بریارە ئاماژەبوو بەخاڵێك کە دووپاتی دەکردەوە پەکەکە هێند جەماوەرو تەرەفداری هەیە کە چیدی یاسایەکی لەو جۆرە پێویستییەکی ئەوتۆ نییە.

هاوکات ئامادەیی پەکەکە بۆ بەهەند وەرگرتنی رەخنەو خواستی خەڵکی دیسانەوە هۆیەکی دیاری گەشەو گەڕانەوەی متمانەو جەماوەریبوونەوەی پەکەکە بوو. لەراستیدا بەردەوام ژنو زارۆ لە هێرشەکاندا دەبوونە قوربانیو تارادەیەکیش بەتۆپزی کەسانێك راپێچی جەنگ دەکران، وەلێ ئەوەی گرنگ بوو گەڕانەوەی متمانەی خەڵكو رێزبوو بۆ بنەمای جەماوەر.

ئەو دیاردانە مابوویەوە سەر سروشتی جەنگەکانو دەبوو روویدەن. ئاواییو شارۆچکەکانی لێواری چیای جوودیداو لە زنجیرە چیا سەختەکاندا ئۆردوگا گەلێکی گوێزەرەوەو کاتی دامەزراندبوو، لەوێوە رەوشێکی نوێ لەپابەندبوون بەبنەمای کوردایەتیو وابەستەییان بەکوردستانو رێزو ئەمەکدارییان بۆخەڵك دەستپێکرد. سەرەتا چوار کورد کە دەستدرێژی سێکسیان کردبووە سەر ئافرەتێك لەلایەن پەکەکەوە قۆڵبەستکرانو لەسێدارەدران. هەروەها پیاوێك کە پارەی دزی بوو لە

چەکدارانی پەکەکە پارەکەیان بە قازانجەوە لێوەرگرتەوە. ئەو تەنها سزادرا بە بڕێك قازانج بەشێوەیەکی فەرمی.

مۆراڵی ئەو ڕووداوو چیرۆکانە ڕۆشنبوو، پەکەکە سەختگیرو سەپێن بوو، وەلێ بەویژدان بوون، کەسانێك کە نەدەهاتنە سەر پەکەکە ڕووبەڕووی گرفتو کێشە نەدەبوونەوە. پەکەکە هەمیشە دەیانووت کە قۆناغی سەرەتای جەنگەکەیان تەنها پڕوپاگەندەبووە بۆ ململانێکانیان، پەکەکە لەو قۆناغەدا تەنها ویستوویانە باوەڕوو شکۆ بۆخۆیان دەستەبەربکەنو بیسەلمێنن کە دارای هێزێکنو دەتوانن ڕووبەڕووی دەوڵەت بووەستن، هەربۆیە لەکۆتایی هەشتاکاندا پەکەکە ئاشکرای کرد کە لەجەنگەکەیاندا لەسەرکەوتندان.

## ئۆج ئالان پێدەگات

ئۆج ئالان وەك سەرکردە کوردەکانی دیکە لەهەرێمەکەدا کەمێك دڵگرمێ بوو لەبارەی دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە گەلی کوردیان بندەستکردبوو.

هاوکات پێی وابوو دامەزراندنی پێوەندیی پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ ئەوەی پەکەکە جەنگەکەی لە نێوچەکەدا درێژە پێبدات. هەربۆیە ئۆجەلانو سەرکردەکانی پارتەکەی تەقەلای ئەوەیاندەکرد لەگەڵ ئێرانو ئێراقدا کە هاوسنووری تورکیا بوون ڕێگەیەك بۆ پێوەندی بدۆزنەوە. ڕێبەری کوردانی ئێراق مەسعود بارزانی پێوەندییەکی تۆکمەو تەواوی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەبوو، هەربۆیە پەکەکە بۆ ماوەیەك پێوەندیی لەگەڵ بارزانییان بەکارهێنا تا بپەڕنەوە بۆ نێو قەڵەمڕەوی ئێران. کاتێکیش لە ١٩٨٦ یان ١٩٨٧ هاوپەیمانییەتی نێوان بارزانیو پەکەکە ئاشکرابوو، ئیدی ئۆج ئالان هەوڵیدا پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێرانییەکاندا دابمەزرێنێت. برابچووکی ئۆجەلان، بەنێوی عوسمان، ئەوەی کە ئەندامانی دیکەی

پەکەکە دەیانگوت، ئەو پوڵو یارمەتی لەنێو کرێکارانی کورد لەلیبیا کۆدەکردەوەو دەینارد‌ەوە بۆ ئێران تا پەکەکە پێوەندیی لەوێندەر بونیاد بنێت. لە ساڵی ١٩٨٧دا پەکەکە ڕێگەی پێدرابوو کە قەڵەمڕەوی ئێران بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەکاربهێنێت.

هەروەها ماڵگەلێکیان لە باکوور ئورمییە بۆ ڕێکخرابوو، هاوکات چەند جێگایەکیان لە خۆرئاوای ئێران بنە کردبوو، کە زۆر دوور نەبوون لە سنووری تورکیاوە.

ئەم ڕێکخستنە نوێیە لە ئێراندا زۆر بەسوود بوو بۆ پەکەکە، چونکە مەترسی لێدان و بۆردوومانی تورکیا فرە کەمتربوو وەك لەوەی کە لەباکووری ئێراقدا ڕووبەڕوویان دەبوویەوە. لەویّ بەغداد نە کۆنترۆڵی تەواوی سنوورەکەی پێدەکرا نە بایەخیشی دەدا بەچاودێری سنوورەکان و ئەو بۆدوومانە تاو نا تاوەی کە ڕووبەڕووی ئۆردوگاکانی پەکەکە دەبوویەوە. وەلێ ئێران بەتەواوی دەسەڵاتی دەشکا بەسەر هەرێمە کوردییەکانیدا.

پەکەکە بەمجۆرە توانی ڕێگە دوورەکان نزیك بکاتەوەو بەئاسانی بنکەی ڕاهێنان و چارەسەری بریندارەکانی لەوێندەربکات. ئیدی دەیتوانی بە لەڕێگەی ئێرانەوە ئاسانتر بگات بەباکووری ئێراق و ڕێگە سەختەکانی پێشووی لەبەردەمدا نەمان و بەمەش چالاکییەکانی لەناو تورکیادا پەرە پێدا[142]. ئەوان لەلایەن بەرپرسانی ئاسایشی ئێرانییەوە، کەناڵێکیان دۆزیبوویەوەو کات و پێناسی تایبەتیان بۆکرابوو تا بتوانن بەئاسانی هاموشۆی ئەو کیشوەرە بکەن. هاوکات توانیان سەرکردایەتی خۆیان لەوێندەر بسەلمێنن و بەسانایی لەئێرانەوە بچنە نێوخاکی تورکیا. هەروەها زۆرجار هێزە ئاسایشییەکانی ئێران لەڕێگەی ماشینی

[142] A good overview of the PKK's difficulty of holding forced recruits is given in Ozcan, PKK, 121–127.

جێبو کامیۆنەکانیانەوە ئەندامانی پەکەکەیان دەگوازتەوە بۆ شوێنو بارەگاکانیان.

هاوکات لەماوەکانی دوواتردا پەکەکە توانی پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کوردانی ئێرانیشدا چێبکەن. وەلێ نازانرێ یاخۆ روون نییە ئەوە بە ئاگاداریی یان دەستێوەردانی دەزگای هەواڵگیریی ئێرانیی بووە یان نا. چونکە ئێران لەسەرەتای هەشتاکاندا لەشەرێکی دژواردابوو لەگەڵ کوردەکانیداو تێکی شکاندن، ئێران لەگەڵ سەربەخۆیی کوردا نەبوو چ لە خاکی خۆیداو چ لەهەرپارچەیەکی دیکەدا. بەڵام بەرژەوەندی لەوەدا بوو لەململانێدابن لەگەڵ دراوسێکانیدا، بەتایبەت لەو کاتەدا کە لە ململانێدابوو لەگەڵ دراوسێکانی.

جەنگی ئێرانو ئێراق، بواری دایە تاران تا پشتیوانی جەنگاوەرانی کوردی ئێراق بکات، هاوکات تەنگژەکانی تارانو ئەنکەرە دیسان هەمان بەرژەوەندیی بەخشیە تاران تا خۆی لەگەڵ یاخی بووە کوردەکانی تورکیادا کۆك بکات. ئێرانو تورکیا دوو وڵاتی موسڵمان بوون، وەلێ هەریەکەیان دارای میتۆدێکی جودابوو لە ئاییندارییدا. ئێران وڵاتێکی تیۆکراتی ئاینی بوو، لەهەمانکاتدا تورکیا دەوڵەتێکی توند پێداگر لەسەر سیکۆلارییەت بوو[143]. هەربۆیە بەرەی جیۆسیاسیی هەریەك لەوی دی فرە جیاواز بوو، چوون تورکیا ئەندامی هاوپێمانییەتی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ)و مێمانوازی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکابوو. ئێران ئەو بڕوایەی لەلا دروستکرابوو، کە ئەمەریکا تێدەکۆشێت تا حکومەتی ئیسلامی سەراوخونکات. ئێران نە پێی خۆشبوو نەیارە سیاسیەکانی لە تورکیادا جێگیربن، نەیش ئاسودەبوو بە دەستێوەردانو تەوەغولی تورکیا بۆ باکووری ئێراق. جیا لەو گرفتانە

[143] This section draws on interviews with a number of former Kurdish militants with firsthand information about relations with Iran. Books used include Dagli, Birakuji, 49–57; Ozcan, PKK, 231–237, 262–264; Imset, the PKK, 138, 184, 205; McDowall, Modern History, 272–275, 351–360, and 372–373.

باکووری ئێراق هۆیەك بوو بۆ هاوپەیمانییەتی ئێران و کوردانی ئێراق، وەلێ ئامادەیی تورکیا لەو سنوورەدا دەبووە هۆی بەهێزی زێدەتری تورکیا بەدرێژایی سنووری ئێران و ئێراق"[144].

لەراستیدا تورکیا هەڕەشەیەکی راستەوخۆ نەبوو بۆ سەر ئێران، وەلێ دەکرا هۆشداری لەوەدا نومایان کردبێت کە هەر وەسیلەیەکی بەردەست بگرێتە دەست تا رەوشەکە بەو جۆرە بهێڵێتەوە. لەبەرامبەر بە رێگەدان بە چوونە ناوەوەی گەریلاکانی پەکەکە بۆ نێو خاکی ئێران، تاران داوای کرد زانیاری لەسەر دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمەریکاو تورکیا بەدەستبهێنێت.

تورکیا لەهەوەڵدا توانی زانیاریی لەو ئەندامە نوێیانەی پەکەکە بەدەستبهێنێت کە لە رێگەی سنووری ئێرانەوە دەربازی ئێران دەبوون. ئیدی ئەندامە نوێیەکان لەلایەن بەرپرسەکانی پەکەکەوە لێیان دەپرسرایەوە، ئەم زانیاریانە بۆ پەکەکە بەسوود بوون، چوون لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێرانەوە یاریدەی هاموشۆی ئەندامانی پەکەکە دەدرا. لەراستیدا ئێرانییەکان وردبینیان دەکرد لەمەڕ ناو و زانیاری ئەوانەی دەهاتنە نێوخاکی ئێرانەوە. عوسمان ئۆجەلان بەرپرسی پەکەکە بوو لە ئێراندا، ئەو ناو و نازناوی ئەندامانی ئامادە دەکرد. ئێرانییەکان ئەو زانیارییەیان دەویست تا دڵنیابن لەوەی پەکەکە هیچ زانیارییەکی هەڵە نادەن و دەست نادەنە پروپاگەندەو پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هاوکات پەکەکە لێیان قەدەغەکرابوو لەنێزیك سنوورەکانی ئێرانەوە هێرشەکانیان بکەنە سەر تورکیا. لە راستیدا ئێران بەردەوام دەنگۆی هاریکاریکردنیان بۆ پەکەکە دەدایە دوواوە. ئەوەیش بۆ کەمکردنەوەی خەیاڵ و خشمی تۆڵەی هێزە

[144] Robert Olson, in The Kurdish Question, argues that Iran feared that a Turkish presence in northern Iraq would allow Ankara to exert a destabilizing influence over Iran's Kurdish and Azeri populations.

چەکدارەکانی تورکیا بوو. لە هەمانکاتداو لەچوارچێوەی هاوپەیمانییە ئاڵۆزو گرێخواردووەکانی نێوچە کوردییەکەدا پەکەکە پێوەندی لەگەڵ بەغداد دا دامەزراند.

لەراستیدا هێرشی کیمیایی ئێراق بۆ سەر هەڵەبجەو بەردەوام هێرشە سەربازییەکانی ئێراق دژ بە جەنگاوەرانی کورد هامزەمانبوو لەگەڵ ئاگربەستی نێوان ئێراقو ئێران کە زۆربەی سوپای ئێراق لەنێوچەکانی باکووری وڵات جێگیر ببوون. هەرچەند نێوچە سنوورییەکان ئەستەم بوو بۆ هەر سوپایەك بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. بەغداد نیگەرانی ئەوەبوو کە دەکرێت جەنگاوەرانی کوردی ئێراق دزەبکەنە نێو ئۆردوگا دامەزراوەکانی ئاوارەکان لەنێو خۆی تورکیادا. بەغداد هیواخواز بوو بە جێگیرکردنی گەریلاکانی پەکەکە لەسەر سنوور بتوانێت رێگە بگرێت لە بوونی هێزە کوردییەکانی دژ بە وڵاتەکەی"[١٤٥].

چەند ساڵێکی کەم دوواتر بارزانی رایگەیاندبوو:" زۆرێك لە کوردان کە لەو ناوچانە بوون یان کوژران یاخۆ لە شوێنی خۆیان هەڵکەنران". هەروەها گوتی:" هەر لەهەمانکاتدا سەدام حوسەین مۆڵەتی دابوویە پەکەکە لەو شوێنانەدا جێگیر بن". لە راستیدا رۆشن نەبوو تاچەند رێگە بەمانەوەو فراوانبوونی ئۆردوگاکانی پەکەکە درابوو لە نێوچە چیاییە سەختەکان بەدرێژایی سنووری تورکیا، وەلێ ئەوە روونە کە بوونیان لەو قۆناغەدا شتەکانی بۆ پەکەکە ئاسانو هەموار کردبوو. دیسان لەبەرامبەر ئەوەدا رژێمی ئێراق لەپەکەکەی خواست تا زانیاری لەسەر هێزە سەربازییەکانی تورکیاو تەڤگەری کوردیی ئێراقی کۆبکاتەوە بۆ دەزگا هەواڵگیرییەکانی.

ئازمان سەرکردەی پەکەکە دەیوت:" لەهەندێك شوێنی گشتیدا بارەگاکانی پەکەکە لەهەمان ئەو شوێنانەدا بوون کە بارەگا سەربازییەکانی ئێراقی لێبوون"[١٤٦].

---

[145] Ozcan, PKK, 263fn217

. 21. Talabani recounted the details in Birand's Apo ve PKK, 193–197.

ئەوان زۆرجار دیداریان دەکردو تێیدا زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕدەکرد. زستانێك وەختێك بەهۆی بەفرو بۆرانی سەختەوە هەندێك لە بارەگاکانی سوپای ئێراقی داخران، گەریلاکانی پەکەکە چوونە نێویانەوەو بەکاریان هێنان وەك پەناگەیەك بۆ خۆیان. تامەزرۆیی ئۆجەلان بۆ پێوەندیی لەگەڵ رژێمدا وادیارنەبوو لەئاستی بەرپرسە ئێراقییەکاندا بووبێت. هەربۆیە پێوەندییەکان تارادەیەك پێوەندیی نافەرمیو لابەلایی بوون، زیاد لەوانەیش پەکەکە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا گرێ دابوو.

بە گوێرەی سەرنجەکانی ئازمان پەکەکەیش ئامادەکاریی فرەی نەکرد بۆ چوونە پێشەوە لەلای ئێراقییەکان. هاوکات لەنێوەندی بونیادنانی ئەم پێوەندییە نوێیانەدا ، ئۆجەلان لەتافەتی زێدەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا دەنواند.

جەلال تاڵەبانی ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ نەیارە دێرینەکەی خۆیدا مەسعود بارزانی گەیشتبوونە ئاشتیو هاوکات ئەویش لەگەڵ ئێراندا پێوەندیی دۆستایەتی دامەزراندبوو. تاڵەبانیش هاوشێوەی بارزانی لەلایەن ئێرانییەکانەوە کۆمەکی مادیو سەربازیی دەکراو بەڵێنی لێوەرگیرابوو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەکدارانی کوردی ئێراندا بپچڕێنێت[147].

دیارە کە پێوەندیی پەکەکەو بارزانی لەناچاریدابوو، گەر نا لە رووی کردارییەوە هەڵوەشابوویەوە، پەکەکە لەدووی پێوەندییەکی بەدیلدا دەگەڕا لەنێوچەکەدا، کە بواری ئاسایشییان مسۆگەربکات. بۆیە پێوەندیی تاڵەبانی لەگەڵ تاراندا کە ئەوکات لە دانوستاندا بوون. بوارێکی لەبەردەم قوڵکردنی پێوەندی نێوان پەکەکەو تاڵەبانیدا دروستدەکرد.

درووست لە ١٩٨٦دا مەسعود بارزانی داوای لە پەکەکە کرد کە نێوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتەکەی چۆڵبکەن. لەم میانەدا ئۆجەلان نامەی نارد بۆ تاڵەبانیو

---

[147] McDowall, Modern History, 351.

پێشنیازی کاری پێکەوەیی خستبووە پێشچاوان. سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەمیشە پشتیوانی کردبوو لە بیری هاوپەیمانییەتی لەنێوان گروپە کوردییەکاندا، هەربۆیە بەهەلی دەزانی رەوشی رووداوە خوێناوییەکانی ناو تورکیا راستبکاتەوە کە کاریان کردبووە سەر شۆهرەتی شۆڕشگێڕان لەتورکیا. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٧دا دروست حەوت مانگ پاش کۆتا هاتنی وادەی پێوەندییەکانی پارتیو پەکەکە. تاڵەبانی دیداری لەتەك نوێنەری پەکەکەدا لەباکووری ئێراقدا سازدا.

ئەو خواستی کە پێش هەموو شتێك پەکەکە هێرشەکانی بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی کۆتا پێبهێنێتو بەگشتی تێرۆریزم رسوابکەنو هێرشە فیزیکیو زارەکییەکانیان دژ بە گروپە کوردییە نەیارەکانی دی بوەستێنن. ئەوەبوو لە سەرەتای ١٩٨٨ هەردوو لەسەر جیاوازییەکانیان دەستیان دابوویە کارکردن، هەربۆیە لە مانگی سێی هەمانساڵدا رێکەوتننامەکەیان واژۆکرا. رێکەوتنەکە هاوشێوەی رێکەوتنی پێشووی ئۆجەلان لەتەك بارزانی پەیمانی پشتیوانی هاوبەش بوو تا زیاتر لەوەی یەکبوونی دوو گرووپ بێت. رێکەوتنەکە پێداگری کردبوو لەسەر نەبەردیی جودا لە هەر گروپێکداو پێداگریی دەکرد لە سەر کۆتا هاتن بە نارازیبوونەکانیانو پێویستی وەدو کەوتنی پرسی نەتەوەیی دەوڵەتی کوردیی.

تاڵەبانی روونی کردەوە:" ئێمە رزای بووین بەم رێکەوتنە، لەبەر ئەوە رێکەوتنێکی گرنگ بوو بۆ تەڤگەریی کوردیی". رێکەوتنەکە پاش دوومانگ لە هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە کۆتایی پێهێنرا. دیارە لەوکاتەدا تاڵەبانی کەمێك دەیتوانی لەبەرامبەر پەکەکە بێتە پێشەوە. هێرشەکانی سوپای ئێراق بۆ سەر پێشمەرگەو هاوڵاتیانی مەدەنی بەشێکی گەورەی هەرێمەکەی لەچنگ تەڤگەری کوردیی دەرهێناو هەمانکات بوارێکی بەرینتری بەجێهێشت بۆ تەراتێنی هێزەکانی پەکەکە لەناوچەکەدا.

ئیدی ئۆجەلان تێگەیشت لە گۆڕانکارییەکانی هێز لەناوچەکەدا، هەربۆیە پێوەندییەکی جیای لەتەك بەغداد دا دەستپێکردو بەزوویی کاری کرد لەسەر هێرشێکی زارەکیو جەلالٚ تالٚەبانی تۆمەتبارکرد بە کارکردن بۆ لەبەینبردنی پەکەکە بە پێشنیهادەکانی ئەمەریکاو تورکیا. هەربۆیە لە خەشمو رقەوە رێکەوتنەکەی نێوانیانی لەساڵی ١٩٨٩دا هەڵوەشاندەوە، رەخنەکانی ئۆجەلان لەناو هەموو بابەتەکانی دیکەدا کورتکرابوویەوە لەوەدا کە ئەوان لەجیاتی سەربەخۆیی کوردستان خوازیاری ئۆتۆنۆمین بۆکورد"[١٤٨].

تالٚەبانیش بەهەرحالٚ سیاسەتمەدارێکە، ئەو زیاد لە تورەیی‌و خەشمی ئۆجەلان نائومێد بوو بەوبادانەوەی ئۆجەلان لەبەرامبەریا دەستی دابوویە. هەمانساڵ تالٚەبانی لەدیدارێکدا رایگەیاند:" گەر ئۆجەلان بتوانێت هەموو کوردستان ئازادبکات‌و سەربەخۆیی کوردستان دەستەبەر بکات، ئەو کات هەموو ئێمەیش وەك سەرۆکی هەمووان دەیناسین، وەلٚ ئەو ناتوانێت هیچ شتێك بکات، کاتێك ئێمەیش لەتەمەنی ئەودا بووین هەر هەمان شتمان دەووت، ئیدی دوواتر هەمووان تێگەیشتین کە چ دەکرێت ئەنجامبدرێت‌و چ شتێکیش ئەستەمە"[١٤٩].

## سنوورەکانی رامیاریی تورکیا

لە دەستپێکی ١٩٨٨ دا، پەرلەمانتارانی کورد لە چەپی نێوەندی پارتی جەماهیری سۆشیال دیموکرات، بە کەڵك وەرگرتن لە پێگەکەی خۆیان داوایان لە سیاسییەکان کرد کە قەدەغەکارییەکانی سەر کورد کۆتایی پێبهێنن.

ئێرین، ئەوەی لێدووانە نەخشە بۆداڕێژراوەکانی بە پارتەکەی رانەگەیاندبوو رایگەیاند:" کێشەی کورد پێویستە هەموو گۆشەکانی بگرێتەوەو پێویستە بە تێرو تەسەلی موناقەشەی لەبارەوە بکرێت‌و چارەسەری واقیعی بۆ پێشنیار بکرێت".

---

[148] Birand, Apo ve PKK, 197.
[149] Birand, Apo ve PKK, 198.

هەروەها وتی:" تا ئێستا بەرنامەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری پرسی کورد نەخراوەتە ڕوو، هەمیشە نکوڵی لە بوونی کورد دەکرێت"[١٥٠]. هێشتا ئیرین لە وتەکانی نەبووبوەوە قاڵەقاڵو بگرەو بەردە سەریهەڵدا. ئیدی نوێنەرانی پارتی نیشتمانی دایك لە باڵی ڕاستڕەوی ناوەند کە پارتی باڵادەست بوون، هەوڵیاندا ناوبراو لەسەر میمبەرەکە دابەزێنن، ئەوان بەکێشان بەسەر مێزەکانیاندا هەرایان نایەوەو یەکێك هەستایە سەرپێ و دەیقیراند، هەروەها یەکێکی دیش تفی کردە ئیرین و نوێنەرانی دیکەی پارتی گەلی سۆشیال دیموکرات.

هەر لەوێدا وەزیری نێوخۆ سوور بوو لەسەر خوێندنەوەی ئەو بڕگەی دەستووری بنچینەیی تورکیا بەدەنگی بەرز، کە نووسراوە:" هەموو هاوڵاتییەك لە تووركیا تورکە". وادادەنرا ناوبراو بۆ یادخستنەوەی ئیرین ئەوەی بڕگەیەی خوێندبێتەوە. بۆ ڕۆژی دووایش سەرۆکی پێشووی کۆدەتاو سەرۆکی ئەوکاتی وڵات کەنعان ئیفرین فرە بەسانایی ڕایگەیاند:" ئەگەر ئەوە بەو جۆرەیە، کە من بیستم، ئەوە شتێکە من ناتوانم قەدەغەی کەم"[١٥١].

بەڵام هەوڵەکانی ڕژێمی سەربازیی پێشوو بۆ پێکهێنانەوەی هەستی سیاسیی تورکیا بوو، لەو سیاسەتەدا دەستکرابوو بە بەخشینی فەزایەك بۆ هەردوو نەوەی کۆن و نوێی سیاسییەکانی تورك و کورد[١٥٢]. بەهۆی ریفراندۆمێکی گشتییەوە لە سێپتەمبەری ١٩٨٧دا هەموو کۆت و بەندەکانی سەر بەشداری سیاسیی سەرکردەی پارتە سیاسییەکان هەڵگیراو هاوکات دوو مانگ دوواتر هەڵبژاردنێکی نەتەوەیی

---

[150] TBMM (Turkish Parliament), Tutanak Mudurlugu, Birlesim: 10, Tarih: 19/1/1988. Copy provided by Mehmet Ali Eren. See also Cumhuriyet, Jan. 20, 1988, for coverage of the speech.

[151] Milliyet, Jan. 21, 1988.

[152] This section draws heavily on an interview with Mehmet Ali Eren. Published sources include Ahmad, Modern Turkey, 194–197; Olmez, DEP, 55– 109; McDowall, Modern History, 357–360; and Cumhuriyet and Milliyet newspa- pers (January 1988).

ئەنجامدراو هەندێك لە پاسەوانو پلەدارە کۆنەکان گەڕانەوە نێو پەرلەمان. هەروەها پارتی نیشتیمانی دایکیی سەرۆك وەزیران تورکۆت ئۆزال دیسان زۆرینەی دەنگی بەدەستهانییەوەو پارتی سۆشیال دیموکراتیش کە ساڵی ١٩٨٣ قەدەغە کرابوو، توانیان جارێکی تر وەك دووەم گەورە پارتی تورکیا بچنەوە نێو پەرلەمان.

لەراستیدا هەمیشە کورد لەلایەن پارتە چەپڕەوەکانەوە سەرنجیان راکێشراوە. پەرلەماننتارەکانی سۆشیاڵ دیموکرات بڕێکی کەم لە کوردی رۆشنبیر پێکهاتبوون، هەندێك لەوانە لە حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا لەبەندیخانەبوون یاخۆ دەستبەسەربوون.

ئۆزال کەسێکی تەکنۆکرات بوو، ئەو دەستی دایە سیاسەتو وەك سیاسییەك لە پڕ رووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەهێز بوویەوە، هەوڵەکانی ئۆزال لە پێناو دابینکردنی ئابووریەکی ئازادبوون ئەو دژی یاسا توندەکانی رژێمی سەربازی بوو کە گەلێ لە نوێنەران نیازیان بوو برەویان پێبدەن. بەزوویی نوێنەرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لەنێو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوون، هەوڵیان دەدا ئاڕاستەی گفتوگۆکان بگۆڕن بەرەو باسی ئاڵۆزیی‌و نائارامییەکانی باشووری رۆژهەلاتو ئەو کۆتو پێوەندانەی لەسەر شوناسی کورد دا سەپاون.

ئیرین کە پارێزەرێکی تەمەن ٣٧ ساڵ بوو، لەنێو لیستی پارتەکەیدا لەپلەی یەکەمدا بوو، سەبارەت بە وتارەکەی گوتی:"ئامانجی من لە وتی ئەو وتارەدا چوونە ناوەوەی پرسی کورد بوو بۆ پەرلەمان". هەروەها گوتی:" من وەك پارێزەرێك توانام نەبوو کۆمەڵگە بگۆڕم، وەلێ بڕیارم دا بچمە نێو سیاسەتەوە، لەو رێگەیەوە دەمتوانی کاریگەری فرەترم هەبێت".

ئیرین لەکاردانەوەی پەرلەماندا هیچ سەرسامنەکرا، ئەو دەیووت:" ئەوان دەکرا هەوڵیان بدایە بۆ بلۆك کردنی من". ناوبراو لە بڕوایەدا بوو کە وتارەکەی هەیەجانو توڕەیی زێدەتر بەدووی خۆیدا دەهێنێت. ئەو لە لێواری بەشێکی راقی

ئەستەمبوڵداو لە شوێنێکی تەنگەبەری ئیشی پارێزەریەکەیدا دانیشتبوو، دەیووت:" من باش ئاشنای نێوچەکەم، رێکخستن‌و میتۆدی پەکەکەیش چاك دەناسم، ئالودەو ئاشنای رەوشی تورکیاشم". هەروەها دەیگوت:" دڵنیام جەنگو جەڵبە زەبرو زیان دەگەیەنێت بە هەردوو نەتەوەی کوردو تورك، هەربۆیە دەمەوێت رێبگرم لە هەر جەنگو کوشتارێك، پێم وایە ئەم رەوشە تەها لە واتاکانی دیموکراسیدا دەکرێت چارەسەریی بۆ بدۆزرێتەوە، گەر پەرلەمانتارەکانی دیکە کێشەکە بگرنە ئەستۆن بەدڵنیاییەوە دەکرێت رێ لەجەنگ بگیرێت".

لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەی روونکردەوە کە لەجیاتی رێگەی ئاشتی لەپەرلەماندا پێچەوانەکەی روویدا، ئەو دەیووت:" من دارای کێشە گەلێك بووم لەپەرلەماندا، بواریان نەدەدا قسەکانم بکەم، لەلایەن خودی پارتەکەمەوە پەراوێز خرابووم". ستوون نوسێکی رۆژنامەیەکی بەنێوبانگی تورکیا ئیرینی تۆمەتبارکرد و بەشێوەیەکی نەخوازراو تۆمەتی تێرۆریستی هەوڵدان بۆ دابەشکردنی تورکیا درایە پاڵی.

ئۆکتای ئیسی هەر لەو میانەدا نووسی:" تەنانەت لەتورکیادا کەمینەی کوردیش بوونی نییە". هەروەها نووسی:" ئەوان هەندێك لە تورکەکانن کە وابیردەکەنەوە یاخود رازین بەوەی کە زادەی گروپێکی ئیتنی ناسراو بەکوردن"[153]. نێزیکەی ساڵێك دوواتر نوێنەرێکی دیکەی کورد بەنێوی ئیبراهیم ئاکسۆی لەلایەن پارتەکەیەوە لە ئەندامییەتی هەڵپەسێردرا، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە وتارێکی داوە بۆ پەرلەمانتارانی ئەورووپاو تێیدا رەخنەی لە ئەدای سیاسی تورکیا گرتبوو بەرامبەر بە رەوشی کورد. ئەو تەنها حەسانەی پەرلەمانتارییەکەی پاراستی لەوەی کە تاوانی جوداخوازی نەدرێتە پاڵ.

---

[153] Hurriyet, Jan. 22, 1988.

تورکوت ئۆزال لەو وەختەوەی هاتبووە نێو کایەی سەرۆکایەتییەوە ئەوەی دووپاتکردبوویەوە کە ئەوانەی گەرەکیانە وڵات دابەش بکەن، ئەوانە دەستی دەرەکینو لەدەرەوە وزەیان پێدەدرێت[١٥٤]. ناتەوانی دامەزراوە سیاسییەکانی تورکیا یاخۆ رەفزی هێنانە پێش باسی دۆزی کورد لە تورکیادا چاوەڕێکرابوو. دانەدوواوەی شوناسەکانی دی لە میتۆدی تورکیادا ریشەدار بوو بە هزری کەمالیزم کە دارای جەماوەرێکی چەسپاو بوو، هەر باسو خواسێك لەمەڕ شوناسی گەلان باسێکی بێ بنەماو پێچەوانە بوو، هەربۆیە پێویست بوو خۆی لێ لابدرێت.

لەوکاتەشدا کۆدەتای سەربازی تورکیا نوێ بوو، هەرچەند کە سوپا لە کاروباری سیاسییدا کێشرابوویەوە، وەلێ بوونی خۆی لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا نومایان دەکرد، هەر بۆیە جارجار پرسو دۆزی کورد وەك ناونیشانی خواستێکی تێرۆریستی دەهێنرایە پێشچاو.

سیاسییەکان بەشی ئەوەندە بەئاگابوون لە رووبەڕووبوونەوەی نەزمی سەربازییدا بۆ دۆزی کورد. بوونی سێ کۆدەتا لەنێوان سالآنی ١٩٦٠ بۆ ١٩٨٠ نموونەیەك بەس بوو بۆیان تا بزانن سوپا دەکەوێتە چ رەوشێکەوە کاتێك بزانرێت رەوشی نێوخۆی وڵات لەمەترسیدایە.

وەلێ لەدەرەوەی وڵاتدا میتۆدو هزری نوێ فرە بەدروستی ئاڕاستەی نێوخۆ دەکرایەوە[١٥٥]. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ دا لەنێو پەیمانگای کوردیی پاریسدا کەندال نەزان مژوڵی راهێنان بوو وەك فیزیاناسو کەسێکی نەرمو نیان لە ئەدای هزریو سیاسیدا ، ساڵی ١٩٧١ لە تورکیادا قوتاربیوو، لەدەرەوە توانی هەوەڵین کۆنفرانسی کوردیی نێونەتەوەیی ببەستێت، کەندال کەسێکی ناسراو و خۆشەویست

[154] . Cited in Olmez, DEP, 60.

[155] For details of the conference, see the Institute's Bulletin: "Interna- tional Conference on the Kurds" (February 1990).

بوو، کۆنفرانسەکە لەژێر سەرپەرستی گروپی مافەکانی مرۆڤدا بوو کە خاتوو دانیاڵ میتەرانی هاوسەریی سەرۆکی فەرەنسا بەڕێوەی دەبرد.

دەستەیەك لە چالاکوانانی کورد و نوێنەرانی پارتەسیاسییەکانو سیاسەتمەدار هامڕا لەتەك شارەزایانی بیانی بانگهێشتکرابوون بۆ کۆنفرانسەکە بۆ قسەکردن لەسەر گرفتاریی کوردان ، بەتایبەتی کوردانی ئێراق.

ئێراقو ئێران لەمانگی هەشتی ۱۹۸۸دا ئاگربەستیان واژۆکردبوو. لەهەمانکاتدا و لەسەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگدا ئێراق دەستی دابوویە هێرشو هێزێکی ئێجگار توند بۆ سەر چالاکوانانی کوردو چەکدارە کوردەکان. پاش گرتنی شارۆچکەی هەڵەبجە لەلایەن هێزە کوردییو ئێرانییەکان پێکەوە، هێزەکانی ئێراق هێرشی کیمیاییان کردە سەر شارەکە، هاوکات گرتنی دەستە جەمعیو لەسێدارەدانو کوشتن لەوانە منداڵو زارۆ تەواوی شارو شارۆچکەو ئاواییەکانی گرتبوویەوە.

بەگشتی لەو رەوشەدا نێزیکەی ۲۰۰۰۰ کەس کوژرانو یەك ملیۆنو نیو لەماڵەکانیان هەڵکەنرانو راگوێزران، ئەو راگوازتنە ئێراقییەکان وەك شاڵاوی ئەنفال نێو زەدیان کردبوو. هاوکات سەدان هەزار ئاوارەی وڵاتانی دی بوون، لەوانە ٦٠٠٠٠ روویان نا بەرەو تورکیاو ئەوانی دیکە بەرەو ئێران. کەندال هیوای خواست کۆنفرانسەکە هۆیەك بێت تا نەخشە رێگایەك بۆ چارەی گرفتی کورد بخاتە روو، هاوکات بتوانێت سەرنجەکان بەرەو کێشەکانی کورد رابکێشێت لە ناوچەکەدا. لەناو ئامادە بووەکاندا ۳۰ پەرلەمانتاری تورکیا بانگێشتکرابوون کە حەوتیان پەرلەمانتاری کوردی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوون[١٥٦]. هاوکات ئەرداڵ ئینۆنۆی رێبەری پارت لەهەوەڵدا رێگربوو لەبەشداریکردنی ئەندامەکانی لەوەها کۆبوونەوەیەکدا، ئەو دڵنیانەبوو لەوەی چی دەقەومێت، ترسی ئەوەی هەبوو

[156] Details on events before and after the conference are found in Olmez, DEP, 67–84.

ڕووبەڕووی ڕەخنەی جەماوەری تورك بێتەوە. نوێنەرانی حزب هۆشدارییەکەی ئینۆنۆیان بەهەند وەرنەگرت.

وەختێك دەگەڕانەوە لە کۆنفرانسەکەدا، ڕۆژنامەکانی تورك لەدووی ڕەوشەکەوە بوونو پێش لیژنەی ئینزیباتی پارتەکە ئامادەبوون. ئیدی چەند هەفتەیەك پاش ئەوە هەمووان لەپارتەکە دەرکران، ئەوەیش بەبیانووی ئەوەی کە بەشدارییان کردووە لەچالاکییەکی سیاسیدا کە پێچەوانەیە لەگەڵ میتۆدو دیسپلینی حزبدا.

ئەرین کە لە کۆنفرانسەکەدا ئامادەبوو، هۆکارەکانی پارتەکەی کورتکردەوە لە سەرەتا دا وتی:"پارتەکە، پارتێکی کەمالی بوو". بڕیاری پارتەکە بووە هۆی کاردانەوەیەکی سەرتاسەری کوردان لەوڵاتداو سەرۆکی شارەوانی ١٢پارێزگا لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەستیان لەکارکێشایەوەو شەپۆلێکی تورەیی توندی بەدووی خۆیدا هانی.

لە ڕاستیدا ئەوە تەنها کوردەکان نەبوون ناڕازی بەبڕیارێکی لەو جۆرەی پارتەکەبوون. بەڵکو هەندێك لە تورکەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەبازنەیەکی چەپڕەوەوە هاتبوونە نێو پارتی سۆشیال دیموکرات پرۆتستۆی ئەو بڕیارەیانکرد. هەربۆیە چەندین ئەندام پەرلەمان لەتورکو لەکورد بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەش بە پارتەکە کرد.

لەچەند مانگێکی دواتردا هەموو ئەو ئەندامە سەربەخۆیانە لەتەك ئەندام پەرلەمانگەلێکی ناڕازیی پێوەندییان گرتو لەبارەی چۆنییەتی هێشتنەوەی کاریگەریان بەسەر ژینگەی سیاسی وڵاتەوە کەوتنە وتووێژ. لە تێگەیشتنی ئەواندا ئەوە ڕوونو ڕەوان بوو کە بۆ چارەکردنی پرسگەلێك کە ڕووبەڕووی تورکیا بوونەوتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە دیموکراتیزەکردنی تورکیاو کێشەی کورد، ئەوا ئاتاج بە بوونی پارتێکی سیاسی نوێ لە گۆڕێدابوو.

چەپرەوە تورکەکان رازی بوون بە پارتێکی نوێ کە میتۆدێکی جودای لەمەڕ پرسی کورد لەهەگبەدا بێت، هاوکات پێشبینی دەکرا پارتەکە بتوانێت هەموو ئاریشەکانی تورکیا لە کارنامەیدا گردبکاتەوە لەئابوورییەوە بۆ ژینگەی ولآت. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ دەرکردنی نوێنەرە کوردەکان. دەنگۆی پارتە وێیەکە بلاوبوویەوە، نوێنەرە کوردەکان بەهیوای چارەسەریی گرفتو لەخۆگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لەو پارتەدا خۆیان رێکخستبوو.

بەو جۆرە سییەکانی کورد لە دووی فرسەتێکی نوێدا دەگەڕان تا تموحی نەتەوەییان دەستەبەربکات. دەستلەکارکێشانەوەی دەستە جەمعی سیاسییەکانی کورد لە هەرێمەکەدا ئاماژە بە خەملینی کادێر گەلێکی ئامادەو بە ئەزموون بوو کە نە پشتیوانی پەکەکەو خەباتی چەکدارین نەیش رێگەی توندو تیژییان قبوڵە، ئەوان دارای خواستێکن لە دیموکراتییەتدا جێی دەبێتەوەو چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کلتوریو نەتەوەیی کوردیان لە کارنامەدایە.

بەمجۆرە لە دەنگۆی پارتە نوێیەکەدا هەندێك لە هەوادارانی تورکچێتی هەستی نیگەرانی لەمەڕ زیادبوونی ئاوڕدانەوە لە گرفتی کورد نائارامی کردبوون. لەراستیدا ئەو هەستە بەکاوەخۆ لەنێو تەڤگەری تورکچییەکاندا هێور دەبوویەوە[157] ئایدین جۆفون غورکان کە ئەندامێکی کاراو دیاری نێو پارتی سۆشیال دیموکراتبوو، پێشبینی کرابوو ببێتە سکرتێری گشتی پارتە نوێیەکە، ئەو نیگەرانی خۆی لەوەدا دەردەبڕی کە پێکهاتەی پارتە نوێیەکەیش ئێجگار بەرتەسكو داخراوە. غورکان پێشنیازی کردبوو کە کاتێکی زێدەتر بدرێت بە هەوڵدان بۆ فراوانکردنی بنکەی

---

[157] This section draws on Olmez, DEP, 85–109, where the interactions between Kurdish and Turkish supporters of the planned new party are described in detail. I also relied on interviews with Kurdish politicians Mahmut Kilinc, Mehmet Ali Eren, Serafettin Elci, and Mehmet Emin Sever; the views of former PKK militants Selim Curukkaya and Zeki Ozturk; and rival Kurdish leader Kemal Burkay.

جەماوەری پارتەکەو رایەڵە جەماوەرییەکانی بەرینبکرێن، وەلێ ئەو هەوڵانە بەهەند نەگیران، هەر بۆیە غورکان هەر زوو دەستی لەکارکردن لەگەڵ ئەو گروپە نوێیەدا کێشایەوەو دانیشت.

هەر رۆژ ئەندامێکی دیکەی چەپی تورك لە نێو پارتەکەدا دەستی لەکار دەکێشایەوە. مەحمود کیلینچ کە سەرۆکی شارەوانی ئادیامانو ئەندامی پارتی سۆشیال دێموکراتبوو، دروست لەپاش کۆنفرانسی پاریس دەستی لەکار کێشابوویەوە. ئەو دەیووت:" ئەندامانی تورك رۆژ لەدووای رۆژ لەنێوماندا نەدەمان، ئیدی گروپەکەمان لە تێڕوانینی ئەواندا پارتێکی شێوە کلاسیکی بوو، زێدەتر کوردبوون بەسەریدا زاڵ بوو، ئێمە تارادەیەك هەموومان کورد بووین".

لە ٧-٧-١٩٩٠ پارتی کاری گەل بەشێوەیەکی فەرمی لەتورکیادا دامەزرا. پارتەکە لەیسەر پێشنیازی کارناسانی بۆ تەواوی گەلی تورکیابوو، هەر بۆیە وادانرابوو کە سەرۆکی پارتەکە تورك بێتو سکرتێری گشتیشی کوردێك بێت. بەمجۆرە پارتەکە لە بواری رەسمییەتدا پارتێکی کوردی نەبوو. لەیاسای پارتە سیاسییەکانی تورکیادا بوونی هەر پارتێکی کە بانگەشەی ناوچەگەرایيو رەگەزی لەخۆگرتبێت قەدەغەبوو. بۆنموونە بانگەشەکردن بۆ مافی تایبەتی کوردو فەرهەنگو وێژەی کوردیو هاندان بۆ بوونی زمانێکی دیکە جگە لەتورك لە چوارچێوەی ئەو قەدەغەکارییانەدا بوون.

ئەوە یەکەم پارتی سیاسی فەرمیی کوردیی بوو لە مێژووی تورکیا، کە بە بەکارهێنانی مەکری زمانەوانی بۆ خۆلادان لە یاسا قەدەغەکارییەکانی تورکیا دامەزرابوو. لەسەرەتادا رۆشن نەبوو چلۆن پارتەکە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو جەماوەر. لەدەستپێکی ١٩٩٠دا پەکەکە زیاتر گەشەی کردبوو، هەندێك کورد لە لاوانی کوڕو کچ لەو باوەڕەدا نەبوون کە رژێمی سیاسی خواستەکانی کوردو خەباتی یاسایی کوردان جێگەبکاتەوە. هەر بۆیە لە سەرەتادا میتۆدی پەکەکە لەمەڕ

پارتێکی لەوجۆرە بایەخێکی گاڵتەجاڕو بێ ئەرزشی پیشاندا. هەربۆیە جەنگخوازانی یەکەکە پارتەکەیان بە پرۆژەیەکی میریی دەزانیو پێیان وابوو بوونی پارتێکی لەو جۆرە پێویست نییەو جگە لە بەفیڕۆدانی کات هیچی دیکە نین. ساری باران کە یەکی

توندوتیژیەکانی پەکەکە بە سەرچاوەی گرفتەکە بزانن. لەو دەمەدا راستی بانگەشەگەلێك لە گۆڕێدابوو، کە پشتیوانی بۆ پەکەکە ریشەدارکرابوو بە نائومێدیی خەڵك لە ناسیۆنالیزمی کوردیی. هاوکات ئەنکەرە هەمیشە ئەو راستیەی دەدایە دواوە کە گرفتی پەکەکە وەك گرفتی هاولاتیانی رەسەنی ولاتەکەی بزانێت، ئەمە ببوە بنەمایەك‌و لەنێوەندە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی میرییەوە ئیدی هەنگاوی واقیعی بۆ چارەسەری گرفتی جەماوەرییبوونی پەکەکە نەدەنرا[158].

موحەمەد عەلی بیراندی رۆژنامەنوسیی بێلایەن‌و نێزیك لە رەوشەکەوە پێی وابوو کە ئەو کوردانەی کە ئاتاجیان بەهاریکارییو یارمەتی رژێم بوو بەرەبەرە ببوونە هاوسۆزی پەکەکە. جیا لەوەیش میری رێڕەوی سەرکوتگەرانەی خۆی دیسان لە نێوچەکەدا درێژەپێدا. یاسای عورفی لەهەرێمەکەدا گۆڕرا بۆ حوکم‌و رەوشێکی کتوپڕ، ئەویش شێوە یاسایەکی سەربازی بوو کە لەلایەن بەرپرسێکی هەرێمیی دامەزراوەوە تایبەت بەڕێوە دەبرا.[159]

لە ئاماژەیەکی روون‌و رەواندا حکومەت پیشانی دا کە پروپاگەندەی جەنگەکەی دۆڕاندووە. چوون حکومەت لە بەهاری ١٩٩٠دا بڕیارێکی دەرکرد کە حاکمی هەرێمێکی بۆی هەیە هەربلاوکراوەیەك قەدەغەب کات کە هەڵە رووماڵی رووداوەکان بکات لە ناوچەکەدا. لەراستیشدا رووماڵکردنی دروستی رووداوەکانیش واتە خستنە رووی نیازو تێڕوانینی میریی لەمەڕ هەر رووداوێك.

هاوکات فەرمانداری ناوچەکە بۆی هەبوو هەر چاپەمەنییەك لە هەرکوێیەکی ولات بێت دابخات‌و هەرکەسیش بیویستایە دەیتوانی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت

---

[158] Milliyet, April 19, 1988.

[159] The provinces were Bingol, Diyarbakir, Elazig, Hakkari, Mardin, Siirt, Tunceli, and Van. In 1990, the newly formed provinces of Batman and Sirnak were added. Adiyaman, Bitlis, and Mus also fell under emergency rule as "neighboring" provinces.

دووریبخاتەوە[160]. لەو ماوەیەدا بە کاوەخۆ ٤١٣ بڕیار تەعدیلکران، لەچەند مانگی دووای ئەو رەوشەدا بەهۆی پرۆتستۆکردنەکانی سۆشیال دێموکراتەکانەوە دیسانەوە روانینی کوردان بۆ پرۆسەکە پایەداربوویەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە دەوڵەت هیواداربوو بوونی کورد لە وڵاتدا بداتە دوواوە. هاوکات ئەو هەستە درایەوە بەپەکەکە کە تەنها توندوتیژیی لەئێستادا زیاد لەهەمووکاتێکی رابردوو رێگەیە بۆ ئاوڕدانەوەی میریی لەخواستە رەواکانی کورد.

## تۆفان (١٩٨٨–١٩٩١)

زەکی ئۆزتورك کە دوواتر بە ئازامان ناسرا، پێش ئەوەی پێوەندیی بکات بە پەکەکەوە پارێزەر بوو. تارادەیەك بەهۆی فشاری باوە گەورەیەوە سکوڵی یاسای هەڵبژاردبوو. ئەو لەساڵی ١٩٨٥دا دەستی دابوویە پراکتیکی پیشەکەی. دووساڵ دووای ئەوەی رژێمی سەربازی واز لەدەسەلاتی وڵات بهێنێت. ناوبراو بەتەواوی نائومێد ببوو. ئازامان دەیگوت:" شتێك کەمن رووبەڕووی ببوومەوە فرە جیاواز بوو، من وابیرم دەکردەوە. لەلایەکەوە یاسا گەلێك هەبوون، وەلێ بەبێ ئازادییەکی راستەقینە، لەلایەکی دیکەوە هەموو رۆژێك یاساگەلێکی نوێ لەدەرکردندا بوو، کە هەموو چالاکییەکی سیاسیو رۆژنامەگەرییو رێکخستنو گردبوونەوەو تەنانەت پارتی سیاسی تورکیشی سنوردار کردبوو.

لەبەر ئەوە شانازیەك لە گۆڕێدا نەبوو بۆ ئەوەی بتونین پارێزەر بین". پاش ساڵێك کارکردن لە ئەنکەرە. ناوبراو گوازرایەوە بۆ شاری ئەنتاڵیا لەسەر لێواری دەریای میدیتەرانە.

---

[160] Further details on Decree 413 and the effect on the Turkish media are found in Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (Sept. 1990), 13–18.

له ئەنتاڵیا کۆمەڵگەیەکی کوردیی تەواو گەورە هەبوو، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە کارو فەرمان لەوێندەر بەهۆی ڕەوشی گەشتیارییەوە فرە بووبێتو ئیش بەسانایی دەدۆزرایەوە.

لەوێ ئازمان لەتەك هاوڕێکانیدا دەستیان دایە وتووێژ لەبارەی پەکەکەوە. زۆربەی ئەوان وەك ئازمان دارای هەستێکی لایەنگیریی بوون بەرامبەر بە پەکەکە. دیارە ئازمان وەك قوتابیەکی کوردی خوێندنی ئامادەیی لە کۆتایی هەفتاکاندا سەرسامبوو بە نەزمی ناتوندوتیژی کەمال بۆرکای لە پارتی سۆشیالیستی کوردستان پەسەکە دا. وەلێ لەتورکیا چالاکی سیاسیی بەپێی پێویست ئەنجامنەدەدرا.

ئازمان ئەو ڕەوشەی ڕوونکردەوە، ئەو بەردەوام بەزمانێکی بەرزو پرۆفیشناڵ وەك پارێزەرێك دەدووا:" پارتەکەی بۆرکای پێداگری لەسەر ریفۆرمی سیاسیی دەکرد، وەلێ لەو قۆناغەدا وادیار بوو خەباتی بێ چەك ئەستەم بێت"، هەروەها پێداگری دەکردو دەیوت:" لەم قۆناغەدا کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیادا نییە". هێشتا بەرگریو جەنگی چەکداریی لە گۆڕێدابوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە نیگەرانییەکی ئێجگار زۆر لەبەرامبەر پەکەکەدا لەگۆڕێدابوو. ئایزمان بیرکردنەوەیەکی ئێجگار توندی لەلا گەڵاڵە ببوو. لەلایەکی ترەوە پەکەکە هێزە مەدەنییەکانی خۆی ناردبوویە سنووری خۆرئاوای وڵات تا کار بکەن بۆ پێکهێنانی ئەندامی نوێو هێزی مرۆییو هەروەها گەیاندنی ئەو ڕەوشەی کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەگوزەرێت[١٦١].

لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەستڕاگەیشتن بە چاودێری کوردان فرە ئەستەم نەبوو. دەنگو زرمەی فیشەكو تەقەکردنەکان لە نێوەندی شارەکانەوە دەبیسترا.

[161] 1. The lack of census data based on ethnicity makes it impossible to know the real number of Kurds living outside the Kurdish region, but it gen- erally is thought to be about half the country's overall Kurdish population

زیادبوونی دەوریاتە سەربازییەکانی رژێم ئەو بانگەشانەی پەکەکەی پشتڕاستدەکردەوە، کە کوردستان داگیرکراوە. کوردەکان دەبوو زۆرجار بە پەکەکەو هەوادارانی پەکەکەو چالاکییەکانیان لە نێوچە کوردییەکاندا ئاشنابن‌و فرەجار لەکاتی سەردانی نێزیکەکانیاندا پێکدەگەیشتن. وەلێ لەنێوچەکانی خۆرئاوادا کە ملیۆنان کورد لەوێندەر دەژیان، بەهۆی دەستکەوتنی هەلی کارو یاخۆ دوورکەوتنەوە لەتەنگژەکانی نێوچە کوردییەکان روویان لەوێ نابوو، دووربوون لەماجەراکانی نێوچە کوردییەکان. پەکەکە دەبوو شتانێك بکات بۆ کەمەندکێشکردنەوەی ئەوانیش بۆ پرسی کوردایەتی.

لەوێندەر هەم پەکەکەو هەم جەنگەکەی رەنگ‌و رووی فرە دوور بوو، ئەو زانیاریانەیش لە راپۆرتە هەواڵییەکانی تورکیاوە دەگەیشتن، بەتەواوی ئاراستەیان گۆڕابوو بەرەو خواست‌و بەرژەوەندی میریی. دیارە ئەو گرفتانەی رووبەرووی شوناسی نەتەوەیی کوردی دەبوونەو ئەو قەدەغەکاریانەی کەهەبوون، دروست هاوشێوەی ئەو نەزمە بوو کە رووبەرووی چالاکوانە دیموکراتیی خوازەکان دەبوونەوە. مێزگردو موناقەشەکان لەمەڕ خراپبەکارهێنانەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە بڵاوەیان پێدەکراو هاوکات ئەشکەنجەو ئازاری دەستبەسەران فرە باو بوو، ئەو بڵاوکراوانەی چەپڕەوەکان کە پرسی کوردیان دەگرتە خۆ، بەتەواوی رووبەرووی ئاستەنگە یاساییەکان ببوونەوە.

هاوکات دادگاکان رێگەیان نەدەدا هاموشۆی بەندکراوەکان بەشێوەی پێویست بکرێت. ئازمان باش دەیزانی کە داواکاری گشتی هەوڵدەدات هەڵەیاساییەکان دژ بە ئەندامانی پەکەکە بەدروستی بخاتە ڕوو. ئەوان هەمیشە بە ئازمان پێدەکەنین‌و بەشۆخییەوە پێیان دەگوت جەخت بکاتەوە سەر بریارێك‌و بڵێت لێرە یاسا بەرقەرار نییە.

ساڵی ١٩٨٨ ئیدی لەکۆمەڵگە کوردییەکانی خۆرئاوادا چالاکوان و میلیشیا مەدەنییەکانی پەکەکە لەخۆرئاوای تورکیادا کەوتبوونە خۆ. ئازمان بەمجۆرە باس دەکات:" لە ئەنتالیا تەنها ئاشنایەکمان هەبوو، ئەو دێهاتییەك بوو، کەسێك بوو بێئاگا لە ژیان. ئەو نوێنەری رێکخراوێکی نایاسایی بوو، ئیدی ئەمە هۆیەك بوو تاپریشکێکی لە بەرژەوەندی هەندێك لە ئێمە تەواو بێت. ئازمان بەجدی لێنەوییی بە پێوەندی کردن بە جەنگێکی سەرکەشانەوە.

هەروەها دەیگوت:" من دارای گەلێ پرسیار بووم لەگەڵ خۆمدا، بەڵێ دەمتوانی ببمە کەسێکی پاسیڤ، دەکرێت ببمە پەکەکەو دەکرێت ببمە بیۆکراتێکی دەوڵەتیی. ئیدی بەدیلێك نەبوو، بەڵێ رێگەیەکی دی شك نەدەبرا". بەمجۆرە هەر لە ١٩٨٨دا ئازمان وازی لە پیشەی پارێزەریەکەی هێناو پێوەندی کرد بە پەکەکە وە. خەڵکی خەباتی چەکدارییان وەك دوا مەنزڵ هەڵبژاردبوو. ئەوە هەوەڵێن هەڵبژاردن نەبوو، لە ئەوروپاو لە ئەمەریکا ئەو رێگەیە وادیاربوو نامۆو سەیربوو، وەڵێ بۆ کەسێك کە لەهەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناویندا بووایە رەوشەکە جودا بوو، لێرە لەتورکیادا کرانەوەی دێموکراسی لە گۆرێدا نەبوو.

جەنگی پەکەکە هەلێك بوو تا سەرنجی هەموو ئەوانەی راکێشا کە هەوڵیاندابوو، یاخۆ شکستیانهێنابوو لە بەرپاکردنی شۆرشدا لەنێو گروپە کوردییەکانی دیکەدا. ئەحمەد .هـ کە لەساڵی ١٩٧٩دا وازی لە زانکۆ هێنا، هەروەها لەبەرئەوەی ئەندامی دەنگی کاوە بوو دەستگیرکرا، ئەو دەیووت:" پاش ئەوەی ساڵی ١٩٨٧ لە زینداندا مەرەخەس بووم، بینیم تەنها گروپێك کە مابێتەوە پەکەکە یە، هەموو ئەوانی دیکە کۆتاییان پێهاتوو".

ناوبراو کاتێك لە زیندان ئازادکرا تەنها تەمەنی ٢٧ساڵبوو، لەدرێژەی باسەکەیدا دەیگوت:" کاتێك ئازادبووم دەنگی کاوە نەمابوو، رێکخراوی کاوەیش کۆتایی هاتبوو، ئیدی گەیشتمە بڕوایەك تەنها رێگەی ئاپۆ دروستە". ناوبراو پاش

ئازادبوونی رووی کردە خۆرئاوای وڵاتو لە فەتحییە گیرسایەوە، بەهیوای دەستگیربوونی کارێك لە رێستورانتی ئاشنایەکیدا. ئیدی بەزوویی چاوی بە هەندێك لە چالاکوانی پەکەکە کەوت کە ساڵی ١٩٨٦ نێردرابوونە هەرێمی ئیجە بۆ هەماهەنگیو چالاکی لەو سنوورەدا. ئەحمەد دەگێڕێتەوە:" ئەوان داوایان لێکردم کە لەگەڵیان بمو بچمە ماڵەکانیانو بەشداربم لە گردبوونەوەکانیان".

بەمجۆرە ناوبراو دەستی دایە هاوکاریی پەکەکە لەساڵی ١٩٨٨دا. ئەحمەد دەیوت:" من بەهەیەجانەوە دەمروانییە خەباتی گەریلا. لە پەکەکەدا ئارەزووی تۆڵەکردنەوە دژ بە دەوڵەت لەگۆڕێدابوو، هەر ئەوەبوو منو هاوەڵەکانمی راکێشا تا هاریکاریی لەگەڵ پەکەکەدا بکەین". لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی گروپەکانی دی لەمەیدانەکەدا پێچرابوونەوە.

سیاسەتی پەکەکە لەبەرامبەر نێوەندە شارییەکانی خۆرئاوای تورکیا، سەرنجی گەلێ لە قوتابیانی زانکۆکانی بۆ لای خۆی راکێشا. لە حەفتاکاندا قوتابیانی زانکۆو ئەومامۆستایانەی لە راهێناندا بوون، دارای جەوهەری گروپەکە بوون. وەلێ کاتێك جەنگی چەکداری لە بەشە دێهاتییەکانی باشووری رۆژهەلاتدا دەستی پێکرد، لەسەر دەستی ئەو کوردانە بوو کە لە ئاواییەکانەوە کەمەندکێشکرابوون.

لە هەوەڵدا، قوتابیانی کورد لە هەشتاکاندا عەزمیان جەزمکرابوو لەسەر هەڵسەنگاندنی دۆزیی نەتەوەییو ناسیۆنالیستی، ئیدی بۆ ئەوان گرنگ نەبوو ئایا پێویستە پشتیوانی لە پەکەکە بکەن یان نا. ئەیهان سیفتسی کە لە خێزانێکی سەروەتمەند گەورەببوو بەمجۆرە رەوشەکەی ڕووندەکردەوە:"کاتێك ساڵی ١٩٨٦ گەیشتمە زانکۆی ئەستەمبوڵ، لە شاری ئەستەمبوڵدا هیچ رێکخستنێکی پەکەکە نەبوو، فشاری میریی بەردەوام توندو سەختگیر بوو".

هاوکات دەیگوت:" ئێمەی قوتابی لەمشتومڕی ئەوەدا بووین کە پێویستە چی بکەینو ، چیشمانکردووە لە توێژینەوە لەبارەی دۆزی کوردەوە". هاوکات رووداوە

سیاسییەکان لە نێوچەکەدا ببووە هۆی ئەوەی کە قوتابیانی کوردو کوردانی روانینێکی نوێیان هەبێت لەسەر ئەوەی ئەوان ئیدی چۆن لەلایەن میرییەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ. لە ولاتی بولغاریای دراوسێدا دەولەت لەرێگەی کەشتییەوە بە ناچاریی کەمینە تورکەکانی ئەوێی کەمەندکێش دەکرد بۆ تورکیا. نارەزاییە بەهێزەکانی ١٩٨٩ وەك تۆفانێك وابوو لەبەرامبەر کورداندا، ئەوانیش رووبەڕووی هەمان رەوش‌و روو ببوونەوە لەتورکیا. کیمیابارانی هەڵەبجەو بێدەنگی دنیا لەئاست ئەو تاوانەدا ئەو راستیەی دوپات کردەوە کە کورد ناکرێت هاوپەیمانی ولاتێك بن تا بیانپارێزێت. هەر بۆیە ئەو پارتە سیاسیانە کە خوازیاری رێگەی ئاشتی بوون بۆ چارەی گرفتەکان، قوتابیانی زانکۆکانیان بۆ رام نەدەکراو دارای گرفتگەلێکی شێوازی خەبات بوون لەگەڵیان.

سیفتیسی دەیوت:" سروشتی گفتوگۆکانمان پەلکێشی دەکردین بۆ ئەوەی باس لە کوردستان بکەین". هەروەها دەیگوت:" رەوشەکە تا ئەوکات لەبارنەبوو بۆ قسەکردن لەوبارەوە، دەولەت خواستی بوو بمانکوژێت‌و بمانتوێنێتەوە". لەو دەمەدا ئەندامێکی دێرینی پەکەکە بەنێوی (ه) لە رێگەی ئاشنا دێرینەکانییەوە لە شاری ئەستەمبوولدا کاری کرد تا پێوەندی لەتەك قوتابیانی زانکۆدا چێبکات. هەموو ئەو قوتابیانە هاوسۆزی پەکەکە بوون‌و ئەوانە بوون لە نارەزاییە بچوك‌و خێراکاندا لێرەو لەوێ دەردەکەوتن‌و قۆڵبەستدەکران. (ه) کاریکرد تا بەچەند شێوازێکی جیا سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشێت. بۆ نموونە داوای دەکرد جێگەی کەسێك بکەنەوە بۆ چەند شەوێك لەبەشە ناوخۆییەکاندا یاخۆ جانتایەکی بۆ هەڵبگرن تا چەن رۆژێك.

هەموو ئەوانە وادەردەکەوت کە بایەخ بە پەکەکە دەدەن، وەلێ ئەم نێزیکبوونەوەی (ه) لەوەدا بو ئایا ئەوان دەیانەوێت بەشداری بکەن یاخۆ نا. ئەو لە رێگەی زنجیرە پرسیارێکەوە کە دەربارەی تەمەن‌و نوسین‌و بەشداری

خۆپیشاندان‌و وازهێنان لەخەبات بۆچوونەکانی هەڵدەسەنگاند. سیفتیسی سەبارەت بە توندی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخستنی پەکەکە دەگێڕێتەوە:" هیچ ڕێیەك بۆ قوتابیانی زانکۆ نەبوو گەر بیانویستایە کاری یاسایی بکەن، کەواتە ڕێگەکە ڕۆشن بوو، جارێکیان هاوڕێیەکم گوتی دەمەوێت بتبینم، کاتێك کە چوومە دیداری داوای لێکردم کە پەیوەندی بکەم ، ئەو بەرپرسی هەماهەنگی ئەندامە نوێیەکان بوو، ئیدی منیش گوتم باشە".

## دەرهاویشتەکان

ئۆجەلان‌و فەرماندەکانی تری نێو پارتەکەی ئامادەی ئەو نەزمی مشتومڕو نیازە هزرییەی نێو ئەندامە نوێیەکانی پەکەکە نەبوون. ئەندامانی نوێ لە کۆتایی هەشتاکاندا وەك شەپۆلێك ڕوویان لەپەکەکە نا، ئەوان پسپۆڕو قوتابی‌و خەڵکی خۆنەواربوون‌و خۆیان یەکلایی کردبوویەوە بۆ پرس‌و جۆ لەسەر بابەتە هزرییەکان‌و نەزمی ناسیۆنالیزمی کوردیی، ئەوان ئاسان نەبوو بۆ یان ژینگەی توندی سەربازی پەکەکە هەرس بکەن، چاوەڕوانی ئەوان بۆ پەکەکە یان مشتومڕی سنگفراوانانە بوو یاخۆ گفتوگۆی ئازاد. هەندێك لەوان کە هەلومەرجی دژواری شاخیان چەشت، ئیدی ویستیان وازبهێنن‌و قوتاربن. ئەوانی دی بێزارو بێ تاببوون لە وانەکانی ڕاهێنانی سیاسی‌و ئەو شیکارە کۆمەڵناسیانەو وێژووییانەی ئۆجەلان کە دەبوو بێ لام‌و جیمی پەسەندیان بکەن.

بەوتەی خەباتکارێك کە لەو قۆناغەدا پێوەندی لەگەڵ پەکەکە بەستبوو:"ئەو قوتابیانەی کە هاتبوونە ریزەکانی پەکەکەوەو بەئاگابوون لە دەورووبەرو دنیا، دروست وەك گومانلێکراوێك تەماشایان دەکرا". هەروەها گوتی:" ئەوە هەوەڵبار بوو کە خەڵکێکی زۆر هاتبوونە ریزەکانی پەکەکەوە، هەربۆیە ئامادەییەکی لەبار بۆ

ئەو بارودۆخە نەكرابوو". هەروەها دەیوت:" هەركەسێك لەو قۆناغەدا وەك بەكرێگیراوێك تەماشا دەكرا".

ساڵی ١٩٨٩ ئۆجەلان رێنومایی دەركرد بۆ فەرماندەكانی پەكەكەو هۆشداریی دایە ئەندامان لە ئەگەری كرێگرتەیی زۆرێك لەو ئەندامە نوێیانەی كە هاتبوونە نێوپەكەكەوە بۆ ئەوەی پشێوی بخەنە ناو رێكخستنەكانەوە. هەندێك لە خەباتكارەكان دەیانوت:" ئۆجەلان وتبوویی، چاودێری ورد بكەن، دەكرێت بەكرێگیراوو ناپاك لە ریزەكانتانا بن".

هەر بۆیە یەكێك لەخەباتكارەكان ئەو رەوشی بەدگومانییەی بە پارانۆیا نێودەبرد هەر بۆیە لەو قۆناغەدا، واتە لە ١٩٨٩–١٩٩٠ بەلایەنی كەمەوە ٢٥و نێزیكەی ٥٠ بۆ ١٠٠ گەریلا بەگومانی غەیانبوونو ناپاكی یاخۆ بەتاوانی ناپاكی لەسێدارەدران. بەمجۆرە لەهەرشوێنێك بوونی پەكەكە هەبوو بێت ، ئیدی لەوێ كوشتو بڕ روویداوە. بۆ نموونە لە ئەكادیمیامی مەعسوم قرقماز لە دۆڵی بیقاعو كەمپە سەرەتاییەكانی نێو توركیاو لە ئۆردوگا شێوە هەمیشەییەكانی نێو توركیا كە هاو سنوور سنووری ئێراقبوون تاوانەكان ئەنجامدەدران[١٦٢]. ساڵی ١٩٨٩ نێزیكەی ١٠ قوتابی زانكۆی خەڵكی شاری ئیسكی لە خۆرئاوای توركیا، پاش ئەوەی پێوەندییان كرد بەریزەكانی پەكەكەوە لە باشووری رۆژهەڵاتی توركیا بە تۆمەتی كرێگرتەیی بۆ میریی لە سێدارە دران[١٦٣].

[162] . This section relies on interviews with PKK militants active at the time. Because of the sensitivity of the subject, I withheld all names. General information on internal executions are also drawn on the interviews in Buldan, PKK'de Kadin; from the history of the PKK in Celik, Agri; from the brochures issued by PKK members who broke away in 1991 and formed PKK-Vejin; and in the limited report on internal executions made at the PKK's 5th Congress, published in PKK 5. Kongre Kararlari, 257–264

[163] This incident, with slightly different details, also is recounted by the late PKK militant Ersoz in her diary, Gurbet'in Guncesi, 143.

مەوحەمەد ناوێك كە پێشتر قوتابی زانکۆی ئەنکەرەبوو، بەرپرسی تۆماری قوتابییە نوێیەکان بوو، هەموو ئەوانەی بە ئاشکرا ناساندبوو، هەمووشیانی رێکخستبوو لە یەکە سەربازییە جوداکانی باشووری رۆژهەلاتی ولاتدا. بۆنموونە یەکێك لە هۆیەکانی تۆمەتبارکردنیان بریتی بوو لەوەی کە یەکێك لە قوتابییەکان خوشکی ئەفسەرێکی پۆلیس بوو، ئیدی ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەوو هەموو ئەوانەی لەگەڵی بن نەفرینیان لێبیکرێتو بەناپاك لەقەڵەم بدرێن. ئیدی بە هەر هۆیەك بووایە هەر قوتابییەك لەسێدارە دەدرا، گەر لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا پێوەندیی بەیەکە چەکدارییەکانی خوێندکار یان خوێندکارەی ناپاکەوە بکردایە. تا وەختێك ئەو رێنومایانەی پەکەکە کۆتاییان پێهات، مەهمەد لەکەمپێکی نێزیك سنووری ئێراق بەنێوی جوجورکا مابوویەوە، ئەو لەتەك قوتابییەك بەنێوی هایری کە خەڵکی دیاربەکر زیندوو مابوونەوە، دوواتر تەوای چیرۆکەکەیان بۆ قوتابییە هاو کۆلێجەکانیان باسکردبوو، من هەموو ئەوانەم لە مەهمەت وەرگرت کاتێك کە لە شوقە تایبەتییەکەیدا بوو لە ئەڵمان.

یەکێك لە خەباتکارەکانی پەکەکە کە سەردەمێك شوێنی بالأی لەپەکەکەدا هەبوو، دەیووت:" پەکەکە قوتابی ئامادەیی نەبوو بۆ قوتابی وەك ئەوانە، ئەوە شتێکی ئاسایی بوو، هەموو ئەو لەداردانە نێوخۆییانە، هەندێکجار رەوشەکە فرە تراژیدیایەکی کۆمیدی بوو". لەپایزی ١٩٨٩ دا ئەم فەرماندەیەی پەکەکە بەردەوام بوو دەیگێرایەوە کە لە کۆنفرانسی پەکەکەدا بووە لە بۆتان. لەوێ فەرماندرابوو بەلەسێدارەدان بۆ کەسانێکی دیاریکراو کە تۆمەتباربوون بەوەی نێردراوی میرین یان ناپاکن. ناوبراو بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکانی بەم جۆرە: یەکێك لەوانەی کە قۆڵبەستکراو پاشان کوژرا، پیاوێك بوو بەناوی کارسو. بۆ رۆژی دوواتر هەواڵیان هێنا کە کارسو بینراوەو نەکوژراوە، وەلێ گەریلاکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە کارسویان کوشتووە، تا دووایی بۆیان دەرکەوت کە ناوەکانیان تێکەڵکردووەو

کەسێکی دییان بەهەڵە کشتووە. ئەمەیش ئەو راستییە نیشان دەدات کە نرخی کەسێك چەند نزم‌و نەوی بووە لە نێو ئەو تەڤگەرەدا.

هەموو کەسێك دەربارەی ئەو شتانە ئاشنایی هەبوو، وەلێ لەسەر بنەمای ئەو بیرکردنەوەی کە دەڵێ چۆن خۆم بپارێزم، تۆ نەتدەویست خۆت تێوە بتلێنی. لەراستیدا شێوەی کوشتن ناتەبابوو لەگەڵ ئەو شێوازەی پەکەکە بۆ لەنێوبردنی کەسانی ناکۆك‌و نەیار دەستی دابوویە. ئەو شێوازە لەچەند ساڵی پێشووی ئەکادیمیای موحسین قرقماز لە شیوی بوقاع دەستی پێکردبوو. هاوکات ئۆجەلان ترسی هەبوو لەو شەپۆلی نێوتۆمارکردنەی ئەندامان کە لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ لە ئەورووپاوە رووی لەپەکەکە نابوو. ئۆجەلان لەخەمی لەدەستدانی کۆنترۆڵی حزبەکەیدا بوو.

یەکێك لە ئەندامانی پێشووی تەڤگەری پەکەکە کە ئاگاداری هەندێك لە کوشتنەکان بووە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئۆجەلان بۆخۆی فەرمانی دەرکرد یاخود بەشێوەیەکی پەنهان ملی دابوو بۆ کوشتنی نێزیکەی بیست لەو ئەندامە نوێیانەی کە تازە هاتبوونە نێو ریزەکانی پەکەکەوە. لە راستیدا هەرگیز هۆکارەکان روون نەبوون.

هەندێك لەو ئەندامە نوێیانە داوایانکردبوو بیانێرنەوە بۆ ماڵێ، هەندێکی دیکە لەو ئەندامانە کەوتنە ژێر نیازپیسی‌و گومانەوە بەهۆی تەمبەڵییان یاخۆ بەهۆی هەندێك هەڵسوکەوتی گوماناوی شاراوەوە. هەروەها دووان لە ئەندامانی پێشووی پەکەکە کە ئەوێ دەم لەوێ ببوون، ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە جیا لەو دەیان ئەندامە کرێکار گەلێکی کوردی فرە تر لە لوبناندا تۆمەتبارکرابوون بە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی گروپەکەو ئاماژەدرابوو بەسزادانیان یا کوژرابوون. هاوکات یەکێك لە شایەت حاڵەکان پێی وابوو: " دەکرێ ئەو کوشتنانە وەك راهێنان‌و وانە وتنەوەیەکی پراکتیکی ئەنجامدرابن یاخۆ وەك ترساندن‌و هەرەشەکرن". لەراستیدا هەندێك

لەخەڵکی بڕوایان بەو ڕەوشە هەبوو، هەندێکیش بەکارهێنرابوون، لەهەردوو حاڵەتەکەدا کەسێك نەیدەتوانی شتێك بڵێت یاخۆ نەیدەتوانی بەرەو کوێ بڕوات‌و خۆی قوتارکات. لەسێدارەدان‌و کوشتنەکانی شیوی بیقاع لەساڵی ١٩٨٩دا گەیشتنە لوتکە، ئەوە لەکاتێکدا بوو قوتابیانی زانکۆ بەلێشاو ڕوویان لە ئۆردوگاو کەمپەکان نابوو.

ئۆجەلان فەرمانی دابوو بە هاوکارەکەی لە ئەکادیمیا تا تەحقیق لە ئەندامە نوێیەکان‌و شوناسیان بکات، ئەوانەی کە بەدەست ئەنقەست نێردرابوون تا ڕەوش‌و رووی پەکەکە پشێو و پەرتەوازە بکەن. ئیبیك کە ژنێکی خەباتکاری تەمەن ٢٧ ساڵ بوو لە کەمپەکەدا، بەمجۆرە ڕەوشی پڕ هەرومەرج‌و ژینگەی ترسناکی کەمپەکەی باسدەکرد:" گرووپگەلێك لە شارەکان‌و زانکۆکانەوە هاتبوون، زۆربەی ئەوان کە وەك بەکرێگیراو ئاماژەیان بۆکرابوو، گەر بۆ ڕۆژی دوواتر تەماشای دەوروخولی خۆتبکردایەن دەتبینی هەموو ئەوانە برابوون"[١٦٤].

بەڕێوەبەرانی ئۆردوگا کە ڕێوشوێنێکی توندیان گرتبوویە بەر بۆ ئەوەی وا لەو کەسانە بکەن دانبنێن بە کرێگرتەییاندا، لەوانە نەزمی ئەشکەنجە بەگشتی ڕەچاودەکرا. سەلاحەدین چیلیك فەرماندەی پێشووی پەکەکە ئاماژەی دا بە ڕەوشەکە:" ژمارەی بەکرێگیراوان، ئەوانەی ئاشکرابببوون، زیادکرابوون، بۆ ئەوان گۆڕی بەکۆمەڵ ئامادەکرابوون"[١٦٥].

هەموو ئەوانەی کە لەو دۆخەی بیقاع کە بە هستریای پەکەکە ناسرابوو، بەشدار بوون، دیسان هەمان شێوازیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیەو باکووری ئێراقدا دووبارەکردەوە. فەرماندەی پێشووی خەباتکارانی پەکەکە ئەوەی خستە ڕوو:" لەژینگەیەکی وادا هەمووان لەترسدا بووین، هەرکەسێك لەوی دیکە بەگومان بوو".

---

164 Buldan, PKK'de Kadin, 110–111
165 Celik, Agri, 161.

هەروەها وتی:" خەڵكی بۆ ئەوكارە راسپێردرا بوون". لە درێژەی وتەكانیدا ئەوەیشی وت كە ئەو كارە لە هەنگاوی هەوڵدا تایبەتمەندی پەكەكە بوو، ئەوە شتانێك بوون كە لەو رەوشەدا روویاندەدا. وەلێ دوواتر ئۆجەلان تێگەیشت كە بەربڵاوی كوشتارو ناوزەدكردنی ئەو هەموو بەكرێگیراوە لە ریزەكانیاندا بەجۆرێك لە جۆرەكان ئاماژەی لاوازی پارتەكەی نیشاندەدات‌و كوشتنەكانیش كاریگەریی دەكەنە سەر شۆرەت‌و دیسپلینەكانی پارتەكەی.

لە دەستپێكی ١٩٩٠دا حەسەن بیندالّی هاورێی منداڵیی بەهۆی تەقەكردنی هەوانتەوە لەلایەن بەرپرسی ئەكادیمییەوە كوژرا.

شاهین بالیك لەماوەی مەشقی سەربازیدا هۆیەك بوو تا نەزمی سەرزەنشتەكانی ئۆجەلان بگۆرێت[166]. ئۆجەلان بانگەشەی ئەوەی كرد كە شاهین بەدەست ئەنقەست دەستڕێژی كردووە، ئەوەیش هێرشێكی بەرنامەدارێژراوە بۆ سەر سەرۆكایەتییەكەی، هەربۆیە شاهێنیان خستە زیندانەوەو لەئاكامی دادگایكردنەكەیدا سزای مەرگیان بە گوللەبارانكردن بەسەردا سەپاند. هاوكات ئۆجەلان شاهینی بەوە تۆمەتباركرد كە لەپشت تەواوی كوشتن‌و لەسێدارەدانەكانەوە بووە لە نێو ئەكادیمییەكەدا.

ئەوە لەكاتێكدا بوو كە شاهین لە بەرپرسایەتیدا بوو لەو ئەكادیمییەدا. ئەو دەم ئۆجەلان شاهینی وەك مونەسیق دیاریكرد بوو. لەو میانەدا رایسپاردبوو تا كۆڵینەوە لە ئەندامە نوێیەكانی ناو پەكەكە بكات. ئۆجەلان ئەم نەخشەیەی بەكارهێنا تا لە نەزمی كوشتن‌و لەسێدارەدانی ئەندام‌و گومانلێكراوەكان بكشێتەوە. بەگشتی لەو قۆناغەدا لە شیوی بیقاع بەلایەنی كەمەوە ١٢ ئەندامی نوێ لە ریزەكانی پەكەكەدا بە تۆمەتی هەڵسوڕاویی بۆ دەرێ، لە سێدارە دران، ئەوانی دیكەیش تۆمەتباركران، وەلێ لەنێویاننەبردن. هەر لەهەمان ساڵدا ئۆج ئالان

[166] Background on the Bindal-Balic affair is given in Celik, Agri, 160–163.

فەرمانی دەرکرد بە کۆڵینەوە لەبارەی کوشتارو کوشتنەکانی نێوخۆی تورکیاو لەو میانەشدا لۆمەو لەتمەی لەگەڵ لە سەرکردەکانی پەکەکە دا، لەوانە جەمیل(هۆگر)ئیسیك، ئەو یەکێك بوو لە فەرماندە هەرێمییەکانی پەکەکەو لە ریزەکانی پەکەکە هەڵهاتبوو، پەکەکە دوچاریکردبوو بە تێوەگلان لە کوشتن‌و لەنێوبردنی هاولاّتیانی مەدەنی لەنێوخۆی تورکیا دا.

هەر لەو میانەدا ئەنجومەنێك پێکهێنرا بۆ کۆڵینەوەو گردکردنەوەی زانیاریی لەمەڕ ئەو کوژراوانەو لە کۆنفرانسی چوارەمی کۆتایی ئەو ساڵەشدا زۆربەی ئەوانە وەك شەهیدی گیان بەختکردوو دژ بە تورکیا نێویان لێنرا. یەکێك لە فەرماندەکان دەیگوت:"کوشتارەکە هێند زۆر نەبوو بوو، وەلێ گەشتبوونە ئاستێك کە ئۆجەلان هەوڵی دەدا تارادەیەکی دیاریکراو چارەسەری ئەو دۆخە بکات".

لەهەمانکاتدا رێبەرە سەربازییەکانی پەکەکەیش هەوڵیاندا کۆنترۆڵی چالاکی‌و نەزمی لەسێدارەدان بکەن لە مەیدانەکەدا، ئەوەیش بە فەرمانێك بوو کە بۆهەوەڵجار لە دادگاکانەوە گیرابوویە بەر. یەکێك لەو ئەندامانەی پەکەکە کە بۆخۆی شایەتی یەکێك لە دادگاکان بووە لەساڵی ١٩٩١ دا دەیوت:" لەراستیدا کاریگەریی ئەمە فرە کەمتر بوو. نەزمی دادگاکان کەم‌و کوڕ بوو، لەکاروباری رۆژێکدا، تەنها تۆمەتبارێك دارای ئەوە نەبوو کە مشتومڕ لەبارەی تاوانەکانی بکات. گەر تۆمەتبار بیویستایە شتێك بڵێت بۆی نەدەلوا، رەوشەکە بەجۆرێك بوو، هیچ کەس نەیدەتوانی ئەوەی رووبەڕوویکراوەتەوە بیداتە دوواوە، نەك تەنها تۆمەتی تاوانێك. ئەگەر فەرمانی مردن بەسەر کەسێکدا بدرایە لە دادگادا، ئەوا هەمان رۆژ جێبەجێدەکرا، جێبەجێکردنەکەیش زۆرجار لەبەردەم هەموو ئەوانەدا دەبوو کە لەو شوێنەدا ئامادە بوون". هەروەها گوتی:" کەسێك لەنێوبرا لەلایەن پێڕێکی شەش تا حەوت کەسییەوە، ئەوان کلاشینکۆف بەدەستبوون، یەکێکیان چووە بان‌و فیشەکی نا

بەتەوقی سەری تۆمەتبارەکەوە.چاکم لەیادە کە ژنێکی گەریلا لەو دەمەدا جەڵدە لێیداو مرد".

لە راستیدا سەرەڕای ئەو رێوشوێنە نوێیانە، هێشتا کوشتارو لەنێوبردنو گوللەبارانکردن لەنێو ریزەکانی پەکەکەدا کەمی نەکرد، ئەگەرچی ئیتر ئەوانەی بۆ لەنێوبردن بەئامانجگیرابوون تەنها ئەندامە نوێیەکانی نێو تەڤگەرەکە نەبوون. تا ئەوکاتیش دەکرا گەریلاکان ببڕێنو بەسانایی گوللەباران بکرێن، ئەوەیش بەبێ دادگاو بەبێ ئەوەی سەرەتا بە تۆجەلانیش رابگەیەنرێت. بلاوترین رێگە بۆ رزگاربوون لەکەسێك، ئەوەبوو کە هەڵدەکوترایە سەریو بەخێراترین رێگە بەرەو مەرگ راپێچدەکرا، ئیدی هۆکارەکان هەرچی بوونایە.

رەنگە هۆی ئەوە بوبێت کەسەکە رەخنەی لەفەرماندەیەك گرتبێت یاخۆ دڵگرمیێ بووبێت لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا یان گرفتێکی لەنێو یەکەیەکدا هەبووبێت. یەکێك لەگەریلاکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ماوەی ١٩٩٥–١٩٩٨ لەنێوچەی بۆتاندا جەنگابوو دەیوت:" رەنگە دادگاکانیش فرە بەهەند وەرنەگیرانایە، بەلام ئەم جۆرە شتانە ئێجگار فرە روویاندەدا".

لە ناوچەکەدا لەوشوێنەی کە ئەم جەنگاوەرە جێگیرکرابوو، یەکێك بوو لەو پێنج هەرێمەی بۆتان، لەوێ رەنگە لە هەر سێ ساڵدا ٢٠ کەس بەو شێوەیە بمردنایە(ئەوان بەدەست ئەنقەست دەنێردران بۆ بەرەکانی پێشەوە) ئەم شێوازە بەئاسانی لە ٤ هەرێمەکەی دیکەی بۆتاندا بەئاسانی تێبینی دەکرا، تەنانەت لە پارێزگاکانی دیکەشدا کە گەریلا چالاکیان دەکرد، هەمان رووداوی هاوشێوە دووبارە دەبوویەوە. هەمان گەریلا کە لەبۆتاندا مژوڵی خەبات بوو دەیگوت:" هیچ کەس زانیاریی نەبوو لەشوێنەکانی دیکە خەریکە چی روویدەدا". دواجار بڕیارەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە کەسێك راسپێرن دەستڕێژبکات بەنێو ئەوانەی کە بڕیارە

لەنێوبدرێن یاخود بنێردرێن بۆ ئەرکێك کە گیانیان بخاتە مەترسییەوە، ئەم رەوشە بالآترین ئەندامی پەکەکەی دەگرتەوە.

یەکێك لە فەرماندەی پارێزگاکان دەیگوت:" بە هەر هۆکارێك دەکرا کەسێك بکوژرێت، دواتر دەکرایە راپۆرتێك‌و دەتنووسی ئەم کەسە بەکرێ گیراوبوو". لەنێوبردنەکان شێوەیەك بوون لە شێوەکانی کۆنترۆڵکردنی کەسانی نەیارو بەرهەڵستکاری نێو پەکەکە، ئەو نەزمە تەنها لەنێوشاُخدا قەتیس نەمابوو.

بەهەمان شێوە ئەندامانی پەکەکە لە ئەوروپایشدا دوچاری لەنێوبردن‌و کوشتن دەبوونەوە. هەرچەندە لەوێ توندیی رێوشوێن‌و بەدوواداچوونی پۆلیس تارادەیەك رێگر بوو لە ئەنجامدانی چالاکی کوشتن، بەڵکو پەکەکە لە سزای ئەندامانیدا زیاتر لێدان‌و حەپسکردنیانی بەکاردەهێنا لەنێو ئاپارتمانەکاندا.

هاوکات ئەندامانی پەکەکە لە نێوچە شارییەکان‌و شارەکانی خۆرئاوای تورکیادا دەکوژران. بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٣ دا ئەندامێکی پەکەکە، کە نەوجەوانێکی کچۆڵەی ١٠ ساڵ بوو لە ئەستەمبوڵ. ئەم کیژە کاتێك دەیەویست ئایس کرێم بکرێت رووبەڕووی خەڵکانێك بوویەوە کە ناسیانەوە، ئیدی لەهەڵهاتنیدا تا پەیوەندی بکات بەیەکەیەکی سەربازییەوە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکییە لەلایەن پۆلیسەوە قۆڵبەستکرا. ئەو وادیاربوو لەلایەن پۆلیسەوە دوچاری ئەشکەنجەو سزا بوویەوە، هەربۆیە بەهۆی زاڕۆییەوە یاخود بەهۆی ترسەوە بوویێت ئەو شتەکەمەی کەلەبارەی پەکەکەوە زانیبووی بەپۆلیسی گوتبوو. هەر بۆیە لە دەورەبەری مانگی یەکی ١٩٩٤ بەچەند مانگێك پاش گەڕانەوەی کیژەکە بۆ نێو ماڵی بابی لە ئەستەمبوڵ.

دروست کیژەکە لەلایەن پەکەکەوە رفێنراو برا تا لەبارەی ئەوەی چی روویداوە کۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن. ئیدی نێزیکەی سێ هەفتە پاش ئەوە تەرمەکەی لەیەکێك لە دارستانەکانی شاردا بە خنکاوی دۆزرایەوە. بەمجۆرە ئەندامانی پەکەکە

لەشارەکاندا کۆنترۆڵکرابوون‌و فەرماندەرکرابوو کە هیچ کام لەوان بۆی نییە هیچ پرسیارێك بپرسێت، لە راستیشدا هەر بەوجۆرەشیان دەکرد[١٦٧]. یەکێك لە ئەندامانی پەکەکە دەیوت:" تەنانەت لە ناشتنی تەرمێکداو لە رێو شوێنی ناشتنەکەدا کەسێك بۆی نەبوو ئامادەبێت، هەموو ئەوانە لەلایەن پەکەکەوە هۆشدارییان پێدرابوو". لەم نەزمەدا هیچ کەس بۆی نەبوو لەشێوازی کوشتنێك بپرسێت، تەنانەت پرسیارکردن بۆ ئەوانە سەختتر بوو کە لەشاخدا بوون‌و لەجەنگدابوون دژ بەتورکیە، چونکە هەموو پشتیوانی‌و پشتبەستنێکیان بە پەکەکە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا گومان‌و رارایی سەبارەت بەجۆری کوشتنەکان‌و تۆمەتبارکردنی کەسانێك بە ناپاك‌و بەکرێگیراو و مەترسی دروستکردن بۆسەر ژیانیان ئێجگار پەرەی گرتبوو. ئەندامانی پەکەکە وایاندەبینی لەهەرکاتێکدا نێزیکە تۆمەتی ناپاکییان بدرێتەپاڵ، تەنانەت ئەوانەیش پێوەندی خوێن‌و خزمایەتیان هەبوو، ئەوان لەهەرکاتێکدا ئامادەبوون لەنێوببرێن‌و گوللەباران بکرێن. بۆنموونە لە دەستپێکی نەوەدەکاندا دووبرا لەنێوچەی بادینانی هاوسنوور لەتەك ئێراق بەناوەکانی جەعفەرو فەریك گولله بارانکران، ئەوە پاش ئەوە هات کە برایەکی دییان لەپەکەکە هەڵهاتبوو. یەکێك لە هاورێ پێشووەکانی زانکۆی موحەمەد دەیگوت:" موحەمەد دوازدە قوتابی زانکۆی رادەستی پەکەکە کرد کە بەکرێگیراو بوون، دواجار خۆیشی کوشتەوە، چونکە پێیان وابوو، ئەوانە هەموویان بەکرێگیراو بن، موحەمەد بۆخۆیشی هەروایە، هەر بۆیە لەبەهاری ١٩٩٠ دا بۆخۆی کوشت".

پیاوێك کە موحەمەدی دەناسی‌و لەدەوروبەرەکەی سۆراخی کردبوو بۆئەوەی بزانێت چی بەسەر موحەمەددا هاتووە دەیگوت:"سەرەتا موحەمەد فرە ئەشکەنجە درابوو. پارچە نایلۆنێك سوتێنراو کردیانە گەدەیەوە تا ناچار بە قسەکردنی بکەن .

---

[167] This story was told to me by a number of people, including one person who knew the girl very well. The murder apparently was reported in Turkish newspapers, but without the exact dates, it proved impossible to locate the articles.

لەو دەمەدا ئەشکەنجدان فرە باو بوو". یەکێك لە جەنگاوەرە ئاست بەرزەکانی پەکەکە دەیوت:"لێرەو لەوێ شتانێك بەر گوێ دەکەوتن، بەتایبەت سەبارەت بە ناشتنی قوتابییەکی ئامادەی بە زیندوویی، بەجۆرێك لەکاتی ناشتنیدا هاواریکردووە ، من بەکرێگیراو نیم. ئەم رووداوە لەئێراندا و لەنێو چیاکانی زاگرۆزدا روویداوەو قوتابییەکەیش خەڵکی شاری وان بووە.

کێ دەزانێت بۆچی، رەنگە تەنها لەبەر ئەوە بووبێت کە پرسوجۆی فرەی کردبێت، سەرەتا ساڵی ١٩٩٥ کاتێك درێژەی بە گەریلابوونی دەدا لەپەکەکەدا، ئیدی دەیپرسی، ئەو تاوانو کوشتارانە لەپای چی، ئەو هەرگیز دانەدەساچا. منداڵی کەسێك دەکوژرێتو بەخێزانەکەی دەوترێت لە شوێنێکدایەو لەوێ کەس پێی ناگات، تەنانەت ئەوان وابیردەکەنەوە کورەکەیان یان کیژەکەیان هێشتا لەژیاندایە". هەروەها ئاماژەی بەوەیشدا، کە پەکەکە لەسەر خەڵکیدا حەوابوویەوە، بەڵام پارتەکە بۆخەڵك بایەخی نەبوو، ئەوانەی لەناوپەکەکەدا بوون، تەنها خۆیان دەگونجاندو خۆیان دەبوارد لە کوشتنو لەنێوبردن، ئەگەرنا ئەوانەی بەدووای سەر ئێشەوە بوون، ئەوا فرە بەباشی تەفرو تونا دەکرانو لەنێو دەبران. لە راستیدا هێندەیش سەخت نەبوو بۆ ئەوەی کەسێك خۆی بسازێنێت لەگەڵ رەوشەکەدا.

هاوکات بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لەزیهنی خەڵکیدا بوو شتێکی دیکە بوو، خەڵکی زۆرجار گوێیان بەوە نەدەدا بە رووداني هەڵەگەلێك لێرە یان لەوێ. بەڵکو ئامانجی راستەقینە لە داواکاری دەوڵەتی کوردیدا بوون.ئەم ئامانجە چاوپۆشی لەنێو خەڵکەکەدا زیندو راگرتبوو. لەم بارەیەوە گەریلایەك کە ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی کردبوو بەرپرزەکانی پەکەکەوە دەیوت:" تۆ هەموو شتێکت قەبوڵ نەدەکرد، وەلێ دەتەویست بەشداریی لە خەباتەکەدا، من هاتبوو تا ئەرکی خەباتم جێبەجێبکەم، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە مەیدانەکە چۆڵبکەم.

## سەرهەڵدان

کوردەکان راپەڕینە جەماوەرییەکەیان دوواتر بە سەرهەڵدان نێودەبرد. ئەم راپەڕینە جەماوەرییە لە بەهاری ١٩٩٠ دا لە شارۆچکەیەکی گچکە بەنێوی نوسەیبین نێزیك سنوریی سوریە دەستی پێکردو و دوواتر تەواوی باشووری رۆژهەلاتی تورکیەی گرتەوە. پریشکی راپەڕینەکە لەئاکامی کوشتنی ١٢ گەریلا بوو کە لە ئەشکەوتێکی نێزیك سابووری سەر بە نوسەیبین خۆیان حەشاردابوو، ئەوان بەچەند رۆژێکی کەم پاش ئەوەی بەشێوەی نهێنی لەسنوورەکانی سوریاوە هاتبوونە تورکیا لەنێوبران.

لە راستیدا ئەوە رۆشن نەبوو چۆن گەریلاکان کەوتبوونە کەمینەوە[168]. یەکێك لە چیرۆکەکن باس لەوەدەکات، کە هەڵسوڕاوی نهێنی نێو شاری پەکەکە کاری بۆ میریی کردووە، هەر بۆیە ئەو نێوارەیە برێك ژەهری رۆکردۆتە نێو ماستیّو بۆ گەریلاکانی بردووەو دوواتر کە بێ هۆش بوونە سەربازەکانی تورکیای ئاگادارکردوونەتەوە. راستییەکەی ئەوەیە، هەروەك چۆن لە رۆژنامە لۆکاڵییەکانی میریشدا ئاماژەی بۆکرابوو، ئەوان فرەبەسادەیی لەلایەن سەربازەکانەوە غافڵگیر کرابوون.

لە هەمان کاتدا خزمو دۆستی کوژراوەکانی پەکەکە دەستیان کرد بەداوای تەرمی کوژراوەکانو بۆ ئەو مەبەستەیش کەوتنە جەنگەوە. لە راستیدا ئەستەم بوو بتوانرێت شوناسی راستەقینەی کوژراوەکان بناسرێتەوە. چوون گەریلاکان وەختێك پەیوەندیان کردبوو بە شاخەوە، ئیدی وازیان لە شوناسنامەی تورکییان هێنابوو، هەرچی ناوی نیهێنیشە کە لەنێو پەکەکەدا پشتیان پێبەستبوون پێویست نەبوو بۆ

[168] This section draws on interviews with PKK militants active in the region during this period. Published sources included Ozcan, PKK, 198–202; Birand, Apo ve PKK, 150–154; Imset, the PKK, 79–81, 219–221; Celik, Agri, 165–167; and Milliyet newspaper, March, April 1990.

خێزانەکانیان بیزانن. لەهەمان کاتیشدا دەکرا گەریلایەك لە شوێنێك بکوژرێت کە دوور بێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکەیو بەچەی شارێکی دیکە بێت.

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو تەنگو چەڵەمەیە لەناسینەوەی تەرمی کوژراوێکی پەکەکەدا، دیسانەوە هەندێك لەو خێزانانەی کە بۆیان روونەبوویەوە کوڕ یان کیژەکانیان لە پێکدادانەکاندا کوژراون، ئەوان لەترسی کەوتنە مەترسییەوە یاخود تۆڵەی میریی، خۆیان نەدەدا لەقەرەی تەرمی کوڕو کچەکانیانو داوایان نەدەکردەوە. هەرچەند پەکەکە دەیویست خەڵکەکە داوای تەرمی رۆڵەکانیان بکەنەوە.

چونکە ئەو شەهیدانە، کە تورکیایش هەمان دەستەواژەی بۆ سەربازە کوژراوەکانی بەکاردەهێنا، بە نیسبەت پەکەکەوە شەهید هێمایەکی گرنگ بوو، کاتێك خێزانێك رۆڵەکەیان بەئاشکراو لە بۆنەیەکی جەماوەریدا ئەسپەردەی خاك دەکرد ، ئیدی ئەوە جۆرێك لە هاوسۆزی ئەو خەڵکەی بۆ جەنگی پەکەکە لێدەخوێنرایەوە. وەلێ گرفتێك لە گۆڕێدابوو، ئەویش ئەوە بوو کە پەکەکە دارای سیستەمێکی دروستو باش نەبوو تا پێگیریی بکا لەسەر ئەوەی ئەوانەی دەکوژرێن کێێنو لە کوێ کوژراون. جیا لە هەموو شتێکی تریش، گەریلاکان ناوی دروستی کوژراوەکانیان پێنەدەزانی.

وەلێ لە رووداوەکەی سابوردا پەکەکە بەختی هێنابووی، چوون یەکێك لەو گەریلایانەی کە کوژرابوو، ناوی کامەران دوندار بوو، ئەو تەمەنی ٢٠ساڵ دەبوو، ناوبراو دارای بنەماڵەیەکی ئێجگار نەتەوەپەرست بوو. لەبە ئەوە جەنگاوەرێکی وەك دوندار بۆپەکەکە بایەخێکی مەزنی هەبوو، کوژرانی چەندین گەریلا لەهەمان کاتدا دیسانەوە هێندەی پێویست رووداوێکی مەزن بوو. هەربۆیە پەکەکە دەیتوانی بەسانای کۆدی نهێنی ئەوانە بداتەوە بە بنەماڵەکانیان.

بابی دوندار خێرا داوای لەدەسەڵاتدارانی نێوچەکە کرد کە تەرمی ڕۆڵەکەی رادەستی بکەنەوە. هیلین خزمێکی تەمەن چواردە ساڵی کامەران دەیگوت:" ئەو شەوە چاوەڕێی باوکی کامەرانمان دەکرد لەماڵی خزمەکانماندا، سەدان کەس گردببوونەوە، پرچیان رادەکێشاو دەگریان. ئێمەی زاڕۆکان پێمان گوترابوو تا بڕۆین هەموو کاسێتی گۆرانیو مۆسیقا کوردییەکان حەشار بدەین. لەراستیدا ئەو کاسێتانە هی یەکەکە نەبوون، تەنها مۆسیقاو گۆرانی بوون ، ئەو کارەمان دەکرد چون دڵنیابووین پۆلیس دەگاتو ئەوانیش باش دەزانن ئەوەی کە کوژرابوو کێیەو چی بووە.

لەسەرەتادا پۆلیس داواکەی بابی کامەرانیان دایە دواوە بۆ ئەوەی تەرمی کوڕەکەی وەربگرێتەوە، تا دوواجار نەرمیان نواندو تەرمەکەیان رادەستی بابی کرد". هیلین لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا گوتی:" بە بابی کامەران سەعات ٤ی بەیانی تەرمەکەیان پێدابوو، پێیان وتبوو پێویستە تا سەعات حەوتی بەیانی بنێژرێتو تەنها ئەندامانی خێزانەکەشتان لە ڕێو ڕەسمی ناشتنەکەدا بەشداربن". هەروەها وتی:" دایکی کامەران پێویستبوو لە ئەزمیرەوە بگاتو ئامادەی ڕێو ڕەسمەکە بێت. ئێمە زارۆ بووین هەموو لامان تێگەیاندبوو کە بێنو پێوەندی بکەن بە ڕێو ڕەسمەکەوە. یەکێك لە خزمەکانی کامەران پێی دەوتین، مەگرین، ئەمە جەنگە، پێویستە بەهێزبین".

لە درەنگانێکی دووا نیوەڕۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی کامەران بەڕێوەچوو. سەرەتا تەرمەکە برایە مزگەوتێکی دوور لە شارۆچکەکەوە. هەرچەند لەماڵی کامەرانەوە مزگەوتی نێزیکتر هەبوو، وەلێ بنەماڵەکەی مزگەوتێکی دوورتریان هەڵبژارد تا خەڵکانێکی زێدەتر دەرفەتیان هەبێت پێوەندی بکەن بە ڕێو ڕەسمی ناشتنی تەرمەکەوە. بەم جۆرە لەکاتی گەڕانەوە لەسەر قەبران، ڕەوشەکە ماتەمینییەکە گۆڕا بۆ توندوتیژییو بگرەو بەردە، ماتەمگێڕان کە ژمارەیان خۆی

دەدا لەهەزاران کەس، دەستیان دایە هاویشتنی بەردو بەردەفڕکێ ڕوو بەپۆلیس. یەکێك خزمێکی گەنجی کامەران دەیووت:"ئەو پۆلیسانەی ڕژابوونە نێوچەکە تا ڕێ لەتەشەنەسەندنی خۆپیشاندانەکە بگرن. لەو کاتەدا کەسێك کە دەبوو خۆپیشاندەربێت، دەستی کرد بەتەقە. ئیدی جەنگ هەڵگیرسا، هەر مەردوم بوو تەقەی دەکردو لەهەردوو تەرەف قوربانی هەبوون". بەمجۆرە قەدەغەی هاتووچۆ لەلایەن میرییەوە ڕاگەیەنرا، وەلێ هیچ کەسێك ملی نەدا بۆ ڕێنوماییەکان. میریی لەرێگەی فڕۆکەو دەبابەوە هێزی تایبەتیان گواستەوە بۆ شوێنەکە. بەجۆرێك ڕۆژنامەیەکی تورکی هۆشداری دا، کە لەنوسەیبیندا ژینگەیەکی شۆرش ئامێز دەرەخسێت[١٦٩].

خۆپشاندەران لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمەکەدا بلاوبوونەوە. کاتەکە درووست لەسەروبەندی چەژنی نەورۆزو سەری ساڵی کوردیدا بوو، هەر بۆیە ئەو کاتە زیاتر هانی تەنگژەو پشێوییەکانی دا. بەجۆرێك زانیاری درابوو کە تەنها لە نوسەیبیندا خۆپیشاندەران ٥٠٠٠ کەسیان پێکدەهێنا.

لەشارۆچکەی سیزر کە یەکێکبوو لەو شارۆچکانەی بەسەختی هەواداری پەکەکە بوون، ١٠٠٠٠ کەس پەشداریان لە پرۆتستۆکردنەکەدا کرد. ئیدی لێرەو لەوێ ڕۆژنامەکانی تورکیا بە سەرسوڕمانو هەیەجانەوە پیاوانی توڕەیان پیشان دەدا کە بەنێوشەقامەکاندا ڕایاندەکردو تایەو لاستیکەکانیان ئاگرتێبەردەدا، هاوکات ژنانیش بە ڕووسەری سوننەتییەوە کە نیمەی دەمووچاویان داپۆشیبوو، بە شکۆوە دەستی توڕەییان بەرزکردبوویەوە.

ئیدی دەوڵەت بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کاردانەوەکان چۆن دەبن‌و چی دەقەومێ نارەزاییەکانی بە کاری پشێوی‌و تێکدەرانە پێناسەکردو نێوچەکانی

---

[169] Milliyet, March 17, 1990.

گەمارۆدا. رەخنەو گازاندەكانیش ڕوویان كردە پارتی سۆسیال دیموكراتی بەرهەڵستكار.

هاوكات پەرلەمانتارێك گازاندەی ئەوەیكرد كە هێزە ئاسایشییەكان ڕۆڵیان هەبوو لەهاندانی تەنگژەو یاخیبووەكان لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەرەكاندا، یەكێكی دی پێی وابوو پشێوییەكان دەرخەری ئەو ڕاستیەن كە سیاسەتی دەوڵەت لەنێوچەكەدا دووچاری شكستبووەتەوەو پێویستە لەبری ڕێگەی سەربازی شتانێكی دی پێشنیازبكرێت بۆ بەرگرتن لە گرفتەكە"[١٧٠].

دەنگی پەرلەمانتارە نارەزاكان درێژەی نەكێشا، دەوڵەت مژوڵی ئەوەبوو لەرێگەی توندكردنەوەی دەسەلاتو تواناكانی بەرووی خۆپیشاندەراندا كۆنترۆڵی بگەڕێنێتەوە، هەر بۆیە تانكو زرێپۆشێكی ئێجگار زۆر نێوچەكەیان تەنی بوو. وەزیری ناوخۆی توركیا عەبدولقادر ئاكسو لە دیدارێكدا سەرزەنشتی پەكەكەی كردو ڕایگەیاند: "خەڵكی شاراوەی پشت جەماوەری خۆپیشاندەرو خەڵكی لۆكاڵی نێوچەكە هۆكاری پەرەگرتنو گەشەی پشێوییەكان بوو"[١٧١]. لەكۆتایدا وادیاربوو كە جەنگی پەكەكە لە شاخەكانەوە دابەزیوەتە نێو شارەكانی توركیە. وەلێ پەكەكەیش دروست وەك دەوڵەت لە هێزو تواناو هەیەجانی خەڵك سەری سوڕمابوو.

هەرچۆنێك بێت هەردوو ساڵانی ١٩٨٩ و دەستپێكی ١٩٩٠ بۆ جەنگاوەرانی پەكەكە بەسەخت گوزەرا. ڕێژەی پێكدادانەكانو تێكگیرانی لەتەك هێزە ئاسایشییەكاندا لەزیادبووندا بوو. پەكەكە تاڕادەیەك توانیبووی لە ڕێگەی كۆمەكو هێزی ئەندامە نوێیەكانەوە قەرەبووی لەدەستدانی ژمارەیەكی ئێجگار زۆر لە ڕیزەكانی بكاتەوە. گرفتەكان لەنێو یەكە سەربازییە جوداكانی پەكەكەدا لەسەروبەندی ١٩٨٩ بووە هۆی تێكگیرانو هەندێك وردە تەقە لەنێوانیاندا،

---

[170] Independent deputy Adnan Ekmen and Social Democratic deputy Tevfik Kocak, respectively, quoted in Milliyet, March 20, 1990.

[171] Milliyet, March 22, 1990

بەتایبەتی لەنێوچەی تونجەلی لە نێوەراستی ١٩٩٠دا هەندێك گرفت روویدا. رەوشەکە بەجۆرێك بوو کە یەکێك لە یەکە هەرێمییەکان لەدەرەوەی سنوورەکانی تورکیادا کاری کرد تا گروپەکان رێکبخەنەوە بۆ بەرێوەچوونی پلانە نوێیەکانیان.

جیا لەوەیش هەرچەند ئاتاج بەیارمەتی خەڵکیو ئاواییەکان پەکەکەی زیندو راگرتبوو، ئەو پشتیوانیی وەرگرتنە لەخەڵکی ئاواییەکان هەر بەردەوام بوو. تا ئەوکات پەکەکە تێمابوو نەیدەزانی چەندە رادەی پشتیوانیی لەشارەکاندا مسۆگەرکردووەو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دەنگدانەوەو تەقینەوە جەماوەرییەدا بکات. ساری باران فەرماندەی پێشووی پەکەکە، ئەوەی بانگەشەکانی ئەندامانی دیکەی پەکەکە دوپاتیاندەکردنەوە رایگەیاند:" خۆپیشاندەران بەبێ هیچ تێوەگلانێك یا بەشدارییەکی پەکەکە راپەرین". هەروەها دەیووت:" پاشئەوەی خەڵکی راپەرین، ئێمە بیرماندەکردەوە پێویستە شتێك بکەین، بەڵام لەکۆتایدا هیچمان پێنەکرا". لە راستیدا پەکەکە دارای توانایەکی کەمو کورت بوو تا ئەو خۆپیشاندەرانە رێبەرییبکاتو بیانجوڵێنێت بەرەو پێشەوە. ئامادەیی خەباتکارانی پەکەکە لەشارەکاندا تا ئەوکات سنووردار بوو. بوونێکی لاوازی چالاکوانە مەدەنییەکانی پەکەکەو خەباتکارەکان تەنها بۆ ئامادەکردنو بەدەستهێنانی ئەندامی نوێ بوو تا بۆ بەرەکانی جەنگ ئامادەیان بکەن.

باران لەم بارەیەوە دەیوت:" ئێمە کاریگەریمان هەبوو، وەلێ رێکنەخرابووین". لەراستیدا هۆیەك بۆ لاوازیی لەشارەکاندا دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە کارکردن لە ژینگەی شاردا فرە سەختو دژوار بوو. هۆکاری دیکە ئەوە بوو، ئەوکات جەنگاوەریی لەنێو شارەکاندا تا رادەیەك واتایەکی تانە ئامێزو سوکایەتی هەڵدەگرت. لەبەر ئەوە پەکەکە هیچ پێداگیرییەکی ئەوتۆو تایبەتی لەسەر مانەوە لە نێوەندە شارییەکاندا لەپێشچاونەگرتبوو، تەنها سەرگەرمی گردکردنەوەی ئەندامی نوێو ناردنیان بوون بۆ شاخ. لەراستیدا رێی تێدەچێت نەخشەی پەکەکە

سەبارەت بە شارەکان لۆژیکیی بێت چونکە ئەوان خۆیان بە بەڕێوەبەری خەباتی چەکداریی کورد دەزانی، هەربۆیە وایاندانابوو ئەو خۆپیشاندانانە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەوە رادەکێشێت کە رێگەیەکی تر لەخەباتو دوور لەخەباتی چەکداریی خەڵکی ئاڕاستەبکات. لەبەر ئەوە پەکەکە هیچ هۆکارێکی نەدەبینی بۆ هاندانی زێدەتری خۆپیشاندەران دژ بەمیریی.

بەمجۆرە خۆپیشاندانەکان وادیاربوو هەر چەند هەفتەیەك درێژەبکێشن، ئیدی خەڵکی ماندوو بێزار نەیاندەزانی ئیدی هەنگاوی داهاتوو دەبێت چی بێت، هەر بۆیە لەو قۆناغەدا خزابوونە کونجی ماڵێو هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو. هاوکات دەسەلأتدارانی نێوچەیی تورکیا هاوکاربوون تا تەنگژەو خۆپیشاندانەکان کەمکەنەوە، چوون ئەوان فەرمانیان دەرکردبوو بۆ هێزە ئەمنییەکان تا دەستوەرنەدەنە کاروباری خۆپیشاندەرانەوە، مەگەر ئەوەی رەوشێکی تەواو پێویست بێتەپێشەوە. بەمجۆرە ئەو هەیەجانو وروژانە کورتو کەمخایەنەی خەڵك لەبەرامبەر دەوڵەتدا هاوڕابوو لەبەرامبەر دەستبەسەرکردنی سەدان کوردو گوللەبارانکردنی چەندکەسێكو هۆیەك بوو تا چەندین کەس رووڵەشاخ بنێنو پێوەندی بەپەکەکەوە بکەن.

هیلینی ئاشنای دووندار دەیگووت:" هەموو هەفتەیەك پاش رێورەسمی ناشتنی تەرمەکە پۆلیس دەهاتە نێو ماڵمان، لەیادمە بابی کامەران لەماڵێ نەدەنووست. دوواجار پۆلیس ئەویان دییەوەو دووریان خستەوە، ئەو دارای گەلێ نەخۆشی بوو. سەربازەکان لەهیچ نەدەگەڕان ، تەنانەت گۆڕستانەکانیشیان تێکدابوو، من وا راهاتبووم رۆژنامەنووسانم دەبردنە ئەویێو تێکدانو دەردیسەرییەکەم دەخستنە پێشچاو، پێشم دەگوتن گەر ئەم رەوشە بەردەوام بێت، ئەوا ئێمە هەموومان روودەکەینە شاخ".

بەمجۆرە بەرەنگارییەکی سەرتاسەریی لەنێو ریزەکانی خەڵکدا نیشاندانی ئەو ڕاستییە بوو کە خەڵکیی ئامادەیی دەردەبڕن بۆ مردنو کەمتر ترسی میریی کاریان لێدەکات.

ئەوە ئێجگار جێگەی بایەخ بوو بۆ پەکەکە، ئەوە هەوڵێك بوو تا زێدەتر خەڵکی ڕازی بن بە نەزمو نوارینی پەکەکە لەمەیدانەکەدا. بەمجۆرە پرۆتستۆکان ئەوەی سەلماند کە چیتر خەڵکی ناکاراو بێدەنگ نابن. ئەم جموجوڵو گورە نوێیە هۆیەك بوو تاپەکەکە ئیدی بتوانێت لەنێوەندە شارییەکەشدا زاڵبێت بەسەر ئەو تەنگو چەڵەمەو تاستەنگانەی پێشوودا کە دەهاتنە ڕێی. ئیدی پەکەکە دەستی ڕادەگەیشت بە تۆڕێك پێوەندی فراوانترو زانیارییە هەواڵگیرییەکانی پەرەیان پێدراو بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان بوون، هاوکات ڕێنەندازیش کرا تا تۆڕێك چالاکوانو پێڕێك گەنجی کارا بێنە نێو ریزەکانییەوە.

بەوتەی چیلیك فەرماندەی پێشووی پەکەکە بوونی خۆپیشاندانو پرۆتستۆکان پەکەکەیان پاراستو هێشتەوە. بە هاتنی ١٩٩٠ هەیمەنەی ئۆجەلان لەنێو پەکەکەدا وەك مانگ ڕۆشن بوو، هیچ ئۆرگانێکی پارتەکە بەبێ ئاماژەی ئۆجەلان نەیدەتوانی پەنجە بکات بەئاودا. بە لێکدانەوەی یەکێك لە شۆرشگێڕەکان، ٢٥ ئەندامەکەی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە لەماوەی ٣ ساڵدا، سێ جار گۆڕانکارییان بەسەرداهاتو گۆڕان بۆ کەسی تر. کاتێك گردبوونەوەیەك ئەنجام دەدرا لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکەدا، ئۆجەلان بۆ هەمووان ئامادەسازی دەکرد تا ڕەوشەکە هەڵسەنگێننو ئەنجامگیریی بکەن و پاشان ڕوانینی خۆی چڕدەکردەوەو پێشبینی پەسەندکردنی دیدگای خۆی لە هەمووان دەکرد.

بە هەمان شێوە کۆنفرانسەکان لەسەر ئاستی هەرێمیی فەرماندە سەربازییەکان لەلایەن ئۆجەلانەوە بەڕێوەدەبرا، ئەو تێڕوانینو دیدگای خۆی نومایان دەکردو دەیخواست لەرێگەی پەیکی خێراوە کاسێتو بڵاوکراوەو پەیامەکانی وەشانبکرێن.

لەراستیدا ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە ئەندامانی پەکەکە ئەوانەی لەئاستە بالآکانی پارتەکەدان‌و ناتوانن سەرنج‌و تێبینی‌و هەڵسەنگاندنی خۆیان بخەنە ڕوو، یاخود ڕۆحی بەرەنگاریی‌و تەحەدایان تێدانییە، لە سەرەتادا کاروبارەکان بەهۆشداری‌و پەسەندمەندیی ئۆجەلان بەڕێوەدەچوون‌و ئۆجەلان دەیتوانی هەرکەسێك لەفەرمانی دەربچێت سزای بدات، وەلێ هەندێك جار کارگەلێك کە بەفەرمانی ئۆجەلان ئەندامانی پەکەکە پێی هەڵدەستان، دیسانەوە ڕووبەڕووی سزادەبوونەوە.

بۆنموونە لەساڵی ١٩٨٨ خەلیل کایا لەسێدارەدرا، ئەوە پاش ئەوە هات ئۆجەلان بڕیاری دابوو، کە ئەو پێویست دەکات پلار بگرێت لە کەسێك لەپێناو شکستی پرۆسەی سەربازگیریی زۆرەملێدا. ئۆجەلان لەرووکەشدا خۆی وەك سەرۆك‌و سکرتێری گشتی نومایاندەکرد، کە ئەمەیش ئاماژەبوو بۆئەوەی ڕێبەرایەتی پارتەکە لە دەستەلاتێکی دەستەجەمعیدا بەڕێوەدەچێت، وەلێ ڕێبەرایەتییەکە لەراستیدا ئاماژەبوو بەدەسەلآتی تەنها ئۆجەلان. پێڕەوی نێوخۆیی پەکەکە لەساڵی ١٩٧٨دا داڕێژرابوو، وەلێ کاریگەریی بەندویاسا جۆراوجۆرەکان‌و ڕێکخستنەکانی دەوروبەر بەدرێژایی چەندین ساڵ جۆرێك لە گۆڕانکارییان لەسەر نەزمی پارتایەتی پەکەکەدا هانی بوو. وەلێ هیچ کام لەو گۆڕانکاریانە یاخۆکاریگەرییانە سەربەخۆو جیا لە خواستی ئۆجەلان نەبووە.

ئەو بۆخۆی داوای دەکردو ڕاستیدەکردەوەو لایدەبردو دەیگۆڕی (کوردەواری گوتەنی بۆ خۆی دەیبڕی‌و بۆ خۆی دەیدووری، وەرگێڕ). هەرچەند ئۆجەلان فرە هەستیار لەبەرامبەر ئەگەری لەدەستدانی دەسەلآتەکەیدا ڕەپ وەستابوو. هەربۆیە ئامادەکاری کردبوو بۆ کۆنگرەی چوارەمی پارتەکەی کە بڕیاربوو لەمانگی ١٢ ی ١٩٩٠دا ببەسترێت.

لەوێدا چەند بڕیارێکی دەرکردبوو کە هێزی مانەوەی زێدەتریان دەدا بەدەسەڵاتی ئۆجەلان[172]. بۆنموونە زانیاری گەلێك لەبەردەستدابوون بۆ ئەوەی تەحقیق لە شەش فەرماندەی سەربازیی بەئەزموونی پەکەکە بکەن، گوایا راڤەی هەڵەیان بۆ فەرمانو خواستەکانی ئۆجەلان کردووە لە نێو گەرِیانەکەدا.

تۆمەتبارکردنی ئەوانە وابەستە بوو بە شکستی پەکەکە لە فراوانکردنی بەرەی جەنگەکەیدا، هاوکات گرێدرابوو بەو هەموو پلارو رەخنەیەی لەسەر نەزمی جەنگیی پەکەکەو هێرشەکانی بۆ سەر گیانی هاوڵاتیان . لەلایەکی تریشەوە بەندبوو بە نەزمی سەربازگیریی زۆرەملیّو کوشتنی ئەوانەی ناو زەد دەکران بە کرێگرتەیی لەنێو پەکەکەدا. لەراستیدا لێپێچینەوەو وەستان لەسەر ئەم پرسانە ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە ئۆجەلان گەرەکیەتی ئیدی هیچ پێشهاتێکی لەو جۆرە لەنێو پەکەکەدا نەقەومیّو بواریان بەرتەسکبکرێتەوە.

بەکورتی تەقەڵای ئۆجەلان لەم کارانەیدا وابەستەبوو داماڵینی خۆی لەتاوانو رەخنەو پلارو چەوتییەکانی حزب. حسێن تۆپ گیدەر لەم بارەیەوە هەوڵی لەم جۆرەی ئۆجەلانی بەم جۆرە لێکدەدایەوە: ئەگەر کارێکی ماقوڵو باش ئەنجامبدرایە، ئەوە دەستکەوتی پارتەکەبوون وەلێ گەر هەڵەیەك بکرایە ئەوە هەڵەی شەخسو تاکەکان بوو، هەرگیز حزب لە هەڵەوە نەدەگلا. لەراستیدا هەندێك جار هەڵەکان بەهۆی ستراتیژی هەڵەی ئۆجەلانەوە بوون، وەلێ ستراتیژی ئۆجەلان نەدەبوو قسەی لەبارەوە بکرێت. لەبەر ئەوەی گەر تۆ لەبارەی ئەو ستراتیژەوە پرسیارت بکردایە، واتە پرسو جۆ و کۆڵینەوە لە پارتەکە دەکەیت، ئەوەیش مانای وابوو لە ئۆجەلان دەپرسیتەوە، کارێکی لەم جۆرەیش دوور تانێزیك بڤە بوو.

---

[172] nformation on the 4th Congress draws on interviews with congress participants. Additional information in Celik, Agri, 169–173; Ocalan, PKK'ye Dayatilan Tasfiyecilik, 451–525; Yuce, Bildirgesi, 226–237; and the open letter is- sued by PKK-Vejin, "PKK-MK ve tum uye ve savasci arkadaslari" (To the PKK central committee and all comrade fighters and members).

لەدووی مانگی هەشتی ١٩٩٠ پێنج مانگ پێش ئەوەی پەکەکە پلانی کۆنگرە دابڕێژێت، ئێراق کووەیتی داگیر کرد، کوەیت ولاّتێکی زەنگین بەنەوت لەسنوورەکانی باشوری ئێراق بوو.

باش چەند مانگێك کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، دەستیوەردایە جەنگەکەوەو دوواجار بریاریان دا پێویستە ئێراق بەبێ هیچ مەرجێك پاشەکشەبکات، ئەگەر نا هێزی سەربازی بەکاردەهێنن بۆ هەڵکەندنی هێزەکانی ئێراق. ئیدی لەپێشبینی ئەگەری جەنگەکەدا، ئێراق بەشێکی فرەی هێزەکانی گواستەوە بەرەو سنوورەکانی باشووری ولاّتەکەی، بەمەیش بۆشاییەکی فرە لە رووی هێزی سەربازییەوە لە سنوورەکانی باکووری ئێراقدا دروستبوو. ئەمەیش بەبێ رەچاوکردنی رەوشی سیاسیی بوو لەگەڵ تورکیا. بەمجۆرە غیابی کتوپڕی هێزەکانی ئێراق لە نێوچە سنورییەکانی باکورداو پەرتەوازەیی پارتەکانی کوردستانی ئێراق زەمینەی سازکرد تا پەکەکە بەسانایی شوێنی خۆی لەنێوچە سنووریەکانی باکووری ئێراقدا بکاتەوە. تەنانەت ئۆجەلان لەتاو تامەزرۆیی دەربڕینی بۆ ئامادەبوونی لەبەشێکی خاکی کوردستاندا ناوچەکانی باکووری ئێراقی بە بەشێك لە کوردستان نێو زەد کردو بڕیاریدا چوارەم کۆنگرەی خۆی لە باکوری ئێراقدا ببەستێت. لەکاتی دامەزراندنی پەکەکەوە تا ئەوکات ئەوە یەکەم کۆنگرەی گروپەکە بوو کە لەقەڵەمڕەوی کوردیدا ببەسترێت. هەربۆیە ژینگەو هەیەجانێکی گەورە رووی لە ئەندامانی گروپەکە نابوو. بەلاّم ئۆجەلان بواری بۆ نەرەخسا سوریا بەجێبهێڵێتو لەباکووری ئێراقدا ئامادەبێت. لە راستیدا دەربازبوون بەناوچە سنورییەکاندا مەترسیدارو دژواربوون بەتایبەتی ئامادەبوون لە نێوچەشاخاوییەکانی باکوری رۆژهەلاّتی زاخۆدا کە کەمپی گروپەکەی لێبوو. لەجیاتی ئامادەنەبوونی خۆی ، ئۆج ئالان نۆکەسی وەك ئەنجومەنی ئامادەکاری دەستنیشانکرد، کە لەنێو ئەواندا عوسمان ئۆج ئالانی برایو جەمیل بایکی جێ متمانەی خۆی تێدابوون بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکە لە

هەفتانێن دا بەڕێوەبەرن. هەفتانێن دەکەوتە نێوچە شاخاوییەکانی هەڵکەوتوو لە سنووری ئێراق تورکیا، ئەوێ ببووە نێوەندێ راهێنان‌و گردبوونەوەی ئۆردوگاکانی پەکەکە لەنێوچەکەدا.

لەسەر بەردەلاّن‌و تەختی زەمینی ئەو نێوەدا عادەتەن ۳۰۰ گەریلا دەنوستن، وەلێ بەگوێرەی حساباتی کۆنگرەکە خێوەتگەلێکی بەرین ئامادەکرابوو کە سەد کەس یاخۆ نوێنەرانی ئامادەبووی لەخۆدەگرت بۆ خەوتن‌و حەوانەوە. کۆنگرە لە دواین هەفتەی مانگی دە دا بە گردبوونەوەی سەردارانی کۆبوونەوەکەو ئیدانەکردنی ئەو جەنگاوەرە هەمەجۆرانەی کە ببوونە هۆی لاوازکردنی نەبەردییەکانی پەکەکە دەستی پێکرد. نوێنەرانی کۆنگرە بەجارێ دەستیان هەڵبڕی تا دروست لەوکاتەدا جەنگاوەرە ناپاکەکان دەستبەسەربکەن‌و کۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەن. ئیتر یەك یەك لەکۆنگرەدا تۆمەتبارەکان دەرهێنران‌و دووریانخستنەوە تا لێپێچینەوەیان لەتەکدا بکەن. لەم نێوەندەدا حوسەین تۆپ گیدەری فەرماندە لەهەموو دەسەلاّتێك تەکێنرایەوە، تەنانەت لەپێش کۆبوونەوەکەدا تەنها رێگەی پێدرا گوێ لە لێپێچینەوەکان بگرێت، دوواتر نەیانهێشت بەشداری کۆنگرەکەیش بکات. یەکێکیتر لە سەرکردە بالاّکانی پەکەکە بەنێوی جەمیل ئیسیك(هۆگر) کە لەپێش کۆنگرەدا لەدەستی پارتەکەی پەنای بردبووە بەر ئێران‌و هەڵهاتبوو، لە کۆنگرەدا بە غیابی سزای مردنی بەسەردا سەپێنرا. هەموو کەسێك چاوی لێسورکرابوویەوە. تەنانەت پەکە چەکدارییەکانی پەکەکە رەخنەی شکستی هەڵکوتان‌و هێرشەکانیان لێگیرا بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکانی تورك‌و شکستەکانیان دایەپاڵ نا وردو وریایی لە ئامانجەکانداو بێ بایەخی‌و هەڵە لە ئامانجەکاندا.

تەنانەت ئەو راپۆرتانەی لەلایەن یەکە سەربازییە جیاوازەکانی پەکەکەوە ئامادەکرابوون لەرووی ئایدیۆلۆژی‌و ئیلزامییەوە لاواز بە دۆزو دۆسیەی پەکەکە

لێکدرانەوە.ئیسیل کوروکایا بەمجۆرە دەیگێڕایەوە:" کەسێك هەستاو راپۆرتەکانی خوێندەوە، پاشان مشتومڕی کراوە لەبارەیەوە دەستی پێکرد".

هەروەها وتی:" کەسێکی ترهەستا گوتی: ئەوان رازی نابن بە راپۆرتێکی لەو جۆرە، چونکە زانیارییەکانی شوێن نەهێو نیازی پەکەکە نەکەوتوون. دوواجار هەمان ئەنجامو روانین سەبارەت بە تێکڕای راپۆرتەکان درا. ئیتر راگەیەنرا کە ئەوانەی رێبەرایەتی جەنگی چەکدارییان کردووە لە نێوچە شاخاوییەکاندا، بە گوێرەی پێویست دارای بەرنامەی رۆشنو توانای سەربازیو زاڵ بەسەر کارەکەیاندا نەبوون".

لەم بارەیەوە ئیسیك کوروکایا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە چۆن ژینگەی تیرۆر باڵی کێشاوە بەسەریاندا. مەهمەت چەتین سینەر، ئەو کەسەر رێبەرایەتی هەڵمەتە سەربازییەکانی پەکەکەی دەکرد، نێزیك لەو کاتەوە پێوەندی بەرپرزەکانی پەکەکەوە کردبوو، ئەوە پاش ئەوە بوو کە هەشت ساڵ تەمەنی خۆی لەزیندانی دیاربەکردا گوزەراندبوو. سینەر کەسێکی ناسراوو سەنگین بوو لەنێو ئەندامانی پەکەکەدا، ئەو پەشداری کردبوو لە راپەرینی زیندانیانی دیاربەکرو یەکێك بوو لەو زیندانیانەی کە مانی لە خواردن گرتبوو .

پاش مەرەخەسکردنی لەزیندانن پەکەکە یارمەتیاندا تا لەتورکیا قوتاربێتو لە سەرو واری ١٩٨٩دا پێوەندی کرد بەپەکەکەوە لە دۆڵی بیقاع دا. ئۆجەلان ئەوی وەك سەرپەرشتیاری مەشقە ئەکادیمییەکان دەستنیشانکردو هەڵی بژارد بۆ لیژنەیەك کە تێیدا ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی خرایە ئەستۆ. دوواتر سینەر باسی لەوەدەکرد کە ئۆجەلان بۆیە ئەوی بۆ ئەو پۆستانە دەستنیشانکردووە تا جەماوەرییەتیو دەنگدانەوەی زیندانیی ئەو بقۆزێتەوە بۆ شیرینکردنی وێنەی خۆی لەپێشچاوی ئەندامانیدا. هەرچەند ئەوەیش رێی تێدەچوو کە بەراستی ئۆجەلان لەبارەی نێو و شۆرەتی سینەر نیگەران بوو، هەر بۆیە ئەوی لەنێزیك خۆیەوە

هێشتبوویەوەو چەند پۆستێکی بەڕێوەبردنی خستبووە ئەستۆ تا لەنێو پەکەکەدا مژوڵی کارەکانیبێت. لەدوواییدا ئەو سیاسەتە دادی ئۆجەلانی نەدا، چوون سینەر پاش ئەوەی زەبوونکردنی جەماعی ئەندامانی پەکەکەی دیو تۆمەتبارکردنو کوشتنو دەکردنی فەرماندەکانی پەکەکەی رەچاوکردن ئیدی کەوتە گلەو گازاندەگرتن لە ئۆجەلان.

زیاتر یان کەمتر لەساڵێك کە سینەر لە بیقاع گوزەراندبووی. بەچاودێریکردنی هەوڵی شێوە هستریای پەکەکە بۆ لەبێخ هەڵکێشانی ناحەزانی لەنێوخۆی پەکەکەداو بەتەماشاکردنی رەفتاری ئۆجەلان لەو ماوەیەدا، ئیتر ئەو راستیە لەلای سینەر گەلاڵەبوو کە سوچی لاوازیی پەکەکە وابەستەیە بە خودی رێبەرەکەیەوە.

هەربۆیە لەئێستادا جیا لە ئۆجەلان بە پشتیوانی کەسێکی دیکە بەنێوی ساری باران کە لە بیقاع لەگەڵ سینەر پێکگەیشتبوون. سینەر جموجوڵەکانی دەستدایە. ساری باران بەهەمان شێوە ئاست بڵندو سەنگینو فەرماندەیەکی کارای هەرێمی هەکاری بوو. کوروك کایا پێی وابوو کە ساری باران هەرگیز وتەکانی سینەری فەرامۆش نەدەکرد. سینەر دەیگووت:" هاورێیان، بارودۆخەکە بەجۆرێك هەڵسەنگێنراوە کە هەر حوکمێك درابێت هەڵەو نارەوا بووە. من پێم وایە دەکرێت جەنگەکان هەڵەو پەڵەبن، وەلێ ئەوانەی کە چەك هەڵدەگرنو روو لەشاخ دەنێن جگە لەکارێکی شکۆمەندانە هیچی دیکە نییە، ئەوانە کەسانێکن کە بەگیانی خۆیان قوربانی دەدەنو داویانە، وابیرناکەمەوە ئەوانە تاوانبارو ناپاکبن.

ئاپۆ دەیوت ئێوە یارمەتی هەوڵەکانی جەنگی تورك دەدەن بە ئەنجامدانی هەڵەکانتان، وەلێ ئەو ئەوە دەکاتە راستییەك، چونکە کارەکانی ژمارەی پاسەوانەکانی سنوور هەڵدەکشێنێت. هەروەها ئەگەر هەر چییەك کە گەریلاکان ئەنجامی دەدەن هەڵەبێت یاخۆ ئەو چالاکیانەی کە دەیکەن تاوانبن، ئەوا پێویستە خودی پارتەکە کۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێتو دادگایی بکرێت، من زۆر بە سانایی

دەمهەوێت بیروبۆچوونی خۆم نومایان بکەم". سینەر لەلایەن جەمیل بایك یەکێکی تر لە سەرۆکەکانی کۆنگرە، هۆشداری دابوویە سینەر، بەوەی پێویستە وریای خۆی بێتو هۆشی بێت خەریکە چی دەڵێت. وەڵێ سینەر ملی نەداو ئەوەی دایە دوواوە کە رەخنەو رامیاری خۆی سەبارەت بە ئۆجەلان پەنهانبکات.

لەبری ئەوە داوای لە نوێنەرانکرد کە پرۆپۆزەڵو پێشنیهادەکانیان جەختبکەنەوە سەر دووبارە پێدانەوەی دەسەڵات بە کۆمیتەی ناوەندیو لەسەر نەزمی دیکتاتۆریەتی ئۆجەلان راوەستنو هەڵوێستە بکەن.هەروەها سینەر داوای کرد پێویستە سەرزەنشتی ئۆجەلان بکرێت، وتیشی پێویستە لەبری کوشتنی چالاکوانانو بێسەروشوێنکردنیان، ئەبێت کۆڵینەوە لەبارەی ئەو سیاسەتانە بکرێت کەهانی ئەوکەسانەدەدات کە کاریو باری لەوجۆرە ئەنجام دەدەن.

سینەر و شوێنکەوتووانی چەند مانگێکی کەم پاش کۆنگرە لەنامەیەکی کراوەدا نوسیان: هەروەك چۆن ئۆجەلان روونیکردەوە:" هەمووان کادێریی بنچینەیین، کەواتە ئێمە هەمووان تاوانبارین. هەربۆیە بهێڵن رەخنەکانمان لەسەر چالاکییو کارەکانی یەکتریبێت. لەلای ئاپۆ ئەوە روون پەنهانکراوە کە هەڵکوتانە سەرئاواییەکانو کوشتنی هاوڵاتیانی بێتاوان کێ لێی بەرپرسە؟ هەڵکوتانە سەر ماردین پەڵەیەکی رەشە لەمێژووی گروپەکەدا ، هەموو کارەکان شەخسەن لەلایەن ئۆجەلانەوە فەرمان بەکردنیان دراوە.

کاتێك شاهین بالیك وەك بەرێوەبەری پۆلیس لە ئەکادیمیادا دەستبەکار بوو. بۆخۆی ١٢ کەس لەئەندامە نوێیەکانی ریزی گەریلای کوشت. ئایا ئەوە کێ بوو شاهینی کردە بالآدەستو سەرداری ئەکادیمیا؟"[١٧٣]. لەراستیدا وەڵامەکە روونە کە مەبەستیان پێی ئۆجەلان بووە. هەربۆیە سینەر بەتایبەتی داوای کرد کە کۆڵینەوە بکرێت لە روداوی کوشتنەکانو لەبەینبردنەکانی کەمپی بیقاع کە راستەوخۆ لەژێر

---

[173] PKK-Vejin, "PKK-MK ve tum uye.

کۆنترۆڵی ئۆجەلاندا بوون هەروەها کەمپی سنووریی ئێران کە ئەویش لەژێر کۆنترۆڵی عوسمان ئۆج ئالانی برایدا بوو. هەروەها سینەر پێداگریکرد لەسەر ئەوەی کە تەنها ئەنجومەنی ناوەندی بەرپرس بێت لەدارایی پارتەکە.

تا ئەوکات هەموو داراییەکی پەکەکە بەتەنها لەژێر رکێفی ئۆجەلاندا بوو. بەم جۆرە پێشنیازەکانی سینەر لەلایەن نوێنەرەکانیشەوە پەسەندکرا. باران لەم بارەیەوە گوتی:" ئێمە ئۆجەلانمان وەك ئامانجێك هەڵنەبژارد، ئێمە لەسەر خاڵێك وەستابووین کە دەکرا لەوێوە رێکخراوەکە درزی تێبکەوێت. لەبەر ئەوە پێویستبوو شتێك بکەین تا رێ لە درزو کەلەبەرەکانو دابەشبوونی رێکخراوەکە بگرین".

بەرەچاوکردنی بۆچوونی نوێنەران ئەودەسەڵاتەی ئۆجەلان کە دەشکا بەسەر پارتەکەدا ، هەرگیز قابیلی قەبوڵ نەبوو، هەر بۆیە بەئاشکرا تەحەدای دەسەڵاتو هەیمەنەی ئۆجەلانیان دەکرد. سینەر پێش ئەوەی پێوەندی بکات بەپەکەکەوە لە حەفتاکاندا دەیخوێند بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستان ئەو کەسێکی ژیرو زیرەك بوو، بەوریاییەوەو بە بیروڕاو و سەرنجەکانی ئۆجەلان دەکرد. سینەر هەوڵی دەدا بەم رێگە کاریکاتە سەر نوێنەران، ئەوانەی کە پێشبینیان نەدەکرد رۆژێك لە رۆژان کەسێك هەبێت هێزی ئۆجەلان لەبەین بەرێت، ئەوان وابیریان دەکردەوەو بەوەیش قایلدەکران کە تەواوی پرۆپۆزەڵو پێشنیارەکان هەر لەلایەن خودی ئۆجەلانەوە دەبن.

ئازمان کە فەرماندەیەکی پێشووی پەکەکە بوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە گرفتی هەبوو لەگەڵ رامیاریو نەزمی ئۆجەلاندا لەم بارەیەوە دەیپرسی:"چۆن دەبێت رازی بین بەو کارانە، بڕیارەکانی سینەر دروست ئەو شتەیە کەخەڵکی دەیڵێت، هێشتا فرەکەم وتراوە. لەبەر دژواریو سەختی پێوەندیی لەگەڵ ئۆجەلاندا لەسوریاو هاوکات لەبەر ئەوەی تا ئەوکات خەڵکی بەباشی ئاشنا بە رێبازی ئۆجەلان نەبوون بۆیە بارودۆخەکە وامابوو".

هەروەها ئازمان روونکردنەوەی زیاتری داو وتی:" لەنێو پەکەکەدا خەڵکی وا راهاتبوون کە تەنها بەڵێ بکەن، ئەوان دەیانبینی خەڵکی دەستی بەرز دەکاتەوە، ئیتر بەبێ هیچ دوودڵییەك ئەمانیش دەستیان بەرز دەکردەوە. تا ئەوکات هیچ کەس نەیبیستبوو خەریکە لەدەوروبەر چی دەوترێت". لەهەمانکاتدا ئاڵۆزییەکان لە نێوچەکەدا تاویان سەندبوو. سەدام ملی نەدا بۆ خواستی هاوپەیمانان‌و دەستبەرداری کووەیت نەبوون هێزەکانی هاوپەیمانان بە رێبەرایەتی ئەمەریکا لە جێدابوون‌و ئامادەی هێرش بوون بۆ سەر ئێراق. پێشبینی کرابوو لە سەری ساڵدا جەنگ دەستپێبکات.

کۆنگرەی پەکەکە کە وادانرابوو سێ هەفتە بخایەنێت، ئیتر پێویستبوو بەخێرایی ئەنجامگیریی بکات تا هێزە سەربازییەکان بکشێنەوە بۆ مۆڵگە ئارام‌و ئامادەکانیان. لەپاش کۆنگرە سینەر هەر لە هەفتانین مایەوەو باران بەرەو هەکاری کشاو وسمان ئۆجەلانیش بەرەو دیمەشق کەوتە رێ تا چاوی بە رێبەری پەکەکە کەوێت.

دەرۆژ پاش کۆتایهاتنی کۆنگرە فەرمانێك دەرکرا بۆ لیچپێچینەوە لەکارو چالاکییەکانی سینەر. ئیتر لەهەفتانین سینەر دەستبەسەرکراو هەر لەوێیش لێپێچینەوەی لەگەڵدا کرا. ئۆجەلانیش ئەوەی خستە روو کە سینەر رەنگە بەکرێگیراوبێت‌و نێردرا بێت تا پشێوی‌و ئاژاوە بخاتە نێوچەکەوەو پارتەکە دوچاری ئاڵۆزی بکات.

دەستگیرکردنی سینەر دروست لەکاتێکدا بوو کە هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر ئێراق دەستیانپێکرد. ئێراق توانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێتن تەنها ناچارکرا هێزەکانی لە کووەیت پاشەکشە پێبکات. لەئاکامی ئەو رووداوەدا کوردەکانی ئێراق‌و شیعەکانی باشوور دەستیان دایە سەرهەڵدان‌و یاخی بوون رووداوەکان لە مانگی ئازاردا بوون.

ئەوان قایلکرابوون کە ئەمەریکا پشتیوانییان دەکات، وەلێ وەختێك بینیان هیچ کۆمەکێك لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دیارنییە، ئیدی رژێم دەستی کرد بەسەرکوتی راپەرینەکانو دامرکانەوەیان. ئیدی دەنگۆی دەستگیرکردنەکەی سینەر لەم بگرەو بەردەو هەرایەدا کرایە ژێر لێوانەوە. لە بەهاری ئەوساڵەیشدا باران لە بەرپرسێکی تری پەکەکەی بیست (خەلیل ئاتاج ) کە ئۆجەلان دەیهەوێت باران لەبارەی رەخنەگرتن لەخۆیو ئەو هەلأنەی لەکۆنگرەدا پێوەی گلاوە شتێکی بۆ بنوسێت.

باران لەپاش نیوەرۆیەکی ستۆکۆڵمدا لەم بارەیەوە پێی وتم:" وەلأمی ئۆجەلانم بەوە دایەوە کە من ئەوەی هەمبووەو ئەوەی نەمبووە لە کۆنگرەدا وتوومەو ئیتر شتێکم پێنییە تا پێی بڵێم". هەروەها وتی:"تێمابووم نەمدەزانی چی روویداوە، هەربۆیە هەکاریم جێهێشتو روومکردە هەفتانین، لەوێ زانیم سینەر دەستبەسەرە، وەلێ نەمتوانی چاوم پێی بکەوێت، ئاخر ئەو جیا کرابوویەوە". عەبدورەحمان قایقچی سەرۆکی نوێی یەکەی ئەمنیی تایبەت، کە ئۆجەلان پاش کۆنگرە پێکیهانی بوون وتی بەباران ئۆجەلان پلانی دانابوو تا بەئاشکراو بەرۆی رۆشن سینەر ئیدانەبکاتو پاشان بیکوژێت، دەکرێت لەدووای ویش نۆبەی باران بێت. هەر بۆیە بارانو سینەر بڕیاندابوو هەڵبێن.

قایقچیش بەئاشکرا بیرکردنەوەی دووەمی هەبوو دەربارەی پلانەکانی ئۆجەلان، هەربۆیە ئەویش پێوەندی کرد بەوانەوە. بەمجۆرە سێ پیاو لەچیاکانی باکوری ئێراقدا گروپێکی نوێیان بەنێوی بوژانەوە وە راگەیاند، ئەوان داوایانکرد هەرچی زووترە گەریلا ریزەکانی پەکەکە جێبهێڵنو پێوەندیان لەگەڵ ئۆجەلان بپچڕێننو بێنە ریزی بوژانەوەی پەکەکەوە، ئەوان پەکەکەی راستەقینەن.

بەم کارە بۆ یەکەمجار ئۆجەلان رووبەڕووی هەرەشەیەکی جدیو واقعی بوویەوە. لەرابردوودا ئەوانەی لەپەکەکە هەڵدەهاتن، فەرامۆشدەکرانو بەناپاك لەقەڵەم

دەدران. وەلێ جیابوونەوەی سینەرو باران، هەروا ئاسان نەبوو، ئەوان ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆمیتەی ناوەندی بوون‌و لێپرسراوی باڵای کۆنگرەی چوارەم بوون.

هاوکات پێچەوانەی ناکۆکی‌و دابەشبوونەکانی دی ئەوان لە کوردستاندا بوون‌و لە ئەوروپا نەبوون. ئیتر کەس نەیدەتوانی ئەوان بەوە تاوانبارکات کە لە خەباتی چەکداری هەڵهاتوون. هەروەکو بۆ خۆشیان ئاشکرایان کردبوون ئەوان نایانەوێ رەخنە لەپەکەکەو خەباتە چەکدارییەکەی بگرن، بەڵکو ئەوان تەنها روویدەمیان لە رێبەری پەکەکە عەبدوڵلا ئۆجەلانە. باران دەیووت:" بیرکردنەوەمان بەو ئاراستەیە نەبوو لەپەکەکە دامالرێین، بەڵکو دەمانەویست خەڵکی رابهێنین‌و رازییان بکەین بەوەی کە بیرکردنەوەمان لەپێناو گۆرینی رێکخستنەکەیە لەبەردەم مەترسی تاك جەمسەری".

ئەوان تۆرێکی بەرینی پەیوەندییان هەبوو، باران ئاشناگەلێکی فرەی هەبوو، سینەریش پێوەندیکردبوو بەو زیندانیانەی کە تازە بەتازە ئازادکرابوون‌و بەدووی مەئوایەکەوەبوون‌و ئاتاجیان بە کۆمەك بوو. لەیەکەم بەیاننامەیاندا پێداگرییان کردەوە لەسەر پێویستی خۆ رێکخستنەوەی پەکەکەو دوواتر رەخنەی توندیان لەسەر بڕیارگەلێکی دیاریکراو گرت کە لەلایەن ئۆجەلانەوە درابوون. وەلێ ئەم یاخیبووانە رووبەرشووی جەنگێکی دژوار بوونەوە لە دژی ئۆجەلان.

لەم نێوەندەدا، رێبەری پەکەکە رێبەرایەتی نێزیکەی ۲۰۰۰ جەنگاوەری دەکرد کە دارای تۆرێکی بەرفراوان بوون لە چالاکوان‌و پشتیوان لە ئەوروپاو پشتیوانی‌و هاوکارییان لەچەند دەوڵەتێکی هەرێمییەوە بەدەست دەگەیشت. هەربۆیە هەوڵەکانی گروپە جیابووەکە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لەناو زیندانییەکاندا، ئەوانەی تازە بەتازە ئازاد بوون، هەر زوو شکستیان هێنا، چونکە بەردەوام خەڵکانێکی دوور لەماجەراکان کاریگەربوون بە رێبازی ئۆجەلان‌و ئاپۆچیبوون.

هەرچەند بەتوانیانپشتیوانی لەچەند شارێکی نێو تورکیاو باکووری ئێراق بەدەست بهێنن، وەلێ ژمارەیان فرە کەم بوو. حسین تۆپگیدەر ، کە ئەو دەم لە کۆنگرەدا بوو دەیگوت:" سینەر لە بیرکردنەوەکەیدا لەسەر هەق بوو، وەلێ خەڵکی ڕێگەکەی ئەویان نەدەبینی". هەروەها دەیوت:"ڕاست بێت یان هەڵە، خەڵکی سەیری ئەوەیان دەکرد کە دارای هێز ەو جەنگو نەبەردیی لێدەوەشێتەوە، هەر بەم شێوازە خەڵکی شیکردنەوەیان هەبوو بۆ شتەکان. ئۆجەلان نەزمێکی ڕاهێنابوو، کە ئەستەم بوو جیا لەو گروپێکی تر بتوانرێت دابمەزرێت. سینەر دڵسۆز بوو، وەلێ تێنەدەگەیشت".

حسین تۆپ تیگەر نەیدەویست لە پەکەکە جیابێتەوە، ئەو دەیوت:" دەکرا شتەکان بگۆڕێن، شتانێك هەن لە ئۆجەلان گرنگترن، ناکرێت خەباتی کورد بکرێتە قوربانی ئەوەی ئۆجەلان چی دەکاتو چی ناکات، هەر بۆیە لەنێو پەکەکەدا مابوومەوە".سینەرو بارانو قایقچی لەشاخەکانی باکووری ئێراق بۆماوەی چەند مانگێکی کەم مانەوە لەپایزی ١٩٩١دا سینەرو قایقچی بەشێوەیەکی نهێنی دەربازی نێو خاکی سوریا بوون. لەوێ لە قامیشلۆ، شاری سەرەکی کوردنشین خۆیان حەشاردا. لەراستیدا پەکەکە لە قامیشلۆدا فرە بەتۆکمەیی ڕێکخرابوون هەر بۆیە ئەوان خەریکبوون کارێکی مەترسیدار ئەنجامدەدەن. ڕۆیشتنی ئەوان بۆ قامیشلۆ فرە نارۆشنو نالۆژیکی بوو.

یەکێك لە دۆستەکانی خانەوادەی سینەر دەیووت، بۆیە چووبوونە قامیشلۆ تا بتوانن پاسپۆرت بەدەستبهێننو لەوێوە دەربازی ئەورووپا بن. ئەندامێکی دیکەی پێشووی پەکەکە پێی وابوو کە ئەوان بۆیە چوونە ئەوێ تا بتوانن چاویان بەبەرپرسانی سوریا بکەوێتو بەجۆرێك لەجۆرەکان پشتیوانیی ئەوێ دەستەبەر بکەن.

کەسێکی تر سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئەوان بۆیە چوونەتە ئەوێ تا پشتیوانی لە کوردانی سوریە بخوازن. جیا لەوانەیش دیارە کە شتەکان بێ پلان نەبوون. قایقچی لەوێ زەنگیدا بۆ شوێنی مانەوەی ئۆجەلان‌و لێی پاڕایەوە تا لێخۆشبێت. هاوکات ئەوەی خستە ڕوو کە لەپێناو ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت جارێکی تر بژی، بەڵێن دەدا ئیدی توخنی سینەر نەکەوێت.

هاوکات لە یەکی مانگی یازدەی هەمان ساڵدا سینەرو خانمێك لە ئاپارتمانەکەیاندا بە کوژراوی دۆزرانەوە. باران لەم بارەیەوە ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێك سینەر کوژراوە ئەو لە شاری دهۆکدا بووە. باران دەیووت:" هەمان ڕۆژ هەواڵەکەم بیستن کەسێك نێردرا تا بەمن بڵێتن هێشتا سینەر نەمردبوون ئەو بەبرینداری برابوو بۆ خەستەخانە. کاتێکیش بیستم سینەر مردووەن وا بیرمنەدەکردەوە ئیتر هەموو شتێك تەواو". لەم کاتەدا باران‌و نێزیکەی پەنجا لەشوێنکەوتوانی لەتورکیاو سوریا گردبوونەوە تا گفتوگۆ لەبارەی ئەگەرە نوێیەکان بکەن. دوواجار ئەوان پابەندبوون بەوەی درێژە بەخەبات‌و کارەکانیان بدەن. باران دەیگوت:" ئێمە هەوڵماندا، وەلێ چەندین گرفتمان هەبوو".

گرفتەکان تەنها خۆیان لە نەیاریەتی دەوڵەتی تورك نەدەبینییەوە کە دژی چێبوونی هەر گروپێکی کوردی بوو، وەلێ خودی پەکەکە گرفتی بەردەم گروپەکەی باران بوو. هاوکات زۆرێك لەوانەی کە لەهەوڵی ئەوەدابوون لە ڕیزەکانیاندا خۆیان ڕێکبخەن کوژران‌و لەنێوبران. ئیتر باران پێش ئەوەی واز لە هەوڵە بەرهەڵستکارییەکانی بهێنێت‌و بەرەو ئەورووپا ملبنێت، بۆ چەند ساڵێك پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لەلای خۆی هێشتیەوەو داڵدەیان دا.

لەراستیدا جودا بوونەوەی باران‌و سینەر جددیترین هەڕەشە بوو کە تا ئەوکات ڕووبەڕووی ڕێبەرایەتییەکەی ئۆجەلان بێتەوە، هەروەها لەپاش ئەو جودابوونەوە هیچ رەوشێکی هێند مەترسیدار ڕووبەڕووی ئۆجەلان نەبووەتەوە.

پاش کوشتنی سینەر، ئیدی هێزو دەسەڵاتی ئۆجەلان بەتەواوی لەمپەری لەبەردەمدا نەما. ئیدی لە شوناسی ئۆجەلاندا ئەو رووداوە بوویەبەشێك لەو رووداوانەی کە لەمێژووی پەکەکەدا وەك پلانێگێڕییەکی مەزن تەماشا دەکرێت. هاوکات پاش کوشتنی سینەر ئۆجەلان ئیدی ئەوەی دووپاتکردەوە کە هیچ یاخیبوون و ئاژاوەیەك لێبووردنی بۆنییە، هاوکات بوارێکیش بوو تا ئۆجەلان ئەو هێزانەی تا ئەوکات لەبەردەم ئۆجەلاندا چۆك دانادەن بەتەواوی وابەستەیان بکاتەوە بە پەکەکەوەو هەمووان بهێنێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە.

لە راستیدا هەرچەند تەنها چەند کەسێکی کەم باوەرشی وابوو کە سینەر بەکرێگیراوە، وەلێ هیچ کەسێك نەیدەوێرا راستی و دروستی سینەر بڵێت و بەرگری لەبۆچوونەکەی بکات. باران دەیوت کاتێك سینەر دەستگیرکرا لەلایەن جەمیل بایك، وەك هەموو ئەوانی تر پێم راگەیاند کە بڕواناکەین سینەر ناپاك بێت، جەمیل لەوەڵامدا گووتی، ئەوە فەرمانی سەرۆکەو ئەم مشتومڕە هەر لەوێ بڕاوەتەوە، لەبەر ئەوە کەسێك بیرینەدەکردەوە کە سینەر بەکرێگیراو بێت، بەڵام هەمووان کۆیلەی ئۆجەلان بوون".

ئۆجەلان هیچ رکابەری نەماو زاڵ بوو بەسەر هەمووانداو تەحەداکانی بێدەنگ کرد، ئیدی خۆی بۆ هەنگاوی ئایندە ئامادەکرد، کە بەهەرچۆنێك بووە تورکیا ناچاربکات بێتە نێو دانوستانی سیاسییەوە. ئۆجەلان نەخشەی بۆ ئەوە دارشت، ئەو لەرێگەی فراوانکردنی دەسەڵاتی پەکەکەو خزانی بۆ نێو تۆڕو کۆمەڵە یاساییەکان هاتە ناو، هاوکات بڕیاریاندا هەر پرۆتستۆیەکی مەدەنی و جەماوەریی بقۆزنەوەو دەسەڵاتیان شۆڕکەنەوە بۆنێو نارەزاییە جەماوەرییەکان . هەروەها بڕیاریاندا جەنگی چەکداریی بەجارێك لە هەرێمەکەدا درێژە پێبدەن، بەجۆرێك ئیتر تورکیا نەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە دارای دەسەڵاتی تەواوە لە هەرێمەکەدا.

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# بەشی سێهەم

# جەنگی گەریلاکانی پەکەکە

# لەپێناو دەسەڵاتدا

## باسی یەکەم:

## جەنگ لە شەقامەکاندا (١٩٩١-١٩٩٢)

دوو مانگ دوواتر کوردەکان لە نوسەیبین‌و سیعرت‌و گەلێ لەشارەکانی تر لەباشووری ڕۆژهەلاتدا، ئیتر هاتنە نێو شەقامەکانەوەو دروشمەکانی سەر بەپەکەکەیان وەك سروود دەهۆنییەوەو بەردیان دەگرتە باڵەخانە حکومییەکان‌و بینایەی هێزە ئاسایشییەکان. ئەیهان سیفتسی تەمەن ٢٢ ساڵ بڕیاری دابوو بچێتە نێو ڕیزی یاخیبووەکانەوە، ئەو دەیوت: "سەرهەڵدانەکان هەستێکی وروژێنەریان لەناخماندا چاندبوو". سیفستی دواتر بووە خوێنکاری زانکۆ لە ئەستەمبوڵ. هەمیشە دەیوت ئێمەی قوتابی باوەڕمان وابوو کە دارای هێزو هەرەکەتێکین تا بتوانین دەوڵەتێکی کوردی دروستبکەین.

هەرچەند کە سیفستی بەدانپێدانانی خۆی، ئەوکاتەی کە نەوییە خەبات لەپێناو ئامانجەکانی پەکەکەدا هیچی لەبارەی پەکەکەوە نەدەزانی. چوون بڵاوکراوەکانی پەکەکە بەئەستەم چنگ دەخران‌و ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانیش تەنێ تیشکیان دەخستە سەر تێرۆریزمی پەکەکەو خۆیان لەپرس‌و پێناوی نەتەوایەتی کوردان دەبووارد. هەموو ئەو ڕاپۆرتە نێوخۆییانە لەلای سیفتسی نە باوەڕپێکراو بوون نەیش زانیاری بەخش‌و بەسود بوون. لەجیهانبینی سیفتسی دا ئەوەی دەیزانی لەبارەی پەکەکەوە بەس بوو بۆ ئەوەی سەرگەرمبێت بە وێردو وانەی نەتەوەییەوە. سیفستی لەوە تێگەیشتبوو کە پەکەکە بەرگری دەکات لەسەربەخۆیی کورد، لەبەر ئەوە جەنگەکەی ئەوان جەنگێکی بەرزو پیرۆزبوو، هاوکات هیچ بەدیلێکیشیان بۆ خەباتی چەکداری نەدەبینی، گەر بهاتایە کوردەکان هەموویان وابەستە بەمیری‌و میراتی مستەفاکەمال بوونایە.

بەیانییەکیان لە مانگی پێنجی ١٩٩٠دا. سیفستی‌و یەکێك لەهاوڕێکانی کە لەهاموشۆکردنی پەکەکەدا بوو لەڕێگەی پاسەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوای وڵات وەڕێکەوتن‌و گەیشتنە ئەدرنە. ئەوان لەلایەن نوێنەری ئەستەمبوڵی پەکەکەوە

هاوەلأیەتی دەکران‌و پێیانی وتبوو کە گەرەکیە ببێتە چەمساغ‌و رێنوێنیان بکات تـ بیانگەیەنێتە یەکێ لەبارەگا ئارام‌و پەنهانەکانی پەکەکە لە ئەسینا دا.

ئەدرنە شارێکی سنووریی نێزیك بە یۆنان بوو. لەوێ هەرسێکیان هەر لەپاسێـ دابەزین، تەکسییەکیان بەکرێ گرت بەرەو یەکێ لە کێلگە گەورەکانی برنج لەدەرێی شاری ئەدرنە دا. لەوێدا کەسێکی دی چاوەڕێیان بوو، ئەو ئەندامانی پەکەکەی بەشێوەی نایاسایی رەوانەی دەرێی تورکیا دەکرد. نێوبراو ئاماژەی دا بەوەی پێویستە بەنێو زۆنگاو و زۆنی کێڵە برنجەکەدا هەمووان شوێنی کەون، ئیدی لەڕێگەی نێزیك لەرووباری ماریتساوە هەموویان دەرچوون. رووبارەکە ئاماژەبوو بەسنووری جیاکەرەوەی یۆنان‌و تورکیا، لەوێندەر چوونە نێو رووبارەکەوە، نیوە بەپێ‌و نیوە بە مەلان کشان بەرەو ئەوبەری رووبارەکە.سیفتسی بەپێکەنینەوە دەیگێڕایەوە کە ئاو تا ملیان هاتبوو، نازانێ چۆن ئەو رێوشوێنە رێکخرا، باسی دەکرد چۆن پەکەکە هەمووشتێکی بەباشی‌و رێکخراوەیی ئەنجامدەدا، ئەوان سەریان سوڕمابوو لەو رێوشوێنەو حەپەسابوون. هەروەها دەیوت: "وامان دانابوو کە بەلەمێك لەوێ رێکخرابێت تا بمان کاتە ئەو بەری رووبارەکە یان هیچ نەبێت کە گەیشتینە ئەوبەر یەکێك هەبووایە بۆ پێشوازیمان‌و بمانباتە شوێنی مەبەست". بەلأم پاش ئەوەی لە بەلەمەکە دێنە ئەم بەر، ئیدی هاوکارەکەیان پێیان دەڵێ پێویستە بەرەو ماڵگەلێکی خوارێی رێگەکە برۆن‌و لەلێواری ئاوەدانییەکەدا چاوەڕێ بکەن تاپۆلیسی یۆنانی دەیانکات بەچاوەوەو لێیاندەپرسێتەوە، ئەوکات پێویستە خۆیان رادەستبکەن‌و بڵێن ئێمە هاوسۆزی پەکەکەین‌و پێویستبوو هەر زوو تورکیا جێبهێڵین. سیفستی لەگێڕانەوەی یادەوەرییەکاندا سەرێکی باداو گوتی: "پۆلیس ئێمەی قۆڵبەسکردوو رەوانەی ئەسینای کردین، لەوێ ژمارەتەلەفۆنێکمان لەلابوو، لەو رێگەیەوە پێوەندیمان کرد بەکەسێکی سەر بەپەکەکەوە تا بێت بەهانامانەوە.

سیفتسی تا ئەوکاتیش نیگەرانی ئەوەبوو کە نەکا پۆلیسی یۆنانی بەسانایی وان رادەستی دەسەلأتدارانی تورکیا بکاتەوە. وەلێ هاوکارەکەیان سوربوو لەسەر ئەوەی کە

شتی لەو جۆرە ئەستەمە رووبدات. ناوبراو بەمجۆرە وتوێژەکەیان دەگێڕێتەوە: "رێنیشاندەرەکە وتی پێویست بە دڵخوتخوتە ناکات، چەندینجار کاری لەمجۆرەمان ئەنجامداوە. هەر بەتەنیشت رێگەکەوە پیاوانێك گردببوونەوە، ئەوان لەچاوەڕوانیدابوون تا ئاماژەیان پێبکرێتو کارەکەیان راپەڕێنن. نێزیکەی دەمەو بەیان سیفتسی گوێبیستی وڕەی سەگێك بوو کە لەپشت پەردەی پەنجەرەکەیەوە دەهات. پاش قەیرێك دەمووچاوی ژنێك دەرکەوت. چەند دەقیقەیەك دواتر پۆلیس هاتن. ئێمە پەشۆکاو و تەڕو شەکەت بووین، دروست هەڵهاتوویەکی نایاسایی بووین، وەلێ ئەوان وادیاربوو بەکارەکەیان راهاتبوون. سەردەستەی پۆلیسەکان کەمێك بەتورکی قسەی کردن ئیدی سیفتسیو هاوەڵەکانی بۆماوەی ٢٠ رۆژێك دەستبەسەرکرانو دواتر نێردران بۆ سالۆنیکاو پاش ئەوەیش برانە ئەسینا.

لەوێ لەپێتەختی یۆنانیش بۆماوەی ١٠ رۆژی تر توندی زیندانکرانو پاشان بەرەلاکران. سەرەتا پرسیاریان لێکردین لەبارەی ئەوەی ئایا شوێنێکمان هەیە بۆ مانەوە لە ئەسینا، ئیدی رێپیشاندەرەکەی ئەستەمبوڵ پێی راگەیاندن کە ئەوان شوێنیان لەئەسینادا هەیە، پاشان برانە ئەوێ.

تورکیا هەمیشە یۆنانی وەك یەكێك لەو وڵاتانە دەژمارد کە کۆمەکی پەکەکە دەکەن، وەلێ یۆنانییەکان ئەم بانگەشەی تورکیایان دەدایە دوواوە. هەرچەند کە دەسەڵاتدارانی یۆنانیش گەشتبوونە ئەو راستییەی کە باشتر وایە چاوپۆشی بکەن لە پێوەندییو پێنکەکانیان لەتەك پەکەکەدا. ئەوێ دەم وەك سەراسەر ئەورووپا میتۆدێك باو بوو کە خۆی لە چالاکی ناتوندوتیژیو خەباتی سیاسی دەبینییەوە. وەلێ رەوشی یۆنان جۆرێکی تر بوو، ئەو وڵاتە گەلێ پێکدادانو تەنگژەی لەگەڵ تورکیادا هەبوو. لەوانە هەیمەنەی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریای نێوان دوو وڵاتو داگیرکردنی بەشێك لەقوبرس. هەربۆیە چاوپۆشی کردن لەبوونی چالاکییەکانی پەکەکە لەیۆنان تەنها بۆ ئەوەبوو ختوکەی تورکیابداتو لەو رێگەیەوە نەیارەکەی خۆی قوشقی بکات. پەکەکەیش لەو روانگەیەوە بەرژەوەندی خۆی لەتەنگژەی نێوان دوو وڵاتدا بینیبوویەوە.

درزی سنووریی نێوان دوو وڵات ببویە ڕێگەیەك تا هەوادارو هاوسۆزانی پەکەکە بتوانن بەخێرایی لەتورکیا هەڵبێن‌و بلکێن بەرێکخستنەکانی پەکەکەوە، بەتایبەتی ئەو ئەندامە نوێیانەی پەکەکە کە لەشارەکانی خۆرئاوای تورکیا دا دەژیان ڕێگەیەکی ئاسان بوو. هەر لەو ڕێگەیەشەوە سیفتسی‌و هاوەڵەکانی خۆیان گەیاندە یۆنان. پەکەکە توانی ساڵی ۱۹۹۰ لەیۆناندا بەنەزمێکی سەرکەوتووانە دەستبکات بەچالاکی سیاسی و پروپاگەندە، بۆ ئەم مەبەستەیش ٤ یەکەی نیشتەجێبوونی لەو شارەدا تەرخانکردبوو بۆ چالاکی ئەندامەکانی. سیفتسی دەیوت: "وەختێ هێنرامە ئاپارتمانەکە، نێزیکەی ... کەسێك لەوێ بوون، بۆخۆم چەند کەسێکی فرە کەمم لەوانە دەناسییەوە کە کاتی خۆی لە زانکۆ دا پێیان ئاشنا ببووم". زۆربەی زۆری ئەوانە هاوتەمەنی سیفتسی بوون، بەشێکیشیان بەتەمەنتر دەیاننوان‌و تازە بەتازە لە زیندانێ دا قوتار ببوون. هیچ کە لەوانەیش نەیان دەزانی لە کەنگێوە لەوێن. هەندێك لەوانە وا دانرابوو کە پێویستە بنێ. درێنەوە تا لەنێو شارە جیاوازەکانی تورکیا دا کار بۆ پەکەکە بکەن . لەکاتێك ـ بەشێکیشیان ساز درابوون تا بیاننێرنە بەرەکانی جەنگی پەکەکەوە. هەموو ئەوانەپێداگرییان دەکر دو گەرەکیان بوو ببنە گەریلایەکی چەکدار. سیفتسی ـ درێژەی ڕوونکردنەوەکانی دا دەیگووت: "تەنانەت دەبوو کەسێك بیویستایە شتێکی دیکە بکات، نوتقی لێوە نە دەهات، هەمووان بە جۆرێك لە جۆرەکان گەرەکیان بوو گوێڕایەڵی‌و ئازایەتی خۆیان نومایان بکەن". لەوێندەر ژن‌و پیاو جودا کرابوونەوە بۆ ژوورە جیاوازەکانی ئاپارتمانەکە، وەلێ گشت سوبحانێ هەمووان گرد دەکرانەوە تـ لەوێندەر مێژووی پەکەکەو ڕاڤەکانی ئۆجەلان بخوێننەوەو مشتومڕ لەبارەی هەنگاو ەڵەکانی چالاکی پەکەکە بکەن.

ئۆجەلان لەڕاڤەکانی دا بەتەواوەتی بەیانگەلێکی دەرچوواندبوو کە کۆنترۆڵی هەمووکایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی سوننەتی کور دی کر دبوو. ئەو لەهەموو بوارەکان ـ قسەی هەبوون بۆ وتن‌و ڕەخنەی لە نەزمی ڕێبەرایەتی دەگر ت‌و لە زۆرێك لە بوارەکا ـ دا ستایشی ڕێو شوێنەکانی خۆی دەکرد کە بۆ خەبات‌و چالاکیی گرتبوویە بەر. هەموو

ئەو وتارو وتانەی ئۆجەلان یان تایپکرابوون‌و بەشێوەی کتێب وەشانکرابوون یاخۆ وەك کاسێت‌و نەوار تۆمارکرابوون‌و نێر درابوون بۆ نوسینگەو ناوەندەکانی پەکەکە بۆ مەبەستی راهێنان‌و بواری پەروەردەی حزبی وەك سەرچاوە بەکار دەهاتن.

هەروەها سیفتسی دەیگوت: "پێموابوو مەشق‌و مەرامی پەکەکە فرە ترسناك بوو. ئۆجەلان بۆخۆی سوێندی دەخوارد لەسەر وتارەکانی. ئەو لە فەرمانەکانی دا گەلێ جار توندو تیژ بوو، لەبەر ئەوە تارا دەیەك هەست‌و هێزی نائومێدی رووپلێنابووم".

لەراستی دا تۆ پێویستە دەستبکەیت بە پرس‌و جۆ، گەر بتەهەوێ شوێنی دروست بدۆزیتەوە. وەلێ بە دڵنیاییەوە تۆ بۆت نەبوونەمە بلێیت. ئەم هەوڵ‌و هەرەکەتە هزرییە مانای ئەوە نەبوو تۆ گەرەکتە را دەستی تورکیا یاخۆ وەگەرێیتەوە ولاتێ. ئەوە شتێك نەبوو کە تۆ بیری لەبارەوە بکەیتەوە. هەرکاتێك دووچاری شکست‌و نامۆیی دەبووین، ئیدی هەمووان پەنامان دەبردە بەر کتێبەکانی مارکسیزم‌و کەسێك توخنی شرۆڤەو شیکارەکانی ئۆ جەلان نەدەکەوت.

سیفتسی لەهاوینێکی گەرم‌و بۆقدار دا لە ئەسینا دا ژیانی بەسەر دەبرد. ئەو دەم جار جار پیاوەکان روویان دەکردە کەناراوەکانی ئەسینا، وەلێ ئەمان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاپارتمانە شلۆغ‌و شرەکەیاندا دەمانەوە. پاشنیوەڕوانان وەختی یۆنانییەکان بۆ قوتاربوون لەگەرمای هاوینێ لە وەنەوزو خەودا بوون، ئەمان دەبوو لەبەر گەرمادا مەشق‌و راهێنان بکەن، تا لەو رێگەیەوە بتوانن پیس‌و پاکی ئەندامان‌و سەلیقەو سیمای راستگۆیی وانیان بۆ دەربکەوێت.

دووا نیوەڕۆیەك سیفتسی بەمەبەستی تەلەفۆنکردن بۆ برایەکی لە تورکیا دا چووە نێو وێستگەیەکی گشتیی تەلەفۆنەوە. سیفتسی وەختێ لەتورکیا دا هەڵهاتبوو کەسێك نەیزانیبوو، ئەو وای بەباشتر زانیبوو خێزانەکەیشی شتێك لەبارەی پلانەکەیەوە نەزانن، چوون پۆلیس لەبارەی ئەوەوە لەخانەوا دەکەیانی دەپرسییەوە. هەر بۆیە ئەویش وای گەیاندە براکەی کە لە ولاتی ئینگلیز دایەو نیازییە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت. ئەو بەشێوەیەك رەوشەکەی گەیاندە براکەی کە بۆ بەسەربر دنی هۆڵی دەی روویکردووەتە

یۆنان‌و بۆی نالوێت بگەڕێتەوە. ئەوەیش بۆ ئەوە بوو تا نەپرسن ئەدی بۆ لە سکوڵەکەی دا نییەو لە گەشت‌و سەفا دایە.

سیفتسی پێی وابوو ئەوە شێوازێکی مەشقە سیاسییەکەیشی بوو کە دەستی دابوویە. ئەو راستە بەشتانێك نامۆبوو، وەڵێ دوواجار پێی وابوو هەموو شتەکان بە تێپەڕبوونی کات، ئاسایی دەبنەوە، ئەو هەمیشە لە ئەستەمبوڵەوە درێژەی دابوو بە بیرکر دنەوەکانی. دووا جار نیازی راستەقینەی ئەو لەهەموو رەوشەکان دا خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە ئەو پێویستە بگەڕێتەوە بۆ زێدو خاکی خۆیی‌و ببێتە گەریلایەکی جەنگخواز لە چیاکان دا. بەردەوام ئەندامانی نوێ پێوەندییان دەکرد بەپەکەکەوەو ئەندامەکۆنەکانیش رێگەیان بۆ وان چۆڵ دەکردو دەچوون بەشوێن مەهامی تری پەکەکە دا. دوان لەوان پاش هەموو ئەو قۆناغە بڕیاریاندا پێوەندی نەکەن بەپەکەکەوە، بەڵکو نێر درانە کەمپی پەنابەرانی لاڤریۆن تا لەوێ داوای مافی پەنابەرێتی بکەن.

تەقریبەن پاش پێنج مانگ لە ئەسینا دا، ئیدی سیفتسیش نۆرەی هات‌و پێی گوترا کە نیازیان هەیە بینێرن بۆ سوریاو ئامادەی کەن بۆ بەرەکانی جەنگ. ئیتر ئەو نێردرا بۆ کەمپی بیقاع تا لەوێ دا ئاما دەبکرێت بۆ مەشق‌و مەرامی سەربازیی پەکەکە. لەوێ سیفتسی چاوی کەوت بەئەندامانی پەکەکەو ئیدی برایە یەکە سەربازییەکانی پەکەکەوە کە پێشتر لەوێ دەستیان دابوویە ئەجێنداو ئەزموونی سەربازییان. رۆژانی دوواتر نۆجەلان لەرێی تەلەفۆنەوە خۆشهاتی لێکردو پێی راگەیاند کە بەزوویی کارەکانی تەواو دەکات‌و سەر لە ئەندامە نوێکانی پەکەکە دەدات لە کەمپی حلوە دا.

دووا نیوەڕۆیەك سیفتسی لەتەك ئەندامگەلێکی دیکەی پەکەکە دا پاسێکیان بەکرێ گرت تا بیانباتە دۆڵی بیقاع، ئەو شیوەی کە لەلایەن سوریاوە لەو دەمە دا کۆنترۆڵکرابوو. ئەوان بە دووی یەکێکەوە بوون تا بیانباتە سەربازگەی مەحسوم قۆرقمز، کە ئەو دەم ناسرابوو بە کەمپی حلوە. چالاکییەکانی پەکەکە ئەوێ دەم لە دۆڵی بیقاع دا فرە بەرەو هەڵکشان‌و فراوانبوون دەچوون. چالاکییەکان لەوکاتەدا تەنها هان دەرو هیوا پێ دەری کوردانی تورکییە بوون، تا زیاتر بازنەی هێرشەکانیان فراوانبکەن بۆ سەر

ئەرتەش‌و ئامانجی دەوڵەتی تورکیا. ئەوێ دەم هاولاتیانی مەدەنی تورەو توند بوون لەبەرامبەر هێرشە سەختگیرو مامەڵە مۆرو بێ مۆراڵەکانی سوپاوە. هەربۆیە نەبوونی بە دیلێك بۆ دێموکراسییەت‌و دنیابینی ئازادیی لەولات دا، وایکرد تا هاولاتیان بەلێشاو روویان لەیاخیبووان‌و دژە دەوڵەتییەکان دەنا.

کاتێك سیفتسی گەشتە ئەوێ، دروست پایزی ۱۹۹۰ بوو. کەمپی حلوە نێزیکەی ۳۰۰ ئەندامی نوێی لەخۆگرتبوو. سەدانی تر لە بارەگا سنوورییەکانی نێوان ئێراق‌و تورکییە دا مۆڵ درابوون. کور دانی سوریەو تەنانەت کوردانی ئێراقیش کە پارتە سیاسییەکانی خۆیان لەباکوری ئێراق دا هێشتا نەنەوییبوونە چالاکیی‌و چاپوکی دژ بەرژێمەکەیان، بەر دەوام لەپێوەندیکردندا بوون بۆ نێو ریزی گەریلاکان. لەهەمانکات دا هەندێك لەوانەی کە بەفەرماندەی بالآی پەکەکە ناسرابوون ئەوکات هاتبوونە کەمپەکان تا ئامادەکاریی بکەن بۆ چوارەمین کۆنگرەی مانگی یازدە.

سیفتسی دەیوت: "ئەوکات ژینگەیەکی تەواو وروژێنەر هەمووەمانی گرتبووییە خۆ". سیفتسی ئەوکات وێنە چکۆلانەکەی مەحسوم قرقمازی هەر لەلای خۆ پاراستبوو. مەحسوم فەرماندەی سەربازیی پەکەکە ساڵە ۱۹۸٦ لەژوورەکەی خۆی دا لە ئاپارتمانی کلن، لەلایەن کەمینی تورکەکانەوە کوژرا. سیفتسی باس دەکات کە هەموو کەس بەرگی سەربازی کوردیی لەبەرابوو، هەمووان دارای چەك بوون‌و ئالآی رەنگاورەنگی کورد هەڵکرابوو، هاوکات هەست‌و هێزێکی وروژاوی نەتەوەیی لەناخ دا جۆشی دەدا. پرۆگرامەکانی راهێنان لە حلوە هەمان پرۆگرامەکانی ئەسینا بوون، تەنێ جیاوازی ئەوە بوو کە ئەندامە نوێیەکان لەگرە مەشقی سەربازیشیان پێدەکرا.

سیفتسی دەیوت: "هەمووان وا بیریان دەکردەوە کە خولی راهێنانەکان بێزارکەر بوون، چوون هەمووان خولیای ئەوە لە سەریاندا بوو بەزوویی بچنە شاخەکان و ببنە گەریلا".

ئۆجەلان وەك ئەوەی بەڵێنی پێدابوون، چووە نێو کەمپەکان تا لەنێزیکەوە قسە لەتەك ئەندامە نوێیەکان بکات. ئۆجەلان لەوێندەر پرسیاری لەبارەی شوێن‌و زێدی

ئەندامان كردو باسی لەرەوشی ئەكادیمیاكەكرد، هاوكات وانەو وتاری بۆ وتنەوە لەبارەی مێژووی پەكەكەو قەسدی خەباتی چەكداریو گەریلایی. ئەو زۆرجار لە وتەكانیدا ئاماژەی بە شەمدین سكیك دەكرد، ئەو فەرماندەیەكی تاڕادەیەك ناسراوی پەكەكە بوو، ئۆجەلان باسی لە هەڵەو پەڵەو تۆمەتەكانی سەر شانی ئەو بەرپرسەی، زوو زوو دەهێنایە گۆڕێ. سیفتسی دەڵێ:"جارێك پرسیم لەبەرپرسی بەشەكەم كە جەمیل بایك بوو، بۆچی ئەوانەی زۆرتاوانبارو خراپ بوون، چۆن هاتوونەتە ناو پەكەكەوەو ئاوا ڕۆشتوون، ئەدی بۆ ئۆجەلان خەریكە ئەم قسانە دەكات. ئەویش لەوەڵامدا گوتی تێناگەم، چوون هەمیشە لەبەرامبەر پرسیارەكاندا ئەوان بە تێناگەین وەڵامیان دەدایەوە".

سیفتسیو ئەندامە نوێیەكانی تر هەمیشە وتارو وتەكانی ئۆجەلان فرە سەرنجی ڕانەدەكێشان.

لەدەوروبەری مانگی چواری ١٩٩١ سیفتسی فەرمانی پێكرا پێوەندی بەیەكەیەكی سەربازی بكات، بۆ ئەنجامدانی چالاكییەك لە دیاربەكردا. هاوكات سەربازانی سوریا، هەرچەند كە بانگەشەی ئەوەیان دەكرد بەبێ فەرمانی فەرماندەكەیان هاتوون، نێزیكەی شەست ئەندامی پەكەكەیان ڕێنوێنی كردن بۆ دیمەشق. لەوێوە سیفتسیو ئەوانی دیكە دابەشكران بۆ چەندین گرووپی ٤ بۆ ٥ كەسیی، ئیدی هەموو ئەوانە بە پاس برانە قامیشلۆی نێزیك بەسنووری توركییەو لەوێشەوە چوونە گوندێكی گچكەی سەرسنووری ئێراق. ئەوان لەوێ هەموویان چەكیان وەرگرتو بەرگی هاوشێوەی گەریلایان پۆشیی. پلانی ئەوان خۆی لەوەدا دەبینییەوە كە لەڕێگەی بەلەمگەلێكی كاتییو لەتەختەو گوریس دروستكراو لە ڕووباری دیجلەدا بپەڕێنەوە دیوی ئێراق.

لەوەختی پەڕینەوەی گروپەكەی سیفتسیدا، دەبوو پاسەوانەكانی سنوری سورییە دڵنیا نەبووبن، ئەو چەكدارانە كێن، چونكە گروپەكەیان دابوویە بەر دەسترێژی گوللەو ئەوانیش ناچار بەپاشەكشەكرابوون. پاش هەفتەیەك دیسان هەوڵی پەڕینەوەیان دایەوە بەرەو ئێراقو ئیدی ئەمجارە سەركەوتووبوون لە پلانەكەیاندا. ئەوان پاش مانەوەیەكی كورت لە كەمپی هەفتانینی پەكەكە لەنێزیك زاخۆدا مانەوە، دوواتر گەشتەكەیان بەرەو

خۆرئاوای شاری دیاربەکر دەستپێکرد. سیفتسی دەیگێڕێتەوە کە چۆن خەڵکیی لەنێو سنووری تورکییەدا دۆستانە مامەڵەیان لەتەك کردوون. هاوکات دێهاتییەکانیش چۆن لەنێوخۆیاندا کردوویانەتە مقۆمقۆو چۆن گەریلاکانیان پەلگرتوون بۆنێو ماڵو خانەوادەی خۆیانو نانو ئاویان پێداون. سیفتسی لەم بارەیەوە دەیوت: "لەماوەی ساڵێك کە پێوەندیم بەپەکەکەوە کردبوو، بەتەواوی مەعنەویاتو رۆحییەی شۆڕشگێڕیم داتەپیبوو، چوون شتانێکم لەنێو پەکەکەدا دیو وتەکانی ئۆجەلانیش بۆمن قایل کەر نەبوون، هەموو ئەو سەر راوەشاندنانەی ئۆجەلان لەژێر باری قورسی یادەوەریدا دەیسوڕاند بۆمن هەزم نەدەکرا. وەلێ پاش مانەوەی ٣ مانگم لەدیاربەکردا، ئیدی بۆم دەرکەوت لەسەر رێیەکی راستمو لەهەموو روانینە پەشیمان ئامێزەکانم پەشیمان بوومەوەو زانیم بڕیارێکی دروستم داوە کە بوومەتە پەکەکە".

ئەو تەنها کەسێك نەبوو کە بەم جۆرە بیریدەکردەوە. هەمان ساڵ کە گەڕایەوە نێو تورکیا، هەر لەو ساڵەدا هەزاران ژنو پیاوی کورد پشتیوانیو هاوسۆزی خۆیان بۆ گروپەکە دوپاتکردەوەو پەکەکەیان وەك هێزێکی جەماوەریی تێکەڵ بە خەڵکی کورد ناساند. هۆکارێکی ئەم سەرکەوتنو سەردەستەییەی پەکەکە وەك رێکخستنێکی چەکداریی نهێنی، دەگەڕایەوە بۆ جەنگی بێئامانی گەریلایی کە پەکەکە دەستی لێدابوو. هەر ئەمەیش بوو ئەوینو ئارەزووی خەڵکی بۆ رێزگرتن لەو تەڤگەرە بەدەستهێنا. هۆکارێکی تری ئەم هەستانە جەماوەرییە پەنابردنی گروپەکە بوو بۆ چالاکی یاساییو ناتوندوتیژ، ئەمەیش ئامانجێکی بالاتری لە ئەرێنی بوونی جەنگ لێدەخوێنرایەوە. هەر بۆیە لە ماوەی سێ ساڵی ئایندەدا پەکەکە توانی رامیاریی یاساییانەی کوردو روداو گەلێکی کەلتوریو فەرهەنگیو چەندین بلاوکراوەو چاپەمەنی بهێنێتە نێو مشتی رامیارییەکانی. ئەم رێبازەیش پشتیوانیو دەنگۆیەکی بەرینی بەخشییە بنکەی جەماوەری پەکەکەو هەیمەنەی پەکەکەی بەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەتورکیادا کردە ئەمری واقیع. ئەم هەیمەنەو هێمای هێزەی پەکەکە وای لە ئۆجەلان کرد کە سەربکێشێت بۆ کۆمەڵێك خواستی کۆنکرێتی لە دەوڵەتی تورکیا.

قۆناغی ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ قۆناغێکی سەخت و دژوار بوو، هەم لەلایەن یەکەکەوەو هەمیش لەلایەن میرییەوە. ئەم ماوەیە سەرکەوتن و نوشستی لەخۆیدا شوێنکردبوویەوە. دوواجار کاریگەرییەکانیشی لەسەر چالاکیی نەتەوەیی کورد درێژە پێدا تا ساڵی ٢٠٠٦و قۆناغەکانی دوواتریش.

## پێوەندیکردن بە پارتەکەوە

یەکێك لە تۆمەتەکانی سەر موحەمەد سینەر کە بووە هۆی غافڵکوژکردنی لەلایەن گروپەکەیەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرت کە دەنگی ناڕەزایی دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان و دەسەڵاتەکەی بەرزکردەوە. موحەمەد خواستی ئەوەی هەبوو ڕێبازی گەریلایی و پارتیزانی لە ئەجێندای کارەکانی حزبدا کاڵبکاتەوەو ئاڕاستەی پارتەکە بەرەو کایەکانی سیاسەت و دیپلۆماسییەت وەرگەڕێنێت. هەرچەند کە مەیل و مەغزی ئۆجەلان بەرەو کایەی سیاسەت دەخوراو پێشنیازی ئەوەی خستبووە روو کە بەڵێ ڕێگە گەلێك هەنە کە جیا لە خەبات و خەیاڵی چەك دۆزو درمەکانی نەتەوەی کورد دەرمان دەکەن. بەتایبەتی ئۆجەلان لای وابوو کە پارتێکی سیاسیی نوێ و یاسایی لەتورکیادا دەکرێت رۆڵی دانوسکارو دابینکەری ڕێگە چارەی ئاشتی بگێڕێت بۆ دۆزی کورد. بە بڕوای ئۆجەلان پارتی ناسراو بە (HEP) دەتوانێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت. ئەو هەموو ئەو قسانەی پێش هەڵبژاردنی نەتەوەیی ١٩٩١ ڕاگەیاندو وتی : "دەیهەوێت دەرفەت بداتە ئەوان تا ڕێگە چارەی ئاشتی بدۆزنەوە".[١٧٣]

ئۆجەلان هیچ کات فرە بە پۆزەتیڤی لەبارەی HEP قسەو باسی نەکردبوو. ئەو هەرگیز بواری بۆ بوونی هێزو ڕێکخراوگەلێکی کوردی نەدەهێشتەوە تا لە دەرێی هەیمەنەو هێزی ویدا بوونیان هەبێت. ئۆجەلان هەمیشە هۆشداری دابوویە لایەنگرانی تا نەتلێن بەتەوژمی ئەوپارتە سیاسییە کوردیانەی نێوخۆی تورکیاوەو ئەوانیش هەمیشە

---

[173] Serxwebun, October 1991, 19.

گرووپگەلێك بوون نارەزا بوون بە میتۆدی دژایەتی پەکەکە بۆ ئەزموونی کاریان. وەلێ ئۆجەلان لە کۆتایی ۱۹۹۰و دەستپێکی ۱۹۹۱ دا ئیدی جاروبار هەلوێستی خۆی لەبارەی ئەزموونی کاری پارتە سیاسییو فەرمییەکان ئەرێبیانە نیشاندەدا. مەحمود کیلینچ کە دامەزرێنەری HEP پێی وابوو: "ئۆجەلان دەیگوت پارتەکەی ئەوان لەئێمە نییە، وەلێ گەر بتوانن دامەزراوەکانی تورك لە نەهجێکی دیموکراسیدا والێبکەن دۆزی رەوانی کورد ببینن‌و چارەی دۆزی کوردیان لابێت، ئەوا بەگەرمی پێشوزییان دەکەین‌و بوونی ئەوان لەناوچەکەدا وەك بوونی ئێمەیە"۱۷٤. تا ئەوکات ئەندامانی ئەو حزبە لەقەیرانی جەماوەرییبووندا بوون لە ناوچەکانی باشوری رۆژهەلاتی تورکیادا، چوونکە خەلکی زیاتر سەروکلاویان لەتەك پەکەکەدا بوو، وەلێ دوای بیروبۆچوونەکانی ئۆجەلان ئیدی لەپرێکداو بەحەشمەتەوە خەلکی بوونە ئەندام‌و ئومێدی ئەوحزبە. لەراستیدا زۆربەی ئەوانە هاوسۆزو پشتیوانی پەکەکە بوون. ئەندامانی سەربەخۆی پارتەکە کاری یاسایی خۆیان‌و کاری نایاساییو نهێنی پەکەکەیان وەك هەمان کارو وەك ئەجێندایەکی دوور مەودا دەبینییەوە بۆ ئامانجێکی هاوبەش. مەحمود دەیگوت: "وابیرمندەکردەوە کە ئێمە هەمومان کوردین". ئەو ئێستا لە ئەلمانیادا ژیان بەرێدەکات، لەدیدارێکدا وتی: "ئێمە باوەرمان وابوو، کە پەکەکە دارای روانینێکە، کە لەهەندێك شتدا ئێمە پێی رازی نین یاخۆ ئێمە جیاواز بیردەکەینەوە، بەلام دواجار پێمان وابوو گەلی کورد یەك ئامانجی هەیە، لەبەر ئەوەو لەو سۆنگەیەوە هیچ رێگرییەك‌و لارییەکمان نەبوو لە بوونی هاوسۆزانی پەکەکە لەناو پارتەکەماندا".

فرە سەخت بوو ئەم هاوکێشەیە بەمجۆرە بەردەوام رابگیرێت، ئەندامە نوێیەکانی ناو حزب پەکەکەیان وەك رێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەبینی، ئەوان باوەریان وابوو، بەرژەوەندی پەکەکە پێویستە لەپێشەوەی هەموو هەنگاوەکانی سیاسەتی حزبەکەوە پێشچاو بگیرێت، ئیدی با پارتەکە پارتێکی یاساییو فەرمیش بێت. ئەم

---

174 Quoted in Olmez, DEP, 119.

روانینە فرە بە سەختی لەنێو ئەندامانی هاوسۆزی پەکەکەدا برەوی پێدەدرا و ئاوێتەی نەزمی سیاسی پارتەکە دەکرا. ئەمەیش دەرفەتی دایە ئۆجەلان تا بەتەواوی خواستو خەیاڵی خۆی لەنێو پارتەکەدا برەو پێبدات[175]. مەحمود بەدەم شانهەڵتەکاندنەوە دەیگوت : "بەڵێ حەشیمەتەکە لەژێر کاریگەریی پەکەکەدا بوون ئەویش دنیابینی خۆی لەنێوحزبدا بەسانایی شوێنکردبویەوە". ئۆجەلان رازی بەوەنەبوو پارتەکە پارتێکی سیاسی و سەربەخۆبێتو هەمیشە دەیویست هێزێك بێت بۆ پشتیوانیو سەرخەری جەنگەگەریلاییەکە. موحەمەد ئەمین سۆر یەکێك لەدیارترین کەسایەتییەکانی حزب دەیگوت: "ئۆجەلان نەیدەتوانی بڵێت لێرە پارتێکی سیاسیی هەیەو نەیدەویست بڵێت پارتێکی ئازادە، ئەو دەیەویست بڵێت کەسی تر نا، تەنها ئەو دەتوانێت هەموو شتێك لەمەڕ ئەو پارتە ئەنجامبدات".

ئۆجەلان بەزوویی ئەندامگەلێکی وەك نوێنەری خۆی دەستنیشانکرد تا لەنێوپارتەکەدا بەڕۆشنی و رەوانی ئەوە بدرکێنن گەرەکیانە چی لەنێوپارتە سیاسیە فەرمییەکەدا ئەنجامبدەن. هەندێك لەنوێنەرەکان ئەندامی خودی حزبەکە بوونو ئەوانی دیکەیش هەڵسوڕاوی دەرێی پەکەکە بوونو دەستنیشانکرابوون. ئەندام گەلێکی کەمی پەکەکە لەنێو حزبەکەکەدا هەرزوو پێگەو پەیوەندیو شوێنەکانی خۆیان قۆستەوە تا ببنە سەرچاوەی دارایی بۆ گردکردنەوەی پوڵو راپێچکردنی لاوگەلێکی نوێ بۆ ریزەکانی گەریلا. هەرچەند کە ئەندامانی سەربەخۆی نێوحزب ناکۆکییان لەگەڵ ئەم جموجوڵەی ئەندامانی پەکەکە هەبوو، وەلێ ئاسان نەبوو بۆیان رێگە لەبەردەم ئەو تەوژمی کۆمەڵو پشتیوانییەی پەکەکە بگرن.

روانینی پەکەکە بۆ دەستبەسەرا گرتنی حزبەکە بریتی بوو لەوەی کە لێیەوە سەرچاوەیەکی مرۆییو مادی بەدەستبخاو پێوەندیی راستەوخۆی بە نێوخۆی تورکیاوە وەمێنێت. موراد دەغدل کە یەکێك بوو لەبەرپرسە باڵاکانی حزبو هاوکات یەکێکیش بوو

---

[175] See the analysis provided in Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish, 88–89.

له نوێنەرانی ئۆجەلان، پێی وابوو کە حزبەکە نەیدەتوانی خۆی رێکبخات. هاوکات گەورەترین خاڵی لاوازی حزبەکەیش لەوەدا بوو کە نەیدەتوانی لەناو رێکخراوەکەی خۆیدا گەشونما بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵەیە واتێبگەین کە حزبەکە بەرەیەکی پەکەکە بوو لەنێو تورکیا دا هەڵدەسوڕا. چوون ئارەزووکردن بۆ کۆنترۆڵی شتێك مانای کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو شتە نییە. راستە پەکەکە کاری دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی حزبەکە، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەواوی بەرپرسو رێبەرەکانی پارتەکە خۆیان رادەستی ئیرادەو ئیسراری پەکەکە کردبێتو بەشداربووبن لە ئەجێندای پەکەکەدا.

کیلینج کە خۆی بە ئەندامێکی بەرایی و سەربەخۆی پارتەکە دەزانی پێی وابوو:"ئامادەیی هەوادارانی پەکەکە لەناو پارتەکەدا فرە بەرینو بەربڵاوبوو، وەلێ لە زەمینەی میتۆدی سیاسیو چالاکیی سیاسیدا بەتایبەت لەساڵانی سەرەتای دروستبوونیدا پەکەکە فرە رۆڵی نەبوو. لەراستیدا گردبوونەوە هەبوو، ئاپۆچییەکانیش دروشمیان دەوتەوە، ئەوە راستییەك بوو، وەلێ حزبەکەی ئێمەیش بزووتنەوەیەکی کوردیی بوو. هەر بۆیە پێشبینیکراو بوو ئەم تێکەڵکارییە لە هەستو سۆزی نەتەوەییدا بێتە گۆڕێ".

بەمجۆرە حزبە نوێیەکە رێبازێکی نوێی لە گەیاندنی خواستو خولیاکانی خەڵکیی لە زەمینەی سیاسیدا هێنایە گۆڕێ. ئیدی دۆزی کورد لە رێگەو رێبازێکی سیاسیو ناتوندوتیژەوە برەوی پێدەدراو بەرەو پێشەوە دەبرا. تا ئەوکات تورکەکان کە وەك رەگێکی پێوەندیدار بە تێرۆریزمەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی کورد دەکرد، لەپڕ رووبەڕووی خواستگەلێکی یاساییو سیاسی بوونەوەو ناچارکران بهێنرێنە نێو مەیدانی گفتوگۆو گیانی دانوستانەوە.

موراد دەیگوت:"کەسێك لە شارۆچکەیەکی سەر دەریای رەش، دەبێت چی زانیبێت لەبارەی پەکەکەوە، ئەو ئەوانی وەك پیرو پەیڕەوێکی چەتەو چیایی دەزانی". موراد لە ئێستادا بابەتگەلێك بۆ وێب سایتە کوردییەکان دەنوسێت. موراد لە درێژەی بۆچوونەکانیدا دەیگوت : "لەگەڵ دروستبوونیHEPئیدی خەڵکی ئاشنابوون بەوەی

پەکەکە کوردن‌و ناچار کران بەوەی شتانێکیان لەمەڕ دۆزو دیمەنی سیاسی کوردستان گوێلێبێت".

بەمجۆرە بڕیارو برەوی ئۆجەلان بۆ نێوەندگیرییەك لە پەرژانە سەر چالاکی سیاسیی، بەبێ وازهێنان لە خەباتی چەکداری بڕیارێکی دروست بوو بۆ پەکەکە. ئەوە یارمەتی پەکەکەیدا تا لەنێو جەماوەردا وەك بزووتنەوەیەك بتەنرێتەوەو رۆبچێت بەنێو تەرزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا. هاوکات رێگەی بۆ گروپە شۆڕشگێڕەکە کردەوە تا زیاتر دەستیان رابگات بە تۆڕەکانی کۆمەڵگەو توانیان لە رێگەی یاساییەوە هاندان‌و هێما سیاسییەکانیان بگەیەنن. لەگەڵ ئەوەیشدا رێگەیەك بوو بۆ ئەو گروپە نوێیەی کە یان بۆی نەدەلوا یاخود نەیدەویست لە شاخەکاندا درێژە بەخەباتی شۆڕشگێڕیی خۆی بدات. ئیدی هەموو ئەو خەڵکانەی کە زیاتر سەرو کلاویان لەگەڵ خەباتی سیاسی‌و پارتایەتی فەرمیدا دەهاتەوە لەبازنەی پەکەکەدا شوێنیان بوویەوەو دانەبڕان لە بزووتنەوەکە.

بەمجۆرە ئەم حزبە و لێشاوی ئەندامانی هەواداری پەکەکە بۆ نێو ریزەکانیی ئەو راستیەی سەلماند کە پەکەکە لە رووداوە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی تورکیە ناتوانرێت پەراوێز بخرێت.

وەلێ ئەوە رۆشن نەبوو کە ئایا ئەم رەوشە لەبەرژەوەندی سیاسەتی کوردا یە یان نا. لەنەوەدەکاندا کایەی سیاسیی بۆ چالاکوانان‌و چالاکیی سیاسیی کورد بەرفراوان بوو. هەموو چالاکوانان لەلایەن ئۆجەلانەوە راستەخۆ دیاریکرابوون تا بە خواست‌و خەمی پەکەکە هەڵسوڕێن. بەتێپەڕبوونی کات نەوەیەك هاتنە پێش شانبەشانی حەزو خولیای پەکەکەو لەو زەمینە سیاسییەدا خۆیانگرت‌و ئەزموونیان وەرگرت.

### قۆناغی نوێ

رژێمی سیاسی تورکیا هەرگیز گەشبینی‌و گیانی تەبایی لەمەڕ مامەڵەکردن بۆ دۆزی کورد لەهەگبەیدا نەبوو. وەلێ لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١دا بەناچاریی مل بەڕژێم دادا تا

سەرنجی جددی بداتە رەوشەکە[١٧٦]. سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایك، مەسعود یەلماز پێگەو پێناوی خۆی برەوپێدا و خواستی هەڵبژاردنی پێشوەختی کرد بۆ ئەیلولی ١٩٩١. وەلێ هەوڵەکانیان بەپێچەوانەوە شکایەوە. چوون تاڕادەیەك تێکڕای خەڵکی تورك کەیفخۆش نەبوون بە بڕیارو بیانووی پارتەکە بۆ پشتیوانی ئەمەریکا لەجەنگی کەنداو و پاشەکشەی هێزەکانی سەدام لە داگیرکردنی کوەیتدا.

تورکەکان شتێکی دیاریکراو و ئەوتۆی وایان پێنەبوو بۆ ئەم پرسە، چوون گەمارۆ ئابوورییەکانی دژ بە عێراق کۆتاییان هێنا بە تێچوونو هەزینەی تورکیا، کە هاوبەشێکی بازرگانی سەرەکیی بوو لە ملیۆنان دۆلار دا. هاوکات سنووردانان بۆ هێزەکانی ئێراق لەباکووری ئێراقدا، هۆیەك بوو بۆ فراوان بوونو گەشەی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەو سنوورانەدا. بەمچەشنە ناڕۆشنی رامیاریی تورکیا لەمەڕ پشتیوانی ئەنکەرە بۆ هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ ئێراق، مایەی هەڵتۆقینی گرفتگەلێکی ئابووری بوون بۆ وڵاتەکەو هاوکات هۆیەك بوون تا پارتی نیشتیمانی دایك پلەی دووەم لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا بگرێتو دوواجار پارتی رێگەی راست پلەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی بەدەستهێنا. سولەیمان دیمیریلی رێبەری پارتەکە، سەربازێکی بەئەزموونو رێبەرێکی سیاسی دیاربوو، ئەو سەرۆك وەزیرانی پێشووی وڵات بوو، لەماوەکانی رابردوودا دوو کەڕەت لەلایەن کۆدەتا سەربازییەکانەوە دوورخرابوویەوە. دیمیریل بەهۆی ئەوەی هێند کورسی بەدەستنەهێنابوو تا بتوانێت بۆخۆی حکومەت پێکبهێنێت، ناچار لەگەڵ شۆسیال دێموکرات کە لە پلەی سێهەمی دەنگدانەکان بوون توانی حکومەت پێکبهێنێت. ئەوان رێبەرەکەیان ئەردال ئینۆنۆ، پرۆفیسۆرو ئوستازێکی بواری زانستی فیزیا بوو. بەمجۆرە پارتی رێگەی راست هاوبەشێکی نامۆو نارێکی بۆ کابینەکەی هەڵبژارد. چوون پارتی چەپی ناوەڕاست، لەگەڵخۆیدا ٢٢ نوێنەری لە پارتە سیاسییە کوردییەکە هانی بوو. لەبەرئەوەی هەردوو پارتەکە لەمیانی هەڵبژاردنەکاندا پێکەوە دابەزیبوون. چونکە پارتی

---

[176] This section benefited from Ahmad, Modern Turkey, 201 – 203; Olmez, DEP, 154–212; Kirisci and Winrow, Kurdish Question, 136–151.

کاری خەڵك HEP بەهۆکاری تەکنیکیی نەیتوانیبوو سەربەخۆ لەهەڵبژاردنەکە بەشداری بکات، هەربۆیە سۆشیال دیموکراتەکان بۆ ئەوەی سەنگی خۆیان لەباشووری رۆژهەلاتی ولاتدا قورس رابگرن، هاوپەیمانییان لەگەڵدا بەستبوون. بەمجۆرە ئەو ئەندامە بەفەرمی ئەندامی شۆسیال دیموکراتەکان بوون. لەسەر ئەو بنەمایە دەسەلاتی پێکهێنراو ئەو ئەندامە کوردانەی لەخۆگرتبوون.

لەراستیدا هەندێك لەو ئەندامانە کوردی رادیکاڵ بوون. دۆزی کورد تا ئەو کاتە بەدەگمەن لە راپۆرتە هەواڵییەکانی تورکیادا بەردیدە دەکەوت. ئەوە نەدەشا رایەوە کە تەواوی ئەجێندای سەربازیو سیاسیی ولات کۆنترۆڵکرابوو.

پرۆژە بڕیارەکانی پەرلەمانی پێشوو بۆ هەڵگرتنی رێوشوێنە سەربازیی سەختگیرییەکان، ئامازەیەك بوون کە شتەکان ناکرێت وەك رابردوو درێژە بەرەوتی کاریان بدرێت. هەرچەند تا ئەوکات کۆتو بەندی سەر زمانی کوردیو بەکارهێنانی کوردیی هەر وا مابوویەوە. وەلێ یادەوەری جەنگی پەکەکەو پرسی خواستی ئاشتیی شتێك نەبوو هەروا لەپێشچاو نەگیرێت. هەربۆیە هەریەك لە پارتی رێگەی راستو سۆشیال دیموکراتەکان پرسی بەدامەزراوەکردنی ریفۆرمە دیموکراسییەکانیان بەهەند وەرگرتبوو، کە لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا پرسی چارەسەریی دۆزی کوردیش سەرەداوەکانی دەبینران. هەرچەند کە لە پرۆتۆکۆڵی میریدا هیچ ئامازەیەك بەنێوی کوردان نەکرابوو، وەلێ ئەوە خرابوویە روو کە خەڵکی نێو تورکیا مافی پێڕەوییان هەیە لە فەرهەنگو کلتورە جیاوازەکانیان.

یەکێك لە رۆژنامە تورکییەکان ئەوەی نەشاردەوە کە هەوەڵ رامانی دەوڵەت لەسەر باشووری رۆژهەلاتی تورکیا دەبێت[177]. دیارە کە ئەمەیش ئەوەی لێدەخوێنرایەوە کە بەراستی گرفتێك لە گۆڕێدا هەیە.

---

[177] Milliyet, Nov. 18, 1991.

پاش راگەیاندنی حکومەت، هەریەك لەسەرۆك وەزیران سولەیمان دیمیریل‌و جێگرەکەی ئەردالَ ئینۆنۆ، بە گەشبینییەوە ئاراستەی کارنامەیان رووکردە باشووری رۆژهەلاَت‌و لەو پێناوەدا شادومانی خۆیان بۆ خەلَکی ئەویَ دەربڕی‌و وەك براکانیان ئاماژەیان پێدەدان[178]. ئەردالَ کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەرژابوویە سەر دۆزی کوردان، ئەو سالَێك پێشتر بەلَێنی گۆڕانکاریی دابوو لە نێوچەکەدا. هەربۆیە بێ پەردە بە خەلَکەکەی رادەگەیاند: "نایهەویَ بترسن، هەرگرفتێکتان هەبوو، پێم رابگەیەنن[179]".

لەراستیدا گرفتەکانی نێوچەکە پەنهان‌و شاراوە نەبوون. ئەشکەنجەو ئازار بەربلاَو بوو، بەتایبەتی هەموو ئەو خەلَکانەی بەتۆمەتی تێوەگلان لە پەکەکە دەستبەسەرکرابوون لە رەنج‌و رەزالەتدا بوون. هێزەکانی ئاسایشی تورکیا بەربوونە گیانی هاولاَتیان‌و هەڕەشەی سوتاندنی خانوو بەرەی ئەو کەسانەیان دەکرد کە ئامادە نین بێنە نێو ریزەکانی گوندپارێزەکانەوە. هەموو ئەو کوردانەی کە گەرەکیان بوو ناڕەزایی لەبارەی هەل‌و مەرجی ژیانەوە دەرببڕن، راستەو خۆ تۆمەتباردەکران بە کارکردن لەگەلَ نەیارانی دەولَەت‌و پەکەکەو قەدەغەکارییەکانی دەولَەت لەهەمبەر زبان‌و رۆشنبیری‌و پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردیی بەردەوام لەکارا بوو. بەردەوام یاسای دژە تێرۆر بەشێوەیەکی ئامانجدار بۆ دەردیی سەرو قۆلَبەستی هەموو نوسەرو رۆژنامەنوسان کەلَکی لێوەردەگیرا، یاخود ئەوانەی وتەبێژی خەلَکبوون‌و گەرەکیان بوو سەرنج بدەنە مێژووی کوردو گازاندەی بارودۆخەکەیان دەکرد دروست بەو یاسایە بەئامانج دەگیران.

لەراستیدا ٢٢ ئەندامە کوردەکەی نێو پەرلەمان(ئەندامانی کوردی تر لە پەرلەماندا هەبوون، وەلێ ئەو ٢٢ ئەندامە سەر بە پارتی کاری خەلَك بوون کە پارتێکی فەرمی‌و سیاسیی کوردیی بوو) لیستێکیان ئامادەکردبوو لەبارەی ئەوەی پێویستە چی بۆ کورد بکرێت، ئەوە پێش رازیبوونیان بە بەشداریکردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەتییەکە

---

[178] Milliyet, Dec. 9, 1991.
[179] Milliyet, Dec. 9, 1991.

واژۆیان کردبوو. ئەوان لەو داواکارییانەدا پێویستیی ناسینی کورد یان وەك کورد ئامـاژە پێدابوو. هاوکات زمانو فەرهەنگو بۆنە کوردییەکان پێویست بوو هیچ ڕێگرییەکیـ لەپێشدا نەبێتو ئازادی قسەکردنو نوسین بۆ هەمووان فراهەمبێت[180].

مەحمود کیلینچ دەیوت:"ئامانجمان ئەوە بوو تورکیا دان بەمافە دێموکراتییەکانی کوردا بنێتو گۆڕان لەیاساکاندا بکاتو دەستبداتە چارەسەری دۆزی کوردان". لەرۆژی سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەماندا تێکڕای ئەندامانی کورد دەستماڵێکی رەنگین بە سەوزو سور و زەرد لە گیرفانەکانیان هەڵگرتبوو، ئەوەیش هێمایەك بوو بۆ شوناسی کورد لە نێوچەکەداو لەهەمانکاتدا دروست رەنگەکانی ئەو ئاڵایە بوو کە پەکەکە بـ چیاکاندا هەڵیکردبوو.

حەتیب دیکل لەمیانی سوێندخواردنی ئەندامانی نوێدا گوڵمەزێکی سازاندو پێی وابوو دەبێت لەخوێندنەوەی سوێنەکەدا بڵێت "هاورێیان من لەژێر فشاری دەستوری بنچینەیی وڵاتدا ئەمە دەخوێنمەوە[181]. ئیدی کاردانەوەی ئەم مینگە مینگو هاتو هاوارە ناڕەزایی ئەندامانی کوردی لێکەوتەوە بۆ ئەو چاولێنانەی کە لەپرەنسیپەکانی ئەتاتورکدا ئاماژەی پێدەکرێت لەمەڕ شوناسو هەبوونی کوردان. لەیلا زانا کەتەنها ژنی نێو گروپە کوردییەکە بوو، ئەوخانمە شانو شەوکەتێکی بەکارو قژێکی رەشی درێژی هەبوو، ئەو رووسەرییەکی سەوزو زەردو سوری دابوو بەسەریداو دووا بەدووای سوێنەکەی هەمان ناڕەزایی دەربڕیو هیوای خواست تورکو کورد بتوانن پێکەوە کاری هاوبەش ئەنجامبدەن. ئەو لە قسەکانیدا وتی: "من ناچارکرامو بەتۆپزی سوێندم خوارد، دەنا من شەڕدەکەم لەپێناو پێکەوەژیانێکی برایانەدا بۆ تورکو کورد لەچوارچێوەی زەمینەیەکی دێموکراسیدا"[182].

---

[180] For complete list, see Olmez, DEP, 161.

[181] Milliyet, Nov. 8, 1991.

[182] The controversy over Zana's statement is matched only by the myriad of versions available of what she said. I relied on her own recollection — per" haps the most radical version—that appeared in Zana, Writings From Prison, 2.

هەندێك لە نوێنەرانی تورك هاواریانكرد بەسەر لەیلا زاناداو وتیان رووسەرییەكەی لەسەری لادا. هەندێكیتریان وەك پیشاندانی ناڕەزایی دەیانكێشا بەسەر مێزەكانداو داواكرا دەمودەست لەیلا زاناو دیكل لە نێو سۆشیال دێموكراتەكان دەربكرێن.

چەند رۆژێك پاش ئەو رووداوە دادگای ئاسایشی دەوڵەت رایگەیاند گەر ئەو دوو ئەندامە تۆمەتی خیانەت بە وڵاتیان لەمەڕ ئەو كردەیەی كە لەپەرلەماندا نواندیان بەسەردا ساغبێتەوە، ئەوا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێت. بەمجۆرە نوێنەرانی كورد نەكەوتنە بەر لێبوردن. دیكلی دەیگوت: "گەر ئێمە لەسێدارە بدرێین، لەبەر ئەوەیە كە داوای برایەتیمان كردووە"[١٨٣]. ئەو پێش ئەوەی لەسیاسەتەوە بگلێت ئەندازیارێك بوو، هەروەها سەرۆكی رایەڵەی مافی مرۆڤیش بوو لە دیاربەكر. ناوبراو لەمیانەی بانگەشەكانی هەڵبژاردندا فرە رادیكاڵو توند هاتە نێو پارتەكەیەوە. هەروەها داوای لەئەنكەرە كرد دەرگای وتوێژ لەگەڵ پەكەكەدا بكاتەوە. بەڵام نەیتوانی ئەو بۆچوونانەی كە جیاوازبوون لە بۆچوونی دەنگدەرەكانی دەرببڕێت.

ئۆرهان دۆغان دەیوت:"ئێمە گەرەكمانە ببینە دەنگی كورد لە پەرلەماندا". ناوبراو پارێزەرێكی نەرمو نیان بوو، چەند هەفتەیەكی كەم پێش هەڵبژاردنەكان ئەو راستییەی بۆمان دركاند. ئێمە لە ژووری دانیشتنەكەیدا قسەمانكرد. لەوێ نێزیكەی ١٢ پیاو پێوەندییان پێوەیكردبوو، ناوبراو ئاماژەی بۆ رێكەوتن كرد لەسەر لێدوانو راسپاردەكانی. هەروەها گوتی: "تا ئێستا پەرلەمان هیچی بەهیچ نەكردووە، لەئێستادا بۆشاییەكی خاڵی هەیە (گەر كورد توانی دەنگ بهێنێت) هیوامان وایە ئەو بۆشاییە پڕ بكرێتەوە"[١٨٤].

دیاربوو كاتێك دێمیریلو ئینۆنۆ سەردانی هەرێمی كوردانیان كرد تا قسە لەبارەی گرفتەكانیان بكەن، پێشبینییان نەكردبوو هێند بێ پەردەو رەوان رووبەڕووی كوردان

---

[183] Milliyet, Nov. 22, 1991.
[184] Aliza Marcus, "Kurd Separatists Grip Southeastern Turkey," Christian Science Monitor, Oct. 13, 1991.

ببنەوە، هەر بۆیە ئەوان بەتوندیی داوایانکرد پێویستە لەیلا زاناو دیکل لە نێوپارتەکەیان دەربکرێن. هاوکات سولەیمان دێمیریل هەردووکیانی تۆمەتبار کرد بە برەودان بە پروپاگەندە بەرەو یاخیبوونو ئاژاوەگێڕیی.

ئەندامە نوێیەکان ئەوەیان دایە دوواوە کە داوای لێبووردن بکەن سەبارەت بەو هەڵسوکەوتەی کە لەپەرلەماندا نواندبوویان. لەیلا زانا لەم بارەیەوە وتی: "من لەنەبەردیدام لەپێناو بوونمدا، بەڵام ئێستا رووبەڕووی رەوشێك بوومەتەوە کە دان بەبوونمدا نانێت". ئەو سوربوو لەسەر ئەوەو وتی: "لەبیرتانبێت، ئەوانەی منیان هەڵبژاردن کوردەکان بوون"[185].

## گرفتی نێو رەوتەکان

گرفتی نێو پەرلەمان ئاوێنەی پشێویو ناثارامی نێوان کوردو تورك بوو لەسەرانسەری وڵاتدا.

لە ٢٤ی مانگی دوازدەدا هێزەکانی ئاسایش لەشارۆچکەی لیزی باشوری رۆژهەڵات بەفیشەك بەربوونە وێزەی ئەو هەزاران هاوڵاتییەی کە لەشەقامەکاندا گردببوونەوەو ماتڵی رێگەدان بوون بە ناشتنی ئەو سێ چەکدارەی پەکەکە کە لەشاخەکانی دەورووبەری کوژرابوون.

هەر لەوێدا حەوت هاوڵاتی مەدەنی کوژران. رۆژێك دوواتر هەوادارانی پەکەکە لە فرۆشگایەکی ئەستەمبوڵدا تەقینەوەیەکیان ئەنجامدا، ئەویّ شوێنی یەکێ لەبراکانی پارێزگاری هەرێمێکی تورکی بوو، ئەوەیش لەکاردانەوەی ئەو یاسا عورفییەی کە لەباشووری رۆژهەڵاتدا سەپابوو. لەئاکامی تەقینەوەکەدا ١٢ کەس کوژران. لەهەمان قۆناغدا، بەهۆی هێرشێکی گەریلاکان بۆ وێستگەیەکی جەندرمەکان بۆ دێهاتێکی سەر بەپارێزگای شرناخ، لەئاکامدا حەوت سەربازو سێ ئەفسەری تورك کوژران.

---

185 Milliyet, Nov. 9, 1991.

سەرۆکی ئەرکانی گشتی تورکیا لەکاتی قسەکردن لەرێورەسمی ناشتنی دوو لەسەربازەکاندا کە بەدەستی پەکەکە کوژرابوون. بەڵێنی تۆڵەیەکی خوێناوی دا بەگوێی نەیارەکانیاندا. نوێنەری کورد مەحمود ئەلیناك وەك سەرۆکی گروپی پەرلەمانتارانی سۆشیال دیموکراتەکان لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەو بارگرژییەدا بوو کە کوردو تورکی تێکەوتبوو. ئەو پاڕایەوە بۆ مردوانی هەردوولا، چ یاخی بووانی کوردو چ سەربازانی تورك‌و رایگەیاند هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ پارتی ڕێگای ڕاست لەسەر بنەمای برایەتییە. تەنانەت تورکوت ئۆزالی سەرۆك ئاماژەی دابوو بە چارەسەریی ناتوندوتیژ و دوور لەهێزو هەیەجانی جەنگ بۆ دۆزی نەتەوەی کورد. بەلآم پێویستە ئەوە لە نوێنەرانی کورد قبوڵنەکرێت کە رووی ناسۆنالیزمی کوردی نومایان بکەن.

ئەورۆ ئەلینەك لەسەر پلاتفرمەکەی ئۆزالدا شکایەتی ئەوەدەکات و دەیوت: "ئەوەتا پەکەکە ئێستا لەپەرلەمانی تورکیادایە"[١٨٦]. لەراستیدا دانەدوواوەو ملنەدان بۆ سنگفراوانی لەهەمبەر کوردان لەوەدا نەبوو کە تەنگ بە ئۆجەلان هەڵبچنن. ئۆجەلان پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە دەکرێ پارتی کاری خەڵك لەچارەسەری دۆزی کوردا بەکەڵك بێت. بەلآم ئەو ئەوەی نەدەشاردەوە کە پەکەکە بەشێکە لەپرۆسەکەو لەرێگەی خەباتی چەکدارییەوە خواستەکانی دەسەپێنێت. ئەو ئەوەی نەدەشاردەوە کە هەستگەلێکی تێکەڵو پێکەڵی هەیە لەبارەی ئەوەی چەندە دەخوازێت ئەو حزبە خواستی پارتەکەی جێبەجێبکات.

لەماوەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا ئۆجەلان فەرمانی دابوو بە ئەندامو هەوادارانی پەکەکە کە تاچەند بۆیاندەکرێت کاربکەن بۆ سەرخستنی کاندیدەکانی پارتی سۆشیال دیموکراتەکان. بەمجۆرە شۆڕشگێڕان لەسەر بنەمای ئەو پەیامە هەوادارانیان لەشارەکانو دێهاتەکاندا کەوتنە گەنگەشە بۆ کاندیدانی حزب. بەلآم لەئێستادا ئەو

---

[186] Incidents taken from Turkey Human Rights Report (1991), 52, and Mil"
liyet and Cumhuriyet, December 1991.

خەڵکانەی کە کورسی گەلێکیان لەپەرلەماندا بردۆتەوە، وادێتە پێشچاو کە خودی ئۆجەلان بە بوونیان کەیفخۆش نییە.

لەراستیدا هۆکارەکان زۆرن. ئۆجەلان بەتەواوی باوەڕی بەپارتەکە نەبوو، سەرەڕای ئەوەیش کە ئەندامگەلێکی بەرفراوانی پەکەکە هەوادارو سەرخەری بوون، چوون بەردەوام کارو چالاکیو رامیاریی پارتەکە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئۆجەلاندا بوو. هەروەها لەو ماوەیەشدا کە پەکەکە مژوڵی خەباتو رووبەڕوو بوونەوە بوو، نوێنەرانی کورد لەسەر پەڕەی هەوەڵی میدیای تورکیدا نمایشدەکران(تەنانەت گەر لەو بابەتانەشدا موجامەلەی دەسەلاّتیان نەکردبێت، ئەوا بەجۆرێك لەجۆرەکان هاوسۆزیو پێوەندییان بەبەرەی نەیاری پەکەکەوە هەبووە)[187]. لەراستیدا بەشێکی کەم لەوانە پێداگرییان لەسەر پەکەکە بوونیان نەدەشاردەوەو بەشێکی کەمیشیان لەدوژمنایەتیدابوون لەگەڵ نەزمو نواڕینی پەکەکەدا بۆدۆزی کورد، وەلیٚ زۆربەیان وابیریان دەکردەوە کە پێویستە سەربەخۆیانەو دوور لەفشاری پەکەکە چالاکییو رامیاریی خۆیان بکەن.

هەربۆیە دەکرێت بۆ دوپاتکردنەوەی ئەو راستییانە بێت کە ئۆجەلان خۆی بەڕابەری جولاّنەوەی نەتەوەیی کورد دەزانی، هەربۆیە قسەی لەبارەی پێکەوەنانی حکومەتی وەختی جەنگ دەکرد تا بەشێکی کوردستاَن لەباشووری رۆژهەلاّتی تورکییەو باکوری ئێراق بگرێتەوە[188].

لەم سۆنگەیەوە لەسەر بنەمای ئەنجومەنی نەتەوەیی فەلەستینیی، ئەو ئەنجومەنێکی نەتەوەیی کوردیی پێکەوەناو ئامادەکاریکرد بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردان لەمەنفا. پەیامی ئەم کارانەی ئۆجەلان روونو رۆشن بوون. ئەوانیش پەیامێك بوون تا پیشانبدەن بەچاوپۆشی لەهەموو ئەو دەستکەوتانەی کە نوێنەرانی کورد توانیویانە لەپەرلەماندا بەدەستیبهێنن، ئەوە ئۆجەلان بوو دەیهەویست ببێتە رێبەری کوردان لە سەربەخۆیی رامیاریدا.

---

[187] Milliyet, Dec. 28, 1991.
[188] Imset, the PKK, 245–246.

تا ئەوکاتە دامەزراوەی تورکیی نەیدەتوانی ئەو راستییە ببینێت کە نوێنەرانی کورد کەمو زۆر نەیارو رکابەری دەسەلآتی ئۆجەلانن. کەمال پەرلك دەیگوت: "دەولەت رێگاکانی دیموکراسی بە بنبەست گەیاندبوو". ناوبراو چالاکوانێکی سەربەخۆبوو، سالی ۱۹۹۳ دەستی دایە کاری سیاسیی لەگەل پارتی کوردیدا. سەبارەت بەو رەوشە دەیگوت:"ئەودەمانە فشارە یاسایی‌و نایاساییەکانی سەر پارتە کوردییەکە گەشتبوونە لوتکە. هەر ئەم رێو شوێنە توندەی میریش بوو لەسەر پارتە فەرمییە یاساییەکان، کە دوواجار کۆتاییان هێنا بە بەهێزبوون‌و بالآبوونی سەنگی پەکەکە لە تورکیادا".

## گـــەیشـتن

سیفتسی جەوانێکی درێژکۆلەبوو، ئەو دەستبەرداری خوێندنی زانکۆبوو تا پێوەندی بەریزەکانی پەکەکەوە بکات‌و خەبات بکات بۆ گەیشتن بە دەولەتی کوردیی. ناوبراو لە مانگی حەوتی ۱۹۹۱ گەیشتەوە نێوچەی ئامەد. ئەو پێش ئەوەی کەمپی پەکەکە لە بیقاع جێبهێلێت وەك فەرماندەی یەکەیەکی حەوت کەسیی دیاری کرابوو. ئەو یەکەیە بچوکترین یەکەبوو لەنێو گەریلاکاندا. سیفتسی پاش ۳ مانگ رۆیشتن بەپێیان لەنێو سنوورەکانی عێراق تورکیا دا، توانی خۆی‌و تیپەکەی بگەیەنێتە گەریلا پەنهان‌و یاخیبووەکانی باکوری شاری دیاربەکر. لەوێ پلەی بەرزکرابوویەوە تا ببێتە سەردەستەی یەکەی تاکیم کە پێکهاتبوون لە نێزیکەی ۳۰ گەریلا. بەرزبوونەوەی پێگەی ئەو بەو خێراییەو لەو کاتەدا رەنگە پەیوەندیدار بووبێت بە کەمی کەسانی بەئەزموون لەبواری جەنگ‌و پارتیزانیدا. وەلێ بریارەکان بەتەوای لەجێگەی خۆیاندا بوون. سیفتسی پیاوێکی ئارام‌و لەسەرخۆبوو، باوەری بەخۆی هەبوو، لەدژوارترین رووبەروو بوونەوەکاندا بەرگەی دەگرت‌و بەورە بوو، رێزی لە فەرماندەو گەریلاکانی دی دەگرت.

سیفتسی پێی وابوو لەرەوشێکی زۆر ناجێگیردان. ئەو لەنێوچەکەدا لەهاموشۆدابوو وەك گەرۆکێك، لەرۆژێکدا دەچووە لیزو چەند شارۆچکەیەك‌و پاشان دەچووەوە دیاربەکر. هەر لەبارەی رەوشی ناوچەکەوە ئەو پێی وابوو، کە دێهاتییەکان هێند

بەحەماس‌و حیرەت بوون، گەر بهاتایە سەربازێکی تورك بکوژرایە دەیانگوت ١٠ سەرباز کوژراون. هاوکات سەربازانی تورکیی نائاشنابوون بە جوگرافیای ناوچەکەو بەدروستی هەماهەنگییان نەبوو تا کێومالّی نێوچەکە بکەن. هەموو تەکنەلۆجیاکانی بواری سەربازی‌و ئامێرە جەنگییەکانی وەك تانك‌و زرێپۆش‌و هەلیکۆپتەرەکانیش لەبەرامبەر شارەزایی‌و چاوکراوەیی گەریلاکان دادی نەدەدان. چوون گەریلاکان گەڕۆك بوون‌و بۆ ئەوان نیشانە نەدەکران. سیفتسی دەیوت: "سەربازەکان تا بناری چیاکان دەهاتن، وەلێ نەیاندەتوانی بێنە ناوەوەو هەلّزنن بە نێوچەکەدا". هێزەکانی ئاسایشی تورك هیچ کات نەیاندەتوانی بەدروستی ئامادەکاریی بکەن بۆ جەنگ لەشەواندا، چوون لەشەواندا بەتەواوی رەوشەکە لەژێر کۆنترۆلّی گەریلادا بوو.[189] چەند سالّێك پاش ئەوە یەکێك لەبەرپرسە سەربازییە گەورەکان رەخنەی لەمیری گرت بەوەی کە بەپێی پێویست سەربازی مەشقپێکراو و ئامێری جەنگیی لەنێوچەکەدا بوونی نەبوو. بۆنموونە دووربینی بەهێزوو هۆکارەکانی تری دۆزینەوەی یاخیبووان. هەربۆیە یەکێك لە جەنەڕالّە خانەنشینەکان بەناوی حەسەن کەنداکی لەیادەوەرییەکانیدا دەیگوت:"تێرۆرستان شەویان وەك چەکێك بەکاردەهێناو سەربازەکانیش بەشەواندا مەفرەزەکانیان دەرنەدەچوون". سەربازە جێگیربووەکان لەناوچەکەدا شەوانە لەپێگەکانیان دەمانەوەو گەریلاکانیش بەئازادی هاموشۆو هاتوچۆی نێوچەکەیاندەکرد. هەربۆیە کەنداکسی بە داخەوە ئەو گۆتەیەی گەریلاکانیان پشتڕاست دەکردەوە کەدەیانگوت: "شەوان بۆ ئێمەیەو رۆژانیش بۆ سەربازەکان"[190]. گەریلاکان شەوان خالّی پشکنینیان لەسەر رێگە سەرەکییەکان دادەناو لەوێ داوای ناسنامەو پشکنینیان بۆ کەسانی ئامانجدار دەکرد.

لەوێ کوردان هۆشداری نەتەوەییان پێدەدراو فەرمانبەرانی میریی داوایان لێدەکرا واز لەپۆست‌و پلەو کاریان بهێنن. هاوکات خاوەنکارو کرێکارە تایبەتەکان داوایان لێدەکرا واز

---

[189] Kundakci, Guneydogu'da, 223; the memoirs offer an excellent over" view of the problems facing Turkish soldiers, see 195–242 especially.
[190] Kundakci, Guneydogu'da, 224.

له هۆكارەكانی گواستنەوەو ئامێرەكانی ڕێگەوبان بهێنن‌و زۆرجاریش ئاگریان بەردەدایە ئەو بارهەڵگرو ئامێرانەی لەژێر خواستی میریدا لەناوچەكەدا كاریاندەكرد. ئەوانەی كە بەكرێگیراوی میری بوون‌و هەڵسوڕاو بوون تا شكاری گەریلاكان بكەن بۆ میریی، بەتایبەت تاقمی حزب‌و ڵڵای سەر بەمیریی، كە ڕەوتێكی راسترەوی توند بوون(هیچ پێوەندییان بە حزبو ڵڵای لوبنانەوە نەبوو)، بەهەمان شێوە پەكەكە ئەوانی بەئامانج دەگرت‌و دەیكوشتنەوە.

تێكڕای ئەوانەی جێ ئامانجی پەكەكە بوون، بریتیبوون لە پۆلیس‌و گوندپارێزو هەموو ئەوانەی كە نەیاری شۆڕشگێڕان بوون. لەساڵی ١٩٩٢ دا گەریلاكان سەرزەنشتكران بە كوشتنی زیاد لە ٢١٠ هاوڵاتی بەتۆمەتی پشتیوانییان بۆ دەوڵەت. لەساڵی ١٩٩٣ دا پەكەكە ٣٠٠ كەسیی پشتیوانی دەوڵەتیی بەدەستڕێژی گوللە لەنێوبرد[191]. لەهەمانكاتدا پەكەكە هەڵی دەكوتایە سەر خاڵەكانی بەرگری سەربازیی تورك لەنێوەندی شارەكانداو بینایەی پۆلیس‌و دەزگاكانی دەوڵەتی دەدایە بەر دەستڕێژی گوللە.

هاوكات دەستڕێژی دەكرد بە نێو كاروانی ئەو سەربازە بەشمەینەتانەی لەرێگاكاندا دەبران‌و دەهێنران بەمەبەستی خوێندن‌و ڕاهێنان.

ڕەوشەكە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٢ تا دەهات سەخت‌و دژوار دەبوو. بەم پێیە هێزە سەربازییەكانی تورك پەیوەستەگییان ئێجگار لێكترازاو شڵەژا. كانداكسیی لەیادەوەرییەكانیدا گازاندەی بەم جۆرە دەردە دڵی خۆی دەردەبڕێت: "سەربازەكان یەك لەدووای یەك لە هەڵهاتندا بوون". هەروەها دەنوسێت: "لەگەڵ ئەوەشدا تیرۆریستەكان وەك خۆیان نەدەمانەوە، ڕۆژ لەدووای ڕۆژ هەنگاویان بەرەو پێشەوە دەنا"[192].

لەراستیدا سەركەوتنەكانی پەكەكە هەروا ئاسان نەبوون، تەنها لەو ساڵەدا كە سیفتسی گەیشتە ئامەد، لەكۆی ئەو ٣٠٠ گەریلایەی كە لەو سنوورەدا بوون، نیوەی

---

[191] See Turkey Human Rights Report (1992), 63–73; and (1993), 82–89.
[192] Kundakci, Guneydogu'da, 202.

رێکیان لەپێکدادانەکاندا لەنێوبران. ئەو رێژەیە بێ لەوانە بوو کە دەپێکران یاخۆ هەڵدەهاتن.

سیفتسی دەیوت: "سەربازانی تورك تەواو بێ ئەزموون بوون، وەلێ ئێمە لەوان کۆڵەوار تربووین". هەروەها دەیگوت: "بۆخۆم تەنها ٢١ بۆ ٢٢ ساڵ تەمەنم هەبوو. ئەوانی دیکە لە گروپەکەمدا جەوانتر بوون لەمن. هەر لە دومایی ١٩٩١ دا دەستماندایە گرتنی خەڵکێکی نوێ بۆ نێو ریزەکانمان، هیچ کام لەوانە تا ئەوکات تفەنگیان بەدەستەوە نەگرتبوو".

پەکەکە ئەوەی مایەی خۆشحاڵیو خەونی بوو بۆ ئامادەسازی گەریلاکانیو خۆی پێوە هەڵدەکێشا بریتی بوو لە کەمپەکانی راهێنانی بیقاع، وەلێ زۆرێك لەوانەی کە مەشقەکانیان تەواو کردبوو، دووا بەدووای ئەوە گازاندەی ئەوەیان دەکرد کە لەکەمپەکاندا هیچ سودێکیان نەبینیوە. سیفتسی بەپێکەنینەوە باسی لەم نموونەیە کرد: "پیشانیان دەدایان چۆن لە ئۆتۆمبێلی جێبدا خۆمان هەڵدەینە خوارێ، بەپێکەنینەوە دەمان وت کاتێ خۆمان هەڵدەدەین دەڵێین یاالله. ئەوە لەکاتێکدا بوو دەمانزانی لە کوردستاندا ئێمە جێبمان نەبوو".

لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو گەریلاکان نەدەنێردران بۆ راهێنان. چوون لێشاوی زۆری ئەندامە نوێیەکان ئەوەی سەختکردبوو کە هەمووان بتوانن لە زەمانو شوێنێکدا گرد بکرێنەوەو سودمەند بن. هەموو ئەوانەی کە رزگاریان ببوو ئەوەیان بینیبوو کە زەحمەتێکی فرەیان چەشتبوو تا خۆیان گەیاندبووە بنکەکانی پەکەکە لەباکووری ئێراق. حەسەن تۆپیدەر یەکێك لەفەرماندەکانی پەکەکە دەیوت: "وەختێ لەئاواییەکانەوە بە چەند گەریلایەکی نوێوە دەگەڕاینەوە، کە هەموویان خواستی پەیوەندییان هەبوو بەریزەکانمانەوە، هەندێك جار ئەوان دەکەوتنە مەتەرێزی دوژمنەنەو دەمردن، تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان نەدەدی کە جلو بەرگەکانیان بگۆڕن، چ جای ئەوەی ببنە گەریلایەکی تەواو".

پەکەکە هەمیشە ژمارەیەکی بەرچاو لە شۆرشگێڕەکانی خۆی لە جەنگەکاندا لەدەستدەدا. بەلأم ئەزموونێکی ئێجگار گەورەی لەخەباتەکەیدا وەرگرت. تەنها بەوردبوونەوە لە ئەلبوومی شەهیدانیی تێدەگەیت چ یادەوەرییەکی ئەو مردووانە ئەزموونکراوە. بەتایبەتی لەنەوەدەکاندا پەکەکە قوربانییەکی ئێجگار گەورەی بەگیانی گەریلاکانی دا.

هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە قوربانییەکانی پەکەکە زیاتر ئەوانەبوون کە لەشارەکانەوە هاتبوون‌و بەتایبەتی خوێنکارانی زانکۆ بوون یاخۆ ئەو هەرزەو نەوجەوانانەی ئاوایییەکانی باشوورو رۆژهەلأتی ولأت بوون کە تەنها تەمەنیان لەنێوان ١٤ بۆ ١٥ ساڵیدا بوو. هەربۆیە گەنجیی‌و رادەی کاڵ ئەزموونی هەموو ئەوانە، بایی ئەوەندە نەبوو رووبەڕووی مەرگ ببنەوە لە جەنگەکاندا، بەڵکو زۆرتر هێندەیان بۆ دەکرا لەجەنگەکاندا هەڵبێن‌و قوتاربن‌و جەنگیان بۆ نەکرێت. بەچاوپۆشی لەوەی هەریەك لەوانەیش لە کوێ‌و چۆن گەورە بوون، لەشاخێدا ژیانێکی ئێجگار سەخت‌و ناهەمواریان هەبوو، تەنانەت ئاوی خواردنەوە بە ئاسانی دەستگیر نەدەبوو، خواردن ئێجگار سادەو کەم بوو، شوێنی خەوتن زۆر بێزارکەرو لەسەر تاشە بەردان بوو، ژیان پڕ لەئەسپێ‌و مەگەز بوو.

نەوال ناوی نهێنی خانمێك بوو، ساڵی ١٩٩٢ دەستبەردای خوێندنی زانکۆکەی بوو و پێوەندیی کرد بەشۆڕشگێڕانەوە. ناوبراو ئەوەی لەیاد بوو چۆن هەوەڵجار ئەو خواردنەی کە دەرخواردی دەدرا بێزی لێدەکردەوەو دایدایە دوواوە. تەنانەت ئەو خواردنەی بەشەکەی ئەو لەچاو ئەوانی تردا خواردنێکی ئێجگار باش بوو، کە ئەویش بۆ هەر تاکێك بەشەکەیان نانێکی فیساوەی ئاخێنرابوو بە تەماتەو رۆندا[١٩٣]. عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدولأ ئۆجەلان وەختێ خواردنەکەی دایە خانمەکە پێی دەوت : "خواردنێکی وا

[193] Buldan, PKK'de Kadin, 16.

دەرفەتێکە، ڕەنگە جارێکیتر دووبارە نەبێتەوە". ئەویش دەم ئەوان لە کەمپی هاکورت بوون لە باکووری ئێراقدا.

لە کۆتایی ١٩٩١ دا، یەکێکیتر لەشۆڕشگێڕەکان کە وازی لە خوێندنی پزیشکییەکەی هێنابوو، بە دکتۆر سلێمان ناسرابوو. ئەو ڕاهێنانی سیاسیی لە ئەسینا بینیبوو، هاوکات لە کەمپی ڕێکخراوە فەلەستینییەکانیش چەندین کۆرسی بڕیبوو. ناوبراو لەئامەدەوە هاتبوو، هەر زوو کرابوویە بەرپرسی یەکەیەك لەبارەگایەکی نێوچە دارستانییەکانی دەوروبەری شارۆچکەی جلك. دکتۆر سلێمان پیاوێکی کورتەبنەی ماسولکە لاواز بوو. سەرەتا نێردرا تا هاوسۆزو هەوادارانی پەکەکە لە ئەدەنە دا ڕێکبخات. ئەویش شارێك بوو. وەختی خۆی خوێندنی زانکۆکەی هەر لەوێندەر دەستپێکردبوو. کەمتر لەهەفتەیەك پاش ئەوەی کە دکتۆر سولەیمان گەیشتە ئەوێ، ئەندامانی نوێ کە هاتبوونە نێو چالاکیو کارەوە هەموویان دەستگیرکران.

ئیدی دکتۆر سولەیمان کە ناوە ڕاستەقینەکەی سەعید کورو کایا بوو، هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی جگە لە جێهێشتنی شارەکە بۆ نەمابوویەوە. ئەو لەوکاتەدا تەمەنی تەنها ٢٣ ساڵ بوو. کاتیخۆی بۆ هەوەڵجار لەلایەن پەکەکەوە فەرمانی پێکرابوو رووبکاتە شاخ، لەوکاتەوە هەستێکی ئێجگار وروژێنەر روویلێنابوو. بەمجۆرە دەستی دابوویە کاری گەریلاییو خۆی گەیاندبووە بارەگاکانی شاخ. بۆخۆی دەیوت: "هەموو ئەو شەوقو شورەی کە بەردەوام لەسەرمدا بوو، جەنگو ڕۆیشتن بوو بۆ کوردستان".

کوروك کایا دوواجار سەرکردایەتی یەکەیەکی ٣٠ کەسیی، لە شارۆچکەی جنکی باکووری شاری دیاربەکر پێسپێردرابوو. لەسەرەتاوە یەکەکەی فراوانو گەورە بوو، وەلێ پاش شەش مانگ لە ڕووبەڕوو بوونەوەو دژواریی نەبەردییەکان، نیوەی تەواوی ئەندامانی یەکەکەی یان لەنێوچوون یاخۆ هەڵهاتنو مەیدانیان چۆڵکرد. ئەودەمانەی کوروك کایە پۆستی جنکی بەدەستەوەگرت، وەرز وەرزی زستان بوو. هەر بۆیە هەریەك لە گەریلاکانو ئەرتەشی توورك بەهۆکاری سەختی کەشو هەواو هەلو مەرجی زستانەوە

ناچارکرابوون جەنگەکانیان هەڵپەسێرن. بەتایبەت لە جنك بەفرێکی ئێجگار زۆر وەشتببوو، بەجۆرێك کە ئەستەم بوو مرۆ بتوانێت هەڵسوڕێ و هاموشۆ بکات.

دکتۆر سلێمان دەیگوت: "ئێمە لەژێر خێمەیەکدا بووین، کە بەجۆرە زیخ و بەردێك دامان پۆشیبوو، لە دەرێشدا تەوالێتێکی گچکەمان هەبوو. لەبارەگاکەی ئێمەوە تەنها ئاواییەك هەبوو، کە فرە دوور نەبوو لێمانەوە، ئەوێ ١٢٠ ماڵێکی لەخۆ دەگرت. هەموو رۆژێك ماڵەکان بەجیا خواردنیان بۆمان دەهێنا".

رەوشەکە دژوارو دڕدۆنگاوی بوو، کاتێك لەکۆتایی زستانێ هاتنە دەرێ و دەرکەوتنەوە نیوەی تەواوی گەریلاکان، لەوانە سیان لە فەرماندەکانیان هەڵهاتبوون و بەرگەی هەلومەرجەکەیان نەگرتبوو. چەند رۆژێکی کەم پاش ئەوە ئەرتەشی تورکیا، دەستی دایە چالاکییەکی سەربازی دژ بەو ١٣ گەریلایەی کە لەوێندەر تا ئەوکات مابوونەوە. دکتۆر سولەیمان بە کەنینەوە دەیگوت: "ئەوە یەکەمین رووبەڕوو بوونەوەم بوو".

لە درێژەی باسەکەیدا وتی: "وەك فلمێك دەمڕوانییە رووبەڕوو بوونەوەکە، خۆم هاویشتە بنبەردێك، هەروەك لە فلمەکاندا دەمبینی خۆم دابوو بەزەویداو قەرەوڵمگرتبوو". پاشان ناوبراو سەرێکی راوەشاندو بەمجۆرە درێژەی دا بە گێڕانەوەکەی: "یەك رۆژی تەواو لە بەیانییەوە تا کاتی شەو لەجەنگدابووین، سەربازەکان تەنها ١٠٠ بۆ ٢٠٠ مەترێك لێمانەوە دور بوون، ئێمە لە نێوچەیەکی جەنگەڵاویدا بووین، ئەوان نەیاندەتوانی بێنە نێو ئێمەوە، هەرچەند فڕۆکەی هەلی کۆپتەرو ئێف شازدەشیان بەدەکارهێنا بۆ لێدانمان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان بۆنەکرا. بەمجۆرە نەبەردییەکەمان درێژە پێدا تا دنیا تاریك داهات، ئیدی ئەوان پاشەکشەیانکردو رۆیشتن".

لەدەستدانی ئەندامگەلێکی زۆری پەکەکە لە جینك، توانای تەڤگەرەکەی لە بەدەستهێنانی هێزی مرۆیی نوێدا کەچ نەکرد. دیارە ئەندامە نوێیەکان یان بەدروستی

بەمەترسیی ئەو کارەیان نەدەزانی کە دەستیان بۆ دەبرد، یاخۆ بۆیان گرنگ نەبوو چی روودەدا.

دکتۆر سولەیمان کە ئێستەکانێ لەپەکەکە جودابووەتەوەو لە زانکۆیەکی ئەڵمانیاد نێوی خۆی تۆمارکردووە بۆ خوێندن، لەبارەی ئەو رووداوانەوە دەیگوت: "تۆ شتانێك لەمێشکتدا گەلاڵە ببوو، وەك رامبۆیەك دەتروانییە جەنگ، چونکە تۆدەتەویست چالاکی بکەیت. فشاری دەوڵەتیش بەردەوام پاڵنەرێك بوو تا بەئاراستەی پەکەکە خۆت ساغبکەیتەوە". هەروەها دەیگوت: "تۆ لەو راستییە تێگەیشتبوویت، کەبەهیچ جۆرێك مافی ژیانت لە تورکیادا نییە، بۆیە دەتەویست تۆڵەبکەیتەوە. هەموو ئەم پاڵنەرانە خۆراکێکی رۆحی بوون تا وا لەتۆ بکەن پشتیوانیی لە تەڤگەری پەکەکە بکەیت".

بۆنموونە لەبەهاری ئەو ساڵەدا ١٠٠ئەندامی نوێ تەنها لە جینك دا چەکی پەکەکەیان کردەشان. تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٢ تەنها لەشارۆچکەی جینك دا ژمارەی شۆڕشگێڕەکان گەیشتە نێزیکەی ٥٠٠ گەریلا. ئەو زیادبوونە سەراسەر پارێزگای ئامەدی گرتەوە. بۆنموونە ژمارەی ئەندامانی گەریلا تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ لە ٣٠٠ گەریلاوە گەیشتنە ١٢٠٠ گەریلا.

دکتۆر سلێمان دەیوت:"بەمجۆرە خەڵکێکی زۆر پێوەندیکرد بەریزەکانی پەکەکەوە. ئێمەش پەیتا پەیتا دەستمانکردبوو بەناردنی وان بۆ شوێنەکانی دی. بۆنموونە بۆ ماردین، سعرتو ناوچەکانی تر لە باشووری رۆژهەلاتی ولات". لە تەواوی نێوچەکەدا، لەلایەن فەرمەندەکانی پەکەکەوە واتێبینیدەکرا کە رێژەی ئەندامان ئێجگار زیادیکردووە.

ئەوە جگە لەو هاریکارییە مەعنەویو هاوسۆزییەی بۆ پەکەکە دەنوێنرا، تێکرای گەریلاکان لەسەراسەری نێوچەکەدا وەك ئەوەی خەملێنرابوو، چمارەیان خۆی دەدا لە ١٠,٠٠٠ ئەندام. ئازمان یەکێك لە فەرماندەکانی پەکەکە لەکۆتایی ١٩٩٢ دا پاش مانەوەی شەش مانگی رەبەق لە دۆڵی بیقاع گەڕابوویەوە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا، ئەو سەبارەت بە رەوشەکە دەیوت: "ئێمە ئاگرەکەمان هەڵگیرساندبوو، بەمۆراڵێکو بە

ڕۆحێکی مەعنەوی بەرزەوە دەستمان دابوویە خەباتی چەکداریی، ئەستەم بوو لەو بڕیارەی کە دابوومان پاشگەزبینەوە".

زۆرجار خەڵکی ئاوایییەکان لێمان رادەمان، بەتایبەتی وەختێ ژنێکی چەك لەشانیان لەنێو گەریلاکاندا دەبینی و کاتێك بەشەواندا خلۆردەبوونەوە بۆ نێو ئاواییەکان تا پڕوپاگەندەی تەڤگەرەکە وەشانبکەن یاخۆ ئازوقەو کۆمەك لەئاواییەکاندا خڕبکەنەوە. ئیسیل کوروك کایا، ئەو ژنەی پاش ئەوەی لەزیندانێدا مەرەخەس ببوو، سەرلەنوێ ساڵی ١٩٨٦ پێوەندیکردبوویەوە بەڕیزەکانی پەکەکەوە. ئەو باسی لەوە دەکرد کە ژنانی ئاواییەکان هەرگیز عەقڵیان نەیدەبڕی کە ژنێك چەك بکاتە شانو روو لەچیا بکاتو لەپێناو خواستەکانیدا بجەنگێت.

کەرەتێکیان کیژۆڵەیەکی جەوانی ئاواییەکە هەڵیدایەو سوور بوو لەسەر ئەوەی دەستوەربداتە سنگی ئیسیل کوروك کایا تا بزانێت بەراستی کچە یان نا، وەختێك دەستەکانی بردە ژێر کراسی خانمەکە لە تاو سەرسوڕماندا خۆی بۆ رانەگیراو هاواری کرد.

تەنانەت پیاوانیش وەختێك لەو راستییە تێدەگەیشتن بەڵێ، ژنانێکیش هەن لەجەنگەکاندا، ئیدی ئەوانیش جۆرێك لەشەرم دایدەگرتنو بەئاسانی بۆیان هەزمنەدەکرا.

کوروك کایا کە ئێستا لە هامبورگ دا، لەتەك سەلیم کوروك کایا (فەرماندەی پێشووی پەکەکە)ی هاوسەری‌و کچەکەیان ژیان بەسەر دەبات، لە دیدارەکەمدا لەگەڵیدا پێی وتم: "ئەو پیاوانەی کە بەتەمەنتر بوون دەیانگوت: تەماشا کەن، ئێمە لەڕاپەڕینی دەرسیمەوە(١٩٣٨) تا ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە، ئێستا چلۆن ئەم خانمگەلە گەرەکیانە شتێك بکەن".

تائەوکات عادەت وەها بوو ژنانی دێهاتەکان تەنێ خۆیان نەدەچوونە دەرێ، هەربۆیەش ئامادەیی ژن لەناو تەڤگەری پەکەکەدا هەروا ئاسان نەبوو، چوون سەیرییەتی دیاردەکە خاڵێکی بەرچاو بوو تا بەئاسانی نەتوانن پێوەندی بکەن بەڕیزەکانی پەکەکەوە. تەنانەت لەشارەکانیشدا بەدرێژایی هەشتاکان ئەندامانی ژن لەریزەکانی

پەکەکە لاواز بوون، چونکە گروپەکە لەو قۆناغەدا دارای کادێری ژن نەبوون ـ چالاکییەکانیان لەنێو پێڕی ژناندا پەرە پێبدەن.

وەلێ ئەم رەوشە لەپاش ساڵی ١٩٨٩ گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەتایبەتی پـ ـ ئەوەی پەکەکە توانی بخزێتە نێو نێوەندی شارە جەنجاڵەکان‌و دەستی راگەیشت ـ حەرەمی زانکۆکان. هاوکات هزرو هێزی پەکەکە خزایە نێو چاپەمەنی و سیاسەتەو ئیدی ئەمە پارمەتی دا تا لە دەستپێکی نەوەدەکان بوونی ژن لەریزەکانیدا بکاتە ئەمری واقیع. هەرچەند تا ئەوکاتیش ژنان لەو راستییە زیاتر رادەمان، کە بۆ ئەوان ساناتر (لەلای خێزانەکانیان زیاتر پەسەندە) کە لە نوسینگەیەکدا کاربکەن تاوەکو وێ سەرگەردانی ژیانێکی نامۆو نا ئاشنابن لە شاخێدا.

بەگشتی لەساڵانی دوای کۆدەتای سەربازیی ولات، ژنانیش رووبەڕوو ببوونەوە لەتە گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا. چوون دەستگیرکردنی دەیان هەزار لەپیاوانی کورد، ژنانی ناچارکرد ئەرک‌و ئیشی ماڵ‌و خێزان بکەوێتە سەرشانیان‌و تێکەڵ بەکۆمەڵگەو کۆسپەکانی ژیان بن. ئەوان تەنێ قەڵەقی بژێوی‌و دەرامەتی خێزانەکانیان نەبوون، بەڵکو ئەوانیش لەلایەن پاسەوان‌و پۆلیس‌و دادگاکانی تورکیاوە گیرۆدەی سیستەمی بیۆقراتیانەی زیندان‌و حەپس‌و تێهەڵدان‌و دەستدرێژی ببوونەوە.

بۆنموونە لەیلا زانا تەنها ژنێکی کورد بوو، کە هەڵبژێرابوو بۆ ئەندامی پەرلەمانی تورکیاو لەناو پارتێکی سیاسیشدا پێگەیشتبوو. ئەو ساڵی ١٩٧٥ لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا لەگەڵ ئامۆزایەکی فرە لەخۆی بەتەمەنتر هاوسەرگیریی کردبوو. لەیلا تا پێش هاوسەرگیریشی نەیدەزانی بەتورکی قسان بکات، چوون بابی بڕوای بەوە نەبوو کچان بنێردرێنە بەرخوێندن. شووەکەی فەرمانبەرێکی سادەی شارەوانی بوو[١٩٤]. لەیلایش پاش ئەوەی هاوسەرگیریی کرد، ئەنجا بۆی لووا بۆخۆی بڕیاربدات. لەیلا بۆخۆی دەیوت:"پاش پێنج ساڵ لە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەم، هەر لەسەر نەریت‌و نواڕینی

---

[194] Information about Zana’s life comes from author interview con" ducted in 1993 in New York City and Kutschera, “Leyla Zana."

پێشوو بووم‌و دارای ژیانی خۆم نەبووم‌و بەردەوام لەژێر رکێفی هاوسەرەکەم(مەهدی زانا) دا بووم".

هاوسەرەکەی پاش کۆدەتای سەربازیی وڵاتەکەی دەستگیرکرا. ئەو دەم مەهدی زانا بوویە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر. لەم پێوندانگەوە لەیلا زاناو دوو منداڵەکەی ناچارکران لەتەك ئەو دا دەستبەسەربن. زانا یەکێك بوو لەوانەی بەشداریکردبوو لە نارەزایی نێو زیندانەکان.

لەیلا زانا دەیگوت: "من گۆڕانکاریم بەسەرداهات، هەستمکرد جیاوازم‌و دارای شوناسێکم، ئیدی لەخۆم دەپرسیی، من بۆیە لێرەم، کەواتە بوونم هەیە"[195]. پاشان لەیلا زانا ساڵی ١٩٨٨ دیسانەوە دەستگیرکرایەوە. ئەوە کاتێك بوو کە ئەو لەنێو ئەو خێزانانەی کە چاوەڕێی بینینی زیندانییەکان بوون، تێکڕا لەتەك پاسەوانەکانی زینداندا کردبوویانە غەوغاو هاتوهاوارو نارەزایی دەربڕین.

لەیلا زانا لەژیانی زیندانیدا دوچاری ئەشکەنجەو ئازارو سوکایەتی کردن بوویەوە. هەربۆیە ئەزموونی ژیانی زەمینەی بۆ رەخساند کە کەللە ئەستوور تربێت لەبەرامبەر نادادییەکاندا[196]. لەیلا دەیگوت: "ئەو بڕوایەم لادروست بوو ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەستبدەمە چالاکی سیاسیی، بەتایبەتی کاتێك کە بینینم لەنێو پەکەکەدا ژنانێك هەن چەکیان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بجەنگن".

هەروەها دەیگوت: "لێرەوە جیهانبینیم گۆڕاو ئیتر ئەو هەستەم لادروست بوو بەڵێ ژنانیش مرۆڤن".

چونکە کاتێك لەیلازانا رێگەی خۆدەشکرد بۆ بەشداریی چالاکیی سیاسیی، ئەودەمانە ژنان روویان لەشاخێ دەنا تابینە شۆڕشگێڕ. بەجۆرێك کە تا ساڵی ١٩٩٣، ژنانی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە سێ یەکی گەریلاکانیان پێکدەهێنا.

---

[195] Kutschera, "Leyla Zana."
[196] Ibid.

لەراستیدا ئەوە بازدانێکی گەورەبوو لە رێژەو رێبازی بیرکردنەوەی ئافرەتاند روویدابوو تا ببنە ئەندام لەریزی شۆڕشگێڕاندا. ئەم گۆڕانکارییە بەشدارییەکی کارای هەڵوێست و هاواری ژنانی کرد لەنێو تەڤگەرەکەی ئۆجەلاندا تا ئیدی ژنانیش بیانپەرژێنە سەر خواستو خولیای مافەکانیان[١٩٧].

لەراستیدا ئەم گۆڕانکارییانە مەعنەویاتێکی تری رۆحیی دایە نەزمی کۆمەڵایەتی ژنان. ئیتر ئەگەر روانگەی ئۆجەلانیش بۆ مافو مێینەبوون نارۆشنبووبێت گرنگ نییە، چوون ئۆجەلان بەکارەکانی توانی هاوپەیمانییەتێکی مەزن بۆ ژنان دەستەبەربکاتو ببێتە پارێزەرو پەرژینی مافەکانیان. ئۆجەلان بەردەوام پێداگریی لەسەرئەوە دەکرد کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی بەرپرسی بنچینەییە لە ئازادکردنی ژندا. ئەو بەردەواد دوپاتیدەکردەوە کە بەڵێ ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا وەك کۆیلە وانو تەواوی ژیانیان لەلایەن براو باوكو نێزیکەکانی دیکەیانەوە کۆنترۆڵکراوە.

هەرچەند دەکرێت ئەو ئەو بانگەشانەی ئۆجەلان بۆ پرسی ژن زێدەڕەویو پیاهەڵدانێکی بەس قسە بێت، وەلێ لەبواری تەڤگەری ژناندا رۆڵی باشی هەبوو، چوون زۆرێك لەژنان تا ئەوکات هەستیان بە مافو دەسەڵاتیان نەکردبوو، یاخۆ پێیان وانەبوو دارای بەهایەکی بەرزن وەك مرۆڤ.

پێداگرییەکانی ئۆجەلانو دوپاتی ئەو راستییەی کردەوە کە زەمینەی شۆڕشگێڕیی بەبێ ئامادەبوونی ژن لەنێو ریزەکانی پەکەکەدا ئەستەمە. هەروەها ئەو بانگەشانە بواری دایە ئەو ژنانەی کە لەژێر تینو تاوی ژیانی نەریتدا تێکشکابوون، ئیتر ئەوان لەپڕدا ئەو هەستەیان بۆ دروست بوو کە دارای ژیانێکی شایستەو بەهادارترن. باتوفا ئەو خانمەی کە لە شارۆچکەی یوکسیکوفا وە هاتبوو، دەیوت: "ئایا ئێمە لەکوێین، ئەمە پرسێك بوو بۆ ژن ئەستەم بوو بەدووایدا بچێت". هەروەها دەیوت: "پێوەندیکردنمان بە گەریلاوە کاردانەوە بوو، کاردانەوەی فشارەکانی سەر ژن. ئەوە هەنگاوێك بوو بەرەو ئازادیی.

---

[197] Ibid.

چوون لە کتێبەکانی پەکەکەدا کەخوێندبوومەوە، بەتەسەلیی قسە لەسەر ئازادیی ژنان کرابوو"[198].

وەلێ زۆرێك لەژنان بەو قولییە رۆ نەچوو بوون، بەڵکو فرەبەسانایی پەکەکەیان بەسەندکردبوو، ئەوەیش هۆیەك بوو تا لەژیانی دووبارەی ژینگەکەیان قوتاربن. بەڵێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆرترینی کچەکانی قۆناغی سەرەتاییان لەخوێندن تەواو نەکردبوو، هەروەها پێش تەمەنی ١٥ ساڵی بەشوو درابوون بە پیاو گەلێك، کە ئەوانیش مافی رەزامەندبوونیان لەسەروی خۆیانەوە بۆدرابوو نەك بۆخۆیان کیژۆڵەکان هەڵبژێرن. بەدڵنیاییەوە پێوەندیکردن بە پەکەکەوە لەنێو ئەو گرۆیەی ژناندا دیاردەیەکی فرە ئاساییو چاوەڕێکراو بوو.

بەرپرسێك لە شاری باتمانی باشوری رۆژهەلاتی تورکیا دەیگوت: "ئێمە دارای بونیادێکی کۆمەلایەتیی داخراوین. لەبەرئەوە کاتێك کچان لەژێر فشارەکانی خێزانەکانیان دەتلێنەوە، ئیدی سانایە بۆ دەربڕینی ئازارو ئامانجەکانی رزگاربوونیان روو لەشاخێ بنێن"[199].

باوکێکی کورد دەکرا رێ لە کیژەکەی بگرێت کارنەکاتو بەتەنها سەردانی بازێڕو بازاڕ نەکاتو نەینێرێتە بەرخوێندنو تەنانەت قسەی لەسەر لەبەرکردنی جۆری پۆشاکەکەیشی هەبوو. وەلێ ئاسان نەبوو بۆ ئەو باوکە کە نکولی بکات لەبڕیاری کەنیشکەکەی بۆ ئەوەی بیەوێت شەڕبکات بۆ ئازادیی کوردستان. ئەم نەزمو نواڕینەی کچان بۆخەبات گەلێ پرسو جۆی لەمەڕ هاوسۆزیو دڵسۆزیی راستەقینەی خانەوادەکان جولاند، چوون لێرەوە زەمینەیەك بۆ نامۆبوون لەنێوان پەکەکەو خانەوادەکاندا بواری بۆ کرایەوە.

لەهەمانکاتدا ئەو دەرفەتانەی بۆ کچان کرابوویەوە لەنێو پەکەکەدا، جۆرێکی تر لە پرسو جۆی لەنێو تەڤگەرەکەدا دروستکرد. ئایا ئەوان بەدروستی دڵسۆزیی کچانن یان

---

[198] Quoted in Ozcan, PKK, 161.
[199] Halis, Batman'da, 94.

نا؟. چونکە ئەگەری مەترسیی سەر ژیانی کچان لەنێو پەکەکەدا بەجۆرێکی جیاواز لەو مەترسیانەی کە لەنێو خێزانەکانیان دوچاری دەبوون شتێکی چاوەڕێکراو بوو.

هەرچەند کە لەنێو پەکەکەدا دەوترا بەهەمان تامەزرۆیی‌و تاوی خێزانەکانیان. پارێزگاریی لە پاکیزەیی‌و خاوێنی کچان دەکەن، تەنانەت ئەوە هۆیەك بوو تا لەلایەن زۆرێك لە خێزانە نەریتییەکانی کوردیشەوە هاوسۆزی‌و هێمای هاریکاریی تەڤگەری پەکەکە ببێتە ئەمری واقیع تا بوار بۆ پرسی بەشداری ژنان بکەنەوە.

ژنێکی گەنج کە ساڵی ١٩٩٢ وازی لە زانکۆ هێنابوو، پێوەندیکردبوو بە پەکەکەوە. ئەو بە نێوی زیلان خۆی ناساند. ئەو خانمە پاش ٤ ساڵ توانی خێزانەکەی خۆی لە ئەوروپادا ببینێتەوە. زیلان لەلایەن پەکەکەوە نێردرا بوو بۆ ئەوروپا.

خزم‌و خوێشەکەی زیلان تەنها شتێك پێش هەموو شتەکان کە گەرەکیان بوو لەسەر زیلان بیزانن، ئەوەبوو ئایا ئەو تا ئێستایش بەپاکیزەیی ماوەتەوە یان نا، هەر بۆیە زیلانیش بەو پەڕی شانازیەوە تەواوی خزمەکانی خۆی لەو خەمەی کەهەیانبوو دڵنیاکردەوە کە بەڵێ بەپاکیزەیی ماوەتەوە.

## باسی دووەم:

## دنەدانی شەڕ ١٩٩٢-١٩٩٣

توانای پەکەکە بۆ بەڕێوەچوونی جەنگ بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، بەهۆی پلانێکی وردو و وریاوەو بەهۆی ئازایەتیو نەبەردیی گەریلاکانەوە بوو، نە بەهۆی چانسو ئیقبالی وانەوە. حوسەین تۆپیگدەر، فەرماندەی هەرێمێکی کوردیی بوو بەنێوی گارزان. ئەوە جارێك بە کەندەلانێکی سەختی مینڕێژکراوی هێزە سەربازییەکانی تورکدا نێزیك بە شاری سعرت توانیبووی تێپەڕێت. ئەوەیش چونکە خەڵکی ئاواییەکانی نێوچەکە یاریدەی پێڕەکەی حوسەینیان دا بە هەڵگرتنی گەریلاکان لەڕێگەی پێنج بارهەڵگری گەورەوەو پاشان قوتارکردنی هەموویان بۆ شوێنێکی دوور لە خاڵو بنکەی پشکنینی پۆلیسو ئاسایش .

ئەوێ دەم درەنگانێکی هامنی ١٩٩٢ بوو. دێهاتییەکان دڵنیاببوون لەوەی کە هێزە ئاسایشییەکان هەرگیز بەگیریان ناهێنن بۆ پشکنینی ماشێنەکانیان.

سەربازەکانیش دەیانزانی کە شۆڕشگێڕەکان رێگەگەلی جیاوازیان بەکار دەهێنا لە چالاکییەکانیاندا. حوسەین لەباسی چالاکییەکەدا بەدەم یادەوەرییەوە پێدەکەنیو دەیوت: "رۆژێك یەکێك لە خەڵکی ئاواییەکەم بانگکردوو پلانی ماشێنە بارهەڵگرەکانم بۆ روونکردەوە. لەراستیدا ئەوە پلانێکی سەرکەوتوو بوو". هەروەها دەیوت: "گەر وەزیری نێوخۆ بیزانیایە ٨٠ گەریلا لەڕێی بارهەڵگرەکانەوە توانیویانە بە وێستگەیەکی پۆلیسدا لەشاخەکانەوە بێنە خوارێ، ئەوا پێویست بوو دەموو دەس دەست لەکار بکێشێتەوە."

خەڵکی ئاواییەکان بۆ خۆشیان بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت پشتیوانیو خۆشحاڵی خۆیان دوپاتدەکردەوە بۆ بەرەو پێشچوونی پلانە گەریلاییەکان. ئەم نەزمە لە دەستپێکی نەوەدەکانەوە بەقوڵیی لە کۆمەڵگەی کوردیی تورکیا دا دەستگرۆی تەقینەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانی کرد بۆ پاڵپشتی لە رامیاریی جەنگیی پەکەکە.

شۆرشگێڕەکان بەبەردەوامی ئاگایان لە وەزن و وەرەی خۆیان بوو. چوون خەڵکیان بە بانگەشەو بانگکردنیان بۆ ڕێکخستنی مەراسیمی ناشتنی گەریلاکان بۆ تاقی ببوویەوە بەتایبەت ئەو گەریلایانەی لە پێکدادانەکاندا دەکوژران. بەم پێیە رادەی پشتیوانیی جەماوەریی خۆیان باش دەزانی. هاوکات داوایان دەکرد خەڵکی دوکانەکانیان داخەن و نەچنە قوتابخانەو پرۆتستۆی ستەم و دەستدرێژییە سەربازییەکانیان دەکرد لە ناوچەکەدا. هەمیشەیش لەساڵوەگەڕی دەستپێکی جەنگی گەریلاییدا، کە مانگی هەشتی ١٩٨٤ هەڵگیرسابوو، خەڵکیی هەندەدران کە شەقامەکان و نێو بازێرەکان کۆنترۆڵبکەن و نارەزایی لەبارەی نەزمی ژیانیانەوە نومایان بکەن.

بەڵێ بەمجۆرە رێورەسمی ناشتنی کوژراوەکان زەمینەیەك بوو بۆ جوڵانەوەکە تا سەرنجی هەزاران خەڵکی رەشپۆش و ماتەمگێڕی تورە بەرەو پەکەکە رابکێشێت .

دیاربەکری پێتەختی هەرێمەکە، لەوکاتەدا ژمارەی دانیشتوانی بە ٥٠٠,٠٠٠ نەفەرێك دەخەملێنرا. شۆڕشگێڕان بەچەند رۆژێك هۆشداریی پێشوەخت دەیانتوانی تەواوی شارەکە لەجموجوڵ بخەن و لەکار بیوەستێنن، ئەوان بۆ ئەو مەبەستە گەرەکیان بوو خەڵکی لەپلان و بەرنامەیان ئاگاداربکەنەوە.

بەتایبەت لەسەری ساڵی نوێی کوردیدا، بیانوویەکی باش و بابەتێکی لەبار دەرەخساو بۆماوەی هەفتەیەك دەیان هەزار لەخەڵکی دەرژانە بان شەقامەکان و خۆپیشاندانی نێزیك لەتوندوتیژی دەهاتە گۆڕێ، هەر لەوێیشدا دروشمی پەکەکەو دیبەیتی دژ بە دەوڵەت ساز دەکرا.

لەراستیدا هەڵسوڕان و ئاڕاستەکردنی خەڵکانێکی زۆر بەو شکڵە، تەحەدایەکی گەورە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی میریی، هەر بۆیە هێزەکانی ئاسایش بەسەختی کاردانەوەی خۆیان لەوبارەیەوە دەنواندو جیاوازییەکی کەمیان لەنێوان شۆڕشگێڕان و خەڵکی سیڤیلی هاوسۆزی پەکەکەدا دەکرد.

بۆنموونە تەنها لەساڵی ١٩٩٢دا هێزەکانی ئاسایش لە ١٣ خۆپیشاندانی جیاجیاداو لەشارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا زیاد لە ٢٠ کەسیان لەئاکامی تەقەکردن و

دەسترێژی گولله بۆ سەریان کوشت. هەندێك لەو خۆپیشاندانانە تەنها لەبەر ئەوە بوون کە پرۆتستۆی توندوتیژییەکانی میری بکەن دژ بە هاوڵاتیانی سیڤیلو بێ چەك[200].

هەروەها کوشتنی ناهەقو نادیاری چالاکوانانی کورد وەك دیاردەیەك لەو ساڵەدا پەرەی سەند، ئەوان ناگەهان دەدرانە بەر گولله یاخۆ دەڕفێنرانو دواتر بە کوژراوی لەسەر زبڵگایەکدا لاشەکانیان توڕ دەدرا. تەنها لەو ساڵەدا ٢٥٠ حاڵەتی لەو شێوە هەبوونو ساڵی دواتر ئەو ڕێژەیە بەرزبوویەوە بۆ ٤٥٠ حاڵەت.

ئەو خەڵکانەی کە دەستنیشان دەکران بۆ ئەم شێوە کوشتنە بریتیبوون لە کەسانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ یاخۆ ئەندامانی پارتی کاری خەڵكو ئەوانەی بەڕواڵەت هاوسۆزی پەکەکە بوون. دواجار میری هێزگەلێکی پشتیوانو سێبەری خۆی، کە ئەجێندای دژە پەکەکە باری هانیبوون لەنێوچەکەدا کردە ملۆزمی ئازادیخوازان[201].

هەروەها کاردانەوەی هێزە ئاسایشییەکان دژ بە زەبرو زیانەکانی پەکەکە گەیشتە رادەیەك کەخەڵکی بەجۆرێك بترسێنن تا ئاڕاستەیان دژ بەشۆڕشگێڕان وەرگێڕن.

پاش ئەوەی ساڵی ١٩٩٢ هێزە چەکبەدەستەکانی پەکەکە هاوەنێکیان نا بە باڵەخانەیەکی دەوڵەتییەوە لەشارۆچکەی شەرناخ دا. لەکاردانەوەی ئەوەدا هێزەکانی ئاسایش بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ وەك گێچەڵگێڕانێك بە خەڵکی بەردەوامبوون لە تەقو تۆقی

---

[200] Turkey Human Rights Report (1992), 37–47; hereafter THRR.

[201] Figures come from THRR (1992), 63 – 71; and THRR (1993), 143 – 158. For a credible account by a former PKK militant of how he later worked for the Turkish security forces assassinating Kurdish activists, see Sahan and Balik, Itirafci; Turkish state involvement in such killings long has been as" sumed because of who was targeted, because victims often were taken away by people who identified themselves as police or otherwise were last seen in police custody, and because very few people were arrested and with rare ex" ception, nobody prosecuted. The U.S. Embassy in Turkey, in its 1993 annual human rights report, referred to allegations by independent observers that the security forces were complicit; in 1997, by which time discussion turned more open, the State Department’s human rights report referred to “credible reports

هەوانتەو هەوەسباز. لەگەڵ ئەوەیشدا لەشرناخدا ئەوێ دەم نێزیکەی ٢٥ هەزار هاوڵاتی کورد دەژیان، کەچی حکومەت هێڵەکانی تەلەفۆنو ئاوی پچڕانو قەدەغەی هاموشۆی هاوڵاتیانی سەپاند. لەئاکامدا ٢٢ هاوڵاتی شارۆچکەکە کوژرانو زیاد لە ٪٧٠ی ماڵو حاڵی شارۆچکەکە وێران کرا. هەر بۆیە لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا هەزاران هاوڵاتی ماڵ بەکۆڵ سەرگەردان بوونو هەڵهاتن، بەجۆرێك لاشەی ٥ زارۆ بەمردوویی‌و بێ نازیی لەدووی کۆچی وان بەجێما[202].

هەریەك لە رۆژنامەنووسان فاروق بالیکسی‌و نامیق دورکان پێش ئەوەی گەمارۆی سەر رۆژنامەنووسان هەڵگیرێت، توانیبوویان دزە بکەنە نێو شارۆچکەی شرناخەوەدو راستی رووداوەکان رووماڵ بکەن. ئەوان دەگێڕنەوە کە چۆن منداڵێك ٤ ساڵە لەنێو تەرمی کوژراوەکاندا و لە راڕەوی نەخۆشخانەکاندا کەوتبوو.

ئەوان بەمجۆرە رووداوەکان باس دەکەن: "تەرمی کوڕێکی هەشت ساڵان لەوێ بوو. نیوەی شەویلگەی نەمابوو، هەروەها کونێك بەئەندازەی مستێك لە قورگیدا بوو، ئەو چاوەکانی بەکراوەیی مابوونەوە. هەروەها هەر بەتەنیشت ئەوەوە خوشکە تەمەن ١٢ ساڵانەکەی کەوتبوو، بەجۆرێك کە قژە رەشەکانی تەخشانکرابوون". فاروف بلیکی دەڵێ: "هەرچەنم دەکرد نەمدەتوانی تەماشای زوومی کامێراکەم بکەم، ئاخر چاوەکانم پڕببوون لە فرمێسكو هەموو شتەکانم تەماوی دەبینی"[203]. هەروەها دەگێڕنەوە: "کە لەلایەکیتری نەخۆشخانەکەدا باوکێك دەبینرا کە کیژۆڵە سێ ساڵانەکەی لەئامێزگرتبوو. کیژەکە بەسەختی بریندارببوو، بابی بەکوڵ دەپاڕایەوە لەخودا سابەڵکو زارۆکەی لێنەسێنێت. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە دەستی خانمەکەیشی گرتبوو، ئەویش لەنێو خوێنی لاشەی بیماریدا دەتلایەوە".

---

[202] Three soldiers and one policeman were killed in the first night; sub"
sequently, another 60 civilians also were wounded. For figures and eyewit"
ness accounts, see THRR (1992), 27 – 35. See also Imset, the PKK, 286 – 298, who noted that Turkish tanks moved into the city's downtown

[203] Balikci and Durukan, Olumun Iki Yakasinda, 98.

لەبەشێکی تری گێڕانەوەکاندا دەیانگوت:"نێزیکەی کاتژمێرێك دوور لەنێوەندی شاری سعرت، لەوێ جەنجالێیەك، کە پێك هاتبوو لە ئاوارەکانی شیرناخ دەبینرا، ئەو شوێنەی کە مالگەلێکی لەبلۆك دروستکراوی تێدابوو. گەنجێکی کورد لەنێو خەلکەکەدا بەئاشکرا مشتومڕی لەو بارەیەوە دەکردو هانی خەلکەکەی دەدا کە تێکڕا یاخی بنو رووبکەنە چیا". ئەو دوپاتیدەکردەوەو دەیگوت: لەوانەیە لەوێ ببینە شۆڕشگێڕ".

هەروەها گەنجێکی رووتەلەی دڕاو کە لەسەر عەردێکی تەختدا کەوتبووە سەرچۆك، ئەو لەخانوێکی چەپەکی نێزیك سعرت دەژیا، یەکێك بوو لەو گەنجە دلگەرمانەی کە ئیتر گەیشتبووە بینیو دەیگوت: "ئیتر لەوانەیە بچینە چیاو ببینە شۆڕشگێڕ". بەم وتانە برایەکی کە هەر لەو دەورووبەرابوو، سەری ئەرێنیو هاوهەلوێستی بۆ لەقاند، چوون براکەی دەیگوت: "لەوێ هەموو شتێك بەباشی دەڕوا، لەشاخێدا هەموومان دەجەنگین، ئاخر ئەمەی کەبەسەرماندا هاتووە، کەتنی بەسەزمانیو بێ چەکیمانە"[٢٠٤].

لەشوێنانیی تر رووداوی هاوشێوە، وەلێ لەئاستێکی بەرتەسکتر رووداوگەلێکی دی روویاندا. لەوێندەر دژە هێرشەکانی ئەرتەشی تورکیا بەردەوامبوون. بۆنموونە لەسنووری شاری بوکورجا دا پاش پارتیزانییەکی پەکەکە ئیدی هێزەکانی ئاسایش پاش ٤ کاتژمێر لەو هەلکوتانەی پەکەکە بەربوونە گیانی شارو چەندین دوکانو مالی بازێڕەکەیان زیانپێگەیاندو هاوکات گەنجێکی چواردە سالانیش بوویە قوربانی رووداوەکە[٢٠٥].

هەروەها لەرووبەڕووبوونەوەیەکی شەوێکی پێشووی نێوان گەریلاو ئەرتەش، لە ئاواییەکی نێوچەی ئاگریدا، ٢٠ گەریلاو ٥ نیزامیی کوژرابوون. هەربۆیە هێزەکانی ئاسایش بەربوونە بۆردومانی شەلم کوێرمی نێوچەکەو لەئاکامدا ٢ زارۆ کوژرانو سیانی تریش بریندار بوون. هەروەها لەشارۆچکەی کولب کە بەهاوسۆزیی بۆ پەکەکە ناسرابوون. هێزەکانی ئاسایش لەکاردانەوەی ئەوەدا کە بارهەلگرێکی سەربازیی لەنێوەندیی

---

[204] Adapted from Aliza Marcus, "The Other Kurdish Revolt," Common" weal, Nov. 20, 1992.
[205] THRR (1992), 35–37.

شارەکەدا تەقەی لێکراوە،ئیدی دەستەچەورەکەی بەسەر هاولاتیانی ئەوێدا ساویی. هاولاتییەکی ئەو دەڤەرە دەیگوت: "حکومەت خانووەکانی ئێمەی گڕ تێبەردەدا لەکاتێکدا کە پەکەکە هەڵیکوتابوویە سەریان"[206].

دامەزراوەی مافی مرۆڤی تورکیی سەربەخۆ، کە پێوەندییەکی لەتەك پەکەکەدا نەبوو، هۆشداریی ئەوەی دا کە توندوتیژییەکان وەختە متمانەی خەڵکیی بە دەوڵەت لەقدەکات. ئەودامەزراوەیە رایگەیاند: "خەڵکێك کە لە نوسەیبین‌و شرناخ‌و سعرت دەژین، پێیان وایە دەوڵەت هیچ حسابێك بۆ وان ناکات‌و دەیانچەوسێنێتەوە. هەربۆیە ئەو هاولاتییانە هیچ چاوەڕوانییەکیان لە دەوڵەتەکەی خۆیان نییە"[207].

ئەمە ئەو شتەبوو کە بەتەواوی پەکەکە دەیهەویست. ئەوان لەو ناوچانەی کە بەهێزتر بوون تەنگیان بە رژێمی بەڕێوەبردنی ئەوێ هەڵچنی بوو، تەنها باجیان لە خەڵکی نەدەسەند بەڵکوو ئامادەییەکی کاریگەرییان لەتەواوی لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا هەبوو.

لەشاری نەسیبین دا پەکەکە ئاگری بەردایە ساخت‌و سازی گەنجینەی نێوچەکەو شەقامەکانی بەتەواوی کلۆمدا، ئەوەیش لەپێناو پلانی نارەزایی دەربڕینی تەڤگەرەکەدا بوو، کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکی شارەوانی ئەوێ پێشنیازی دانوستان بکات لەگەڵ فەرماندەی هەرێمیی پەکەکەدا، وەلێ نەیتوانی سەرانی پەکەکە رازیبکات بە دەستبەرداربوون لە شارەکە، ئیدی هەڵگرتنی گەمارۆی سەر هاموشۆی نێوچەکە هەروا مایەوە.

فەرماندەی پەکەکە بەمشێوەیە باسی لە دانەدووادەی پێشنیازی دانوستان دەکرد: "پێمان وتن بهێڵن شەقامەکان هەروا شەخەلاوی‌و شار وێرانە بێت، چوون ئاو

---

[206] A Kulp resident quoted in THRR (1992), 36.
[207] THRR (1992), 26.

تانکەکان ناتوانن بێنە نێوشارەکەوە، ئێوە بەگوێتان نەکردین، بۆیە ئێمەیش ئاگرمان بەردایە بازێڕەکەو شەقامەکانمان بن بەستکردن"[208].

لەسیعرت، شارە تەپوتۆزاوییەکەی لێواری چیاکانی جودی. لەوێ گەریلاکان دادگای تایبەتیان دانابوو بۆ ئەو کەسانەی کە تۆمەتباردەکران بە هاموشۆی سەربازەکانو گواستنەوەی شتو مەکو خواردەمەنی بۆیان، هاوکات بە فرۆشتنی جۆرەکانی خواردنەوەی وەك ویسکیو جن، ئازاری رۆحیو مۆراڵی خەڵکەکەیان دەدا[209].

هەر لەو دادگایانەدا گرفتو گرێو گۆڵی هاوڵاتیانیان چارەدەکرد، وەك گرفتەکانی زەویو زارو بگرەو بەردەی قەرزو قۆڵەو ئەم دیاردانە. لەبەرامبەریشدا هۆشدارییان دابوویە خەڵکی ناوچەکە نەکا بۆچارەسەریی گرفتەکانیان روو لە دادگا لۆکاڵییەکانی سەر بە میریی بنێن، چوون ئەوە مانای ناسینی دەسەڵاتی تورکیا بوو لە نێوچەکەدا. لە ئیدیلی هەڵکەوتوو لەباکوری خۆرئاوای سیعرت، دیسان رەوشەکە بەهەمان شێوە دەگوزەرا. بەرپرسی نێوچەکە بە رۆژنامەنوسێکی تورك بەنێوی عسمەت ئیمسەت وتبووی: "لەشەش مانگی رابردووەوە تا ئێستا تەنها داوایەکی هاوڵاتیانمان پێنەگەیشتووە کە دادی خۆی لەدادگا نێوچەییەکان نابێت. چوون خەڵکی زێدەتر دادگا جەماوەرییەکانی پەکەکە پەسەند دەکەنو گازاندەو گلەکانیان بۆ ئەوێ دەبەن"[210].

لەدیاربەکریش داواکاری گشتی بەلای ئازمانی فەرماندەی شۆرشگێرەکانەوە، کە پێشتر هاوڕێو هاوپیشەبوو لەپارێزەییدا، گازاندەی ئەوەی دەکرد کە بەشێوەیەکی دراماتیکی تەواوی دۆسییەکانی میریی لەنێوچەکەدا لەکارکەوتوون.

---

[208] Quoted in "Abdullah Ocalan'in," Serbesti, Mart"Nisan 2005, 34.

[209] In 1993, after my car broke down on a remote road outside Cizre, I flagged down a passing taxi. It turned out to be a PKK"affiliated taxi that was taking a Kurdish shopkeeper to a rebel"convened trial for having ignored warnings not to sell food to a local army base. The man said he expected to be fined.

[210] Imset, the PKK, 270.

ئازمان دەیگوت: "خەڵکی ئیتر مل بۆدادگاکانو دەسەلاّتی میریی نادات، ئەوان و ـ ئێمە دەڕوانن کە زێدەتر دادوەرییو یەکسانییان بۆ فەراهەمدەهێنینو پێیان وایە ـ هێزو پێزی ئێمە کاریگەرو کاراترە لەنێوچەکەدا".

پەکەکە زیاد لە هەیمەنەی دەسەلاّتی میریی شوێنی هێزوو بازووی خۆی لە نێوچەکـ کردبوویەوە. ئەوان کوردانیان بەکاردەهێنا لە بواری پێداچوونەوە بە گرفتەکاندا، لەو ـ پەنایان دەبردە بەر سەرۆك هۆزو کەسەدیارەکانو خاوەن زەمینە زەنگینەکان ـ هاریکاریانبن لەچارەی گرفتەکانی پەیوەست بەخەلّو بڕیاردان لەسەر ناکۆکییەباوەکـ دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواریی. هەربۆیە لەو نێوچانەدا کە پەکەکە تێیاندا بالأدەستبوو هاولاّتیان بەتەواوی پشتقایم بوون بە شۆرشگێڕەکانو هیچ ئاتاجێکیان بە میریی نەبوو دیارە کە ئەوەیش پێداگریکردنە لەسەر راستییەکە کە جەنگی چەکداریی چ گۆڕانێکی کۆمەلأیەتی لەنێوچەکەدا هێنابوویە گۆڕێ. ئەمەیش فرەبەسانایی دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەوەبوو کە پەکەکە لەڕێگەی هێزەوە خۆی سەلماندبوو لەنێوچەکەدا، هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە شۆڕشگێڕەکان وا تەماشادەکران کە نوێنەری راستەقینەی بەرژەوەندییە بالأکانی خەڵکن لە نێوچەکەدا.

سەرانی پەکەکەو گەریلاکان ئێجگار شوێن متمانەو ڕێزگیراو بوون، تەنانەت زیاتر لەو ڕەمزە دیارو تەقلیدیو سوننەتیانەی نێوچەکەیش ڕێزیان لێدەگیرا کە هیچ پێوەندییەکیشیان بە میرییەوە نەبوو، چوون ئەوان تا ئەوکات نومایانی ناشۆڕشگێڕیو دوور لە هەستی نەتەوەیی بوونو داخی شکستی ڕاپەڕینو ڕابوونە نەتەوەییەکە لەئەستۆیاندا بوو.

ئەزمان دەیگوت: "کەڕەتێکیان کیژە لازێك کە شوی بە کوڕە کوردێ کردبوون شکایەتی ئەوەی کردبوو کە بەدەست تێهەڵدانی هاوسەرەکەیەوە وڕو یاس بووە. کیژەکە لە نامەیەکدا ئێمەی لە ڕەوشی ژیانی ئاگادارکردەوە، هەربۆیە ئێمەیش کەسێکی خۆمان نارد بۆ گیانی کابراو تێر سەرکۆنەی کردو هەڕەشەی ئێمەی پێگەیاند". ئەزمان لەدرێژەی وتەکانیدا

شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی: "پاش ماوەیەك نامەی سوپاسگوزاری کیژەکەمان پێگەیشتو گتبووی کە گرفتەکەی چارەسەرکراوەو شووەکەی بووە بەماسی مەییو".

ئاستی دەسەلآتو دەستڕۆیشتوویی پەکەکە لەنێوچەکەدا بەڕادەیەك بەهێزبوو کە هەندێك لە چەکدارو فەرماندەکان پێشنیازی ئەوەیان دەکرد کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە راپەڕینێکی سەرتاسەری دەستپێبکەن.

فەرماندەی پەکەکە سەعید کوروك کایا دەیگوت:"رەوشەکە دەوڵەتی لە دەسەلآتی خۆی دابڕاندبوو، ئیدی دەوڵەت نەیدەتوانی بۆ هەتایە بەم نەزمە ئیدارەبکات". ناوبراو باشتر بە دکتۆر سولەیمان ناسرابوو، ئەو کەمێك لە تیۆرەکانی ماوی تێکەڵ بە دیدو قوڵبوونەوەی خۆی کردبوو

لەم بارەیەوە دەیگوت: "یان پاشەکشەدەکەین لەم رەوشە، یاخۆ هەنگاوی داهاتوومان دەبێت ستراتیژی هێرشو هێز بێت".

## دووان دەربارەی راپەڕین

راپەڕینی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستانی ئێراق، جۆشو خرۆشی کاریگەرییەکانیی، فەرماندەکانی پەکەکە گەرمکردبوو. لەدەستپێکی ١٩٩١ دا پاش ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکان بەرێبەرایەتی ئەمریکا توانیان ئەرتەشی ئێراق لە کووەیت دا پاشەکشە پێبکەن، ئیدی کوردانی ئێراقیش توانیان راپەڕینی سەراسەریی دەستپێبکەن. کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دەتوانن پشتیوانی ئەمەریکا لە زەمینە سازیی بۆ دەستکەوتەکانیان بەدەستبهێنن. ئەوە پاش ئەوە هات کە جۆرج بۆشی باوك داوای لەگەلی ئێراق کردبوو کە خۆیان لە دیکتاتۆرییەت قوتار بکەن. وەلێ ئەمەریکا فرە نیگەرانو قەڵس بوو لەبەرامبەر هاوپەیمانەکانی بەتایبەت تورکیا. چوون تورکیا لەتەنینەوەی ئاگری جودایی ئەترسا بۆنێو کوردەکانی خۆیشی. هاوکات دەوڵەتانی دیکەی هەرێمەکە بە جدیی نیگەرانی هەلومەرجێك بوون گەر بێتو ئێراق دابەشبێت بۆ چەند دەوڵەتۆچکەیەکی لێك دابڕاو.

لەئاکامی ئەم نیگەرانییەدا هەریەك لە ئەمەریکاو هێزەکانی هاوپەیمانان لێگەڕان تـ هێزەکانی ئێراق بەکامی دڵیانو بە دڕندانەترین شێوە دژە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردان دەست پێبکەن، لەئاکامدا نێزیکەی دوو ملیۆن هاوڵاتی کورد لە زێدی خۆیان هەڵهاتنو بوونە پەنابەر لە ئێرانو تورکیادا. لەراستیدا وێنە شەلاڵو شەکەتەکانی خەڵکی ئاوارەو دەربەدەر، لەوان زارۆگەلی ساواو برسییو خەڵکی پەشۆکاو بەدامێنی چیاکاندا، شیمانەی ئەوەی دەکرد بۆ هەوەڵجار بایەخێکی نێونەتەوەیی لەمەڕ دۆزی کورد بهێنێتە دەنگ. وەلێ بەداخو کەسەرێکی فرەوە ئەم رەوشە بۆ نێو کوردانی تورکیاو تەنگو چەڵەمەکانیان درێژنەبوویەوە.

هەرچەند ئەنکەرە هیچ دڵخۆش نەبوو بە لێشاوی ئاوارەکانی کورد بۆ نێو خاکەکەی. بەهەمان ئەندازەیش لەو سەرنجو بایەخە نێونەتەوەییە لە سەر کوردانی ئێراق تووڕەو نیگەران بوو. هەربۆیە ئەنکەرە بەزوویی پشتیوانی لە چێکردنی سنورێکی دابڕاو و پەنایەکی سەلامەت بۆ کوردان کرد تا بگەڕێنەوە نێو وڵاتی خۆیانو لەسەر ئێشەیان بەدوور بێت[٢١١]. تورکیا وا وێنای رەوشەکەی دەکرد کە نێوچەیەکی کاتی لەسنوورەکانی باکوری ئێراق بێتو فرە درێژە نەکێشێت، وەلێ بۆ کوردانی ئێراق نێوچەکە بوویە بنەوانێکی باشو زیاد لەوەیان چنگ کەوت کە ئەنکەرە شیمانەی کردبوو.

ناوچە پارێزراوەکە زۆرترینی هەرێمی کوردستانی دەگرتەوە، لەو هەرێمەدا هێزەکانی ئێراق بۆیان نەبوو جارێکی تر بێنە ناوەوە، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردەکانی ئەویێ کردە ئەمرێکی واقعیی. هەربۆیە بەزوویی کوردانی ئێراق کەوتووتنە ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردنێکی نێوخۆیی لە مانگی ٥ی ١٩٩٢ دا.

لێرەوە بەشێك لە فەرماندەکانی پەکەکە وای بۆدەچوون گەر لە راپەڕینێکی هەمەلایەنەشدا شکست بهێنن، ئەوا دەکرێت هەر دەرفەتێك بێت بۆ سەرکەوتن، ئەگەر

---

211 For details see Kirisci and Winrow, Kurdish Question, 157–161.

بێتو وەك كوردانی ئێراق ناوچەیەكی ئارامیان بە بڕیارێكی نێونەتەوەیی بۆ فەراهەم بكرێت.

لەم بارەیەوە دكتۆر سولەیمان دەیوت: "یان دەسەلآت لەنێودەستماندا نامێنێت، یاخۆ كێشەكەمان دەكەینە دۆزێكی نێونەتەوەیی مەزن ".

پەكەكە لەو قۆناغەدا دارای ۱۰,۰۰۰ هێزی چەكداربوونو بانگەشەی ئەوەشیان دەكرد كە نزیكەی ٦۰,۰۰۰ هێزی مەدەنییان لەشارەكاندا هەیە، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا ۲/۳ی تەواوی هێزەكانی تورك دەبوون(بێجگە لە پۆلیس، هێزە تایبەتەكان، گوندپارێزەكان) كە لە نێوچەكەدا جێگیر ببوون[212].

گەرچی رەنگە زێدەڕۆییەك لە ژمارەو سەنگی چەكدارەكاندا كرابێت، وەلێ شۆڕشگێڕەكان لەسەر ئەوە كۆك بوون كە زیاتر لەنێوەی خەڵكیی هاوسۆزیان بوونو زۆرینەی ئەوانەیش چەكدارو چەك بەدەستبوون. هەربۆیە گریمانەی ئەوە دەكرا هەر راپەڕینێكی بەردەوام لە سەرنجو سەنای ئەوخەڵكەدا بەباشی پشتیوانی دەكرا، گەرچی ئامادەكارییەكانی هێزە ئاسایشییەكانی توركیش باشتربوونایە، ئەوا دەتوانرا خاڵی ئامانج جەختی لەبارەوە بكرێتەوە.

لەمانگی دووی ۱۹۹۲ شۆڕشگێڕانی پەكەكە لە شارۆچكەی كوڵیی دەرێی پارێزگەی ئامەد گردبوونەوە بۆ سازدانی كۆبوونەوەیەك لەبارەگای سەركردایەتی حزبەكەیان. شەمدین (زەكی) سكیك، كە فەرماندەی پەكەكە بوو بۆ ئەو پارێزگایە، سەرپەرستی كۆبوونەوەكەی خرایە ئەستۆ. وەك هەموو ئەوانی تر سكیكیش وادیاربوو وابڕیردەكاتەوە كە ئیتر كاتی ئەوەهاتووە دەستگرۆیی خەڵك بكەنو هانیاندەن بۆ راپەڕینێكی بەردەوامو سەرتاسەریی لەتەواوی نێوچەكەدا.

---

212 The usual number of Turkish troops was about 90,000. By June 1994 the number rose to 160,000. Figures come from Kirisci and Winrow, Kurdish Question, 130.

بەدڵنیاییەوە ئۆجەلان هێند قسەی کردبوو کە باوەڕی تەواو لەی هەمووان گەلاڵە بکات، کە بەڵێ ڕاپەڕین ئامانجە روونو رەوانەکەی گەریلاکانە.

وەلێ مشتومڕەکانی بارەگای سەرکردایەتی کولپ، هێند بۆی دانەچوو. ئیدی بەشداربووان هەرزوو لەو راستییە گەیشتن کە ئۆجەلان پێشوەخت بڕیاری خۆی لەمەڕ جەنگە گەریلاییەکەی قۆناغی داهاتوو دابوو(ئەو بێ پێچو پەنا دیدگای خۆی لەمەڕ پرسەکە بۆ فەرماندە سەربازییەکان خستبووە ڕوو). هەربۆیە لەجیاتی هاندانو پشتیوانی لە ڕاپەڕینی سەراسەریی، کە بەسروشتی حاڵ تەواوی رەوشەکە لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدا نەبوو. هەربۆیە ئۆجەلان خواستی ئەوەی لەمەڕگدا بوو کە خۆیەکلایی بکەنەوە بۆ گێردانی خەڵك تاپەیوەندیی بکەن بەپەکەکەوە یاخۆ راستەوخۆ پشتیوانی لە خەباتی گەریلایی پەکەکە بکەن نەك ڕاپەڕین.

سیفتسی کە لە گردبوونەوەکەدا ئامادەیی هەبوو، پێمانی گوت:"واتە بەگوێرەی ئۆجەلان گرنگترین شتێك کە لەو ساتەدا بیکەن ڕاپەڕین نەبوو، بەڵکوو، بونیادی سوپایەکی چەکداری تۆکمەبوو، تا لە چیاکانەوە جەنگ لەگەڵ سوپای تورکیا دەستپێبکەن".

هەمان مشتومڕو دیبەیت لە چوار لە پارێزگاکانی تر لەمەڕ ئەو بابەتە هاتبووە ئاراوە.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت: "پەکەکە پیٚو پایەی لەرووی ئاسایشییەوە فرە ئارام بوو. تەنها کەمێك ماتڵبوون بۆ رەخسانی زەمینەیەکی باشتر، گرفتێکی بۆیان نەتاشیبوو. هەربۆیە هەمووومان ئەو مافەمان بەبڕیارێکی وەها دەدا".

وەلێ وا بەردیدە دەکەوت کە خەڵکیی بۆخۆیان گەلاڵەی ڕاپەڕینو سەوداسەری ئازادی ببوون، هەر بۆیە ئەو سەری ساڵی کوردییەو بۆنەی نەورۆز، بەبەراورد بەوانەی لەرابردوودا ئەزموونکرابوون، بە توندوتیژترین بۆنەی ساڵ دەهاتە ئەژماردن. سەرەتا لە شاروشارۆچکە کوردییەکاندا بۆنەکان برانە نێوشەقامەکانو بەتەواوی رەوشی یادەوەریو ئاهەنگەکان بوونە خۆپیشاندانێکی نەتەوەیی. زارۆو جەوان، ژنو پیاگی دەڤەرەکە بەتانەو تەشەرەوە ڕووبەڕووی هێزە ئاسایشییەکان بوونەوەو دیمەنی تووڕەیی لەچاوی

هەوادارانی پەکەکە دەخوێنرایەوەو دروشمەکانی وانیان بەرزکردبوویەوە. لەهەندێك لە شوێنەکاندا هاولاَتیانی چەك بەدەستی پشتیوانو هاوسۆزی پەکەکە تەقەیان لە هێزە ئاسایشییەکانو پۆلیس دەکرد. توندوتیژییەکانو پێکدادان بۆ چەند رۆژێك درێژەی هەبوو. نێزیکەی ٩٠ هاولاَتی کە بەشێوەیەکی سەرەکی هاولاَتی مەدەنی بوون، لەو بگرەو بەردانەدا کوژران[٢١٣].

وەلێ ئۆجەلان بەهیچ کلۆجێك رێگەی نەدا خۆپیشاندانەکان سەربکێشن بۆ راپەرینێکی سەرتاسەریی هاوشێوەی راپەرینی فەلەستینییەکانی کۆتایی هەشتاکان. هەر بۆیە وردەوردە جۆشو خرۆشو کەفوکولێ خەلکی نیشتەوە، تا دوواجار بەتەواوی رەوشەکە خامۆشکرا.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت: "پرۆگرامێکی رۆشنمان لە نەورۆزدا پێنەبوو. راستە گەرەکمان بوو خەلکی بەشداریی لە بۆنەی نەورۆز بکەن، وەلێ نە رەوشەکە بگەیەننە راپەرینی سەرتاسەریی. چوون گەر ئەوەمان گەرەکبووایە، ئەوا هەر لەسەرەتاوە هۆشداریمان پێدەدان کە تەواوی چەکەکانیان بهێننە گۆرێو مەیدانەکە بشلەقێنن".

دوواتر هەندێك لەبەرپرسانی بالاَی پەکەکە ئەو پرسیارەیان لا گەلاَلەببوو، هۆی چی بوو ئۆجەلان لەنیوەی هەوەلی نەوەدەکاندا ملی نەدەدا بۆ راپەرینێکی جەماوەری لەهەرێمەکەدا. هەندێك ببوویە مەراقیان، ئایا ئۆجەلان لەوەدەترسا سوریا لەدەستبداتو ئاوارەبوونی ملیۆنان کورد بۆ نێوسنوورەکانی سوریا تەحەمولنەکات؟، ئەوە خالی سەرەکیی مەنگیی ئۆجەلان بوو، بێ گومان پێشهاتێکی وەها سوریای لە کۆنترۆلی چاودێریی سنورەکانی دەترازاندو بۆچونێکی نێونەتەوەیی نوێو ئاماژەیەکی جدی بۆ دۆزی کورد دەستەبەردەکرا. یاخۆ هەندێك واگومانیان دەبرد کە ئۆجەلان لەو راستییە ئاگادارکرابێتەوە گەر بێتو راپەرینێکی جەماوەری فراوان روبدات، ئەوا دوور نییە جەنگە گەریلاییەکە لەژێر کۆنترۆلی راستەوخۆی ئەو دەربچێت. هەربۆیە راپەرینی

---

[213] THRR (1992), 20–27.

جەماوەریی بەردەوام، ئیتر توندوتیژبووایە یان شلگیر، ئەوا دەکرا ببێتە هۆی دەرکەوتنی رەگەزو رەنگی نویٚ لە گۆڕەپانی شۆرشگێڕیداو ئەمەیش بەجۆرێك لە جۆرەکان تاکرەویی پەکەکەی پەکدەخستو رەنگو بۆی فرەو جیاوازو فرە ساحێب سەریهەڵدەدا.

سەرچاوە فەرمییەکانی ئەرتەشی پەکەکە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە جەنگی گەریلایی‌و راپەرین تەنها لەپەکەکەوە ئاڕاستە بکرێت‌و لەنێو دەستانی ئۆجەلاندا رەوشەکە هێزی وەبەربدرێت. ئەزمان دەیگوت: "پەکەکە دژ بە هەر جموجوڵێك بوو کە لەدەرێی دەسەلاتیدا بێت. بەلاّم گرفتی راستەقینە ئەوەبوو، پرۆگرامیان چی بوو؟ ئەدی ئامانج؟ چوون بەبیٚ ستراتیژێکی رۆشن، تاکتیکەکان نەدەکرا سەر ڕاست‌و دەقیق بن".

ئۆجەلان هەمیشە دارای باوەڕێکی پتەو بوو بە پلان‌و بەرنامەکانی، ئەو بەردەوام وادەردەکەوت باوەڕی بە پڕوپاگەندەو پێشنیازەکانی خۆی هەیە. هەربۆیە ئەو قایلکرابوو بە توانای هێزوو بازووی گەریلاکان‌و پێی وابوو، دەتوانن بەرەو سەرکەوتن پلانەکانیان ئاڕاستە بکەن. لەمسۆنگەیەوە هیچ هۆیەکی بۆ راپەرینێکی جەماوەریی نەدەبینییەوە. ئەو لەلایەکەوە باوەڕی وابوو کە هێند هێزی سەربازیی لەژێر رکێفیدایە کە چۆك بە ئەرتەشی تورکیا دابدات، لەلایەکی تریشەوە دارای متمانەیەك بوو بە هێزەکانی کە دەتوانن ئەرتەش‌و حکومەت والێبکەن، واز لە توندوتیژی بهێنن‌و پەنابەرنە بەر دانوستان‌و ئاگربەست. لەراستیدا شیکردنەوەکانی ئۆجەلانیش بۆ رەوشەکە وەختێکی فرەی بەهەدەردا، واگریمان دەکرا رەوشەکە هێمن بێت، بەلاّم نە ئەرتەشی تورك کەڵکی لەهەڵەکانی وەرگرت، وە نەیش ئۆجەلان هیچی پێکرا.

## سپۆنسەری جەنگ

جەنگی گەریلایی لە ئاواییە دوورە دەستەکانی باشوری رۆژهەلاّت‌و هەموو ئەو کارە رێکخراوەییانەی نێو شارە مەزنەکانی تورکیا وا پێشبینیدەکران کە بۆخۆیان سەرچاوەی دارایی بدۆزنەوە. چالاکییەکانی پەکەکە لەشارەکاندا لەلایەن چالاکوانانەوە بەجۆرێك

مەیسەر دەبوون کە بۆ خۆیان دارای ئیش گەلێك بوون کە یاریدەی جولانەوەکەی دەدا، وەلێ گەریلاکان لەچیا پێویستییان بە پارەو شتو مەك هەبوو، کە راستەو خۆ کەسەکان یاخۆ بزنسمانەکان بۆیان کۆدەکردنەوە. ئامانج تەنها هێنانی پارە نەبوو لەو کەسانەوە، تاوەکو پێداویستی چەكو چۆلو پۆشاكو خۆراك دابین بکەن. بەلکو دیوێکی تری رامیاریی دارایی پەکەکە بریتی بوو لە نیشاندانی تواناو هێز.

ئەیهان سیفتسی دەیوت: "ئامانجمان ئەوەبوو، دەولەت بتوانێت چی بکات، ئێمەیش دەتوانین. ئەوان لە رۆژدا بوونی خۆیان دەسەپاند، ئێمەیش لەشەواندا، بەم نەزمە دەبوو بەشداربین لە دەسەلاتداریتی ناوچەکەدا". ناوبراو ناسرابوو بە کوچوك زەکی. ئەو جەنگاوەرێکی ئێجگار وردو وریابوو، لەدەستپێکی ١٩٩٤ دا بوویە فەرماندەی پارێزگای ئەرزرۆم، ئەوەیش بەرزترین پلەبوو گەر یەکێك ویستبێتی پێی بگات لەناو تەڤگەرەکەدا. ناوبراو لە درێژەی دیدارەکەمدا پێمی وت: " گەر میریی باجی بسەندایە، پێویستبوو ئێمەیش باج بسێنین".

بیرۆکەی سەندنی باج لەخەلکی نوێ نەبوو. پلانی ستاندنی باج لە کۆنگرەی سێهەمی سالی ١٩٨٦ وە راگەیەنرابوو. بەلام لەوکاتەدا تەڤگەرەکە هێند بەهێز نەبوو تا بڕێکی وا پولو پارە بسێنێت کە لەئاستی پێویستدا بێت. وەلێ رەوشەکەی ئەوکات گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە ئێستادا تۆڕی پشتیوانی لەپەکەکە ئێجگار بەرینو فراوانەو داواکارییەکانیان لە ساندنی باجو کۆمەك ئێجگار کەم دەدرێتە دوواوەو فرە بەرێکخراوەیی کاریی تەمویلی پەکەکە لەسەر بنەمای رامیارییەکی سەرکەوتوو بەڕێوە دەچێت.

هاوکات بەشێك لەو خەلکەی کە دەیانەویست ببەخشن، واهەستیان دەکرد کە بەتۆپزی لێیان دەسەنرێت، بەشێکی تر پێیان وابوو بەخشین لەپێناو شۆڕشگێڕاندا هەستێکە بۆ سەرکەوتنو دەستەبەری مافەکانی کورد، پێویستە بەوان بدرێت نەك بەدەولەت، دەولەتێك کە مافەنەتەوەییەکانی بندەستکردووە. یەکێك لەخاوەن زەوییە زەنگینەکانی دیاربەکرو سەردارەکانی ئەوێ بۆمانی باسکرد: "جارێکیان شۆڕشگێرەکان

هاتن داوای ئاردیان دەکرد. لەهەمان کاتدا میریی داوای جەوانی کوردیان دەکرد تا ببنە چەکدارو جەنگی پەکەکەیانی پێبکەن. دیارە کە لەم هاوکێشەیەدا شۆرشگێڕەکان هاوسۆزتربوون".

لە شارۆچکە گچکەکاندا بەتایبەت لەو شارۆچکانەی کە پەکەکە دەستی دەشکا بەسەر کۆنترۆڵکردنیاندا، بارەگای نیمچە جێگیریان هەبوو، لەوێدا هەوڵیاندەدا پارەو پول لە زەنگین و دەسەلاتدارانی شارەوانی و کۆمپانیاکان بسێنن. یەکێك لە فەرماندەکانی پەکەکە باسی لەوە دەکرد کە ڕێژەی ١٠٪ی باجی بەسەر شارۆچکەی کولپی باکوری دیاربەکر سەپاندبوو.

هاوکات گەریلاکانیش مانگی جارێك یاخۆ جەند جارێك لەمانگێکدا دەهاتنە نێوچەکەو پارەو پوڵەکەیان بەرەو چیاکان بەشێوەی کاش دەبرد. دکتۆر سولەیمان بەکەمێك لە شانازیی بەخۆکردنەوە گوتی: "بەدەر لە فەرماندەی بارەگا سەربازییەکان، ئیدی هەموو کەسێك لە ئاستی بەرپرسیارانی خوارێ دەبوو باج بداتە حزبەکەی". وەلێ کاتێك کە هەست دەکرا زەنگینە کوردەکان پارەو پوڵ وەك باج دەدەنە پەکەکەو بەنەزمێکی ڕێك و پێك گرفتێك نایەتە پێش، ئیدی کاریگەرو پاڵەو هەژارەکانی کورد ناچار نەدەکران پارەو باج بدەن.

یەکێك لە شۆرشگێڕەکان دەیگوت: "رامیارییەکی ئەوتۆ نەبوو تا پارە لە تاکەکانی کۆمەڵگە بسێنین، وەلێ گەر یەکێك دارای دوکان و کانتینێك بووایە ئەوە ڕەوشەکە جیاوازتر بوو بۆی".

پێوەیستە ئەوە روون و رەوان بێت کە پەکەکە هێند هێزی هەبوو کە بەکامی دڵی خۆی بتوانێت پارەو باج لە هەموو کەسێك بسێنێت، وەلێ ئەو رامیارییەی بەو بەرینییە بە پێویست نەدەزانی. چوون ئەوان هێند پارەی پێویستیان لە دەستاندا بوو کە بۆ چالاکی و بەرێوەچوونیان ئاتاجیان بە زێدەتر لەوە نەبوو. سەعید کوچوك زەکی دەیگوت: "هەرگیز ئەوە بەمێشکماندا نەدەهات". ئەمەیش لەسەر بنەمای ئەو راستییە سەرچاوەی گرتبوو کە خواستی پەکەکە بۆ ستاندنی داهات لە تاکەکانی کۆمەڵگەو بازرگانە

بچووکەکان پێویستە سنورداربێت، چوون پەکەکە لەو راستییە گەیشتبوو کە خەڵکی نەدارو برسین‌و تەنانەت بازرگانە بچووکەکانی کۆمەڵگەکەشیان مانگانەیان زیاتر لە چەند سەد دۆلارێك نییە.

بۆنموونە پارێزگایەکی وەك ئامەند کە فراوانترین‌و زەنگینترین نێوچە بوو کە پەکەکە دەستی بۆ بەرێت، ساڵانە نێزیکەی یەك ملیۆن دۆلاری وەك باج لێهەڵئەکراند. لە راستیدا ئەوە بڕێکی باش بوو، وەلێ هێند مەزن‌و زەبەلاح نەبوو. کوجوك زەکی بە شۆخییەکەوە دەیگوت: "ئێمە حسابی میریشمان کردبوو، نەدەبوو باج لەهەموو کەسێك بسێنین، ئاخر رەوشەکە بۆ پرۆسەی سەندنی باج لەلایەن میرییەوە دژوار دەبوو"[٢١٤].

زۆرینەی زۆری باج‌و پارەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە گرد دەکرایەوە، ئەو کۆمپانیایانەی کە میریی بەکرێی گرتبوون بۆ خاسکردنەوەی رێگەو بانەکان‌و کێشانی بۆریی‌و تۆڕەکانی کارەباو بونیادیی باڵەخانەکان. هاوکات کۆمپانیاکانی سەر بەمیریش کە تایبەت بوون بە کاروبارەکانی سیانە، ئەوانیش پارەیان لێوەردەگیرا. ئیدی ئەو پارەو پوڵەی کە وەردەگیرا دەبوویە دەفعی بەلاَو لەبەرانبەردا رێگەیان پێدەدرا کارکەن‌و هێرشیان نەدەکرایە سەر یاخۆ ئامێرەکانیان نەدەتەقێنرانەوە. یەکێك لە خاوەنکارە سەرکەوتووەکان لەئەنکەرە دەیگوت: "کاتێك ویستم قوتابخانەیەك لە ئاواییەکەمان لە باشووری رۆژئاوا بونیاد بنێم، سەرکاری کارەکە داوای پوڵێکی فرەتری دەکرد. چوون حسابی ئەو برەی دەکرد کە پێویست بوو بیداتە گەریلاکان، ئەگەر نا تەواوی ئامێرەکان یاخۆ خودی بیناکەیان دەتەقاندەوە".

لەتەواوی ئەو نێوچانەی کە شۆڕشگێڕەکان تێیدا بەهێزبوون، کۆمپانیا نێوخۆییەکان بۆ هەر پرۆژەیەك، پێشتر لەگەڵ گەریلاکان‌و فەرماندەکانی پەکەکەدا هاتنە رێککەوتن، ئەوجا میرییان لەسەر دەستپێکردنی پرۆژەکەیان ئاگاداردەکردەوە.

---

214 In addition to interviews with former PKK militants and Kurdish civilians who gave money or goods, published sources include Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish, 29–34; Ozcan, PKK, 188–189; THRR (1993), 68–71; and Imset, the PKK, 201–210.

هەندێك جار شۆڕشگێڕەكان، پەیمانكارەكانیان لەهەر پرۆژەیەكی نەخو ـ
ئاگاداردەكردەوە، بۆنموونە گەر بیانویستایە، بنكەیەكی پۆلیس یاخۆ ڕێگەیەك ج ـ
بكەن كە ئەرتەشی تورك نیازی پێی هەبێت. یاخود زۆرجار لەگرێبەستەكاندا ٪١٠ ـ
كرێو تێچوونەكانی موزایەدەكە بۆ گەریلاكان تەرخاندەكرا. هاوكات هەمیشەیش ـ
پەیمانكارانە لە موزایەدەكاندا گرەویاندەبردەوە كە پێشوەخت بەڵێیان لەلاب ـ
گەریلاكانەوە بۆ كرابوو.

یەكێك لەفەرماندەكانی پەكەكە دەیگوت: "هەندێكجار كارێكی وەها هەروا ـ
نەبوو". وەلێ یەكێكی دییان دەیگوت: "ئێمە دارای چەك بووینو بەتۆپزی ئەوەی
بمانویستایە دەمانكرد".

یەكێكیتر لە هەرە قازانجە گرنگەكانی سەرچاوەی دارایی پەكەكە بریتی بوو لە كاری
قاچاخچێتی لەنێوان سنوورەكانی هەریەك لە ئێران، ئێراق، توركیاو لەتەك گەلێ لەگروپ
كوردییەكانی تر لەنێوچەكەدا، بۆنموونە كوردانی ئێراق. ئەو بارهەڵگرانەی كە دەهاتنە
سنوورەكانی توركیا، لە شوێنی تێپەڕبوونیاندا بە خاڵی پشكنینی گەریلاكان، كە بۆ
ستاندنی گومرك دانرابوون، بەشێكی بەرچاو لەداهاتی پەكەكەیان پێهەڵدەسوڕاند.

ساری باران دەیگوت: "ئێمە پارەمان لەو قاچاخچییانە وەردەگرت كە شمەكەكانیان
لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە ئاودیو دەكرد". ناوبراو لە نەوەدەكاندا وەك
فەرماندەیەك لەنێوچەی هەكاریی هەڵسوڕاوێكی زرنگی پەكەكە بوو. ئەو لەوبارەیەوە
زیاتر روونكردنەوەی دەداو دەیگوت: "سەبارەت بەوانەی كە قاچاخچی ئاژەڵ بوون، بۆ
هەر مێگەلێك ٪٣ی ئاژەڵەكانمان وەك باج جیادەكردەوە. هەندێكجار دەمانخواردن یاخۆ
زۆرجار دەمانفرۆشتنەوە پێیان".

یەكێك لە بەرپرسەباڵاكانی پێشووی نێوچە سنووریەكە دەیگوت: "نهێنییەكی كراوە لە
گۆڕێدا بوو، ئەویش ئەوەبوو كە بەشێك لە كوردانی توركیە گلابوون لە قاچاخچێتی مادە
هۆشبەرەكان بەتایبەتی هیرۆیین، ئەم مادانە لە ئێرانەوە ئاودیوی توركییە دەكرانو
لەوێشەوە دەبرانە ئەوروپا. دیاردەكە لە هەشتاكاندا تەواو رەونەقی سەندبوو".

ئەوکات بازرگانی مادە هۆشبەرەکان ببویە دیاردە، کوردەکان لە سۆنگەی باوەڕبوونیان بە پەکەکەوە زەمینەیان بۆ رەخسابوو، یاخۆ پێیان وابوو ئەوە سەرچاوەیەکی ئێجگار باشی بەدەستهێنانی پارەو پوڵەو پەکەکەیان لەداهاتی قازانج بێبەش نەدەکرد.

هاوکات بەشێك لەهەوادارانی پەکەکە لە ئەورووپادا پێگەو شوێنی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ بازرگانیکردن بە دەرمانەوە، ئەمانە بەشێك لە قازانجەکانیان دەدایە گەریلاکان‌و گەریلاکانیش هیچ کات ڕاڕا نەبوون لە نێزیکبوونەوە لەو کەسانەی کە مژوڵی مەوادو مادەی هۆشبەر بوون. هەرچەند کە ئەوە نەدەنوێنرا کە پەکەکە وەك ڕێکخراوێك قەسدی بێت یاخۆ راستەوخۆ بازرگانی بەمەوادو بەرهەمەکانییەوە بکات[215]. کوجوك زەکی پێداگری لەسەر ئەوەدەکردو دەیگوت: "پەکەکە راستەوخۆ نەگلابوو لە بازرگانی مەوادەوە. وەلێ وەك ئەوەی ئەندامانی خواریێ لەمەڕ پەکەکە دەیانوت، فلأن پارەیەکی فرەی دەبەخشییە تەڤگەرەکە تا رۆژنامەکەمان دەربچێت، هاوکات فلأن پارەی دەدا بۆ هەر شتێك کە پەکەکە ئاتاجی پێی هەبوو، لەکاتێکدا باشیش دەیانزانی ئەو پوڵو دراوە لە کوێوە بەدەست هاتووە".

لەراستیدا زۆرترینی گەریلاکان، ئەو نەزمی بەدەستهێنانی داهاتەیان وەك پێداویستییەك‌و وەك ڕێگەیەکی تر لە برەودان بەخەباتەکەیان دەبینی.

پارەشتێك بوو لەرێیەوە دەتتوانی شتانێك بەدەستبهێنی کە لەجەنگە گەریلاییەکەدا پێویستت پێی هەبوو. نەوال دەیگوت: "پارە لەژیانی تایبەتماندا بایەخی نەبوو، بایەخێکی ئەوتۆشمان بۆ پارە دا نەدەنا، تەنها وەك وەسیلەیەك بۆ بەردەوامیی جەنگەکەمان دەستمان بۆ دەبرد، ئەوە تەنها شتێك بوو بۆ بازرگانی‌و پێویستیمان دەمانخواست، ئەوە ماڵێکی دروست نەبوو لەدەستماندا".

---

[215] A European intelligence official concurred with this view.

بەدەســـتەبەرکردنی پێویســـتییەکان بـــازدانێکی خێـــرا لـــە لێشـــاوی ئەوانـــەی پەیوەستدەبوون بە ریزەکانی پەکەکەوە، هەر لەدەستپێکی نەوەدەکانەوە کێشەگەلێکی لۆجستیکی چاوەڕواننەکراوی هێنایە پێشەوە.

گەریلاکان تا ئەوکات بەزۆریی لەدابینکردنی خواردەمەنیدا، وەك نان، شەکر، چا، برنجو پاقلەمەنیو مەعکەرۆنیو رۆن پشتیان بە ئاواییەکان قایمبوو. وەلێ لێرە بەدووە هەروا ئاسان نەبوو. چوون فراوانبوونی یەکەکان بۆ ۳۰ تا ٤٠ یەکەی سەربازیی، تەنانەت ١٠٠ کەس لەشوێنێکدا نەدەلوا بەپێوەندیی لەتەك نزیکترین ئاوایدا ژیانیان بەردەوام بۆ رامبکرێت. ئەوەیش خۆی لەچەند هۆیەك دەدیەوە: یەکەم، هەموو ئاواییەکان دۆست و دەستگرۆکەری گەریلاکان نەبوون. دووەم، ئامانجە سەرەکییەکە پشتیوانی بوو نە خەڵکەکە نەك ئیفلاسپێکردنی خەڵکی هەوادارو دۆست. زۆربەی دێهاتییەکان نەدارو گەدا بوون، ئەو پشكو پوڵەی کەهەیان بوو تەنها بەشی خانەوادەکەی خۆیانی دەکرد. هاوکات لەو شوێنانەی کە ئاوەدانی لێبوو بازاڕو دوکانی لێنەبوو، هەربۆیە ئاسان نەبوو ماڵەو ماڵ پێداویستییەکان گردبکەنەوە. بۆیە پێویستبوو گەریلاکان لەرۆژانەگەڕان بەدووی خواردندا قوتاربنو دەبوو ئازادبن بۆ کاروباری تر.جگە لەوەیش کۆگای خۆراکییان پێویستبوو تا لەزستاناندا دەستی بۆبەرن.

لەبەرئەوە پێویستیی بە خەزێنەو خۆراکی هەمیشەیی دەبوو کاری بۆبکرێت. ئەمەیش لە ئاواییەکانەوە دەستەبەر نەدەبوو. چونکە پێویستییەکانی یەکەکانی پەکەکە لەسەرووی توانای ئاواییەکانەوە بوو، چوون ئەوان پێویستییان بە داو و دەرمان هەبوو بۆ چارەسەریی نەخۆشەکانیانو هاوکات پێویستییان بە باتریی هەبوو بۆ ئامێرە لاسلکییەکانیان، ئەم ئامێرەیان لە دەورووبەری ساڵی ١٩٩١ بەکاردەهێنا. هاوکات خێمەو خێوەتی ئەستوورو پەتوو بۆ رووبەڕوو بوونەوەی شەوانی ساردی زستان، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە پێڵاو، گرنگییەکی ئەو تۆی هەبوو، چونکە ئەوان بەهۆی سەختیو تیژی بەردو کەندەلانەکانەوە زوو زوو پێڵاوەکانیان دەدڕا. سەرەڕای ئەوەیش پێویستیی بە چەكو چۆڵو جبەخانەی زیاتر ببوویە ئەمری واقیعو دەبوو رێگەی چارەسەریی ئەم

پێویستییانە بدۆزنەوە. فەرماندەکانی پەکەکە کاریاندەکرد تا ڕێگەچارەی پێویستییە لۆجیستیکییەکانیان بدۆزنەوە. دکتۆر سولەیمان وەك هەمیشە مژوڵی ڕێکخستن‌و کارکردنبوو لەسەر ئامادەسازی‌و ڕێکخستنی کۆگای دەرمان بۆ گەریلاکانی شاخ. وەلێ هەندێك کات کۆگایەکی وەها چارەسەریی نەخۆشییەکانی نەدەکرد. بۆنموونە لاوێك نەخۆش کەوت، ئەو بوورانەوەی لەگەڵدابوو، ئیتر مانەوەی لە چیادا ئەستەم بوو. لەبەرئەوە فەرمانی پێکرا خۆی بگەیەنێتە ئەستەمبوڵ، بۆیە بەنهێنی توانی قوتاربێت‌و پێوەندیکات بە هەوادارانی پەکەکەوە لەو شارەدا. ئەو لاوە لەڕێگەی یەکێك لە بارهەڵگرە گەورەکانەوە قوتاربوو. لەڕێگەدا لتەك کابرای شۆفێر ئاشنا بوون‌و ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە بڕوا بەیەکتر بکەن، چوون بارهەڵگرەکە یەکێك بوو لەبازرگانە زەنگینەکانی هیرۆیین. ئیتر لەو ڕێگەیەوە توانیان متمانە لای یەکتر دروستبکەن‌و بەڵێنی هاوکاری‌و هەماهەنگییان لەیەکتر وەرگرت.

دکتۆر سولەیمان دەیوت: "لەساڵی ١٩٩٢ دا بوو، لەکاتێکدا ئێمە بەدەست کەمیی کۆگاکانمانەوە دەمانناڵاند. هەمان ساڵبوو کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئەندامی نوێ هاتبوونە ریزەکانمانەوە. بۆیە داوامان لەو و شۆفێری بارهەڵگرە کرد کە دوو بارهەڵگر ئازوقەو شمەکمان بۆ بێنێت. یەکێك لەو پێویستیانەی کەداوامان کردبوو، خواستی ٥٠٠ فانیلەمان لێکردبوو. کابرایش بەپیر داواکەمانەوە هات‌و دوو باری تەواو شمەکی لە ئەستەبوڵەوە بۆ ڕەوانەکرین. ئیتر ئەوە یاریدەیەکی ئێجگار باشی داین. وەلێ گەر ئەو کەسە زەنگینە لە چیاکان لەتەك ئێمە وەمایەو دوورنەکەوتایەتەوە، ئەوا ئێمە دوچاری گرفتێکی زۆر زۆر دەبووینەوە". بەمجۆرە لەزۆرترین کاتەکاندا گەریلاکان پشتبەستووبوون بەو تۆڕە بەرفراوانەی هەوادارانیان لە شارو شارۆچکەکانی باشووری ڕۆژهەڵات‌و شارەکانی تری تورکیا.

هاوکات تەڤگەرەکە لەو شوێنانەی کە تێیدا بەهێزبوون، هەڵدەستان بە سازدان‌و پێکەوەنانی لیژنەگەلی نێوچەیی بۆ گردکردنەوەی پارەو نێونووسی ئەندامە نوێیەکان‌و شتانێك کە پەکەکە پێویستی بووبێت لەپێویستییەکانی شاخ بۆ ئەوەی بیانکڕن .

هەربۆیە بەپشتبەستن بەو پارەیەی کە شۆڕشگێڕەکان لە باشوری ڕۆژهەڵات کۆیانکردبوویەوە، تەڤگەرەکە دەیتوانی پێویستییەکانی خۆی لە کڕینی شمەكو خو... دابین بکەن، ئەوان جارێك لە ساڵێکدا دەیانتوانی هێند خۆراك لە ئاوایییە هەژارنشینەکا... گردکەنەوە کە بەشی کۆگاکانیان بکات. وەلێ بۆ بوارەکانی ترو پێویستییەکانی تر... بەدەر لە خواردەمەنی پەنایان دەبردە بەر شارە گەورەکان. دیارە کە کۆکردنەوە... بەدەستهێنانی پێداویستییەکان لە نێوچەکانی دوور لە سنووری ئێراق دژوارو دەرن... بوو. بەتایبەت کاتێك ئەرتەشی تورکیا سەرحاڵو چالاك بووایە، ئەوا دەکرا ئەو کۆگ... شمەکانە لە گەریلاکان داببڕێت یاخۆ ئەرتەشی تورك دەست بەسەر مۆڵگەخۆراکی... شمەکییەکاندا بگرێت.

هاوکات دەردناكو دژوار بوو بۆ هاولاتیانی نێوچە دوورە دەستەکانی سنوور ... ئەوەی شمەکەکان بگوازنەوەو رادەستی گەریلاکانی بکەن. بەلآم لەو نێوچانەی کە نێزی... خاڵە سنوورییەکانی ئێراق بوون رەوشەکە ئەهوەنتر دەهات بەدەستەوە. چوون لەو... سنوورانەدا کوردانی ئێراق یاریدەدەر بوون تا هەموو ئەو شتومەکانە وەگوێزن بۆ... کەمپەکانی پەکەکە لەسەر سنووردا.

هەندێکجار کۆگاکانی پەکەکە لەلایەن هێرشە هەواییەکانی ئەرتەشی تورکەوە تێك... پێکدەدرانو لەنێودەبران، وەلێ بەگشتی ئەو کۆگایانە لەشوێنانێك هەڵدەگیرانو... دەپارێزران کە ئەستەم بوو لەرێی سەربازییەوە بتوانرێت دەستیان بەسەردا بگیرێت.

بەشێوەیەکی بنچینەیی گردبوونەوەی پێویستییەکانو پولو پارەو جلو بەرگ شتانێك نەبوون کە پەکەکە تەنها پشت بەوانە ببەستێت، چوون ئەوانە بەسانایی بەدەست دەهاتن. لە گردبوونەوەی شتەکان گرنگتر، ئەوەبوو کە پەکەکە کاری دەکرد بۆ پاراستنی ئەو شتانەو میکانیزمی بۆ گواستنەوەیانی دادەنا.

وردەوردە ئەرتەشی تورکیا تێگەیشت کە تەواوی ئەو ئاوایییانەی پانتایی باشوری رۆژهەلات دەگرنەوە، سەرچاوەیەکی هێورو ئارامبەخشن بۆ زیندوویەتی پەکەکە. ئیتر

هەڵوێستو ئاراستەی خۆی لەبەرامبەریان گۆڕیو دەستی دایە میکانیزمی لێکترازانو هەڵوەشانەوەی تۆڕکانی پێوەندی ئەوانو گەریلاکان.

کوچوك زەکی لەم بارەیەوە دەیوت: "وەختێك میریی دەستی وەردایە نێوئاواییەکانو گوندەکانی سوتاندو خەڵکەکەی کوشتو بڕکرد، ئیدی وردە وردە گلۆڵەکە بۆ ئێمەیش کەوتە لێژیی".

## بەدەستهێنانی چەكو چۆڵ

هەمیشە شۆڕشگێڕان لەوەدا پێداگرییان دەکرد کە دەستدانە جەنگ هیچ دژوار نییە. بەگشتی ئەو چەکانەی کە گەریلاکان بەکاریان دەهێنا بریتی بوون لە دۆشکە، رەشاش، کلاشینکۆف، هاوەنو نارنجۆكو بی کەی سی. ئەمانە بەئاسانی پەیدا دەبوونو گەریلاکان دەیانتوانی بەکاریانبهێنن. وەختێك کە هێزە هاوپەیمانەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا نێوچەیەکی دژە فڕینو ئارامیان لە باکوری ئێراق چێکرد، ئیدی ئەو نێوچەیە بوویە شوێنی ساغکردنەوەی چەكو چۆڵەکانی سوپای ئێراقو سەرچاوەیەکی باش بوو تا بڕی پێویست چەكو چۆڵ بەر گەریلاکان بکەوێت[٢١٦].

لەم بارەیەوە ڕۆژنامەنوسێکی کوردی تورکیا، کە لە ئازاری ١٩٩١ دا وەك پەیامنێر هاتبووە باکوری ئێراق نوسیبووی: "هەموو ئەو ناوچانەی باکوری ئێراق کە سوپای ئێراق تێیدا پاشەکشەی کردبوو، بەتەواوی پڕچەكو جبەی سەربازیی دەستلێنەدراو بوو". حوسەین تۆپیدەر، کە لەوکاتەدا لەچیاکانی نێزیك باکوری ئێراقو هاوسنووری زاخۆدا، فەرماندەیەکی پەکەکە بوو، ئەو بەسەرسوڕمانەوە باسی لە فەرهودی ئەو هەموو چەكو چۆڵەدەکرد کە پەکەکە توانی لەو ساتانەدا بەدەستیان بهێنێت[٢١٧].

---

[216] A good description of the variety of weapons used by PKK rebels is found in Gursel, Dagdakiler, 75 – 76. Gursel, a Turkish journalist, was kid" napped by the PKK and held for nearly a month.
[217] Quoted in Ozcan, PKK, 266fn238.

بەگشتی نێوچەکە هەمیشە زەنگین بووە بە چەکو چۆڵو دەلاڵەکانی بەدەستهێنـ
چەک. زۆرینەی ئەو چەکانە دروستکراوی رووسیابوونو ئەو ولاتە لەماوەکانی جـ
ساردا فرۆشتبوونی بە ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەراست. بەتایبەت ئەو ولاتانەی
کێبرکێکانی جەنگی ساردا هاوپەیمانی رووس بوون یاخۆ ئەو گروپانەی هاوسۆزو
هزری شورەوی بوون. کوردانی ئێراقیش هیچکات سلّیان لەوە نەکردووەتەوە کە
ئەوانەی چەکو چۆلّیان پێدەدەن. هاوکات پەکەکەیش بەهەمان نەزم بۆی گرنگ نەبوو
ئامادە بووە بەهەرنرخێك بووە تەڤگەرەکە پرچەك بکات. لەکاتە جیاوازەکانیشدا پەکە
لەهەریەك لەتارانو بەغداد چەکو چۆلّی بەدەست گەیشتووە، ئەوە جگە لەو یارمەتیەی
بەشێوەیەکی رێکخراوەیی لەسوریادا بەدەستی هانیبوون. هاوکات بازرگانیکردن بەچە
چۆلّیشەوە یەکێك بوو لەو موجازەفانەی کە رێی تێدەچێت پەکەکە لەگەڵ هەریەك
ولاتانە یاخۆ گروپەکانی یەکێك لەو ولاتانە کردبێتی.

تۆپیقدەر بە دەنگێکی کز و گازانداوییەوە دەیوت: "بە هێزترینی پێوەندییەکانـ
لەگەڵ ئێراق لە ساڵی ١٩٩١ دا بوو. هەموو ئەو یارمەتییەیش کە ئەوان بڕیاربوو
بماندەنێ، لەسەر رووی کاغەز هەروا مانەوە".

لەراستیدا ئێراق ئەوکات لەژێر گەمارۆی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بوو، هەربۆیە رێگەی
بەدەستهێنانی چەکو چۆلّی نوێ سنوردار بوو. لەبەر ئەوە هەر جۆرێك لەو چەکانەی
پەکەکە لەبەغداوە بەدەستی گەشتبوون؛ جیاواز نەبوون لەوانەی کە لەبازاری رەش
دەستیکەوتبوون، یاخود دەکرێت بەنرخێکی هەرزان بەدەستی هانیبن. چونکە لەپاش
جەنگی کەنداو رێژەیەکی بەرفراوان چەك هاتبوونە نێو بازاری رەشەوە. ئایزمان، کە
پارێزەرێکی کورد بوو، ئەو هەر لەو دەمەدا ببووە گەریلا، ناوبراو لەمبارەیەوە دەیوت:
"هێند چەکو چۆڵ لە بازارەکاندا فرەبوو، نرخی کلاشینکۆفێك کەمتر لە نرخی گلۆرێك
ماریلبۆرۆ بوو". وەلێ هەموو ئەو جۆرانەی چەك کە پەکەکە لەو قۆناغەدا بەدەستی
گەیشتن، تێکرا چەکو چۆلّی سوك بوون، وەك کلاشنکۆفو نارنجۆکو ئەو بابەتانە.
چوون ئەوان ئاسان نەبوو بۆیان چەکی قورس بگوازنەوە نێو بارەگا گەرۆکو

ناجێگیرەکانیان لەباکوری ئێراق یاخۆ ئەو نێوچە سەختو هەورازانەی بۆتان کە بارەگاکانیان تێدا قوتکردبوونەوە دابوو. بەگشتی ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە عەزمیان جەزمکردبوو ببنە گەریلا پێش هەموو شتێك دەبوو پشت بەتواناو هەوڵی خۆیان ببەستن بۆ خۆ پرچەککردن. چوون ئەو ئەندامانەی لە دۆڵی بیقاعەوە راهێنرابوون. کاتێك نێردرانە نێو شاخ تەنها مەخزەنو کلاشینکۆفو نارنجۆکێك کە پێیان درابوو ئیتر هەر ئەوە بوو، ئەوان پێویست بوو خۆیان بتوانن شوێنی مەخزەنە خاڵییەکانیان جارێکی تر بڕبکەنەوە. بەمجۆرە پەکەکە بارەگا گەلێکی نیمچە جێگیریی لە نێوچە سنوورییەکانی باکوری ئێراقدا پڕکرد لە کۆگای چەكو تەقەمەنی. بەمشێوەیە پەکەکە توانی تێشووی خۆی لەخۆراكو پێداویستیو تەقەمەنی لە نێوچە سنورییەکانی ئێراقدا بخات. هاوکات وەك حوسەین تۆپقیدەر دەیوت، ئەوان هەشتا یەکەی پارێزراوی خۆراكو تەقەمەنییان ئامادەکردبوو، تەواوی ئەوانە لەناوچە پارێزراوەکانی موش، سعرت، باتمان..هتد بوون. ئەگەریش پێویستی بکردایە زیاتر بەدەستبهێنن، ئەوا لەرێگەی دەلاڵەکانی چەكو چۆڵەوە دەیانتوانی فەراغەکانی دی پڕبکەنەوە".

لەراستیدا کڕینی جۆرەکانی چەكو چۆڵ لە باشوری رۆژهەلاتی تورکیە هێند کارێکی ئەستەم نەبوو، چوون بازرگانەکانی چەكو چۆڵ ئەوانەی لەسنوورەکاندا مژوڵی ئەوکارەبوون بەسانایی لەباکووری ئێراقو ولاتانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو یاخۆ لەخودی تورکیا کڕینو فرۆشتنیان بەو چەکانە دەکرد. هەربۆیە پەکەکەش لەرێگەی پارەوە دەیتوانی هەر جۆرەچەکێك کە ئاتاجی پێیەتی بەدەستی بهێنێت. پەکەکە ئەو پارانەی لەهەموو ئەو کەسانە گردکردبوویەوە کە بە تۆپزی لێی دەستاندن یاخۆ وەریدەگرت لە بزنسمانە نێوخۆییەکان لەنێو نێوچە کوردییەکاندا.

کوچوك زەکی لەم بارەیەوە دەیگوت: "گەورە بازرگانێکی چەكو چۆڵمان شك دەبرد، هەر بۆیە هەرچییەکمان گەرەك بووایە لەرێگەی قاچاخچییەکانییانەوە بەدەستمان دەگەیشت". هەموو ئەو چەکانەی کە پەکەکە دەیخواستن، زیاتر پشتیان دەبەست بەوەی چ جۆرە چەکێك دەتوانن بەدەست بهێنن یاخۆ لەبازاڕەکاندا هەیە، یاخۆ ئەو

چەکانەیان دەویست کە دەیانتوانی بیانگوێزنەوەو بەکۆڵ هەڵیانبگرن. ئەوان وەک گەریلایەکی سازو ئامادە زیاتر چەکە عەمەلییەکانیان لا مەبەست بوو، هەربۆیە نیازیان نەبوو جبەخانەی چەکی قورس بۆکاتی درێژمەودا هەڵبگرن. هەربۆیە بەجۆرێك یەکە خەزنکراوەکانی چەکیان بلاوە پێکردبوو تا لەپاش پاشەکشەکردن لەهێرشەکان بتوانن بەسانایی پەنایان بۆ بەرنەوە. ئەم نەزمە لەنیوەی هەوەڵی نەوەدەکاندا کاری لەسەردەکرا. بەلام تورکیا بەپشت بەستن بە هەلیکۆپتەری کوبرای ئەمەریکی لەرێگەی بۆردومانی هەواییەوە باشتر دەیتوانی ئامانجەکانی پەکەکە لەچیادا تەنگ پێهەڵبچنێت. هەربۆیە بە گۆڕانی تاکتیکی سەربازیی تورکیا، نەزمی کارکردنو رەوتی سەربازیی پەکەکە ئێجگار زیاندمەند بوو.

تۆپیقدەر دەیگوت: "شتێك کە ئێمە پێویستمان بوو، بریتی بوو لە موشەکی دژە فرۆکەو هەلی کۆپتەر کە تا ئەو کات ئەو کات هیچ کام لە هەوادارو پشتیوانانی پەکەکە پێویستییەکی لەو جۆرەی بۆ فەراهەم نەهێنابووین". لاوازی پەکەکە لە نەبوونی ساروخی دژە فرۆکەدا بەتەواوی گەریلاکانی پەشێو کردبوو، ئەم گرفتەیش بەپارە چارەسەر نەدەکرا، ئەگەرنا پەکەکە سالانە دارای دەیان ملیۆن دۆلار بوو کە لە خاوەن کارەکانی کوردو کەسە تایبەتەکانی خۆی لەئەوروپا بۆی کۆدەکرایەوە. ئەو بەو پارەیە دەیتوانی لەو چەکە رووسیانەی کە لەناوچەکە بلاو بوو دەستی خۆی بوەشێنێت. وەلێ هەمیشە پەکەکە گرفتی لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە چەکانەدا هەبوو.

ئەندامی پێشووی پەکەکە سەلیم جوروك کایا لەم بارەیەوە تەئکیدی دەکردەوە: "سوریا نەیدەویست ئێمە ببینە خاوەنی چەکی قورس". دەکرێت سەلیم لە بۆچوونەکەیدا پێکابێتی، چوون هەمیشە پشتیوانە بیانییەکانی پەکەکە بەپلەی یەکەم سوریاو پاشان ئێران، مەبەستیان بوو پەکەکە لەتمە لەتوکیا بدات، لەهەمان کاتدا خۆشحاڵ نەدەبوون بە سەرکەوتنی پەکەکە لە رووبەڕوو بوونەوەکاندا.

چونکە ئەوان باش دەیانزانی کە رەنگە سەرکەوتنەکانی پەکەکە دژ بە هێزی ئاسمانی تورکیا، ئەو ولاتە رق ئەستووربکات بەرامبەر بەو ولاتانەو تۆڵەی خۆی لەهەمبەر هەموو

ئەوانە بكاتەوە كە باش دەیزانی پشتیوانی لە جموجوڵەكانی پەكەكە دەكەن لە ناوچەكەدا. ئەمریكایش لەو بارەیەوە ئەزموونی دەستپێكی هەشتاكانی هەبوو، دەیزانی كاتێك شەڕكەرانی موجاهیدینی لە ئەڤغانستان پڕچەك كرد بەو جۆرە موشەكانە، دواتر بوونە گێچەڵ بۆیو بەهیچ كلۆجێك نەیدەتوانی ئەو موشەكانەیان لێبسێنێتەوە، كە كەوتبوونە دەست گروپە چەكدارەكانەوە. هەرچەند لە نێوەندی نەوەدەكاندا پەكەكە جۆرێك موشەكی (ئێس ئەی"7") رووسی بەدەستهانی بوو. زیاد لەوەیش رووسییەكانو پسپۆڕەكانی وڵاتانی سەر بەسۆڤییەت بەئاشكرا گەریلاكانیان راهێنابوو لەسەر بەكارهێنانی ئەو ساروخانە. وەلێ یەكێك لە گەریلاكان ئەوەی نەشاردەوە كە توانای ئەوان كەمتر بوو لە بەكارهێنانی ئەو جۆرە چەكانە.

گەریلایەكی دی كە نەیدەویست بناسرێت دەیگوت: "گرفتمان لە ئەندازەو بڕی ئەو ساروخانەدا نەبوو، وەلێ بەئەندازەی پێویست راهێنانمان لەسەر بەكارهێنانیان نەبوو".

لەگەڵ ئەوەشدا پەكەكە هەرگیز ئاودیوی ئەم جۆرە موشەكانەی بۆ نێوتوركیا نەدەكرد، هۆكارەكەیش هێند روون نەبوو بۆچی. وەلێ هەندێ لە فەرماندەكان دەیانگوت كە سوریا هۆشداری داوەتە ئۆجەلان كە نابێت لەسنوورەكانەوە ئەو جۆرە موشەكانە ئاودیوی توركیا بكەن.

بەمجۆرە گرفت لەبەدەستهێنانی چەكی پێویستو ئازادیی هامووشۆی نێوسنوورەكان، سەلمێنەری ئەو راستییەن كە پرسیار لەسەر سەربەخۆیی پەكەكە دروستدەكەن لەمەڕ هاوپەیمانە بیانییەكانی. ئەوانە شتانێك بوون كە پەسەندی ئۆجەلان بوونو لەهەمان كاتدا فرە بایەخی بەدەرهاویشتەكانی نەدەدا. ئۆجەلان لە دەستپێكی هەشتاكانەوە كە بڕیاری بونیادنانی پێوەندیی تۆكمەی لەگەڵ سوریا دا، ئەو راستییەی بە ئاشنا چەپەكانی توركیا وت، كە راگرتنی تەرازووەكە هەروا كارێكی سانا نییە، وەلێ هیچ دەرفەتێكو هەڵبژاردەیەكی تر بۆ رێبەری كوردانی توركییە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناویندا شكنەدەبرا.

هەربۆیە سوریا بەراستی نێوچەچەیەکی ئارامی بۆ وان دابینکردو سەلمانی پەکەکەیش تەواو جێ پێی خۆی گرتو لەناوچەکە و لە ئەوروپایشدا بەهێز ببوو. کەوتە گرفتێکی وەك بەدەستهێنانی ساروخو چەکی پێویست لە گرنگیو کاریگەریی بڕیاردەکەی ئۆجەلانی کەم نەدەکردەوە.

## برا گەورەکانی سیاسەت

هەمیشە ئۆجەلان لەنێو چالاکوانە کوردەکاندا کەسێکی پەسەند نەبوو، بەتایبەت دەنێو ئەو چالاکانەی کە مەبەستیان بلاوکردنەوەو وەشانی تیۆرەکانی شۆرشگێڕیی بوو لەبری ئەوەی دەستبدەنە شۆڕشو شۆڕش بکەن. وەلێ پاش ئەوەی جەنگی پەکەکە وەختبوو رێگەی خۆی بگرێت. ئیتر هەم بۆ ئۆجەلانو هەمیش بۆ پشتیوانو شوێنکەوتوانیی شتەکان بەجۆرێکی جیاوازتر بەر دیدە دەکەوتن.

هاوکات ئەندامانی پەکەکە، بەتایبەت ئەوانەی لەنێو رۆژنامەگەریی نێوخۆیی حزبەکە مژوڵی نوسین بوون لە ئەوروپا دا، هەر زوو لێنەوین تا وێنەو ویقاری پەکەکەو رەوایەتی دۆزی پەکەکە زیاتر برەو پێبدەنو هەڵمەتی پروپاگەندە بۆ حزبەکەیان دەستپێبکەن. ئۆجەلانیش بۆخۆی بایەخداربوو بە کۆنگرەیەك لە پێناو وتوێژو لێکنزیکبوونەوەی سیاسیی پارتەکان لەنێو دامەزراوەی تورکیا دا.

لەم پێناوەدا پەکەکە گۆڤارێکی تایبەت بەخۆی وەشاندەکرد. وەلێ ئەم گۆڤارە لەنێو تورکیادا قاچاخو نایاسایی بوو، هاوکات دابەشکردنیشی ئێجگار مەترسی دارو گێچەڵاوی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا تەرکیزی سەر وتارو کۆڵینەوەکانی ئۆجەلان بۆ ئەوانەی کە بایەخداربوون پێی یان ئەوانەی باوەڕیان بەدۆزی پەکەکە هەبوو، لەنێوخۆی تورکیادا ئێجگار سنوردار بوو.

سەلاحەدین چیلیك دەیوت: "ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو پەکەکە رۆژنامەیەکی بەهێزی هەبێت". ئەوەبوو کارکرا تا پەکەکە لە ئەورپادا رۆژنامەکەی وەشانبکات. هەربۆیە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ رۆژنامەی وڵاتی نوێ کە نێوەندی سەرەکی لە ئەستەمبوڵبوو،

کەوتەکار. ئەندامانی پێشووی پەکەکەو ڕۆژنامەنوسە سەربەخۆکانی کورد دەیانگوت: "پەکەکە هەڵمەتی تەمویلی ڕۆژنامەکەیان دەستپێکردبوو". [٢١٨] چالاکوانانی کورد ئەوانەی لەدەساڵی رابردوودا فرەترینی تەمەنیان لەزیندانەکاندا بەسەربردبوو، هەرچەند کە هیچ پێوەندییەکیشیان لەتەك پەکەکەدا نەمابوو، فرە بەتامەزرۆییەوە پشتیوانو سەرخەری ئەو پرۆژە نوێیەی پەکەکە بوون. هەموو ئەوانە دارای ئەزموونێکی زەنگین بوون لە کاری نوسینی نهێنی نێو زیندانەکان، ئەوان پاش دەیانزانی چلۆن دەسنوسەکانیان بەنهێنی گرمۆڵەکەنو بەنێو خانەی زیندانەکاندا وەشانیان بکەن. هەربۆیە لە گرنگی دۆزینەوەی کەناڵێکی پەیوەندیی ئێجگار بەهرەمەندبوون. رەمەزان ئەلیك دەیگوت: "بۆچوونەکە ئەوە بوو کە ڕۆژنامەیەك دەتوانێت دەنگی کورد بگەیەنێتە نێوخۆی تورکیاو جیهان، وەلێ بەرێگەیەکی یاسایی". ناوبراو بەتۆمەتی ئەندامێتی پەکەکە ساڵانێك لەزینداندا بوو. ئەو بەشداربوو لە ڕۆژنامەکەدا، ئەوە پاش ئەوەی لەزیندانێدا ئازادکرابوو.

ڕۆژنامەکە لەگەڵ بوونی ستونگەلێکی تایبەت بە مشتومڕو ململانێی هزری پەیوەست بە زیندیانیانی پەکەکەو ژنانو پیاوانێکی شۆڕشگێڕیی پەیوەست بەپەکەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لینکێکی ئێجگار گچکەی لەگەڵ پەکەکەدا هێشتبوویەوە، ئەوەیش بۆئەوەبوو تا ڕۆژنامەکە لەلایەن زۆرترین چینو توێژەکانی خوێنەر ئاشنا بێت. ڕۆژنامەکە سنورێکی جەماوەریی دیاریکراوی هەبوو کە دەوترێت دەگەیشتە ٥٠,٠٠٠ کەس، بەزوویی کارکرا تا وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کاریگەربێت. خودی پەکەکەیش گەرەکی بوو لەوکەناڵەوە هەم تەمویلی مالی هەمیش پێوەندیی لەگەڵ سەرمایەدارانی کورد فراوانتر بکات. پلانی ڕۆژانە بوونی ڕۆژنامەکە هەنگاوێك بوو بۆسودگەیاندن بەهەردوو تامەزرۆیانی نەتەوایەتیو دۆزی کورد لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنوسە تورکە چەپانەی کە رادیکاڵانە گوزارشتیان لە

---

[218] This section on media sympathetic to the PKK drew especially on in" terviews with PKK militants with close information about the newspaper, and former journalists and editors at the newspaper. Published sources included Ersoz, Gurbet'in Guncesi, and reminiscences by former Gundem editor Gulmus that appeared on his website, www.nasname.com.

بۆچونەکانیان دەکرد لە رۆژنامەکەدا. چونکە تورکە چەپەکان لەنێو ماس میدیای تورکیادا بۆشاییەکی کەم هەبوو تا گوزارشت لە بۆچونەکانیان . دواتر پاش زەمەنێك لەو راستیە گەیشتن‌و تارادەیەك بەرکەناربوون لەو رقە ئایدیۆلۆژیەی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی پەکەکە هەیانبوو، بەتایبەت هیوایەکیان هەبوو بەو هەیەجانەی ئۆجەلان تێیکەوتبوو لەهەمبەر خەباتەکەیدا. پشتیوانانی پەکەکە لەوە دڵنیابوون کەرۆژنامەکە پشت‌و پێناوی کوردانە، رۆژنامەنوسان لەوەدا بواریان بۆ رەخسابوو کە لەهەمبەر دۆزو دوریانی جەنگی پەکەکەدا باشترین بنوسن‌و زیندوترین راپۆرت بکەن.

هاوکات زۆرێك لە رۆژنامەنوسانی چەپی کوردو تورك بواریان بۆکرایەوە تا لە Ozgur Gundem دا کاربکەن، ئەو دەزگایەش لە مانگی پێنجی ١٩٩٢ دا دامەزرا. سی، کە داوای کردبوو نێوی نەبرێت رۆژنامەنوسێکی تورك بوو، ئەو دەیوت: "پەکەکە رێکخراوێکی بەهێز بوو، دارای سەرچاوەگەلێکی ئێجگار فرە بوو، ئەو پارتە پێویستی بەوەهەبوو رۆژنامەیەکی هەبێت، ئێمەیش تامەزرۆی کارکردن بووین لەرۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆندا، دیارە ئەوەیش پێویستییەکی گونجاو بوو بۆ هەردوولامان".

دوواجار پشتیوانی پەکەکە بۆ رۆژنامەیەکی هەمەلایەنی سەر ڕاست هەرزوو بەیەکدادانی کرد لەگەڵ تواناکانی پەکەکە بۆ قبوڵکردنی ئەندامی سەربەخۆو بۆچوونە رەخنەییەکانیان. هەمان رۆژنامەنوسی تورك دەیوت: "لەسەرەتاوە فرە کەیفخۆشبووین بە رەوشێکی لەوجۆرە، وەلێ بەرەبەرە سەبرمان لێوڕێژبوو، کاتێك کە زانیمان ئەوان بە روانگەیەکی نێگەتیڤەوە دەڕواننە هەموو ئەو بابەتانەی کە ئاماژەنین بۆ کوردو ئۆجەلان".

هەوەڵ سەرنووسەری رۆژنامەکە وازی هێنا، تەنانەت پێش ئەوەی رۆژنامەکە بناسرێت. پاشان دووەم سەرنوسەر تا ١٠ هەفتە درێژەی بەکارەکەی داو دواتر ئەویش دەستی لەکار کێشایەوە. پاش ویش سێهەم سەرنوسەری رۆژنامەکە تاچەند مانگێك بەردەوام بوو، ئیتر ئەویش لەلایەن ئەندامێکی دێرینی پەکەکەوە بەناوی شوکور کوڵمەز شوێنی گیرایەوە. ناوبراو لەهەمان کاتدا مامۆستایش بوو، ئەو ١٠ ساڵی رەبەقی

لەزینداندا بەهۆی تێوەگلانی پێوەندیی لەگەڵ پەکەکەدا بەسەر بردبوو. گوڵمەز بەماوەیەکی کەم پاش ئازادکردنی لە زیندان، لەساڵی ١٩٩٠ دا دەستی دایە کارکردن لە رۆژنامەی ولاتی نوێدا. دووا بەدووای ئەوە ئۆجەلان بانگهێشتی نێوبراوی کرد تا لە دۆڵی بیقاعدا لە نێزیکەوە وتوێژی لەگەڵدا بکات. لەو وتوێژەدا گوڵمەز رایگەیاند کە ئۆجەلان ئەوی راسپاردووە تا بەرپرس بێت لەنێوەندی بلاوکراوەکانو چالاکییە رۆشنبیرییەکانی پەیوەست بە تەڤگەرەکە لەنێوخۆی تورکیادا. ناوبراو هەم لەرووی تەمەنو هەمیش لەرووی ئەزموونەوە لەهەموو ئەوانە شارەزاتر بوو کە تا ئەوکات سەرنوسەری رۆژنامەی Ozgur Gundem بوون. هاوکات باشیش ئاگاداری راگرتنی بالانسی پێویستییەکانی تەڤگەرەکەو خواستی ئۆجەلان بوو لەگەڵ وەشانکردنی رۆژنامەکەدا.

ساڵێك پاشتر گوڵمەز بە خەندەوە شرۆڤەی رەوشەکەی دەکردو دەیگوت: "کاتێك گرفتێك بۆ رۆژنامەکە دەهاتە پێش، راهاتبووم لەسەر ئەوەی نوکتەیەك بڵێم، ئەویش ئەوەبوو کە خودا گەورەیەو لەسەرووی هەموانەوەیە، پاشان حافز ئەسەدیش لەسوریایە، پاش ئەسەدیش ئاپۆ دێت، پاش ئاپۆیش، ئەوە من هام لێرە"[٢١٩].

ئەوە هیچ سەخت نەبوو بۆ سەرنوسەرانی رۆژنامەکە بۆ ئەوەی دڵنیابن لە ئاراستەو ئامانجی رۆژنامەکە. چوون هەر کۆڵینەوەو بەدواداچوونێكو هەر قورس دابەزینێك لەسەر هەواڵەکانی پەیوەست بەپێکدادانی گەریلاکان یاخۆ خراپ مامەڵەکردن لەبەرامبەر مافەکانی مرۆڤ لەلایەن سەربازانەوە لەسەراسەری نێوچەکەدا تێکڕای ئەوانە بەرژەوەندی سیاسیی پەکەکەی لێدەکەوتەوە. هەرتایبەتمەندیو وردبوونەوەیەك لەسەر گرفتە مێژوویيو فەرهەنگيو ساخڵەمییەکانی نێوچە کوردییەکان بەتایبەت هاوتابوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی شوناسی پەکەکە دا. تەنانەت نوسینەکانی ئۆجەلان کە لەژێر ناوی خوازراوی عەلی فیرات لەرووپەڕی رۆژنامەکەو بەستونێك بلاوی دەکردنەوە،

[219] The quote comes from an interview, carried out by Gursel Capanoglu, that appeared on www.lekolin.com.

کۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بوون لەبواری پێشکەوتنەکان‌و ئاراستە سیاسییە نێونەتەوەییەکان دا.

بەڵام ئایا ئەم رۆژنامەیە بوویە زمان حاڵی پەکەکە؟ بێگومان نەخێر. رۆژنامەکە بۆ هەوەڵجار دەروپەکی تەندروست بوو تا راستەوخۆ ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بەکوردەکانەوە بخرێنەروو. چونکە لەنێو میدیای تورکیا دا دۆزێك بەنێوی دۆزی کوردەوە چاو لەئاستیدا نوقابوو. ئەو جەنگەی لە باشووری رۆژهەلاتدا تاوی سەندبوو، وەك گرفتێکی تێرۆریستی دەبینراو هیچ واتایەکی شوناسیو نەتەوەیی پێنەدەدرا.

خەڵکانێك کە داوایەکی رەوایان هەبوو، رووپەکی گێرەشێوێن‌و گێچەلاویان پێدرابوو. هۆکارەکانی راگەیاندنی تورکیا تەنێ چەند ستونێکی ئێجگار لاواز نەبێت ئیدی باسێك لە رەخنەو گازاندەی کێشەی کوردان نەبوو، هاوکات ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەباشووری رۆژهەلاتدا هیچ گرنگییەکیان پێنەدەدرا[220]. بەلام بەپێچەوانەوە رۆژنامەکە بەوردیو وریاییەوە لەبواری دۆزی کورداندا تایبەتمەندی دابوویە هەواڵ‌و رێپۆرتاژەکانی تایبەت بە خراپی رەوشی مافی مرۆڤو رەهەندی فەرهەنگیو جەنگو پێکدادانەکان. سەخت بوو بوترێت هەواڵەکانی یاساییو دروست نین. یەشار قایا، خاوەنی فەرمی پێشوو تری Gundem دەیگوت:"جەنگێکی گەورە لەگۆرێدا بوو، میدیای تورکی تەغتیەی هیچی نەدەکرد". ناوبراو لە ئاپارتمانەکەی خۆیدا لە کۆلن، کە تەمەنێکی فرەی لەنێو کتێب‌و دیداری رۆژنامەوانیو سیاسەت‌و بلاوکردنەوەدا بەسەر بردبوو، پێمی وت: "ئێمە تێروانینێکمان هەبوو، بەراستی ئەوەی بلاوماندەکردەوە راستیو دروستی جەنگەکە بوو. لەتەواوی مێژووی کوردا رۆژنامەیەکی هێند سەرکەوتوو هەرگیز نەبوو، هەربۆیە دارای کێشەگەلێکی ئێجگار فرە بووین لەلایەن میرییەوە".

هەرگیز دەوڵەتی تورکیە جیاوازیی لەنێوان هێزی چەکدارو رەخنەگری بێچەکدا نەدەکرد، هەمیشە رۆژنامەنوسانی رۆژنامەکان‌و سەرنوسەرانی رووبەرووی گولمەزی یاسا نەگۆرەکانی

---

[220] See Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish, 121–126, for a fuller overview of the Turkish media and the Kurdish issue.

دەکردەوە. چەندەها یاسای جۆراو جۆر هەبوون تەنها لەپێناو سنوردارکردنی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەگەرییدا. بۆنموونە مادەی ٨ی یاسای دژە تیرۆری ساڵی ١٩٩١ دژی هەر وتەو نوسراوێك بوو کە بانگەشەبکاتو زیان بە یەکێتی خاکی ولآت بگەیەنێت. یاساکە لەبەر ئەوە زۆر روون نەبوو، کەواتە هەر مشتومڕێك لەبارەی مافی نەتەوەییو پەکەکەو خراپ بەکارهێنانەکانی مافی هاولآتیان لەلایەن میرییەوە دەبوو تاوان بێت.

هالوك جیرگر کە روناکبیرێکی تەمەن مامنێوەند بوو، توانیبووی لە زانکۆی ۆنز هۆبکنز زمانی ئینگلیزی بخوێنێت، پێمی گوت: "لەتورکیادا چەمکی فەلسەفی من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، ببوییە من بیردەکەمەوە کەواتە من تیرۆریستم". ناوبراو بەگوێرەی یاسای دژە تیرۆر بە پازدە مانگ زیندانیی سزا درابوو. ئەو بەهۆی بەشداریکردنی لەرۆژنامەکەدا بەنوسین دەستگیرکرابوو، چوون لەیەکێك لە نوسینەکانیدا باسی لە نکولیکردنی تورکیا کردبوو بۆ بوونی نەتەوەی کوردو ئەوەی خستبووە روو کە جەنگی پەکەکە دەرهاویشتەی سیاسەتەکانی تورکیا یە. ئەو دەیووت: "تەنها هەوڵمدەدا تێبگەم جەنگی پەکەکە بۆ؟، تەنانەت هەوڵدان بۆ ئەوەی تێبگەیت ببوویە تاوانێکی تێرۆریستیی"[٢٢١].

بەدڵنیاییەوە دەوڵەت هاوڕابوو، فشاری فەرمیو نافەرمی لەسەر Ozgur Gundem ببوویە ئەمری واقیع[٢٢٢]. ئیتر هەردوو ئۆفیسەکانی رۆژنامەکە لەرۆژهەلآتو رۆژئاوای ولآتدا هەڵکوترایە سەریان. هەموو نوسەرانو پەیامنێران دەستبەسەرکرانو دوچاری هەڕەشەو توانجو ئەشکەنجە بوونەوە، هاوکات هەواڵنێرو دابەشکەرانی رۆژنامەکەیش بەهەمان شێوە رووبەڕووی ئەو جۆرە فشارانە بوونەوە.

---

[221] Aliza Marcus, "Turkish writers form 'closed university' behind bars," Reuters, March 6, 1995.

[222] Information on the pressures, including the killing of journalists, was drawn mainly from published sources, including Kocoglu, Kursunla Sansur; THRR (1993, 1994); and the Turkiye Gazeteciler Cemiyeti website.

له مانگی نۆی ١٩٩٤ پاش ئەوەی پۆلیس دووان لەو کەسانەی لە مێر... دەستبەسەرکردبوون، پێی رادەگەیاندن ئێوە کۆیلەی پەکەکەن، ئەرکی پۆلیس... کوشتنی تێرۆریستانە، کەواتە ئێوە دەبێت بکوژرێن"[223].

ئەوە تەنها هەڕەشەیەکی بێ مەلآمەت نەبوو. بەڵکو نۆ رۆژنامەنووس لە Özgur Gundem و رۆژنامەی ولآتی نویێ بەزەبری گوللەی هێزە ئاسایشییەکان لەساڵی ١٩٩٢ دا لەباشوری رۆژهەلآتدا کوژران و یەکێکیش بەتەواوی دوچاری ئیفلیج بوون هات. لەساڵی ١٩٩٣ یشدا دووان لەرۆژنامەنوسانی ئەو رۆژنامانە لەباشوری رۆژهەلآتدا کوژران[224]. لەساڵی ١٩٩٤ رۆژنامەنسێك لە رۆژنامەی Ozgur Gundem بێسەروشوێن کراو دو... رایانگەیاند کە مردووە. هەروەها لەساڵی ١٩٩٥ رۆژنامەنوسێکی رۆژنامەی Yeni Politika کە پاش وان دەهاتە دەرچواندن پاش ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەرکرا، لە رەوشێکی نادیاردا تەرمەکەیان بەکوژراوی دایەوە خانەوادەکەی کۆڵینەوەی پۆلیس لەسەر کوشتنە بەئەنقەستەکان درێژەی کێشا. بەرپرسەکانی مافی مرۆڤ لەنێوخۆی تورکیاو هاورێیانی کوژراوەکان، گومانیان لێدەکرا کە تاوانبارین. یاخو لەلایەن دەزگا ئاسایشییەکانەوە هاندراون ئەو کارانە بکەن یاخۆ بۆخۆیان دەستیان هەبووە. بەرپرسە گەورەکانی تورکیە کوشتنەکانیان بەبایەخەوە تەماشا نەدەکرد بکوژەکانیان واز لێدەهێنا. لە مانگی هەشتی ١٩٩٢ پاش چەند رۆژێکی کەم لە کوژرانی پێنجەم رۆژنامەنووس لە رووداوێکی دژوارو نادیاردا، سەرۆك وەزیران سولەیمان دێمێرێل رایگەیاند: "ئەوانەی کە کوژراون، رۆژنامەنوسی دروست و حیسابی نەبوون، ئەوانە چەکدار بوون، لەنێو پێستی رۆژنامەنووسدا"[225].

---

[223] THRR (1994), 263.

[224] The PKK also exerted its own pressure. In 1992, the PKK admitted to killing Mecit Akgun, a Yeni Ulke journalist accused of informing on the group. The same year, Yasar Aktay, a freelance Kurdish journalist for the Turkish me" dia, apparently was killed by the PKK for reasons still unclear.

[225] Amnesty International, Turkey: No Security, 30.

تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك بۆ پشتیوانی لە بانگەشەیەکی لەو جۆرە پشتڕاس نەکراوەتەوە. ئیدی ئەندامانی پەکەکە لەنێو ڕۆژنامەکاندا هەرزوو تێگەیشتن کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نهێنیو لەنێو شوقە داخراوەکاندا چالاکییەکانیان برەو پێبدەن، چوون ڕەوشەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزیو ئاستەنگ ڕۆیشتووە[٢٢٦]. هاوکات تەواوی ڕۆژنامەنوسەکانی دی لەگەڵ پەیامنێرانو بەشدارانی دابەشکردنی ڕۆژنامەکان کەوتبوونە ڕەوشێکی تەواو مەترسیدارو هەمیشە لەمەتەرێزی غافڵکوشتندا بوون. یەشارە قایا کە خاوەنی دەزگایەکی فەرمی بوو، فرە بە لەسەرخۆیی دەیگێڕایەوە: "من بۆخۆم ئامادەی ناشتنی تەرمی ٢٦ ڕۆژنامەنوس بووم، هەموو ئەو کوشتنانە ترسو بیمی لەلای ئێمە گەلاڵە دەکرد، وەلێ هەرگیز کاری لەسەر ئەوە نەکرد کە لە ئەرکەکەماندا بوەستین".

دواتر لە مانگی چواری ١٩٩٤دا، زیندانو دادگایکردن، غەرامەی زۆرو زەبەندو ڕاگرتنی کاتی ڕۆژنامەکان هەموو ئەم کێشە یاساییانە بوونە هۆی داخستنی ڕۆژنامەکە. بەڵام دوای دوو هەفتە پاش ئەوە لەژێر نێوی ڕۆژنامەی Ozgur Ulke جارێکی تر دەرچوێنرایەوە.

چالاکییەکانی بەربەستی ئەم ڕەوشە دژوارە لەنێو چەند بڵاوکراوەیەکی دیاریکراودا لەوانە Ozgur Ulke لەنامەیەکی نهێنیدا لە ڕێککەوتی ١٩٩٤/١١/٣٠ هۆشدارییان دایە سەرۆك وەزیران تانسۆ چیلەر، لەنامەکەدا هاتبوو: "هێرشی و ئیهانەی ئاشکرا بووەتە بەهای ڕۆحیو هەمیشەیی میریی، دیارە ئەوەیش بەپاساوی دوژمنایەتی هەڕەشەیەکی جددی دەکرێت، ئێمە دەپرسین لە وەزیری داد بۆچی ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانانە دیاری ناکات کە ئەو بڵاوکراوانەیان هەیەو ئامانجن بۆ هەڕەشەو گوڕەشە"[٢٢٧].

---

[226] It would have been unusual for someone to be a reporter and an ac" tive PKK member. First, PKK members usually were assigned to positions in the editorial staff, where they had control over the newspaper 's direction. Sec" ond, a reporter who decided to join the PKK would have done so to take part in armed combat, not to stay in the same job

[227] Amnesty International, Turkey: No Security, 30.

تەنها ٣ رۆژ پاش ئەوە لەبارەگای فەرمی رۆژنامەی Ozgur Ulke لە ئەستەمبوڵ بۆمبێك تەقییەوە. لەئاكامدا كەسێك كوژراو نێزیكەی ٢٠ كەسی تریش بریندار بوو. لەوبارەیەوە نوسینگەی سەرۆك وەزیران راگەیەنراوێكی بلاّوكردەوەو تیایدا دەستێوەردانی میریی لەو بارەیەوە دایە دوواوە، هاوكات ئاماژەیشی بۆ مەترسیداریی بابەتەكانی رۆژنامەكە كردو بەپێویستی زانی كۆڵینەوەیەكی داوەرانە لەوبارەیەوە ئەنجامبدرێت. تا ئەو كاتەیش رۆژنامەكە هەر بەردەوام بوو لە وەشانكردنی ئاسایی خۆی. گوڵمەز پێمی گوت: "رۆژنامەنوسەكانمان خەڵكانێك بوون، كە دەستەكانیان دەبرد بە گەرووی ماردا تا هەواڵێك راكێشنە دەرێ". هەروەها وتی: "ئەوە سەختو سەهەندە بوو، وەلێ ئەوان ئازا بوون. كاتێك كوشتو بڕی رۆژنامەنوسان سەریهەڵدا، تەواوی چەپەكانو توركەكان وازیان لەكاری رۆژنامەنوسیی هێنا. وەلێ ئێمە دارای سەدان كەس بووین، كە بێباكانە برەویان بەكاری رۆژنامەنوسیی دەدا لەتەك ئێمەدا".

لەراستیدا دەستپێكی كاركردنی پەكەكە لە سەرەتای نەوەدەكانەوە بوویە پشتیوانێكی مەعنەوی گەورەو فرسەتگەلێكی مەزنی لەبەردەم دەستبەكاربوونی بلاّوكراوەو دەزگای كوردیی فەرمیو یاسایی لەنێو توركیادا رەخساند. بەمجۆرە یەك نەوەی تەواو لە رۆژنامەنوسان لەسەر دەستو دەنگی بەئاگاهێنانەوەی رۆژنامەی Ozgur Gundem پێگەیشتنو بوونە رۆژنامەنووس.

لێرەوە بۆ هەوەڵجار كوردەكان توانییان هەواڵی پەیوەست بەنێوچەكەیان ببینن‌و بخوێننەوە. ئیتر لێرەوە شانۆكارانو رۆشنبیرانو هونەرمەندان پشتیوانییان بۆ نێوەندە رووناكبیرییو فەرهەنگییەكانی پەیوەست بەكاریگەرییەكانی ئەو نێوەندی بلاّوكردنەوەیە دەربڕی. هاوكات ئامادەیی پەكەكە بۆ پشتیوانیی كردن لە پارتە كوردییەكە HEP، بوارگەلێكی تەواوی لەبەردەم ئەو پارتەدا كردەوە تا ببێتە پارتێكی گشتگیریی سیاسیو لێرەوە پرۆسەی خەملێنی هزرو هۆشیاریی كوردان فرسەتێكی تەواوی لەرووی سیاسییەوە پێدرا. ئەو دەمانە كوردەكانی ئەورووپا كە سەرخەرو هەواداری پەكەكە بوون، لەدەروازەی ساڵی ١٩٩٥ دا سەرنجی تەواوی كوردانیان بە پەخشی كەناڵێكی ئاسمانی

کوردی ڕاکێشا، کە بۆ یەکەمجار دەنگو ڕەنگی کورد بۆ کوردستانو بۆ تەواوی دونیا نومایان دەبوو.

پەکەکە هەمیشە هەوڵە سەرکەوتووانەکانی دادەبڕی لەهەوڵی تاکەکەسیو بڕیاری تاك لایەنەی بەهەند وەرنەدەگرتو تەواوی سەروەرییەکانی دەبەستەوە بە خودی پەکەکە خۆیەوە. سیاسییەکانی کورد هەستیان دەکرد کە فشارێك هەیە بۆ قایلکردنیان بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی پەکەکە. هەموو ئەو سیاسییانە یان نوسەرو چالاکوانانە دەیانزانی بەدەر لە پشتیوانی لەپەکەکە هەموو ئاسۆکانی پشتیوانیو دەرکەوتنیان لەبەردەمدا دەگیرێت، هەر بۆیە پەکەکە بەوردی بەدواداچوونی دەکرد بۆ هەموو ئەو گۆرانیبێژو ئەکتەرو نوسەرانەو دەبوو بەتەواوی سەرنج لە پشتیوانی جەنگی گەریلایی و سەرخەری پرۆژەی نەتەوەیی کورد بن. یەشار قایا بە گلەییەوە دەیوت: "پەکەکە بەجۆرێك دەجولایەوەو کارەکانی دەکرد، بۆ نموونە گەر پەکەکە بۆخۆی کەسێکی نەناردایە بۆ ڕۆژنامەکە، ئەوا ئەو کەسە جێگەی نەدەبوویەو کەسێکی نەخوازراو بوو ".

بۆنموونە کاتێك گوڵمەز سەرنوسەری ڕۆژنامەی غوندم Gundem بوو، ئەو لەوەدا ڕاڕا بوو کە دیدارێکی تێروتەسەلی ئۆجەلان بلاّوبکرێتەوە کە باسدەکرا ١٠٠ تا ٥٠٠ پەڕە دەبوو. ئەوە بوو خودی ڕێبەری پەکەکە بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەکەی دا بۆ ماوەیەکی کاتی. دوواتر پاش ٣ مانگ لە ئەپریلی ١٩٩٣ دا ڕۆژنامەکە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. هەندێك پێیان وایە ڕەنگە ئەو گێڕانەوەیە وا نەبێت، لەوانە کایا پێی وایە کە گوڵمەز بۆخۆی لەبەر چەند هۆیەکی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕۆژنامەکەی داخست لەوانە جەریمە یاساییە گەورەکان. لەراستیدا ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئۆجەلان تایبەتمەندیی لەو جۆرەی تێدا نییە، چوون هەم گوڵمەزو هەم هەڵسوڕاوانی پەکەکەیش لەڕۆژنامەکەدا دوواتر تێگەیشتن کە هەمووان بۆچی لەڕۆژنامەکە دەرکران.

یەکێك لە نوسەرانی تورك هاتە لای منو پێی گوتم: "پێم وابوو لەپەکەکە تێگەیشتووم، وەڵێ دووای ئەمە ئیتر نازانم". لەتەك گوڵمەزدا پێکەوە لەقاوەخانەی

ئیسین دانشتبووین‌و ئەو قاوەی دەخواردەوەو چاوەڕێی وەستانی بارانەکە بوو، پێم وت "من پانزە ساڵە لەنێو پەکەکەدا بوومە، وەلێ هەنووکە هیچ تێنەگەیشتووم".

## خۆشەویستی و جەنگ

حوسەین تۆپیقدەر وەختێ کەوتە نێو گێژاوی خۆشەویستییەوە تەمەنی نێزیکەی ٠٠ ساڵێك دەبوو. ژنە شۆڕشگێڕێکی فرە گەنجتر بەنێوی هێڤیدار. لاوێکی تازە پێوەست بوو کە نێردرابوویە نێو چیاکانی گارزان. لەوێ حوسەین فرەماندەی یەکەیەك بوو. کە نێزیکەی ١٠٠ گەریلایەك دەبوون. حوسەین لە یاداشتە بلاونەکراوەکانیدا نوسیبووی "ئەو رۆژەم لەیادە کە ئەو خانمە گەیشتە لامان". حوسەین زانیارییەکانی پاش چەند مانگێك لە پێکگەیشتنمان دایە من. ئەو لەوێدا نوسیبووی: "ئەو خانمە لەرەوشێکی شەرمنی‌و دڕدۆنگیدا بوو"[٢٢٨].

هێڤیدار نێزیکەی ١٨ ساڵێك دەبوو، ئەو دووەم کەس بوو لە خێزانەکەی کەپێوەندیکردبوو بە پەکەکەوە. خوشکەکەی پێش وی هاتبووە نێو گەریلاکانەوە، وەلێ لەو کاتەوەی کە هاتبووە شاخ هیچ یەکێ هەواڵێکی لەبارەیەوە نەبیستبوو، وادیاربوو کە لەیەکێ لە پێکدادانەکاندا لەنێو چووبێت.

لە راستیدا رەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە هێڤیدار هیچی لەبارەی پلانەکەیەوە بە داك‌و بابی نەوتبێت. ئەو دواتر بە حوسەینی وت کە یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکرد پێوەندییکات‌و لەداك‌و بابی هەڵبێت ئەوەبوو کە ئەو بەردەوام لەتەك دایك‌و بابید دەرگیربوو، ئەو مشتومڕی دەکردو دەکۆڵییەوە. وەلێ ئێستەکانێ کە ئەو لەنێو گروپە شۆڕشگێڕەکەدایە، ئیدی بیرکردنەوەی دووەمی هەڵبژاردووە. ئەو خانمە لە شاردا پێگەیبوو، لەنێوەندی تورکیا دا، هەربۆیە لەوە تێگەیشتبوو. کە چەند دژوارە لەو ژینگەیەوە بێتە فەزایەکی کراوەی وەك شاخ‌و یەکلابکرێیتەوە. ئەو ئیدی فرسەتێکی

[228] Unless otherwise indicated, all of Topgider 's quotes are drawn from the unpublished memoir he gave to me.

لەبەردەمدا نەبوو بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێبازەکەی بدات، چوون هەموو ئەو تایبەتمەندییەی خۆی لەدەست دابوو، تایبەتمەندیی ئەو لە هەلومەرجێکدا خۆی دەبینییەوەبوو کە هەموو ڕۆژێك لەنێو بەرگێکدا بوو.

ڕۆژێك ئەو خانمە دێتە نێو خێوەتەکەی حوسەینو پێی دەڵێ: "ئیدی ناتوانم بەردەوامبم، ناتوانم لەبەردەم ئەم ڕەوشەدا بوەستمەوە". ئەو دەگریاو لەتەنیشت ئاگردانە داگیرساوەکەی نێوخێوەتەکە دانیشتبوو، ئاگردانی ئەو سۆپایەی کە خێوەتەکەی حوسەینی گەرمدەکردەوە. خانمەکە دەیوت: "ئەم ژیانە ئێجگار دژوارە بۆمن". ئەوە یەکەمجار نەبوو کە حوسەین وەك هەڵسوڕاوێکی دێرینی پەکەکە ڕووبەڕووی کێشەیەکی وەها بێتەوە. هەمیشە تازە ئەندامەکان ئەوانەی ڕوویان دەکردە چیا، لە دەستپێکی زستاندا کە ئیتر تەقو تۆق کەمتر دەبوویەوەو هەلو مەرجی ژیان ناهەمواردەبوو، ئیتر زۆرێك لەوانە دڵتەنگو بێزاردەبوونو خواستی وازهێنانیان لەلا گەڵاڵە دەبوو. حوسەین نوسیبووی: "خەڵکی ژیانی گەریلاکان ڕۆمانسیانە لە کتێبو فلمەکاندا دەخوێنێتەوەو دەبینێت، لەراستیدا هەمووی وانییە، ژیان لێرە سەختو دژوارە".

هەموو فەرماندەکان مژوڵی ئەوە بوون کە چی بکرێت تا شۆڕشگێڕەکان واز لە تەڤگەرەکە نەهێنن. وەڵامێکی ساناو چارەسەرێکی بێ گرێو گۆڵ بوونی نەبوو. چوون ئەوانەی کەوازیان دەهێناو دەگەڕانەوە ماڵێ، ڕەنگ بوو لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر بکرێنو زانیارییان لە زاربێتەدەر، کە بنکە سەربازییەکانیان لە کوێنو چ گوندێك هاوکاری تەڤگەرەکە دەداتن. یاخۆ دەبوو ئەوان بۆ خۆیان بچن زانیارییەکان بدەن تا لە لێپێچینەوەو دادگاو زیندان قوتاربن.

لەمبارەیەوە حسێن تۆپیقدەر بە گلەییەوە دەیگوت: "هەموو کات کە یەکێکمان لێ هەڵدەهات، گەنجینەو جبەخانەکانمان لەلایەن سەربازەکانەوە ئاشکرادەبوونو دەدۆزرانەوە یاخۆ ئەو دێهاتییانەی کە یاریدەی ئێمەیان دابوو دەستگیردەکرانو دوچاری مشکلێ دەبوونەوە".

لەبەر ئەو هۆکارانەو هاوکات لەبەر هۆکاریی ئایدیۆلۆژیی پەکەکە کە ڕێگەی ب
وازهێنان لەخەبات نەدابوو فرە بەکەمی گەریلاکان ڕێگەیان پێدەدرا واز لە چیا بهێنن
گەڕێنەوە ماڵێ.

هەربۆیە حوسەین دەیەویست ئەو خانمە لاوەی کە گەرەکی بوو خۆی یەکلابکاتەو
قایلبکات بەمانەوە لەشاخ. خانمەکە وادیاربوو فرە دڵتەنگە. حوسەین بەڵێنی پێدا لەگە
هاتنی بەهاردا بینێرێت بۆ نێو شار تا لەوێ کار بۆ تەڤگەرەکە بکات. ئیتر خانمەکە ب
بیستنی ئەم هەواڵە فرە کەیف خۆشبوو و بزە گەڕایەوە سەر لێوەکانی. حوسەین ل
یاداشتەکانیدا فرە بە کەیفەوە نوسیویەتی: "ئێمە قسەگەلێکی فرەمان دەکرد".

گەریلاکان لەماوەی زستاندا کرابوونە ٤ یەکەی بچوکترەوە. ئەوان لەدەوروبەری
دارستانێکی چڕو زەبەندا بوون کە بەتەنیشت بارەگایەکی سەربازیی ئەرتەشی تورکیەوە
بوو. لە ڕاستیدا ترسێکی وەك ئەوەی کەلە گۆڕێدا هەبوو بوونی نەبوو. ریزە درەختە
چڕەکانو بەفری سەنگینی نێوچەکە پەرژینێکی سروشتییان بۆ گەریلاکان دروستکردبوو.
زنجیرەی خێوەتەکانی گەریلاکانی حوسەین بەجۆرێك ڕێکخرابوو کە ٢ لەوان بۆ پیاوانو
دانەیەکیان ئافرەتی تێدابوو. خێوەتەکان بە ڕاخەری ئەستوورو ڕاگر بە تەختەی باریكو
پتەو ڕاگیر کرابوونو لەنێو هەریەکەیاندا سۆپای دارینی تایبەت هەبوو بۆ
گەرمکردنەوەیان. ڕۆژانە ئەو بەفرەی کە بارییوویە سەر خێمەکان پاکیان دەکردەوەو
ڕایان دەماڵیو هاوکات دارو چیلکەیان گرد دەکردەوەو ئاوی پاکیان دەهێناو سیمیناری
سیاسییان دەبەستو نانەوای تایبەتیان هەبوو بۆ دروستکردنی نانو نانیان دەکرد.
شەوانەشیان بەکاری شانۆو گۆرانیو تەرفیهیاتو چیرۆکەوە بەڕێدەکرد.

لەوەختی بارینی بەفرداو لە زستاناندا بەتەواوی ڕێگەکانی سەر بە چیای گارزان
دادەخرانو هاموشۆ ئەستەم دەبوو، ئیدی کەسێك گەر لەوێندەر بووایە هەستی دەکرد
کە جیهان هەر بریتییە لەو نێوچەیەو لەدنیای دەرێی خۆی بەتەمامی دادەبڕا.

حوسەین نوسیبووی:"لەو شێوە تەنگەبەرەدا جیهان بریتی بوو لە ٣٠ کەس‌و چوار خێوەتگەو بەس". هەروەها ئاماژەی دابوو کە هەندێکجار ئێمە دوژمنەکانمان لەیاد دەچوو، ئەوانیش ئێمەیان لەخەیاڵدا نەبوو".

بەگشتی لەزۆربەی کاتەکانی ساڵدا جەنگاوەرانی نێوخۆی تورکیا فرەبەکەمی هەستی ئارامش‌و بواری پێوەندیی‌و مامەڵەی بەهێزیان هەبوو لەتەك دەوروبەردا.چوون خەباتی بەردەوام بۆ دابینکردنی کۆگاو گەنجینەکانی شاخ‌و ئارامشی بنکە کاتییەکانی گەریلا، هاوکات پلانی هێرش‌و بەرگریی دژ بە پەلاماری ئەرتەش بوارێکی کەمی بۆ وزەو تاقەی گەریلاکان هێشتبوویەوە تا بیانپەرژێتە سەر لایەنەکانی تری ژیان. لەگەڵ ئەوەیشدا جەنگاوەرەکان بەبەردەوامی هامو شۆیان دەکردو دەکرانە گروپی گچکە گچکە بۆ ئەنجامدانی چالاکی‌و دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکان. هاوکات دەنێردران بۆ نێوچەکانی ترو دەبوونە تەتەرو گەیەنەری پەیام‌و هۆشدارییەکانی تەڤگەرەکە. هەروەها لە شوێنانێك دەمانەوە تا گردکردنەوەو رێکخستنی ئازوقەو پۆشاکی گەریلاکان بۆ شاخێ تەرتیب بدەن. بەمجۆرە ئەوان بۆیان هەبوو جارجار لە رووداوەکانداو لە پێکدادانە چاوەڕواننەکراوەکاندا لەتەك ئەرتەش بکوژرێن‌و بکەونە مەتەرێزی دوژمنەوە.

بەڵام لەزستاناندا وەختێك کە بەتەواوی ژیان کش‌و مات دەبوو، ئیتر جەنگەکان خامۆشدەبوون. لەو ماوەیەدا جەنگاوەران دوچاری ورسبوونێکی رۆتین دەبوونەوە، ئیتر زەمینەی لێکنزیکبوونەوەو دروستکردنی پێوەندی هاوڕێیەتی‌و سەرووی هاوڕێیەتی چێدەبوو.

حوسەین تۆپیقدەر لەو ماوەیەدا سەرنجی لەسەر هێڤیدار چڕکردەوە، واپێدەچوو ویش کەوتبێتە سەرنجدان بۆ حوسەین. لەیاداشتەکەیدا نوسیبووی: "جارجار لە وانە سیاسییەکاندا تەماشای یەکتریمان دەکرد. وەختێکیش لەناکاو پێك دەگەیشتین، ئیدی دەوەستاین‌و پێکەوە قسانمان دەکرد".

هێڤیدار خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ ژیانی گەریلایی، ئەو ئیتر وزەو ورەی هەبوو، ئارەزووی بۆ کارەکەی لا چێ ببوو. ئەو بەتامەزرۆییەوە تێکەڵ بەو پیادە ڕەویانە ببوو

که بەسەر تولە ڕێگە بەبەفرداپۆشراوەکاندا دەیانبڕی بەرەو ئاواییەکانو لەوێ فرە بەسانایی بەشداریی لە گردکردنەوەی پێویستییەکانو کۆگاکانی شاخ دەکرد. هاوکات شورو شەوقی هێڤیدار بەتەواوی حوسەین تۆپیقداریشی گرتبوویەوە. هێڤیدار شەوانە پاسەوانی دەگرت. ئەرکی پاسەوانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە بوو دڵنیابن لەوەی سۆپاکان دەگرێن، ئەگەر نا سەرماو سۆڵە هەرزوو خێوەتەکانی دەکرد بەیەخ. ئەو زۆرجار سەرپەرشتی ئاگری سۆپای خێوەتەکەی حوسەینیشی دەکرد. گەر لەوکاتانەدا حوسەین بەخەبەر بوایە ئیتر چەکەکەی دادەناو پێکەوەو بەتەنیشت یەکەوە رازو نیازی دڵی خۆیانیان دەکرد. گەریش حوسەین نوستبووایە، ئەوا بەبیانووی چاخکردنی سۆپا دارینەکەو هەڵخزانی دارو چیلکەکان زرومو هۆڕی دەکرد تا بەئاگای بهێنێت.

لەراستیدا وتوێژەکانیان فرە نەدەچوو بەلای سیاسەتو بگرەو بەردەی جەنگدا، حوسەین لەوە دڵنیابوو کە ئەو گەرەکیەتی شتێکی تر بڵێت.

حوسەین لەم بارەیەوە رونیکردووەتەوە: "وەك چۆن قسەکانمانو چۆن روانینەکانمان بۆیەکتری جیاواز بوون، لەوانەبوو لەنێوانماندا پێوەندییەکی سۆزداریی دروستبوو بێت. بەڵێ جۆرێك لە هەستی تێکەڵ لەناخمدا هەبوو، من نازانم ئەوە چۆنە، وەلێ لە ناخمدا شتێك هەبوو لەنێوان خۆشەویستیو بەزەییدا".

خۆشەویستی لەنێو پەکەکەدا نەناسرابوو، وەلێ وەك شتێکی یاساغو مەترسیدار لێی دەروانرا[٢٢٩]. جەنگاوەر پێویستبوو هەمیشە بەئاگابێتو خۆشەویستی بخاتە لاوە.

حوسەین نوسیبووی: "هەستو سۆزەکان میانەڕەو و نەرممان دەکەن، ئەوان راماندەکێشنە شوێنێك کە دوورکەوینەوە لە واقیعی ئازاراوی ژیانمان. چونکە دوژمن هەستو سۆزی نییە، ئێمە پێویست بوو هەمیشە ئاگاداری ئەوە بین".

لەراستیدا خۆشەویستی نەدەتوانرا سنووری بۆ دابنرێت. وەلێ پێوەندیی سێکسی لەتەك رەگەزی بەرانبەردا گوماناویو هەستیار بوو. تەنانەت دووبارەکردنەوەی

---

[229] Apart from firsthand interviews with former militants, this section in" corporates information from Buldan, PKK'de Kadin.

سلاویش لەتەك رەگەزی بەرابەر دەبوویە مایەی سەرئێشەو لێپێچینەوە. بەم پێیە پێوەندی سێکسیی پەتاتەن رێگەی پێنەدرابوو.

دیارە لەویێ هەمیشە واتەوات‌و قسەکردن لەوبارەوە لەگۆڕێدابوو. دەوترا کە فەرماندەگەلێکی دیاریکراوی پەکەکە لەتەك جەنگاوەرە ئافرەتەکاندا دارای پێوەندیی سێکسین، هەروەك ئەو دەنگۆیەی کە خرابوویە پاڵ خودی ئۆجەلانیش. زۆرجاریش ئەم دەنگۆیانە تەنها فرت‌و فێڵ بوون، بۆنموونە دەنگۆیەکی وەها بۆ فەرماندەیەك رەنگبوو کاربکاتە سەر کەسایەتی‌و نێوبانگی‌و لەوەدا لەکەداری بکات کە ئەندامێکی پابەندە بەپەکەکەوە.

نەوال وەك فەرماندەیەکی مێیینە لەم بارەیەوە دەیگوت: "هەندێك کات ئەو شتانەی کە گوێت لێیان دەبوو ئەوەبوو کە کەسێك پێوەندی لەتەك کچێکی دیاریکراو هەبووە، بەو هۆیەوە هەم کارەکەی‌و هەم نێو و نێوبانگی لەدەستداوە".

رێزو شکۆ تەنها شتێك نەبوو کە لەپێوەندیی لەتەك کچاندا لەدەستبدرێت، بەڵکو پێوەندیەکە هۆیەك بوو تا ئەو کەسە قۆڵبەستبکرێت‌و بخرێتە نێو زیندانەوە. هەندێك جار سزادانی ئەو کەسانە سەریدەکێشا بۆ کوشتن‌و لەنێوبردنیان.

دیارە کە لەو بارەیەوە چیرۆك گەلێك دەگێڕنەوە کە بەهۆی خۆشەویستییەوە هەندێك کەس دەستگیرکراون‌و هەندێکیش کوژراون.

لەسێدارەدان رێگەیەکی توند بوو بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە گلابوون لە خۆشەویستی‌و سێکسەوە. وەلێ ئەوە ئێجگار پێویست بوو تا جۆرە سنورێك لەنێوان مەردانی گەنج‌و کچانی نێو پەکەکەدا پارێزراو بێت. شۆڕشگێڕکان پێش ئەوەی ببنە گەریلا زۆریان ئەزموونی ژیانی سێکسییان کردبوو. کچان‌و کوڕان تا خزم‌و خوێشی یەکتر نەبوونایە بۆیان نەبوو تێکەڵبن. هاوکات کچان خۆیان بە پاکیزەیی دەهێشتەوە تا بتوانن هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن. وەلێ ئێستا لەژیانی گەریلاییدا کچان‌و کوڕان شان بەشانی یەك لەچالاکی‌و خەباتدان. تەنانەت بۆ خەوتنیش لە کەمپە کاتییەکانی چیادا هێند لێکدوورنەدەکەوتنەوە. هەربۆیە دەبوو جۆرێك لە لێپێچینەوەو چاودێری مۆڕاڵی

هەبووایە. ئەگەر نا، نەك هەر بێسەرو بەرەیی دروست دەبوو، بەڵکو خێزانە کوردەکانیش چیدی ڕێگەیان نەدەدا زارۆکانیان پێوەندیی بکەن بەرپزەکانی پەکەکەوە. باتوفا کچێ بوو، لەتەمەنی پازدە ساڵیدا دەستبەرداری خوێندنی ئامادەیی ببوو، ئەو لە چیادا ببووە گەریلا. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەیگوت: "ئەوە تەنها ڕێگە بوو، کە پێویست بوو سێکس قەدەغە بکرێت، چوون گەر وانەبا، هەرگیز کوردەکان زارۆکانیان نەدەناردە بەرەی پەکەکەوە. وەلێ پێم وابێت یاساغبوونەکە فرە زیادەڕۆو توند بوو، تەنانەت سڵاوکردن لەرەگەزی بەرامبەر دەبوویە سەرئێشەو دوور نەبوو قۆڵبەستت بکەن".

هەندێك لەفەرماندەکان ڕێیەکی نێوەندییان گرتبوو لەبەرامبەر پێوەندییە سۆزدارییەکاندا، یان چاوپۆشییان دەکرد یاخۆ بەرووخۆشییەوە دەجوڵانەوە تا ڕێگریی بکەن لە درێژەدان بە پێوەندییە فیزیکییەکان، وەلێ هەموو ئەم نهێنییەیان بە داخراوی ئەهێشتەوەو هەموانیان دەخستنە ژێر چاودێرییەوە. حوسەین زۆرجاران گەریلاکانی رووبەڕووی هەڕەشەو گوڕەشە کردبوویەوە، ئەوانەی باوەڕی وابوو نیازی نێزیکبوونەوەیان هەیە، وەلێ لەئێستادا بۆخۆی کەوتبووە داوی رەوشێکی لەوجۆرەوە.

رۆژێك هێڤیدار وێنەکانی خۆی پیشانی حوسەین دا، ئەو وێنانەی پێش پێوەندیکردنی بە تەڤگەرەکەوە گرتبوونی. حوسەین نوسیبووی: "ئەو بێ ئەنداز جوان بوو". حوسەین لەو بارەوە بەئاوازێکی ئیحراجو شەرمەوە ئەم رستەیەی دەردەبڕی: "ئەو جوانتر لەو جلانەیدا پێشچاو دەکەوت". رۆژێکی دیکە حوسەین تێبینی جلەکانی هێڤیداری کرد. جلو بەرگی گەریلاکان پانتۆڵو شێرتی سەوزی گوشاد بوون. لەگەڵ شاڵو چاکەتی ئەستوور، کە لە زستاناندا بەجۆرێك بوو تەنی گەریلاکانی سەغڵەتکردبوو. حوسەین پێشنیاری کرد بۆ هێڤیدار تا لەنێو کۆگای جلوبەرگەکاندا پۆشاکێکی نوێ بپۆشێت. لەم بارەیەوە نوسیبووی: "ئێمە پۆشاکگەلێکی فرەمان هەبوو، خەزێنەکانمان پڕ پڕ بوون لە جلو بەرگ". وەلێ هێڤیدار شانەکانی هەڵتەکاند. ئەو بە حوسەینی وتبوو قەیدی نییەو تازە بەمانە راهاتووم. تۆپیقدەر لە وەڵامەکە دڵی ئاوی نەخواردبوویەوە. هەربۆیە

سەبارەت بەوە بۆخۆی نوسیویەتی: "نەمدەزانی چۆن پێی بڵێم نامەوێت ئەو جلە کۆنانە بپۆشێت".

ئەو تەنها جارێك پێداگریکرد. تا جارێك پاش ئەوەی هێڤیدار پیازی خواردبوو تا سود لە ڤیتامین سی وەربگرێت بۆ تەندروستی. حوسەین پێشنیازی بۆکرد کە گیاهانێکی دی هەن کە بۆندارنین‌و هەروەها دارای ڤیتامین سین. چونکە رێگەی زۆرهەن بۆ تەندروستی ژیان‌و چاودێریکردنی خۆ.

رۆژێك کە ٥٥ هەمین رۆژی مانەوەی گەریلاکان بوو لەشیوەکەدا، حوسەین چووە خێوەتەکەی خۆیەوە تا سیگارەکەی بکێشێت. ئەو تێبینی کۆپتەرێکی کرد کە بەسەرویانەوە گوزەری دەکرد. لەو هەرێمەدا کە پرپربوو لە بنکەی سەربازی تورکیاو تەواوی رێگاکانیش بەبەفر کلۆمدرابوون.

هەربۆیە لەرەوشێکی وەهادا بوونی کۆپتەر شتێکی نامۆ بوو. وەڵێ ئەو رۆژە کۆپتەرەکە بە ئاسمانی شیوەکەدا دەسوڕایەوە، پاشان دوو فرۆکەی کوبرا هاتن‌و رووەو بارەگاکانی پەکەکە نێزیك بوونەوە.

فڕۆکەکان بۆردومانی شیوەکەیان کرد. ئەوکات حوسەین رووپۆشی خێوەتەکانی بەبەفر دانەپۆشیبوو تا فڕۆکەکان فریو بدات. هەربۆیە لەدەرێ مابوونەوەو دەترسان هەرجوڵەیەکیان ببێتە مایەی ئاماژەدان بە فڕۆکەکان. ئەوان بەردەوام بوون لە بۆردومانی شیوەکەو گردۆڵکەکانی دەوروبەری تاوەکو رێ لەهەرجۆرە هەڵهاتنێکی گەریلاکان بگرن. گەریلاکان هاتنە لای حوسەین‌و ئەویان بردە شوێنێکی نیوە پەنهان‌و بەرتەسك بەنێو چیاکەدا. ئەوێ دەیڕوانی بەمل گردەکاندا، سەربازانی تورك کەمتر گومانیان لەهەڵهاتنی گەریلاکان دەکرد لەو قوڵەوە. ئیتر پیاوەکان دەستیانکرد بە هەڵزنانێکی سەخت بۆ لوتکەکان، شۆرشگێرەکانی تری شیوەکەیش لەلایەکی ترەوە هەڵگەڕان بە بەرزاییەکاندا. ئەوان بەگورجی لە لوتکەی تەپۆڵکەکاندا دەستیانکرد بە لێدانی خەندەقێك بەنێو بەفرەکاندا بەو هیوایەی بتوانن لەسەرچۆکان خۆیان لەنێویدا گرمۆڵەبکەن.

لەکۆتایدا وەختێك فڕۆکەکان کشانەوەو بۆردومانەکە دومایی هات. حوسەین جەنگاوەرەکانی هەر دەژماردو دەژماردەوە، هەندێك لەوانە شوێن بزر ببوون. یەکێك لەوانەی دیار نەمابوو هێڤیدار بوو، کاتێکی زۆر تێپەڕی. ژنو پیاوێك دەرکەوتنەوەو پاشان پیاوێکی دی لە جەنگاوەران هاتەوە. حوسەین لە دوایین کەسی گەڕاوەی پرسی "خەریکە چی روودەدات؟". تەماشای نێوچاوی پەشۆکاو هەڵبزرکاوی کەسەکەی دەکرد. "دووان کوژران، هێڤیدارو جەندا، کۆبتەرەکە هەوەڵجار بۆردومانی خێوەتی ژنەکانی کرد. لەوانەیە ئەوان درەنگ فریای خۆیان کەوتبن‌و خێمەکەیان جێهێشتبێت".

هیچ دەرفەتی شین پۆشیو گریەو هاواریش نەبوو. فڕۆکە شەڕکەرەکان گەڕابوونەوە ئاسمان‌و بەسەر سەر گەریلاکانەوە بوون‌و بۆمبیان دەهاویشتە نێو شیوەکەوە. هێشتا وەختی رۆژ بوو، لەبەر ئەوە دژوار بوو بتوانیت خۆت حەشار بدەیت. گەریلاکان لەچوارچێوەی پلانێکدا بڵاوەیانکرد، تاوەکو پاش ئەوەی دنیا تاریکدابێ خۆیان بگەیەننە ئاوایییەکی نێزیك‌ودیاریکراو. یەکێك لەفڕۆکەکان بە شوێنی حوسەینی زانی‌و بۆردومانی شوێنەکەی کرد. ناوبراو گەڕایەوە بۆ ئاڕاستەی چیاکەو خۆی هاویشتە دامێنی چاڵێکی بەرتەسکەوە. وەختێك هێزە هەواییەکانی تورکیا جارێکی تر لێگەڕان‌و کشانەوە. حوسەین لەحەشارگەکەی هاتەدەرێ. هاوکات هەندێك لە گەریلاکان گەڕانەوە شیوەکە تاوەکو چەك‌و تفاق‌و پاشماوە بەجێماوەکان گردکەنەوە. لەناو کەل‌و پەل‌و چەك‌و چۆڵەکاندا تفەنگەکەی هێڤیداریان هەڵگرتەوە. حوسەین تفەنگەکەی هێڤیداری هەڵگرت. ئەو تا ئەوکات هەرگیز نەیگوت بەهێڤیدار کە ئەو کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە لەگەڵیدا. ئەو بۆ خودی خۆیشی بەئەستەم دانی نا بەو راستییەدا "من نەمدەویست دەربارەی هەست‌و سۆزم شتێك بەو بڵێم". ناوبراو بە مەرەکەبێکی شین‌و بە رێك‌و پێکی لەیاداشتە تەواونەکراوەکانیدا نوسیبووی: "خۆشویستنی هەندێك لەشتەکان جوانە، وەلێ ئێمە چارەیەکی ترمان نەبوو جگە لە خۆ یەکلاکردنەوەی هەست‌و کردەوەکانمان بۆ دوو شت، ئەوانیش مردن‌و کوژران یاخۆ شتێك کە لەدەسەلاتی خۆماندا نەبوو لێی دەربازبین".

## باسی سێهەم:

## ئاوێتەبوونی سیاسەتو جەنگ (١٩٩١-١٩٩٣)

پێش ئەوەی بەفر دەستکات بەبارینو ڕێگە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق لەتورکیا دابخات، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیان دەکرد بۆ دژە هێرشێکی بەربلاو بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە لەچیاکانی باکوری ئێراق دا. هەڵکوتانە سەربازییەکەی ئەرتەشی هەوایی تورکیا لە مانگی هەشتی ١٩٩١ وە درێژەی کێشا تا مانگی پێنجی ١٩٩٢. ئامانجی ئەم هەڵمەتو هێرشانەیش بەدوور ڕاگرتنی سنوورەکانی تورکیابوو لەبارەگاو بنکە سەربازییەکانی پەکەکە. وەلێ دژوار بوو بۆ ئەرتەشی تورکیا بتوانێت ئامانجەکانی بەدروستی بپێکێت. چوون گەریلاکان لەهەناوی چیاکانو لەنێو ئەشکەوتەکانداو لەنێو پەناگە سەختەکاندا جێگیر ببوون. لەبەر ئەوە پاسەوانە سنوورییەکانی تورکیا چانسێکی فرەکەمیان هەبوو تابتوانن گەریلاکان لەو سنورانەدا هەڵکەنن.

هاوکات هێرشو هەڵکوتانەکانی تورکیا لەلای هەریەك لە ئەمریکاو بەریتانیای هاوپەیمانیو فەرەنسا، ببوویە پرسێکی هەستپێکراو لەو پێودانگەوە نائارامیی خۆیان بۆ ڕەوشەکە دەردەبڕی. هەموو ئەو وڵاتانە ڕازیببوون بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین لەباکوری ئێراق بۆ کوردەکانی ئەوێ تا سەدامو هێزە ئاسمانییەکانی بۆیان نەبێت بەئاسمانی ناوچەکەدا تێپەڕبن. کەچی فڕۆکەکانی تورکیا سنووری ئاسمانی ئێراقیان دەبەزاندو ئەو ناوچە دژە فڕینەیان دەبەزاند تا کێومالی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە بکەن[٢٣٠].

---

[230] Description of the 3rd Congress draws mainly on Celik's recollections, along with information provided by PKK members who later received infor" mation about the proceedings. Published sources include Birand, Apo ve PKK, 141; and Yuce, Bildirgesi, 233–234.

لەهەمان کاتدا کوردانی تورکیا دەنگی ناڕەزاییان لەهەمبەر بندەستبونی نەتەوەیی و هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئاواییەکانیان بەرزکردەوە. ئەوە سەخت بوو بۆ کوردانی تورکیا کە تێبگەن بۆچی کوردانی ئێراق شیاوی پاراستنن‌و ئەوان هیچ کارێکی بەدەمەوەچونێکیان بۆ نییە.

هەندێك لە شرۆڤەکارانی نێونەتەوەیش سەریان لەو راستییە سوڕدەما کە ئەو جیاوازییە چییە کە سیاسەتیی کوردی باش‌و کوردی خراپ رەچاودەکات. کیڤن ماکیرنی ئەو کەسەی دەرهێنەری فلمێکە رێك بەنێوی کوردی باش‌و کوردی خراپ. لەراڤەی ئەوەدا دەیوت: "کوردی باش بریتین لە کوردانی ئێراق، ئەوانەی ئێمە یارمەتیان دەدەین‌و ئەوان قوربانی دەستی سەدام حوسەینن، کوردانی خراپیش کوردی تورکیان. ئەوان دەستیانداوەتە یاخیبوونی سەربازی دژ بەتورکیا. تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا ئەوەی دواین‌و خاسترین چەکەکانی لەئەمریکا وەردەگرێت."

وەلێ هەڵمەتە سەربازییەکانی تورکیا هەندێکجار شپرزەو پەراگەندەو هەوانتە بوون لەوێدا کوردانی ئێراق لەسنورەکاندا دەکوژران‌و برینداردەبوون‌و دێهاتەکانیان بۆردومان دەکرا. ئەوکات بەرپرسانی کوردی ئێراق مژوڵی بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆبەڕێوەبەریی بوون، هەربۆیە وادیاربوو کە رووداوەکان بە ئەنقەست لەسنوورەکانی باکوری ئێراق ئاڵۆز دەبوون. بەرپرسە کوردەکانی ئێراق لەو باوەڕەدابوون تورکیا بەم کارەی دەیهەوێت هۆشداری بداتە ئەوانیش. یاخود پێویستە یاریدەی ئەرتەشی تورك بدەن بۆ کێوماڵی پەکەکە لەسنوورەکەدا یاوەخۆ ئەوانیش وەك بەشێك لە کێشەکان چاویان لێدەکرێت. لە بارەگای پارتەکەی تاڵەبانی لە زاخۆ جەلادەت تەها مەزهەر بە گازاندەوە دەیگوت: "گەرەکیانە ئێمە بتلێنن لەجەنگی دژ بە پەکەکەوە". بارزانی رایگەیاند کە ئەنکەرە پێویستە سنوورەکانی خۆی بپارێزێت، لەجیاتی ئەوەی کوردانی ئێراق بکاتە بەرپرس لە دابینکردنی ئاسایشی سنوور کە هیچ کات ئەرتەشی تورکیا نەیتوانیوە دابینی بکات.

سەرۆکایەتی کوردستانی ئێراق لەوەدا دڕدۆنگ‌و گەشبین نەبوون کەوا رابکێشرێنە نێو جەنگی نێوان پەکەکەو تورکیاوە. هەریەك لە جەلال تاڵەبانی‌و مەسعود بارزانیش باش

دەیانزانی کە بەشێك لە پاراستنی نێوچە ئارامەکەی باکووری ئێراق پەیوەستە بە پیشاندانی نیاز پاکی تورکیاوە"[231].

دیارە کە پشتیوانی تورکیا بۆ پاراستنی نێوچەی ئارام لەباکوری ئێراق پێویستییەکی هەنووکەیی و لەپێشچاوگیراو بوو.

گەشتە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان کە لەباکوری ئێراقدا دەگوزەران، لەبنکەی ناتۆ لەنێوخۆی تورکیادا ستاریان دەگرت. هەر شەش مانگێك ماندێتی چالاکییەکان کە نێودەبرا بە ئۆپەراسیۆنی ئارامش لەلایەن پەرلەمانی تورکییەوە نوێدەکرایەوە. لەگەڵ ئەوەی کوردانی ئێراق پشتیان دەبەستە تورکیا وەك تەنها دەریچەی سەرەکیان بۆ پێوەندیی کردن بە جیهانی دەرەوە. ئەوان بەبەکارهێنانی گوزەری سنووریی بەندەرەکان هەموو پێداویستییەکانیان لەشمەك و هێزی مرۆیی و خەڵك لەدەرێ پێدەگەیشت.

لەمبارەیەوە بارزانی ئاماژەی دا: "رەچاوکردنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا ئێجگار پێویستییەکی حەیەویە"[232]. هەروەها ئەنکەرەیش راستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردانی ئێراقدا دەبینییەوە. تەنانەت لەکاتێکدا کە دەیەویست بزووتنەوەی کوردانی تورکیا لەو رێگەیەوە سەرکوت بکات.

گۆڕان لە هەڵوێستی تورکیا بەهۆی سەرۆك تورکوت ئۆزالەوە هاتە گۆڕێ. ئەو گەیشتبووە بڕوایەك کە ئەنکەرە پێویستە ئەو تەوقی ترسە لەکوردان بشکێنێت، ئەگەر بێت و بیەوێت رۆڵێکی کارا لەرۆژهەڵاتی ناویندا بگێرێت.

ئۆزال ئەنکەرەی خستبووە رەوشێکی دڕدۆنگیەوەو نەیەویست لایەنی هاوپەیمانان بگرێت لەجەنگی کەنداوی ١٩٩١دا. هەربۆیە لە ئازاری هەمان ساڵدا بەنهێنی چاوی کەوت بەتاڵەبانی و نوێنەری بارزانی. ئەوەبوو ئۆزال پاش چەند رۆژێکی کەم دانی نا بەدیداری نێوانی لەتەك رێبەرانی کوردی ئێراق. ئەو دیدارانەی وڵاتی توشی شۆك کرد، چون

---

[231] Ocalan, 3. Kongre, 378.
[232] Yuce, Bildirgesi, 219.

تائەوکات تێکڕای ڕێبەرانی کورد وەك دوژمنی داخ لەدڵ تەماشادەکران. ئۆزال لەم بارەیەوە وتی: "خۆ هەمووان ئەو ڕێبەرانە دەبینن، گەر ئێمە لەگەڵیان کۆنەبینەوە، ئەوا ناتوانین زاڵبین بەسەر ئەو ڕەوشەی کە تێیدا دەیگوزەرێنین‌و لە قۆناغەکە کەڵك وەرناگرین"[٢٣٣].

دامەزراوەی سیاسی‌و سەربازی تورکیا، تەنانەت لەدەرێی سنوورەکانی تورکیاشدا. دەستبەرداری دڕدۆنگییان نەبوون لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد. وەلێ ئۆزال لەو باوەڕەدا بوو کە چێکردنی پێوەندی نێزیك لەگەڵ کوردانی ئێراقدا کاریگەریی تورکیا لەسەر باکوری ئێراق فەراهەم دەکات‌و بۆ هەر حساباتێکی سیاسیی چاوەڕوانکراویش لەگەڵ بەغدادا سازو ئامادە تریاندەکات. واتێبینیدەکرا کوردانی ئێراق بەلایەنی کەمەوە ئۆتۆنۆمی یاخود جۆرێك لە فیدراڵییان بۆ دەستەبەر بێت، کە تێیدا بتوانن کاروبارەکانی تایبەت بەخۆیان ڕاپەڕێنن. ئەم نەزمی چارەسەرە لەلایەن دامەزراوەی تورکیاوە نەفرینکراو بوو. وەلێ ئۆزال بەهەموو جۆرێك ئامادەیی خۆی دەردەبڕی‌و ریسکێکی لەوجۆرەی ئەزموون دەکرد. تەنانەت پێی وابوو ئێراقێکی فیدراڵ‌و فیدراڵیی بۆ کوردانی ئێراق زیان بەبەرژەوەندییەکانی تورکیا ناگەیەنێت. هەروەها ئۆزال پێی وابوو کە دامەزراندنی پێوەندیگەلێکی لەم جۆرە لەگەڵ کوردانی ئێراقدا تەنانەت ئەو ڕاستیە دەداتە کوردانی تورکیا کە تورکیا داخ لەدڵ‌و ڕقئەنگێز نییە دژ بەکورد، بەڵکو تەنها گرفتی لەگەڵ ڕەوتی توندوتیژیی پەکەکەدا هەیە[٢٣٤].

لەلایەن ئۆزالەوە کلیلی ڕەوشەکە ڕازی کردنی کوردانی ئێراق بوو بۆ کەمکردنەوەی هێزو هەرەکەتی پەکەکەو ناچارکردنیان بوو تا هێزەکانی پەکەکە لەخاڵەسنوورییەکانی باکوری ئێراقدا وەدەرنێن.

---

[233] Information on Diyarbakir prison relies on interviews with former prisoners. Published sources include Zana, Bekle Diyarbakir, 336 – 346 and Prison No 5, 3–36; Yuce, Zindan Direnisi; and Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (1988).
[234] Details are given in Yuce, Zindan Direnisi, 191–220 and Zana, Prison No 5, 28–35.

ئەنکەرە بۆ ئەو مەبەستە ئەوەی نەشاردەوە کە بۆ شکستی هێزەکانی پەکەکە ئاتاجی بەکوردانی ئێراقە. جەلال تاڵەبانیش لەهەوەڵ دیداریدا لە ئەنکەرە ئەوەی خستە روو کە بەکارهێنانی نەرمیو خەباتی ناتوندوتیژیی بۆ رەوشی ئێستای کوردانی تورکیا پێویستە.

تاڵەبانی لەلێدوانی بۆ رۆژنامەی وڵاتی نوێ لەهاوینی ۱۹۹۱ دا، کە رۆژنامەیەکی کوردی تورکی نێزیك لەپەکەکەبوو رایگەیاندبوو: "گەر ئێوە لەو پرسیارەگەرێن کە چ جۆرە کارێك بۆ چارەسەریی بکرێت، ئەوا سیاسەتم دەکرد، ئەگەر لەشوێنی پەکەکە بوومایە". هاروەها وتی: "بۆماوەی ساڵێك دەستم لەخەباتی چەکداریی بەردەداو پێم دەوتن چارەسەریی دۆزی کوردم دەویو خواستی دیالۆگم بەرزدەکردەوە"[235].

پەکەکە هیچ بایەخێکی پیشان نەدا بۆ راوەستاندنی هێرشەکانی. ئەنکەرەیش هەوڵیدا تا بۆشایی هێز لە باکوری ئێراق بقۆزێتەوە لەپێناو بەرژەوەندییەکانیدا. هەربۆیە هێزی سەربازی تورك لە کۆتایی ۱۹۹۱ و دەستپێکی ۱۹۹۲ دا سنوربەزاندنی ئەنجامداو هەڵی کوتایە سەر نێوچە سنوورییەکانی باکوری ئێراقو تارادەیەکی کەم ئامانجەکانی فەراهەم هێنا. هێزی سەربازی پەکەکە لەنێوخۆی تورکیادا لەگەشەسەندندابوو، تواناکانیشی بۆ بەکارهێنانی بارەگا سەربازییەکانی لەباکووری ئێراق زەمینەی بۆ رەخسابوو، چوون لەوێوە خاڵی دەرچوونی هێرشەکانیان بۆ نێو تورکیا بێ گرێو گۆڵ بوو. لەلایەکیترەوە بارزانیو تاڵەبانی لە سنوور بەزاندنەکانی تورکیا بۆ کێومالّی گەریلاکانی پەکەکە نیگەران بوون. هەربۆیە پێویستبوو بەلایەنی کەمەوە گەریلاکان لەخاڵە سنوورییەکان خۆیان بەدوور بگرن. لەراستیدا ئەم رەوشەیش هێندەیتر تەنگژەی نێوان گروپە ئێراقیو تورکییەکانی بەرەو هەڵدێر دەبرد.

لەهاوینی ۱۹۹۲ دا، زنجیرە کوشتارێك لەنێزیك زاخۆ روویدا. ئەوانە کوردی ئێراق بوونو پێوەندییان بەپەکەکەوە هەبوو، بەڵام دەرکەوت دژ بەپەکەکە چالاکییان کردبوو،

---

[235] Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (March 1988), 15.

هەربۆیە پەکەکە لەنێوی بردن. دووابەدووای ئەوە جەنگاوەرانی بارزانی لەهەولی تۆڵەی یەکێك بوون لەو کوژراوانە. هەربۆیە هەرەشەی هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پەکەکەیاندەکرد[٢٣٦].

جەنگاوەرانی پەکەکەیش لەو باوەڕەدابوون کە پارتەکەی بارزانی وەك بەکرێگیراوێك. دەوڵەتی تورکیا بەکاریدەهێنێت بۆ مەرامەکانی. هەربۆیە بەتوندی گەمارۆی یەکێ لەرێگە سەرەکییەکانی گەیاندنی باکوری ئێراق بەتورکیاوە درا. لەم پێوەندییەدا شۆفێرە بارهەڵگرەکانی تورك‌و کوردی تورکیا هەڕەشەکانی پەکەکەیان فرە بەجدی وەردەگرت. لەکاردانەوەی ئەوەدا تێپەڕبوونی ٥٠٠ بارهەڵگر لەڕۆژێکدا و لەخاڵی سنووریی خاپوورەوە کەمیکرد بۆ نێزیکەی ١٢ بارهەڵگر لە رۆژێکدا.

لەراستیدا کەسێك ناتوانێت لەوە دڵنیابێت کە هێزو هەرەکەتی پەکەکە ئەو رەوشەی دروستکردووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە تەنگژە سنوورییەکان لەتمەی گەورەیان لەئابوری‌و داهاتی ئەوخاڵە سنوورییەی خاپووردا، کە ببوویە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی حکومەتی هەرێمی تازەدامەزراوی باشووری کوردستان.

وەختێکیش پەکەکە گەمارۆکەی لەسەر سنوور هەڵگرت، نە تاڵەبانی‌و نەیش بارزانی لەمەزاجیاندا هیچ ئەجێندایەکیان بۆ دانوستان لەگەڵ پەکەکەدا نەبوو. تاڵەبانی گوتی: "پەکەکە تەنها هەڵبژاردنێکی لەبەردەمدا بوو". ئەو زیاتر روونیکردەوەو گووتی: "پەکەکە یان دەبێت دەست هەڵبگرێت لەبەکارهێنانی بنکە سەربازییەکانی لەباکوری ئێراقدا، یاخۆ دەبێت چالاکییەکانی خۆی بەرێتەوە بۆ نێوخۆی تورکیاو بەگوێرەی ستراتیژی خۆیان چالاکی ئەنجامبدەن"[٢٣٧].

---

[236] Description of Pinarcik attack taken from reports in Milliyet and Cum" huriyet newspapers; other information uses Birand, Apo ve PKK, 141 – 145; Oz" can, PKK, 99 – 100; Imset, the PKK, 49 – 78; Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (March 1988).

[237] Milliyet, June 24, 1987.

ئۆجەلان خواستەکانی ئەوی بەهەند وەرنەگرت. ئەو پێی وابوو باکوری ئێراق ئێجگار گرنگە بۆ مانەوەو گەشەی پەکەکە، بەتایبەت ئەوە لەکاتێکدا بوو کە تورکیا سوریای بەوە رازیکردبوو دەستبەرداری پشتیوانیکردن لە پەکەکە بێت. هەربۆیە لەمانگی نۆی ١٩٩٢ دا ئەکادیمیای مەسعود قۆرقمەس لە دۆڵی بیقاعدا داخرا.

پەکەکە هەندێك زەویی سیاجکراوی لە دیمەشقدا وەرگرتبوو، وەلێ بۆ مەشقی سەربازی نەگونجاوبوون. هاوکات وەك شیوی بیقاعیش جێگەی ژمارەیەکی زۆر گەریلای تێدا نەدەبوویەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا پەکەکە ئاتاجی بە کەمپێکی سەربازی هەبوو بەجۆرێك لەباربێت تا هێرشەکانی لەوێوە ئامادە بکات بۆ باکووری ئێراق.

## براکوژیی: شەڕی خوێناوی نێوان کوردەکان

لە کۆتایی مانگی نۆی ١٩٩٢ دا پەکەکە دەستی دایە زنجیرە هێرشێکی بەرفراوان بۆ نێوخاکی تورکیا. لەوانە هەڵیان کوتایە سەر خاڵی پێشەوە ژەندرمەکانی سنووری دێریك، لەئاکامدا ٢٣ سەربازو سیان لە پاسەوانانی گوند کوژران. دوواجار سەربازەکان توانیان گەریلاکان ناچار بەکشانەوە بکەن بۆ نێو سنوورەکانی ئێراقو زیاد لە ١٠٠ گەریلایش لەو پێکدادانەدا کوژران[٢٣٨]. چەند رۆژێك دوواتر لە ٢ی ئۆکتۆبەردا، نێزیکەی ٥٠٠ جەنگاوەری کوردی ئێراق بەدرێژایی سنووری تورکیا هێرشیان کردە سەر گەریلاکانی پەکەکە. بەزوویی هێرشە هەواییەکانی تورکیایش بۆردومانی ئەو شوێنانەیانکرد کە گەریلاکانی لێبوو.

فەرماندە سەربازییەکانی پەکەکە خۆیان بۆ هێرشێکی دلڕەقانەی لەو جۆرە ئامادە نەکردبوو. پەکەکە بەدرێژایی سنوورەکانی شەڕ مۆڵگەکانی ئازوقەو جبەخانەکانیان قایمکردبوو بۆ وەرزی سەختی زستان، لەبەر ئەوە بێجگە لەبەرگریی هەڵبژاردنێکی تریان لەبەردەمدا نەبوو. جەنگاوەرانیشیان بۆ جەنگێکی وەها هێند شارەزاو شیاو نەبوون.

---

[238] From a 1987 issue of Serxwebun, quoted in Birand, Apo ve PKK, 142.

ئەوانەی کە دارای ئەزموونی جەنگ بوون لەنێوخۆی تورکیا بوون. بەلاّم چەکدارەکـ‌ـی سنوور کە بە ٢٠٠٠ جەنگاوەر دەخەملێنران هێند کارامەو چالاکی مەیدانەکانی جەنـ‌ـگ نەبوون. ئەوان یان زۆر جەوان بوون، یان بیمارو ناساغبوون یاخۆ دارای ئەزموونی جەنـ‌ـگ نەبوون.

نەوال کە خوێندکارێکی زانکۆبوو، مانگێك پێش هەلگیرسانی جەنگەکە پێوەنـ‌ـدی بەڕیزەکانی پەکەکەوە کردبوو. ئەو یادەوەری دەکرد چۆن بەبێ ترس‌و بیم کۆمەکی دەهێناو دەبرد بۆ جەنگاوەران. نێوچەی جەنگیی ئەو لە کەمپی هاکورك بوو لەباشـ‌ـوری نێوچەی سێگۆشەی سنووریی نێوان ئێراق‌و ئێران‌و تورکیا. ئەو دەیوت: "تا ئەوکـ‌ـات نەمدەزانی خەڵکی چۆن دەمرن". ناوبراو کاتێك دیدارەکەی دەکرد بۆم لە شوقەکەی خۆیدا لە ئەڵمانیا تەنێ دانیشتبوو، هاوکات زاڕۆ نوێیەکەی لەئامێزیدا بوو. ئەو دەیوت "بەچاوی خۆمان فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیامان لەسەرمانەوە دەبینی. من هـ‌ـە بەردەوامبووم، دووای ئەوەی خانمێکم بینی مرد، ئیتر بەنەزمێکی جیاواز هەستـ‌ـم لاگەلاڵەبوو".

شەڕی کوردو کورد پشتیوانی جەماوەریی نەبوو، بەتایبەتی گەر شەڕەکە بۆ لەبری دەوڵەتێك بکرێت کە کەمینەی کوردی بندەست‌و سەرکوت کردبوو. لەمیانی دوو هەفتەدا ئیتر جەلال تاڵەبانی کە زێدەتر حەزی بەدانوستان بوو تا لەجەنگ، کەوتە میانگیریی‌و هێورکردنەوەی رەوشەکە. وەلێ بارزانی تەواوی ئەو ناوچەیە لەژێر رکێفیدا بوو کە سەربازگەکانی پەکەکە تێیدا گەشەیاندەکرد، ئەو دیسان سووربوو لەسەر پاشەکشەو دەرپەڕاندنی گەریلاکانی پەکەکە لەناوچەکەدا. لەهەمانکاتدا گەریلاکان لە زەحمەت‌و زیاندا بوون. ئەوان کۆمەك‌و ئازوقەو هێزی پێویستیان بۆ بەرگری کردن لەخۆ هێند لەبەردەستدا نەبوو. هەرچەند کە هێشتا گەریلاکان دەستبەرداری ئەنبارو کۆگاکانی تفاقیان نەببوون. لەنێوەندی ئەو مانگەدا هێزە زەمینییەکانی تورکیا بەپاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکان هاتبوونە نێو سنووری باکوری ئێراقەوە. هاوکات لە ئۆردوگاکانی نێزیك سنووری تورکیا ژمارەی گیانلەدەستدانی گەریلاکانی پەکەکە بەرزببوویەوە. ئۆرهان

دەیگوت: "خەڵکی شەکەت بوون، ئەوان خەو و خۆراکیان نەبوو، ئەوانە ئەو کەسانە نەبوون کە پێش مانگێك وەختێك بۆ یەکەمجار گەشتبوونە کەمپەکە بینیبووتن".

ئۆرهان جەنگاوەرێکی پەکەکە بوو لە بارەگای سەربازی هەفتانین دا . ئەو بۆخۆی ئەو لەتمەیەی بینی کە هێزە زەمینییەکانی کوردی ئێراق‌و ئەرتەشی تورك سرەواندیانە پەکەکە. رەوشەکە لە سەربازگەو ئۆردوگاکانی تری پەکەکەدا باشتر نەبوو، تەنانەت ئەو بارەگایانەیش کە نێزیکتر بوون لە سنوورەکانی ئێران. لەکۆتایی ئەو مانگەدا ئۆسمان ئۆجەلانی برای ئاپۆ، کە فەرماندەی کەمپی هاکورك بوو لەنێزیك سنووریی ئێران ئەوەی ئاشکراکرد کە خەزێنەکانیان وەختە کۆتاییان پێبێت. ئیتر ئەوان تەنها لەبەردەم دوو ئەگەردا بوون. یان دانبنێن بەشکستداو ملبدەن بۆ چارەسەر لەگەڵ کوردانی ئێراقدا یاخۆ بەردەوام بن لەجەنگ تا دووا هەناسەیان لەسەنگەردا دەدەن. لەمبارەیەوە نەوال دەیوت: "ئەو بەهەمووانی راگەیاند کە یان شەڕدەکەین تا خۆمان دەکوژینەوە یاخۆ ملدەدەین بۆ چارەسەریی سیاسیی".

لەژێر رەوشێکی ئاسایدا عەبدوڵا ئۆجەلان دووا بڕیاری خۆی دا. وەلێ پێوەندیکردن لەگەڵ ئەودا سەخت بوو تا بڕیارەکەی بخەنەکار. فاروق بۆزکورت بەرپرسی کەمپی کوکورکا بەپێشنیازەکەی ئۆسمان ئۆجەلان رازی بوو. وەلێ موراد فەرماندەی کەمپی هەفتانین ئەوەی دایە دوواوەو رایگەیاند کە بڕیارێکی بەرژەوەندخوازانەیە. وەلێ ئۆسمان لەنێو زۆرێکدا کە ئەو وەك واقیعگەرایەکی سیاسی دەناسن ئەو راستیانەی بڕیارەکەی خۆی رونکردەوەو ئەوەیشی دایە دوواوە کە پاشگەز بێتەوە. نەوال پێی وابوو کە ئۆسمان بەبڕیارەکەی خۆی شادومان نەبوو، بەڵام رێگەیەکی تری شك نەدەبرد. نەوال لەم بارەوە رایگەیاند: "ئۆسمان دەیوت ئەنجامدانی بڕیارەکەم تاڵە وەك خواردنەوەی زەهر، بەڵام من ئەنجامی دەدەم".

ئۆسمان تیمێکی ناردن تا چاویان بەنوێنەرانی بارزانی‌و تاڵەبانی بکەوێت. دوواجار لە ٣٠ ئۆکتۆبەردا هەریەك لە ئۆسمان ئۆجەلان‌و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکەوتنێکیان واژۆکرد. بەگوێرەی ئەو رێکەوتنە دەبوو پەکەکە هێزەکانی

لەسنوور بکشێنێتەوەو چالاکییەکانیشی لەباکوری ئێراقدا دژ بە نێوخۆی تورکیا رابگرێت[239]. لەبەرامبەردا پەکەکە کەمپگەلێکی نوێی نێزیك بەسنووری ئێران بۆ دیاریکرد. هاوکات رێگەی پێدرا کە چالاکی سیاسیو ناتوندوتیژ لەسنورەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەرێم ئازادانە ئەنجامبدات.

ئیتر لەدەستپێکی مانگی یازدەدا ئەندامانی پەکەکە بەپێیانو بەشپرزەویی دژوارییەوە بەرێکەوتن بۆ کەمپە نوێیەکانیان لەنێزیك سنووری ئێران. نەوال دەیگوت "ئێمە نەماندەویست برۆین، هەموومان پەژارەو دڵتەنگ بووین، ئەوە وەك ئەوە وابوو لەبەینبرابین".

ئەرتەشی تورکیا بەردەوام بوو لەجەنگەکەیداو لەهەفتەی یەکەمی نۆڤەمبەردا تەرکیزی چالاکییەکانی خستە سەر کەمپی هەفتانین. لەوێ هەندێك لە پێگەی پەکەکە مابوون کە ئامادە نەبوون چەکەکانیان بکشێننە دوواوە.

بارەگای نوێی پەکەکە گوێزرایەوە بۆ زەڵێ، ئەوێ نێزیك بە سنووریی ئێران بوو. یەکێك بوو لە بارەگا دێرینەکانی تاڵەبانی لەوێدا کە نێزیك بە گوندێکی خاکەساری داڕووخاو بوو. جەنگەوانانی پەکەکە لەوێ خێوەتو بارگەو بنەیان لەنێو شیوەکانو لەتەختایی گردۆڵکەکاندا داکوتی. ئۆهان دەیگوت: "هاوکات لەوێ خەڵکێکی هەڵهاتووی ورە بەردراو و دەربەدەر گردببوونەوە، لەوێ کێشە گەلێکی فرە هەبوو، کێشەی خۆراكو پۆشاکمان هەبوو".

بەزوویی کەمپەکانی ئەوێ پڕبوون لە کە سانی زامدارو زیاتر لە ٣٠٠ کەسی بریندار لەوێندەر داڵدەدرابوون. بەشێك لەوانە بەهامکاری چەکدارانی کوردی ئێراق گوازرابوونەوە بۆ کەمپەکانی پەکەکە. هاوکات پەکەکە رایگەیاند کە ١٦١ کەس لە شەڕوانەکانی لە جەنگەکاندا کوژراون. وەك ئەوەی کە دەوترا کوردانی ئێراقیش بەنێزیکەی هەمان رێژە

---

[239] Cumhuriyet, June, 26, 1987.

کوژراویان هەبووە. وەلێ قوربانیانی ئەرتەشی تورك هێند زۆر نەبوو، چوون ئەوان لەجەنگەکاندا هێزی زەمینییان فرە سنووردار بەکارهانی بوو.

هێزەکانی تورکیا بەشانازییەوە ئالآی نەتەوەیی تورکیایان لە هەفتانین بەرزکردەوە، وەلێ پاش ماوەیەك کشانەوە، چون هۆشدارییان دابوویە کوردانی ئێراق کە دەبوو بەرپرسبن لەپاراستنی ئاسایش‌و ئارامی سنوورەکانی نێوانیان. هاوکات هەوڵەکان بۆ دروستکردنی نێوچەیەکی دابڕاو وەك پشتێنەیەکی ئەمنی بەدرێژایی چەندکیلۆمەترێکی کەم شکستیان هێنا، چوون لەماوەکانی داهاتوودا یەکێك لە ئەفسەرەکانی ئەرتەشی تورکیی رایگەیاندبوو کە بارزانی‌و تاڵەبانی ئامادەییان تێدا نییە بۆ یاریدەدانیان لەو پرۆژەیەدا. لەبەرئەوە ئەرتەشی تورکیش ئەستەمبوو بۆی بتوانێت بەردەوام لەوسنوورانەدا چاودێریی هەبێت. چونکە هیچ پیاوێك لەناوسوپادا نەیدەتوانی ئەرکی سەربازیی خۆی بە فولتایم بەئاکام بگەیەنێت، ئاسان نەبوو مانەوە لە شاخە دژوارو سەختەکان‌و کەندەلآنەکاندا. ئەوەیش زۆرجار پێوەندیی بەدژایەتی کوردەکانەوە نەبوو. چونکە گەر سوپای تورکیا توانیبێتی ئەوە بکات، ئەوە لەمێژە ئەو سنوورانەی کۆنترۆڵکردبوو. ئەم سەختی‌و سەهەنەییەی چیاکان وایکرد کە رێککەوتنی پەکەکەو رێبەرانی کوردی ئێراق زۆرنەخایەنێت. هەربۆیە پاش چەند مانگێکی کەم گەریلاکان گەڕانەوە تا چەك‌و چۆڵە حەشاردراوەکانی وەختی راگوێزانیان بەدەستخەنەوە یاخۆ چەکی تر لەبازاڕەکانی هەرێمدا بەدەستبهێنن. دوواتر بەتەواوی گەڕانەوە بۆ کۆنە مەنزڵەکانی خۆیان و سەراسەری سنوورەکانی نێوان دوو وڵاتیان گەمارۆ دایەوە.

نە بارزانی و نەیش تاڵەبانی هیچ بایەخێکی ئەو تۆیان بە ئەگەری هەلآیسانی مەترسی جەنگ‌و رێگریکردن لەچالاکییەکانی پەکەکە نەدەدا. ئەوکات بۆخۆیان دارای سەرئێشەو گرفتی تایبەت بەخۆیان بوون. ئەوان لەسەر دابەشکردنی دەسەلآت لەنێوانیاندا نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێك‌و بۆ دوو ساڵ پاشتر ناکۆکییەکانیان تەشەنەی سەند تا ئیتر جەنگ‌و ناکۆکی نێوخۆیی بەتەواوی هەرێمەکەیانی تەنییەوە.

لەراستیدا بۆ هەموو ئەو پارتانەی کە دەرگیری جەنگی یەکتر ببوونەوە، ئەوە شتێکی نێزیك بە ئەستەم بوو کە چارەیەکی سەربازیی بۆ ئامادەیی پەکەکە لەباکوری ئێراق هەڵبژێرن. لە خولێکی تری جەنگدا کە سەربازانی تورکیا لەسالآنی 1995 "۹۷" هەڵیانکوتایە سەر نێوچەکەو سنوورەکانیان چەندینجاریتر بەزاندەوە. وەلێ وەك هەمیشە و جار لەدووای جار لەو پەلامارانەدا ئەرتەشی تورك رووبەڕووی گرفتو گوڵمەزی نوێ دەبوونەوە. چوون بەپلەی یەکەم چیاکانو کەندەلآنە سەختەکان بۆخۆیان پەرژینێکی سروشتی بەهێز بوون، کە ئەستەم بوو هیچ هێزێکی بەهێز بتوانێت پێشێلیان بکات، کێومالّی ئامانجەکانی بکات. لەراستیدا پاش جەنگی ۱۹۹۲ ئیدی گەریلاکان دارای ئەزموونو ئەجێندای خەباتو بەرگری بوون. ئەوان هەرگیز بەرگرییان لە قەڵەمڕەوەکەیان نەدەکرد، بەڵکو بەپێی پێویست لە شوێنێکەوە دەچوونە شوێنێکی دیکە. بەمجۆرە ئەرتەش لەهێرشی زەمینیدا ئامانجی نەدەپێکاو ئامانجی هەڵمەتە هەواییەکانیش دیسان بەهۆی سەختی چیاکانەوە هێند کاریگەر نەبوو، چونکە خۆحەشاردانی گەریلاکان لە ئەشکەوتو کەندەلآنەکاندا، ئامانجی فرۆکەکانی دژوارو ئەستەمدار کردبوو. تەنانەت گەر هێزەکانی میریی بیانتوانیایە لەخالێکی سنوورەوە دەستبگرن بە سەر مۆلگەیەکی گەریلاکاندا، ئەوا پاش چەند دەقیقەیەك دەبوو چۆڵی کەنو سەرلەنوێ گەریلاکان دەنیشتنەوە بەسنوورەکانەوە. هاوکات هیوای تورکیا بۆ ئەوەی کوردانی ئێراق دەستگرۆییان بکەن لە شەرتو پەرتکردنی پەکەکەدا هەرگیز نەهاتە دی. چونکە تالەبانی لەوکاتانەشدا کە گەرموگوڕبوو بۆ سەرکۆنەی پەکەکە، بێزی لەجەنگ دەهاتەوە لە جەنگو دەرگیریی لەگەڵیان. بارزانی لەگەڵ ئەوەی فرەجار دارای چەندین هۆکاربووە بۆ سەرکوتی پەکەکە، چونکە ئەوانی بەڕکابەری دەسەلآتداریی نێو قەڵەمڕەوەکەی زانیوە، وەلێ چەکدارەکانی هەمیشە دوو دلّ بوونە بۆ هەرجەنگێك کە ئەوان راکێشێتە نێو مەیدانی پەکەکەوە. جیا لەهەموو گریمانەکانی تر ئەوان وەك سەرچاوەی پاراستنی پەکەکە زانراون لەسنوورەکەدا. تورکیایش لەهەمانکاتدا چاوێکی لەسەر دەسەلآتە ساواکەی باشوری کوردستان بوو. ئەو بەهیوای ئەوە بوو پشێوی و

پەڵپی ئاسایشیی زیاتر بگرێت تا وەك هەمیشە گەریلاکان بیر لەهێرش‌و هێز نەکەنەوە. هەروەك نەوال دەیگوت: "لە کۆتایدا، ئێمە هەموومان کورد بووین".

## سیاسەتی شکستخواردوو

نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی تورکیا کە لەسەر پارتێکی فەرمی کوردیی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١هەڵبژێردرابوون، گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە چالاکیی سیاسیی کارا لە تورکیادا کارێکی ئەستەمە[٢٤٠]. نوێنەرانی تر لەنێو پارتە سیاسییەکانی تردا هیچ ئەرزشێکیان بۆ خەموو خولیای وان دانەدەنا لەهەمبەر دۆزی کورداندا. پێوەندییەکانی نێوان نوێنەرانی کوردو هەموو نوێنرەکانی تری تورك بەرەو گرژی‌و ناتەبایی دەرۆی، بەتایبەت لەو کاتەوە کە کوردەکان سوێندی یاساییان خواردو چەندین هەراو هوریایایان خستەوە. ئیتر بەرە بەرە لەهەمبەر رەخنەکانیان بۆ مافی مرۆڤو خواستەکانیان پێوەندییەکان دادەتەپین‌و کوردەکان نامۆو نەخوازراو دەبوون. مەهمەد ئەمین سیڤەر دەیگوت: "هەندێك لەوانە تەنانەت سەیریشیان نەدەکردین، بۆمان نەبوو لەپەرلەمان قسان بکەین". ئەو پیاوێکی هێمن‌و لەسەرخۆبوو، پێش ئەوەی بێتە نێو کایەی سیاسییەوە کاری جەراحی دەکرد. ناوبراو دەیوت: "ئەوان ئاماژەیان بە پێوەندی ئێمەو پەکەکە دەداو پێیان وابوو پارێزەری پەکەکەین. ئێمە هیچ پێوەندییەکیشمان بە پەکەکەوە نەبوو". نوێنەرانی کورد ئەوانەی گەرەکیان بوو پرسی کورد لەپەرلەمان چارەکەن، هەندێکجار هاوایان بەسەردا دەکرا یاخۆ رووبەڕووی هەڕەشەی جەستەیی دەبوونەوە.

کاتێك ئەوان بەفەرمی داوایان کرد لێپێچینەوە لەبارەی رەوشی مافی مرۆڤو پێشێلکارییەکان بکرێت کە زۆرینەی حاڵەتەکان لە کوردستان دەهاتنە روودان. ئەوان راستەوخۆ نوێنەرانی کوردیان تۆمەتباردەکرد بە کارکردن و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ پەکەکەدا. لە ئازاری ١٩٩٢ هەر هیوایەکیان هەبوو بۆ ئەوەی لەرێی پەرلەمانەوە میریی

---

240 Milliyet, June 24, 1987.

ناچار بە گۆڕانێکی دروستو ڕاستەقینە بکەن لەدەستیان دا. چونکە پەرلەمان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریی دا تا باری نائاسایی لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا درێژە بکێشێت. دیارە کە ئەوەیش ئاماژەیەك بوو بۆ بەهەند وەرنەگرتنی پرسی چارەسەریی ئاشتی بۆ ئاریشەی نێوچەکە.

هاوکات و لەهەمان مانگداو لەکاتی یادەکانی نەورۆزی کوردیو سەری ساڵی کوردیدا، هێزە ئاسایشییەکان دەستڕێژی گوللەیان کرد لە خۆنیشاندەرانو نێزیکەی ٩٠ هاوڵاتییان کوشت. لەمیانی ئەو ڕووداوانەدا ١٤ پەرلەمانتاری کورد دەستیان لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کشاندەوەو پێوەندییان کردەوە بەپارتە کۆنەکەیانەوە کە پارتی کاری گەل بوو. مەحمود قلینج دەیگوت: "هیچ ئەگەرێکی ترمان لەپێشێ نەبوو، بەتایبەت دوای قەسابخانەکەی نەورۆز. هەروەها دەیگوت: "دێموکرات سۆشیالەکان بەشێك بوون لە حکومەتو ئێمەیش بەشێکبووین لەوان، هەربۆیە پێویستبوو لێیان جودا بینەوە". ئیتر ئەوان پێوەندیان کرد بە لەیلا زاناو حەتیپ دیکلەوە، ئەو دوو نوێنەرە کوردەی کەببوونە هۆی شێتگیریی‌و پشێوییەکان لەوەختی خواردنی سوێندەکانیاندا. هەریەك لەزاناو دیکل چەندمانگێك پێشتر لەژێر فشاری ڕێبەرایەتی دێموکرات سۆشیاڵەکاندا دەستبەردار ببوون. پاشانی دوو ئەندام پەرلەمانی دیکەی کورد دەستیان لەکارکێشایەوەو وەك ئەندامانێکی سەربەخۆ خۆیان پیشاندا. بەمەیش تێکڕا بوونە ١٨ کورسی بەهێزو کارای نەتەوەیی کورد لەپەرلەمانی تورکیادا.

دەستبەرداربوون لە سۆشیال دێموکراتەکان ڕۆڵێکی باشی لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا گێڕا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کوردەکان هەستیان دەکرد زێدەتر پەراوێزدەخرێنو خراوتر مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی نێوەندییەوە. کەچی هێشتا ئەو ڕەوەندیی سەرکوتکردنە کارینەکردە سەر زێدەتر چالاکبوونی نوێنەرەکان. چوون هەر دابڕانی پێوەندییەك لەگەڵ سۆشیال دێموکراتەکانو ئاڕاستەی هزری ئەوان، یاخۆ هەر هەوڵێکیان وەك کاردانەوەی چارەسەرییەکانی تورکیا بۆ دۆزی کورد، ئەوا وا دەبینرا کە خیانەتیان دەرهەق بە نەتەوەی سەردەستی تورك کردووە. لەمانگی حەوتی ١٩٩٢ دا،

داواكاری گشتی چاویخشاند به دادگای دەستووریی دا بۆ ئەوەی پارتی كاری گەل دابخرێت. ئەمەیش بەبانگەشەی ئەوەی كە لەهەوڵداندا بوون بۆ لەبەینبردنی یەكێتی كۆماری توركیا. لەهەمان كاتدا داواكاری گشتی ئەنكەرە هەوڵێكی ناسەركەوتووی دا تا حەسانەی پەرلەمانی لەسەر نوێنەرەكان لابەرێت، تا بەو هۆیەوە بتوانن سزای مەرگ یان سزایەكی قورس بدەن بەسەریاندا، ئەوەیش لەو سۆنگەیەوە بوو كە ئەوان لەوەختی بانگەشەی هەڵبژاردنەكانداو لەپەرلەماندا قسانێكی ناجۆرو وتارگەلێكی دژ بە دەستووری توركیایان هێناوەتە گۆڕێ.

بەمجۆرە پێوەندییەكانی نوێنەرانو دەنگدەرانیان بە پشێوی بەرەو پێشەوە چوو، تامەزرۆییو هەستی شەقامی گشتی كە ملیاندابوو بۆ هەوەڵێ هەڵبژاردنی ئازادو كراوە بەرە بەرە بەرەو دواوە پاشەكشەی دەكرد. وەختێك گەشتیان دەكرد بەنێو نێوچەكانی باشووری رۆژهەلاتدا بۆ دیداری دەنگدەرانو هەوادارانیان، ئەوا لەلایەن هێزە ئاسایشییەكانی میرییەوە هەڕەشەیان لێدەكراو بێزاردەكران. چوون نوێنەران لەهەوڵدانداابوون بۆ كۆڵینەوە لە خراپ بەكارهێنانەكانی مافی مرۆڤ لەهەرێمەكەدا، وەلێ لەلایەن هێزە ئاسایشییەكانەوە رێگرییان لێدەكرا بچنە نێو ئاواییو شارۆچكەكانەوە، ئەو شوێنانەی كە كەوتبوونە بەر بۆردومانو خەڵكەكەیشی لەلایەن هێزەكانەوە دەستبەسەرو بندەستكرابوون. لەسەردانێكدا فەرماندەی فەوجێكی ژەندرمەكان گوتبووی بە پەرلەمانتاران لەیلازاناو ئۆرهان دۆگان، ئەو دەیهەوێ خوێنی خەڵكەكە بمژێتو وەك مشك بیانترنجێنێتە زێدەكەیان[٢٤١].

ڤیدات ئایدینی بەرپرسی پارتی كاری خەڵك لە دیاربەكر، كەچالاكوانێكی مەدەنی كورد بوو، خۆی ئەندامێكی سەر بەپەكەكە نەبوو[٢٤٢]. لە مانگی حەوتی ١٩٩١ دا چەندرۆژێك پاش ئەوەی پیاوگەلێك بەنێوی پۆلیسەوە لە ئاپارتمانەكەی بردبوویان، ئیتر

---

[241] The best analysis on Kurdish tribal structure and behavior remains van Bruinessen's Agha, Shaikh. See pages 64 – 73 for an overview of the history of blood feuds.
[242] Imset, the PKK, 100fn92.

تەرمەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە. کوشتنەکەی ئەو ئامادەبوو بۆ میتۆدێکی نوێی میریی لەبەکارهێنانی نەزمی کوشتن بۆ هەموو چالاکوانە مەدەنییەکانی نێوچەکە بەبیانووی جۆراو جۆر. هاوکات ئەو بەرپرسانەی دەستیان لەگەڵ پارتی کاری خەڵکدا تێکەڵبوو. هاوکات زەمینەی مەترسیگەلێکی فرەشیان بۆ رەخسابوو. ئەوەبوو لەساڵی داهاتوودا ٢٧ بەرپرسی پارتەکە تەنها لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیادا غافڵکوژکران.

لەساڵی ١٩٩٣ یشدا ١٧ بەرپرسی لە هەمان پارت کوژران کە لەناو ئەوانیشدا پەرلەمانتارێکی سەر بەپارتەکەی تێدا بوو. لەساڵی ١٩٩٤ یش ١٨ بەرپرسی دیکەی پارتەکە لەنێوبران[٢٤٣]. بەم نەزمە نەتوانایی نوێنەرانی کورد لەبەرامبەر بەرگریکردن لەگیانی خۆشیان هۆیەك بوو تا شەرعییەتی خەباتی سیاسیو سیاسەتی پارتی لەنێوچەکەدا کەنەفتو کەلەلابێت. نوێنەرانی کورد ئۆرهان دۆگانو مەحمود ئەلینەك دەیانگوت: "ئێمە بەپێش دەوڵەتەوە چووین، وەلێ ئەو دەرگاکانی بەرووماندا کلۆم دا". هەروەها دەیانگوت: "ئێمە بەپیر خەڵکییەوە چووین، وەلێ کە نەمانتوانی گرفتەکانیان چارەبکەین، ئیدی متمانەمان لای وانیش نەما، تەنانەت هەندێکجار میریی بواری نەدەداین بچینە نێو هەرێمەکانی هەڵبژاردنی خۆشمانەوە. لەژێر ئەم رەوشو رووەی رامیاری ولأتدا، ئیدی تاقەتمان وەبەر نەمابوو، تەنانەت وامان بیرنەدەکردەوە کەپەرلەمانتاریی بەردێك بخاتە سەردیواری خواستەکانمانو خواستی وازهێنان لەکەللەی دابووین"[٢٤٤].

### ئەنجومەنەکە

ئۆجەلان دارای بۆچوونێکی پەیوەست بەخۆی بوو. تەنانەت لەهەڵبژاردنی نەتەوەیی ١٩٩١ وە ئۆجەلان ئەوەی نەشاردبوویەوە گەر دەوڵەت پەڵپو بیانووی هەبێت لەبەرامبەر کارکردن لەگەڵ کورداندا تا پێکەوە بگەنە چارەسەرییەك بۆ دۆزی کورد، ئەوا ئەوان

---

[243] The TIHV (Turkish Human Rights Foundation) included a compre"
hensive report on attacks on teachers in its 2001 Turkiye Insan Haklari Raporu.
[244] McDowall, Modern History, 423.

دەتوانن لێنەوێن بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی پەیوەست بەخۆیان لە کوردستاندا. ئەنجومەنەکە وەك چەترێك وەهابوو کە تەواوی کوردانی لەژێر سایەیدا گرد دەکردەوە. هاوکات یاساو بڕیاری سیاسی دەردەکردو نوێنەرایەتی تەواوی کوردانی دەکرد لەئاستی نێونەتەوەیدا. ئەوە لەراستیدا هەیمەنەو هێزی پەکەکە بەسەریدا دەشکا، وەلێ شوێن پەنجەی چەکداریی‌و گەریلاکانی پێوەدیار نەبوو. ئەنجومەنەکە وەك ئەنجومەنێکی حوکم وابوو بۆ کوردان لەهەرشوێنێك بن، بەتایبەتی بۆ کوردانی تورکیا. چالاکوانەکانی پەکەکە لەوبارەوە گەیشتنە بڕوایەك کە ئیتر هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی ئەنجومەنێکی لەو جۆرە نەماوەتەوە.

موراد دەیگوت: "پەرلەمانتارانی کورد لەپەرلەمانی تورکیادا هیچ گوێیان بۆ رانەدەگیرا". ئەو چالاکوانێکی پەکەکە بوو، خواستی هەبوو کە کورد لە رژێمی سیاسی تورکیادا بکشێتەوە". هەروەها دەیگوت: "ئەنجومەنەکە بیرۆکەیەك بوو تا دامەزراوەیەك هەبێت تێیدا رووناکبیران‌و سیاسییەکانی کورد بتوانن نومایانی کوردایەتی خۆیان بکەن". هۆکارێکی تری گرنگ هەبوو تا هەنگاو بەرەو ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بنرێت. چونکە کوردانی ئێراق لەساڵی ١٩٩٢ توانیان پەرلەمانێکی تایبەت بەخۆیان بەدەستبهێنن، ئەوە یارمەتی وانی دا تا لەبواری شەرعییەت‌و سیاسیدا وەخۆکەون. موراد لەم بارەیەوە دەیوت: "ئەنجومەنێکی لەو جۆرە دەکرا بۆ ئۆجەلان شەرعییەتی نێونەتەوەیی بەدەستبهێنێت". هەروەها دەیوت: "ئۆجەلان ئاتاجی بە شەرعییەت پێدان هەبوو". لەنۆڤەمبەری ١٩٩٢ لەسەراسەری ئەوروپادا پۆستەرە سورو سەوزو زەردەکانی پەکەکە هەڵواسران‌و داوا لەتەواوی کوردان کرا کە دەنگ بدەن بۆ ١٥ نوێنەری پەکەکە تا وەك پێکهاتەی نەتەوەیی ئەنجومەنەکە دیاریبکرێن. ئیتر سندوقەکانی دەنگدان لە نێوەندە فەرهەنگییەکان‌و کۆمەڵەکانی سەراسەر ئەوروپا دانران. هاوکات تەواوی گروپە نەیارەکانی پەکەکەیش بانگهێشتکران بۆ بەشداریکردن، وەلێ هیچکام لەوان بەدەم داواکەوە نەچوون. چوون تاوەکو ئەوکاتە هیچ ئەزمونێکی پۆزەتیڤیان لەتەك پەکەکەدا نەدیتبوو. هەربۆیە دڵگرمێ بوون لەوە کە ئۆجەلان بتوانێت رێز لەدەسەڵاتەکانی ئەو

ئەنجومەنە بگرێت. بەتایبەت کەمال بۆرکای لە پارتی سۆشیالیستی کوردستان زۆر بە توندی داکۆکی لە دانەدوواوەی بەشداریکردن کرد لە ئەنجومەنەکەدا.

موراد کە هەندێك دانوستانی لەتەك وان ئەنجامدابوو دەیگوت: "ئەوان رەخنەکانی دەرهەق بەپەکەکە فرە توند بوو، ئامادەی هیچ جۆرە پەیوەندییەك نەبوون لەگە پەکەکە لەژێر هیچ جیاکاریەو نا دادگەرییەکدا"[245]. ئۆجەلان رەچاوی نوێنەرانی کوردی سەر بە پارتی کاری خەلکی نەکردو ئەوانی بەهەند وەرنەگرت لە نوێنەرایەتی ئەنجومەنەکە، بەڵکو ئەنجومەنەکەی وەك بەدیلێك بۆ پەرلەمانی تورکیا زانی. ئەو بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی کورد پێشنیازی بۆ رووناکبیرو کرێکارو پارێزەرانو سیاسەتوانانو رێکخراو کۆمەڵە نەیارەکانیشکرد تا ببنە ئەندام ئەوەیش هەموّوی لەپای پێداکردنی شەرعییەتدا بوو بۆ ئەنجومەنەکە. یەکێك لە کۆمەڵەیەکی ناحکومیی مافی مرۆڤد روونیکردەوە: "داوایان لێکردم، وەلێ دامە دوواوە، وابیرم نەدەکردەوە بتوانێت کارێك بکات، بەرووني پێم وتن نەخێر". زەینولعابدین خان کە مامۆستایەکی ئامادەیی بوو. ئەو نێزیکببوویەوە لەپێوەندی لەتەك ئەنجومەنەکەدا، ناوبراو لەوەدا تێمابوو ئایا پەکەکە بە دروستی دەتوانێت لەگەڵ رواڵەتەکانی دێموکراسی ئەنجومەنێکی لەوجۆرەدا هەڵبکات یان نا. زەینەدین بۆماوەی سێ ساڵی لە زیندانی دیاربەکردا بەسەربردبوو، ئەو بەتۆمەتی ئەندامێتی گروپی کوردیی رزگاریی بەندکرابوو. ناوبراویش وەك چالاکوانەکانی تر لەئاست توندوتیژییەکانی پەکەکەو بەپیرۆز زانینی کەسایەتی ئۆجەلاندا نەیارو نا تەبا بوو. هەرچەند کە بەردەوام ئەوە حاشا هەڵنەگربوو کە جەنگی گەریلایی پەکەکە هێند دۆسیەی کوردیی پڕ دەنگۆ کردبوو کە هەرگیز بڵاوکراوە نهێنییەکانی رزگاری نەیاندەتوانی کارێکی لەو جۆرە بکەن.

---

[245] Milliyet, June 16, 1988. Ocalan told this to Mehmet Ali Birand, the first mainstream Turkish journalist to interview him. The series of articles Birand later wrote was banned before it could run in full.

پاشنیوەڕۆیەك لەدوكانێكی چاپدا كە زەینولعابدین بەڕێوەی دەبرد، لە بەرلیندا بینیمو بەپەرۆشەوە پێمی گوت: "نەبیركردنەوەی من گۆڕابوو، نەیش پەكەكە گۆڕابوو، وەلێ جگە لەپەكەكە ڕێكخراوێكی تر نەبوو. یان دەبوو سەربە پەكەكە بیت یان دەوڵەت. نەماندەتوانی پشتیوانی دەوڵەت بین، هەر بۆیە پەكەكەیشمان جێهێلا".

لە دەستپێكی مانگی ئازاردا زەینولعابدین جانتایەكی بچوكی پێشایەوەو ماڵئاوایی كرد لە خێزانو منداڵەكەی. وەختێك پرسیارم لێكرد ئایا ئەو وابیردەكاتەوە ئەو جیابوونەوەیەی بۆ ماوەیەكی نادیارە یان نا. ئەو بەپێكەنینەوە دەیگێڕایەوە: "ئەوە نەزمێكی نۆرماڵ بوو لە نێو خێزانەكانی كورد دا، لەهۆشمەندیماندا چێنراوەو لەساتەوەختی ئەركو هۆشی رابردووەوە تا ئێستا ئەم دابڕانو لێكپچڕانە هەر هەبووە".

چەكدارانی پەكەكە ڕێو شوێنیان بۆ زەینولعابدینو نێردراوەكانی تر ئامادەكرد تا بتوانن سنور ببەزێننو بپەڕێنەوە بۆ باكووری ئێراق. سەرەڕای پلانی نوێی توركیا بۆ چاودێری توندی سنورەكان. ئەوان بەسانایی تێپەڕینو گەیشتنە كەمپی زەلێ. ئەو ئۆدوگایە دەكەوتە نێوەندی سنووریی ئێراقو ئێران، لەوێ ١٦٠٠ گەریلا بوونی هەبوو، لەگەڵ خێوەتێكی گەورە كە ڕۆژانە تیایاندا نوێنەران و نێردراوان گفتوگۆیان لەبارەی پرۆژەكانەوە دەكرد. ئۆجەلان پێشتر ئاماژەی كردبوو بەوەی كە نوێنەرانی ئەنجومەنەكە دەبێت ٨٠٪ هیچ پێوەندییەكیان بە پەكەكەوە نەبێت. هاوكات وتبووشی پێویستە ئەنجومەنەكە ئازادو دێموكراسی بێت. لەنێو دانیشتنەكاندا لەوێ هەندێك لە گەریلاكان لەوەختی هاموشۆی نێو دانیشتنەكان گوێیان بۆ وتەكان رادەگێرا، زەینەدین یەكێك بوو لەوانەی كە بەشێكی دیاریكراوی دانیشتنێك بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:"

ئێمە وەزیرگەلێكمان بۆ كاروباری ژنان، ئایین، بازرگانی تەنانەت مافی مرۆڤ دیاریكرد. لە بیرمە هەندێك دەیانوت پێویستمان بە وەزرارەتی مافی مرۆڤ نییەن چوون ئێمە لەجەنگداین لەپێناو مافی مرۆڤدا. هەر لەوێدا ئەندامێكی پەكەكە هەستایەوەو گوتی(لێرە زەبرو زەنگ هەیە، من خەڵكیم ئازار داوە، پێویستمان بە وەزارەتێكە بۆ سزادانی ئەو نەزمی بەرێوەبردنە) ".

نێردراوەکان ١٣٠ کەسێك لە کۆی هەموویان بەسەدان پەیپەریان لە یاساو بە‌ـ ‌وردەکاری پەیوەست بەهەموو شتێك ئامادەکردبوو گردبوونەوەکە چەند کاتژمێرێکی خایاندو دوواتریش مشتومڕەکان درێژەیان کێشا. لەکۆتایی ڕۆژیشدا هەمووان بەپێی ـ چوون بەنێوشاخەکاندا. زەینولعابدین بە شۆخییەوە دەگێڕێتەوە : "دیمەنێکی زۆرجو ـ بوون تەنها خواردنمان پێنەبوو، دەنا وەك سەیرانێك وەها بوو".

## فەراهەمهێنانی ئاشتی لە زوترین کاتدا

ئۆجەلان هەرچەند کە جۆرێك لە پەشێوی دەرونی هەبوو بۆ مانەوەی ـ سەرۆکایەتیداو بۆ نرخاندنی گرنگییەکەی، وەلێ لەرووی سیاسیو لۆژیکییەوە کارو بەتوانا بوو. پلانی ئۆجەلان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەو هەستەی گەلاڵەکردبوو کە تا کاتێکە ڕژێمی سیاسی تورکیا نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی کورد وەك نوێنەر دەناسێنێت. وەلێ ئەوە چارەسەرییەك بوو بۆ ئەگەری نەبوونی ئەو دانپیانانە. هەرچەند ئۆجەلان بەڵێنی دابوو بە گەریلاکانی کە تا کشانەوەی دووا سەربازی کورد لە کوردستان جەنگ دەکات، وەلێ لەو ڕاستیەیش تێگەیشتبوو کە باشترین چارەسەر بۆ گرفتەکان دانوستانە لەگەڵ بەرامبەردا. بۆچەندین ساڵ ئۆجەلان ئەوەی نەشاردەوە کە بەرژەوەندییان لە وتوێژی سیاسیو دەرکردنی بەیاننامەدایە لەگەڵ ئەنکەرەداو بەتەواوی لەخواستەکانیدا ئەوەی دوپاتدەکردەوە کە پێویستە کوردو تورك بە ڕاگرتنی تایبەتمەندیی جیاوازییەکانیان پێکەوە کاربکەن.

ئۆجەلان لە دەستپێکی ١٩٨٨ دا وتبووی: "ئێمە لەگەڵ نەتەوەی تورکدا کێشەیەکمان نییە کە نەتوانین چارەسەریی بکەین"[٢٤٦]. دامەزراوەی سیاسی تورکیا بەهیچ کلۆجێك نەیدەتوانی بەشداریی بەنوێنەرانی هەڵبژێراوی کورد بکات و ئامادەیی بۆ هیچ گفتوگۆیەك نەبوو، چوون نەدەکرا لەتەك کەسانێك دانوستان بکەن کە پێشتر بە

---

[246] A good overview of the PKK's difficulty of holding forced recruits is given in Ozcan, PKK, 121–127.

تێرۆریست ناوزەدی کردبوون. ئۆجەلان لەو بڕوایەدابوو کە تورکوت ئۆزاڵ پاش وازهێنانی لە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئەو وەك ڕێبەرێکی لیبراڵو سەربەخۆ زیاتر مەیلی بەرەو چارەسەرێکی سیاسیدا دەشکایەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا ئۆزال لەدانیشتنی لەگەڵ ٣ لە پەرلەمانتارە کوردەکان ئاماژەی دابوو بەوەی کە ئەو ناتوانێت هیچ شتێك بکات تاوەکو پەکەکە واز لەخەباتی چەکداری نەهێنێت. ئەو وتبووی: "گەر لوولەی چەکەکان خامۆشکران، ئەوکات دەتوانم دەستدەمە پرۆژەکانو مەرجەعە باڵاکان قایلبکەم بە چارەسەری سیاسیی دۆزەکە"[٢٤٧].

دیارەکە بڕوابوون بە هەوڵی ئۆزال تێبینی دەکرا، چوون ئەو لە ساڵی ١٩٩١ دا توانی گەمارۆی سەر گەلی لەقەدەغەکارییە یاساییەکان هەڵبگرێت لەوانە نوسینو قسەکردن بەزمانی کوردیی. هەر لەهەمان کاتدا ئەو توانی ئەو بەستەڵەکی پەرێزییو دابڕانە لەتەك کوردانی ئێراقدا بڕەوێنێتەوەو پێوەندی راستەو خۆی لەگەڵ واندا دامەزراند. ئۆزال ترسی لەدامەزراوەی سەربازیو ئەرتەشی تورکیا نەبوو، بەڵکو کۆمێنتەکانی خۆی بەرەوانی لەسەر بێدەنگیو نەپەرژانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر شوناسی کورد دەگەیاند. ئەو هێند داکۆکیکاربوو تەنانەت جارێك ئەوە راگەیەنرا کە لەوانەیە ئۆزال بەرەچەڵەك کوردبێت[٢٤٨].

ئۆزال چەندینجار بایەخی خۆی بۆ ئاگربەست بۆ جەلال تاڵەبانی دوپاتکردبوویەوە. تاڵەبانی پێوەندی دۆستانەی خۆی لەتەك هەردوو ڕێبەری پەکەکەو سەرۆکی تورکیا پاراستبوو[٢٤٩]. تاڵەبانی دیسان بۆ ئۆجەلان پێشنیازی کردبوو کە رەوشەکە هێور

[247] . This section draws on interviews with a number of former Kurdish militants with firsthand information about relations with Iran. Books used in" clude Dagli, Birakuji, 49 – 57; Ozcan, PKK, 231 – 237, 262 – 264; Imset, the PKK, 138, 184, 205; McDowall, Modern History, 272–275, 351–360, and 372–373
[248] Robert Olson, in The Kurdish Question, argues that Iran feared that a Turkish presence in northern Iraq would allow Ankara to exert a destabilizing influence over Iran's Kurdish and Azeri populations.
[249] Ozcan, PKK, 263fn217.

بکاتەوە. تاڵەبانی دەڵێ: "من بۆخۆم پێم وت: "ئایا تۆ رازیت جەنگ راوەستێتو ئاشتی بەرقەراربێت". ئەویش لە وەڵامدا گوتی بەڵێ"[250].

دیارە کە ئۆجەلان مەبەستی نەبوو کۆتایی بەجەنگ بهێنێتو چەك دابنێت. بەلام ناوەناوە ئۆجەلان پەنای دەبردە بەر ئاگربەستی تاك لایەنەو دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی نەبوو لەنێو ئاگربەستدا بۆنموونە لە کۆنفرانسێکدا لەتەك تاڵەبانی ئاگربەستێکی ۲۵ رۆژەی راگەیاند. کە لە ۲۰ مانگی ئازار واتە رۆژێك پێش سەری ساڵی نوێی کوردییەوە دەستی پێکرد، وەك دەزانرا ئەو کاتانە هەموو جارێك لە خۆپیشاندانەکاندا توندوتیژی سەری هەڵدەدا. وەلێ ئۆجەلان لە کۆنفرانسەکەدا رایگەیاند کە دەخوازین تورکیا واز لە جەنگ بهێنێتو پرۆسەی چاکسازییەکان دەستپێبکات. بەرپرسانی تورکیا بەبێ بایەخو گوماناوییەوە روانییانە ئاگربەستەکە. عیسمەت سێزگینی وەزیری نێوخۆی تورکیا رایگەیاند: "دەوڵەت لەگەڵ باندەکاندا دانوستان ناکات"[251]. هەروەها ئەوەیشی رونکردەوە کە ئەوان هیچ سەغڵەت نابن بە پێشنیازەکان بۆ چارەسەرکردنی رەوشەکە. سەرۆکی ئەرکانی گشتی تورکیا جەنەراڵ دۆغان دوپاتی کردەوە کە دۆزێك بەنێوی پەکەکەو کوردەوە نییە، کێشەکە کێشەی باشوری رۆژهەلاتی تورکیایە، هەر بۆیە ئۆپەراسیۆنەکان لە باشوری رۆژهەلات بەردەوام دەبن. هاوکات هەندێك لە بەرپرسانی دەوڵەتیش لەو بڕوایەبوون کە پەکەکە لە هەڵوەشاندنەوەدایە. موحەمەد عەلی بیراندی نوسەریش پێی وابوو: "کێشەکە پەیوەندیدار نییە بە ئاپۆو پەکەکەوە، بەڵکو کێشەی نەتەوەی کوردە"[252]. وەختێك ئۆجەلان راگەیەنراوی ئاگربەستی هێنایەگۆڕێ، ئیدی لەجیاتی قاتو شەرواڵی کەتافی، کراسو بۆینباخی دەبەستو تیشێرتی وەرزشی لەبەردەکرد. ئۆجەلان لەم شێوەو شکڵەدا باوەڕی وابوو سازو ئامادەی وتوێژە لەهەمبەر ئۆزالدا.

---

[250] Talabani recounted the details in Birand's Apo ve PKK, 193–197.
[251] McDowall, Modern History, 351.
[252] Birand, Apo ve PKK, 197.

ئۆجەلان دەیوت:"ئایا ئۆزال راستگۆیە یان نا، هیوادارم پێکابێتی". یاخۆ دیگوت: "ئایا ئۆزال دارای میتۆدێکی جەربەزەیە لەپشت هەنگاوەکانییەوە بۆ ئەوەی برەو بە نەخشە رێگەکەی بدات؟ ئایا ئەو گەرەکییەتی هەنگاوگەلێکی جددی بەرەو ئەم پرسەو پێناوە بگرێتە بەر؟"[253].

ئۆزال لە پرۆسەکەدا خەریك نەبوو شتێك بڵێت. ئەو تەنێ لە دووەم دیداری نوێنەرانی کورد لەمانگی ئازاردا ئاماژەی بەوە دابوو کە پلانێکی بەدەستەوەیە. ئەو بەڕوونو رەوانی قسەی کردبوو، تەنانەت زیاتر لەوەیش نەیشاردبوویەوە کە نیازی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی هەیە[254]. وەلێ ئۆزال پێویستبوو جۆرێك مامەڵە بکات تاوەکو بەهیچ کلۆجێك لە وتوێژ لەگەڵ رێبەری پەکەکە رووبەڕوو نەبێتەوە، وەلێ گەر ناڕاستەوخۆ ئەو کارە بکرێت، ئەوا مشکلێك نەدەبوو. ئۆزال ئیدی بۆی گرنگ نەبوو ئەو کەسە ئۆجەلان بێت یاخۆ دێوانەیەك، هەروەك چۆن زۆرجار ئۆزال بەو جۆرە ئاماژەی بەنێوی ئۆجەلان دەکردو پێی وابوو بوونی ئۆجەلان لە وەستاندنی جەنگەکاندا فرە جددیو پێویستە. ئۆزال دەیگوت، ئۆجەلان بێننە نێو گەمەکەوە، کە تەنها دێوانەیەکە". پاش راگەیاندنی ئاگربەست، ئۆزال بەتاڵەبانی دەگوت، هێنانی دێوانەیەك دروستە نەبا جەنگ سەر هەڵبداتەوە[255].

بەکارهێنانی تاڵەبانی وەك نێوەندێك بۆ نێوبژیکردن، بریتی بوو لە نێزیکبوونەوەی راستەوخۆو نافەرمی نێوان پەکەکەو تورکیا، کە دوواجار وای لێهات ئاگربەستەکە درێژتر بکرێتەوە. ئۆزال پاش گەڕانەوەی لەسەردانێکیدا بۆ یەکێك لە وڵاتانی ئاسیای نێوەراست لە نێوەندی مانگی ئەپرێلدا، ئەو بەئاشکرا رووی گەشی پێوە دیارنەبوو، چوون نیگەرانییەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە حکومەتی ئیئتلافی نەیتوانیوە هیچ

[253] Birand, Apo ve PKK, 198.
[254] TBMM (Turkish Parliament), Tutanak Mudurlugu, Birlesim: 10, Tarih: 19/1/1988. Copy provided by Mehmet Ali Eren. See also Cumhuriyet, Jan. 20, 1988, for coverage of the speech.
[255] Milliyet, Jan. 21, 1988.

هەنگاوێکی نوێ یاخۆ بوێرییەك لەمەڕ قۆستنەوەی بەرژەوەندییەکانی لەو ڕەوشـ-ـەوەربگرێت.

بەهۆی ئەو فیزو لەخۆباییە گێلو گەوجانەیەوە کەلە واقیعەکەدا نومایان دەبوو گە-ـەلی گەورەو گرنك لەکیس چوون[256]. وەختێك ڕۆژنامەنوسی تورك جەنگیز کانـ-ـپرسیاری لەئۆزال کرد مەبەستی ئەو کێیە لەو ناتۆرەیەی کە دەیلێ ؟ ئەویش لەوەلامـ-ـنایشارێتەوە کە مەبەستی حکومەتی تورکیایە. ئۆزال بەکاندار دەڵێت:"ئایا ئەو-ـگرفتەکان نابینن کە چین؟ من لە زیهنمدا ڕێگە گەلێك هەبوون بۆ چارەسەری قەیرانەکە"[257].

ئۆجەلان لە ١٥ ئەپریلداو لە دووەم کۆنفرانسدا لەبیقاع، ماوەی ئاگربەستەکەی درێژکردەوەو داوای لە ئەنکەرە کرد مافە کلتورییەکانی کورد بداتو لێبوردنی گشتی دەربکات، هاوکات قەدەغەکارییەکانی سەر پەخشی کوردیو فێرکردنی کوردی هەڵبگیرێنو خراپ بەکارهێنانەکانی مافی مرۆڤ رابگرن. ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە ئۆجەلان دەستبەرداری خولیای فیدراڵیبووبێت بۆ کوردو تورك لە تورکیاداو تەنانەت دەستبەرداری خەونی سەربەخۆ بوونیش نەبوو. وەلێ ئەوە مانای ئەوە بوو کە ئۆجەلان بەباشی لە هەموو ئەو سنوربەندە سیاسییانە تێگەیشتبوو کە ئۆزال پێویستبوو ئەنجامیان بدات. هاوکات ئەو باش لە وتەکانیشی تێگەیشتبوو، کاتێ کە لێدوانی دەدا ئەگەرنا لەوانە بوو کوردەکان پێویستبێت زۆر کەمتر لەسەربەخۆیی لەچارەنوسیان بنوسرایە.

بۆ ڕۆژێ دوای ڕاگەیەنراوەکەی ئاگربەست، ئۆجەلان فرەبەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی بیستنی کاردانەوەی حکومەت بوو، ئەو تەلەفزیۆنەکەی کردەوە، لەپڕ هەواڵێکی

---

[256] This section draws heavily on an interview with Mehmet Ali Eren. Published sources include Ahmad, Modern Turkey, 194 – 197; Olmez, DEP, 55 – 109; McDowall, Modern History, 357–360; and Cumhuriyet and Milliyet newspapers (January 1988).
[257] Hurriyet, Jan. 22, 1988.

چاوەڕێنەکراوی تاڵی بیست. ئۆزال دوچاری جەڵدەی دڵ ببوو، هەر بەو هۆیەوە لەنیوەڕۆی ئەو رۆدا مەرگی ئۆزال راگەیەنرا. هیواکان لەدەستدانی تەڤگەرە سیاسییەکە نەبوو، ئۆجەلان یەکسەر نیازی خۆی بۆ ئاگربەست راگەیاندەوە. وەلێ سیاسییەکانی تورکیا مژوڵی گۆڕانە سیاسییە نێوخۆییەکانی وڵات بوون کە بەمردنی رێبەرە بەهێزو کارێزماکەیان هەتبوونە پێشێ. هاوکات لەدەستدانی زەجرو سنورەکانی ئۆزال لەسەر هێزە ئاسایشییەکان، هۆیەکی تر بوو تا ئەوان زیاتر دەستو پێیان لەسەر سوربوونی زیاتری رەفتارەکانیان بکرێتەوە.

لە ١٩ مانگی پێنجی هەمان ساڵدا زیاتر لە ١٠ گەریلا لە کەمپی کولپ، کەوتنە مەتەرێزی هێزە سەربازییەکانی تورکیاوەو کوژران. ئەو هەرێمە لەژێر کۆنترۆڵی فەرماندە شەمدین ساکیك دا بوو. ساکیك هۆشداری دایە ئۆجەلان لەبارەی لەدەستدانی ورەو ئیعتباری گەریلاکان، هەربۆیە ئەویش لە رێگەی بێسیمەوە پێی راگەیاند کە گەریلاکان ئازادن لەوەی گەر بیانهەوێت تۆڵەی ئەو هێرشە سەربازییەی تورکیا بکەنەوە. دکتۆر سولەیمان وتی: "ئۆجەلان نامەی نارد، ئێوە دەتوانن بەرگری لەخۆتان بکەن، ئەوە لەکاتی نوێنەرایەتی ساکیك دا بوو". زۆری نەخایاند ساکیك بڕیاری نومایانی هەرەوەزییەکی بەرفراوانی دا بەوەی هەموو رێگە سەرەکییەکانی هەرێمی ئامەد ببڕن. ئەمە جۆرێك لە چالاکی بوو کە گەریلاکان دەیانگرتە بەر بۆ نومایانی دەسەڵاتو هێزیان لەنێوچەکەکەدا. هاوکات داوای شوناسنامەو لێپرسینەوەیان لە شوناسی نەتەوەیی شۆفێران دەکردو تەقەیان لە فەرمانبەرانی بێ شانسی میریی دەکرد، چوون بەسانایی‌و بە بێ رووبەڕوو بوو نەوەی مترسییەکی ئەوتۆ دەیانتوانی بیاندۆزنەوە. هێزە سەربازییەکان دڵیان پێوە نەبوو رووبەڕووی گەریلاکان ببنەوە، بەتایبەت لەو شا رێگە سەرەکییانەی کە بەدرێژایی نێوچەکە هەبوون، فرەجار لەوەختی گواستنەوەی

سەربازەکانی، ئوتوبوسی سەربازییان بەکار نەدەهێنا تا لە مەترسی بنبەستی رێگەکان قوتاربن.

هەمان شەو کە سالیك فەرمانیدابوو رێگە سەرەکییەکان دابخەن، یەکێك لەو ئوتوبوسە بێ هێمایانە لە رێگەی بنگۆل بوو بۆ ئەلازیگ. سەرنشینانی ماشینەکە ٣٥ سەربازی بێچەك لەتەك چەند هاولاتییەکی مەدەنی بوون. ئوتوبوسەکە لەیەکێ لەخاڵەکانی پشکنینی گەریلاکان وەستێنرا، گەریلاکان لەلایەن دوو لەفەرماندەی بەتالیۆنەکانی پەکەکەوە سەرپەرستی دەکران. سەربازە تورکەکان فەرمانیان پێکرا دابەزنە خوارێو پاشان لەسەر شا رێگە سەرەکییەکی راکشێن پاشان درانە بەر دەستڕێژی گوللە. لەوان ٤ مامۆستا هەبوون، تەنها دووان لەسەربازەکان توانیان رزگاریان بێتو هەڵبێن. وەختی هەواڵەکە بلاوبوویەوە، تەنانەت ئۆجەلانیش لەکردەیەکی لەوجۆرە حەپەپەسابوو.

کوشتنی ٣٣ سەرباز لە کۆتایی مانگی پێنجی هەمان ساڵدا، ئاماژە بوو بۆ کۆتایی هاتنی ئاگربەستەکەی پەکەکە[٢٥٨]. هەرچەند کە ئۆجەلان دوپاتیدەکردەوە کە بەردەوامە لە رێزگرتن لە ئاگربەستەکەی، وەلێ ئیتر کەسێك نەمابوویەوە تا بڕوا بە ئاگربەستەکەی بکات. هەندێك لە سەربازەکانی نێوخۆی میریی، باسیان لەوە دەکرد کە میریی بە مەبەستەوە ئەو سەربازە بێچەکانەی لە شەوێکی وەهادا بەئۆتۆبوس گوێزاوەتەوە. ئەوەیش بە ئومێدی ئەوەوە بووە کە هێرشێکی وەهایان بکرێتە سەر تاوەکو ئاگربەستەکە هەڵبوەشێتەوە. تەنانەت سینارۆیەکی لەو جۆرەیش شۆرشگێڕەکانی لەو بەرپرسایەتییە نەبوارد. هەر بۆیە لە مانگی شەشی هەمان ساڵدا پەکەکە لەلایەن خۆیەوە بەفەرمی ئاگربەستەکەی کۆتایی پێهێنا. دروست لەو کاتەیشدا سەربازانی تورك سەرگەرمی جێبەجێکردنی پەلامارەکانیان بوون بۆ سەر گەریلاکان. کوجوك زەکی

---

[258] Cited in Olmez, DEP, 60.

دەیوت: "کوشتنی سەربازەکانی تورك خاڵێکی وەرچەرخان بوو". ئەو کرابوویە فەرماندەی ٢٠٠ کەسی بەهێزو کارا لە هەرێمی موشدا، شوێنێك کە زۆر دوور نەبوو لەو شوێنەی ڕووداوەکەی تێدا قەوما بوو. ناوبراو دەیوت: "سەربازەکان ئۆپەراسیۆنێکی ئێجگار گەورەیان لەدژ بەرپاکردین‌و شەڕەکە ئێجگار دژوارو تاقەت پڕوکێن بوو".

## بێ گوناهەکان لە چیاکاندا

نێردراوان بۆ ئەنجومەنی پلان دابۆرێژراوی پەکەکە، گەشتنە کەمپی زەڵێ. بیرکردنەوەکان لەو تەوەرانەدا دەسوڕانەوە تا وان کارێکی وەها بکەن ببنە بونیادی بناغەیەکی پتەو و حکومەتێکی دامەزراوەیی لە وڵاتێکی نوێدا. ئاگربەستەکەی ئۆجەلان کە لە مانگی ئابدا بوو، دەبوو ئەو باوەڕە لای ئەنجومەنەکە گەلاڵەبکات تا ببنە نێوبژێکارو قسەکەری نێوان ئەنکەرەو پەکەکە، وەڵێ وەختێکی بەشێوەیەکی بنچینەیی ئاگربەستەکە لە مانگی پێنجدا کۆتایی هات، ئیدی ئەوان گەڕانەوە بۆ بەرنامەی هەوەڵ‌و بڕیاریاندا دەسەڵاتێك فەراهەمبهێنن تا بەنەزمێکی ئاشتیانە برەو بدات بە خواستە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد. وەڵێ نێردراوەکان بەسەختی دەیانتوانی ئەو پشتیوانییە بۆ کارکردن لەسەر پرۆسەکە بەدەستبهێنن. گەریلاکان لەکەمپی زەڵێ، ئەو نێردراوانەیان وەك هەلپەرستێك دەبینی‌و ئەوانیان تۆمەنباردەکرد بە بینینەوەی بەرژەوەندی خۆیان لە مەرگی گەریلاکان تا بۆخۆیان لافی دەوڵەتی کوردی لێبدەن.

نێردراوەکان، هەندێکیان تەمەن‌و رابردویەکی دورودرێژیان هەبوو لە خەبات‌و نەبەردیی سیاسییدا، ئەوان لەژێر فشاردا وایان لێکرا تا بەرگ‌و پۆشاکی مەدەنی فڕێبدەن‌و بەرگی سەربازی بپۆشن‌و پێوەندی بکەن بە یەکەکانی ڕاهێنانی سەربازییەوە. نەوال دەیگوت: "ئێمە(شۆڕشگێڕەکان) ئەوانمان بێبایەخ دەبینی". ناوبراو ڕێگەیەکی دوورو درێژی لەتەك هێزەکانی عوسمان ئۆجەلان بڕیبوو تا لە خواکورکەوە گەشتبوونە زەڵێ. ئەوە لە دومایی ئەو جەنگەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢ دابوو، کە لەگەڵ کوردانی ئێراقدا دەرگیر ببوون. ناوبراو دەیوت: "ئێمە شۆڕشگێڕبووین‌و لەپێناو شۆڕشدا

دەجەنگاین بۆ گەلەکەمان. ئەوانیش لە جۆرە سیاسەتێکەوە گلابوون کە ئێمە فرە ناکاراو ئیفلیج تەماشامان دەکرد". هەروەها بایەخی ئۆجەلانیش بۆ ئەنجومەنەکە لاو بوو. چونکە سوریا ئەوەی نەشاردبوویەوە کە هیچ کەیفخۆش نییە بە ئەنجومەنێکی لەو جۆرە. لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێت کە ئەو کارە رێگەی خۆشدەکرد بۆ چێبوونی بزووتنەوەیەکی کوردیی سەربەخۆو راسالّ. هاوکات مردنی ئۆزال هۆیەك بوو تا ئۆجەلان گوتارێکی روون‌و رەوانی بەرامبەرەکەی بۆ روون نەبێتەوە. هاوکات کاری ئەنجومەنەکەش کورتکرابوویەوە لە هێزو هەیمەنەی تاکڕەوانەی ئۆجەلاندا. کار گەیشتە ئەوەی لە مانگی هەشتی هەمان ساڵدا ئۆجەلان فەرمانیدا ئاشبەتالّ لە ئەنجومەنەکە بکرێت.

رێبەری پەکەکە رووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی چاوەڕێنەکراو بوویەوە. موراد دۆقدیلانی سەرۆکی ئەنجومەنەکەو بەرپرسی پێشووی پارتی کاری خەڵك باوەڕی وابوو کە ئەنجومەنەکە فرسەتی بەنێونەتەوەییکردنی خواستەکانی کوردی بەخشیبوویە دۆزەکەو بواری بەرفراوانکردنی بەخۆداچوونەوەو چاوگێڕانەوەی لەخۆیدا جێکردبوویەوە. سەرەڕای دڵسۆزی موراد بۆ پەکەکە لەڕێگەی ئەنجومەن‌و کۆمەڵەکەوە، ئەو دەستی دابوویە بیرکردنەوە لەبارەی ئەوەی کە پێویستە رێبەرایەتییەکی هەمەچەشن هێزی پێبدرێت، چونکە پێی وابوو پێویستە ئەنجومەنەکە رێگەیەك بێت بۆ سنووردارکردن‌و هاوسەنگکردنی هێزو دەسەلاتی ئۆجەلان.

نیگەرانی موراد کاتێ نومایان بوو کە ساڵی پێشووتر سەردانی بیقاعی کردبوو. لەوێ بۆ یەکەمجار چاوی بەئۆجەلان کەوتبوو. هاوکات لەیەکێك لە وتارەکانیدا بەتەواوی گوێی شلکردبوو بۆ نیازو نواڕینەکانی. موراد دەیگوت: "وتارەکەی ئەو شتێکی تێدا نەبوو کە پەیوەستبێت بە پرس‌و جۆکانی ئێمەو دۆزە سیاسییەکەمانەوە. هەموو ئەوەی کە دەیوتەوە، پێداگری بوو لەسەر ئەوەی کەخودی خۆی چۆن بووەتە جێی سەرسوڕمان‌و چلۆن نومایانی خۆی دەکرد. لەو کۆڕەدا کە ٥٠٠ کەسێکی تێدا بوون تەنێ دەربارەی خۆی دەدوا. دانیشتنەکە ٤ کاتژمێری رەبەقی خایاند. بیرم کردەوە لەوەی کە خەریکم

چی دەکەم، چۆنە وا کەوتوومەتە دەستی دێوانەیەکەوە". موراد دارای نەزمێکی نیو یۆرکیی بوو لە سەرکۆنەکردن بە شێوەی گاڵتەو گەپ (هەرچەند کە ئەو هەرگیز لەوێ نەبووە) هەربۆیە پێدەکەنیو دەیوت: "لەلایەکەوە نەبەردییەك لەگۆڕێدا بوو، لەلایەکیتریشەوە پلانەکانتانو پاشان ئەم پیاوە هەبوو. هەوڵمدا شتەکانی خۆم قایلکەم بەوەی کە زۆر خراپ نەبوو. سەرباری ئەوەی ئەو دەتوانێت چەند بژی؟ ئەوە بەسبوو بۆ ئەوەی بچینە پێشیو دەستبدەینەخەباتو سەرکەوین".

وەلێ ئێستا بڕیاری ئۆجەلان بۆ ئاشبەتاڵی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەتەنها تەحەدایەك بوو بۆ پلانەکانی موردا، بەڵکو تەحەدایەکیش بوو بۆ سەر دەسەلاتەکەی وەك بەرپرسێك لە ئەنجومەنەکەدا. هەربۆیە موراد بڕیارەکەی ئۆجەلانی دایە دوواوە کە وتبووی پێویستە هەموو نێردراوەکان بنوسن رازین بە فەرمانی رێبەری پەکەکە. ئەو وتی: "نوسیم ئەوە دەدەمە دوواوەو هیچ کەسیش بۆی نییە فەرمان بکات بە هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنەکە، چوون ئەم پێکهاتەیە رەنگدانەوەی خواستی گەلە".

دەنگدانێکی نوێ بەڕێوەچوو، موراد وتی ١٠٠ کەس لە کۆی ١٣٠ نێردراو دەنگیان دا تا ئەنجومەنەکە بەردەوامبێت. هەرچەند کە ئەوە دژوار بوو بۆ هەڵشاخان بەرووی گەریلا چەکدارەکاندا. موراد دەیگوت: "فەرماندەیەك کە بە عوسمان ناودەبرا، هاتە لامو پێمی گوت، پێویستە تۆ بڵێیت، نەتزانیوە کە ئەمەت نوسیوە". بەم شێوەیە کاتێك موراد وازی هێنا، ئیدی فرە بەسانایی ئەنجومەنەکەش پرژو بڵاو بوو. ئیتر هیچ کەس بۆی نەبوو جارێکی تر باسێك لەو پلانە بکاتەوە. ئەنجومەنەکە لەسەرەتاوە بەباشی نەخشەی بۆ دانرا، وەلێ لەکۆتاییدا بەئاشوبو ئاژاوەگێڕیی سەری نایەوە. نێردراوەکانو نوێنەرەکان خۆیان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە کردبوویەوە بەوەی هاتبوونە باکووری ئێراق، ئێستایش رووبەڕووی مەترسیەکی دی دەبنەوە بەوەی بگەڕێنەوە بۆ نێو تورکیا. هەندێك لەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەڵبێن بەرەو کیشوەری ئەورووپا. ٤ لەوانە توانیان بگەڕاینەوە. بەوتەی مورادیش نێزیکەی ١٢ کەسیشیان

لەلایەن هێزەکانی پشتیوان لە رژێم کوژران[259]. ئەوانی دیکەیش لە کەمپی زەلێ دا مانەوە، ئیتر یان پێوەندییان کرد بەهێزەکانی گەریلاوە یاخۆ لە بواری چالاکی رۆژنامەگەری‌و سیاسیی پەکەکەدا دەستیان دایە خەبات. بەنیسبەت مورادیشەوە، ئەو گوتی بە عوسمان ئۆجەلان لەپلاندایە بۆ ئەوەی دەستبەرداری گروپەکە بێت. لەم بارەیەوە موراد وتبووی: "بە عوسمان ئۆجەلانم راگەیاند کە ئیتر رێیەك نەماوە بۆ بۆ بیرکردنەوە جگە لە بیرکردنەوەی ئۆجەلان، هەربۆیە نامەوێ چیتر لەم پارتەدا بم".

موراد قایلکرا بەوەی کە پەکەکە ویستوویەتی بیکوژێت. وەلێ ئەو باوەڕی وەهابوو کە گروپەکە یەکلا نەبووەتەوە بۆ کوشتنی، لەبەر ئەو نیگەرانییەی کە دەترسان لەنێو ئەندامانی تری ئەنجومەنەکەدا بەخراپی دەنگ بداتەوە. دەکرا ئۆجەلان فرە هەستیار بوویێت بۆ نەزمێکی هاوشێوەی ئەمە. هەربۆیە گەریلاکان مورادیان لە ماڵێکی سلامەتدا لە شاری ئورمییەدا پاراست. دوواتر بە شێوەیەکی نەشیاو دەستبەرداری بوون‌و وەدەریان نا.

بەرێکەوت، لەهۆتێلێکی هەرزانبایی سەرسنووری ئێراندا، موراد هەڵهات بۆ نێو گوندپارێزەکانی سنووری تورکیە؛ کە چاودێریی جموجوڵ‌و هاموشۆی پەکەکەیان دەکرد. موراد ژمارە تەلەفۆنی خۆی دایە وان تا یارمەتی بدەن بۆ چوونە نێو خاکی تورکیا. بەمجۆرە لە ئەنکەرەیش توانی لەرێگەی پاسپۆرتی ساختەوە دەربازی ئەورووپا بێت. موراد دەیگوت: "پەکەکە هۆشیارییان دابوو پێم کە هیچ نەدرکێنم، وەلێ من ئەوەی بۆم لواو بۆمکرا درکاندم‌و باسمکرد".

لەراستیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە چاوەڕێکراو بوو. چوون لە نێوەندی هەشتاکانەوە، ئۆجەلان تەنێ دوو ئامانجی لەپێشچاو گرتبوون، ئەوانیش برەودان بە رووبەڕوو بوونەوە چەکدارییەکان‌و پاراستنی پێگەو دەسەلاتی خۆی. وەختێکیش رووبەڕوو بوونەوە دەبوو، لەنێوان هەردوولا، ئەو هەمیشە خۆپاراستنی هەڵدەبژارد.

---

[259] For details of the conference, see the Institute’s Bulletin: “Interna" tional Conference on the Kurds" (February 1990).

هەندێکجار  تەنها بۆ دڵنیابوون لەپاراستنی خۆی پێش ڕوودانی ڕووبەڕوو بوونەوەکان ڕێ‌و شوێنی خۆی دەگرتە بەر.

کێشەکە لەوەدا بوو کە هەموو کەس بەمەی نەدەزانی. میتۆدی ئۆجەلان شاراوە نەبوو. وەلێ  فرە بەباشی پەردەپۆش دەکرا لەژێر ناوی پلانگێڕیی دژ بە پەکەکەو هەڕەشەکردن بۆ سەر ڕێبەرایەتییەکەی. لەگەڵ ئەوەی دەکرا ئۆجەلان قایلبێت بە بۆچوونەکانی، وەك یەکێك لە شێوەکانی پێکهاتەی سیاسیی، بۆئەوەی لەرووی نێو نەتەوەییەوە برەو بە کوردان بدات. ئەمەیش زۆرجار  بەلایەنی کەمەوە لەڕووی تیۆرییەوە بۆچونێکی فرە باش بوو. ئەوەش یارمەتی پەکەکەی دا کە تەنها ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کوردیی بوو لە نەبەردیدا بوو لەگەڵ تورکیادا. لەراستیدا ئەوە سەخت بوو کە ناسیۆنالیستانی کورد بتوانن ئەو تایبەتمەندییەی پەکەکە لەپێشچاو نەگرن کە بەردەوام لەچالاکی‌و چەلەنگیدا بوو.  ئەوە تەنها ناسیۆنالیستە کوردە پەڕاگەندەو ناپەیوەستەکانی نێوتورکیا  نەبوون کە بڕوایان بە بەڵێنەکانی ئۆجەلان هەبوو. تەنانەت کەمال بورکای کە تەمەنێك لە ململانێدابوو لەگەڵ پەکەکەدا، دووا بەدوای ئاگربەستەکەی ئۆجەلان گۆڕان لە بۆچوونیدا لەمەڕ پەکەکە دروستبوو. بورکای بەوە ڕازی بوو کە لەتەك پەکەکەدا بگەنە هاوپەیمانەتییەك. ئەوەش بە ئومێدی ئەوەوە بوو کە هەردوو ڕێکخراو بتوانن پێکەوە لەسایەی پاڵپشتی ئۆجەلان بۆ پرۆسەی ئاشتی‌و دانوستان لە تورکیادا سیاسەت بکەن.

بۆرکای بەدەم ئاماژەی   هەڵتەکاندنی شانەکانییەوە گوتی: " نەدەکرا ئەو پەرێز بخەین، ئەوە مانای وا نەبوو کە ئێمە بەهەموو شتێك رازیبین کە ئەوان کردوویانە". ئومێدی بورکای تەنێ ماوەیەکی کەم لەمیانی  هەردوو ئاگربەستەکەو پلانی ئەنجومەنەکەدا گەشبینانە دەپێورا. دوواجار لەهاوینی ١٩٩٣ دا پرۆتۆکۆڵەکەی نێوانیان هەڵوەشایەوە. بورکای دەیوت: "لەپرۆتۆکۆڵەکەدا هاتبوو، گەر گرفتێك لەنێوان دوو گروپەکەدا بێتە گۆڕێ، هیچکامیان بۆیان نییە پەنا بەرنە بەر توندوتیژیی. بەڵام پەکەکە دەستی بەو بەندەوە نەگرت".

ئامادەنەبوونی ئۆجەلان بۆ دەستبەردارنەبوون لە دەسەلاّتە رەهاکەی، نەبووە لەمپەر، وەلیّ پاش ئەوەی پەکەکە رۆژ لەدوای رۆژ گەش و نمای دەکردو شۆڕدەبوویەوە بۆ نێو نێوەندە سیاسیو فەرهەنگییەکان، ئیتر رەوشەکە گۆڕا. لە دەستپێکی نەوەدەکانەوە پەکەکە وەك هێزێکی گەریلایی گەشە کردوو بەرەو هێزێکی سیاسیی واقعیی وەرچەرخا، ئەوەیش بە پتەوکردنی پێگەی لەنێو چاپەمەنییە پەیوەندیدارەکانو پارتە سیاسییەکانو دامەزراوە فەرهەنگییەکان هاوتابوو. ئیدی هەوادارانی پەکەکە تەنیّ دێهاتییەکان نەبوون، بەڵکو مامۆستایانو پیشەوەرو سەندیکاکانو پارێزەرانیش هاتبوونە ریزەوەو ئامادەییەکی بەهێز لە نێوەندە شارییەکانی خۆرئاوای تورکیادا هەبوو. ئەمانە هەمووی کاریگەریو هێزێکیّ مەزنی بەخشییە پەکەکە. وەلیّ لەجیاتی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ سودمەندبوونی لەو ئامادەییە بەهێزەی پەکەکەو برەودان بەدامەزراوە نیمچە خۆبەڕێوەبەرەکانی کورد، کە دەکرا شوناسو هێزی کوردی بەهێز بکردایە، کەچی ئۆجەلان تەقەلای دەکرد تا هەموو ئەو هێزانە لغاو بکات بۆ برەودان بەپێگەی خۆیو پاراستنی هەیمەنەو هێزی پەکەکە.

لەئاکامدا کوردەکان نەیانتوانی گەشەبدەن بە دامەزراوە هەمیشەییەکانو نەیانپەرژایە سەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەماوەکانی جەنگو سەرکوتکاریدا نێوچەکەی گرتبوویەوە. هەربۆیە نەمانی هزری ئەنجومەنو کاری پێکەوەیی تەنیّ لێدانێك نەبوو لە گەشەی سیاسیی کورد، بەڵکو لێدانێك بوو لە نەخشی خۆبەڕێوەبەریو نیمچە سەربەخۆیی کاری دامەزراوەکان لەنێو کۆمەڵگەی چالاکوانانی کورد لە تورکیا دا. هەڵهاتنی گەلیّ لە چالاکوانەکان بەتۆپزی تەنها زیانی نەگەیاند بە جڤاکی چالاکوانانی کورد، بەڵکو هۆشدارییەك بوو بۆ ئەوانی تر تا هۆشیان بە هێزو هەرەکەتو سنووری جموجوڵەکانیانەوە بێت.

## کۆتا هەنگاو

گەریلاکان مەبەستیان بوو تەنگ بەهێزەکانی میریی لەهەرێمەکەدا هەڵبچنن، ئەوان نومایانی هێزی خۆیان بەوە دەکرد کە تاوەکو ئەوکات چەند هاولاتییەکی خۆرئاوای ولات لەخۆیان رادەبینی بێنە هەرێمەکەوە، هەر بۆیە گەرەکیان بوو بەتەواوی هەرێمەکە لەوانیش دابڕن. ئەو گەشتیارانەی کە ویستبوویان رووبکەنە نێوچەکەو هەوایەك لە نێوچە چیاییەکاندا هەڵمژن‌و سەردانی کڵێسا دێرینەکانی ناوچەکەو مزگەوتە سەرنج راکێشەکان بکەن. هەموو ئەوانە پەکەکە هۆشداری پێدابوون کە بەبێ مۆڵەتی فەرمی پەکەکە ناتوانن سەردانی ئەو ناوچانە بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە ئەوان پێویستبوو ڤیزا لە پەکەکە وەربگرن. سەبارەت بەوەیش پەکەکە نوسینگەی تایبەتی لەئەوروپا کردبوویەوە بۆ پێدانی ڤیزا بە گەشتیارانی باشووری رۆژهەلاتی تورکیا. وەلێ زۆرینەی گەشتیاران ئەو هۆشدارییەی پەکەکەیان رەچاونەدەکرد، تا دوواجار پەکەکە دەستی وەشاندو لە ساڵی ١٩٩٣ دا توانی ٢٠ گەشتیاری نێوچەکە بڕفێنێت. هەندێك لەوانە لە بازگە کاتییەکانی پەکەکەدا رفێنرابوون، چوون ئەوان ماشینەکانیان دەوەستان‌و رێگا سەرەکییەکانیان دادەخست. هەندێکی تریان وەختێك سەرگەرمی گەشت‌و سەفا ببوون‌و لەشاخەکان نێزیکببوونەوە رفێنرابوون. هەموو ئەوانە بێ رووبەڕوو بوونەوەی هیچ زیانێك ئازادکران. چونکە رفاندنی ئەو گەشتیارانە تەنێ بۆ ئەوە بوو ئەو راستییە پیشان بدەن کە حکومەت لە نێوچەکانی باشووری رۆژهەلاتدا دەسەلاتی خۆی لەدەستداوە. هاوکات کەسپ‌و کاری خۆرئاوای ولات لەناوچەکەدا تا ئاستێکی کەم مابوویەوەو بەرهەمهێنان‌و بوارەکانی تری هەڵکەندنی چاڵە نەوتەکان هەموو ئەوان بوونە مایەی نیگەرانی‌و سەر ئێشە بۆ میریی. ساڵێك پێشتر، سێ لەئەندازیارانی تورك کە لە کۆمپانیای زەبەلاحی نێونەتەوەیی مۆبیل ئۆیل کاریان دەکرد لەلایەن پەکەکەوە لەسێدارە دران. لە ساڵی ١٩٩٣ یشدا کۆمپانیاکە ژمارەی کارمەندەکانی کەمکردەوەدو خێزانی کرێکارەکانیشی لەنێوچەی باتمان بردەدەرێ.

هاوکات تیمەکانی شوێنەوارناسی دەرێ بۆ ساڵی ئایندە کە بەشێوەیەکی بەربلاو هەبوون، نێوچەکەیان چۆڵکرد. چونکە پەکەکە هۆشداریدا بوو بەوەی گەر لەوێ بمێننەوە توشی سەر ئێشە دەبن. تەنانەت ئەرتەشی تورکیایش بەوانی وتبوو کە ناتوانن سەلامەتی ژیانیان لەنێوچەکەدا دابینبکەن.

زانای شوێنەوارناسیی ئەمەریکی مایکڵ رۆزەنبەرغ، کە لە شوێنەوارێکی نێزیك بە شاری باتمان لەهاوینی ١٩٩٣ دا مژوڵی کنەکردن بوو، بەم جۆرە رەوشەکەی دەگێڕایەوە: "سەربازەکان ئاماژەی نەهاتییو مەترسییان پێدەداین، پێیان دەوتین نابێت پێش کاتژمێر حەوتی بەیانیو دووای نیوەڕۆ لەشوێنی کارەکەماندا بمێنینەوە". هەروەها دەیوت: "ئەوە راستییەکی نەشاراوە بوو کە دەوڵەت هەموو دەسەلاتەکانی خۆی لە شەواندا لەدەست دابوو، تەنانەت بوونی شۆڵەی رووناکییەك لەشەواندا مایەی سەرسوڕمان بوو".

بەمجۆرە تیمی کارەکەیان لە کۆتایی مانگی حەوت دا بارگەو بنەی پێچایەوە. ئەوە پاش ئەوە هات کە بەردەوام پەکەکە هۆشیارییان پێدەدان لەمەڕ لێپێچینەوەو چاودێریکردنی هەموو کارەکانیان. مایکڵ لەم بارەیەوە دەیگوت: "بەردەوام گوێبیستی پڕوپاگەندە دەبووین، لەتەواوی ئەو شوێنانەی کە گەریلاکان دەیانزانی بوونمان هەیە، پێیان دەوتین پێویستە پوڵو پارەمان بۆ پاشەکەوت بکەن، گەرنا خراپتان بەسەردا دەهێنین"[٢٦٠].

هاوکات پەکەکە کاری دەکرد بۆ خاپوورکردنی هەر شوێندەستێکی مەدەنیو شوێنپێیەکی دەسەلاتی مەدەنی تورك کە لەنێوچەکەدا هەبوو[٢٦١]. گەلێ لەمامۆستاکان

---

[260] Details on events before and after the conference are found in Olmez, DEP, 67–84.

[261] This section draws on Olmez, DEP, 85 – 109, where the interactions between Kurdish and Turkish supporters of the planned new party are de" scribed in detail. I also relied on interviews with Kurdish politicians Mahmut Kilinc, Mehmet Ali Eren, Serafettin Elci, and Mehmet Emin Sever; the views of former PKK militants Selim Curukkaya and Zeki Ozturk; and rival Kurdish

دەستبەرداری کارەکەیان بوون‌و جارێکی کە نەچوونەوە سەرکار، ئەوان وازهێنانیان لاپەسەند تربوو تاخۆیان بدەنە دەست هاتو نەهاتی هەڕەشەی گەریلاکان. بەسەدان قوتابخانە بۆجارێکی تر دەرگاکانیان بەڕووی سالّی نوێی خوێندندا نەکرایەوە. هەندێك لەوانە لەلایەن گەریلاکانەوە ئاگریان تێبەردرابوو. ئیتر زۆرترینی قوتابخانەکانیش بەدەست نەبوونی مامۆستاوە لەمپەریان بۆ درووستببوو.

لەمانگی نۆڤەمبەردا پەکەکە بڕیاری داخستنی سەراسەر قوتابخانەکانی داو هۆشداری دایە تەواوی مامۆستایان‌و قوتابیان تا روونەکەنە قوتابخانەکانیان. رێژەی قوتابیان بەشێوەیەکی بەرچاو دای لەکەمی‌و لەگەلّ لە قوتابخانەکاندا مامۆستا سەرەکییەکان بەئامانج گیران. تەنها لەو سالّەدا بەبەراورد بەسالاّنی پێشووتر ٣٤ مامۆستا لەنێوبران. تیمەکەی دکتۆر سولەیمان تەواوی نامەکانیان دەگەیاندە شوێنەکان، ئەوەیش وەك ئامارەیەك بوو کە گەریلاکان بەخواستی خۆیان دەتوانن لەنێوچەکەدا تەراتێن بکەن. سولەیمان رەوشەکەی بەمجۆرە دەگێڕایەوە: "نامەمان دەدایە دەست موختاری ئاواییەکان، بۆ رۆژی دواتریش ئەوان دەچوون بنکەکانی پۆلیس‌و پێیان رادەگەیاندن کە گەریلاکان ئەم پەیامەیان پێیە بۆیان". ناوبراو ئەم رەوشەی بەقاقاوە دەگێڕایەوە. تەواوی پەیامەکان هۆشدارییان دەدایە مامۆستاکان تا نەچنە سەرکار. هەروەها دەیوت: "گەلێ جار سەربازەکان هەولّیان دەدا مەفرەزەی تایبەت دەرکەن تا قوتابخانەکان بپارێزن. ئێمە هەرکات دەوامان بکرایە شەوان تەقەمان دەکردو بۆڕۆژیی دوایش دیسانەوە قوتابخانەکانمان دەکردە ئامانج، ئیدی مامۆستاکان ئاشبەتالّیان دەکرد. دواتر سەربازەکان دەهاتن‌و ئێمەیش شوێنەکەمان چۆلّدەکرد"[٢٦٢]. بەئاشکرا ئەرتەشتی تورکیا توانای بەرگریکردنی نەبوو. ئەوان زۆربەی بنکە شاخاوییەکانیان پیّ چۆلّکرابوو. گەشتە سەربازییەکانیان لەمیانی رۆژی نیوەڕۆدا دەکەوتنە بەر هێرشی گەریلاکان. رەوشەکە بەشەواندا خراپتر دەقەوما. سەربازەکان

---

leader Kemal Burkay.

[262] Milliyet, April 19, 1988.

دڵنیانەبوون لە هاوسۆزی خەڵکی ئاواییەکان‌و شارەزای نێوچەکەنەبوون، هەربۆیە ملیان دەدا بۆ دەستبەرداربوون لەنێوچەکە لەشەواندا.

کەنداکچی یەکێ لەفەرماندەکانی ئەرتەشی تورکیە لەنێویاداشتەکانیدا دانی بەم راستییەدا ناوە: "هەموو دەستپێشەخەرییەك لەدەستی تێرۆریستاندابوو، تەنانەت سەربازە بەکرێگیراوەکانی میریی(گوند پارێزەکان) سەرگەرمی وازهێنان بوون لە چەکداریی بۆ میریی"[263]. پەکەکە متمانەی بە هێزە سەربازییەکەی هەبوو کە دەستبگرێت بەسەر نێوچەکەداو ئەو بۆشاییە سیاسییە فرە بە پتەوی‌و بەبەرنامەوە پڕبکاتەوە. لە ئۆکتۆبەردا هەریەك لەسەرنوسەرو پەیامنێرانی رۆژنامەیەکی فەرمی‌و نێوچەیی لەدیاربەکر کە بارەگایەکی سەرەکی رۆژنامەیەکی تورکیی بوو بانگهێشکران بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن بۆ گەریلاکان[264]. ئەو بانگهێشتە هەروا بەهەوانتە وەرناگیرێت. چوون بەرۆژی نیوەرۆدا نوێنەرانی رۆژنامەیەکی لۆکاڵی لەنێوەندی شارەوە رێیان گرتەبەر بۆ کەمپەکانی رۆژهەلاتی نێوچە شاخاوییەکانی نێزیك سلیڤان. لەوێندەر پەکەکە هۆشدارییان دایە تەواوی رۆژنامەنووسەکان کە پێویستە بارەگای رۆژنامەکەیان دابخەن ئەگەر نا رووبەرووی سزای سەربازییان دەبنەوە. بەمجۆرە تارادەیەکی زۆر رۆژنامەنوسەکان دەستبەرداری کارەکانیان بوون‌و چالاکییە لۆکاڵییەکانیان کۆتایی پێهێنا.

کۆتا ئامانجیان بریتی بوو لە دەسەلاتە نێوچەییەکانی میریی لە نێوچەکەدا. پێشتر زۆربەی زۆری دەسەلاتە نێوچەییەکانی نێوچەکەی کۆنترۆڵکردبوو. پەکەکە شارەزایی تەواو تەواویان لەسەر شارەوانییەکان هەبوو، زەمانەتی ئەو دەسەلاتە نێوچەییانەیان دەکرد. هاوکات زۆرێك لە شارەوانییەکانیش هاوسۆزی پەکەکە بوون. وەلێ هەر هێندێك

---

[263] The provinces were Bingol, Diyarbakir, Elazig, Hakkari, Mardin, Siirt, Tunceli, and Van. In 1990, the newly formed provinces of Batman and Sirnak were added. Adiyaman, Bitlis, and Mus also fell under emergency rule as "neighboring" provinces.

[264] Further details on Decree 413 and the effect on the Turkish media are found in Helsinki Watch, Destroying Ethnic Identity (Sept. 1990), 13–18.

مابوون كه ملیان بۆ خواستەكانی پەكەكە نەدەداو رازی نەبوون بەو نەریتە سیاسییەی كە پەكەكە لەنێوچەكەدا پێڕەویان دەكرد. سولەیمان دەیوت: "ئەوەمان بەلاوە گرفت نەبوو كە پارتێك لەوێندەر بارەگای هەبێت، چونكە هەموو ئەو پارتانە دەستگرۆیی ئێمەیان دەكرد". پەكەكە تەنها بەمەوە نەوەستاو لە دەستپێكی ١٩٩٤دا گەرەكی بوو بەتەواوی دەسەلاتی دەوڵەت لەنێوچەكەدا خاپووربكات. هەربۆیە فەرمانی دەركرد بۆ هەموو دانیشتوان كە نەچنە سەركارو واز لە دەوامو فەرمانگەكانیان بهێنن. دكتۆر سولەیمان دەیگوت: "ئەو رێگەیەی ئێمە گرتبوومانە بەر بۆ داخستنی تەواوی رۆژنامەكانو داواكردن بۆ دەستبەرداربوون لە پارتە كۆلۆنیالیستەكان، ئەوانە هەمووی پلاندارێژراو بوون تا بتوانین ولاتو وارێكی نوێ دروستبكەین". ناوبراو لەساڵی ١٩٩٤ دا پلەی بەرزكرایەوە بۆ فەرماندەی تەواوی هێزە چەكدارەكانی هەرێمی دیاربەكر. ئەو دەیگوت: "گەر ئەو كارەمان بكردایەو وامان بكردایە تەواوی هێزە سیاسییەكان لەوێ دەستبەرداربنو لەماڵێ دانیشن، ئەوا پێویستبوو بەزوویی راپەڕینمان هەڵبگیرساندایە".

## باسی چوارەم:

## گۆڕان لە سەروەت و ساماندا ١٩٩٣-١٩٩٧

پەکەکە لەپاش هەڵوەشانەوەی ئاگربەست لە مانگی پێنجی ١٩٩٣ داو پاشان کوشتنی ٣٣ سەربازی بێچەك لەیەكێك لە مەتەرێزەکانی ڕێگە سەرەکییەکاندا، ئیتر زیاترو زیاتر بەرەو پەرگیری و توندوتیژیی ڕۆیشت. لەهێرشەکانیدا بەتەواوی نومایانی هێزو زەبری خۆی دەکرد، بەجۆرێك فرەبەکەمی جیاوازی لەنێوان هێزەچەکدارەکان و خەڵکی مەدەنیدا دەکرد.

لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا گەریلاکان هەڵیان کوتایە سەر کۆمپانیایەکی بواری کارەباو دووان لە کرێکارەکانیان ڕفاند، هاوکات گرپیان بەردایە قوتابخانەیەکی نێزیك بەشارۆچکەی لیز. لە دەرگیرییەکانی دوواتریشدا فەرماندەیەکی ژەندرمەی تورك تەقەی لێکراو کوژرا. لەبەرامبەردا ئەرتەشی تورك دەستی دایە تۆڵەکردنەوە. ئەویش بەنومایانی توندوتیژی و ڕەق ڕەفتاریی لەهێزە سەربازییەکەیدا[٢٦٥]. لیز شارۆچکەیەك بوو کە ١٠٠٠٠ کەسێك دانیشتوانەکەی پێکدەهێنا. ئەو لەپەرێزو کەناردابوو، غەوارەکان زۆر ڕوویان لێنەدەنا. هەر لەوکاتەدا سەربازەکان لولەی چەکەکانیان ڕووکردبووە خانوەکانی ئەوێ و ٣٠ لە هاوڵاتیانی مەدەنی ئەوێ و زیاد لە ١٠٠ کەسیان لێ بریندارکردبوون. هاوکات تەواوی خان و بەرەو دوکانەکانی شارۆچکەکە خاپورکران و هەموو ئەو سیاسەتوانانەی کە ڕوویان کردبوویە شارۆچکەکەو هەوڵیان دەدە کۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکەن، بەتۆپزی و

---

[265] This section relies on extensive interviews with former PKK militants with firsthand or credible secondhand information on these internal execu" tions. Because of the sensitivity of the subject, I withheld most names. A vari" ety of unpublished sources were critical to this section, including the open let" ters of Cetin Gungor to the PKK, dated April 15, 1983, May 10, 1983, Oct. 19,
1983, March 18, 1984, and August 16, 1984, and an unsigned, undated eulogy for Enver Ata in 1984. Also used was a pamphlet from Die Gruenen / GAL, “Politische Mord in Europa," 25/6/87.

بەهێزی سەربازەکان تێکڕا گەڕێنرانە دوواوە. چەند هەفتەیەکی کەم پاش ئەوە، تەواوی خەڵکی شارۆچکەکە شاربەدەربوونو هەڵهاتن. پیاوە پیرەیەکی ئاواییەکە بەردەوام دەیوتەوە: "ئای چ کارەساتێك لە لیز روویدا؟".ئەو لەوەلامی رۆژنامەنوسێکدا دەیوت: "رێگەچارەی سەربازیی بە وەك تۆڵەیەك لەو شارۆچکەیە داواکرابوو"[٢٦٦].

ئەم نەزمی هێرشو هەڵمەتانە جار لە دووای جار لەساڵی ١٩٩٤ وە زێدەتر و سامناکتر دەبوون. هاوکات زۆرێك لەخەڵکی نێوچەکە پەڕاگەندەکرانو بە هەرێمەکەدا سەرگەرداں ببوون.

سیعرت بەشێوەیەکی سەرەکی کەوتبووە نێوان کەمپی گەریلاکان لە باکوری ئێراقو نێوچەی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە چیای جودی. یەکەی زرێپۆشەکانی تورك، پاش ئەوەی گوێبیستی تەقو تۆقێك دەبوون، ئیدی بۆردومانی شارو شارۆچکەکانیان دەکرد، بۆنموونە لەکاردانەوەیەکدا پیرە پیاوێكو ساوایەكو دوو منداڵ کوژرانو چواری دیکەیش بیریندارکران.

چەند رۆژێکی کەم پاش رووداوەکەی دەستپێکی سەری ساڵی زایینی. بۆردومانێکی دیکە شاری سعرتی گرتەوەو لەئاکامدا شەش کەس کوژرانو چواری دیکەیش بریندار بوون. هێزە ئاسایشییەکان بەروونی دەیانگوت، کە ئەوە تۆڵەی ئەو تەقو تۆقانەیە کە گەریلاکان لەنێوچەکەدا دەینێنەوە. هاوکات وەختێك لەمانگی ئازاری هەمان ساڵدا گەریلاکان هەڵیانکوتایە سەربینایەو باڵەخانەکانی میری لەشارەکەدا، ئیدی هێزەکانی ئاسایشو گوندپارێزەکانیش بە هەڕەمەکی بەربوونە دەستڕێژی گوللە بەنێو ماڵەکانداو ١١ لە دوکانەکانی ئەو شارەیان خاپورکردو هاوکات بارەگای رۆژنامەیەکی کوردیی کە هەوادارانی پەکەکە دەریاندەکرد ئاگریان تێبەردا.

هاوشێوەی ئەم رووداوگەلە لەسەراسەری نێوچەکەدا لەلایەن ئەرتەشی تورکەوە بەردەوامبوو. ئەو رەوشە هۆکارێك بوو تا خەڵکێکی زۆری شارۆچکەو ئاواییەکانی ژێر

---

[266] Semir, open letter to the European committee, April 15, 1983.

چنگی شەڕ، ڕووبکەنە گەڕەکە تەسکەبەرو هەژار نشینەکانی دیار بەکرو شارەکانی خۆرئاوای تورکیا. تەواوی ئەو ئاواییانەی کە ببوونە مەکۆی ئازوقەو خۆراکی پەکەکە، سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ پێدانی زانیاریی‌و هەواڵ بە گەریلاکان زۆر بەسەختی ڕووبەڕووی زەبری سەربازی تورکیا بوونەوە[٢٦٧]. ٥ ئاوایی لە چیای جودی بەتەواوی تەقێنرانەوەو تەختکران، لەئاکامدا ٢٤ هاوڵاتی مەدەنی کەزۆربەیان بەتەمەن‌و زارۆ بوون کوژران. ئەرتەش لەو بارەوە دڵنیابوو کە هەموو ئاواییەکان هاوسۆزی پەکەکەن، بەلام بەهیچ جۆرێك جیاوازیان لەنێوان هاوسۆزێکی بێ چەك‌و چەکدارێکی پەکەکەدا نەدەکرد تەنها جیاکاریی ئەوان بۆ خەڵکەکە لەوەدا خۆی دەبینیەوە کە ئایا خەڵکی ئاواییەکە پێوەندیان لەتەك هێزە کرێگرتەکانی گوندپارێزی سەر بەمیریدا هەیە یان نا؟. ئیدی گەر پێوەندییان هەبوایە ئەوا ڕێگە خۆشکەرێك بوو بۆ نواندنی هاوسۆزی یاخۆ ئاواییەکەیان جێدەهێلاو هیچ زیانێکیان بۆیان نەدەبوو.

یەکێك لەو شێوە ئەزیەتدانەی خەڵکی ئاواییەکان کە هەمیشەو بەردەوام دووبارە دەبوویەوە، ئەوە بوو کە هێزە ئاسایشییەکان کە زۆرجار گوندپارێزەکانیان لەتەکدا بوو. لەگەڵ سەبای ساڵحاندا لەنێوەندی ئاواییەکاندا خەڵکیان گرددەکردەوەو ناچاریاندەکردن کە ببنە گوندپارێز یاخۆ دەبوو لە زێدی خۆیان رابگوێزرێن. هەروەها دێهاتییەکانیان ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی دەکردەوەو خانووبەرەی خەڵکە هەژارەکەیان گرتێبەردەدا. گەڵێ جاریش پیاوەکانیان راپێچ دەکرد تا پرس‌و جۆو کۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەن. کەچی پاش ماوەیەك تەرمەکانیان بەفڕەدراوی دەدۆزرایەوە.

بەمجۆرە فشارو هەڕەشەو گوڕەشەی سەر زۆربەی ئاواییەکان هۆیەك بوو تا دێهاتییەکان بارگەو بنەیان وەپێچن‌و لەزێدی چەندین ساڵەیان هەڵبێن[٢٦٨].

---

[267] Ocalan, PKK'ye Dayatilan, 47.
[268] From the German"language translation of a November 1985 brochure issued by the PKK in Europe: "PKK"Vertretung in Europa," November 1985.

له لوتکەی ئەم رامیارییەدا لەساڵی ١٩٩٤ نێزیکەی ١٠٠٠ نشینگەی کورد بەتۆپزی راگوێزران. ئەوە جیا لەو ١٠٠٠ نشینگەیەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر فشارو زەبری شەڕەکاندا لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٣ بۆخۆیان زێدەکانیان چۆڵکردبوو. بەم نەزمە راگوێزان بەشێوەیەکی زۆرەملێ بەدرێژایی دەساڵ درێژەی کێشا. ئیدی ژمارەی ئەو ئاوایانە، کەببوونە جێ ئامانجی دەوڵەت لە کردە سەربازییەکاندا کەمتربوونەوە. بەگشتی لە و دەمەدا نێزیکەی ملیۆنێکو سێ سەد هەزار هاولاتی کورد راگوێزرابوون. زۆربەی ئەو هاولاتیانە روویاندەکردە گەڕەکە هەژارنشینەکانی دیاربەکرو ئەدەنەو شارەکانی خۆرئاوای تورکیا وەك ئەزمیرو ئەستەمبوڵ. ئەوە هەوڵێك بوو کە دەوڵەت واقیعبینانە بیریلێکردبوویەوە. ئەویش لەپێناو ئەوەدابوو کە بەرگریی چەکداریی پەکەکە وردەوردە لەنێوبەرێت. هەربۆیە لەو سۆنگەیەوە دەستی دابوویە کارو چالاکییەکانی. تۆپقیدار دان بەوەدا دەنێك کە راگواستنی کوردان کەڵکی گەلێ لە کەلەبەرەکانی دەوڵەتی گرت. ئەو دەیوت: "دێهاتییەکان هەموو شتێکیان بۆ ئێمە دابین دەکرد، خۆراك، پۆشاك، زانیاریی نهێنی. وەلێ کاتێك ئاواییەکان چۆڵکران، هەموو ئەو شتانەیش لە ئێمە سەنرانەوە."[269].

هاوکات دەوڵەت گرنگی دا بە بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێشتر ببوونە سەرچاوەی سەرەکی گردکردنەوەی کۆمەكو خۆراك بۆ گەریلاکان. هەروەها ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی هێزی گەریلا نوێیەکان بوونو لەوێوە پێوەندییان بە کەمپەکانی نێوچە شاخاوییەکانەوە دەکرد.

لەهەموو ئەو دیژبانیانەدا خەڵکی ئاواییەکان بەتایبەت جەوانو لاوەکان داوای ناسنامەیان لێدەکراو دادەبەزێنرانو پرسیارو کۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرا. هاوکات هەر ئۆتۆمبیلێك بارێکی پێبوایە وەك پۆشاكو خۆراكو پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە، ئەوان بەگومانەوە دەیانوەستانو گومانی ئەوەیان لێدەکرد کە کۆمەكو دەستگرۆیی

---

[269] Birand, Apo ve PKK, 163.

گەریلاکان بکات. یاخۆ کەسێك ئەگەرچی دارای خێزانێکی گەورەش بووایە ئاسان نەبوو بتوانێك شمەكو خۆراكێكی فرە بەرەو دوكان یان خێزانەكەی لەشارەوە بۆ ئاواییەك یان شوێنێکی دیکە بەرێت.

گەریلاکان وردە وردە خۆراكو كۆگاكانی ئازوقەیان دای لەكەمیو ژمارەی ئەو گەریلایانەی کە روویاندەکردە چیا کزببوو. بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری ئەوەیش دەگەڕایەوە بۆ دژواریی دەستڕاگەیشتن بە بنکەکانی گەریلا لەچیاکاندا.

دکتۆر سولەیمان کە ساڵی ١٩٩٤ ببوویە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە لە هەرێمی ئامەد دا. ناوبراو نەخشەیەکی سادەو ساکاری کێشابوو، ئەو نەخشەکەی پیشاندام، تێیدا هەموو خاڵەکانی پشکنینو بازگە نوێیەکانو ئاواییە راگوێزراوەکانی دیاریکردبوو. ئەو پێمی وت: "هەلومەرجی سایکۆلۆجی کە پشتیوانی بۆ پەکەکە فەراهەمهێنابوو نەگۆڕاوە. وەلێ دەوڵەت توانیویەتی رەوشی فیزیکی بگۆڕێت. چوون ئەوان هەموو ناوچەکانی نێوان چیاکانو شارەکانیان چۆڵکردووە".

ئەرتەشی تورکیا میتۆدێکی زۆر دوژمنکارانەو توندی دژ بە پشتیوانانو سەرخەرانی پەکەکە گرتە بەر، ئەوەیش وەك تاکتیکێك وەها بوو بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەڵگەڕاوەکانو جودا خوازەکان. پێشتر سەربازەکان راهاتبوون بە هەڵکوتانی لەناکاو و خێرا بۆ سەر کەمپو بارەگای گەریلاکان لەچیاداو ئیدی لەگەڵ تاریکی دادەهات دەکشانەوە، وەلێ لە ئێستادا ئەرتەش بۆ چەند هەفتەیەك دەتوانن لە پاش پەلامارەکان بمێننەوە. ئەوان بە تفاقو ئامێری نوێو پێشکەوتوو دەتوانن تاقیبی هەموو جوجوڵێکی گەریلاکان لەچیادا بکەن، بەجۆرێك گەریلاکان نەیاندەتوانی بچوکترین جوڵەبکەن. ئەمەیش هۆیەك بوو تا کۆنتاکی نێوان گەریلاکان کەمبێتەوەو نەتوانن چیدی بەسانایی دەستیان رابگات بە کۆگاکانی خۆراكو خەڵكو پێداویستییەکانیان.

ئازمان دەیوت: "هەموو ئەو سەربازانەی ئەرتەش کە بەردەوام دەنێردرانە نێوچیاکان بۆ کێومالکردنی گەریلاکان فرە پێشکەوتوو پرۆفیشنالبوون لەکارەکانیاندا، ئەوان بە تاکتیکەکانیان دەزانی". ناوبراو پێشتر پارێزەر بوو، پاشتر لەنێو پەکەکەدا پێگەی

بەرزببوویەوە تا ببوویە فرەماندەی هەرێمی سەرحەد(ئاگری). ناوبراو دەیگوت: "ئەوان نێوچەیەکی بەرفراوانیان گرتبوو، هەوڵیان دەدا ئێمە بەشێوەیەکی بەردەوام سەرگەرمکەن بە جەنگو پێکدادانەوە. تۆ نەتدەتوانی بەسانایی بزانی لەدەورت چی دەگوزەرێو نەتدەتوانی بجولێیت. ئیدی پاش ماوەیەك رۆحییەی مەعنەوی خەڵك تێکشکا. بۆیە ئەوان دەستیاندایە وازهێنان لە ژیانی خۆیانو یەکلابوونەوە بۆ خواستە راستەقینەکانیان". گۆڕانە تاکتیکیەکانی سوپا تەنێ لە پارێزگای ئاگری دا قەتیس نەمابوون، بەتایبەت سەختبوو کشان بەتەنها ئاڕاستەیەك بەرەو چیا سنوورییەکانی دیوی ئێران. هەربۆیە لەسەرانسەری باشووری رۆژهەلاتی تورکیادا فەرماندە سەربازییەکانی پەکەکە لەهەمبەر تاکتیکە سەربازییە نوێیەکانی تورکیادا توشی سەرسوڕمان ببوون. کوچوك زەکی فەرماندەی هەرێمی ئەرزڕۆمی پەکەکە بەم شێوەیە رەوشەکەی رووندەکردەوە: "سەربازەکان لە جەنگی چیاکاندا ئەزموونی باشیان وەرگرتبوو، هاوکات هێزی زەمینیو ئاسمانییان لەو پێناوەدا خستبووە گەڕ". ناوبراو بە دەنگێکی رەوان رونیکردەوە کە سەربازەکان دەستیانکردبوو بە کشان بەرەو نێوچەگەلێك کە تا ئەوکات نەیانتوانی بوو توخنی ئەو نێوچانە بکەون.

هەرچەند شۆڕشگێڕانی پەکەکە بەردەوامبوون لەچالاکیو بە کارامەیی مابوونەوە. بۆنموونە لە مانگی حەوتی ١٩٩٤ دا، فەرماندەی گەریلاکان لەهەرێمی هەکاریدا راپۆرتیدابوو کە زیاد لە بیست چالاکی گەریلایی جیاوازیان لەسنوورەکەدا ئەنجامداوە، لەوانە لە هەڵمەتێکی پارتیزانیدا گەریلاکان توانیبوویان ١٤ سەربازی تورك بکوژن، بەمەیش بەجۆرێك لەجۆرەکان سەربازانی تورك باجی تۆڵەکردنەوەکەی خۆیان وەرگرت. نەوال وەك خانمێکی فەرماندە، چالاکییەکانیی لەزاگرۆسدا بوو. ئەوێ هەرێمێکبوو دەیڕوانیی بەسەر سنووری تورکیاو ئێراقداو نێزیك بوو بە شەمدینلی. ناوبراو دەیگوت یەکە سەربازییەکان یەك لەدووای یەك تێکدەشکێنران، وەلێ کە هێرشمان دەکردە سەر نوکتەیەکی سەربازی؛ دواتر لەهەمان شوێندا دایاندەمەزراندەوە، کە سەربازێکمان دەکوشت، سەربازێکی تریان دەناردە شوێنەکەی. بەڕاستی لە ساڵی ١٩٩٣ دا ئێمە

ئێجگار سەرکەوتوو بووین. وەلێ لە ١٩٩٤ زیانو زەبرێکی فرەمان بەرکەوتبوو".
گەریلاکان هەوڵیاندەدا ئۆجەلانو سەرکردەکانی نێزیك بەو ملپێبدەن تا تاکتیکێکی نوێ لەهەمبەر جەنگەکەدا بگرنەبەر، وەلێ پێشنیازەکانیان لەلایەن ئۆجەلانەوە وەلآمنەدرایەوە.

کوچوك زەکی دەیگوت: "ئێمە دەمانوت پێویستە پێوەندی بەهێزمان لەتەك خەڵکی شارەکان هەبێت، ئەوان دەیانگووت نەخێر لەچیاکاندا دەمێنینەوە، هەڵهاتن لە گوللەکان زیانەکانمان زیاتر دەکات". بەم شێوە گەریلاکانی پەکەکە مەیدانی نمایشی چالاکییەکانو مانۆڕی خۆنیشاندانیان کورتکرابوویەوە لە نێوچەیەکی قەتیسماودا.
تۆپقیدەر دانی نا بەو راستییەدا کە جەنگە گەریلاییەکە بەباشی لە جێبەجێکردندا نییە.
ئەو دەیگوت: "گەر تۆ فەرماندەیەك بیت، پێویستە لەنێوچەکەی خۆت بەرپرس بیت، وەلێ لەنێو پەکەکەدا تەنێ ئۆجەلان دەیپەرژایە سەر بەرپرسایەتی هەموو شوێنەکانو هیچ کەسی تر بۆی نەبوو".

## گرفتەکان لە سیاسەتدا

پارتی سیاسییو فەرمیی کورد HEP، پارتێکی گرنگ بوو بۆ برەودانو کۆڵینەوە لەمەڕ مشتومڕەکان بۆ چارەسەریی دۆزی کورد لە تورکیا، چوون بۆ ئەو پارتە فرە سانا بوو کە چالاکی بکردایە وەك هەڵوێستێکی نافەرمی و ناڕاستەوخۆی گروپە شۆڕشگێڕەکە کە پەکەکە بوو. ئەوە لەکاتێکدا گەر تورکیا بڕیاری ئەوەی بدایە کە بەڕێگەی دانوستان چارەسەرییەك بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە. وەلێ دامەزراوەی سیاسیی تورك دووابەدوای مردنی تورکوت ئۆزال لە نیسانی ١٩٩٣ بەنەزمێکی چاوڕواننەکراو خۆی نیشاندا[٢٧٠]. چوون

---

[270] This figure is my own. Hatice Yasar, writing in the magazine Sterka Rizgari, No. 21, 2002 (Istanbul), 89fn12, names many of the same people; Bi" rand, in his Apo ve PKK, 121, came up with a figure of 10, but did not specify names.

دەوڵەت هەرگیز بەوەها  دانوستانێك لەگەڵ سیاسییەکانی ئەو حزبەدا رازی نەدەبوو کە بەردەوام  پێیان وابوو کێشەی نێوچەکە هەژارییەو تێرۆریزم نییە.

دوواجار لە مانگی حەوتی ۱۹۹۳دا دادگای دەستوری تورکیا بریاری داخستنی پارتەکەی دەرکرد. بریاری "۱۰۱ کە بانگەشەی پارتەکەیە بۆ مافە بنچینەییە ئیتنیکییەکان، لەگەڵ دەستووری بنچینەیی ولآتدا ناتەبایە. هەروەها ئامانجەکانی پارتەکە هەموو ئەوانەی بۆ دادگاکان، وا روونەکردەوە کە شێوەتێرۆریستو تێکدەرین[271].

بریاری دادگا بۆ پارتەکە چاوەڕێکرابوو، چوون رێوشوێنی دۆسییەی سەر پارتەکە ساڵێك پێشتر دەستپێکرابوو. ئەوە هەر لەوکاتەوە بوو کە سیاسییەکانی پارتەکە هەنگاوگەلێکیان رووەو پاراستنی کورسییەکانیان لە پەرلەماندا گرتبوویەوە بەر. هەربۆیە هەر لەوکاتەوەی پارتێکی نوێ  لەبەهاری ۱۹۹۳ بەنێوی پارتی دێموکراسی DEP نێوی تۆمارکرا. ئیدی  لەو میانەدا پارتیHEP داخرا. دوواتریش زۆرینەی خەڵکیی ئەندامێتی خۆی گواستەوە بۆ نێو پارتە نوێیەکە. هەرچەند کە لەسەرەتادا پارتەکە وەك پارتی کوردو تورك خۆی ناساند، بەمەیش هاوسۆزانو لایەنگرانی پەکەکە تێیدا شوێنێکیان بۆ نەدەمایەوە. لەلایەکی تریشەوە وەك پارتێکی یەك توخمو یەك نەتەوەو پەیوەست بەکورد تەماشادەکرا، کە دەبوو هاوسۆزانی پەکەکە بتوانن رۆڵی تەواوی تێدا بگێڕنو پێیان وابوو کە پێویستی نەکردووە تێیدا شوناسی نەتەوەیەك پێناسەبکرێتو دیاریبکەن.

یەکێك لەبەرپرسەکانی HEP پێمی گوت: "وەختێك HEP داخرا، ئیدی چالاکوانەکانی پەکەکە وتیان باشتر، پارتێکی گەورەتر دادەمەزرێنین. وەلێ وەختێك لەگەڵ کوردانی سەربەخۆدا دیدارم دەکرد، ئەوان دەیانگوت نەخێر، چوون ئێمە دەزانین

---

[271] The men arrested for the attacks on Ata and Gok had worked in the PKK's Serxwebun newspaper according to the Gruene/GAL report, "Politische Mord in Europa," 14.

چ گۆڤەندیّ دەخولّقێت. ئیدی ئەوان چالاكوانەكانی پەكەكەو پەكەكەیان بەوە قایلكرد كە دەستبەرداری هەولّدان بن بۆ دەستبەسەراگرتنی پارتە نوێیەكە، بۆ ئەوەی ئەویش بەدەردی HEP نەچێت". هەروەها دەیوت: "من گوتم نەخێر، ئەوانیش(پەكەكە) تێگەیشتن لەشتەكانو بەوەیان زانی كە رەوشەكە ناكرێت بەو شێوەیە بەردەوام بێت. چوون ئیتر رەوشەكە گۆڕاوە".

پارتە نوێیەكە دەستی دایە بانگەشەیەكی گشتیو كاریگەر لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دۆزی كورد دا لە توركیا. لەم بارەیەوە ئەمخواستانە بەئاشكرا بانگەشەیان بۆ دەكرا: كوردەكان مافی خۆیانە فێری زمانو نوسینی زمانەكەیان بنو پەخشی زمانی كوردیی ئازادو یاسایی بكرێت. هاوكات ئەوان ئازادن لەوەی كە گەشە بەشوناسی نەتەوەیی خۆیان بدەن. هاوكات پێویستە زەبرو زەنگو باری نائاسایی لەنێوچەكانی باشووری رۆژهەلاتی توركیا هەلّبگیرێت. هەروەها پێویستە هەرچی زووترە زەمینەسازیی بۆ ئاگربەست بكرێتو لێبوردنێكی گشتیش دەربكرێت لەسەرانسەری نێوچەكەدا.

وەلێ پارتەكە پێی باش بوو پێش دەستدانە چارەسەری گرفتەكان لەلایەنی میرییەوە پێویستبوو نێوی گرفتەكان دیاری بكرایە. چوون بە تێڕوانینی پارتەكە نێوی گرفتەكە گرفتی كوردان بوو لە باشووری رۆژهەلاتی توركیا دا[٢٧٢].

بەلاّم لەگەڵ مردنی ئۆزال لە دەستپێكی ئەو ساڵەدا. ئیدی ئاڕاستەی سیاسیی حكومەت بەئاڕاستەیەكی توندو تیژدا وەرچەرخابوو. سەرۆك وەزیران تانسۆچیلەر وەك خانمێكی نەشارەزای سیاسیی. سەرۆكایەتی كابینەی حكومەتی نوێی گرتە دەست. ئەوە لەكاتێكدا بوو كە سولەیمان دێمیریلیش بووە سەرۆكی كۆماری توركیا. ناوبراو گرفتی ونو چارەنەكراوی كوردی فرە بەهەند وەرنەدەگرت. تانسۆچێلەر چارەسەری دۆزی كوردی سپاردە سوپای ولاّتەكەی، ئەو سوپایەی تامەزرۆ بوو تا هەموو

---

[272] Cumhuriyet newspaper, Nov. 12, 1985.

ئازادییەك زەوتبكاتو هەموو زەمینەیەكی دەستێوەردانی مەدەنیی لەچارەسەری دۆزەكەدا نەهێڵێت. ئەو لە وتارێكیدا جەختی لەسەر ئەم خاڵەكردەوە: "ئیدی بەنەزمێكی جیاواز دەجولێینەوە"[٢٧٣]. بەم شێوەیە سەرۆك وەزیران بەڵێنی دا هەموو پشتیوانییەكی خۆی بۆ هێزە تایبەتییەكانی سوپا دوپاتبكاتەوە.

لە نیوەی دووەمی ١٩٩٣ دا. تەواوی چالاكوانانی كورد بەئامانج گیران، ئیتر ئەوان رووبەڕووی ئازارو كوشتنو دەستگیركردن بوونەوەو كوشتنی بەكۆمەڵو بێسەروشوێنكردنو غافڵكوژكردنی گروپەكان بەشێوەیەكی بەرچاو رووی لەزیادیی كرد.

هەربۆیە بەرپرسانی پارتە نوێیەكە دەنگی نارەزاییان بەرزكردەوە بەوەی كە لەلایەن هێزەكانی ئاسایشو پۆلیسو بەكرێگیراوانی گوندپارێزەوە رووبەڕووی هەڕەشە كراونەتەوەو هاموشۆی نێوان شارەكانیان لە باشووری رۆژهەڵاتی توركیادا لێزەوتكراوەو هاوكات بەردەوام بانگەشەو تۆمەتی یاریدەو هاریكاریی گەریلاكانی پەكەكەیان بۆ دەتاشرێت. هاوكات فرە بەسانایی كوشتنو تیرۆری چالاكوانانی كورد لەنێوچەكەدا بازی بەسەردا دەدراو هیچ لێپێچینەوەیەك لەو بارەوە ئاكامی نەبوو. لە سێپتێمبەری هەمان ساڵدا پەرلەمانتاریی DEP موحەمەد سینجەر لەمیانی سەردانێكیدا بۆ باتمان تا كۆڵینەوە لەبارەی شێوازی كوشتنەكان بكات، كەوتە مەتەرێزی چەند كەسێكەوەو غافڵكوژكرا. هاوەڵانو بەرپرسانی دیكەیDEP كە لەگەڵ سینجەر بوون دەمودەست هێزە ئاسایشییەكانیان بەوە تۆمەتباركرد كە لەپشت كوشتنی هاوەڵەكەیانەوەن[٢٧٤]. ئەوان تێبینی ئەوەیان كردبوو كە لەهەموو سەردانەكانیان پۆلیس هاوسەفەریان بوونە، وەلێ لەو جارەدا هیچ پۆلیسێك لەگەڵ وەفدەكەدا نەنێردرا بوو.

---

273 In his letter dated August 16, 1984, Semir identifies her as Ayten Yil" dirim, a name I also was given

274 This section utilizes especially the firsthand experiences in the region of Baran, Celik, and former PKK militant S. The main published sources were Birand, Apo ve PKK, 134–143, and Imset, the PKK, 41–44, 107.

دیاره كه ئەم هێرشانە ئەندامانی پارتەكەی بەرەو توندڕەویو رادیكاڵییەت دەبرد. هاوكات بەشێك لە ئەندامانی پارتەكەیش لەترسی كاردانەوەی هەڕەشەكانو لەترسی رەوشەكەدا دەستبەرداری پارتەكەیان بوون. هەروەها هەندێكیش هەڵهاتنو زۆرێك لە بەئەزموونترین چالاكوانی پارتەكە بنكەو بارەگاكانی پارتەكەیان بەچۆڵی هێشتەوە. هاوكات ئەندامە گەنجو تورەكانی پارتەكە لەوانەبوو بڕیان لە پێوەندیكردن بە ریزەكانی پەكەكە كردبێتەوە، چوون ئەو رێگەیان بەدروستتر دەزانی تا ئەوەی لەناخلاڤێكداو لەشۆستەیەكدا تەقەیان لێبكرێتو یاخۆ چاوەڕێبكەن بێنە سەریانو قۆڵبەستیان بكەن.

مەحمود كلینجی ئەندام پەرلەمانی سەربە DEP رەوشەكەی بەمجۆرە رووندەكردەوە: "ئەو خەڵكانە بواریان بە تۆ نەدەدا بەتەنهایی سیاسەت بكەیت، بەراستی ئەوە دەوڵەت بوو كە خەڵكی ناچار دەكرد رووبكەنە شاخەكانو هەڵبێن". لەسێپتەمبەری ١٩٩٣ دا حەتیب دیكلێ، كە پەرلەمانتارێكی DEP بوو، روانگەو رێبازێكی فرە رادیكاڵو توندی هەبوو. لە گروپەكەیدا دەنگی بۆدرا بۆ لێپرسراوی هەموویان. بەبۆچوونی چاودێران هەڵبژاردنی دیكلێو دەرچوونی ئاماژەیەك بوو بۆ گۆڕانكاریی لەبۆچوونی پەكەكەدا كە ئیدی پێویست نەبوو لەپشت پەردەدا بمێنێتەوە[٢٧٥]. گۆڕانكارییەكە رەنگە لەلایەن ئەوانەوە كە هەیمەنەیان لەباشووری رۆژهەڵاتی توركیا بێ چەندو و چوون بوو لغاوكرابێت. چوون ئەوان بوونی هێزێكی تریان لەسنورەكەدا بۆ سیاسەتكردن بەپێویست نەدەزانی.

دووا بەدووای هەڵبژاردنی دیكلێ ئیتر راستەوخۆ بارەگای سەرەكی پارتەكە تەقێنرایەوەو كەوتە بەر دەستڕێژی گوللە. هاوكات سكرتێری گشتی پارتەكە موراد بۆزلەك لە ئەنكەرەدا كەوتە بەردەستڕێژی گوللەو بریندارکرا. لەكاردانەوەی ئەو زنجیرە دەستدرێژییەدا لە نێوچەكانی باشوری رۆژهەڵاتی توركیا بەرپرسانی پارتەكە دەنگی نارەزاییان سەبارەت بەو هێرشو هەڕەشانە بەرزكردەوە[٢٧٦]. دوواجار لە سێپتەمبەری

275 Birand, Apo ve PKK, 136.
276 Birand, Apo ve PKK, 138.

هەمانساڵدا دادگای باڵای دەستووریی دەستی کرد بەتاوتوێکردنی دۆسییەی داخستنی پارتەکە، ئەوەیش بە پاساوی هەوڵدان بۆ جوداخوازیو پشتیوانیی لە گروپی پەکەکە سەرەداوەکانی بۆچنرابوو. هەروەها کۆمیسیۆنی پەرلەمان دەستی کرد بە پرسوجۆکردن لەبارەی لابردنی حەسانەی پەرلەمانیی لەسەر چەند ئەندام پەرلەمانێکی DEP، دیارە ئەوەیش هەوەڵ هەنگاو بوو تا بەتۆمەتی ناپاکییو غەیانیی بەسزایان بگەیەنن.

دیارە هەموو تۆمەتەکانیش لەو بەیاننامەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نوێنەرەکان سەبارەت بەمافەکانی کورد خستبوویانە پێشچاوی پەرلەمانو ئامادەییان بۆ چارەسەریی دۆزی کوردو سەرزەنشتی جەنگ دژ بە گەریلاکانی پەکەکەیان کردبوو. ئەندامی پێشووی سەربە DEP مەحمود قلینج لەسەر ئەوە سوور بوو کە کێشەکە هاوسۆزییان نەبوو بۆ ئەندامانی ڕێکخستنە سیاسییەکە، گرفتەکە ئەوە بوو ئایا ئەنکەرە ئامادەیی دەردەبڕێت بۆ هەرچالاکییەکی سیاسیی بەناو و بەنوێنەرایەتی کوردانەوە؟ ناوبراو دەیوت: "ڕەنگە فلان پەرلەمانتاریی پێشوو (نێوەکەی نەدا) لەپەکەکەوە نێزیك بووبێت، بەڵام تا ئەوکات هیچ یەکێکمان بەچەقۆ یان پارچە چەکێکەوە نەگیرابووین، هەرگیز پارتەکە هانی جەنگو توندوتیژیی نەدەدا".

هەروەها دەیگوت: "گەر دەوڵەت جددی بووایەو گەر ئەوان بیانویستایە ئاشتبوونەوەو نێزیکبوونەوە لەتەك کورداندا بکەن، ئەوا پێیان دەوتین بەڵێ بۆ ئاشتبوونەوە، ئێمەیش لەبەرامبەردا بوارێکمان دەرەخسان بۆ چالاکیی پارتەکە. وەلێ هەرگیز ئەو ڕەوشو نیانییە ڕووی نەدا".

هاوکات پەکەکەیش هیچ چاوەڕوانی نەدەکرد، چونکە هێرشە سەربازییەکانی لە کۆتایی ١٩٩٣دا گەیشتبوونە لوتکە. هاوکات زۆر بەفراوانی هێرشەکان لە هەرێمەکانی خۆرئاوای تورکیادا لەتمەیان دەدا لە دامەزراوەکانی میریی. لەمانگی دووی ١٩٩٤ دا، پارتیزانەکانی وێستگەی شەمەندەفەری توزلایان لە ئەستەمبوڵدا تەقاندەوە. لەوێدا پێنج خوێنکاری سەربازییو ٣١ ی دیکە بریندار بوون. لەو میانەدا دیکلی لەڕێگەی پەیوەندی

تەلەفۆنییەوە گفتوگۆیەکی بۆ تەلەفزیۆنێکی تورکی ئەنجامدا. ئەو لەو پەیوەندییەدا ئەوەی دایە دوواوە کە سەرکۆنەی ئەو تەقینەوەیە بکاتو رایگەیاند کە لەکاتی جەنگدا سەربازەکان لەبەرگی سەربازیدا جێگەی ئامانجی نەیارەکانیانن[٢٧٧]. دواتر دیکلی رایگەیاند کە ئەو تەنها خاڵێکی یاسایی وروژاندووە. کەچی وتەکانی وەك بەڵگەیەك بۆ پشتیوانیی لەجەنگی پەکەکە لەسەری ببوونە ماڵ. پاش دوو ڕۆژ لەو رووداوە نوسینگەی هەرێمی پارتەکە لە ئەنکەرەدا تەقێنرایەوە. ٤ رۆژ لەپاش ویش بۆمبێك لە سەرکردایەتی پارتەکە لە ئەنکەرە تەقێنرایەوە[٢٧٨].

لەکاردانەوەی ئەو رەوشەدا دیکلی سەرزەنشتی هەریەكِ لە هێزە ئاسایشییەکانو سەرۆك وەزیران تانسۆچیلەری کردو ئاماژەی بەوەدا کە تەقینەوەی بارەگای سەرەکی حزبەکەی لە شوێنێکدا بووە کە تەنها ١٠٠ مەترێك لە وێستگەی پۆلیسو ٥٠٠ مەتر لە پاسەوانەکانی پاراستنی باڵەخانەی پەرلەمانەوە دوور بووە.

لەبەرامبەردا وەزیری نێوخۆی تورکیا ئاماژەی بەوەدا کە DEP بۆخۆیان بارەگاکەی خۆیان تەقاندۆتەوەو ئەوەیشی راگەیاند کە دیکلی کەسێکی غەیانە بە وڵاتەکەی. هاوکات سەرۆك ئەرکانی گشتی، جەنەراڵ دۆغان رایگەیاند کە لەبری گەڕان بەشوێن باندیستو ئاژاوەگێڕاندا لە شیوی بیقاع، پێویستە لەنێو خودی پەرلەمانی تورکیادا بۆیان بگەڕێین. بۆ پێداگریی لەو بۆچوونە سەرۆك وەزیران تانسۆچیلەر هاوسۆزیی خۆی دوپاتکردەوە. سەرۆك وەزیران لە کۆتایی مانگی دووی هەمان ساڵدا رایگەیاند: "کاتی ئەوە هاتووە کە بوونی پەکەکە لەژێر سەقفی پەرلەماندا پاکبکەینەوە"[٢٧٩].

---

[277] Sources for this section included Syrian Kurds, Ely Carmon, an Israeli expert on Syria and the PKK, and former PKK members active in the Bekaa. Some details relied on Makovsky, "Defusing the Turkish"Syrian Crisis"; Seale, Asad, 427; and David Barchard, "Ozal Signs Security Agreement with Syria," Financial Times, July 18, 1987.

[278] Birand, Apo ve PKK, 177.

[279] Information on Iraq and Iraqi Kurds relies mainly on McDowall, Modern History, 347–352.

لەرەوشێکی وەهادا ئەندامانی DEP بۆیان زۆر دژوار بوو کە هۆشیان بەلای هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی ئازاری ١٩٩٤ وە بێت. لەو بارەوە مشتومڕی ئەوە لە گۆڕێدا بوو ئایا بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن یان نا؟ چونکە گرفتی سەرەکی خۆی لەو فشارانە دەبینییەوە کە لەسەر دەنگدەرانو کاندیدەکانی پارتەکەیان دروست دەبوو، بەتایبەت لە باشوورو ڕۆژهەلاتی تورکیا. لەبەر ئەوە ئاماژەی چەندین ترسو بیم لە گۆڕێدا هەبوون کە مەترسی ئەوەیان لێدەکرا پارتەکە نەتوانێت بەسەرکەوتوویی بەشداربێت لەو ڕاپرسییە چاوەڕوانکراوەدا[٢٨٠].

دیکلی هۆشداری لەم بارەیەوە دابوو: "لەبەر ئەوەی ئێمە وەك ئەوان بیرمان نەدەکردەوە، ڕێکخراو گەلێك دەستیان نابوویە بینی پارتەکەمانەوە".

لەهەمانکاتدا زۆرێك لە ئەندامانی پارتەکە لەسەر ئەوە کۆك بوون کە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. چوون پێیان وابوو کشانەوە لە واقیعەکە هیچ لەبارەی ڕەوشەکەوە ناگۆڕێت. لەڕاستیدا گەر میریی بیویستایە پارتەکە بەشداریی پرۆسەی سیاسیی بکردایە، ئەوە حاڵی بەو ڕۆژگارە نەدەگەیشت، کەواتە پاشەکشەکردن لە هەڵبژاردن تەنها لەسودو بەرژەوەندیی میریدا بوو بەس. لەم بارەیەوە ئۆجەلان فرە بەئاشکرا جیاواز بیری دەکردەوە. بەگوێرەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، تەواوی پشتیوانانی پەکەکە بڕیاریان دابوو بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن. دیارە ئەوەیش نموونەیەکی دروستە تا پارتە فەرمییەکەیش بەو ئاڕاستەیەدا بیربکاتەوە[٢٨١].

---

[280] They also were reported to be providing information on Turkish troops movement: See McDowall, Modern History, 426.

[281] This section utilizes interviews with former PKK militants active in Iraq and the Bekaa during this period; and also non"PKK sources familiar with events at the time, including Mesut Akyol and Paris"based Kurdish Insti" tute chairman Kendal Nezan. Published sources: Celik, Agri, 119– 120; Dagli, Birakuji, 29 – 47; McDowall, Modern History, 347, 350 – 351; and Chubin and Tripp, Iran and Iraq, 142. Barzani's comment on the PKK, probably half in jest, was made in 1982 to Nejdet Buldan, who had crossed into Iran to avoid an un" related jail sentence in Turkey.

پەرلەمانتارێکی پێشووی پارتە فەرمییەکە دەیگوت: "پەکەکە لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا نەبوو". هەروەها دەیوت: "پەکەکە ترسابوو کە خەڵکی دەنگەکانیان نەدەنە کاندیدە پەسەندەکانی کورد، بەمەیش شکۆو شەوکەتی پەکەکە دەهاتە خوارێ".

فشارگەلێکی فرە لەسەر پارتەکە هەبوون. لەدەستپێکی مانگی ئازاردا پەرلەمان دەنگی دا لەسەر هەڵگرتنی حەسانەی پەرلەمانیی لەسەر شەش لە نوێنەرانی سەر بە DEPو نوێنەرێکی سەربەخۆی کورد لە پەرلەماندا. ئیدی هەموو ئەوانە یەك بەیەك لەلایەن پۆلیسەوەدەستبەسەرکرانو برانە بەر لێپێچینەوەی دادگاکان. دیارە کە سزای چاوەڕێکراو بۆ هەموو ئەوانە ناپاکییو غەیان بوون بوو بە دەوڵەت. ئەندامانی دی کە تا ئەوکات لەپەرلەماندا مابوونەوە باش دەیان زانی کە کاتی وانیش دێت.

دوواجار لەمانگی شەشدا دادگای دەستووری وڵات فەرمانی دا پارتەکە دابخرێت.

دیارە کە پاساوی داخستنەکە هەمان پاساوی داخستنی HEP بوو. چوون دیسانەوە بانگەشە بۆ مافەکانی کورد لەگەڵ دەستووری بنچینەیی وڵاتدا یەکی نەدەگرتەوەو هەوڵێك بوو بۆ چاندنی تۆوی جوداخوازی لەوڵاتدا. پێش ئەوەی بڕیاری داخستنەکە بدرێت، نوێنەرانی دیکەی پارتەکە لە مشتومڕی ئەوەدا بوون بمێننەوە یاخۆ ڕووبەڕووی ئەگەری دەستگیرکردن بنەوە یا لەوڵات هەڵبێنو دەرباز بن.

ئەوان ئەوە لەمێشکیاندا نەبوو کە بیر لەدامەزراندنی پارتێکی نوێ بکەنەوەو نەیاندەویست دیسانەوە سەرئێشە بۆ خۆیان دروست بکەن. کیلینج بە گلەییەوە دەیوت: "دەوڵەت خەریك بوو یاری مشکانی لەگەڵ ئێمەدا دەکرد". ناوبراو دەیوت: "تۆ پارتێك دروست دەکەیتو ئەو دێت دایدەخات، دیسانەوە دروستی دەکەینەوەو بەهەمان شێوە چیرۆکەکە دووبارە دەبێتەوە". بەرەبەیانی ١٦ی مانگی شەش. ڕۆژی بڕیارە چاوەڕێکراوەکەی دادگا. پێنج لەنوێنەران لەڕێگەی فڕۆکەوە خۆیان گەیاندە برۆکسل. ئەوەی تریشیان پێشتر چووبووە ئەورووپا. کلینج دەیوت: "ئێمە بیرمان لەوە کردبوویەوە، گەر دەوڵەت ئێمەی نەوێت بۆ نوێنەرایەتی خەڵك، ئەوا بواربداتە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تا ئەوە بەچاو خۆیان ببینن". هەڵهاتنی نوێنەرانو داخستنی حزبەکەو

پاشان کردنەوەی دادگا بۆ لێپێچینەوە لە هەشت ئەندامی پەرلەمانی پێشووی تر بە تۆمەتی ناپاکیی، هەموو ئەمانە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کێشەو گرفتی کوردان راکێشا. وەلێ ئەنکەرە ئارامیی لەسەر ئەو دەنگۆیانە دەگرتو زیاتر رابردووی دەهێنایە یادی خۆی، کە بەچ زەحمەتێك توانیویانە یەکپارچەیی دەوڵەت رابگرنو چلۆن بەزیندانو دوورخستنەوەی سیاسییەکانی کورد وەهایان کردووە کە ئیتر مەحاڵە رێنیسانسێکی کوردانە سەر هەڵبداتەوە.

ئەو پارتە نوێیەی لە شوێنی DEP درووستبوو، بریتی بوو لە پارتی دیموکراتی گەل HADEP. دوواجار ئەویش لەلایەن دادگای دەستووری تورکیاوە لەساڵی ٢٠٠٣ دا داخرا. لەپاش ئەویش پارتێکی تر کە هەرگیز دارای سەنگو سیمای جەماوەریی پارتەکانی پێشووی نەبوو. چوون ئەستەمە بۆ پارتێك کە بتوانێت ئاراستەیەکی سەربەخۆ بگرێت لەکاتێکدا قورسایی جەماوەرەکەی لەوانە پێکهاتبن کە دۆستو سەرخەری پەکەکەن. دەوڵەتیش رێگەی نەدەدا سیاسەتوانە کوردە سەربەخۆکان ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە. شەرەفەدین ئاڵچی وەزیری کابینەی پێشوو لە حکومەتی تورکیا لەساڵی ١٩٩٧ دا پارتێکی سیاسی دامەزراند. دادگای دەستووری وڵات پاش دووساڵ ئەو پارتەیشی یاساغکرد. پێشتر پارتێکی جیاوازی تر هەبوو بەناوی پارتی دێموکراسیو گۆڕان DDP ئەویش بێ ئەوەی فەرمان بەداخستنی بکرێت لەساڵی ١٩٩٦ دا کەمتر لەساڵێك درێژەی کێشا. کێشەی سەرەکیی بریتی نەبوو لە کاریگەرییەکانی پەکەکە لە رەوشەکەدا، کێشەکە تەنها بریتی بوو لە کێشەی خواستە سیاسییەکانی کوردان لەو وڵاتەدا.

لەراستیدا کێشەی دەوڵەت لەوەدا بوو بڕوای بە سەربەخۆیی سیاسەتی کوردیی نەبوو، هەموو ئەوانەی گلابوون لەچارەسەریی کورد بە یەك چاو تەماشا دەکران. هەربۆیە سیاسییەکانی کورد لە نێوان نیازی دەوڵەتو پەکەکەدا بەهەڵپەسێراوی مابوونەوە.

پەرلەمانتارێکی پێشووی DEP دەیگوت: "لەدەرێش وادیاربوو کە هیچمان لەدەست نایە". ئەو دەیوت: "ئەوە راستە، لەوانەیە دارای ئەزموون نەبووبین، وەلی خۆ ئازاد

بووین. ئێمە بۆچوونێکمان هەبووایە، ئەو بۆ چوونە لەپەکەکەوە سەرچاوەی دەگرت"

ئەو لە قسەکانیدا هەڵوێستەی دەکردوو دەیوت : "تەماشای ئەوانی تر (نوێنەرانی تورك پێویستبوو بیربکەنەوەو بزانن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی چی ویستووە". ئەو بەئاماژە بە هەیمەنەی سەربازیی وڵات کە راوێژکاریی حکومەت بوون ئەو وتانەی دوپاتدەکردەوە. هەر لەوبارەیەوە وتی: "لەیادمە پەرلەمانتارێکی تورك هاتە لامو پێمی گوت: گەر ئێوە زۆر گوێتان رانەدارایە بۆ ئاپۆ و پەکەکە. ئیدی من وتەکانیم بڕیو پێم گوت وا ٧٥ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا ئایا تائێستا هیچ ئامادەییتان دەربڕیوە بۆ وەستان بەڕووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا؟".

## سیاسەت لە دەرێی وڵات

بۆ چەند کاتێکی کەم بەرپرسەکانی پەکەکە لە ئەوروپا، لەمەنزڵێکی چۆڵی کشتوکاڵیدا و لە زەوییەکی دوور لەشار شوێنێکیان بەکرێ دەگرت. زۆرجار ئەمەیان لە وڵاتی هۆڵەندا دا دەکرد، ئیدی نێزیکەی پەنجا ئەندامی نوێیان دەبردە ئەوێو فێری وانەی سیاسییو راهێنانی حزبایەتییان دەکردن. ئەم کوڕو و کچە لاوانەی کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەستەبژێرکرابوون، لەوێو لەو شوێنانە کە وەك کەمپێکی راهێنان نێویان دەبرد بۆ ماوەی ٣ مانگی رەبەق کۆرسی سیاسییان پێ دەخوێندن.

لە بەیانیاندا راهێنانی وەرزشییو راکردن بوو، دووابەدوای ئەوە وانەی مێژووی کوردو پەکەکەیان پێدەخوێنراو ئاشنا بەتیۆرەکانی مارکسیزم دەکران. پاش نیوەڕوانیش کتێبگەلێکیان سەبارەت بەو بابەتانە دەخوێندەوە. لەکۆتایی کۆرسەکانیشدا گرد دەکرانەوەو وانەی پەیوەست بە رەخنە لەخۆگرتنو دەربڕینی تێبینیو بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەوانی تر بۆ دەرەخسێنراو خاڵی لاوازو بەهێزی تەڤگەرەکەیان بۆ نومایان دەکرا. ئۆرهان کە نێوێکی خوازراوی یەکێ لەبەرپرسەکانی پێشووی پەکەکەبوو، ناو براو تەمەنی نێزیکەی ٢٩ ساڵێك دەبوو. ئەو یەکێك بوو لەوانەی کە لە دەستپێکی نەوەدەکاندا ئامادەی بەرنامەو کۆرسەکانی پەکەکە بوو لە ئەوروپا. ئۆرهان سەبارەت بە رەوشی ئەو

کۆرسانە دەیوت: "ژینگەیەکی فرە جددی بوو، راهێنانەکان فرە سەنگین‌و سەخت بوون". هەروەها دەیوت: "منداڵبازاڕ نەبوو، وەك قوتابخانەیەکی سەربازیی وەها بوو، وەلێ چەکمان پێنەبوو. ئەو وانانەی دەوترانەوە بۆ ئەوە بوو کە چلۆن بتوانین قسەبکەین دەربارەی شتە دیاریکراوەکان، هەروەها فێردەکراین چۆن گوێبگرین‌و چۆن رێزبگرین لە هەرشتێك کە رێکخراوەکە بیخوازێت بۆمان".

زۆرترینی ئەوانەی کە بەتاسە بوون تا لەو کۆرسانە بەشداربن‌و ئاشنابن بەپەکەکە پێشتر لە ئۆرگانەکانی حزبەکەدا لەئەورووپا کاریان کردبوو. وەلێ کە دەهاتنە کۆرسەکانەوەو رەوشە جددیو پڕ لە جەدەلەکەیان دەبینی، ئیدی توشی سەرسوڕمان دەبوون. ئەوانەی بەشداردەبوون، پێش ئەوەی بچنە کایەی راهێنانەوە، ئیدی لەسەر ئەوە رێکیان دەخستن کە هەموو پێوەندییەك لەگەڵ خانەوادەو هاوڕێکانیان تا تەواو بوونی ماوەی راهێنانەکە بپچڕن. ئەوە شتێك بوو تا زەمینە سازیی زیاتر بۆ ئەو ئەندامانە بکاتو بەتەواوی ببنە بەشێك لەپەکەکە.

ئۆرهان لەم بارەیەوە دەیگوت: "ئەمە لەژیانی رابردووی دادەبڕانیت". هەروەها ئاماژەی دا بەوە: "لەبەرئەوە کە تۆ لەدەستپێکردنی ژیانێکی نوێدابوویت، ئیدی لەو وانانەدا فێر دەکرایت چۆن ئاشنابیت بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ‌و ژیانێکی نوێ".

لەراستیدا شتێکی نامۆ نەبوو گەر کەسێك یان دووان لەبەشداربووانی کۆرسەکە تا پێش تەواو بوونی بەرنامەکە دەربکرانایە.

ئۆرهان دەیگوت: "ئەوانەی کە دەردەکران یان گوێڕایەڵی یاساو رێساکانی کۆرسەکە نەدەبوون یاخۆ سەختبوو بۆیان شان بەشانی کۆرسەکە بەر بەرن". هەروەها دەیگوت: " پێش ئەوەی دەربکرێن، ئەوە روون دەکرایەوە کە ئەوان کوردگەلێکی خراپبوون‌و دارا مافی ئاگاییو ویژدان نین. لەبەر ئەوە ئیتر تێدەگەیشتی کە ئاسان نەبوو دەستبەرداری کۆرسەکە بیت یاخۆ گەر هەر سوور بوونایە لەسەر دەستهەڵگرتن لە کۆرسەکە، ئەوا دەبوو ملبدەن بۆ سوکایەتیو شەرمەندە بوونێکی لەم جۆرە".

لەگەڵ تەواو بوونی پرۆگرامەکەیشدا، پەکەکە بڕیاریی دەدا کێ لەوان بچێتەوە کوردستان‌و خۆی یەکلاکاتەوە بۆ جەنگی گەریلاییو کێیش لە ئەورووپا بمێنێتەوە تا لە بواری دیپلۆماسییەتی پەکەکەو هەنگاوەکانی ئایندەی ڕێکخراوەکەدا هەڵسوڕێت.

زۆرینەیان بەتەوسەوە بوون تا لەنێزیکەوە جەنگەکان ببینن‌و ئامادەبن. ئۆرهان کە زمانی ئینگلیزیو فەڕەنسی ڕەوان بوو، نێردرایە یەکێ لەنێوەندە زانیارییەکانی پەکەکە لە فەڕەنسا. ناوبراو کەمێك ڕەشبین‌و ڕاڕابوو لەهەمبەر ئەم بڕیارە. لەبەرئەوە دەیگوت " نامەزرۆبووم تا بڕۆمەوە کوردستان‌و بەشداربم لە جەنگەکاندا، وەلێ دەبوو ملبدەین بۆ هەربڕیارێك کە پەکەکە دەیدا بەسەرماندا".

تۆڕەکانی پەکەکە لە دەستپێکی هەشتاکانەوە لەنێو ئەورووپادا دەستیان بە گەشەو نما کردبوو، هەر لەوکاتەوە ئەندامانی پەکەکە کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران، خۆیان بەبەختەوەردەزانی و گەشبین بوون تا هەزاران دۆلار چنگبخەن یاخۆ چەند سەد کەسێك بەدەستبهێنن بۆ گرکردنەوەی کۆمەك‌و دەستگرۆیی بۆ تەڤگەرەکە. تەنها دەساڵێك پاش ئەوە، ئیدی پەکەکە چالاکیی لەچوارچێوەی تۆڕێکی چڕو پڕیی نێوەندە ڕۆشنبیرییەکان‌و نوسینگە سیاسییەکاندا دەکردو چەندین پرۆژەی چاپ‌و بلاوکردنەوەیان هێنایە بەرهەم. هەموو ئەو چالاکییانەیش لە نێزیکەی شەش لە وڵاتانی ئەورووپادا برەویان پێدرا. چالاکییەکان بەجۆرێك بوون کە پەکەکە ساڵانە دەیتوانی ٣٠ ملیۆن دۆلار لە ئەورووپادا پاشەکەوت بکات. هاوکات پەکەکە لە ڤیستیڤاڵەکانیدا کە سەرنجی دەیان هەزارکەسی کێش دەکرد، دەیتوانی ٢٠ ملیۆن دۆلار بەدەستبهێنێت.

بۆنموونە لە ئابوونەو ئیشتراکی گۆڤارەکانیدا کە هاوسۆزان‌و سەرخەرانی پەکەکە وەك پیشاندانی پشتیوانییان بۆ پەکەکە پارەیان دەدا، یاخۆ لە ڤیستیڤاڵە مۆسیقییەکان‌و لە قاوەخانەکانداو لەو چالاکییە وەرزشییانەی کە بۆ هەوادارو کوردانی ئەوێ ڕێکی دەخستن سەرچاوەیەکی گونجاو بۆ کۆڵەکەی ئابووری پەکەکە

بەدەستهاتبوو[٢٨٢]. ئاكیف حەسەن دەیوت: "ئامانجمان ئەوەبوو خەڵکەکەی ئەوێ ڕێك بخەینو وابەستەیان کەین بە پەکەکەوە بۆ خەبات". ناوبراو وتەبێژی پێشووی پەکەکە بوو، زیاتر ئامانجەکانی پەکەکەی ڕوونکردەوەو دەیوت: "ئەمە مانای وابوو، هەموو شتێك بۆ بەدەستهێنانی خەڵکە نوێیەکە بوو لەپێناو جەنگەکاندا، هاوکات گرتنەوەی ئەو خەڵکەیش بوو کە لەدەرێی کاروانەکەنو لەدەرەوەی جەنگەکانن".

کارکردن بۆ پەکەکە هەمیشە ئاسانو بێ ئاستەم نەبوو، ئەوە فەرمانێکی بێ چەندو چوون بوو. چوون شەڕی گەریلایی پەکەکە دژ بە سوپای تورکیە، بەتەواوی لەنێو کوردانی گەنجی پەراگەندەی ئەوروپا دا ڕوانگەیەکی سەرکەوتووانەو پشتیوانییەکی مەزنی بەدەستهێنابوو. وەلێ سانا نەبوو بۆ ئەو کوردانە ئاوێتەی کاری پەکەکە بن، هاوکات دۆزینەوەی کارو ئەرك بۆیان سەختترو ئەستەمتربوو. وەلێ ئەو کوردانەی کە دەهاتنە مەیدانەکەو ژیانی خۆیان لەو مەیدانەدا دەکردە قوربانی، ئەوە بەچاوێکی ئێجگار ڕێزو ڕەونەقەوە تەماشادەکران. ئیدی هەموو ئەوانە ببوونە دەمڕاستی پەکەکە لە ئەوروپاو کاریان دەکرد بۆ برەودان بە پەکەکە لەو کیشوەرانەدا.

گروپە کوردییەکانی تر، کەمێك زیاتر لە نوسینگەکانی تەنها کەسێکیان ئەنجامدەدا کە کاریان وەشانکردنی کتێبو ڕۆژنامەگەرییەکی چڕوپڕ بوو. وەلێ بەپێچەوانەوە پەکەکە لەلایەن کەناڵێکی ئاسمانی(ساڵی ١٩٩٥ لەژێر نێوی مێد تیڤی دەستی بەپەخشکرد)و ڕۆژنامەیەکی بەربڵاوی جەماوەرییەوە بانگەشەی بۆدەکراو هاوکات هەر لەوێ پەیمانگایەکی ئەکادیمیی کاری دەکرد بۆ گرتنی کۆنفرانسگەلێك لەسەر دۆزی کورد.

جیالەوانەیش یانەو کۆمەڵەو ڕێکخراوگەلێك لە ئەوروپادا هەبوون کە ببونە سەکۆی کۆکردنەوەی ڕۆژنامەنوسانو پیاوانی کار پێکەوە، هەروەها هەریەك لە ژنانو قوتابیان شوێنو بنکەی تایبەت بۆخۆیان بۆ دانرابوو. بەمجۆرە کوردەکان بەبێ پێوەندیکردن بەپەکەکەوە دەیانتوانی بەشداربن لەکارو چالاکییەکاندا. بەمشێوەیە ئەو ئۆرگانو

282 See Birand, Apo ve PKK, 130–133.

ناوەندانە یارمەتی دەرێك بوون تا خەڵکی زیاتر پێوەستبکەن بە تەڤگەری پەکەکەوە کاریگەرییەکانی پەکەکە لەنێو کوردانی ئەورووپادا هێند هەڵکشابوو، کە بەگوێرەی خەملآندنێك ٪۹۰ی تەواوی ئەو کوردانەی کە لە ئەڵمانیادا بوون هاوسۆزو هاوبۆچوونی پەکەکە بوون. دیارە کە نیوەی کوردانی کیشوەری ئەورووپایش لە ئەڵمانیادا نیشتەجێ ببوون[٢٨٣].

ئۆرفان دەیگوت: "وەختێك لەنێو پەکەکە دایت، ئەوان رێزت دەگرن، وا تەماشای تۆدەکەن کە کەسێکی ئامادەی بچیتەوە کوردستانو شەڕبکەیت لەپێناو پەکەکەدا". هەروەها دەیگوت: "ئەوە پیشەو کار بوو، زۆربەی ئەو کوردانە پێش ئەوەی پێوەندی بکەن بە پەکەکەوە دارای هیچ شتێك نەبوون، هەروەها گەر پەکەکە بوویتایە، ئەوانی تر لێت دەترسان، چونکە دەیانزانی پەکەکە لەهەر مەترسییەك دەتپارێزێت، هەموو ئەوانە شکۆمەندانە دەژیان لە ئەورووپا. بۆنموونە وەختێ دەچوونە رێستورانتە کوردییەکانەوە فرە رێزیان لێدەگیراو بەشکۆبوون".

ئەرکی سەرشانی ئەندامانی پەکەکە لە ئەورووپادا سەخت بوو، ئەوان بە دەقەو سەعات چاوەڕوان دەکرا ئەرکییان بەسەردا بدرێت. دروست وەك گەریلاکانی شاخ، بۆ ئەوانیش پێویستبوو لە هەموو جۆرە پێوەندییەکی سێکسی خۆیان بەدوور بگرن. بەرپرسانی پەکەکە لە ئەورووپادا دارای شوقەو یەکەی نیشتەجێبوونی تایبەت بەخۆیان نەبوون. موچەی مانگانەشیان لەنێوان ١٥٠ بۆ ٣٠٠ دۆلار بوو. ئەوەیش تەنها بەشی قاوەو جگەرەکەی نەدەکردن. هەربۆیە لەتاو بێ پارەییدا دەبوو شەوانیان لەنێو خانەوادەی کوردە هاوسۆزەکانی پەکەکەدا بەسەربەرن.

ئۆرهان دەیوت: "دەبوو لەو خانەوادانەدا کە شەوان دەمایتەوە متمانەت لەلایان دروست کردایە، قەدەغەبوو گێچەڵ بە کچوکاڵیان بگێڕیتو بێزاریان بکەیت". هەروەها

[283] Attacks cited in Dagli, Birakuji, 44–45.

دەیوت: "گەر مۆراڵو بەهات نەبووایە، ئەوا خێزانەکان ڕێگەیان بە کچانیان نەدەدا بەشداریی بکەن لە تەڤگەرەکەدا".

پەکەکە پشتیوانانی خۆیان لە ئەوروپادا بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز پۆلێنکردبوو. هەمیشە ژمارەیەك لەو ئەندامانە کە بۆ خەباتی چەکداریی دەستیان دەدا جوددادەکرانەوە، ئەوانە فرە بەبایەخبوون بۆ پەکەکە. هاوکات بەشێکیشیان ئەوانەبوون کە خەڵکیان هاندەداو خۆپیشاندانەکانیان سازدەدا. لەگەڵ ئەوانەی هەرکات داوایان لێبکرایە ئامادەبوون ماڵو پارەکانیان ببەخشنە تەڤگەرەکە. وەلێ پاراستنو مانەوەی ئەم شێوە پشتیوانییەی کوردانی هەندەران بۆ تەڤگەرەکە کاریی بەردەوامو تاقەتپڕوکێنی گەرەك بوو. هەسەن سەبارەت بەم پۆلێنکارییەی جەماوەری پەکەکە بەم شێوەیە کۆمێنتی خۆی دەوت:"

پێویست بوو خەڵکی ڕازیبکەیت، دیارە کە ئەوەیش گەلێ دژوارە. جارێکیان شانۆگەرییەکمان کرد دەربارەی گەریلایەك کە لە شەڕێکدا بریندارکرابوو. ئەو دەڕوا بۆ خێوەتێك بەهیوای ئەوەی فریای چارەسەریی دکتۆر بکەوێت، وەلێ ئیدی کات درەنگە بۆ ئەو، هەر بۆیە فریا ناکەوێتو دەمرێت، بەڵام پێش ئەوەی بمرێت، دەڵێ: بەزارۆکانم بڵێن، داوای لێبووردن دەکەم، چوون پێش ئەوەی بمرم نەمتوانی بیانبینمەوە. پەیامەکە ئەوە بوو کە ئەو مرد، لەبەرئەوە کە گەریلاکان بڕی پێویست فیشەکیان نەبوو(بەهۆی نەبوونی پارەوە)، ئیدی خەڵکەکە بەدیار شانۆگەرییەکەوە دەگریان".

هەروەها چالاکوانەکانی پەکەکە لەهەموو خێزانێکی کورد نێزیك دەبوونەوەو دەبوو مانگانە بڕێکی کەمیش بێت ببەخشن، هاوکات ئیشتراکی گۆڤارەکەیانو چەند چالاکییەکی تر دەبوونە هۆی ئەوەی کە چالاکوانەکان وا لەو خەڵکە بکەن ساڵانە ببنە هۆی بەخشینێکی زۆر. هەروەها هەڕەشەو تۆپزیش لەپێناو بەخشیندا بەکاردەهێنرا، وەلێ زۆرجار جدیبوونی پەکەکە لە جەنگە گەریلاییەکەداو توندبوونی لەدژایەتی ئەرتەشی تورکدا، ئیدی ئەوە بەستبوو تا خەڵکەکە دڵنیابکاتەوە لەوەی کە بەخشین پێویستە.

له ئەڵمانیا زۆربەی کرێکارەکان موچەیەکیان بەنێوی موچەی سیازەهەمین مانگ وەردەگرت. چالاکوانەکان ئەو موچەیان لە کرێکارەکان بەنێوی پێویستی بۆ جەنگە گەریلاییەکەیان لێدەستاندن.

بەرپرسێکی پەکەکە لە ئەوروپا بەمجۆرە رەوشەکە باس دەکات: "دەمانوت ئێوە ١٢ مانگەی خوا بۆ خۆتان کاردەکەن، چی دەبێت گەر مانگێکیش بیر لە خەباتە گەریلاییەکە بکەنەوە". زیاتر لەو بارەیەوە دەیوت: "ئێوە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی زەمینە سازی بکەن کە ئەوە جۆرێکە لە رەوشەکە". ئەمەیش بۆ ئەوەبوو تا بیسەلمێنن بۆ ئەوانەی کە کاریان نەکردووە، رێگەی تر لەپێشیاندا بوونی هەیە. هەروەها زیاتر هۆکارەکەی روونده‌کردەوە بەوەی:"هەندێکجار پارەیش بە تۆپزی کرابوو".

پەکەکە دارای سیستەمێکی دارایی ئاڵۆز بوو کە پێگیریی لەسەر ئەوە دەکرد پارەو پوڵ لە کوێوە دێتو چۆنیش بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوە وانازانرێ کە بۆ زەمەنێکی دوورو درێژ بووبێت. هەسەن دەیگووت: "پەکەکە روانگەیەکی ئابووری دروستی نەبوو، هەروەها دارای پلانێکی ئابووریش نەبوو". بەمشێوەیە پلانی ئابووری پەکەکەی پێناسە دەکرد: "پارە هاتو پارە چوو".

لەراستیدا پەکەکە هەموو ئەو پارانە بەشێکیی دەدایە تێچوونەکانی خۆی لەئەوروپاداو بەشێکیشیان دەناردەوە بۆ ئۆجەلان لە دیمەشق. دیارە گەر پارەو پوڵەکە کەمی بهێنایە ئەوا بەسانایی داوای زیاتریان دەکرد.

ئەندامانی پەکەکە هەوڵیاندا تا پرۆژەگەلێکی بچووکی سەرمایەداریی بخەنەگەڕ وەك دوکانی سەوزەومیوە فرۆشیو دوکانی دەرمان، وەلێ ئەم پرۆژە بچوکانە فرە بەکەمی سەرکەوتووبوون لەوەدا کە ئاتاجی پەکەکە زامنبکەن.

چالاکوانێکی پەکەکە کە سەروکلاوی لەگەڵ پرۆسەکەدا هەبوو دەیوت: "خاوەنەکانی پرۆژە بچووکەکان هەموو قازانجەکەیان دەدایە ئێمە، لەراستیدا ئەوان دوچاری شکست بوون".

سەرچاوەیەکی تری سەرمایەگوزاریی پەکەکە بریتی بوو لە دانانی باج لەسەر بازرگان‌و خاوەن کارە کوردەکان‌و هەندێکجاریش باجیان لە بزنسمانە تورکەکان دەسەند. بزنسمانە نەتەواگەراکانی کورد داوایان لێکرابوو که رێگەنەدەن لاوازیی‌و نەداریی مادی کاربکاتە سەر چالاکییەکانی پەکەکە. لەراستیدا زیان‌و لەدەستدانی قازانج لە تەواوی پرۆژەکاندا کاری کردبووە سەر پەکەکە، ئەوان نەیاندەتوانی یاساکان بۆ پەیگیریی لە زیان‌و قازانجی پرۆژەکان جێبەجێبکەن، چونکە ئەوان ئەندامی پەکەکە نەبوون، زۆربەشیان تلابوون لە بازرگانی مادەی هۆشبەرەوە، دیارە کە ئەو نەزمی بازرگانییە بۆ تەڤگەرەکە فرە مایەی سەرئێشە نەبوو. زۆرجار بەپرسانی حکومەتی تورکیا گلەییان لە ولاَتانی ئەورووپا دەکرد، چونکە ئەوان لەبەرامبەر پەکەکەداو لەبەرامبەر تۆرێك لە چالاکیی دارایی‌و سیاسیی‌و رۆشنبیریی پەکەکەدا نەرمییان نواندبوو.

بەدڵنیاییەوە وەختێك کە چالاکیگەلێك خۆیان ببیننەوە لە قاچاخی مادەی هۆشبەرو بەزۆرو زەبر پارە کێشانەوە لەمو لەو و کوشتنی رکابەرەکان. پۆلیس دەیتوانی کۆڵینەوە بکات‌و وەك گروپێك بەتەواوی قەدەغەیان بکات، وەلێ پەکەکە وەك بەرەیەکی سیاسیی لەئەورووپادا کارو چالاکی نومایان کردبوو، لەبەر ئەوە ئاسان نەبوو قەدەغە بکرێن. هاوکات زۆربەی ولاَتانی ئەورووپی هاوسۆزو هاوڕابوون لەگەڵ گێچەڵی کوردیی دژ بەتورکیا، بەتایبەت وەختێ کە پەکەکە کاریدەکرد تا دۆزی خراپ بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا بزرێنێت. وەلێ چالاکوانانی پەکەکە هاوسۆزی زیاتر لە ولاَتانی ئەورووپا چاوەڕێبوون، چونکە پەکەکە دەیەویست ولاَتە ئەورووپییەکان رێ‌و شوێنی روون‌و رەوان لەهەمبەر ئەو پرسە بگرنە بەر.

لەتورکیادا، کوردانی ئاوابیەکان لە ماڵەکانیاندا، بەردەوام لەژێر فشارو زەبری سەربازەکاندا بوون. هاوکات سیاسییەکانی کورد بەردەوام سوکایەتییان پێدەکراو رووبەڕووی هەڕەشەو گوڕەشە دەبوونەوە. سەرەڕای ئەوەیش ئاگربەستەکەی ساڵی ١٩٩٣ی ئۆجەلان هەروا لەلایەن ئەرتەش‌و هێزە ئاسایشییەکانی تورکەوە پایماڵکرابوو.

لەبواری مافی مرۆڤیشدا، کرێکاران‌و رۆژنامەنوسان بەردەوام رووبەرووی کوشتن‌و رفاندن دەبوونەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا وادیاربوو ئەوروپا هاوسۆزێکی بەهێزی تورکیا بێت. هەرچەند کە تاو تاو هۆشیاریی دەدرایە تورکیا سەبارەت بەسەرپێچییەکان‌و وا چەوەروانیش دەکرا کە ئەو ئاگادارکردنەوانە زیاتر بونایە. بەڵام تا ئەو کات ئەوروپا تەنیٚ چاودێریی رەوشەکەی دەکردو تەنانەت هەندێکجاریش پشتیوانییان بۆ تورکیا دەردەبڕی. هەسەن لەم بارەیەوە دەیوت: "بۆنموونە وەختێك پەکەکە چالاکیی ئاشتی لە ئەوروپا گرتە بەر، وەك مانگرتن لەخواردن و ریٚو شوێنەکانی تری ئاشتیی، کەچی هیچ کام لە وڵاتە ئەوروپییەکان ئەو چالاکییانەیان بەهەند وەرنەگرت.

دیدارگەلێك لەتەك پەرلەمانتارانی ئەوروپادا هاتبووە گۆریٚ، وەلیٚ هەموو ئەو دیدارانە هیچی لیٚ سەوز نەببوو". ئەو زیاتر روونکردنەوەی داو وتی: "ئێمە پەیامێکمان لەو بارەیەوە خستەروو، وەلیٚ هیچ کات وەڵامێکی جددییمان وەرنەگرتەوە، دیارە کە ئەمەیش نائومێدییەکی دیاریکراو و رەشبینییەك دروستدەکات‌و ئیتر تۆ پێویستە بۆ بەرگرتن لەو نائومێدییە شتێك بکەیت".

لە ٢٤ی مانگی شەشی ١٩٩٣ دا، چالاکوانەکانی پەکەکە لە فەرەنساو سویدو ئەڵمانیا، دەستیان دایە پەلاماردانێکی هەماهەنگ‌و بەرنامە بۆدارێژراو بۆ سەر کۆمپانیا تورکییەکان. ئەوەبوو لە ١٢ شاری ئەو وڵاتانەدا نارەزاییان پیشانداو هاوکات هەڵیان کوتایە سەر سیٚ لە کونسوڵخانەکانی تورکیا[284]. لە مانگی یازدەی هەمان ساڵیشدا دووبارە شەپۆلێکی نوێی تورەیی پشتیوانانی پەکەکە لە ئەڵمانیادا بەرۆکی کۆمپانیاکانی تورکیای گرتەوەو لەئاکامدا پیاوێك هاتە کوشتن. دوواجارو هەر لە هەمان مانگدا، وەزیری نێوخۆی ئەڵمانیا بەوە وەڵامی خۆپیشاندانەکانی دایەوە کە پەکەکەو ٣٥ رێکخراوی دیکەی پەیوەست بەپەکەکە لە وڵاتەکەیدا یاساغ دەکات. فەرەنسایش کەوتە دووی نارەزاییەکان، وەلیٚ قەدەغەکارییەکانی ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

---

284 Quoted in Yeni Gundem, 27 Sept.–3 Oct. 1987, 14.

چالاکوانێکی پێشووی پەکەکە بەمجۆرە ئەم تێبینییەی خستەڕوو: "لە وڵاتانی دێموکراسیدا، هێندە ئاسان نییە ئەم جۆرە شتانە یاساغبکرێن". هەروەها دەیوت: "تەنێ ناوەکان بگۆڕە، ئیدی مشکلێك نامێنێت، بۆ نموونە یانەی مافەکانی گەل گۆڕا بۆ یانەی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها رۆژنامەی پۆلیتیکا ئۆزغور گۆڕا بۆ رۆژنامەی یەنی ئۆز غور پۆلیتیکا".

پەکەکە هیچ حسابێکی بۆ چۆنییەتی کاریگەرییەکانی ئەو قەدەغەکارییە نەکردبوو لەسەر پێوەندییەکانیان لەتەك پەرلەمانتارانی ئەورووپاو سیاسییە نەتەوەییەکانی ئەوێ. چوون ئیدی هەندێ لە کارە دیپلۆماسییو پێوەندییەکانی پەکەکە لە ئەورووپادا ئەرزشی بۆ نەمایەوە، ئەویش بەهۆی مەترسی تێوەگلانیان لەگەڵ گروپێکی یاساغو نافەرمیدا.

تەنانەت لەئێستایشدا بەنێوی بەرەیەکی رێکخراویی نوێوە کاردەکەن، وەلێ هەموو ئەو رۆژنامەنوسە ئەورووپیانەی کە پێشتر مامەڵەیان لەگەڵ پەکەکەدا وەك دەنگێکی شەرعیی کوردان بوو، وەلێ ئێستە بەدوواوە ئیتر خۆیان بەدووردەگرن لە لەکەی تێرۆرو توندوتیژییەکانی ئەو تەڤگەرە.

حەسەن لەم بارەیەوە دەیگوت: "خەڵکەکە لەتەك ئێمەدا دیدارو بەدەمەوەچوونیان راگرت، دەوترا کە ئەوان لەتەك تێرۆریستاندا کۆنابنەوە". هەروەها دەیوت: "لەسەر ئاستی پراکتیکدا، ئێمە هەر مژوڵی چالاکیی بووین، وەلێ چالاکییەکانمان سنوور داربوون. ئێمە بەردەوام پشتیوانییەکی هەمەلایەنەمان هەبوو، وەلێ بە جیددی کار نەدەکرا تا لۆبییەکی کاریگەر چێبکەن، تەنانەت خەڵکانێك هەر ئامادە نەبوون بێنە نێو ڤیستیڤاڵەکانمانەوە".

## ژیان لە دەرێی وڵاتدا

قوتاربوونی نوێنەرانی DEP بۆ ئەورووپا، پاش ئەوەی کە پارتەکەیان لەلایەن دادگای باڵای تورکیاوە داخرا، ببوویە نمای پروپاگەندەیەکی بەپیتو فەڕ بۆ پەکەکە. حەسەن وتەبێژی تەڤگەرەکە لە ئەورووپا دەیوت: "بەگەیشتنی ئەو نوێنەرانە، ئیدی تینی گەلێ لە

چالاکییە دیپلۆماسییەکان بوژایەوە، دیارە کە ئەوە هەڵەیەکی تورکیابوو کە ئەو پارتە سیاسییە کوردییەی لە تورکیا یاساغکرد".

زۆرێك لە بەرپرسەکانیDEP لە تورکیادا مکوڕ بوونو خەباتی بەردەوامیان دەکرد تا لەژێر نیرو نەریتی رامیاریی پەکەکە بێنە دەرێو سەربەخۆ بن، بەلآم ئێستەکانێ کە هاتوونەتە ئەوروپا، ئیتر وادیارنییە هێند بۆیان گرنگبێت گەر پەکەکە بیهەوێت بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە یان نا. ئەوەیش بۆ وان ئاسان نەبوو کە وەك تورکیا بیانەوێت سەربەخۆبن، چون ئەوان کە گەیشتبوونە ئەوروپا، بەپارەیەکی کەمو بە پێوەندییەکی لاوازو بە کەنەفتییەك لە شارەزایی زمانە بیانییەکانەوە هاتبوون. لەهەمانکاتدا پەکەکە کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگەی کوردیی کردبوو لە ئەوروپا، لەهەموو شوێنێك نوسینگەو بنکەی هەبوو، پەکەکە دارای پارەو پوڵو هێزێکی مادیی باش بوو. تەنانەت گەر یەکێکیش بیویستایە لەتەك نوێنەرە هەڵهاتووەکان پەیوەندیی بکات، ئەوان هیچ کۆمەكو پشتیوانییەکیان نەبوو بۆی، ئیدی بەم نەزمە ئەوان تەنها هەڵبژاردەی بەردەمیان ئەوە بوو، کە شانبەشانی پەکەکە برەو بە کارو چالاکییەکانیان بدەن لە هەندەراندا.

نەجدەت بولدان، سەرۆکی شارەوانی پێشووی یوکسی کوفا کە سەر بە DEP بوو. ئەو پاش ئەوەی براکەی بە ساڤاس بولدان وەك دەستگرۆکەرو پشتیوانێکی دارایی پەکەکە تۆمەتبار کرابوو، ئیدی لە ئەستەمبوڵدا رفێنراو بە کوژراوی دۆزییانەوە. لەکاردانەوەی ئەوەدا نەجدەت هەڵهات بۆ ئەوروپا. ناوبراو تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو. هەربۆیە لەئەوروپا دا تەنێ کەڵکەڵەی ئەوە لەسەریدا بوو چلۆن تۆڵەی کوژرانی برا گەنجەکەی بسێنێتەوە. بۆ ئەو گرنگ نەبوو کە پێوەندیی لەتەك پەکەکەدا چێبکات. بەلآم پەکەکەی وەك گروپێك دەبینیی کە تەنها ئەوان دەتوانن یاریدەدەربن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی کە خۆی لە تۆڵەی براکەیدا دەبینییەوە. بولدان دەیوت: "دەوڵەت باشترینی لە خێزانەکەمدا گرتو کوشتی". ناوبراو لە سێپتەمبەری ١٩٩٤دا لەتورکیاوە هەڵهاتبوو. ئەو لەسەرەتاوە بە خۆحەشاردانی لەنێو سندوقی پاسێکدا خۆی گەیاندەبووە بولغاریا.

بوڵدان دەیگوت: "نەمدەتوانی هەڵبێم (پرسیارەکە ئەوەبوو) چلۆن دەوڵەت بخەمە رەوشێکەوە کە پێی نیگەران بێت. دەبوو شتێکم بکردایەو رۆڵم هەبووایە لە دۆزی نەتەوەکەمدا، ئایا دەمتوانی رۆڵم چیبێت؟".

بەرپرسانی DEP پێشنیازگەلێکی نوێ کەوتبوویە مەژگیانەوە. دواجار لەسەر دامەزراندنی پەرلەمانێك لە مەنفادا یەکیانگرت. چوون ئەوە ئاماژەیەکی بەگوڕ بوو بۆ کاردانەوەی رێگرییەکانی تورکیا لەوەدا، کە بواری بە پەرلەمانتارانی کورد نەدەدا تا لەنێو پەرلەمانی تورکیادا مژوڵی سیاسەت بن[٢٨٥]. هەربۆیە لە نیسانی ١٩٩٥ داو لە شاری لاهایدا یەکەمین پەرلەمانی کورد لە هەندەرانداو لە چوارچێوەی ئاهەنگێکدا دەستی بەکارەکانی کرد. پەرلەمانەکە پێکهاتبوو لە ٦٥ ئەندام کە بەشێوەیەکی گشتی لەرێکخراوەکانی پەیوەست بەپەکەکەو لە بەرەی سیاسیی ERNK ی سەر بەپەکەکەوە هاتبوون. هاوکات هەشت لەبەرپرسانی DEP بوونە ئەندام کە لەناو ئەوانیشدا پێنجیان ئەندام پەرلەمانی پێشووی تورکیا بوون. ئەوەیش نومایانی هەیمەنەی پەکەکەو شەرعییەتدان بەپەکەکە بوو کە پێشتر بەو شێوەیە دان بەو راستییەدا نەنرابوو.

ئەم هەوڵەی کوردان لەدەرێ رەوشەکەی خراپترکرد، چوون تورکیا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە کێشەی کورد تەنها کێشەی تێرۆرەو ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان بەرێگەو رێبازی جیاو توندتر بێنە پێشێ‌و تەنانەت ئەم نەزمی کارکردنەیان وەختە بخزێتە نێو نێزیکترین لە هاوپەیمانەکانییانەوە. دیارە بڕیاری تورکیا بۆ قەدەغەکردنی DEP بووە هۆی دادگایی کردنیی هەشت لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە تا ئەو کات لە تورکیا دەرباز نەببوون. ئەو هەشت پەرلەمانتارە لە دێسەمبەری ١٩٩٤ دا، هەریەکەیان ١٥ ساڵ زیندانییان بەسەردا سەپێنرابوو. بڕیارێکی وەهایش زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپی توشی شۆك کردبوو. هاوکات هەوڵێکی لەوجۆرە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش شتێکی

---

[285] Birand, Apo ve PKK, 197.

سادەو ئاسایی نەبوو. ئەڵمانیا بەزوویی هاریکارییە سەربازییەکانی بۆ تورکیا هەڵپەسارد، ئەوەیش پاش ئەوە هات کە پارتە سیاسییەکە لە تورکیادا قەدەغەکرا. هاوکات یەکێتی ئەوروپا وازۆکردنی یەکێتی گومرگی لەتەك توکیا دوواخست. هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکایش کەوتنە کۆڵینەوەی ورد لە سەر نەزمی فرۆشتنی چەكو چۆڵ بەتورکیاو لەنێزیکەوە باری سەرنجیان دایە خواروخێچییەکانی مافی مرۆڤ لەتورکیا. هەروەها ئەنکەرە داوای کرد بەزوویی پەرلەمان هەڵوەشێتەوە، چوون پێی وابوو هەوڵەکانی تا ئەوکات هیچ نەبوو جگە لەوەی لەبەرەی پەکەکەدا هەڵسوڕاوەو تا ئەوکات هیچ هەنگاوێکی توندی لەهەمبەر تیرۆردا نەگرتووەتە بەر. ئەوە لەکاتێکیشدا بوو کە هەموو ئەوانەی لەپەرلەمان بوون کەسانی ناپەیوەست بە پەکەکە و ئەندامانی سەربەخۆو خەڵکانی بەناوبانگ بوون و تەنها پرۆژەشیان بۆ بەدەمەوەچوونی رەوشەکە پرۆژەیەکی ئاشتیانەو پشتبەستووبوو بەدانوستان. کەواتە لە بیریی ئەنکەرەدا پێویستبوو پەرلەمانێکی وەها هەڵبوەشێتەوە. دیارە سەرزەنشتی یەکێتی ئەوروپا بۆ رێوشوێنەکانی تورکیا لەکاتێکدا بوو کە بۆ هەوەڵجار پەرلەمانتارانی کورد لە لاهای کۆبیبوونەوە. هەربۆیە تورکیایش لەکاردانەوەی ئەوەدا لەرێگەی باڵوێزخانەکانییەوە نیگەرانی خۆی گەیاندە ئەوروپاو بڕیاریدا کڕینی چەكوچۆڵ لەو وڵاتانەدا هەڵپەسێرێت. دیارە کە هەوڵی سەرەکیی بۆ گرتنەبەری رێی ئاشتیی لەرێگەی دانوستانەوە، لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە بەهیچ جۆرێك ناتوانێ ئامادەیی خۆی پیشانبدات بۆ بەهەند وەرگرتنی پرسی کوردو لەهیچ دانیشتنێکیشدا ئامادە نییە دەنگۆی میدیاییو بڵاوکراوەکان باس لە رەوشی پرۆسەی ئاشتەوایی بکەن. بوڵدان کە ئەندامێکی پەرلەمانی کورد بوو لە مەنفا، لەم بارەیەوە بە بزەیەکەوە دەیوت: "هەرکات کە لە وڵاتێکی دیکەدا گرددەبووینەوە، ئەوا گرفتێك لەگەڵ تورکیادا رەچاودەکرا، دیارە ئەمەیش دووبارە دۆزی

کوردیی دەخستەوە سەرنەخشەی نێوچەکە. هەربۆیە سەرەڕای هەموو ئەو ناتواناییەمان، هێشتا پەرلەمانی کورد لە مەنفادا سەرکەوتووترین هەوڵی کوردان بوو".

بەرپرسانی DEP لەوێ تامەزرۆی زەمینە سازییەك بوون تا سیاسەت بکەن، واشیان دەبینی پێکهاتەیەکی سیاسیی دروست لە ئەوروپادا دروست بووە. کە لەوێدا دەتوانن یاسا دابتاشن‌و پلان دابڕێژن‌و هەروەها دارای دەسەڵاتێکن تا راستەوخۆ وتوێژی سیاسیی لەهەمبەر دۆزەکەیان بکەن. هەربۆیە لەپاش زەمەنێکی دوورو درێژ ئەوان گەشبین بوون بە بونیادنانی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بەرێگەیەکی سەر ڕاست‌و واقیعیی. زیاتر لەوەیش لەمیانی ئەو ئەنجومەنەدا لە مەنفا هەماهەنگی‌و یەکبوونێك بۆ تێکرای پارچەکانی کوردستان دروست ببوو.

ئۆجەلان وەك هەمیشە لەهەموو شتێکدا قوڵدەبوویەوە. تەنانەتە دەسپێکی کارەگرنگەکان لەڕوویدا وەك هەڕەشەیەك لێکدەدایەوە بۆ سەر رێبەرایەتییە تاکڕەوانەکەی. بوڵدان لەساڵی ١٩٩٥ دا لەسەردانێکیدا بۆ لای ئۆجەلان ئەم بایەخەی ئۆجەلانی بەمجۆرە خستە ڕوو: "ئەو وتی، تەنانەت گەر تەنها نوێنەرێکیش بم لەو پێکهاتە نەتەوەییەدا، ئەوا رازیدەبم پێی". هەروەها بوڵدان دەیوت: "بەدڵنیاییەوە، لەبواری پراکتیکیدا ئۆجەلان هیچ هەماهەنگییەکی لەگەڵ پارتەکانی تردا نەکرد. لەبەر ئەوە وابیردەکەمەوە کە ئۆجەلان پێی وابێت هەرگیز ناتوانین ئەنجومەنێکی نەتەوەیی دروست بکەین".

پەکەکە بەهۆی توانا ئابوورییەکەی‌و بەهۆی ئامادەبوونی زۆرترین ئەندامیی لەپەرلەمانەکەداو بەهۆی راکێشانی سەرنجی زۆرینەو هەیمەنەی بەسەر رایگشتی کۆمەڵگەی کوردیدا، وایلێهاتبوو کە پەرلەمانەکە ئەو چانسەی لەدەستدا نەبێت تا ئەو بەرنامەو بڕیارانەی کە سووربوو لەسەر داڕشتن‌و جێبەجێکردنیان وەك خۆی جێبەجێیان

بکات. لەراستیدا پەکەکە نەیهێلا برەو بە نێوەرۆکی کاریی پەرلەمانەکە بدرێت، ئەگەرچی تەنها هێزی باڵادەستو سەرداریش بوو لەنێویدا. لەمبارەیەوە حەسەن بەرپرسو وتەبێژی پێشووی پەکەکە لەئەوروپا دەیوت: "پەکەکە پەرلەمانەکەی وەك تاکتیکێك دەبینیو وەك شتێك وابوو تا حکومەتی تورکیا نائارامو نیگەران بکات. ئەگین پەکەکە بە هیچکات بە خەڵکیی کوردی نەدەگوت کە ئەمانە نوێنەرانی نەتەوەی کوردنو دەبوو ئەوان مشتومڕ لەبارەی دۆزی کوردەوە بکەن".

لە کۆتاییدا پەرلەمانەکە گەلێ سەرکەوتنی بەدەست هانی، بەڵام ئەوە سەختە گەر بوترێت خودی پەرلەمانەکە سەرکەوتوو بوو. چوون لەگەڵ ئەوەی پەکەکە نەزمێکی دیموکراسیی دابوو بە هەوڵەکانی، لەهەمان کاتدا بۆشاییەکی گەورە هەبوو لەنێوان ئەوەدا کە پەرلەمان چی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەوەی رێگە بەچی دراوە بیکات. هاوشێوەی رۆژنامە کوردییەکان لە تورکیاو گەلێ لەپارتە سیاسییە کوردییەکان و پەخشیی ئاسمانی کوردیی لە ئەوروپا، ئەندام پەرلەمانەکانیش لەمەنفا دەستیان دایە بەڵێنو پلانو ئەجێنداگەلێکی دیاریکراو. بەڵام دوواجار ملنەدانی ئۆجەلان بۆ دەستبەرداربوونی هەرجۆرە دەسەڵاتێکیو هەوڵەکانی بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتەکان شتێك نەبوو لەلایەن بیرمەندانو سەربەخۆکانی کوردەوە بەئاسانی هەزمبکرێت.

حەسەن زۆر بە گرژییەوە دەیوت: "لەدەرێی پەکەکەدا شتێکی دیکە نەبوو". هەروەها دەیوت: "گەر پەکەکە نەبووایە پەرلەمان رووی لەکێ دەنا؟ بیناو باڵەخانەی بارەگاکان، تیکتی هاتوچۆو تەنانەت پێنوسەکانیش لەلایەن پەکەکەوە دابیندەکران. پەکەکە لەو جۆرە رێکخستنانەبوو کە هەموو شتێکی ئەنجامدەدا".

# بەشی چوارەم
# دەستگیرکردنی ئۆجەلان و دەرهاویشتەکانیی

## باسی یەکەم:
## پوکانەوە (١٩٩٥ _ ١٩٩٨)

سەعید کوروك کایا، کە خوێندکارێکی کۆلێژی پزیشکی بوو، لە مانگی شەشی ١٩٩٥دا لەچیاکانی باکووری ئێراقدا ببووە گەریلاو بەشداری کۆبوونەوەکانی فەرماندە سەربازییەکانیی پەکەکەی دەکرد. مانەوە لەوێ هێند سانا نەبوو، بەردەوام هێزە ئەرتەشییەکانی تورکو چالاکییەکانی سوپا تیمەکەی ئەو کە ١٧ گەریلا بوون ناچار بە ئالوگۆرێکی بەردەوامدەکرد لەشوێنەکانیان. بەکارهێنانی کۆگاکانی تفاقو ئازوقەو چەك لەو رەوشەدا ئەستەم بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا دێهاتیگەلێکی کەم وەك هاوسۆزی گەریلاکان لەناوچەکەدا مابوونەوە. لەو سەروبەندەدا کوروك کایا خۆی گەیاندە شارۆچکەی سێرت، ئەو شارۆچەیە دروست لەنیمە ڕێی هێڵە سنوورییەکەدا بوو. ناوبراو هیچ هەڵبژاردنێکی لەبەردەمدا نەبوو جگە لەفرسەتی چوونە ناوەوەی نێوەندە شارییەکان تا تەدارەکاتی چالاکییەکانی لەوێندەر بکات.

کوروك کایادەیوت: "لە گەرشتەکە کەنارییەکانی شاردا گەیشتینە دوکانێك. خاوەنەکەی وەختێك سەرو بیچمی ئێمەی بینی توشی شۆك بوو. ئێمە پێمان گوت پارەو پوڵت دەدەینێ، بەڵام کۆڵەپشتیو جانتاکانما هەرچی دەگرن لە ئاردو شەکرو نوقڵو چوکلێت پڕیان بکەو هێندەمان بەرێ کە ١٧ پیاو بتوانن هەڵیبگرن".

هەر لەوکاتەداو چەند میلێکی کەمیی دوور لەوان، پێکدادانێك لەنێوان شۆڕشگێڕانو سەربازەکاندا قەوما.

کوروك کایادەیوت: "گوێم لەدوژمن بوو کە لەڕێگەی بێ سیمەوە قسانیاندەکرد، دەمتوانی بەسانایی گوێبیستیان بم، دیاربوو چالاکییەکی سەربازی لەگۆڕێدا هەبوو. وەلێ بەتەواوی دڵنیانەبووم چالاکییەکە لە کوێدایە. ناچار ئێمە دوو شەوی رەبەق لە لێواری رووبارێکدا قەتیس ماین. وەختێ لە رووبارەکەدا پەڕینەوە، لەوێندەر داڵە کەرخۆرەمان

دەبینی، ئیدی زانیمان کە لەودەورووبەرەدا دەبێت تەرمگەلێك بەجێمابن. ئەوەبوو تەرمی سێ گەریلامان دییەوە لەتەك پیاوێك کە هێشتا گیانی تێدا مابوو. پیاوەکە لاقێکی شکابوو، دیاربوو کە ناسۆری لاقەکەی کرمی هەڵهێنابوو. پیاوەکە ماوەی دوو رۆژ بوو بەبێ ئاوو نانو هیچ شتێك بە بیماری کەوتبوو. گەردالە کەر خۆرەکانم نەدیبایە. هەرگیز ئەو تەرمانە پێیان نەدەزانرا".

تیمەکەی کوروك کایا گەریلا زامدارەکەیان هەڵگرت بۆ نێزیکترین گوند. ئەوان گەڕان بەدووی گوێدرێژێکدا، تابەهۆیەوە تەرمەکان بگوازنەوە، دواجار کۆڵیان نەدا تادانەیەکیان دۆزییەوە، بەڵام خاوەنی گوێدرێژەکە دەستبەرداری گوێدرێژەکەی نەدەبوو. چوونکە لەوەدەترسا سەربازەکان پێی بزانن‌و تۆمەتباری بکەن بەوەی کە بە کەرەکەی دەستگرۆیی گەریلاکانی کردووە.

بەڵام کوروك کایا توانی بابای خاوەن کەر بەمجۆرە رازی بکات: " گەر گوێدرێژەکەیان نەداتێ، ئەوا هەر لەوێ گەریلا زامدارەکەجێدەهێڵن. بەمەش سەربازەکان گەر بێن هەم ئەو هەم خاوەن کەریش لەنێودەبەن، بۆیە رازیمان کرد بەوەی کەرەکەمان بە ٥٠٠ مارك پێ بفرۆشێت‌و بەسەربازەکانیش بڵێت کەرەکەم ونبووە".

بەمجۆرە بریندارەکەیان لەسەر پشتی گوێدرێژەکەوە بەستەوەو خۆیان گەیاندە چیاکانی گابەرو بێسلەر. ئیدی لەوێ بریندارەکەیان لەلای یەکەیەکی تری گەریلاکان جێهێڵا. تانکەکانی تورك لەوکاتەدا لە چیاکانی جودی وەستابوون. ئەوێ دوواین خاڵی سنووری بوو بۆ باکووری ئێراق، کەدروست کەمپی زابی پەکەکە هەڵکەوتوو بوو لەو نێوچەیەدا. رەوشی چیای جودی زۆر ناهەموارو سەخت بوو، لەوێ تەواوی ئاواییەکان چۆڵیان کردبوو. شۆڕشێڕەکان تەنها چانسیان لەوەدابوو کە لە ئاواییەجێهێڵراوەکاندا بگەڕێن بەدووی خۆراك‌و میوەو سەوزەی نێو باخچەو باخەکانی ئەوێدا. کورجوك کایا بەتەواوی لەو رەوشە شەکەت‌و ماندوو ببوو، ئەو نێزیکەی دوومانگ بوو هەورازو نشێوەکانی ئەوێی تەی دەکرد تاخۆی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

کورجوك کایادەیوت:" هەمووان بەدەست ئەو گرفتەوەدەمانناڵاند، لەویّ نەخواردنی پێویست هەبوو، نە کۆگاکانمان بەشی دەکرد، چوون پێوەندیمان لەتەك خەڵکی ئاواییەکاندا لەدەستدابوو. بەپێچەوانەوە لەئاواییەکانەوە گوندپارێزەکان هێرشیاندەکردە سەرمان. ناوبراو ساڵانی پێشوودەنگو رەنگی فرە خەمناكو نائومێد دیاربوو. ئەودەیوت:" نەمدەتوانی بیر لەچارەسەرییەك بکەمەوە، لەبەرئەوە وەلامەکە لەگەلّ مندا "رۆکردن نەبوو. ئەو باوەری وەها بوو کە ئەم ئەزموونەی لەگەلّ ئۆجەلاندا گوزەراندووە.

ئۆجەلان هەمیشە خۆی بە نەزمی جەنگو سەربازییەوە هەلّدەکێشا، هەرچەند کە بۆخۆی فیشەکێکیشی نەتەقاندبوو، بەلاّم هەمیشەجەنگی بەلاوە باشتر بوو تا فەرماندە گەلێکی سەربازیی ئەزمووندار کە پێیان باشبوو پەکەکە پێویستە بچێتەوە بە تاکتیکە سەربازییەکانیدا. ئۆجەلان هەموو ئەو پێشنیازانەی سەرکردە سەربازییەکانی پەکەکەی دایەدوواوە کە پەیوەستبوون بە ستراتیژیی نوێی پەکەکەوە لە مەیدانەکەدا، ئەو گوێی نەدەگرت بۆ هیچ کام لەو ناسۆریانەی کە باسدەکران. هەروەها ئامادەش نەبوو ملبدات بۆ بۆچوونی سەرکردەکان لەهەمبەر دژوارییەکانی بەرەکانی جەنگ. ئەو تەنانەت هەر ئاشنایەتییەکیشی لەو بارەیەوە دەدایەدوواوە. هەموو ئەمانە بەئاشکرا لە کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکەدا نومایاندەبوون. کۆنگرەکە لە دەستپێکی سەری ساڵی ١٩٩٥ دا سێ رۆژی خایاند. تەوسییەکانی ئۆجەلان لەکاتێکدا بوو کە هەموو نێردراوو نوێنەرەکانی کۆنگرەی بەوە ئاراستەکردبوو کە پابەندبن بەنەخشە رێگای کاری کۆنگرەوەو هیچ ئەرزشێك بۆدەنگۆکانی توانا سەربازییەکانی پەکەکە دانەنێن. بەڵکو ئۆجەلان داوای کرد تا خۆیان ئامادەبکەن بۆ راپەرینێکی سەرتاسەریو هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆدەستگرتن بەسەر تەواوی باکووری کوردستاندا.

دیسان وەك کۆنگرەکانی پێشووتری پەکەکە چەند بەرپرسێکی پەکەکە تۆمەتبارکران بە سەرپێچی لەفەرمانەکانی ئۆجەلانو زیانگەیاندن بەجەنگە گەریلاییەکەی پەکەکە. یەکێك لەو فەرماندە سەربازییانە حوسەین تۆپیقدەر بوو، ئەوەی خۆیو گەریلاکانی لە

نێوچەی گارزان، بەتەواوی دوچاری دژوارییەکانی جەنگ ببوونەوەو ئەزموون‌و ماندوبونێکی فرەی لەپێناو پەکەکەدا بینیبوو.

هەموو ئەو ناوچانەی کە ئەو تێیدا چالاکی کردبوو، سەر بە هێڵەسنوورییەکەی شارەکانی موش‌و بەدلیس‌و سیرت‌و باتمان بوو. کە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سەربازەکانی تورکدا بوون.

لەراستیدا هەڵەگەلێك لەو نێوچانەدا روویدابوو، هەربۆیە ئۆجەلان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو گەریلایانەی تێوەگلاون لەو هەڵانەدا، گەریلایەکی ترسنۆك‌و لاوازن‌و بەڕاست‌ودروستی نەیانتوانیوە فەرمانەکانی پەکەکە جێبەجێبکەن.

هەربۆیە ئۆجەلان لەو راپۆرتەیدا کە بۆ کۆنگرەی ٥ی پەکەکە ئامادەی کردبوو رایگەیاند:"هیچ شوێنێك بۆ خۆبەکەمزانی لە نەزمی سەربازیدا نییە". کۆنگرەکە لە کەمپی هەفتانینی پەکەکە لە باکووری ئێراقدا هاتبووە گرێدان. ئۆجەلان لەشوێنێکی تردا دەیووت:"دەوترێت بەهۆکاری نێوخۆیی‌ودەرەکییەوە ناتوانین بگەینە ئامانجەکانمان، یاخۆ رێگریمان لێدەکرێت لەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، دیارە کە هەموو ئەو بیانووانە لە فەرهەنگی پەکەکەدا تاوانن، چوون لە نەزمی سەربازیدا، میتۆدو بەرنامەی گونجاو لەپێناو سەرکەوتندایە. بۆخۆم لەپێناو سەرکەوتندا هەموو شتێکم ئەنجامداو سەرکەوتوویش بووم"[٢٨٦].

گەلێك لە سەرکردە سەربازییە مەیدانییەکانی پەکەکە لەو راستییە تێگەیشتبوون کە ئاڕاستەی سەربازیی ئۆجەلان هۆکاری بنچینەیی شکستەکانیانە. دیارە کە رێبەری پەکەکە ١٦ ساڵ بوو نێوخۆی تورکیای نەبینی بوو، هەربۆیە دەبوو کەمێك ئاگاداریی رەوشی نێوخۆو زەمینەی واقیعی تورکیا بووایە. بەتایبەتی کاتێك میریی فشاری دەخستە سەر ئاوایی‌یەکان تا زێدی خۆیانجێبهێڵن دەبوو هۆشی لەگۆڕانەکان بێت، کەچی ئۆجەلان پێداگریی لەسەر ئەوەدەکرد کە رێگرییان لێبکەن‌و هانی دەدان تا خەڵکەکە

[286] PKK 5. Kongresi, 224.

گەڕێننەوە سەر زێدی خۆیان. بەڵام لەڕەوشێکی وەهادا گەریلاکان تەنهادەیانتوانی گیانی خۆیان بپارێزن، نەك بیانپەرژێنە سەر هاوڵاتییە بێ چەکەکان. کەچی بەتالیۆنە گەورەکانی پەکەکە لەنێوچەکەدا هەمیشە رووبەڕووی تانەو تەشەری ئۆجەلان دەبوونەوە، چوون ئۆجەلان لەگەڵ جەنگی هەڵکوتانە سەر شوێنێك نەبوو پاشان بکشێنە دوواوە. ئەو پێی وابوودەبێت شوێنەکە کۆنترۆڵبکەن. دیارە کە ئەمەیش پێویستی بە تفاقو چەکو چۆڵی هێزێکی سەربازیی تەواو ئامادە هەبوو. بەڵام گەریلاکان توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو چەکو تفاقەیان نەبوو تا بۆماوەیەکی زۆر بمێننەوە. لەبەرئەوە بەسەختی رووبەڕووی لۆمەی ئۆجەلان ببوونەوەو ئۆجەلان ئەوانی بە ترسنۆكو نەفام بە تاکتیكو تەوژمی نوێی سەربازیی دەزانیی. ساڵێك دوواتر نەوال بەم شێوەیە نائومێدیو رەشبینی خۆی لەسەر رەوشەکە دەردەبڕی:" ئۆجەلان پێی وابوو کە کێشە تاکتیك نییە، بەڵکوو کێشە لەگەڵ تاکەکاندایە.

بەڵام ئێمە چەکوچۆڵی پێویستمان نەبوو، ئەی پێویستە چی لەگەڵ ئەم رەوشەدا بکەین. ئایا خۆمان بە لوغمەکاندا بتەقێنینەوە، خۆ ئەوەیش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەمە لەجیاتی مشتومڕ لە سەر تاکتیکی سەربازیی دەبوو بەجۆرێك دەست لە نەخشەو نواڕینی حزب بەرنەدەینو قوڵنەبینەوە. چونکە ئۆجەلان هەمیشە دەیوت، هەموشتێك باشە، کێشەکان تەنها ئێوەن".

هەشت مانگ پاش کۆنگرەی پێنجەم، سەعید کوروك کایای فەرماندەی ئامەدی پەکەکە، گەیشتە کەمپی زاپ لە باکووری ئێراق. ئەوە پاش دوومانگ رێ رۆیشتن هات تا توانی خۆیبگەیەنێتەوە کەمپەکەیان. ئەو پێویست بوو لە کۆمیتەی نێوەندی پەکەکەدا ئامادەبێت تاوەکو گوێبیستی ئەو بڕیارانە بێت کە لە کۆنگرەدا هاتوونەتە دەرکردنو شێوازی جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش تێبگات. دیارە کە ناوبراو هەر بەنازناوە کۆنەکەیەوە، بەناوی دکتۆر سولەیمان وەڵامدەدرایەوە، ئەو گۆڕانکارییەکانی کۆگرەی پێنجی بەهەند وەرنەگرتبوون. هەربۆیە کاتێك ئەو و فەرمانده مەیدانییەکانی تر کە بەهەمان شێوە رێگەیەکی زۆردژوارو سەختیان بڕیبوو تا بگەنە کۆبوونەوەکەو

راسپاردەکان وەربگرن. دوواجار کە گەیشتنە ئەوێو   راگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەیان بینی توشی شۆك بوون. بەتەواوی لەودەسەلاتە رەهاو لەو بێ سنوورییەی کۆنترۆڵی ئۆجەلان بەسەر ئیرادەی حزبدا ئەبڵەق بوون.

ئەیهان سیفتسی لەم بارەیەوەدەیوت:"راگەیەنراوەکە وەها بوو کەدنیا وەك ماسی مەییو وایەو هیچ نەگۆڕاوە، بەشێوەیەك بوو کە ئاواییەك چۆڵنەکراوەو هیچ گەریلایەك لەنێونەچووەو هاتنە ناوەوەی ریزەکانی گەریلا هەروا بەردەوامە". ناوبراو دواتر بوویە فەرماندەی ئەرزرۆمی پەکەکە. ئەویش بەهەمان شێوەدەیوت:" بڕیارەکانم خوێندەوەو لەجێی خۆمدا حەپەسام".

هەروەها شەمدین ساکیك یەکێ لە بەئەزموونترینو دیارترین فەرماندەکانی پەکەکەو بەرپرسی هەرێمی دەرسیم (تونجەلی) ئەویش بەهەمان شێوە راپۆرتەکەی فڕەدایەسەر زەویو وتی:" نابێت ئەمە روویدات".

هاوکات گردبوونەوەکان لە هەرێمی زاب، فرسەتێکی کەمی دایە فەرماندە سەربازییەکانی پەکەکە، تا پێکەوە گردبنەوەو بەتێروتەسەلی قسان بکەن، ئەوانەی تائەوکات لەرێگەی بێ سیمو گردبوونەوەی پەلەو کتوپڕدا یەکتریان بینیبوو.

هەریەك لە ساکیكو سیفتسیو کوروك کایا، ئەوانەی نێوچەکانی دەسەلاتیان نیوەی تەواوی ئەو نێوچانەی کاروچالاکی پەکەکەی دەگرتەوە لەنێوخۆی تورکیاداو هاوکات نێزیكو پەیوەستبوون بەیەکەوە. ئەمانە بڕوایان وابوو کە کاتی ئەوە هاتووەجارێکی دیکە چاوبخشێنرێتەوە بەخەباتی چەکداری تەڤگەرەکەدا.

سیفتسی بەیەقینەوەدەیگووت:" هەریەك لە ساکیكودوکتۆر سولەیمانو من دارای روانگەیەك بووین، کە ئەویش ئەوەبوو رەوشەکە زۆرجیاواز تربوو لەوەی کە لە جیهانبینی ئۆجەلاندا بوو. ئەویش بەهۆی ئەو رێگەی تاکتیکەوە نەبوو کە ئێمە لەجێبەجێکردنیدا بووین، بەڵکو بەهۆی خودی تاکتیکەکانەوە بوو".

سێ لەپیاوەکان هەوڵیاندا تا مشتومڕێکی دروست لەبارەی ئەو گرفتانەوە بکەن کە رووبەڕووی پەکەکە ببوونەوە. ئەوان فرە وریابوون و لە هەر سەرزەنشتێکی ئۆجەلانو

لەهەر رقلێبوونەوەیەك خۆیان دەبوارد. لەراستیدا ساكیك وابیرینەدەكردەوە كە ئۆجەلان لە هەڵەدا بێت، ئەو سووربوو لەسەر تۆمەتباركردنی راوێژكارە باڵاكانی ئۆجەلان‌و پێی وابوو ئەوان لەخراپ راڤەكردنی جەنگەكەدا هۆكارن. بەڵام ئەوانیش پێداگرییان لەسەر ئەوەدەكرد كە گروپە شۆڕشگێڕەكە پێویستبوو لەتەكتیكەكەیدا بەخۆدابچێتەوە. ئەمە لەكاتێكدا كە دەستپێشخەرییەكی سەربازیی نوێ بخاتەوە بەرنامەی كارییەوە. كوروك كایا سوربوو لەسەر بۆچوونەكانی و دەیگوت:" ئێمە پێویستبوو چالاكیی لەتەك گروپگەلێكی ئەزموونداروگچكەتردا چالاكیی ئەنجامبدەین‌و پێویستبوو ئامانجەكانمان فرە بەوریاییەوەدەستنیشان بكەین.

هەندێك لەفەرماندە سەربازییەكان لە كۆبوونەوەكەدا پێشنیازی ئەوەیان كرد كە چالاكییە سەربازییەكانیان ڕوو لە خۆرئاوای توركیا بنێن. بەتایبەت هەرێمە دێهاتییەكانی لێواری دەریای رەش.

سیفتسی بەم شێوەیە رەوشەكەی دە گێڕایەوە:" ئێمە لەخاكی خۆمانداجەنگمان دەكرد، زەوی‌و زاری خۆمان كاول دەكردو دێهاتەكانمان دەسوتان. بۆچی جەنگەكە نەبەینە دەریای رەش، تا بزانین سەربازەكانی تورك بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ گوند نشینەكانی ئەوێشدادەكەن؟".

هەروەها بیرۆكەیەكی تریش هەبوو كە تەركیزی دەخستەسەر ئامانجە ئابوورییەكان‌و كۆمپانیاو بەرژەوەندییە گشتییەكان، ئەم بیرۆكە بۆ ئەوەبوو تا بەشێوەیەكی راستەوخۆ لەتمە لە بەرژەوەندییەكانی توركیا بدەن. هەروەها فەرماندە سەربازییەكانیش لەوبارەیەوە مشتومڕیان بوو تاجەنگەكان بەرنە نێوەندەشارییەكانی توركیا، ئیدی شارەكانی هەرێمە كوردییەكان بن یان توركنشینەكان قەیدی نەبوو.

كوروك كایا دەیگوت:" ئەنجامەكە ئەوەبوو كە ئەو رێچكەی جەنگەی كە تا ئەوكات لەئەنجامدانیدا بووین، ئیدی نەماندەتوانی لەسەری بەردەوامبین". هەروەهادەیوت:" ئۆجەلانمان بانگ كردو پێمان گوت كە خەریكین لەسەرچ ئەجێندایەكی جەنگیی نوێ

قساندەکەین.دیارە کە وەلامی ئەویش روون و رەوان بوو، گرفت تاکتیك نییە، گرفت ئێوەن کە هێشتا خۆتان ئاوێتەی حزب نەکردووە.

ئەمە ئەو چەمکە بوو کە ئۆجەلان هەرکات رووبەرووی گلەو گازاندە ببوایەتەوە بەکاریدەهێنا، مەبەستی ئەوەبوو ئەوانەی کە پلاریان هەبوو بەدروستی لەپەکەکە تێنەگەیشتوون‌و مەبەستی روون‌و رەوانیش خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە ئەوان رێز بۆ ئۆجەلان دانانێن. هەروەها کوجوك دەیوت:"ئۆجەلان پێی باشبوو هەمووان لەپارتەکە نزیکتربینەوە، پێی باشبوو کە منو سیفتسی بچینە سوریا". هەربۆیە وەك ئەوەی کە ئەوان ئامادەکران تا روو لە سووریا بنێن، پێیان وابوو کە لە کۆنگرەدا پێشنیازی ئەو بریارە کراوە، ئیتر لەوکاتەدا پێویستبوو ئامادەی ئەوکارەبن. کوجوك کایا دەیوت:" ئۆجەلان کە بریارەکەمی دەرکرد، هەمووان هەمان ئەنجامگیرییان کردبوو، وەختێ ئەو قسەی کرد، هەمووان ئیدی دەیانزانی قسەیەکی تر نابێت بکرێت، ئۆجەلان هەرچییەکی بووتایە، هیچ دەرفەتێکی بۆ گۆرینی بۆچوونەکانی نەدەهێشتەوە".

### دەرچوون قەدەغەیە

کۆنگرەی پێنجەم‌و کۆنفرانسی زاب هەردوو خۆیان یەکلاکردەوە بۆ نەخشە رێگەی جەنگی سەربازیی پەکەکە لە سالانی ئایندەدا. وەلێ بێ بەهرە لە هەر ستراتیژێکی جددی جەنگ بەردەوام بوو. خالە لاوازو بەهێزەکانی جەنگی گەریلایی دیارینەکران‌و هەروا پەکەکە نەیتوانی سالانی هێزی خۆی زیندو رابگرێتەوە.

هێزو یەکە سەربازییەکانی پەکەکە هەروا لەچیاکان مانەوەو لەهاموو شۆی خالەسنوورییەکانی ئێراق‌و تورکیە نەکەوتن، وەلێ هەر لە رەوشی بەرگریی لەخۆکردندا بوون. گۆرانە سەربازییەکان کە ئۆجەلان کردی، زیاتر قسەکردن بوو لەسەر شکۆمەندی خودی خۆی، وەك ئەوەی مەبەست‌و مەوسیمێکی تری خەباتبن. جیا لە یەکەسەربازییەکانی ژنان کە راستەوخۆ وابەستەبوون بەخودی خۆیەوە. هەروەها هانی

دەدان تا کردەگەلێکی سنووردارىی خۆکوژیی پێڕەو بکەن. ئەو پێی باشبوو ژنان خۆیان بکوژنەوە لەبری ئەوەی بکەونە ژێردستی دوژمنەکانیانەوە.

لەساڵی ١٩٩٢دا ئەو کیژەی کە بەبێریڤان نێودەبرا، نارنجۆکێکی بەخۆیدا تەقاندەوەو ئامادەنەبوو بەدیلیی بکەوێتەدەستی دوژمن. ئیدی ئەم ناوە وەك قارەمانێك لەنێو ژنانی تازە بوو بە گەریلادا هەمیشە لەسەر زاران بوو. ئەم گرنگیپێدانە بە قوربانیدان لە میتۆدی ئۆجەلاندا فرە برەوی پێدرا. لەساڵی ١٩٩٦ گۆڕان بەرەو ئەم نەزمی خەباتە برەوی پێدرا، لەمانگی شەشی ئەو ساڵەدا کیژە گەریلایەکی دی بەنێوی زەینەب(زیلان) کیناجی بۆمبێکی بەست بەخۆیەوەو لە بۆنەیەکی سەربازیدا خۆی تەقاندەوەو لەئاکامدا خۆیو شەش سەربازی دیکەی کوشت.

سەرنوسەری پێشووی Ozgur Gundemو ئەندامی چەکداریی پەکەکە گوربتلی ئێرسۆز کە هەمان نازناوی زەینەبی لەخۆی نابوو، ئەو لەیاداشتەکانی رۆژانەیدا لەوبارەوە نوسیبووی:" بەشانازییەوە هەمان نازناوی ویم لەخۆم نا، بۆ ئەوەی ببمەکەسێك دروست وەك ئەو بژیم"[٢٨٧].

چەند مانگێکی کەم پاش ئەو، لەیلا کەپلانی گەریلای پەکەکە لەدەروازەی وێستگەیەکی پۆلیسدا خۆی تەقاندەوەو سێ لە پۆلیسەکانی ئەو بنکەیەی کوشت.

پاش سێ ساڵ لەو رووداوە، ١٤ هێرشی دیکەی خۆکوژیی بەشێوەیەکی سەرەکی ژنان تێیدا بەشداربوون ئەنجامدران. ئەم هێرشانە زیاتر لە نێوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتو لەنێو خاکی تورکیادا ئەنجامدەدران، ئەمەیش ئاماژەیەك بوو بۆ رەوشی نائارامو تورەیی ژنان لەبەرامبەردەسەڵاتی تورکیادا[٢٨٨]. لەهێرشەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکیی کەسە سەربازیو ئاسایشییەکانی میریی دەکرانە ئامانج[٢٨٩].

---

[287] Ersoz, Gurbet'in Guncesi, 153.

[288] See the excellent study by Halis, Batman'da Kadinlar, on female suicides in the southeastern city of Batman in 2000.

[289] For an overview of PKK suicide bombing, see Mia Bloom, Dying to Kill: The Allure of Suicide Bombing (New York: Columbia University Press, 2005), 101 – 119; list of attacks taken from Schweitzer, Yoram, "Suicide bombing: the

دیاره ئۆجەلان بەتەواوی ستایشی ئەو کردە خۆکوژیانەی دەکرد، هەرچەند کە ژنان لەنێو پەکەکەدا هەر سەنگو شوێنی خۆیان نەگرت. دیارە کە ژن لەناو پەکەکەدا هەستیانکردبوو ئەوانیش هێزێکن، وەلێ پەنا بردن بۆ خۆکوژیی لەلایەکەوە ئاماژەبوو بۆ لاوازی ئەوان، لەلایەکیی تریشەوە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە پەکەکە ئەولەویاتی کاری خۆی لەدەستدابوو، ئەوێدەم تەنێ مژوڵ بوون بە هەندێك گۆڕانی تاکتیکی و ستراتیژی و کاری توندوتیژو رەفتاری رەقەوە. هەروەها ناتەوانی ئۆجەلان لەهەمبەر شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی خەباتە چەکدارییەکەی بەپێچەوانەوە ئاماژەیەکی روونو رەوان بوو بۆجەختکردنەوە لە گۆڕانکارییەکانی بواری سیاسەتو بەهەندوەرگرتنی شتانێکی مەتاتی لەنەزمی پەکەکەدا، کە سالآنێك بوو هێزوو تواناياندابوويە تەڤگەری پەکەکە. بۆنموونە لە کۆنگرەدا نوێنەران لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە ئالآی چەکوشو داسیی پەکەکە دابگرن. ئەو ئالآیەی ئاماژەبوو بۆ بیری مارکسیو لینینینی پەکەکە. بەلآم لە زیهنی نەتەوایەتی پەکەکەدا ئەوە تەنها رووکەشێكو ئامرازێك بوو بۆجولآنەوەکە. چوونکە بەهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئیدی پشتیوانییەکیان بۆ ئەو هزرو هێزە نەدەبینییەوە. بەلآم وەك دەبینرا زۆرێك لەگروپە چەپەکانی تر و هێزە شۆڕشگێڕە مارکسییەکان بەپەرۆشەوە درێژەیان بە بیری مارکسی دەداو هەر لەسەر بەزمە کۆنەکەی خۆیان بوون. ئۆجەلان بەپێچەوانەوە قولّبوونەوەو قیاسی ئەو بۆ شۆڕشگێڕیی لەپێناودەستکەوتە سیاسییەکان بوو. هەربۆیە لابردنی ئالآی چەکشوداس ئاماژە یاخۆ هێما نەبوو بۆدەستبەرداربوونی پەکەکە لە شۆڕشگێڕیی و خەباتی چەکداریی. بەڵکو ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە پەکەکە تەرزی تیۆری نایبەستێتەوەو لەسەرووی هەموو ئەو بیرو تیۆرانەوە هێزێکی کارای کردارییە لە مەیدانەکەدا.

---

Ultimate Weapon?" Aug. 7, 2002, at www.ict.org.il.

بەهەمان شێوە ئۆجەلان دەستیدایە قوڵبوونەوەو وردبوونەوە لە ئاینو بەکارهێنانی ئایین لە خەباتەکەیدا. هەربۆیەدەبینین کە پەکەکە سەرەڕای ئەندێشەو ئەجێندای مارکسو لینین لە میتۆدەکەیدا، هیچ کات دژ بەئیسلام نەوەستاوەتەوە. ئەوە سەرەڕای پرۆژەو پەیڕەوی نێوەندگیریی ئۆجەلان لەهەمبەر ئاییندا. هاوکات لە کۆنگرەی پێنجیشدا دووپاتی ئەو راستیەیان لەبەیاننامەیەکدا کردەوە کە ئایینی ئیسلام لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتیو دۆزی کورد دا ناتەباو نەیار نییە[٢٩٠].

هەروەها کۆنگرە ئاماژەی دا بەگروپێکی نوێ بەنێوی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کە بە پشتیوانیو ئیعازی پەکەکە دروستکرابوو. دیارە کە پەکەکە هەرگیز بایەخی بۆ تەڤگری ئیسلامیی دانەناوەو پێی وابووە بەرژەوەندی ئاینیی لەپێش بەرژەوەندی نەتەوەوە تەماشادەکرێت. بەڵام ئەم رەنگو رووە نوێیەی پەکەکە بەشێك بوو لەو هیوایەی کە پەکەکە دەیەویست تەڤگەرە ئیسلامییەکان بەئاراستەی خۆیان کێشبکەن. تەڤگەرە نوێیەکە بەتەواوی داکۆکیی لەمافی هەموو گەلانێك دەکرد بۆ سەربەخۆییو پێی وابوو کوردیش دارای مافی سەربەخۆبوونە.

هەربۆیە بڕیارو بەیاننامەگەلێك لەبارەی ئاشتەواییو بەهەند وەرگرتنی ئاینیی ئیسلام لە کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکەدا دەرکران. هەموو ئەوانە پێداگرییان لەوبارەیەوەدەکردەوە کەجەنگ دژ بە بندەستیو نادادگەرییە نەك دژ بە ئاینیی ئیسلام.

دیارە کە کاردانەوەی ئەم هوتافو هیوایەی ئۆجەلان بۆ ئیسلام لە بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی نوێوە سەرچاوەی گرتبوو، نەوەك خواستی بێت ئیسلام بکاتە رێبازێکی نوێ لە سیاسەتدا.

---

[290] A detailed look at Kurdish views toward Islam in general and the Islamic beliefs, practices, and divisions in the Kurdish community in specific is outside the scope of this study. Probably the best and most enlightening studies of Kurds and Islam have been produced by Martin van Bruinessen. Much of his writings are available on his website: http://www.let.uu.nl/~martin.vanbruinessen/personal/publications/.

دوواجار سەرکردایەتی تاکتیکیی‌و سیاسیی ئۆجەلان لەرێگەی دوو هۆکارەوە دیاریکرا. یەکەمیان بریتی بوو لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ پاراستنی پێگەو سەرۆکایەتییەکەی، بریتی بوو لە زامنکردنی هەیمەنەو هێزی پەکەکە بەسەر چالاکوانە کوردەکاندا، چوون ئەم چالاکوانە کوردانە بەردەوام ململانێیاندەکرد لە هەمبەر موناوەرە سیاسییە گشتییەکاندا. دووەمیان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دانە دوواوەی ئۆجەلان وەك هاوتا نەیاریی تورکیا بۆ دانوستانەکان[٢٩١].

هاوکات ئۆجەلان دەستبەرداری هیوای سەربەخۆیی ببوو لەپێناو فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی دا بۆ کوردستان. هەرچەند کە لەلایەن نەیارەکانی‌و لایەنی میرییەوە بەتەواوەتی هەموو خواست‌و خولیایەکی ئۆجەلان پشتگوێخرابوو. چوون ڕێبەرانی تورکیا، بەتایبەت سەرکردە سەربازییەکان بەهیچ کلۆجێك خۆیان لەقەرەی خواست‌و خولیای نەتەوایەتی کوردیدا نەدەداو لەژێر هیچ ناوێکدا مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کورد دا نەدەکرد.

## ئاوڕدانەوە لە ئێراق

لەئازاری ١٩٩٥دا، ئەرتەشی تورکیا ٣٥ هەزار سەربازی ناردە بەر سنوورەکانی باکووری ئێراق تا بتوانن کێماڵی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە بکەن لەو نێوچانەدا. تورکیا بەهیوابوو ئیدی بۆدواجار ئەو هێڵە سنووریانەی ئێراق نەبنەوە خاڵی هەڵکوتان‌و هێرشەکانی پەکەکە بۆ نێوخۆی تورکیا[٢٩٢].

دیارە لە ١٩٩٢ تا ئەوکات تورکیا هێند هێزێکی سەربازی زەبەلاحی نەناردبوویە سنوورەکانی ئێراق. چوون ئەوکات هێزەکانی تورکیا شان بەشانی چەکدارە کوردییەکانی

---

[291] PKK 5. Kongre Kararlari, 98.

[292] This section utilizes Balikci and Durukan, Olumun Iki Yakasinda, 132 – 147; Gunter, Kurdish Predicament in Iraq, 79 – 126; Kirisci and Winrow, Kurdish Question, 161–171; Laizer, Martyrs, 133–138, 149–158; and Ozdag, Turkiye, 126– 206; also, personal observations of the author who reported on the operation for Reuters.

ئێراق بۆ ماوەی چوار حەوتە کەوتبوونە وێزەی پەکەکە، وەلێ لەو هەوڵەدا تورکیا شکستی هێنا لەدەرپەڕاندنی یەکجاریی گەریلاکانی پەکەکەدا. ئەمجارەیان ئەرتەشی تورکیا بەڵێنی دابوو تا بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەباکووری ئێراقدا پاکنەکەنەوە واز لە بەزاندنی سنووریی ئێراق ناهێنن. هێندەی پێنەچوو ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا لەلایەن دەسەڵاتە هەرێمییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ولآتانی خۆرئاوای هاوپەیمانی تورکیاوە نیگرانی سەختی بەدووای خۆدا هێنا.

ترس لە هێزەکانی ئەنکەرە لەباکووری ئێراق لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تورکیا هێزەکانی خۆی جێگیربکاتو هەرێمێکی پەیوەست بە ئاسایشی خۆی بونیادبنێتو لەو پێناوەدا ئەگەریی ئەوە هەبوو کە تورکیا تورکمانەکان وەك کەمینەیەکی نێزیك بە رەگەزی تورك بەکاربهێنێت. هەربۆیە تورکیا لەهەمبەر نێزیکبوونەوەی زیاتری لەیەکێتی گومرگی ئەوروپا، ئیدی لەو راستییە تێگەیشت کە پێویستە هاوسەنگیی لەنێوان ئامانجە سەربازییەکانو سیاسییەکانیدا رابگرێتو بەوریاییەوە لەسنوورەکانی باکوری ئێراقدا هەنگاو بنێت. هەربۆیە شەش رۆژ پاش ئۆپەراسیۆنەکە دیمێریل ناچارکرا هەڕەشەو گوڕەشەکانی هێور بکاتەوەو ئاماژە بەوە بکات کە ئۆپەراسیۆنەکانی ولآتەکەی سنووردارەو بۆ ئامانجێکی کاتی سنووریان بەزاندووە. هەربۆیە لەم بارەیەوە رایگەیاند: "دروستکردنی هەرێمێکی ئاسایشی بە چارەسەری دۆزەکە نازانن"[293].

بەمجۆرە تورکیا لەو راستییە تیۆرییە تێگەیشت کە دەستوەردانە جەنگیی پەکەکە هەڵەیەکی گەورەیەودەگدانەوەی مەزن بەدووی خۆیدا دەهێنێت. هاوکات تورکیا لەو راستییە تێگەیشت کە پێش ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکان دەستپێبکات بەشێکی گەورەی جەنگاوەرانی پەکەکەو کۆگاکانی چەكو چۆڵیان گوازرابوویەوە بۆ باشوری ولآتی تورکیا.

لەهەمانکاتدا هێزەکانی تورکیا کەوتنە دڵەخورپە لەمەڕ رەوشی گومانای خۆرئاوای ولآتو ژینگەی دەریی پێوەندییەکانیان. ئایا پێویستبوو تورکیا چ پاساوێك بۆ ئەم

---

[293] Quoted in Ozdag, Turkiye, 132.

رەوشە بهێنێتەوە، ئایا بیکات بەژێر لێوەوە یاخۆ چۆن مامەڵەبکات. ئەوەی کە روودەدات دروست هەمان رەوشی باکوری ئێراقە، وەڵێ ئەمجار لەخاکەکەی خۆیدا روودەدات.

بۆنموونە کوشتن‌و خۆتەقاندنەوەو هەڵکوتانە سەر کەسانی ئامانجدار. هەروەها تورکیا زۆرجار لەرێگەی بۆمبە هەواییەکانەوە بۆردومانی ئاواییەکانی باکووری ئێراقی دەکرد. ئیدی خەڵکی ئاواییەکان بەناچاری هەڵدەهاتن‌و لەلێواری رێگە سەرەکییەکاندا خێوەت‌و خێمەیان هەڵدەدا. کوردانی ئێراق هەمیشەگازەندەو شکایەتیان لەو رەوشەدەکرد کە تێی کەوتبوو. خراپ مامەڵەکردن‌و بۆردومانی لەناکاو و کوشتنی بەئەنقەست ببوویە ژیانی رۆژانەیان. بۆنموونە ٧ شوان بەکوژراوی دۆزرابوونەوە، ئەوان پاش ئەوەی قۆڵبەستکرابوون، ئیدی لەکاتی پرس‌وجۆدا لەلایەن هێزە ئەرتەشییەکانی تورکەوە کوژرابوون. سەربازانی تورك لەدەرێی زاخۆدا خاڵی پشکنینیان دانابوو، ئەوان جۆرێك لەسەر ئێشەو تەنگژەیان بۆ خەڵکەکە دروستکردبوو، بەتایبەت لەپرسیارو وەلامودۆزینەوەی دوژمن‌و دۆستیاندا. لەبەر ئەوەی شوناسنامەی خەڵکەکە عەرەبی بوو، ئەوانیش تێنەدەگەیشتن، ئیدی زۆرجار هەق‌و ناهەق تێکەڵدەکرا. لەهەمانکاتدا کەمپەکانی هەفتانین‌و کانی ماسی گەریلاکان تەنها کاتژمێرێك بەرێ رۆیشتنی ماشین دوور بوون لە بنکە سەربازییەکانی تورکەوە. ئەمەیش ببوویە هۆیەك کە گەریلاکانی توشی نائارامی کردبوو لەنێوچەکەدا.

بەلام ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا کەمتر لەدوومانگ لەنێوچەکەدا لەباکووری ئێراق بەردەوامبوون. لەئاکامدا ئەرتەشی تورکیا بانگەشەی سەرکەوتنی مەزنی دەکرد لە پرۆسەی ئۆپەراسیۆنەکانیدا. هەروەها بانگەشەی ئەوەی کرد کە توانیویانە کێومالی گەریلاکانبکەن‌و ٥٥٥گەریلایش لەنێوبەرن کە لەبەرامبەردا تەنها ١١ سەربازی تورك کوژرابوون.

هاوکات چەندین وێنەی دروستیان لەبارەی کۆگاکانی چەك‌و خۆراك‌ودەرمانی گەریلاکان بلاوکردبوویەوە کە توانیبوویان دەستیان بەسەردا بگرن. لەگەڵ ئەوەیشدا

تورکیا نەیتوانی بەیەکجاریی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەنێوچەکەدا بسڕێتەوە، چوون هەر چەند هەفتەیەکی کەم پاش ئەوە سەرلەنوێ گەریلاکان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیانو دیسانەوەدەستیان کردەوە بەهەڵمەتو هەڵکوتانە سەر سەربازگەکانی تورکو لە هەوەڵدەستپێکی هەڵمەتەکاندا چەند سەربازێکی تورکیان کوشت.

دیارە هەمیشە پەکەکە توانیویەتی سوود لەبۆشایی هێز وەربگرێت لەنێوچەکەدا، بۆشایی هێزی بەغداد لە ساڵی ١٩٩١دا دەرفەتێکی باشی بۆگەشونمای پەکەکە رەخساند لەباکوری ئێراقدا. پاشان هەڵایسانی جەنگ لەنێوان هێزە کوردییەکانی تاڵەبانیو بارزانی دیسانەوە کەلێنێکی دیکەی هێزی لەنێوچەکەدا دروستکردو ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەبواری ئاسایشو ئیدارەدا توشی شەلەلکرد. هەربۆیە پەکەکە توانی بەگورجی ئەو کەلێنە بقۆزێتەوە. ململانێکانو جەنگەکانی پارتی و یەکێتی لەسەر ناکۆکی و تەنگژەی کۆنترۆڵی نێوچەکان دەستی پێکردو پاشان جەنگەکە تەشەنەی سەند تاوەکو ناکۆکی لەسەر خاڵەگومرگییەکان بووە خاڵی گەرمی ناکۆکییەکان. پارتەکەی بارزانی تاوانباردەکرا بەدەستگرتن بەسەر خاڵی گومرگی سنوورەکانی تورکیاو خاپوور. ئیدی چەکدارەکانی تاڵەبانی توانیان شاری هەولێر بگرنو حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئیدارەی یەکگرتووی نێوانیان هەڵبوەشێننەوە[٢٩٤].

جەنگی نێوان پارتیو یەکێتی گەیشتە رادەیەك کە ئەمریکای لەو بارەیەوە توشی نیگەرانی کرد، چوون هەریەك لەو هێزانە لەهەرکاتێکدا ئەگەری پەنابردن بۆ هێزی دەرەکی لەوانە تارانو بەغدا دەبرد تاوەکو خۆی لە نیری نەیارەکەی رزگار بکات.

لە مانگی هەشتی ١٩٩٥ واشنتۆن بۆ هەریەك لە پارتە کوردییەکانی ئێراق کۆبوونەوەیەکی لەدبلن رێکخست. ئامانج لە رێکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ چارەکردنی نیگەرانییە ئاسایشییەکانی تورکیا نەبوو، بەڵکو ئەولەویاتی رێککەوتنەکە مەشروعییەتی ئەمنیو ئارامی تورکیای لەخۆداجێکردبوویەوە. هەمیشە ئۆجەلان لەپلانی نێونەتەوەیی و

---

294 See Barkey, "Hemmed in by Circumstances," for a broader overview.

داوی ولآتانی زلهێزدەترسا، هەربۆیە ترسی لەو ڕێککەوتنە خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە واشنتۆن وا لەهەردوو پارتە کوردییەکەی ئێراق بکات کە پەلاماری پەکەکە بدەن.

هەربۆیە ٤ ڕۆژ پاش ڕێککەوتنەکەو تەنانەت پێش ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێبکرێت، ئۆجەلان لەلای خۆیەوە خولێکی نوێی جەنگی دژ بە پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق ڕاگەیاند. بەمەیش پەکەکە فرە بەسانایی توانی ئەو نێوچە سنوورییانە کۆنترۆڵبکات کە بنکەو بارەگاکانی خۆی لێبوو. هەر لە سەرەتاوە ئەوە ڕۆشنبوو کە هیچ لایەنێکی کوردیی نەیدەتوانی لەوی تر باشترو ڕاستاڵتر بێت. لەبەرامبەر هێزی چەکداری زۆرو زەبەندی پارتیدا، پەکەکە پشتی دەبەست بە بارەگا سەختو سەنگەرە بەهێزەکانی لەچیاکاندا.

هێرشی بێ پاساوی پەکەکە بۆ سەر هێزە چەکدارەکانی پارتی، کوردانی ئێراقی توشی شۆککرد. خەڵکی کوردستان پەکەکەیان وەك هێزێکی شازو نادردەبینی لەنێوتەڤەری ڕزگاریخوازی کوردیدا. چونکە ئەوان لەجیاتی کارکردن بۆ بونیادی دەوڵەتێکی کوردی بەربوونە گیانی پارتە کوردییەکانی تر، هەر بۆیە پاش ئەوەی ڕەنجو ڕەقییەکی زۆریان لەدژ گروپە کوردییەکانی تورکیا بەهەدەربرد، لەئێستاشدا دژ بە کوردانی ئێراق لەجەنگدان. دیارە کە ئەمەیش هۆکارێکبوو تا پەکەکە پشتیوانییەکی فرەی جەماوەریی لەبەرامبەر خۆیدا لەدەستدابوو.

حوسەین تۆپیقدەر فەرماندەی پێشووی پەکەکە، کە ئەوێ دەم لەباکووری ئێراق بوو، لەم بارەیەوەدەیوت:" هیچکام لەلایەنەکان جەنگەکەیان نەبردەوە، وەلێ ئێمە زیانمان بەرکەوت، زیانێك کە ئیعتباری بۆ نەهێڵاینەوە".

پێکدادانەکان لەنێوان پەکەکەو پارتیدا لەدێسەمبەری ١٩٩٥دا دووماییان هات. هەمیشە وەرزی زستان دەرفەتێکی باش بوو بۆ هەڵپەساردنی جەنگەکان، ئیدی هەردوولا واژۆی ڕێکەوتنێکیان کرد تا ئاگربەست ڕابگەیەنن.

لەڕێککەوتنەکەدا بوار بە پەکەکە درا تا بنکەو بارەگاکانی لەچیاکاندا بهێڵێتەوە، بەڵام پێویستبوو لەجیاتی کاری چەکداریی گرنگی بە کاری ڕامیاریی بدەن لە نێوخۆی

کوردستانی ئێراقدا. دیاره تورکیا ئەم ڕێککەوتنەی وەك خیانەتێك دەبینی لەچاوی کوردانی ئێراقدا بەڵام مژوڵیی پارتی بەجەنگ لەگەڵ تاڵەبانیدا، وایکرد کە بارزانیی لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێنەگەیەنێت.

سامی عەبدوڕەحمانی بەرپرسی پێوەندییە دەرەکییەکانی پارتی لە میانی پێکدادانەکانیان لەتەك پەکەکەدا بەشانازییەوەدەیگوت:"گەر چەکو چۆڵو ئازوقە ڕێگر نەبوونایە، زۆر بەسانایی دەمانتوانی زاڵبین بەسەر بارەگاو بنکەکانی پەکەکەدا. ئێمە نەماندەویست کۆگاکانمان لەجەنگی پەکەکەدا خاڵی بنەوە، چوون عەتادو تەقەمەنی و کەمبوونەوەی دەبووە خاڵێکی لاوازی پێگەمان لەبەرامبەر هەر هێرشێکی یەکێتیدا"[٢٩٥].

هاوکات ئەمریکایش لەوەدەترسا کەجەنگی نێوان پارتیو یەکێتیو لایەنە کوردییەکان ببێتە هۆی پشێویو نائارامی لەنێوچەکەداو سەربکێشێت بۆ ناهاوسەنگبوونی تای هێزەکان. ئێران زێدەتر لەتاڵەبانیەوە نێزیك بوو تا لەبارزانی. هەربۆیە لە مانگی حەوتی ١٩٩٦دا پێوەندییەکانی بەکارهێنا تا نێوچەکە بکێشێتە نێوجەنگێکی خێراودژوارەوە. ئامانجی ئێرانییەکان لەسنوور بەزاندن کێومالێو لەتمەدان بوو لەبەرهەڵستکارەکانی وڵاتەکەی لەسنووری ئێراقدا، وەلێ پیاوانی بارزانی نیگەرانییەکانیان بەوجۆرەدەربڕی کە ئێرانییەکان بۆ پشتیوانی تاڵەبانی سنووری ئێراقیان بەزاندووە. ئەم پشتیوانییەی ئێرانییەکان لەدەستێوەردان لەجەنگەکاندا، هێرشی بەغدای لێکەوتەوە، ئەوەبوو بەغدا لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا توانی یارمەتی بارزانی بداتو شاری هەولێری پێتەخت جارێکی تر لە چنگی تاڵەبانی دەربهێنێتەوە. سەرلەنوێ تورکیا نیگەرانییەکانی لەهەمبەر ئاشوبەکانی کوردستانی ئێراقدا زیاتر بوون. چوون وا لێکیدەدایەوە ئاژاوەکان هۆیەکن بۆ بەهێزبوونەوەی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەباکووری ئێراقدا. هەوڵەکانی ئەمریکایش بۆ

---

[295] The statement, which he later repudiated, quoted in Laizer, Martyrs,

158.

هێورکردنەوەی ڕەوشەکەودامرکانەوەی ناکۆکیی نێوان پارتەکان تا مانگی پێنجی ١٩٩٧ بێ ئاکام مانەوە. لەوکاتەدا تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاوی کردەوە سەر بارەگاکانی پەکەکە لەباکووری ئێراق‌و دیسانیش لەدێسەمبەری هەمان ساڵدا سنووری بەزاندەوە.

ئیدی ڕێبەرانی کورد لەو ڕاستییە تێگەیشتن کە ناکۆکی و ململانێکانیان دوواجار سەردەکێشێت بۆ پەرتبوون‌و دابەشکردنی هەرێمەکەیان لەنێوان هەریەك لە وڵاتانی دراوسێیان کە سووریاو ئێران‌و تورکیای دەگرتەوە. جارێکی تر لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا تورکیا هاوکاریی هێزەکانی پارتی کرد دژ بەتاڵەبانی. وەلێ ئەمجار پرسی دانوستان و کۆتایی هاتن بەتەگژەکان هاتەوەگۆڕێ. ئیدی بەدەستێوەردانی ئەمریکاو پاش زنجیرە پێشنیازو کۆبوونەوەیەك، دوواجار لە سێپتەمبەری ١٩٩٨دا هەردوو لا بارزانی و تاڵەبانی لە واشنتۆندا کۆتاییان هێنا بە ٤ ساڵ جەنگی خوێناویی‌و نێوخۆی وڵاتەکەیان.

تورکیا نیگەرانی خۆی لەم بارەیەوە نەدەشاردەوەو دژ بەهەموو پێکهاتەیەکی شێوەبەڕێوەبەریی بوو لە باکووری ئێراقدا. چونکەدەیزانی ئەمدەسەڵاتە کوردییە ئیدی دەبێتە لەمپەر لەبەردەم پرۆسە سەربازییەکان تورکیادا بۆ باکووری ئێراق. هاوکات ئەم ڕێککەوتنە بەشێوەیەك تورکیای قەڵسکردبوو کە وەك خیانەتێك دەرهەق بەڕۆڵی هەرێمیی خۆی لەنێوچەکەدا لێکیدەدایەوە.

هەر لەوکاتەدا تورکیا تەنگژەکانی خۆی لەگەڵ سوریادا گەیاندبوویە لوتکە، تورکیا گەرەکی بوو سوریا هەرچی زووترە ڕێبەری پەکەکە ناچار بەدەرکردن بکات لە وڵاتەکەیدا. لەڕەوشێکی وەهادا تورکیا هەڕەشەی داگیرکاریی دەکرد بۆسەر سوریا. هەربۆیە ئیدی ژینگەی مانەوە بۆ ئۆجەلان بەتەواوی تەنگی پێهەڵچنرابوو[٢٩٦]. چوون ئەو

---

[296] Estimates on the cost of the war for the years 1993–1995 vary between

a low of $6 billion to a high of around $11 billion.

هەلومەرجە بەسەرچوو کە ئۆجەلان تەنها پشت بەهەڕەشەو هاتوهاواری فەنتازی ببەستێت، بەڵکو ئەوە واقیعێکی جددی بوو کە ڕووبەڕووی ئۆجەلان ببوویەوە.

## دۆزی کورد وەك خۆی دەمێنێتەوە

بەهاتنی ساڵی ١٩٩٥، دەوڵەتی تورکیا ساڵانە ١١ بلیۆن دۆلاری لەبواری بونیادی یەکەی سەربازییو خەرجیی سەربازیدا پەیوەست بەجەنگی پەکەکە بەهەدەردەدا. سەرەڕای ئەوەی کە نێزیکەی ٢٢٠٠٠٠ سەربازو پۆلیسو پاسەوانی گوندی لەنێوچەکەدا جێگیرکردبوون. ئەمەیش دروست بەستنەوەی یەك لەسەرچواری دووەم هێزی بەرفراوانی ناتۆبوو کەگیرۆدەی جەنگی نێوخۆیی وڵاتەکەی ببوو[٢٩٧].

لەراستیدا ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانو پرسیاربوو کە سەرەڕای ئەو هێزە زەبەلاحەی تورکو ئەو هەموو تاکتیکە هەڵەو خەوشاوییانەی ئۆجەلان، هێشتا تورك نەیتوانی گروپێکی وەك پەکەکە بنبڕبکات. هەرچەند کە ژمارەی گەریلاکان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ بەشێوەیەکی زۆربەرچاو پوکابوونەوەو دواتر ژمارەی تەواوی گەریلاکانی پەکەکە لە نێوان ٥٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠گەریلاجێگیرببوون. نیوەی ئەو هێزە چەکدارەی پەکەکە بنکەو بارەگاکانیان لەنێوخاکی تورکیادا جێگیرببوون. لەبەرئەوە دەبوو ئیتر پەکەکە بۆ بەرقەرارکردنەوەی هەیمەنەو هێزی سیاسی خۆی پشت ببەستێت بە هاوسۆزو پشتیوانەکانی لەنێوپارتە سیاسییە کوردییەکەی نێوخۆدا HADEPو لەرێگەی رۆژنامە رۆژانەکەی وانەوە برەو بەچالاکییەکانی خۆی بدات. ناتەوانی دەوڵەت بۆ ریشەکێشکردنی پەکەکەو لاوازکردنی ئەو راستییەی لای نوسەرو بیرمەندو چالاکوانانی کورد سەلماند کە بەڵێ لەتورکیادا گرفتی شوناسو ناسنامەی کورد هەیە نەك گرفتی

---

[297] This section utilizes information primarily from Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish; Human Rights Watch, World Report 1998, at http://www.hrw.org/worldreport/; Sabri Sayari, "Turkey's Islamist challenge," Middle East Quarterly (Sept. 1996); Tirman, Spoils of War, 215–229; and Kurdish-focused institute TOSAM's information page, www.tosam.org.

تێرۆریزم. هەر ئەو فشارو رەقیی‌و توندییانەی میریی بوو کە هۆیەکبوون بۆ بەهێزبوون‌و نەسرەوتنی پەکەکە. هەروەك چۆن کە یەکێك لە رۆژنامەنوسەکانی تورك زۆر بە بوێرانە نوسیبووی، کە گرفتی پەکەکە زیاتر گرفتێکی لۆجیکییە نەك گرفتی تێرۆریزم. ئەحمەد ئالتانی رۆژنامەنووس لەرۆژنامەی رۆژانەی میلییەت لە نوسینێکیدا کە ساڵی ١٩٩٥ بلاوکرابوویەوە نوسیبووی:"گەر موستەفا کەمال لەبری ئەوەی لەسالۆنیك لەدایك بووایە، لە هەرێمێکی کوردیی (موسڵ) لەدایك بووایە، ئەوا لەجیاتی کۆماری تورکیا، کۆمارێکی کوردیی دروستدەکرد".

بەئاماژە بە ئەفسانەیەك کەدەیانوت کوردەکان تورکی چیایی‌ن‌و زمان‌و کەلتوری راستەقینەی خۆیان فەرامۆشکردووە، ئەدی تورك رازی دەبوون گەر کوردەکان بیانوتایە:" چی دەبوو گەر بوترایە کوردەکان تورك نین‌و هەموویان کوردن. لەراستیدا ئەوانەی وابیردەکەنەوە کە تورکن، ئەوە کوردی دەریان". یاخۆگەر بوترایە:" پێویستە شوناس‌و کەلتورو فەرهەنگتان ون کەن‌و لەچوارچێوەی فەرهەنگی کوردیدا بتوێنەوەو رازیبن بە هاولاتی کۆمارێکی کوردیی. دیارە ئەمە لەنەزمی دیموکراسیدا یەکناگرێتەوەو ئەمە دروست ئەو خۆسەپاندنەیە کە ئەمرۆ تورك لەبەرامبەر کوردا جێبەجێی دەکات"[298].

ئەحمەد ئالتان بەهیوای ئەوە نوسینەکانی بلاودەکردەوە کە بەڵکو جۆرێك لەبیرکردنەوە لەبەرامبەر نەتەوەکان لە تورکیادا بلاوبێتەوە. کەچی بەپێچەوانەوە ئالتان دەستگیرکراو دادگایی کرا بەتۆمەتی هێرشکردن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورك‌و زیانگەیاندن بەیەکپارچەیی (یەکێتی خاکی تورکیا بریتیبوو لەو هەولانەی کار لەسەر بندەستکردنی کورد دەکەن) هاوکات لەسەر کارەکەیشی دەرکرا. ئەو رۆژنامانە وابەستەبوون بە میتۆدی میرییەوەو نوسەرانێکیان دەویست کە کاربکەن لەسەر زیاتر بندەستکردن‌و چەوسانەوەی نەتەوەکانی تر.

---

298 Milliyet, April 17, 1995.

ئالکان هاکالۆغلو وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مافی مرۆڤ بەم شێوەیە لە ڕەوشەکەی دەڕوانی:" هێشتا یەکەکە خەریکی ئەندامگرتن‌و فراوانبوونە". ناوبراو لەساڵی ١٩٩٥دا ئەندامی مونتەدای سۆسیال دیموکرات بوو لە حکومەتدا. ئەو سەبارەت بەدەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پەرەگرتنی یەکەکە دەیگوت:"لێرە پەرێزخستنێکی بەربلاو لەگۆڕێدایە، سەرەڕای مشتومڕو هەوڵەکانی میریی، هێشتا بەرەو پێشچوونی جددی لەمەڕ مافەدیموکراسییەکان ڕوونەداوەد"[٢٩٩].

بەشێك لەو هۆکارانە بەتایبەت لەنێو شەقامی تورکییدا وابەستەبوو بەتێچوونی لەڕادەبەریی جەنگەکانەوە، بەجۆرێك کە لەتوانای حکومەتدا نەبوو ئەو تێچوونە هەڵسوڕێنێت. لەم پێنا وەدا میریی سەرمایەگوزارییەکی ئێجگار زۆری لەدەستدابوو. هاوکات گەشتیاران لەهەر سەردانیکردنێکی تورکیادەسڵەمینەوە، چوون یەکەکە هۆشداری پێشوەختی دابوویە هەموو گەشتیارە غەوارەکان کە خۆیان بەدوور بگرن لەتورکیاو لەوانەبوو لەهەرکاتێکدا تەقینەوە لەنێو ئاپۆراو نێوچە گەشتیارییەکاندا ڕوویدات.

بەمجۆرە وێنەی دەرێی تورکیا کەوتبووە بەر لەکەو عاریی بیانییەکان. هەروەها ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە وا باوبوو بەهێزترین هاوپەیمانیی تورکیەیە، ڕووبەڕووی مشتومڕو بەدگومانییەکی نێوخۆیی ببوویەوە سەبارەت بە فرۆشتنی چەك‌وچۆڵی سەربازیی‌و هاریکارییەکانی بۆ تورکیا. کانی خولام وەك چالاکوانێکی کوردی تورکیا ڕاپۆرتگەلێکی پەیوەست بە خراپی ڕەوشی مافی مرۆڤ‌و چەوساندنەوەی کورد لەتورکیادا بەهەماهەنگی لەتەك واشنتۆندیسی بلاوکردەوە. بەمجۆرە لە ساڵی ١٩٩٤ ئەمریکا چاویخشاندەوە بەپەیوەندییەکانداو ١٠٪ هاریکارییەکانی بۆ تورکیا ڕاگرت تا ئەو کاتەی بەدوواداچوونی ورد لەهەمبەر ڕەوشی مافی مرۆڤی ئەو ولاتەدا بکرێت.

هاوکات لەو میانەدا فرۆشتنی بۆمبی دەستەیی‌و هەلیکۆپتەری کۆبرا ڕاگیرا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی تورکیا بۆ نێزیکتربوونەوەی لە ئەورووپا کەوتە بەر مەترسییەوە، چوون ئەورووپییەکان نیگەرانبوو لە زیندانیکردنی پەرلەمانتارە کوردەکان. بۆ ئەم

---

[299] Reuters, June 9, 1995, quoted in Amnesty International, Turkey: No Security Without Human Rights, 7.

مەبەستە واژۆی سەندیکای پیشەگەرانی تورکیا بۆ ئەوروپادوواخرا، ئەم واژۆیە واچاوەرواندەکرا لەدێسەمبەری ١٩٩٤دا تەواوبێت. لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی ئەوروپ هەڕەشەی هەڵپەساردنی تورکیای کرد گەر بێتو گۆڕان لە نەزمی دێموکراسییدا نەهێنێتە ئاراوە. لێرەوە هەڕەشەی جددی لەسەر وتوێژەکانی بوون بەئەندامی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا هاتەگۆڕێ. هەروەها توێژی سەرمایەدارو بازرگانانی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٥دا راپۆرتگەلێکیان لەسەر رەوشەکە بەرزکردەوەو داوایانکردبوو هەرچی زووترە تەشقەڵەی کوردان بێتە چارەسەرکردنو لەو پێناوەدا میتۆدێکی نوێ بگیرێتە بەر.

یەك لەو راپۆرتانە داوای کردبوو کە ئەنکەرە پێویستە سود لەئەزموونی ئیسپانیاو ئیتاڵیاو بەریتانیا لەمامەڵەکردن لەتەك کەمایەتییەکاندا وەربگرێت. شتێکی دیکە کە پێشنیازکرابوو بریتی بوو لە ئازادی کەلتوریی‌و فێربوونی زمانی کوردی کەوەك چارەسەرییەکی باش جەختی لەسەرکرابوویەوە[300]. لەراستیدا تورکیا ئامادەنەبوو پرسەکە هێند بەجددی وەربگرێتو بیروبۆچوونی بوێرو راست گوێ لێبگرێت. لەهەمانکاتدا هەندێ لەگۆڕانکاریی لەپێشچاوگرتبوون، چوون تورکیا یەکێتی گومرگیی ئەوروپای فرە بەلاوە مەبەست بوو. تورکیا چەکی تریشی لەمەڕ نارەزایەتیەکانی ئەوروپا بەکاردەهێنا، لەوانە سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەرەشبینییەوەداوای لەئەوروپاکردو گوتی گەر رێ لە رێککەوتنی بازرگانی بگرن ئەوا بەدڵنیاییەوە ولاتانی ئیسلامی لەنێوچەکەدا بەهێزدەبن. بەرێوبەرایەتی ئەمریکایش جەختی لەسەر ئەم هۆشدارییەی تورکیادەکردەوە. ریتشارد هۆڵدبرۆکی یاریدەدەری سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەوروپا هەموو هەوڵەکانی لەو پێناوەدا خستبووەگەڕ تا تورکیا بتوانێت لەوبارەوە دەنگی پێویست بهێنێت[301]. لەگەڵ ئەوەیشدا تورکیا بۆدەست راگەیشتن بەیەکێتی گومرگی ئەوروپا ئامادەی هەندێك لەگۆڕانکاریی ئیجابی دەبوو. تانسۆچیلەری سەرۆك وەزیران کە تازە بەتازە تێکەڵ بە سەرئێشەی سیاسیی ولاتەکەی ببوو، ئەوداهاتووی پێگەو ئەزموونی سەرکەوتنی دوساڵی خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە رێککەوتنی بازگانی بەهێزو تۆکمەبکات. لەم بارەیەوە بایەخەکەی تەنها لەو سۆنگەیەوە بوو. هاوکات فشارو

---

[300] This survey, released in August 1995 by the influential Turkish Union of Chambers and Commodity Exchanges (TOBB), was authored by Dogu Ergil.
[301] Tirman, Spoils of War, 229.

تینی زۆریشی بۆ چالاکوانانی کورد هێنابوو. ئەو بەپێی برگەی هەشتی یاسای دژە تیرۆری وڵاتەکەی ١٠٠ نوسەرو چالاکوانو بڵاوکەرەوەی کوردی ئاخاندبوویە زیندان. لەم رێگەیەوەدەیەویست پروپاگەندەی جیاخوازیی لەوڵاتدا نەهێڵێتو هۆیەکیش بێت بۆ قازانجی سیاسیی لە پێگەو دەسەڵاتیدا.

هەموو ئەوانەی ئەوگرتبوونی خەڵکانی مەدەنیو خوازیارانی ناتوندوتیژ چارەسەرکردنی رەوشی کورد بوون. ئەوێ دەم ٢٠٠٠دۆسییە لەحاڵی کۆڵینەوەدابوون لەدادگاکاندا. وەلێ چێلەر هەوڵی دەدا کارێك بکات کە ورووژێنەرو پڕ هەرا بێت لەمیدیادا. بەشەش هەفتە پێش دەنگدان لەگومرگی ئەوروپادا. چێلەر چەند رێو شوێنێکی سەبارەت بەیاسا توندەکان گۆڕییو ٨٠ کەسی لەزینداندا ئازادکردو داوایشی کرد چاو بەدۆسیەی ئەوانی تردا بخشێنرێت. ئەو لەومیانەدا وانیشانی دەدا کە لەهەوڵی چارەسەریی دۆسیەی کوردیدایەو چەند گۆڕانێکی لەیاسای دژە تیرۆردا کردووە. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لەیاسای دژە تیرۆردا بریتی بوو لە سیمایەکی نەرمو نیانتر لەسیاسەتی پەرێزخستنو پایماڵکردنی سیاسەتوانانو چالاکوانانی تورەو تەیار دژ بە سیستەمی تورکیا.

هێشتا تورکیا چەندین یاسای هێشتبوویەوە بۆدرێژەدان بەسەرکوبی چالاکوانانو بانگەشەکارانی دۆزی کوردو پایماڵکردنی مافی مرۆڤ لەتورکیا. بەکار هێنانی ئەویاسایانە بەردەوام پشت بەستووبوون بە پێداگریی چێلەر بۆگۆڕانکاریی لە یاسای هەشتی دژە تیرۆر. هەموو ئەو یاسایانە هێشتاداکۆکی بوون لە سزادانی ئەو کەسانەی کەلە بواری نوسینو قسەو بانگەشەدا تەحەدای نەزمی سیاسی میریی دەکەن. لەناوەندی کانوونی یەکەم دا ئەوروپا رازی بوو بە هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتی گومرگی ئەوروپا. بەڵام چێلەر نەیتوانی سەرکەوتووبێتو گەلێ لەگرفتەکانی وڵات هەرمابوون. لەوانە خەڵکی کەیفخۆش نەبوون بە رێگەی گەندەڵیو چارەسەرکردنی دامەزراوەگەندەڵەکان. کوردانیش هیچ هەستیان بەچارەسەرکردنی دۆزوگرفتەکانی خۆیان نەدەکرد.دوواجار هەڵبژاردنەکانی کۆتایی دیسەمبەر پارتی رەفای ئیسلامیی کردە پێشەنگی پارتەکانو توانییان ٢٠٪دەنگەکانی وڵات بەدەستبهێنن. هاوکات پارتەکەی چیلەر پلەی دووەمی بەدەستهانی کە تێیدا ١٩٪دەنگەکانی مسۆگەرکرد.

HADEP وەك پارتێکی کوردیی لەگۆڕەپانەکەدا نەیتوانی ٪١٠ی کەمترین دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت تاوەکو بچێتە نێو پەرلەمانی تورکیاوە. هەرچەندیش کە ئەم پارتە ئەویّ دەم لە باشوری رۆژهەلاّتی تورکیادا شوێنی تایبەتی لەنێوجەماوەری کورد دا هەبوو. دیارە کە پارتەکە تەنها توانی ٪٥٠دەنگەکانی باشوری رۆژهەلاّت تێیاندا هەیفەنەی هەبێت، بەمجۆرە تەواوی کورسییەکانی چوون بۆ پارتەکانی تر.

پاش سالّو نیوێك ئیدی سیاسییەکانی شەقامی تورکیاو بیرمەندانی ولاّت روویان کردە هەلّسەنگاندنی پارتی رەفای ئیسلامیی، ئەوان مژولّی ئەوەبوون بزانن ئایا ئەم پارتە کار لەسەر لاوازکردنی پایەکانی دەولّەتە سیکۆلارەکە دەکات یان نا؟ پاش ئەوەی کەمینە شکستی هێنا لەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. ئیدی سەرۆکی پارتی رەفا، نەجمەدین ئەربەکان توانی لەگەلّ رکابەرەدێرینەکەی تانسۆچێلەر یەك حکومەتی پێکەوەیی پێکبهێنن. دیارە کە پارتی رەفا لە رووی تیۆرییەوە زێدەتر لەباربوو بۆ سوککردنی یاسا توندەکانی سەرشوناسی کورد. چونکە لەنێو پرەنسیپەکانی دەولّەتی سیکۆلاری ئەتاتورکدا ئەو نەرمی نواندنە نەدەبینرا[302].

بەلاّم بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی ئەربەکان کەسێکی ئیسلامگەرا بوو، ئیدی زیاد لە سیاسییەکانی تر لەژێرتینو تاوی دامەزراوەی سەربازیدا بوو، لەبەرئەوەدەرفەتی گۆڕانکارییو هەلی ئەنجامدانی هەرشتێك لەبەردەمیدا لەوانەبوو ببێتە هۆی خەشمگینکردنی دامەزراوەی سەربازیی، چوون ئەو لەهەوەلّەوە بەگومانەوە لە ئەدای دەروانراو پێیان وابوو لەهەولّی لاوازکردنی پایەکانی دەولّەتی سیکۆلاری تورکیادایە.

دواجار لەمانگی دووی ١٩٩٧ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ژێر هەیمەنەی سەربازانی تورکیا هۆشداری پێدرا تا رێوشوێنی پێویست لەبەرامبەر چالاکی ئیسلامگەراکان دابنێتو ئازادی زیاتر لە ولاّتدا شوێنبکاتەوە. ئەوەبوو لە مانگی شەشی هەمان سالّدا بەفشارو تینو تاوی سەربازەکان ناچارکرادەست لەکار بکێشێتەوە. پاشان حکومەتێکی ئیئتلافی و پێکهاتوو لەسیّ پارتی سیاسی بە رێبەرایەتی مەسعود یەلّماز لەپارتی نیشتیمانی دایك راگەیەنرا. ناوبراو هەر لەدەستپێکی کاریدا ئەوەی نەشاردەوە کە لەبەرامبەر نیگەرانییەکانی کوردا هیچ هەنگاوێکی جیاوازی پیّ نییە. بەمجۆرە

[302] See especially the excellent analysis in Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish, 99–108.

هاوپەیمانییەکە لە کابینەی نوێدا پڕۆتۆکۆڵەکەی خۆیان لەوەدا خستە ڕوو کەگرفتێك بەنێوی گرفتی شوناسی نەتەوەییەوە لەباشووری ڕۆژهەڵاتدا بوونی نییە، بەڵکوگرفتەکە بە سروشتی حاڵ وابەستەیە بە ڕەوشی جوگرافیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە. هەربۆیە ڕەنگبوو یەڵماز بەهۆی تورەنەکردنی دامەزراوەی سەربازییەوە ئەم شوناسە نەتەوەییەی بەگوتارە نەتەوەییەکانی دابێت، چونکە تازە ئەربەکان بەو پاساوە بەرکەنارکرابوو، وەیا بەو هۆیەوە بوو کەجەنگی گەریلایی پەکەکە لەپوکانەوەدابوو. بەمجۆرە تورکیا لە کۆتایی نەوەدەکاندا دارای نەزمێکی سیاسیی نەگۆڕبوو سەبارەت بەدۆزی کوردو هیچ ئاسۆیەکی گۆڕانکاری لەگۆڕێدا نەبوو. کۆتو بەندە یاساییەکان لەسەر شوناسی کوردیی هەر درێژەیان هەبوو. وەلێ جێبەجێکردنی یاسا توندەکان ئاستەنگی فرەی لەپێشێدا قوتببوویەوە، چونکەجەنگی گەریلایی پەکەکە چاووگوێی کوردانی کردبوویەوە. ئەمەیش نەتەنها هاوسۆزانی پەکەکە بەڵکو چالاکوانانی کوردو خەڵکی کورد بایەخدار ببوون بەشوناسی نەتەوەییانو لەو پێناوەدا بۆشاییەکی گەورە لە نەزمی چالاکییدا بۆ چالاکوانانی کورد چێببوو.

پارتە یاساییەکەی کوردHADEP نەیتوانی بچێتە نێو ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکەوە، بەڵام لەهەڵبژاردنە شارەوانییەکانی ١٩٩٩دا پارتەکە توانی زۆرێك لە کورسیی شارەوانییەکانی نێوچەکە بەرێتەوە.دیارە کە ئەم سەرکەوتنە کاریگەرییەکی فرەی لای پارتە کوردییەکە بەرجەستەکردو وەك هێزێکی سەرەکیو کارا لەناوچەکەدا ناسێنرا، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پەکەکە لە سنوورەکەدا توانا سەربازییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەدەستدابوو. هەرچەند کە لەنیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە دووخاڵ پێویستبوو لەمەیدانەکەدا ڕەچاوبکرێن: ئۆجەلان دەستبەرداری شیکارە ناواقعییەکانی نەببوو لەمەڕ هێزی سەربازی پەکەکەو لاوازیی دەوڵەتی تورکیایش لەرووی سەربازییەوە بەئاشکرا هەستی پێدەکرا. تەنانەت ئەوە نەدەشارایەوە کە رژێم لە لاوازبوونی هێزوو هەرەکەتیدایە، وەلێ تا ئەو کاتیش ئامادەنەبوو هیچگۆڕانێك لە میتۆدی ناواقیعی خۆیدا لەمەڕدۆزی کورد ئەنجامبدات. تەنانەت گەر پەکەکە بیتوانایەدەست بەسەر نێوچەکەشدا بگرێت، ئەوان نەیاندەتوانی رووبەڕوویان بوەستن.

باسی دووەم:

## گەڕان بەدووی ڕێگەیەکی نوێدا (١٩٩٥ ١٩٩٨)

دکتۆر سولەیمان و کوچوك زەکیو نیزیکەی ١٢ گەریلای دیکە لە کۆتایی ١٩٩٥دا کەمپی زاپیان بەرەو سوریا جێهێلا. لەراستیدا تێبەڕبوون لەسنوور فرە دژوارترو ناسۆرتربوو لەوەی کە پێشبینیکرابوو. چوون سەربازانی سوریا، ئەوانەی زۆرترینجار لەهاموشۆی سنوورەکاندا کەتەرخەمبوون، دەستە گەریلاییەکەیان دابوویە بەر دەسترێژی گوللە، وەلێ ئەوان بەسانایی توانییان لەسنوورەکەدا گوزەربکەن. گەریلاکان بەهیوای ئەوەبوون بتوانن ڕووبەڕوو لەگەڵ ئۆجەلاندا ڕەوشی ناهەمواری سەربازیی پەکەکە تاوتوێ بکەن. بۆماوەی ٥ ساڵ بوو هیچکام لەوانە ئۆجەلانیان ڕووبەڕوو نەدیتبوو، وەلێ ئۆجەلان ئەوەی نەشاردەوە کە ئەو بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە رێگە بەکەسێك بدات بۆچونێکی جیا لە تێڕوانینی ئەو بخاتە ڕوو.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت:"ئەوەی من بینیم ئەو ئاپۆیە نەبوو کە پێشتر بینیبووم". هەروەها دەیگوت: "دەمووچاوی راستەقینەیم زیاتر بینی، ئەو کاتێك پێشوازی دەکردین بەردەوامبوو لەوەی کە دەیوت: ئایا دەبینن، من چۆن بەهێزبووم، گەر ئێوە ئەمڕۆ زیندوون، ئەوا لەسایەی سەری منەوەیە. ئالەم کاتەدا عەلی ك. هاتە لای ئۆجەلان، ئۆجەلان سوێندی بۆخواردین کە ئەم پیاوە هیچ شتێکی باشی تێدانییەو تەوەزەلە. ئیدی کابرا جۆرێك لە پەژموردەیی لەبەرامبەر ئێمەدا گرتی. دیارە ئۆجەلان بەم پەیامەی خەریك بوو بە ئێمە بڵێت کە ئێوە پلەیەکی ترن لەئاستی مندا".

ئەوێ دەم چالاکییە سەرەکییەکانی پەکەکە لەسووریا، لەنێو دوو دیواری بەرزی دوو کەمپی لێواری دیمەشقی پایتەختدا بەڕێوەدەچوون. هەریەك لەو کەمپانە نێزیکەی ٢٠٠ کەسێکی تێدابوو، دەبوو ئەوانە بۆ ساڵێك لەوێدا راهێنانی سیاسیی پەیوەست بە میتۆدی پەکەکە وەربگرن.

یەکێك لەو کەمپانە تایبەت بوو بەو گەریلا کوردانەی کە لە ئێراق‌و سوریاوە ببوونە ئەندامی پەکەکە، ئەویتریشیان تایبەت بوو بە کوردانی تورکیا. کەمپەکان کەم تازۆر هەمان شێوازو شێوەی یەکتر بوون. هەریەك لەوانە بیناگەلێکی تێدابوو کە پەیوەستبوون بە شوێنی خەوی گەریلاکان کە بەشێوەی جیا کچ‌و کوڕەکان شوێنیان بۆکرابوویەوە، هاوکات گۆڕەپانی وەرزشی بالەو تێنس‌و دوگۆڵی‌و حەوزی مەلەوانی تێدابوون. ئەو حەوزانەی هەرگیز پڕ لەئاو نەدەکران، هاوکات وەرزشەکانی پەیوەست بەحەزی ئۆجەلان لەگەڵ باخچەیەکی بەرفراوانیان تێدابوو کە ئۆجەلان لەنێویاندا وانەکانی دەوتەوە. هەریەك لە دکتۆر سولەیمان و کوچوك زەکی کە دەستنیشانکرابوون تا بۆماوەی شەش مانگ یان زیاتر لەوێندەر بمێننەوە. پێیان گوترابوو تا لەکەمپی کوردانی تورکیا دا پرۆگرامی پەروەردەیی بلێنەوە.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت: "راهێنانەکان تەنها بریتی بوون لە خوێندنەوەی نوسین‌و شرۆڤەکانی ئۆجەلان‌و گوێگرتن بۆ کاسێتەکانی‌و وتارەکانی". هەروەها دەیگوت: "هەندێك کات ئۆجەلان دەهاتە نێو کۆرسەکان‌و قسەی دەکرد، پاشان پێویست بوو ئێمە دڵنیای بکەینەوە کە هەمووان ئامادەی کۆرسەکە بووین یان نا".

کاتێك رێبەری پەکەکە موحازەرەی دەدا دەبوو هیچ کەس نە پێبکەنێت، نە بپژمێت‌و بکۆکێت، دەبوو هەمووان پابەندبن‌و هۆشدارییان پێدرابوو جددی بن، گەرنا حسابی سەرپێچی‌و نیازی پابەندنەبوونیان بۆ دەکرا. ئەوانەیش کە پرسیارێکیان لا گەڵاڵەبووایە، تا ئۆجەلان وەڵامیان بدایەتەوە دەبوو پێش کردنی پرسیارەکە پێیان بەرزبکەنەوەو پاشان پرسیارەکەیان بکەن.

شتێکی دیکە کە فرە نائاسایی بوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئەوانە لەپاش پرسیارەکانیان، ئاماژەیان بۆنەدەکرا دابنیشنەوە، ئیتر دەبوو بەپێوەبن تا ئۆجەلان موحازەرەکەی تەواو بکات، کە جاری واهەبوو یەکبین شەش بۆ حەوت سەعات قسانی دەکرد.

نەوال گەریلای دێرینی پەکەکە دەیوت: "هەموو ئەم رێوشوێنانە لەپێش دەستدا روونکرابوونەوە". ناوبراو ساڵی ١٩٩٥ بانگهێشتکرابوو بۆ دیمەشق تا راپۆرتی خۆی لەمەڕ ژنانی نێو کۆنگرە بگەیەنێتە ئۆجەلان لە هەمان ساڵدا. پاش ئەوەی لەدەستپێکی قسەکانی ئۆجەلاندا، نەوال قسەی کرد، ئۆجەلان پێداگریی کرد کە ئەو دیسان دابنیشێتەوە، بەڵام نەوال واحاڵی بوو کە ئۆجەلان رەفزی قسەکانی دەکات. نەوال بۆخۆی بەم جۆرە رەوشەکەی گێڕایەوە: "بەردەوامبووم لە وتنی نەخێر نەخێرو وتم هەڵدەستمەوەو ئەویش وەڵامی دامەوەو وتی تۆ جارێ گەنجیت. ئیدی بۆماوەی ٧ کاتژمێر بەپێوە هێشتمیەوە".

دیارە کە وانەکانی ئۆجەلان وەك فرسەتێك لێکدرابوونەوە تا گەریلاکان لە ئۆجەلان زیاتر تێ بگەن، بە روانگەی وانیش تێگەیشتن لە ئۆجەلان دروست تێگەیشتنبوو لەپەکەکە. ئۆجەلان وتاربێژێکی ماندوو نەناس بوو، فرە جار کاردانەوە مێژووییەکانو یادەوەری منداڵیو مێژووی پەکەکەی پێکەوە ئاوێتە دەکرد. ئۆجەلان فرە بەباشی نێوی خەڵکەکەی لەبەردەکردو دەیوتنەوەو بەهرەیەکی باشی لە سۆراخی بنجو بنەوانو ژیانی ئەو کەسانە دەکرد، ئەمە دووای ئەوەی پێوەندییان دەکرد بەپەکەکەوە. ئەو لە موحازەرەکانیدا ژیانو ئەزموونی خۆی دەهۆنییەوەو دەیکردە ئاماژەی ئامانجەکانی. گەریلاکان زۆرجار ئاماژەیان بەوە دەکرد کە لەمیانی ئامادەبوونیان لە پرۆگرامو میتۆدی کەمپەکاندا هەستی ئازایەتیو وروژاندنیان لەلا بەرجەستە دەبوو و هەستیان دەکرد بیرو هزریان جوڵاوەو جیهانبینیان کراوەتر بووە. وەلێ نەوال بە بیستنی وتارەکانی ئۆجەلان ناگەهان دوچاری رەوشێکی سەیر ئامێزدەبوو.

ناوبراو بەم جۆرە زیاتر هەستی خۆی لەبارەی ئۆجەلان شرۆڤەدەکرد:

ئۆجەلان دەیتوانی بۆ ٣ تا٤ کاتژمێر بەبێ وەستان قسە بکات. ئەو باسی زەمەنی زارۆیی خۆی دەکرد، باسی ئەوەی دەکرد چۆن وەك کوڕێك پاسەوانی میوەی باخچەکەیان بووە. پاش تەواو بوونی موحازەرەکەیشی، ئیدی بەدەوریدا ئاپۆرەیان دەبەستو راڤەی ئەو شتانەیان دەکرد. ئەو وەختێ لەبارەی باخچەیەك قسان دەکات،

قسەکردنێکی واقعییە دەربارەی سۆشیالیزم. بەنیسبەت منەوە، واتێگەیشتم، ئەو لەقسەکردندابوو لەبارەی باخچەیەك. وابیرم دەکردەوە کە هەموان تێگەیشتوون، وەلێ من نەمتوانیوە ئاشنابم بەوە کە هەڵەکە لەچیدایە. نەکەسێکی گەمژەبوومو نەیش بەکرێگیراو بووم. لە کۆتایدا بڕیارمدا هەڵەکە لەودابوو. هەموو ئەوانی تر خۆیان فریودەدا، وایان نیشان دەدا تێگەیشتوونو هیچیش حاڵی نەببوون. هەربۆیە بڕیارمدا لە کۆتا ترین ماوەدا بگەڕێمەوە بۆ شاخو بۆ نێو جەنگەکانو لەو بگرەو بەردەیەی هزرو گرێدەرونیانە رزگارمبێت.

ئەو ئەنجامگیرییە بۆ نەوال چەند مانگێکی کەمی خایاند. ئەو زانی کە ناتوانێت ئەمە بەهەرکەسێکی تر بڵێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەی ئەوی هاندا بۆ بەدوودا چوونو چاودێریی خەباتو نەبەردیی پەکەکە تەنها لەپێناو خاکی کوردداندابوو نەك لەپێناو رێبەری پەکەکە. نەوال لەم بارەیەوە دەیگوت:"ئۆجەلان رێبەری فەرمی پەکەکە بوو، رێگەدرابوو بەو رێبەر بێت. ئەوەی بەلای منەوە گرنگبوو خەباتکردنو جەنگان بوو، ئەوە ئەو شتە بوو کە پێویست بوو من ئەنجامی بدەم".

ئەم تێڕوانینەی، کە پێی وابوو جەنگی پەکەکە گرنگتربوو لە رێبەرایەتی ئۆجەلان. بەشێوەیەکی فرە بەرچاو لەنیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە پەرەی گرت. بەتایبەتی لەنێو فەرماندەو بەرپرسە شۆڕشگێڕەکانی پەکەکەدا. ئەوان باش دەیانزانی کە کۆڵینەوەو راڤەکانی ئۆجەلان گرفتو کێشەن. وەلێ ڕێگەی تر نەبوو. سولەیمانو کوچوك زەکی هاتبوونە دیمەشق تا ڕوانگەی ئۆجەلان لەمەڕ تاکتیکی سەربازیو نەزمی نەبەردییەکان بگۆڕن، بەلام بەچەند مانگێك مانەوە لەوێدا ئەو راستیەیان لاگەلالّە بوو کە گۆڕانکاریی لە هزری ئۆجەلاندا شتێکی ئەستەمو سەختە.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت:"پێمان دەگوت کە گەریلاکان ناتوانن خۆراکی پێویستیان چنگ بکەوێت، وەلێ ئەو ملی بۆ ئەو راستییە نەدەداو ئامادە نەبوو گوێ لە قسەگەلێکی وەها بگرێت".

هەروەها دەیگوت:"کەسێك زاتی ئەوەی نەبوو رەوشە راستەقینەکە بۆ ئەو نومایان بکات". سەرەرای ئەوەیش ئۆجەلان داوای بەستنی کۆنفرانسێکی تری دەکرد لە دەستپێکی ١٩٩٦دا. مەبەستیشی لەم کۆنگرەیە راگەیاندنی دەستپێکی نوێو قۆناغێکی نوێ بوو بۆ داهاتووی نەبەردییەکان.

سەرکردە مەیدانییەکانی پەکەکە دیسان هەوڵیان دەدا لەم کۆنفرانسەدا بۆچوونەکانی خۆیان لەرووی نەزمی رەخنەو گازاندەیان لە رەوشی جەنگەکانەوە بخەنەوە ڕوو.

کوچوك زەکی دەیگوت:"سنورەکان تەنها بۆ رەخنەگرتن لە کەسایەتی ئەو نەبوون". ئۆجەلان لەوەدا ملی نەدەدا کە گوایا جەنگ گەریلاکانی گەڕاندبێتە دوواوەو بەزیانی وان شکابێتەوە، لەجیاتی ئەوە ئۆجەلان پێداگریی لەوەکرد کە بارەگای یەکەی سەربازیی فراوان لەچیاکاندا دامەزرێنن‌و سەنگەر لێبدەن‌و چاوەڕێبکەن تا دوژمن هەڵبکوتێتە سەریان‌و پاشان بەڕوویاندا هەڵشاخێن".

کوچوك زەکی لە بارەی ئاکامی کۆبوونەوەکەوە هەڵوێستەی دەکردوو دەیگوت : "ئێمە بڕوامان وابوو ئەم کۆبوونەوە هیچی لێسەوز نابێتو ئەستەمە روانگەی ئۆجەلان گۆڕانکاری بەسەردا بێت".

## کەسێك هەوڵی کوشتنی ئۆجەلان دەدات

لە ئەپرێلی ١٩٩٦ دا کوچوك زەکی لە کەمپی کوردانی تورکیا دا دانیشتبوو، ئەو مژوڵی نوسینەوەی کاری کۆنفرانس بوو، لەپڕ گوێبیستی تەقینەوەی بۆمبێك بوو لەنێو دەروازەی هاتنەناوەوەی کەمپەکەدا. تەقینەوەکە هیچ زیانێکی بەدووادا نەهات. تەنها لەسەر رێگەکەدا هێندەی چاڵاوێك چاڵی دروستکردبوو. راستەوخۆ ئۆجەلان ئەوەی بەپلانێکی دەست کیسەی تورکیا لەقەڵەمدا، بەڵام گەر وایش بێت ئەوە پلانێکی فرە لاواز دارێژراو دەهاتە پێشچاو.

دیارە کە هەوڵی تەقینەوەو کوشتنی ئۆجەلان و هەر گەریلایەکی تر لەو کەمپانە دا ئێجگار لاواز بوو، چوونکە ئۆجەلان فرە بەکەمی بەشەواندا دەردەکەوت یاخۆ دیواری

کەمپەکان زۆر پارێزەرو پتەو و دوور لەهەر زیانێکی دەرەکی بوون. هەوڵێکی لەو جۆرە کەدرا زیاتر بۆنی دەستکیسەی دەزگای موخابەراتی سوریی دەداو وەك هۆشدارییەك بوو تا ئۆجەلان لەسەر خەتو رامیاری سوریا بهێڵێتەوە. هەرچەند کە تەقینەوەکە زیاتر لە سودو بەرژەوەندی ئۆجەلاندا شکایەوە.

کوچوك زەکی دەیگوت:"پاش رووداوەکە ئۆجەلان هاتو پێی گوتین، تەماشاکەن، ئێوە نەتانتوانی فەرمانەکانم جێبەجێبکەن، گەرواتان بکردایە، چلۆن میریی دەتوانێ کارێکی لەو جۆرە دەرهەق بە من بکات". هەروەها دەیگوت:"ئۆجەلان سەیری دەوروبەری خۆی دەکردو ئەو قسانەی دەکردن( یانی های دیوار گوێبگرەو پاسار لەگەڵ تۆمە)".

کوچوك زەکی و دکتۆر سولەیمان وەك خوێندکارێکی لاوی زانکۆیی پێوەندیان کردبوو بەپەکەکەوەو تامەزرۆی بەشداریکردن بوون لەخەباتی نەتەوەیی دا. بۆیە پاش ٤ ساڵ ئەوانە بوونە فەرماندەی بەئەزموونو دیاری کایەی جەنگە گەریلاییەکە. وەلێ ئەوان لەو مەیدانەدا تەنها لە گوللەی سەربازانی تورك قوتار نەببوون. بەڵکوو کەوتبوونە بەر نەشتەری موئامەرەو رقو گومانی گەریلاکانی تری پەکەکەوەو دەخوازرا لەلایەن خودی پەکەکەوە لەسێدارە بدرێن. ئەوان پاش شەش مانگ مانەوەیان لەلای ئۆجەلان ئیتر تێگەیشتن کە پەکەکە لە چ مەئزەقێکدا بوو. کوچوك زەکی دەیگوت:"ئۆجەلان بۆخۆی دەچووە سەر شاشەی مێد تی ڤی و هەموو شتێکی دەوتو قسەی بۆ Ozgur Gundem دەکرد، ئەو رۆژنامە کوردیەی کە لە تورکیادا دەردەچوو. قسەکانی دەربارەی هەموو شت بوونو لەهەموو شتێك دەدوا کە خەریکی ئەنجامدانی بوو. ئەو وابیری دەکردەوە کە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامی دەدات دروستو بێ هەڵەو پەڵەن، لەکاتێکدا وەهایش نەبوو".

هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا کوچوك زەکی ئەوێی جێهێڵاو گەڕایەوە بۆ نێو تورکیا. سەبارەت بەوقۆناغە بارودۆخەکەی بەم شێوازە شرۆڤە دەکرد:

نەمدەویست لەپەکەکە دوور بکەومەوە، وەلێ باشترین ڕێگە بۆ من دوورکەوتنەوەم بوو لە ئۆجەلان. لەسەرەتادا چوومە زابو پاشان لە مانگی شەشدا چوومە سنووری کوکورکا. ئەوکات لەگەڵ نێزیکەی ۷۰ کەسێکدا دەربازی سنوور بووم، ۷۰ دیکەیش لە شوێنێکی دیکەوە پەڕینەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پێکدادانەکان هەڵگیرسابوون. ئێمە برسیو تینوو بووینو دارای هیچ شتێك نەبووین. وەك ئەوەی لەسنوورەکەدا بۆخۆم دەربازبووم، تێکڕای ڕەوشەکەم بەچاوی خۆم دی. بەجۆرێك لەبۆتان بۆ ماوەی ۳ مانگ گەریلاکان نەیانتوانی نان ببینن، لەکارزانیش بەهەمان شێوە، لەشوێنەکانی تریش خەڵکەکە گەر چەند سەر مەڕێکیشی هەبووایە ئەوا دەیانبردن بۆ گوند پارێزەکانی سەر بەمیریی.

بەمجۆرە شتەکان بەرەو خراپی دەچوون. چونکە چۆڵبوونی ئاواییەکان مانای وابوو ئیدی گەریلاکان دەستیان نەدەگەیشت بە هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ خەڵکیداو نەیاندەتوانی ئازوقەو خۆراك چنگبخەن بۆ خەباتو جەنگە تولانییەکەیان.

پێڕەکەی کوچوك زەکی لە هەرێمی ئەرزڕۆمدا بنکەو بارەگایان خستبوو. ئەوان لەڕێگەی باترییەوە تاڕادەیەك پێوەندییە بێ سیمەکانیان پاراستبوو، وەلێ بۆ هاموشۆو گەڕان تەنانەت پێڵاوی پێویستیان نەبوو، گەر ئەوەی هەیان بووایە بدڕایە یان بڕزایە ئیدی نەیانبوو تا پێڵاوێکی تر شوێنیان بگرێتەوە. هاوکات کۆگاکانی داو و دەرمانیان هەموو تەواو ببوو. هەندێك کات کە کوچوك زەکی پێوەندیی بەسەرکردایەتییەوە دەکرد لە زاب دا، لەباکووری ئێراق، هەوڵی دەدا تێیان بگەیەنێت کە چ گرفتێك لە گۆڕێدایە، چوون لەوێ ڕەوشەکەیان هێمنتربوو، بەسانایی دەیانتوانی کۆگاو مەخزەنەکانیان تێر رابگرن. کەچی ئەوان وەها وەلامیان دەدانەوە کە هەوڵەکانیان چڕتر بکەنو زیاتر کاروانەکانی سوپای تورکیا بخەنە مەتەرێزو مەیدانی جەنگەکانی خۆیانەوە. ئیتر بەوجۆرە دەستکەوتو تفاقی خۆیان دابین بکەن.

کوچوك زەکی دەیگوت:"ئێمە موشەكو ساروخمان نەبوو، دارای هێزی پێویستیش نەبووین". لەوەیش خراپتر ئەوەبوو کە خەڵکی نێوچەکەیش دەستیان دابوویە بۆڵەو

نارەزایی، ئەوان نامەیان ئاراستەی فەرماندەکانی گەریلاکردبوو لەشاخێداو پرسیاری ئەوەیانکردبوو لێیان، کە تاکەی ئەم رەوشە بەردەوام دەبێت؟ چوون هەروەك چۆن ئەرتەشی تورکیایش خەڵکەکەیان چروستاندبوویەوە، گەریلاکانیش خەڵکیان تەنگەتاو کردبوو.

دکتۆر سولەیمان دەیگوت: "هێرشی لەناکاو لەگۆرێدابوو، ئێمە پێویستبوو بەرگری لەخۆمان بکەین". ناوبراو ئەوکات گەرابوویەوە بۆ هەرێمی ئامەد. زیاتر لەو بارەیەوە دەدواو دەیگوت: "بەڵێ چەند پێکدادانێك روویان دا، وەك هەمیشە ئێمە تێماندەسرەواندن‌و خۆمان قوتاردەکرد، ئیدی ئەوە موبادەرەی ئێمەبوو". گەریلاکانی پەکەکە لەنێوخۆیاندا لەکێشمەکێشی ئەوەدابوون، کە پێویستە چی بکەن. کوچوك زەکی دەیوت: "پرسیارەکە ئەوە بوو کە ئەوە کێیە دەتوانێت زەنگەکە بخاتە ملی ". ئەو بەهێنانەوەی ئەو پەندە دێرینە دەیویست بڵێت ئەوە کێیە کە زاتی ئەوەی هەیە راستییەکان لای ئۆجەلان بخاتە روو، دەیەویست بەخەڵکەکە بڵێت ئەوەی کە روودەدات لەئەستۆی من دا نییە، من تەنانەت بەهاتنی ١٩٩٨ ئیدی بۆخۆیشم کارەکانم لا سەختببوون، خەڵکیش لەدژواریدابوون‌و بەدەست مرییەوە دەیانناڵاند.

## نۆبەتی شەمدین ساکیك

کەرەتێکیان نەوال پێشنیازی ئەوەی کرد کە گەریلاکان پێویستییان بە ٣ شت هەیە تا لەو رەوشەدا رزگاربن: خوێن سەردیی، چونکە ئەوە پێویستبوو تا بتوانن بەئارامی لەژێر رەحمەتی ئاگرو بۆمبەکاندا خۆرابگرن. بەخت، لەبەر ئەوەی هەندێك کات ئەوە تەنها شتێکە کە لە کوشتن رزگارت دەکات. توانای جەستەیی، ئەوەیش بۆ پیادەرەوی بەنێو کەندەلان‌و چیا دژوارەکانی کوردستان هەمیشە ئاتاجیان پێی هەبوو.

وەلێ ئەوان تەنها یەك شتیان هەبوو، ئەوەی نەوال ئاماژەی پێنەدابوو. ئەویش ئەوەبوو کە ئۆجەلان لەوە دڵنیابکەنەوە کە شتێکیان نەکردووە پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەوە. ئەوە راستییەك بوو کە هەموو کەسێك لەنێو پەکەکەدا دەرکی پێکردبوو. هەر لە

نوێترین گەریلاوە تا مەزنترین فەرماندەی بەئەزموونی نێو پەکەکە. بۆنموونە دکتۆر سولەیمان کە لە ساڵی ١٩٩٦ دا بەتەواوی گازەندەو رەخنەکان زۆریان بۆ هێنابوو، ئەو نیگەران بوو لە رەوشی رێگە جەنگیەکەی ئۆجەلان، وەلێ فرە وریاو هۆشیاربوو لەهەمبەر ئەوپرسەی کە چۆنو بەچ شێوەیەك ئەو نیگەرانیەی بۆ ئۆجەلان دەربېڕێت. ئەو دەیوت: "گەر تۆ بە ئازادانە قسەبکەیت، ئەوا یان دەردەکرێیت یان دەکوژرێیت".

کوچوك زەکی، کە هاوڕێو فەرماندەیەکی نێزیك بە هەرێمەکەی سولەیمان بوو، دەیزانی کە سولەیمان چەند دوور رۆیشتبوو تا ئۆجەلان بەوە رازیبکات، وەك پێویستییەکی هەنوکەیی. پێویستە گۆڕان لە تاکتیکی چەکداریدا بکەن.

کوچوك زەکی دەیگوت:"جۆرێك لەدەرفەتی دابوومێ بۆ قسەکردنن وەلێ سنووری دانابوو. دەمزانی سنوورەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە رەخنەی شەخسی لێنەگرم".

باتوفاش بەهەمان شێوە، ئەو وەختێ پێوەندیی کرد بەپەکەکەوە لەساڵەی ١٩٩٣دا قوتابییەکی ئامادەیی تەمەن ١٥ ساڵ بوو. ئەو زۆر بەپەلە بڕیاری خۆی داو پێگەیشت، وەلێ ئەویش هیچ رێگەیەکی پێنەدەدرا. لیستێك نێو هەبوون کە لەهەوڵداندابوون تا لەو رەوشە قوتاربن، ئەوانە نێویان بەوە زڕابوو کە پێوەندی سێکسییان لەتەك رەگەزی بەرامبەر هەیە، یاخۆ بەجۆرێك لەجۆرەکان کەوتبوونە بەر خەشمی فەرماندەیەکی سەربازییەوە. یان هەبوو دوورخرابوویەوە. فەرماندەکان بەئاشکرا دەیانوت ناردوومانە بۆ پاریس. باتوفا دەیوت: "مەبەستیان لەوە ئەوەبوو کە کشتوومانە".

وەلێ لەهەندێك ئاماژەدا، بەئەزموونترین فەرماندەی سەربازی پەکەکە، شەمدین ساکیك فەرامۆشی ئەو خاڵەی کردبوو، ناوبراو پیاوێکی هەژارو شەرمنو هێمن بوو، ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار پێوەندیی کردبوو بەڕیزەکانی پەکەکەوە. بۆخۆی دەڵێت کە پاش ئەوەی داوای لەبابی کردووە پارەی پێبدات تا ژیانی هاوسەرگیریی پێکەوەنێت، بابیشی داواکەی داوەتە دوواوە، ئیدی یاخی دەبێتو رووڵەشاخ دەنێت. ئەو لەچەندین پێکدادانو رووداوی خوێناویدا قوتاربووو، بۆنموونە اەهەموو ئەوجەنگانەی ئەرتەشی تورك

رووبەڕووی کردبوونەوە[303] و هاوکات لە پلانو دەسیسەگەلێکی سیاسییو نێوخۆیی خودی ئۆجەلان رزگاری ببوو. ئەو پلانو پەلّپانەی کە ئۆجەلان بۆ بەهێزکردنی هەیمەنەی خۆی بە شۆڕشگێڕو فەرماندە سەربازییەکانی دەگێڕا. هەروەها لەو گومانو وەسوەسانەی پەکەکەیش خۆی پەڕاندبوویەوە کە زۆرجار گەریلاکانی تر بەهۆیەوە هەڵدەهاتنو پەراوێزدەخران یاخۆ لەنێودەبران.

نێوبراو توانیبووی لەو هەرێمەی کە تێیدا بالادەستو فەرماندەیە تۆڕێکی بەهێزی لۆجستیکی دروستبکات، هاوکات هێزێکی مەزنی گەریلاییو شەرکەری پێکەوەنابوو. ئەو توانیبووی خۆی بسەلمێنێت، ئەمەیش نە لەڕێگەی ئازایەتیو توانایەوە، بەڵکو لەڕێگەی شانسو ئیقبالّو دەرفەتەوە کە بۆی رەخسابوو. ساکیك ببوویە رەمزێکی جەنگە گەریلاییەکەو پێگەیەکی جەماوەریی سەنگینی هەبوو لەباشووری رۆژهەلاتی تورکیادا. ئەو بەنازناوی شەمۆ ناسرابوو. ئەوە ناوێکی کەمێك خودسەرو خۆشەویستو بەڕێزبوو لەنێو ئەندامانی خانەوادەکاندا. ساکیك، لەنێوەندی نەوەدەکانداو بەلایەنی کەمەوە لەو دەساڵەی خەباتی چەکداریدا، وەك تەواوی فەرماندە سەربازییەکانی تر بەتەواوی نائومێدببوو لەبەرامبەر نەزمی چارەسەریی سەربازی بۆ پرسی کورد. ناوبراو دوواجار خەشمو قینی بەسەر چوار لەئەندامە بالاکانی پەکەکەدا ڕشت، ئەوان فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی پەکەکەبوون لەناوچەکەدا. ئەوەبوو لەماوەی بەستنی کۆنفرانسی زابی ١٩٩٥ دا، ساکیك بەتەواوی لایەنگرانی خۆیشی توشی شۆكو سەرسوڕمانکرد. دکتۆر سولەیمان بەم جۆرە وتەکانی ساکیکی دەگێڕایەوە: "ساکیك هەستایە سەرپێو سەرزەنشتی فەرماندە بالاکانی هامکاریی ئۆجەلانی کرد. لەوانە دوران

---

[303] This retelling of Sakik's history in the PKK relies on interviews with PKK militants who knew him and draws on Celik, Agri, 116– 117, 399 – 409; also useful were the diaries of two militants: Ersoz, Gurbet'in Guncesi and Zinarin'in Guncesi.

قالّقان‌و موراد قەرەیلان‌و  موستەفا قەرەسو و خەلیل ئاتاج(جەبو بەکر). بەبێ پەردە پێی گوتن کە ئاشنا بەجەنگی گەریلایی نین. دووا تر بە ساکیکم وت، ئەوە تۆ خەریکی چی دەڵێیت؟ کێشەکە پەیوەندیدار نییە بەو کەسانەوە، گەر جەنگەکە بەنەزمێکی خراپ بەڕێوە دەچێت، ئەوە هەڵەی ئەوان نییە. ئەوە هەمووی لەگەردنی ئاپۆدایە. بەهەرحاڵ ئەو گردبوونەوەیە کۆتایی ساکیك بوو. چوونکە ئەو بەڕاشکاوانە قسەی کردوو چەند کەسێکی بەتۆمەت دەستنیشانکرد.دەبوو چی رووبدات؟ ئەوکەسانە راپۆرتێکیان بۆ ئۆجەلان بەرزکردەوەو نوسیان کە ساکیك گەرەکیەتی دەستبگرێت بەسەر رێکخراوەکەدا".

ئۆجەلان شارەزابوو لەخەملاّندنی هەڕەشەکاندا، هەروەکچۆن باشتر دەیتوانی هەڕەشەگەلێك ئاڕاستەبکات. ئەو تاکتیکی دەگرتە بەر تا بیانووی هەبێت بۆ پەرێزخست‌و پاکبوونەوە لەکەسێك کە بە موزاحمی دەبینی. بەتایبەتی لەو تاکتیکانەدا کاری دەکرد دژ بە فەرماندە سەربازییەکان. بەسانایی دەیتوانی بەتێرۆریست بیاندات لەقەڵەم‌و لەنێویانبەرێت، بیانوو زۆربوون تا تێیانبگلێنێت لەپرسی دەستبردن بۆ رێبەرایەتییەکەی. جیا لەوەیش رەوشێکی دەهێنایە گۆڕێ کە خودی هەڵسوکەوتی کەسەکە دەبووە هۆی سزادان‌و لەنێوبردنی. لەوانەیە دیارترینی ئەوانە گێچەڵگێڕانبێت بەخودی براکەی خۆی کە عوسمان ئۆجەلان بوو. ئەو بۆ نیشاندانی ئەمەك‌و وەفاداریی خۆی، هەوڵی خۆی لەچارەسەریی ئەو جەنگەدا خستبووە گەڕ، کە ئەرتەشی تورکیا بەهاوکاری کوردانی ئێراق ساڵی ١٩٩٢ دژ بە پەکەکە دەستیان دابوویە. ئۆجەلان براکەی خۆی تاوانبارکرد بە دەستبردن بۆ چارەسەرییەکی هەڵەو ئاگربەستێکی هەڵە لەبەڕێوەچوونی دانوستانەکاندا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە براکەی بەرپرسایەتی کارێکی گرنگی گرتبووە ئەستۆ. وەلێ بەپێچەوانەی پاداشتەوە بڕیاردرا کۆنفرانسێکی تەواو ببەسترێت تا بتوانن هەڵە و کورتییەکانی براکەی دەستنیشانبکەن[٣٠٤]. دیارە ئامانج لەمە

[304] Osman Ocalan's problems were discussed at the 5th Congress, see PKK . Kongre Kararlari, 271–274. Former PKK militants described Osman's flight.

ئەوەبوو تا متمانەو بڕوابوون بە عوسمان ئۆجەلان داماڵن، چونکە پاش ئەو رووداوە عوسمان بە نائومێدیی هەڵهاتبوو بۆ ئێران. دوواتر ناچارکرابوو بەتۆپزی لەلایەن ئەندامانی پەکەکەوە بگەڕێتەوە و لێپێچینەوەی لەتەك بکرێت. کەواتە گەڕانەوەی عوسمان بەتۆپزیی بوو نەك بە دەربڕینی دڵسۆزیو دڵگەرمی خۆی بۆ گروپەکە. دووا بەدووای ئەوە عوسمان ئۆجەلان رووبەڕووی سزای لەسێدارەدان بوویەوە، دیارە ئەو سزایە کە بڕیاری لەسەردرا بەهۆی ئەو تۆمەتە نادیارو تەمومژاویانەوە بوو کە لەبەرامبەر نادڵسۆزبوونو غەیابنبوونی بۆ پارتەکەی نواندبووی. بەڵام عوسمان توانی خۆی لەتۆمەتەکانی ببوێرێتو قوتاربێت. ئەویش پاش ئەو خۆزەلیلکردنو خۆتەسلیمکردنە هات کە لە دوتوێی بڵاوکراوەیەکی ١٠٦ پەڕەییدا هەڵەی خۆی بەرامبەر بە پارتەکەی پیشاندابوو. عوسمان ئۆجەلان پاش ئەوە لەکۆنگرەی پێنجەمی ١٩٩٥دا داوای لێبوردنی بۆ دەرکرا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو بۆماوەیەکی کەم لە پۆستو پلەکەی دوورخرایەوەو پەراوێزخرا، ئیدی بەلەبەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی لەتەك رێبەری پارتەکەدا و بەرگریلێکردنی، هەرزوو لەساڵی ١٩٩٦دا گەڕێنرایەوە بۆ پێگەکەی پێشووتریو کرایە بەرپرسی کەمپی هاکورك.

## کەوتنی ساکیك

ئیدی نۆبەتی ساکیك هاتبوو، لەسەرەتاوە ئۆجەلان ستایشی ئەوی کرد وەك فەرماندەیەکی بەئەزموونو چەلەنگ. دووابەدووای کۆنفرانسی زاب لەساڵی ١٩٩٥دا، ساکیك نێردرایە نێو ئەنجومەنێکی جێبەجێکاریی سێ کەسییەوە. ئەوان وادەستنیشانکرابوون کە بەرپرسی چالاکییە سەربازییەکانی بارەگای سەرکردایەتی زاب بن. ئەندامانی ئەنجومەنە تەنفیزییەکە بەبەردەوامی لە کێشمەکێشدابوون. لەو ئەنجومەنەدا نەوال بەرپرسی چالاکییەکانی ژنان بوو. ئەو نەیدەتوانی شان بدات لەشانی ساکیك، ساکیك پێی وابوو کە ئەزموونە مەیدانییە بەربڵاوەکەی قسەی هەوەڵو کۆتایی دەداتە پاڵ خۆی. سێهەم ئەندامی ئەنجومەنەکە عەلی حەیدەر(فوئاد قەیتان) بوو. ئەو

هیچ ئەزموونێکی مەیدانی نەبوو، وەلێ بۆ ماوەیەکی درێژبوو کە کەسێکی جێ متمانەوە دڵسۆزی ئۆجەلان بوو. ئەویش بەهەمان شێوە لە رقەبەرایەتیدا بوو لەگەڵ ساکیکدا. بەشێك لە گرفتەکان لەوەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە دەسەلاتی ئەنجومەنەکە رۆشن نەکرابوویەوە، ئۆجەلان بۆخۆی بەدەستی ئەنقەستو بەو جۆرە ئەنجومەنەکەی بارهانی بوو. هەربۆیە ئەم کێشمە کێشە هەموو کارەکانی ئەنجومەنەکەی بەهەڵپەسراوی دەهێشتەوەو ناچار ئەندامەکانی ئەنجومەنیش بۆ شەفاعەت و چارەسەر روویان لە ئۆجەلان دەنا.

نەوال دەیگوت:"هەموو رۆژێك بەتەلەفۆن قسەمان لەتەك ئۆجەلان دەکرد، بەردەوام باسمان لەگرفتەکانمان دەکرد بۆی". لەزمستانی ١٩٩٥، ١٩٩٦ دا دژوارترین بارودۆخ روو بەرووی گەریلاکان ببوویەوە، نێزیکەی ٥٠٠ شۆڕگێڕ جگە لەچاوەڕوانی دەرێ هەروا بەدەستبەتاڵی مابوونەوە. نەوال دەیگوت: " زۆر ساردبوو. لەئەشکەوتەکاندا مابووینەوە، هەندێك کات هێند سەرماو سۆڵەبوو نەماندەتوانی قسانیش بکەین". هەروەها دەیگوت: "ئێمە هەر شۆربای نیسکمان دەخوارد، نەسەوزە هەبوو نەمیوە. ساکیك دەیەویست ئێمەیش وەك گەریلاکانی نێو تورکیە بژین، ئەو تەنانەت نەیدەهێلا سۆپاکانیش داگیرسێنین تا خێوەتەکان یان ئەشکەوتەکان گەرمکەنەوە". ناوبراو بەدەم گێڕانەوە سەری نەفرەتی دەلەقاندو دەیوت: "هەرچۆنێك بێت گوزەراندمان".

زۆری نەکێشا پێوەندییەکانی نێوان سێ ئەندامەکەی ئەنجومەن بەتەواوی تێکچوو. لە لۆجیکی پەکەکەدا، جێبەجێنەکردنی بەرپرسایەتییەکان وەك خۆی، ئاماژە بوو بۆ نەبوونی دڵسۆزی پێویست بۆ پەکەکە یاخۆ ئاماژەیەك بوو بۆ غەیانبوون بە پرسی پەکەکەو میتۆدی رێکخراوەکە. لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٦دا هەرسێکیان خرانە ژێر پرسو جۆو لێپێچینەوەوە. تەنانەت چەکەکانیشیان لێسەندنەوە، هاوکات خراپترین سوکایەتیی بە ساکیك لەوەدا خۆی بینیەوە کە فەرمانی پێکرا ببرێتەوە بەرەو دیمەشق. ئیدی پێویستبوو ساکیك وەك نەوال راپۆرتێکی تێروتەسەلی رەخنە ئامێز لەسەر هەڵسوکەوتەکانی بنوسێتو لەدادگاداو لەپێشچاو ئەوانی دیکە دانبنێت بەهەموو راستیو

باس‌و خواسه هه‌ڵبه‌ستراوه‌کانداو ملبدات بۆ هه‌ڵه‌کانی. وه‌ڵێ ئه‌و پێچه‌وانه‌ی ئه‌وانی دیکه خاوه‌ن که‌سایه‌تییه‌کی سه‌نگین بوو، هه‌ربۆیه به‌سانایی ملی بۆ پرۆسه‌یه‌کی له‌و جۆره نه‌ده‌دا.

له‌راستیدا ئه‌زموونه سه‌ربازییه‌که‌ی نه‌ده‌کرا به‌هه‌ند وه‌رنه‌گیرێت‌و له‌که‌داربکرێتن، نه‌یش ده‌کرا قسه‌وباسێ له‌سه‌ر ئازایه‌تییه‌که‌ی بکرێت، هه‌رچه‌ند ده‌کرا ره‌قی‌و رق ئه‌ستووری ئۆجه‌لان کاریبکردایه‌ته سه‌ر که‌سایه‌تییه تایبه‌تییه‌که‌ی. له کۆتایی ١٩٩٧ دا ئۆجه‌لان جۆرێك له چاره‌سه‌ریی پێشنیازکرد. ئۆجه‌لان فه‌رمانی کرد به‌ساکیك که بچێته‌وه به‌ره‌کانی جه‌نگ. ئیدی نێردرا بۆ هه‌رێمێك که نێوده‌برا به باشوور_رۆژئاوا، ئه‌وێ سنووری خۆرئاوای دووری ولاتبوو که نێوچه‌ی هاتای له‌خۆ ده‌گرت. هاتای هه‌رێمێك بوو که سوریا بانگه‌شه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌ی ده‌کرد بۆ سه‌ر خاکه‌که‌ی. هه‌رچه‌ند که ماوه‌یه‌کی دوورو درێژ بوو ئه‌وێ خرابوویه سه‌ر تورکیا، وه‌ڵێ ئه‌وه هه‌لێکی باش بوو تاوه‌کوو په‌که‌که له‌و قوڵه‌وه هێرشگه‌لێك کاته سه‌ر تورکیا، که ئه‌گه‌ری فره‌هه‌بوو سوریا له‌پشت ئه‌م بیره نوێیه‌ی په‌که‌که‌وه بێت.

په‌که‌که تا ئه‌وکات چه‌ند هێرشێکی گچکه‌ی کردبوویه سه‌ر ئه‌وێ، هه‌رچه‌ند که هیچ هێزێکی دامه‌زراوی له‌و سنووره‌دا نه‌بوو. هۆکاره‌که‌یش خۆی له‌وه‌دا ده‌بینییه‌وه که خه‌ڵکه‌که‌ی ئه‌وێ کورد نه‌بوون، به‌ڵکو پێك هاتبوون له تورك و عه‌ره‌ب و ژماره‌یه‌کی که‌م له ئه‌رمه‌ن. به‌لام هۆکاری سه‌ره‌کیی بریتی بوو له شێوه‌ی خاکه‌که‌ی، چونکه ئه‌وێ زۆرتر ده‌شتایی بوو تا چیاو چۆڵ، ئه‌مه‌یش خۆحه‌شاردانی گه‌ریلاکانی ئه‌سته‌مکردبوو. هاوکات په‌که‌که له نێوچه‌کانی باشووری رۆژئاوادا هیچ بنچینه‌یه‌کی پشتیوانی بۆخۆی دانه‌تاشی بوو تاوه‌کو لێیه‌وه ده‌ستپێبکات. تاکۆتایی نه‌وه‌ده‌کان یه‌کێك له گه‌ریلاکان تێکڕای ئه‌و خه‌ڵکانه‌ی که له‌و ده‌ڤه‌ره‌دا سه‌ربه‌په‌که‌که بوون به ٥٠ تا ٦٠ ئه‌ندامی ده‌خه‌ملاند. نه‌وال وه‌ك مه‌سخه‌ره‌یه‌ك به پلانه‌که‌ی ئۆجه‌لان ده‌یگوت: "ئه‌وانه‌یش هه‌مان ئه‌و ئه‌ندامه شه‌ڕکه‌رانه بوون که ساکیك بۆ پاراستنی خودی شه‌خسی خۆی به‌کاری ده‌بردن".

هەروەها دەیگوت: "ئۆجەلان ساکیکی نارده ئەویّ بەچەند گەریلایەکی کەم‌و بیّ ئەزموونەوە".

ساکیك لەگەلیّ لەنەبەردییەکاندا گیانی بە سلامەتی بەر بردبوو. وەلیّ ئەمجارەیان لەو راستیە گەیشتبوو کە ناتوانێت چیدی سەرکەوتوو بێت. رەنگە بەوهۆیە بێت کە ئەو رووبەڕووی ئۆپەراسیۆنێکی زەبەلاحی ئەرتەشی تورکیە وەستابێت‌و یان دەکرێت تا ئێستا هێند دوور بۆ ئامانجەکانی نەچووبێت.

نەوال دەیگوت: " ساکیك لەبری پەڕینەوە بەرەو باشوری خۆرئاوا، دروست لەسەر سنووردا خێوەتەکەی هەلّدا". نەوال چەند هەفتەیەك پاش ئەوە ساکیکی لەوێندەر بینی بوو. هەربۆیە نەوال دەیگوت: "خێرا ساکیك بانگکرایەوە بۆ دیمەشق‌و قۆلبەستیانکرد". ئۆجەلان ئەوی بە پاککراوی هاتە بەردەست، چیدی پێویست بەپاساو و بەلگەی ناروون بۆ تێوەگلانی نەبوو، چوون ئەو فەرمانی راستەخۆی شکاندبوو، ئەو ئەوەی دابوویە دوواوە کە جەنگ بکات، هەر بۆیە بە دەست‌و پا بەستراوی نێردرا بۆ ئۆردوگای غار لە باکوری ئێراق. بەڕێککەوت نەوالیش لەویّ بوو. ئەویّ کەمپێکی پەکەکە بوو کە سەر بە پارێزگای کوردنشینی دهۆك بوو لەباکووری ئێراق. ئەویش بەهۆی رەخنەو هەلّسوکەوتییەوە لەدیمەشق نێردرابوویە ئەویّ. لەوێندەر کزو لاوازو نا ئومێد بەرچاودەکەوت، پێی وابوو کە خراوەتە داوەوەو بەهۆی ئۆجەلانەوە بەو رۆژە گەیشتووە. بەلام حالّو رۆژی لە ساکیك باشتر بوو، چوون ئەو هەم قۆلبەستنەکرابوو، هەمیش بۆی هەبوو چەك هەلّبگرێت.

نەوال دەیگوت: "شەمدین هات بۆ گارە، ئەو بەجۆریّ لاواز ببوو کە هەرگیز لە شەمدینی پێشووی نەدەکرد".

نەوال نەیدەتوانی هیچ دەستگرۆییەکی بکات، بەلام ئەسەفی دەخوارد، کە سەرکردەیەکی سەربازی وەها مەزن لەو رەوش‌و رووەدا دەبینیّ. نەوال پێی وابوو کە ئیدی ساکیك کۆتایی پێهێنراوە. وەلیّ پێی وانەبوو ساکیك بکوژرێت، چوون گەر بکوژرایە، ئەوا لەوانەبوو کاردانەوەی توندی لەنێو پەکەکەدا دروستبکردایە، هاوکات پێی

وابوو که ساکیك هێند کەنەفت و زەبوون کراوە کە ئیدی پێویست ناکات لەنێوبدرێت. لەنێوەندی مارسی ۱۹۹۸ رۆژێك پاش ئەم دیدارەی نەوال لەگەڵ ساکیکدا، ساکیك هەڵهات و ریزەکانی پەکەکەی جێهێلاَ. نەوال لەم بارەیەوە دەیوت:" هەواڵەکەم لەجەمیل بایك بیست، ئەو دلاوەرێکی دێرین و دڵسۆزیی پەکەکە بوو، ناوبراو بەرپرس بوو لە هێشتنەوەی ساکیك، هەربۆیە لەوە نیگەران بوو کە چۆن هەڵهاتنی ساکیك بۆ ئۆجەلان روونبکاتەوە". جەمیل بایك لەوبارەیەوە دەیگوت: " هەمووان لەتەرەفی منەوە هەڵدێن، مەهمەد سینەر هەڵهات، وا ساکیکیش هەڵهات، نازانم چی بڵێم بە ئۆجەلان".

ساکیك پێش ئەوەی پەنابەرێتە بەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ چەند رۆژێك خۆی لەچیاکاندا شاردەوە. پارتی لەمێژ بوو ببوویە مەئوای پاراستنی گەریلاو فەرماندە هەڵهاتووەکانی پەکەکە، مەسعوبارزانی رێبەری پارتەکە بۆخۆی گرەنتی سەلامەتی ژیانی ساکیکی دابینکردبوو[٣٠٥].

لە ١٣ ی مانگی ئەپرێلی هەمان ساڵدا، چوار هەلیکۆپتەری تورکیی لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا نێزیکبوونەوە لەو ماشێنەی کە ساکیك و عارفی برای هەڵگرتبوون، هاوڕا لەگەڵ چەند پاسەوانێکی کوردیی ئێراقیش. کۆپتەرەکان توانیان عارف و ساکیك هەڵبگرن و بیانگوازنەوە بۆ شاری دیاربەکر، دیارە کە براکەی ساکیکیش لە گەریلاکانی پەکەکە هەڵهاتبوو. بەمجۆرە ئەو پیاوەی کە بەدووەم پیاوی گرنگی نێو پەکەکە دەبینرا، بەسانایی توانرا دەستبەسەربکرێت و کۆتایی بێت. دواجار چیرۆکی شکستی ساکیك خەمی ئۆجەلانی رەواندەوە، ئۆجەلان بێباك بوو لەوەی کە شکستی فەرماندەیەکی کارای وا دەکرا زیان بە جەنگە گەریلاییەکە بگەیەنێت وەلێ گرنگ بەلای ئۆجەلانەوە نەمانی سەرئێشە بوو بۆ رێبەرایەتییەکەی .

---

[305] For Barzani's statement and his response when Sakik was cap" tured, see the bulletin issued by the independent Paris"based Kurdish Insti" tute, March"April 1998, at http://www.institutkurde.org/en/publications/ bulletins/bulletins.php?bul=156#2.

دیارە پاش دەستگیرکردنی ساکیك و ڕووداوەکانی دووابەدووای ئەو، فرە لەبارەی ناتەوانی دەوڵەتی تورکیا دەوترا لەبەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعی کێشەی کوردیی. هەروەها دەستگیرکردنی ساکیك دەیتوانی ببێتە هۆیەك تا کۆڵینەوە لەبارەی پەکەکەوە بکرێت، ئایا ئەم هێزە دەیەوێت چی بکات. بۆچی خەریکە تەڤگەرەکە لەسەرکەوتن دوور بکەوێتەوە، ئایا ئەو هەنگاوە سیاسییانە چین کە دەکرێت بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی پشتیوانی کوردان لە گروپەکە دابڕن؟. هاوکات دەستیرکردنی ساکیك وەك هەلێك دەبینرا تا بتوانن لێیەوە ئەوانی تری گروپەکەیش بەدناو و سەرکوتبکەن.

هەروەها لەم ڕەوشەدا زۆربەی تورکیش لەگەڵ ئەوەدابوون کە پرس و جۆی سیاسەتی دەوڵەت لەبەرامبەر کوردانداا بەپێی پێویست نییەو پێویستە هەنگاوی توندتر بۆ بندەستکردنی تەڤگەرەکەیان بگیرێتەبەر. لەمیانی دوو هەفتەدا پاش دەستگیرکردنی ساکیك، دەنگۆی قۆڵبەستکردنەکەو درکاندنی زانیارییەکانیو نهێنییەکانی پەکەکە دزەیان کردە نێو میدیای تورکییەوە. ئاکین بیردال بەرپرسی تۆڕی ناحکومی مافی مرۆڤ لەتورکیا بەجۆرێك لەجۆرەکان هەموو ئەو بانگەشەو بڵاوکراوە نوێیانەی لەمەڕ ساکیك دەورووژێنرا بەوە پێناسەکرد کە دەسەڵاتدارانی تورکیا جۆرێك لە هاوپەیمانییان لەگەڵ پەکەکەدا هەیەو بەجۆرێك کە بەرپرسانی تورکیا ڕاستەوخۆ تێوەگلاون لەپێوەندییان لەگەڵ ئۆجەلاندا . هەر لەو میانەداو بۆ پشتڕاسکردنەوەی ئەو بانگەشەیە، نموونەی دوو پارتی ئاڕاستەداری هزری ئیسلامیی بەهەوانتە نەبوو کە پەیمانیان دابوو هیچ ڕەخنەیەك لەپەکەکە نەگرن، لەکاتێکدا ئەو پارتانە جێگە متمانەی ئەرتەشی تورکیا بوون. هاوکات لە میتینگە هەفتانەکاندا، چەندین پارتی سەرەکی و چەندین سیاسەتمەداریی کوردی هەمەچەشن و بەشێوەیەکی گشتی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان لەجەنگی دژ بەپەکەکەدا دیارنەمابوون، پشتیوانیان بۆ پەکەکە بەئاشکرا دەردەبڕیی.

هاوکات ئەوەی کە بەنیسبەت رایگشتییەوە شۆك ئامێز بوو بریتی بوو لەوەی کە ئۆجەلان بابەتەکانی دەدایە چەند ڕۆژنامەیەکی تورکی و ئەوانیش بڵاویاندەکردنەوە، لەکاتێکدا نوسینەکان لەبەرژەوەندی خودی پەکەکەدا نوسرابوون. بەهەموو ئەم

دیاردانەدا ئەو راستییە دەردەکەوت کە گومانەکانی پێوەندیی پەکەکەو بەرپرسانی تورکیا سەریان بەرەو راستی رادەکێشا[٣٠٦]. ئۆکتای ئکسی نوسەری رۆژنامەی حورییەتی تورکی بە لەخۆباییبوونەوە دەیوت کە پەکەکە هیچ رازێکی چەپگەریی لەخۆیدا نەهێشتۆتەوە. هەروەها دەیگوت خەڵکی تورکیا نازانێ، وەلێ دەوڵەتی تورکیا باش دەزانێت کە جۆری پەیوەندیی و پشتیوانی پەکەکە لە کوێوەیەو کێن ئەو ئاراستەیەیان گرتووە. ناوبراو بەرپرسی ئەنجومەنی رۆژنامەگەریی و چاپەمەنی تورکیا بو. ئەو هۆشداریی دا لەبارەی ئەو رۆژنامەو نوسەرانەی کە کەوتوونەتە داوی جۆری پەیوەندییەکانیان لەتەك پەکەکەداو پێشی وابوو کە میریی ئاگاداریی ئەو رەوشەیە[٣٠٧].

ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو جەنگیز کاندیر و موحەمەد عەلی بیراندبوون، کە لەگەڵ بواریی پەیوەست بە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و گرفتی تورکیاو قوبرس و دۆزی کوردو یەکیەتی ئەوروپا لەرۆژنامەی سەباحدا نوسیبوویان، کە چی هەموو ئەو بڵاوکراوەو رۆژنامانەو ئەو نوسەرانە لەلایەن ساکیکەوە نێویان هاتبوو.

بەمجۆرە ساکیك گەلێ زانیاریی نهێنی خزاندە نێو دەنگۆ میدیاییەکانەوە کە پێشتر نەزانرابوون. حەسەن جەمالی هاوڕێی ئەو دوو رۆژنامەنوسە دەیوت: "باوەڕ بەوەناکەم". ناوبراو دواتر لەکتێبێکدا چەندین راپۆرت و بەڵگەی تێرو تەسەلی لەسەر رەوشی کوردو چاودێرییەکانی سیاسەتی رەوشەکە کۆکردبوویەوەو پاراستنیی. بەڵام ئەو رێگەی نەدرا لە رۆژنامەی سەباحدا بەتەواوی وەك خۆی دەیوت ئەوەی بیری لێدەکردەوە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکات[٣٠٨].

---

[306] See Hurriyet newspaper (Internet edition), April 26, 1998, and Sabah newspaper (Internet edition), April 25, 26, 1998, for list of Sakik's purported claims.
[307] Hurriyet, April 25, 1998; Eksi has complained that those who quote this column by him do not note that he later admitted he unwittingly had been used by "official offices" to spread lies. See his columns in Hurriyet, December 12, 1998, and February 28, 1999 (Internet editions).
[308] Cemal, Kurtler, 425–426.

دوواتر رۆژنامەکە بیراندی دەرکردو جۆرێك لە روخسەتی دەستبەرداربوونیشی دایە جەنگیز. چەند رۆژێك پاش ئەوەیش، جێگری سەرۆکی ئەرکانی گشتی جێفیك بیر نیگەرانی و تورەیی خۆی لەسەر بیراند دەربڕیو پێی وابوو ئێستایش لەپرۆگرامی تەلەفزیۆنیدا بەردەوامە، هەربۆیە داوای کرد هەموو چالاکییەکانی ئەویش رابگرن[309].

لەهەمانکاتدا ئاکین بیردالّ بەسەختی برینداركرا، ئەوە پاش ئەوە هات کە دوو پیاویی چەکدار لە بینایەی ئۆفیسی مافی مرۆڤی ئەنکەرەدا خۆیان تەقاندەوە. پاش هەموو ئەو رووداوانە ساکیك لەدادگا دەرکەوت و هەموو ئەو لێدوان و راپۆرتانەی دایە دوواوە، وەلێ ئیدی وادیاربوو هیچ کاریگەریی نەبێت، چوون زەرەرو زیانی خۆی گەیاندبوو. دوواجار ساکیك بە سزای مردن حوکمدرا، بەلاّم سزاکەی کەمکرایەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی. ئەو ئیدی سەردانکەرەکانی ئێجگارکەمبوون لەزینداندا، چوون کوردان ئامادەنەبوون خۆیان بخەنە مەترسییەوە تا سەردانی کەسێکی خائین بکەن، تەنانەت ئەوانەیش کە پەکەکەیان نەدەویست هاموشۆیان نەدەکرد.

## ئیکۆ هۆمۆ

ئۆجەلان بۆ چەند سالێك لەسوریادا ژیانێکی ئارامی گوزەراند کاتەکانی ژیانی خۆی لەنێوان دوو ڤێللادا بەسەردەبرد، یەکێك لەوانە لە نێزیك حەلەب و ئەوی دیکە لە لێواری دیمەشقدا بوو، هەریەك لەو ڤێللایانە دارای هۆڵی گەورەو مەلەوانگەو باخچەو گۆرەپانی یاریی ڤالیبالّبوون. ڤێللاکان لەلایەن گەریلا کچەکانەوە چاودێریدەکران. هاوکات ئەو خانمانە کاری پاکوخاوێنی و خواردن ئامادەکردن و نوسینەوەی وتارەکانی ئۆجەلانیان لەئەستۆدابوو. لەگەلّ ئەوەشدا ئۆجەلان ژمارەیەکی جۆراوجۆر یەکەی نیشتەجێبوونی

---

[309] For Birand's personal, painful recollection of this event, plus an excel" lent analysis of what was dubbed the "Memorandum Affair," named for the alleged military memo planning the operation against these journalists and

هەبوو کە تێیدا دیدارو میتینگەکانی ئەنجامدەدا، بەڵام ڤێللاکان تەنێ پەیوەستبوون بە شوێنی حەوانەوەی ئۆجەلان.

بۆنموونە لەوەی حەلەبدا ئۆجەلان کەیفی بە پێ ڕۆیشتن‌و پیاسەی دەهات بەناو باخچە گەورەکەیدا. ناوی ئەو ڤێللایەی نابوو ulke، ئەم ناوەیش بەزمانی تورکی بەواتای وڵات دەهات. هەمان وشە کوردەکان بە نیشتیمان نێوزەدیاندەکرد. هاوکات لەوێ هەڵۆیەکی ڕاگرتبوو کە نێوی نابوو مەهابات. مەهابات نێوی کۆماری تەمەنکورتی کوردانی ئێران بوو. ئۆجەلان لەکاتی پێدانی گۆشتی خامی گوێرەکە بە هەڵۆکەی، عادەتیکردبوو بەدەستهێنان بەسەریداو قسەکردن بۆی.

هەرچەند بەلایەنی کەمەوە وەك ژیانێکی ستانداری خۆرئاوایانە نەدەژیا، وەلێ وەختێ هەندێ لە گەریلاکان دەیاندی چۆن دەژی توشی سەرسوڕمان دەبوون، بەتایبەتی پاش ئەوەی دوچاری ئەو ئاستەنگ‌و دژواریانە ببوونەوە لە ژیانی شاخدا.

هێلین دەیگوت:"شتگەلێکی ناهەموارم لەنێوان ساڵانی ۱۹۹۲ بۆ ۱۹۹۵ بینی لە ئێراقدا". ناوبراو لەیەکێ لە ڤێللاکانی ئۆجەلاندا دەمایەوە لەساڵی ۱۹۹۵ دا. ئەو دەیگوت: "لەشاخدا خەڵکی جل و بەرگی گونجاو و خۆراکی پێویست و تەنانەت پێڵاویان بەگوێرەی پێویست نەبوو. وەلێ لە دیمەشق ماڵی قەشەنگ‌و ڕازاوەم دەبینی، ئیدی هەندێ نابەرابەریی‌و غایەلەی جیاوازیی‌و چینایەتی هاتن بەمێشکمدا. چونکە هەمیشە ئۆجەلان لەقسەکانیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە هەموو شتێك ئەنجام دەدات، ئەدی چی دەربارەی ئەو خەڵکە دەڵێ کە لەچیادا بەو شێوە ژیان دەکەن".

ئۆجەلان هەمیشە جیهانێکی لەخەیاڵدانی خۆیدا دروستکردبوو کە لەدەورو خولی خۆیدا دەسوڕایەوە، ئەو نەیدەتوانی یاخۆ سەختبوو بۆی بتوانێت وێنای ژیانی ئەوانی دیکە بکێشێت. وەختێ قسانی دەکرد هەمووان چەپڵەیان لێدەدا، وەختی دەهاتە ژوورێ هەمووان بەپێوە دەوەستان، وەختی بڕیارێکی گەلاڵە دەکرد، کەسێك لام‌و جیمی یاخۆ پرسیاری لێنەدەکرد، تەواوی وتارەکانی تایپدەکران و دەنوسرانەوەو دابەشدەکران بۆ ئەوەی وەك وانە بخوێنرێن. تەنانەت پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی کە زیاد لەکاتژمێرێکیان

دەخایاندو ئاراستەی فەرماندە سەربازییەکان دەکرا، دەبوو بنوسرێنەوەو دوواتر کەڵکیان لێوەربگیرێت. خۆپەرستییەکەی شۆڕبووبوویەوە بۆنێو تەواوی چالاکییەکان. وەختێ لەگەڵ گەریلاکاندا یاری تۆپتۆپێنی دەکرد، بەتایبەت ئەو گەریلایانەی لە کەمپی دیمەشقدا زۆرجار پێکەوە گەمەیاندەکرد، ئیدی دەبوو هەمووان هۆشیان بەوەوە بێتو تۆپی بدەنێ، هێندەیش گروپی بەرامبەر دەبوو هۆشداربن و نەبنە ئاستەنگ لەبەرامبەر گۆلکردنەکانیدا. ئەو کەسێکی راسپاردبوو تا پێگیریی گۆڵەکانی بکات وەختێ گۆلێك دەکات و تۆماریی بکات. کەڕەتێکیان کەسێك کە راسپێردرابوو گۆڵەکانی ئۆجەلان بوو، ٤ لە گۆڵەکانی لەیاد چووبوو. ئیدی ئۆجەلان هەڵشاخا بەو کەسەدا، هەرچەند کابرا شەرکەرێکی بەئەزموونی گەلێ لە تاڵو ترشییەکانی جەنگی هەرێمی بۆتانیشی چەشتبوو.

نەوال بۆخۆی تەماشای گەمەکەی دەکرد، بەجۆرێك دەیگێڕایەوە کە هاتوو هاواری ئۆجەلان بەسەر گەریلاکەدا نەدەبڕایەوە. بەم شێوەیە رووداوەکەی باس دەکرد: "ئۆجەلان پرسیاری لە موحەمەد کرد، ئایا من چەند گۆڵم تۆمارکردووە، ئەویش لەوەڵامدا وتی ١٢، دیسانەوە دەستی کردەوە بەهاتوو هاوار. ئەو هاواری دەکرد تۆ تەوەزەلیت، چۆن ٤ لە گۆڵەکانی منت فەرامۆشکردوون. موحەمەدیش بەداوای لێبوردنەوە دەیگوت تەنها ١٢ گۆڵم حسابکردووە، ئۆجەلانیش بەسەریدا هاواری دەکرد. پاش ئەو رۆژە وەختێ ئۆجەلان هات بۆ ئەوەی وانەکەی بڵێتەوە، هەوەڵ شتێك کە باسی کرد ئەمە بوو: ژیانی ئەوی لەکوێیە؟ ئەو چۆن توانی ٤ لە گۆڵەکانی من لەیادکات؟ لەیادکردنی ٤ گۆڵ واتا لەیادکردنی ٤ جەنگاوەر، ئەوەیش واتە لەیادکردنی کوشتنی ٤ سەربازی تورك، ئەوەیش بەواتای لەیادکردنی شۆڕشو فەرامۆشکردنی کوردستان دێت. پاش ئەوە وام زانی ئیتر تەواو و بڕایەوە، وەلێ ئەو شەوە ئۆجەلان لە کەناڵی مێد تیڤی دەرکەوتەوەو دیسان هەڵیدایە، ئەو تەوەزەلە، ئەو فەرماندە گەمژەیە چۆن توانی ٤ لە گۆڵەکانی من فەرامۆش بکات".

ئۆجەلان خۆی وەك نێوەندی رووداوەکانی جیهان دەبینی، ئۆجەلان وا باوەڕی لا بەرجەستەکرابوو کە هێزی ئەو یەکسانە بەهێزی پەکەکە، ئەو باوەڕەی لا گەلاڵە ببوو

که چالاکییه‌کانیی پەکەکە لەپشت گەڵی لە رووداوە جیهانییەکانەوەیە. نەوال کە مانگێك لە ڤێلاکەی ئۆجەلان لە حەلەب مایەوە (ئۆجەلان ئەوی بانگکردبوو تا چیرۆکێك لەسەر کەمپی زابی پەکەکە بنوسێت، ئەو چیرۆکەی کە تا ئێستایش تەواو نەکراوە)، هەمووکات نەوال راهاتبوو بە گوێبیستبوونی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی ئۆجەلان، نەوال دەیگوت: "گەر وەزیرێك لەهەرکوێیەکی دونیا لەئەڵمانیا یان لەئەمریکا لەسەر تەلەفزیۆن لێدوانی بدایە یان وتارێکی بخوێندایەوە، ئەوا ئۆجەلان دەیگوت ئەو وتارەی لەژێر کاریگەریی وتارەکەی مندایە. ئەو پێی وانەبوو زیادەڕەوی دەکات، بەتەواوی باوەڕی وەها بوو. بەدڵنیاییەوە شتانێك هەبوون لەژێر کاریگەریی ئەوەدابوون کە پەکەکە ئەنجامی دەدا.

لەراستیدا ڕێیەك نەبوو تا ئۆجەلان بەو کاریگەرییە سنووردارانەیش بزانێت. ئەو وای دادەنا هەموو شتێك لەرێی ئەو و بەهۆی ئەوەوە ئەنجامدراوە، ئەو پیاوێك بوو لە خۆشەویستیدا بوو لەگەڵ خودی خۆیدا. باوەڕی وابوو لەسەروبەندی شۆڕشێکدا یە بۆ جیهان‌و تەنها لەپێناو کوردا خەبات ناکات، ئەو پێی وابوو هەرچی ئەمریکاو ئەڵمانیا پێویستیان بەوەوە هەیە بە کاریگەریی و نەهجی ئەوەوە هەنگاو هەڵنێن لەناوچەکەدا".

باوەڕی ئۆجەلان بە خۆی، زیاتر لەو هاندان و هێمایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە زۆرێك لە ئەندامانی پەکەکە بەمەزنییەوە تەماشایان دەکرد. لەهەمان کاتدا هەندێك لەوانە دوچاری رەشبینی دەبوونەوە، بەتایبەت ئەوانەی پاش ساڵانێك لە جەنگ لەنێو تورکیادا دەهاتنە سوریاو لە نێزیکەوە ئۆجەلانیان دەبینی. هەموو ئەوانە ئاشنابوون بە هەموو ئەو گرفت و تەگەرانەی کە لەنێو چیادا پێوەی دەتلانەوە، پێیان وابوو بە بینینی ئۆجەلان سورتر دەبن لەسەر کێشانی ناسۆرییەکان لەپێناو خەباتە رەواکەیاندا.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئۆجەلان ڕێبەری گەورەترین و بەهێزترین تەڤگەری نەتەوەیی کوردی تورکیا بوو، بزوتنەوەیەك توانیبووی کێشەی کوردان بناسێنێت‌و بەلایەنی کەمەوە وا لە تورکیا بکات کە هیچ نەبێت دان بەو راستییەدا بنێت کە لە هەرێمەکەیاندا گرفتێك لە گۆڕێدایە.

زینارین، خانمە گەریلایەکی باهۆش و سەوادی پەکەکە کە لەدەستپێکی بیستەکانی تەمەنیدا بوو، لەیاداشتەکانیداو چەند مانگێکی کەم پێش ئەوەی لەیەکێ لەپێکدادانەکانی نێوخۆی تورکیادا لە سێپتەمبەری ١٩٩٧ دابکوژرێت نوسی بووی: "دووا شەو لەخەونمدا رێبەری پارتەکەمم بینی". ناوبراو چەند ساڵێکی لە دیمەشقدا گوزەراندبوو. لەوێنەکاندا دەردەکەوێت کە پێش ئەوەی بچێت بۆ جەنگ چلۆن فرمێسکەکانی بۆ ئۆجەلان دەڕێژێت. ئەو لەیاداشتەکانیدا نوسیبووی: "ئەوە خەونێکی جوان بوو، دەبوو بزانن چەندە بیری ئۆجەلانم دەکرد. هەموو ئەو شتانەی کە ئەو دەیگوتن، سەدان جار لە مەژگمدا دەزرنگانەوە. ئەوانە تۆنێکبوون لە دەنگیدا کە سۆراخی دڵی منیان دەکرد"[٣١٠].

گوربەتلی ئەرسۆز، بۆ کەرتێك سەرنوسەری رۆژنامەی کوردی Ozgur Gundem بوو. ئەو خانمە لە گیانی خۆی وەڕس ببوو، هەربۆیە نەیدەشاردەوە کە دەیهەوێت چیدی زەمینەی یاسایی جێبهێڵێت و بەشداربێت لە جەنگی گەریلاییدا(سەرەڕای گرفتە جەستەییەکەی کە رێ رۆیشتنی بۆ ئاستەمکردبوو). ناوبراو پاش ئەوەی لە دەستپێکی ١٩٩٥دا گەیشتە دیمەشق، فرە بە توندی لەلایەن ئۆجەلانەوە رووبەڕووی رەخنە بوویەوە.لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هێند بەسنگفراوانییەوە ئەو رەخنانەی وەردەگرت، کە دەیخواست هۆیەك بن تا ئەو بکەنە گەریلایەکی چاپوك و چالاکتر لە خەباتەکەیدا.

ناوبراو پێش ئەوەی بنێردرێت بۆ کەمپێکی گەریلایی لە باکووری ئێراقدا، لەیاداشتەکانیدا، کەتێیاندا تەواوی گفتوگۆ تەلەفونییەکانی لەگەڵ ئۆجەلان نوسیبوویەوە نووسیبووی:"رێبەری پەکەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هەرگیز نابێت لە رووبەڕوو بوونەوەی رێگە گەلێك بترسم، کە تێیدا بەهۆی روانگە ئازادیخوازەکانمەوە تانەو تەشەرم لێ دەدەن. ئەو رەخنانە زۆر گران بوون لەسەردڵم، بەڵام بەهۆی ئەمەوە خۆڕاگرو بەهێزکرابووم، واهەستم دەکرد بەو رەخنانە جارێکی تر لەدایك بوومەتەوە، ئیدی هەموو ناسۆرییەکانی رابردووم دەخستنە پشتگوێ و گەیشتبوومە وەڵامی کۆی پرسیارەکانم"[٣١١].

---

[310] Zinarin’in Guncesi, 34.
[311] Ersoz, Gurbet’in Guncesi, 212.

## باسی سێهەم:

## لەناکاوێکدا، ئۆجەلان دەگیرێت (١٩٩٨ ١٩٩٩)

لەهاوینی ١٩٩٨ دا ئۆجەلان بەرەو راڕایی‌و سەختگیریی وەرچەرخا، ئەو فەرمانی دا بە دووان لە ئۆردوگا راهێنراوەکانی گەریلا کە ئیدی هەڵبوەشێنەوەو تەواوی چەکدارەکانی نارده بەر سنوورەکانی باکووری ئێراق‌و بەشەکانی تری ولآتەکەی. باتوفا، هەڤاڵێکی شۆڕشگێڕ بوو لە یەکێ لە ڤێللاکانی ئۆجەلان لەحەلەب، ئەو فەرمانی پێکرا کە رێوشوێن بگرێتەبەر بۆ داخستنی کەمپەکان.

ناوبراو دەیگوت: "سوریا بە ئۆجەلانیان راگەیاندبوو، کە لەلایەن تورکیاوە فشارێکی زۆرمان کراوەتە سەرو پێویستە شوێنەکانمان بگۆڕین". ئەوە یەکەمجار نەبوو کە سوریا دەستووری دەدا بە ئۆجەلان تا چالاکییەکانیان و بزووتنەوەکەیان لەسوریادا سنووردار‌بکەن‌و کۆتایی بە مەشق‌و کەمپەکانیان بهێنن. بەگوێرەی راپۆرتەکان ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩١دا، پاش دیداری لەتەك نوێنەرانی کوردی ئێراقی بۆ ماوەیەکی کەم دەستبەسەرکراوە.

لەساڵی ١٩٩٢ دا سوریا راهێنانە سەربازییەکانی پەکەکەی لە بیقاعدا هەڵپەسارد. لەساڵی ١٩٩٧ یشدا ئۆجەلان بە ئاشکرا داوای لێکرا کە تەواوی ئەو ماڵانەی کە لە گوندی (بر ئەلیاس) بۆ گردبوونەوەکانی بەکاریاندەهێنێت دابخات. بەلآم ئەمە یەکەمجار بوو کە تورکیا بەشێوەیەکی جددی فشارەکانی بۆسەر سوریا لەبارەی لەخۆنەگرتنی پەکەکە تێن بۆ بهێنێت. لەگەڵ کۆتاهاتنی وەرزی هاوینێدا، بەرپرسانی تورکیا ئەوەیان خستە روو کە ئەگەر پێویست بێت هێزی سەربازی بەکاردەهێنن بۆ هەڵکەندنی رێبەری پەکەکە و دەرپەڕاندنی.

دەستگیرکردنی شەمدین ساکیك نەك هەر تورکیای بەرچاو روونترکرد، بەڵکو رێگەیەکی نوێی‌و سەرکەوتووی لەمامەڵە لەتەك پەکەکەدا بەخشیە تورکیا. لەو شێوازەدا

سەرزەنشتی پشتیوانیی سوریا بۆ پەنادانی گروپەکە خرابوویە بەرنامەی کارەوە. لەهەمانکاتدا تورکیا چەند سەرەداوێکی نەزمی سەربازیی لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی بۆ ڕوونبووبوویەوە کە لەو راستییە تێگەیشتبوو هەمووی بە پشتیوانی سوریا گەریلاکان توانای سەربازییان خراوەتە گەڕ.

بە هاتنی فەرماندەیەکی نوێی تورك لە مانگی هەشتی هەمان ساڵدا، ئیدی وانومایان دەبوو کە دەمو دووی سەربازی تورکیا ئێجگار جددیەو بۆ یەکەمجارە تورکیا دەیهەوێ فرە بەجددیش پەیگیریی پەکەکە بکات لە سنوورەکاندا. سوریا دەبوو لەهەمبەر ئەو رەوشەدا نیگەران بووایە، چوون رێبەری پەکەکە لە کۆتایی هاوینی ئەو ساڵەدا دژ بە زنجیرە پلانێکی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی وەستابوویەوە کە قەسدیان بوو ئەو لە پێگەو پێناوەکەی لادەنە لاوە. ئۆجەلان لەو باوەڕەدا نەبوو کە لەلایەن پشتیوانە دێرینەکەیەوە بەرکەناربکرێت‌و دەستبەرداریبێت. تا ئەو کاتەیش لەسەر ئەوە سوور بوو کە گرفتی واقعیی تەڤگەرەکەی خۆی لەو کەسانەی نێوپەکەکە دەبینێتەوە کە گەرەکیانە ئۆجەلان تێکبشکێنن‌و رکەبەرایەتی دەکەن. هەر لەو دەمەدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە رۆژنامەنوسێکی نێوبانگی کورد لە ئەڵمانیا، بەکرێگیراوی وڵاتی ئەڵمانیایەو کاردەکات تا لەگەڵ دووژمنانی ئەو لەنێوپەکەکەدا خۆی بسازێنێت.

لەراستیدا ئەو بەباتوفاو هەموو ئەوانی تر کە لە ڤێللاکەی حەلەب بوون ئەوەی خستە روو، کە پێویستە تەواوی ئەنجومەنی ئەورووپای پەکەکە راپێچی لێپرسینەوەو دادگا بکرێن، چوون ئیدی ئەوان بەتەواوی سەرگەرم‌و دڵسۆزیی کارەکەیان نین. باتوفا بەمجۆرە رەوشەکە رووندەکاتەوە: "بەتایبەت لەم سۆنگەیەوە هەلومەرجەکە بەتەواوی رووی لە رەشبینی نا بوو".

لەنێوەندی مانگی سێپتەمبەردا، ئەتیلا ئەتیس فەرماندەی هێزە زەمینییەکانی تورکیا، خۆی گەیاندە بنکەی سەربازی تورکیا لە سنووری نێزیك بە سووریاو تورکیای تۆمەتبارکرد بە قۆستنەوەی نیازباشی وڵاتەکەی لەهەمبەر پێوەندییەکانیان. ئەو لەم

ڕوانگەیەوە دەیوت: "ئیدی لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا سەبر ناگرین"[٣١٢]. چەند ڕۆژێك دوواتر سەرۆکی ئەرکانی گشتیی جەنەراڵ حوسەین کیڤریقۆغلو سەبارەت بەو جەنگە ڕانەگەیەنراوە لێدوانی داو لەوبارەیەوە یادئاوەریی ئەوەی کرد کە پێویستە ئەنکەرە بەرگری لەخۆی بکات. لەهەمانکاتدا بانگەشەی ئەوە بڵاوبووەوە کە تورکیا نێزیکەی ١٠٠٠٠٠ لە هێزە زەمینییەکانی ڕووەو سنوورەکانی سوریا جوڵاندووە[٣١٣]. ئەندامانی ئەنجومەنی ئۆروپای یەکەکە کە بەشێوەیەکی فەرمی بە ERNK ناسرابوون. ئەوان هاتنە سوریا تا لەنێزیکەوە دەربارەی ڕەوشەکە لەگەڵ ئۆجەلاندا قسە بکەن. ئاکیف حەسەنی وتەبێژی سەرەکی یەکەکە لە ئەوروپا، بۆخۆی لە دیمەشقدا هۆشداری دایە ئۆجەلان کە پێ ناچێت سوریا بتوانێت لەبەرامبەر ئەو فشارو تینەی تورکیادا خۆیڕابگرێت. یەکێك لە گرفتەکان خۆی لەوەدا دەبینییەوە تا ئەوکات هیچ وڵاتێکی عەرەبی ئەوەی لێچاوەڕێنەدەکرا کە لەسەر وڵاتێکی عەرەبی دیکە بێتە دەنگو هاوکات ئەوان لەبەرامبەر پشتیوانیی کردنی سوریا بۆ ڕێبەری شۆڕشی کوردانی تورکیە ناکۆكو ناتەبابوون.

ئاکیف حەسەن لەم بارەیەوە وتی: "ئۆجەلان سووربوو لەسەر مانەوەی بنکە سەربازییەکان، ئەو تەدارەکی پێش وەختەی کردبوو، لەبەر ئەوە پێی وابوو هیچ کەسێ ناتوانێت ئەو دەرپەڕێنێت". ئاکیف حەسەن پێی وابوو گەر بێت ئۆجەلان دەرپەڕێنرێت، ئەوا یەکەکە خۆی لەرەوشێکی خراپدا دەبینێتەوەو بەدڵنیاییەوە کەسێکی تر لەپاش ئەو واز لەو نیگەرانییەی ئۆجەلان دەهێنێت. حەسەن بەم جۆرە هەلو مەرجەکە دەگێڕێتەوە: "ئۆجەلان وەك ئەوەی بۆ یەکێك لەخانمەکانی دەگێڕایەوە پێی وابوو ئەوان هەمیشە دێنە سەر سنوورەکانو هەڕەشە دەکەن، ئەوانە شتێك نین". هەروەها دەیوت: "گرفتی ئۆجەلان لەوەدا بوو هیچ ڕێو شوێنێکی پێشبینی کراوی نەدەگرتە بەر، پێویست بوو ئۆجەلان سیناریۆکانی سەردەمەکەی بخوێنێتەوە". حەسەن بەهۆی ئەوەی

[312] Quoted in Cemal, Kurtler, 445.
[313] See Makovsky, "Defusing the Turkish"Syrian Crisis."

ئینگلیزییەکی باشی دەزانی بەباشی لە مەشهەدە سیاسییەکانی ڕۆژ گەیشتبوو، ئەو دەیزانی خەریکە لەنێوچەکەدا چی ڕوودەدات.

ئۆجەلان نەیەویست بڕوا بەوە بێنێت کە بۆچوونێکی گرنگتر لەبۆچوونی ئەو دەکرێت لە گۆڕێدا بێت. هاوکات ئەو وێنای ئەوەی نەدەکرد کە دەکرێت ڕۆژێك بێتە پێشێ هاوکارە دێرینەکەی وەدەری نێت. چونکە ئەو بۆ نێزیکەی دوو دەیە بوو لە سوریادا دایکوتی بوو. ئەوە بۆ دروستکردنی فشار لەسەر تورکیا ئێجگار بەسود بوو. هەروەها وەك ڕێگەیەك چاوی لێدەکرا تا کوردانی سوریە بەدوور بگرێت لە پشێوی و پەلپگرتن لە وڵاتەکەی خۆیان. هەر دوور نەڕۆین هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر کوردانی ئێراق، هۆیەکی سودبەخشبوو بۆ وڵاتەکان تا ئەویێ بە نائارامی بهێڵنەوە. ئەوە هۆیەك بوو کە بۆ کوردانی ئێراقی دژوارکردبوو بەدەم خواستی بوون بەدەوڵەتەوە کارێك بکەن‌و کاریگەرییەکانی ئەمەریکای لەسەر ڕەوشەکەی کەمتر هێشتبوویەوە.

دیارە کە ئەوانەیش دوو شتی بایەخداربوون لەلای سیاسەتەکانی سوریا. دیمەشق پشتیوانیکردنی بۆ گروپێکی چەکداریی لەمجۆرە زۆر لۆژیکی بوو، ئەو لەو ڕوانگەیەوە پشتیوانی دەکرد کە گروپگەلێکی لەو جۆرە نابنە سەرئێشەو هەڕەشە بۆ کیانی نەتەوەیی سوریا. وەلێ ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە سوریا چاوبخشێنێتەوە بە هەڕەشە جددییەکانی تورکیادا. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا وابیردەکردەوە کە کردنی ئۆجەلان بەقوربانی پەیوەندییەکانی لەتەك تورکیا، ڕەوشەکە زیاتر هەستیاردەکات. لە دەستپێکی ئۆکتۆبەرد، میسر هۆشداری دایە سوریا دەربارەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی تورکیا. ئیدی بەرپرسانی تورکیا بە ئۆجەلانیان وت، ئەوان ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی نابەدڵکراونەتەوە، هەربۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ئەو سوریا جێبهێڵێت. دوواتر ئۆجەلان بەم جۆرە خواستەکەی بەرپرسانی سوریا کەپێیان وتبوو

گێڕایەوە: "یان دەستگیرت دەکەین‌و رادەستی تورکانت دەکەین، یاخۆ جەنگ لەنێوان ئێمەو تورکیادا هەڵدەگیرسێت، ئیدی هەڵبژاردنی ئەوە لەدەستی تۆدایە"[314].

لە نۆی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ دا، بەهەمان شێوەی کە نۆزدە ساڵ پێشتر بەخشپەیی هاتە نێوسوریا، بەوجۆرەیش بە هێوری سوریای جێهێلا. چەند رۆژێکی خایاند تا تورکیا بەتەواوی باوەڕ بە وەدەرنانی ئۆجەلان بهێنێت. شۆفێرەکەی ئۆجەلان بە گشتی بەنێو سنوورەکانی باکووری سوریادا، لێرەو لەوێ ئەو راستییەی درکاند. باتوفا گوتی: "شۆفێرەکەی ئۆجەلان هاتوو گوتی ئۆجەلان رۆیشتووە، دیارە کە ئەوە روویدابوو". وەلێ شۆفێرەکەی ئۆجەلان هیچ زانیارییەکی زێدەتری نەدا بەدەستەوە.

ئازمان گوتی: "لەقامیشلۆدا بووم، وەختێ گوێبیستی هەواڵەکە بووم، ئێمە لەوێ نەمانزانیبوو کەوا ئۆجەلان دەرباز بووە. ئیدی پاش پانزە رۆژ گروپێك لە گەریلاکان رێکخران تا دەربازی سوریابن بەرەو باکووری ئێراق". بەهۆی ئەوەی تازە بەتازە جەنگ لەنێوان پەکەکەو هێزەکانی سەر بە بارزانی روویدابوو، هەربۆیە گروپەکەی ئازمان نەیانتوانی هەروا بەسانایی لەسنوورەکەوە دەربازبن. لەبەرئەوە ئەوان لەرێگەی موسڵەوە قەد بڕیانکرد، ئەوێ دەم ئەو دەڤەرە لەژێر دەسەلأتدارێتی سەدام حسەیندا بوو. ئازمان دەیگێڕایەوە کە سەربازە ئێراقییەکان وا هەڵسووکەوتیان دەکرد کە گوایا ئێمە نابینن. وەختێ ئێمە بەنێزیك بارەگاکانیاندا دەچووین، ئەوان دەگەڕانەوەو دەچوونە نێو ماشێنەکانیان. بەمجۆرەو بەکاوەخۆ چەکدارەکانی پەکەکە لە کەمپی هاکورك لەباکووری ئێراق گردبوونەوە. ئەوێ بنکەیەکی سەرەکی بوو، کەنێزیك بوو بە سێگۆشەی سنووریی بەیەکگەیشتنی ئێراق‌و تورکیاو ئێران. ئیدی لەوێ ئەوان‌و ئەو گەریلایانەی تازە بەتازە بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی شەشەمی ١٩٩٩ هاتبوون، پێگەیشتن. زۆربەی ئەوانە لەبارەی دیارنەمانی ئۆجەلان شتێکیان بیستبوو، وەك هەموو ئەوانی تر ئەوانیش لەمانای ئەوە سەریان دەرنەدەکردو نەیانزانی ئەو لەکوێیە. یەکێ لەوانەی کەهاتبووە

---

314 Ozkan, Operasyon, 69.

کەمپی هاکورك، ئەیهان سیفتسی بوو. ناوبراو لەوە دڵنیابوو کە بەم هاتنەوەی لەلایەن پەکەکەوە لێپێچینەوەی لەتەکدا دەکرێت لەبارەی شکستەکانی پەکەکەوە. سیفتسی دەیوت: "بڕیارمدابوو بچم، چوون بەپێچەوانەی ئەو هەڵبژاردنەوەم، گروپی جەنگاوەران دەستبەرداردەبوون‌و دەگیران، هەروەها نەمدەتوانی زیاتر لەوە بمێنمەوەو چالاکی بکەم". ناوبراو کە زۆرجار پێی دەوترا کوچوك زەکی، بۆ تاوێك وەستاو پاشان وتی: "وابیرمدەکردەوە کە لەوانەیە بکوژرێم یان تەنها سەرزەنشتبکرێم، ئەوان پێویستبوو سەرزەنشتی کەسێك بکەن کە لە رێگەی جەنگ‌و خەباتدا شکستی هانیبێت".

گەشتەکەی کوچوك زەکی بۆ دەربازبوون لەنێوخۆی تورکیا، لەسەرەتاوە ئەوی گەیاندە کەمپی زاپ، لەوێ گەیشتنەکەی وادانرا، کە بگەیەنرێتە ئۆجەلان لەدیمەشق. دورهان(عەباس)کاڵکان، یەکێ لەهامکارو باوەڕپێکراوەکانی ئۆجەلان، ژمارە تەلەفۆنێکی داپێی تا لەرێیەوە تەلەفۆن بکات. کوچوك زەکی دەڵێ: "ژمارەکەم لێداو قسەم لەگەڵ ئۆجەلان کرد، ئەو لە رووسیا بوو".

### ئۆجەلان دیسان دوچاری سەرسوڕمان دەبێت

هەرلەوکاتەی کە ئۆجەلان دەربازی سوریا بوو، ئیدی ئاکیف حەسەنیش گەڕایەوە ئەورووپا. لە ١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨ دا ژمارە تەلەفۆنێکی بۆهات. لەوێ پێی راگەیەنرا کە میوانێکی ها لەرێگەیە، میوانەکەیشی ئۆجەلان بوو، ئەو نیازی بوو بێتە ئیتاڵیا.

ئاکیف حەسەن لەم بارەیەوە دەیوت:"کانی یەلمازی وتەبێژی ئەورووپای پەکەکە پێمی وت، میوانەکەی خەریك بوو لە رێگەدابوو، ئێمە پێویستە چارەیەك بدۆزینەوە، پێویست بوو شتێك بکەین". چوون ئۆجەلان لەرەوشێکی دژواردابوو[٣١٥].

[315] This section, including the reconstruction of Ocalan's flight from Italy and afterward, incorporates information from Celik, Agri, 409 – 436; Ozkan, Operasyon; Ocalan's court statement in Inanc and Polat, Apo, PKK, 29 – 33; BBC and CNN news reports covering the relevant period; and a variety of other news reports collected by the online news"gathering security source, www .globalsecurity.org, specifically at http://www.globalsecurity.org/military/

شەش هەفتە پێشتر لەسوریاوە قوتار ببوو، ئەو لەوکاتەوە بەردەوام لەهەوڵدابوو تا ولاتێك وەدۆزێتو مافی پەنابەری پێبدات، بەلام تا ئەوکات نەیتوانیبوو. لەسەرەتاوە وادیاربوو لە یۆناندا دەتوانێت مافی پەنابەرێتی وەربگرێت، چوون لەوێندەر پەکەکە دارای تەرەفدارو هاوسۆزێکی بەرفراوان بوو. ئەوەبوو لە ٩ ی ئۆکتۆبەردا راستەوخۆ لەرێگەی فرۆکەیەکی بازرگانیی دەرێی دیمەشقەوە خۆی گەیاندبووە ئەسینا. بەلام وەختێ گەیشتبووە ئەسینا، هەروەك ئۆجەلان دواتر بۆخۆی دەیگوت:"یۆنان رووی دزێوی خۆی پیشاندام"[٣١٦]. چونکە یۆنانییەکان تەنها ٣ کاتژمێریان دانابوو بۆئەوەی ولاتەکەیان بەجێبهێلێت. ئیتر هەر ئەو شەوە بەدابینکردنی رێوشوێنی پێویست لەلایەن سەرکردەی نەتەوەگەرای توندڕەو ڤلادیمیر زیرۆنۆڤسکیی کار ئاسانی بۆکرا تا خۆی بگەیەنێتە مۆسکۆ. بەلام سەرەرای پشتیوانییەکی مەزنی ئۆجەلان لەلایەن پەرلەمانی ئەو ولاتەوە تا مافی پەنابەرێتی بدرێتێ. کەچی دەسەلاتدارانی حکومەتی روسیا نەیانویست مافی مانەوە بدەنە ئۆجەلان. لەوکاتەوە تورکیا بەهەماهەنگی دەزگای هەوالگری ئەمەریکا توانیبووی پێگیریی شوێنی ئۆجەلان بکات. بەلام روسیا سوربوو لەسەر ئەوەی نەبوونی ئۆجەلان لەولاتەکەیدا پشتڕاست بکاتەوە. هاوکات بە گەرمیی گەرەکیشیان بوو خۆیان لەجەنگی تورکیا بەدوور بگرن، هەربۆیە کردیانە سەر پەکەکەو پێیان راگەیاندن کە پێویستە روسیا جێبهێلن. ئەوکات حەسەن و هەڤاڵەکانی لەتەك سیاسییە چەپگەرا ئیتالییەکاندا فرە بەگەرمو گوڕییەوە کاریان کردو مژوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بوون. پەیوەندییەکانیان لەتەك پارتی دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستدا بوو، ئەم پارتە لقێکی پارتی کۆمۆنیستی پێشوو بوو، لەوێدا پێشنیازیان بۆکرا تا دەربارەی پرسەکە لەتەك سەرۆکی پارتەکەدا قسەبکەن.[٣١٧]

---

library/news/1998/11/index.html.

316 Ozkan, Operasyon, 71.

317 Italy's foreknowledge of Ocalan's arrival is described in detail in Top Secret: il caso Ocalan, by La Reppublica journalist Marco Ansaldo. See Turkish news coverage of this at http://www.ntv.com.tr/news/133072.asp.

دوو رۆژ پێش ئەوەی ئۆجەلان پێ بنێتە فرۆکەخانەی رۆماوە، حەسەن بەمجۆرە باسی لە زەمینە سازییەکان دەکرد :"ئێمە چووینە ماڵی رێبەری پارتە کۆمۆنیستییەکە، ئەو پیاوێکی فرە رووخۆشبوو، پرسیاری کرد لەبارەی ئەوەی دەتوانێت چی بۆ ئێمە بکات، ئەو پێمانی گوت، ئایا پێویست دەکات تەلەفۆن بکات بۆ سەرۆك وەزیران؟ ئێمەیش لەوەلآمدا گوتمان گەر کارێکی وەها بکەیت، ئەوا ئێمە فرە پێی کەیفخۆش دەبین"[٣١٨].

کۆمۆنیستەکان پێیان گوتین چۆنە گەر لەتەك سەرۆکی پارتە دامەزراوەکەدا قسان بکەین لەوبارەیەوە، ئەو هاورێی نێزیکی سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیایە".

بەمجۆرە رێبەری پارتە کۆمۆنیستەکە تەلەفۆنی هەڵگرتو پێوەندی کرد بە سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا Massimo D'Alema، ئەو بۆخۆی بەفەرمی سەر بە پارتی کۆمۆنیست بوو. حەسەن گوێبیستی بەشێك لە وتووێژەکان بوو، دووا بەدووای ئەوە کابرا هەموو گفتوگۆکانی وتەوە. حەسەن بەمجۆرە دەقی وتووێژەکەی نێوان سەرۆك وەزیرانو پارتە کۆمۆنیستییەکەی باسدەکرد:"

سەرۆکی پارتە کۆمۆنیستییەکە بەتەلەفۆن گوتی: گوێبگرە، عەبدوڵلآ ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە یە، ئەورۆ یان سبەینێ دەگاتە ئیتاڵیا. هاوکات Massimo D'Alema وەلآمی بەمجۆرە دایەوە: ئەم عەبدولآیە کێیە؟ ئەویش گوتی: ئەو رێبەری پەکەکە یە. پاشان سەرۆك وەزیران گوتی: چ جۆرە پاسپۆرتێکی پێیە؟ ئەو بەجۆرێك دەدوا وەك ئەوەی نەزانێت ئۆجەلان کێیە. هەربۆیە وەلآمی دایەوە کە نازانم چ پاسپۆرتێکی پێیە، وەلێ دوور نییە ساختە بێت. لێرەدا هەردووکیان دایانە پێکەنین. دوواجار سەرۆك وەزایران وتی، قەیدی نییە با بێت، وەلێ تکایە با کەسێك لە ئێوە هەماهەنگ و هاوکارییێت".

---

318 Hurriyet, November 14, 1998, see http://arsiv.hurriyetim.com.tr/hur/turk/98/11/14/.

له ۱۹ نۆڤەمبەردا ئۆجەلان بەرەو رۆما کەوتە رێ، ناوبراو بە ناسنامەی راستەقینەی خۆیەوە داوای مافی پەنابەرێتی کرد لەو وڵاتەدا. رۆژنامەیLe Soir برۆکسلی پێتەختی سیاسیی ئەوروپا، ئاماژەی دا بەوەی کە هەماهەنگیی پێویستە بگیرێتە بەر تا هاوسەنگییەکی سیاسی و نەتەوەیی گونجاو سەبارەت بە کۆتاهاتنی ئەم پرسە بگیرێتە بەر[۳۱۹]. تورکەکانیش هەموو دەستی بەدەستیکردنێکیان بۆ مانەوەی ئۆجەلان لە ئەوروپا دەدایە دوواوەو لەبەرامبەر خواستێکی لەو جۆرە ئێجگار خەشمگیر بوون. هاوکات خۆپیشاندانیان لەبەردەم باڵوێزی ئیتاڵیا لە ئەنکەرە سازدا. هاوکات تورکیا هەموو قازانجو قەراردادەکانی ئیتاڵیای خستە بەر هەڕەشەی وەستاندن.

رۆژنامەنوسێکی تورکیایش نوسی کە ئۆجەلان لەلایەن باندێکی ئیتاڵییەوە پارێزگاریی لێدەکرێت. هاوکات رۆژنامەیەکی دی نوسیبووی: گەر ئەو وڵاتە تێبگا لەوەی کە ئەو پیاوە چ مرۆڤێکی منداڵ کوژە، ئەوا بڕیارێکی راستو دروست دەدات. دیارە ئەوە جێی سەرسوڕمان نەبوو کە بۆچی تورکەکان سەبارەت بە دیپۆرتکردنەوەی ئۆجەلان نائومێدن. چونکە یاسای ئیتاڵیا جیا لەهەموو شتێکی تر رێگر بوو لەرادەستکردنەوەی هەر گومانلێکراوێك بۆ وڵاتێك کە یاسای لەسێدارەدانی تێدا بێت.

دیارە کە لەتورکیادا ئەو یاسایە هەبوو. دیارە شوێنکردنەوەی ئۆجەلانیش لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە پەیوەست بوو بە هاوسۆزییەکی کاتییەوەو تەنێ لەوکاتەدا بوو، ئەگین روون نەبوو بۆ رۆژی دواتر چی بەسەر ئەو پیاوەدا گوزەرێت. هاوکات ئیتاڵیا داوای کرد لە ئەڵمانیا کە ئۆجەلان بگرێتە خۆ، چوون بە گەڕانەوە بۆ هەشت ساڵی تر پێویست بووە دادگاکانی ئەڵمانیا ئۆجەلان دادگایی بکەن، هەربۆیە ئیتاڵیا دەیەویست لەم رێیەوە ئەو گێچەڵە لەکۆڵخۆی بکاتەوە. وەڵی ئەڵمانیا رایگەیاند کە ئامادە نییە دادگایی ئۆجەلان بکات. ئەڵمانیا بەباشی هۆشی بەوەوە بو کە هێنانی ئۆجەلان بۆ دادگاکانی پەلدەکێشێت بۆ توندوتیژی لەنێوان دوو ملیۆن و نیو تورك و کورد لەخاکەکەیدا، هەر بۆیە راشکاوانە

---

[319] Le Soir, November 25, 1998, cited in www.globalsecurity.org.

ترسی خۆیان لە تۆڕەکانی ڕێکخراوی پەکەکە لە خاکەکەیاندا نەدەشاردەوە. بەرپرسانی ئیتاڵی ئۆجەلانیان خستبووە ژێر چاودێرییەکی وردو ئیقامەیەکی جەبرییەوە، ئەویان بردبووە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی کە تایبەت بوو بەهەوادارانی پەکەکە لەبەشێکیاندا پۆلیس و لەوانی دیدا ئۆجەلان و میوانە هەمەچەشنەکانی دەمانەوە.

لەگەڵ ڕووەوە ڕۆما دڵگیربوو بۆ ئۆجەلان، ئەو لە ئاپارتمانێکی باشدا هێڵرا بوویەوە. دیارە کە ئۆجەلان ئازاد نەبوو، بەڵام ئازاد بوو لەوەدا کە پەیوەندی لەگەڵ کێدا بکات گەر بیهەوێت. ئەو لەرێی تەلەفۆنەوە پەکەکەی دەبرد بەڕێوە، لەوێوە تەلەفۆنی بۆ سوریاو بۆ باکوری ئێراق دەکرد.

لەوێوە فەرمانی دەردەکردو بڕیاری دەدا لەمیتینگو کۆبوونەوەکاندا کێ ئامادە بێت و کێ ئامادە نەبێت. هەر لەوێو لەشوێنی دەستبەسەرییدا ئۆجەلان مژوڵی هەموو ئەو میوانانە بوو کە دەهاتنە سەردانیی. لەوێ بەرپرسانی پەکەکەی ئەورووپا دەهاتن و مشتومڕشیان لەبارەی داهاتووی ڕێبەرەکەیان دەکرد. هاوکات ڕۆژنامەنوسان دەهاتن و سەرنج و ڕوانینی خۆیان لەمەڕ ڕەوشەکە دەدا. هەروەها دەستە بەدەستە کەسایەتی کوردیی و غەوارەکان دەهاتن و هاوسۆزییان بۆ ڕێبەری دەستبەسەر دوپاتدەکردەوە. ئۆجەلان بەباشی دەستی رادەگەیشت بە میدیاو ڕاگەیاندنەکان. بەجۆرێك کێشەی کورد لەو ڕەوشەدا ببویە نێوەندی باسو خواستێکی گەرمو بەشێك لە کۆڵەرەوانی سیاسی تورك بە نیگەرانییەوە دەیانڕوانییە ئەو گرنگیپێدانە میدییایەی ئۆجەلان و پێشنیازیان ئەوەبوو کە باشتر وابوو ئۆجەلان هەر لەسوریادا بمایەتەوە، چوون هیچ نەبێت لەدنیای دەرێ پەرێزو دوورە دەست دەبوو.

حەسەن دەیگوت:"پشتیوانییەکی ئێجگار مەزن بۆ ئۆجەلان لە گۆڕێدا بوو". هەروەها دەیگوت:"لە ماڵەکانی ئیتاڵییەکاندا دروشم و وێنەگەلێك هەبوون کە نوسرابوون، ئۆجەلان بەخێر بێت بۆ وڵاتەکەمان. ئاڵاو وێنەکانی پەکەکەو ئۆجەلان دەبینران و خەڵکیی پرسیاریان لەبارەیەوە دەکرد".

وەلێ دەستیی بەدەستیکردنی ئیتاڵیا بۆ کۆڵینەوە لە داواکەی ئۆجەلان لە مافی پەنابەرێتیدا ببوویە مایەی نیگەرانی و ناثارامیی.ئۆجەلان وا بیریدەکردەوە بۆ ئیتاڵییەکان ئەوە کارێکی سانایەو سەیری لە دواخستنی داواکەی دەهات. هاوکات دەیپرسیی بۆچی لەجیاتی ئەوەی وەك رێبەرێکی سیاسیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، وەك تاوانبارێك لەتەکیدا دەجوڵانەوە. راستییەکە ئەوەیە کە ئەو لە ئەوروپادا بوو، هەموسەرنجەکانیش کە لەسەر پرسی کورد چڕکرابوونەوە ئاماژە نەبوون بە دڵنەوایی ئەو. هاوکات تەواوی کوردانیش لەتك بۆچوونی ئەودا نەبوون و پەکەکە تەنێ لەلایەن هاوسۆزان و هەڤاڵانی خۆیانەوە پشتیوانیان لێدەکراو دۆزەکەیان وەك دۆزی کورد بەگشتی لێکنەدەدرایەوە. حەسەن دەیوت: "هەندێك رۆژ حاڵی باش بوو، هەندێك جاریش بەتەواوی دادەتەپیا". هەروەها دەیگوت: "ئۆجەلان لە زۆر رووەوە نیگەران بوو، دەترسا زیندانیی بکرێت، دەترسا بکوژرێت، لەوەیش نیگەرانبوو کە سەرۆکایەتییەکەی لەدەستبدات، یاخۆ کۆنترۆڵی حزبەکەی لەدەست دەربچێتو ئیدی دەسەڵاتی بەسەریاندا نەشکێت". هاوکات حەسەن وابیری دەکردەوە کە ئۆجەلان لە ولاتێکی دیموکراسیدا ئارام نابێت. هەربۆیە ناوبراو لەم بارەیەوە دەیوت: "وابیرم دەکردەوە کە ئۆجەلان لە هێزو دیموکراسیەتی ئەوروپییەکان دەترسا، چوون لە ئەوروپادا هەموو شتێك بەیاساوە پەیوەستە نەك بە ویست و وەسییەتی کەسەکان". ئۆجەلان بەشێوەیەکی بەرچاو لێدوان و سەرنجە هەڵەکانی بوونە مایەی سەرئێشەو رەشبینی بۆیو ئیدی هەستی کرد لە رەوشێکی تێکسمڕاودا خۆی دەبینێتەوە. ئەو بەشێوەیەکی رەشبین و رووگرژانە ئاماژەی بە پیلانە نێونەتەوەییەکان دەدا لەسەر پەکەکەو ئەمەیشی لە رۆژنامەی پارتی سەربەخۆبوونی پەکەکە دا خستبووە روو، پێیشی وابوو پلانەکە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە لە دژیان بەرێوەدەبرێت. ئۆجەلان لە خولەکێکدا بڕیاریدا بێتە ئیتاڵیاو پاشان بمێنێتەوەو حزبەکەی بکاتە بزووتنەوەیەکی راست و رەوانی سیاسیی.

هاوکات هۆشداری ئەوەی دا کە واز لەپەکەکە بێنێت و پاشان بۆی دانیشێت. هەروەها بانگشەی کۆتاییهێنانی خەباتی چەکداریی پەکەکەی کرد، وەلێ هیچ رێیەکی

نوێی نەخستە روو بۆ چالاکی و خەباتی پەکەکە. لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە لەباکوری ئێراق، سوێندی دەخوارد کە دەربەدەربوونی لەسوریاوە گوناهو تاوانەکەی لەئەستۆی هەڵەو پەڵەکانی واندایە. بەرە بەرە چەند حەوتوویەك تێپەڕین. ئۆجەلان زۆر زیاد کەوتبووە هەڵەداوان بۆ گەیشتن یان دۆزینەوەی وڵاتێك تا پەزیرایی لە ئامادەبوونی بکات. کوردانی ترو کەسایەتییە سیاسییەکان لەوانە کەمال بۆرقای رکابەریی، کە ئۆجەلان لەهەموو ئەوانی دی بەهەندو جددی سەیریی دەکرد. هاتن بەپیریی چارەنووس و کێشەکەی ئۆجەلانەوە. بۆرکای لەڕێگەی تەلەفۆنەوە زۆری هێنابوو بۆ ئۆجەلان تا ئەوروپا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەکاربهێنێت. بۆرکای بەمجۆرە هەوڵەکانی خۆی دەگێڕایەوە: "پێم دەگوت، رۆما دەرفەتێکی گەورەیە بۆئەو، لەئەوروپادا بیت باشە بۆت". هەروەها دەیگوت: "بەلام کێشەی ئەم پیاوە ئەوەبوو، گەرەکیی بوو دەمو دەس مافی پەنابەرێتی سیاسی بەدەستبهێنێت، وەلێ وەختێ هەلومەرجەکەی بۆدەرکەوت، ئیدی زانی ئەوەی کە روودەدا جیاوازە لەوەی کە پێشبینی دەکرد".

پشتیوانیی بەرفراوانی کوردان بۆ ئۆجەلان لەسەر ئاستە جیاوازەکان، بەجۆرێك لە جۆرەکان ئۆجەلانی توشی دڵە راوکێ کردبوو. بیرۆکەی ئۆجەلان لەوەدابوو کە پشتیوانیی بەرفراوانی جولانەوەی نەتەوەیی بەو بەربلاویەو بێ بەرنامە مایەی لەدەستدانی هەیمەنەو جڵەوی بزوتنەوەکەیە لەدەست خۆیدا. لەرابردویشدا هەرکات پێشنیازی یەکێتیو جولانەوەی لەوجۆرە کرابێت، ئەوا ئۆجەلان بەوردی کاری کردووە لەسەر لاوازکردن و بەلارێدابردنی، پێش ئەوەی تەحەدای هێزو هەرەکەت و نواڕینی پەکەکە بکات. وەلێ ئێستا خەریکە بەکاوە خۆ بزووتنەوەیەك چێ دەبێتو هیچ رێگرییەکیشی لەبەردەمدا نییە، ئەوەیش مانای لێسەندنی هێزو قسەی هەوەڵی پەکەکەو ترسی ئۆجەلانیش لەو روانگەیەوە دەرهێنانی بەرەکە بوو لەژێر پێی خۆیدا.

ئۆجەلان سوربوو لەسەر ئەوەی کە نوێنەرایەتییەکەی لەئەوروپا وڵاتێکی میوان دۆستتری بۆ بدۆزنەوە. دیارە کە نوێنەرانی پەکەکە لەئەوروپا یان دەترسان واقیعی

رەوشەکە بەئۆجەلان بڵێن یاخۆ ئەوانیش بەھەڵە لە کۆمەکی نێونەتەوەیی تێگەیشتبوون و پێیان وابوو گرتنەبەری رێو شوێنی دی باشترە. تا دواجار بڕیاری کۆتایی بۆ ئۆجەلان هات. حەسەن لەم بارەیەوە گوتی: "رۆژێك تەلەفۆنم کرد بۆ ئی". مەبەستی حەسەن فەرماندەیەکی پێشووی پەکەکە بوو کە نەیەویست دەرکەوێت. حەسەن گوتی: "تەقریبەن لە کاتژمێر دووی بەیانیدا بوو، پێم گوت سەرۆك بڕیاری داوە لێرەکانێ جێگیربین و بمێنینەوە، ئەو لەوەلآمدا گوتبووی ئەوە کارێکی باشە، بەلآم گرەنتی چییە کە کاتژمێر شەش بیروبۆچوونی بگۆڕێت و شتێکی تر بڵێت؟".

لە ١٦ی مانگی یەکی ١٩٩٩ دا، ئۆجەلان بۆ دوواجار بۆچوونی لەمەڕ پرسی مانەوەی گۆڕا. ئەوەبوو فڕۆکەیەکیان بۆ ئۆجەلان گرت و راستەوخۆ بەرەو فۆکەخانەیەکی دەرێی مۆسکۆ سەفەری کرد. ئەمەیش پاش رازیکردنی بەرپرسانی رووسیا هاتبوو لەلایەن نوێنەرانی پەکەکەوە. بەلآم رووسیا دەمو دەست لەم رێککەوتنە پاشگەزبوونەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو ئۆجەلان لەوباوەڕەدا بوو کە رووسیا بواری دەدەات تا شەش مانگ لەوێدا بمێنێتەوە. دیارە کە نوێنەرانی پەکەکە هەڵە لە دانوستانەکان گەیشتوون و لەتەك خەڵکی خۆیدا قسەیان نەکردووە، یاخۆ دروستە کە هەموو شتێك لە رامیاریدا قابیلی روودانە. ئیدی پاش هەفتەیەك لەدەستبەسەرکردنی ئۆجەلان لە تاجیکستاندا، هەڕەشەی بەزۆر ناردنەوەی کرا بۆ سوریا. پاش ئەو حەوتە، لە ٢٩ مانگی یەکی هەمان ساڵدا، برایە سان بترسبۆرغ. لەوێشەوە لەلایەن دەریاسالارێکی خانەنشینی یۆنانییەوە، کە لەمێژە هاوسۆزی پەکەکە بوو، کاری بۆکرا و بەفڕۆکەیەکی تایبەت گەڕێنرایەوە بۆ یۆنان.

رۆژنامەیەکی نێزیك بە حکومەت نوسیبووی: "یۆنان وەختێ پشتیوانی پەکەکەیە کە سەرئێشەکەی بۆخۆی نەبێت. بۆنمونە داوایان کردبوو لەئیتالیا مافی پەنابەریی بداتە ئۆجەلان، ئیتر بەسانایی ئەوەیان بیرخۆیان بردبوویەوە کە بۆخۆیان ئەویان وەدەرناو مافی پەنابەریشیان پێنەدا. هەربۆیە هەرکات بیانزانیایە پەکەکە مەترسییە، ئیدی گوێی خۆیان لێدەخەواندو دەستبەرداری دەبوون. هەواڵی گەڕانەوەی ئۆجەلان، هەریەك لە حکومەتو سەرۆك وەزیران کۆستاس سیمیتسی دوچاری ترسو بیم کردەوە، بەگوێرەی

راپۆرتەکان کاتێ سەرۆك وەزیران گوێبیستی هەواڵەکە دەبێت، بەرچاوی سوور دەبێت[320]. ئەو هۆکارگەلێکی هەبوو تا ترس و دڵەراوکێی خۆی لەپەکەکە نەشارێتەوە. چونکە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورك رایگەیاندبوو کە هەر وڵاتێکی دراوسێ ئۆجەلان بگرێتە خۆ ئەوا رووبەڕووی هێرشی سەربازیمان دەبێتەوە. هاوکات بەهۆی تەنگژەکانی نێوان یۆنان و تورکیا لەسەر قوبرس و دورگەکانی دەریای ئیجە، ئەوا یۆنان ئامانجێکی لەپێشچاو بوو بۆ تورکیا[321].

هەربۆیە بەرپرسانی یۆنان گوتیان بە ئۆجەلان کە وڵاتەکەیان جێبهێڵێت. بۆئەوەی ئۆجەلان و پشتیوانە یۆنانییەکانی رازیبکەن بەخواستەکەیان، بەڵێنیان پێدا لەوڵاتی هۆڵەندا دا مافی پەنابەرێتی بۆ دەستەبەر بکەن. دیارە کە ئەم بەڵێنەیش بەسبوو بۆ ئەوەی ئۆجەلان قایلبکەن تا بارگەو بنەی بپێچێتەوەو بەرەو فڕۆکەخانە ملبنێتەوە. وەلێ پاش گەیشتن و نیشتنەوەی لە مینسك و بەلا روسیا، ئەو فڕۆکەیەی کە بڕیاربوو پەیگیرییان بکات هەر نەگەیشت. دواتر ئەو گازاندەی ئەوەی دەکرد کە بۆماوەی ٤ کاتژمێر لەنێو رەوش و ژینگەیەکی بەستەڵەکاویدا لەچاوەڕوانیدا بووە[322]. ئیدی لە نیوەشەوێکی سەرەتای مانگی دوودا ئۆجەلان بە هەمان ئەو فڕۆکەیەی کە پێی رۆیشتبوو، دووبارە بەرەو ئەسینا گەڕایەوە. وەلێ بەرپرسانی ئاسایشیی یۆنان رێگەیان بە چوونە ناوەوەی نەداو دەمودەست بەرەو دوورگەی کۆرفو دووریان خستەوە. لەوێ پێشنیازی بۆکرابوو تا بەرەو وڵاتی کینیا بڕوات و لەڕێی ئەو وڵاتەوە بتوانێت مافی پەنابەرێتی سیاسی لە وڵاتانی ئەفریقادا دەستەبەر بکات. ئیدی ئۆجەلان تا روخسەتی رێگەیەکی نوێ بدۆزێتەوە، لەژێر چاودێری و پاراستنی یۆناندا بوو، ئەوێ دەم ئەو بیری لەپلان و دەسیسەی وڵاتان دەکردەوەو لەهەمبەر یۆنان دوچاری رەشبینی ببوویەوە، باش دەیزانی چ هەوڵێك لە گۆڕێدایە بۆ خۆقوتارکردن لە بوونی ئەو لەوڵاتەکەیان.

---

[320] Celik, Agri, 420.
[321] In their January 28, 1999 meeting. Celik, Agri, 419.
[322] Inanc and Polat, Apo, PKK, 31.

لەدووی مانگی فێبریوەریدا ئۆجەلان لە پشکنینی پاسپۆرتەکەی قوتارکراو لە ڕێگەی فرۆکەیەکی یۆنانییەوە گەیەنرایە کینیا. ئۆجەلان هەر لە ڤێللای بالۆیزی یۆنان لە کینیا، ئامادەکاریکرد بۆ داواکاریێ مافی پەنابەرێتی سیاسیی لە کینیادا. لەهەمانکاتدا دەزگای هەوالگیریی تورکیاو ئەمەریکاو هەندێك لە ولاتانی تر لەهەولێو تەقەلای ئەوەدابوون تا شوێنو ڕێگەی ئۆجەلان دەستنیشان بکەن. دیارە پێگیریکردنی ئۆجەلان فرە دژوار نەبوو، بەتایبەت کە قسە لەسەر مانەوەی ئەو دەکرا بۆ ماوەیەکی کورت لەیۆناندا. لە نەیروبیشدا ئۆجەلان هەمیشە تەلەفۆنی بەکاردەهێناو لەدەوروخولی شوێنی مانەوەیدا بەپێیان بەنێو باخچەکاندا دەگەڕا. پاش دوو ڕۆژ لەگەیشتنی بۆ کینیا، ڕۆژنامەیەکی کینیا وێنەی ئۆجەلانی دابەزاندو بە بروزی نوسیبووی : "کێ ئەزانێت ئەم پیاوە کێیە؟".

لە ٥ی فێبریوەریدا بەرپرسێکی حکومەتی کینیا بانگهێشتی بالیۆزەکەی کردو پێی گوت، پێویستە ئۆجەلان هەرچی زووترە ولاتەکەی بەجێبهێلێت. دیسانەوە بەلێنی نوێ هاتە گۆڕێ، کە باسی لە دۆزینەوەی پەناگەی ئۆجەلان دەکرد لە هۆلەندا. فشارەکان لەسەر بالۆیزی یۆنان زیاتر بوون، بەوەی ئۆجەلان ئەوەی دابوویە دوواوە کە شوێنی مانەوەی لە کینیا جێبهێلێت.

لە ١٢ فێبریوەریدا، کینیا کردیە سەر بالۆیزی یۆنان و پێی ڕاگەیاند کە ئەوان ئاگاداری ئەوەن کە ئۆجەلان لە بالۆیزخانەدایە، هەر بۆیە هەرچی زووترە پێویستە ئەوێ بەجێبهێلێت. وادیاربوو کە دەزگای هەوالیریی ئەمەریکا لەپاش تەقینەوەکەی مانگی هەشتی بالۆیزی ئەمەریکا لە نێروبی، دەستی دابوویە ئامادەییەکیی بەربلاوی بوونی خۆی لەو ولاتەدا. هاوکات بەلگەی ئامادەیی ئۆجەلانیش درابوویە ئەمریکییەکان. بەدلنیاییەوە ئەنکەرەیش زانیاری لەوبارەیەوە زووتر لە ئەمریکییەکان بەدەستگەیشتبوو. هەربۆیە بەرپرسانی یۆنان لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە ژێر فشارو بەر ڕەسییەوە. هەربۆیە پێشنیازیانکرد بۆ ئۆجەلان کە هەرچی زووترە لە کەنیسەی نێوەندی شاردا داوای پەنابەرێتی بکات. ئۆجەلان هەستی دەکرد کە ڕەوشەکە فرە دژوارە. هەربۆیە ئۆجەلان بە پەلە پرۆزێ تەلەفۆنی کردو داوای کرد کە بێ وەستان

هەوڵبدەن ولاتێکی دیکەی بۆ بدۆزنەوە تا پەنای بۆ بەرێت. هەر لەوکاتەدا تەلەفۆنی کرد بۆ ڤێللا کۆنەکەی خۆی لەحەلەب. ئەوکات فەرماندەی یەکەکە باتوفا تا ئەو وەختەیش لەوێ مابوویەوە. ئۆجەلان بەتوندی سەرزەنشتی گەریلاکانی ئەوێی کردو هەلومەرجی ناهەمواری خۆی خستە گەردنی ئەوان. هاوکات نەوالی تاوانبارکرد، ئەو خانمە فەرماندەیەکی بەهێزو کارا بوو، هاوکات هەموو ئەوانەی لەبارەگای سەرکردایەتی زاب تێوەگلاند کە لەگەڵ شەمدین ساکیك گەرەکیان بووە دەستەیەك لەبەرامبەر ئەودا دروستبکەن‌و بەرکەناری بکەن. باتوفا بەم شێوەیە روانگەی ئۆجەلانی باسدەکرد: " زۆر کەم بە خێرایی دەدوا، ئەو پێمانی وت، پێویستە سەر راستانە بنووسن، بۆم بنوسن کە پلانێك لە گۆڕێدا هەیە دژ بەمن. تەنانەت هیچ کەسێك ناهێلێت فڕۆکەکەم لەسەر زەویی ئەودا بنیشێتەوە". [٣٢٣]

دواتر ئۆجەلان لەلایەن بەرپرسانی یۆنانەوە پێی راگەیەنرا کە هۆڵەندا ئامادەیی دەربڕیوە تا وەك پەنابەر بیگرێتە خۆی. ئەو هیچ هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو جگە لەوەی کە باوەڕ بە قسەکانیان بکات. لە پازدەی هەمان مانگدا توێتایەکی لاندرۆڤەر لەشوێنی مانەوەی ئۆجەلان دەرکەوت، لەوێدا پۆلیسی کینیی هاتن تا هاوڕایی ئۆجەلان بکەن بۆ رۆیشتنی. وەختێ باڵیۆزی یۆنان بە ئۆجەلانی وت گەرەکیانە بەرەو فڕۆکەخانەی بەرن، ئۆجەلان بەرپەرچی دایەوەو گوتی ئەوە کارێکی ئەستەمە. پاشان باڵیۆز گوتی، کەواتە لەجیاتی ئەوان ئێمە دەتگەیەنینە فڕۆکەخانە.

ئەو ماشێنەی ئۆجەلانی بەمەبەستی فڕۆکەخانە برد، هەر نەگەیشت. چوون هەر لەسەرەتاوە ماشێنەکە لەژێر چاودێری دەزگای هەواڵگیریی تورکیدا بوو. هەربۆیە راستەوخۆ ئۆجەلانیان بردە بەشێکی جیا لە فڕۆکەخانەکە. لەوێ فڕۆکەیەکی تایبەتی تورکیی، کە تایبەت بوو بە بازرگان و خاوەنکارە تورکییە باوەڕپێکراوەکان وەستابوو[٣٢٤]. ئۆجەلان دوواتر ئەوەی خستە روو کە هەر لەسەرەتاوە زانیبووی کە

---

[323] Cited in Celik, Agri, 423.
[324] Ozkan, Operasyon, 157.

شتێکی هەڵە خەریکە روودەدات، وەلێ هیچ چارەیەکی تری لەبەردەمدا نەبووە تا خۆی لە رووداوەکان ببوێرێت. بەگوێرەی گێڕانەوەکان ئۆجەلان تا ئەوکاتیش نەیزانیوە خەریکە چی دەقەومێ، چوونکە تا دووا خولەکیش ئەو بەراستی لەو باوەڕەدا بوو کە فڕۆکەکەی بەرەو هۆڵەندا پەرواز دەکات. پاش ئەوەی سواری مەتنی فڕۆکەکە دەکرێت، ئیدی کەلەپچە لەدەستانی دەکەن. پاشان دەمو چاوی بەتوندی دەبەستن‌و بێهۆش دەکرێت‌و دکتۆری سەربازی نێو فڕۆکەکە پشکنینی تەندروستی بۆ دەکات[٣٢٥].

دەزگای هەواڵگیریی تورکیە بەشێك لەو گەشتەی بەلانی کەمەوە تۆمارکردوو دواتر لە تەلەفزیۆنەکاندا پەخشی کرد. لەو بەشەدا هەواڵگرەکەی تورکیا دەمو چاوی بەستراوی ئۆجەلان لادەدات، ئۆجەلان بەچاوی خەواڵو و نیمە کراوەوە فرە بە هێواشی دەجولێتەوە.[٣٢٦] پاشان کەسەکە بە ئۆجەلان دەڵێت: "ئۆجەلان بەخێربێت بۆ نیشتیمان".

کوردەکان باوەڕیان وەهایە کە ئۆجەلان بووەتە قوربانی پلانێك، بەئاشکرایش سەرزەنشتی ئەمریکاو ئیسرائیل و تەواوی ئەوروپا دەکەن بۆ سەرگرتنی پلانێکی لەو بابەتە. چونکە بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا رۆڵی گێڕاو ئەوروپا ئەنجامیدا (تێوەگلانی ئیسرائیلیش لەم دۆسییەیەدا لاوازتر دەبینرێت). ئەمەریکا زانیاری هەواڵگریی کۆکردبوویەوەو فشاریشی خستە سەر وڵاتانی ئەوروپا تا هیچکام لەوان مافی پەنابەرێتی بە ئۆجەلان نەدەن. هاوکات وڵاتانی ئەوروپایش رۆڵی خۆیان لەوەدا بوو کە رەنگبوو بتوانن مافی پەنابەرێتی بدەنێ و سنگفراوانی لەبەرامبەر خواستەکانی کورد دا بنوێنن، بەڵام ئەمەیان نەکرد.

دوواجار ئۆجەلان بۆخۆی بووە قوربانی ئەو کێشمە کێشە. چونکە بڕوابەخۆبوون و گوێنەگرتن بۆ هیچ کەس ئۆجەلانی بەو رۆژە گەیاند تا نەتوانێت بزوتنەوەیەکی بەهێزو

---

[325] This is denied in Ozkan, Operasyon, 157, but videos taken of him on the plane show him overly confused and slow"moving and even his speech sounds heavy, as if he had been sedated.
[326] Ozkan, Operasyon, 158.

کارا لە ڕێگەی پەکەکەوە بونیاد بنێت. هەربۆیە بەپێچەوانەوە پارمەتیدەری لاوازکردن‌و پوکانەوەی بزوتنەوەکە بوو. ئەو نەیدەتوانی ڕاستییەك ببینێت کە هەموو هێزەکان لای ئەو نین‌و ئەو هەمیشە ڕاست و ڕەوا نییە.

لە کۆتایدا هیچ کەسێك هێندەی خودی ئۆجەلان خۆی، خۆینەبینییەوە کە کەوتووەتە چ چارەنوسێکی هەڵەوە. ئەو وەختێ چوو بۆ ئیتاڵیا، هیچی لەپاش خۆی جێ نەهێشت تا ئەنجامبدرێت، جگە لە هێشتنەوەی شوێنکەوتووانی لەچاوەڕوانیدا.

## بەندیخانە

تورکیا واپێشبینی دەکرد کە بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئیدی پەکەکە هەڵوەشێتەوە. لەو وەختەدا هێشتا گەریلاکان لە چیادا هەواڵەکەیان نەبیستبوو، تورکیا هەوڵی دا وێنەکانی ئۆجەلان کە لەنێوان دوو ئاڵای تورکیادا کەلەپچە لەدەستی کرابوو لەناوچەکەدا بڵاوبکاتەوە. فەرماندە سەربازییەکانی پەکەکە لەوە ترسان کە هەواڵەکە ورەی ئەندامان دابەزێنێت‌و دەستبەرداری خەباتبن. هەربۆیە ڕێگرییان کرد تا خەڵکی هەواڵێ لەبارەی پەروازی ئۆجەلانەوە نەزانن. بەڵام لەراستیدا بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی پەکەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو پەکەکەدا پشتیوانی و ورەی هێزەکانی پەکەکەی بۆ ئۆجەلان زیاتر برەو پێدا. کوچوك زەکی دەیوت: "هەواڵی دەستگیرکردنی ئۆجەلانمان لە رادیۆوە بیست".[٣٢٧] ناوبراو لە کۆنگرەی شەشی پەکەکەدا بوو لە باکووری ئێراق. لەو بارەیەوە دەیگوت: "بەبیستنی هەواڵەکە هەمووان توشی شۆك بووین. لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانەماندا لەتەك ئۆجەلان، بەڵام ئەوەمان بە دەستکەوتی تورکیا دەزانی، هەر بۆیە هیچکەسێکمان بەهەواڵەکە خۆشحاڵنەبووین‌و وەك ئەوە وابوو دنیا ڕووخابێت بەسەرمانداو هەموو لامان نیگەران بووین".

[327] See Hurriyet, Feb. 23, 1999 (Internet edition).

هاوکات کوردان لەهەموو شوێنێك تورەو حەپەساو بوون. لەتەواوی شارە مەزنەکانی ئەوروپا، لە لەندەنەوە تا ڤییەنا، کوردەکان دەستیان دایە دادو بێدادو نواندنی توندو تیژیی، بەتایبەت لەبەردەم باڵوێزخانەکانی کینیاو یۆنان. ئەوان تورەبوون لە دەستبەرداربوونی ئەو وڵاتانە بۆ پەنادانی ئۆجەلانو لەهەمبەر کارو کەسایەتو بەرژەوەندییەکانیان تورەیی و هەرەشەی خۆیان پیشاندا. هاوکات بەخێرایی شەپۆلی تورەیی رووی کردە باڵوێزخانەکانی ئیسرایلو لەنێوەندی پڕوپاگەندەکاندا روسیاش بە تێوەگلان لەو پلانە تاوانبارکرا. لەبەرلیندا ۳ کورد پاش ئەوەی هێرشیان کردبووە سەر باڵوێزخانەی ئیسرائیل تەقەیان لێکراو کوژران. وەك نیشاندانی نارەزایی، هەندێك هەوڵیاندا ئاگر لەجەستەی خۆیان بەربدەن. لە هەریەك لە ئێران و ئێراقدا، کوردەکان زنجیرەیەك خۆنیشاندانیان ئەنجامدا. لەتورکیادا پێویستبوو پرۆتێستەکان فرە بەوریاییەوە گوزارشتیان لێوە بکرێت، هەربۆیە بازارو دوکانەکانی شارێکی وەك دیاربەکر داخرانو خەڵکی نەچوونە سەرکار. لە ئەمریکادا کوردان لەبەردەم کۆشکی سپیدا گردبوونەوەو دەستگیرکردنی ئاپۆیان شەرمەزارکرد. نەجمەدین کەریم وەك قسە کەرێکی هێمن و لەسەرخۆ و سەرۆکی پەیمانگەی سەربەخۆی کوردیی لە واشینتۆنو کوردێکی ئێراق لەئەمریکا دا، هەوڵی دا تا ئامانجی ئەم نومایانەی خۆیان روونبکاتەوەو گوتی:"لێرە شوێنێك نییە تا بۆچوونی خۆمان ئازادانە دەربېڕینو کۆڵینەوە لەبارەی گرفتەکانمان بکەین، ئێمە تەنها هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان وەك هاوڵاتییەکی یەکسان لەتورکیادا، لەگەڵ پاراستنی شوناسی نەتەوەیمان". ۳۲۸

ئۆجەلان لە زیندانێدا بوویە رەمزی نەتەوەیی کوردان. چوون تا ئەوکات زیندان و بندەستکردنو بەکارهێنانو پەراوێزخستن لەلایەن نەتەوەکانەوە لەگەڵ دڵی بەرژەوەندییەکانیان یەکی دەگرتەوە. بلاوبوونەوەی وێنەکانی ئۆجەلان بەو جۆرە زەلیلو زەبوونییەو کەلەپچەکرانی لەنێوەندی ئاڵاکانی تورکیادا، تەنێ ئاماژە نەبوو بۆ

[328] VOA at http://www.globalsecurity.org/military/library/news/1999/02/990219"kurd2.htm.

سەرکوتو چەپاندنی ئەو، بەڵکو ئاماژە بوو بۆ بندەستکردن و زەلیلکردنی هەموو کوردێك.

لەراستیدا بۆ تورکەکان هۆیەك هەبوو تا لەبەرامبەر دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا خۆشحاڵی خۆیان نیشانبدەن، بەلاَم جگە لەنیازێکی دیاریکراو هیچ پێویست نەبوو کەسێکی چەپگەرای کورد بەو جۆرە لەپێش ئاڵای تورکیادا زەلیل پیشانبدەن. دیارە کە ئەوە مەبەستێك بوو بۆ سوکایەتی و بێ ئەرزش نیشاندانی دۆزی کوردان لە وڵاتەکەیاندا.[٣٢٩] سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوڵند ئەجەوید پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان وتبووی: "ئەو گرفتانەی رووبەرووی تورکیا دەبنەوە، نە کێشەی کوردە نەیش گرفتی نەتەوەیی، هەروەك ئەوەی وڵاتانی ئەوروپا گەرەکیانە بەو جۆرە ناوزەدی بکەن".

ئەجەوید بەپێچەوانەی ئەوەوە جەختی دەکردەوە کە کێشەکە پەیوەستە بە رەوشی دوواکەوتوویی و هەژاریی هەرێمەکەوە. ئەو وڵاتەکەیەوە ساڵی ١٩٧٣دا سەرۆکایەتی داگیرکردنی قوبرسی کردبوو . وەلێ تورکانێك هەبوون کە پێیان وابوو ئێستەکانێ کاتی چاوخشاندنەوە بەپرسی کوردا هاتووە. دیارە کە چەندین ساڵ بوو ئەو تێگەیشتنە بەرجەستەببوو کە ئەنکەرە میتۆدی خۆی لەهەمبەر کەمینەی کورد ناگۆڕێت، بەتایبەت کاتێك کە جەنگی گەریلایی دژ بەتورکیا لەلایەن پەکەکەوە راگەیەنرابوو.

تەنانەت لە کۆتایدا تورکوت ئۆزالی سەرۆك کۆمار، ئەوەی بایەخی فرەی بە بەرقەراربوونو برەوی ریفۆرمەکانی وڵات دەدا، ئەوەی نەشاردەوە کە ئەو لەدەستپێکی هەموو شتێکدا ئاتاج بوو بە ئاگربەستی پەکەکە. موعەمای ئەنکەرە لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە وەك هەر وڵاتێکی تر کاتێ مامەڵەی دەکرد لەگەڵ راپەڕینێکی لەوجۆرەدا، ئەوا بەگرتنەبەری ریفۆرمەکان پشتیوانی لە خەباتی چەکداریی گەریلاکان لاواز دەبوو، لەبەرامبەریشدا گەریلاکان بەهێز دەبوون. چوون بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان براوە بوون لە هەوڵەکانیان. لێرەدا تورکیا رووبەرووی رەوشێکی جیاواز

---

329 Sami Kohen, "Turks take hardened stance after Ocalan," Christian Sci" ence Monitor, Feb. 26, 1999.

ببوويەوە. ڕەوشەکە لەگەڵ ئۆجەلان لەزیندان و خەباتی پەکەکە و هەوڵەکانی پەکەکەدا بوو کە مژوڵی قۆناغی داهاتوی خۆیان بوون کە چۆن خۆیان بەڕێوە بەرن. تورکیایش لەو پێودانگەوە سەیری کێشەکەی دەکرد کە چۆن لەرەگەوە کۆتایی بە گروپەکە بهێنێت.

ستوون نوسی سیاسی جەنگیز جاندەر بەمجۆرە تێبینی ڕەوشەکەی دەکرد: " ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو چۆن بەڕێگەیەکی نەرمو نیان مامەڵەبکرێت. هەرچەند ڕەنگبوو ئەوە ڕێگەیەکی دژواربێت بۆ ئەوەی بگیرێتە بەر". ناوبراو یەکێك بوو لەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لەسەر نوسینە واقعییەکانی لەسەر پرسی کورد، ساڵێك پێشتر تۆمەتو تانەیەکی ئێجگار فرەی ڕووبەڕوو کرابوویەوە بۆ ئەوەی لەکەداربکرێت. ئەو دەیوت:"پێم وایە کێشەکانی کورد پەکەکەو ئاپۆیان دروستکردووە، نەك بەپێچەوانەوە". چوون چارەسەرییەکان بە بوونی شوناسێکی فەرهەنگییو دیموکراسیی بۆ کوردەکان خۆبەخۆ چارەدەکرێت"[٣٣٠]. کوردەکان وادیارنەبوو کە هیوایەکی مەزنیان هەبێت. دەستگیرکردنی ئۆجەلان و مانەوەی ئاماژەیەك بوو بە کلۆمدانی دەرگاکانی چارەسەریی و گۆڕانێکی واقعیی.

هەندێك لەچالاکەکانی کوردو تەنانەت ئەوانەی سەربەخۆبوونو دوور بوون لەپەکەکە پێیان وابوو ڕەنگە دادگاییکردنیی ئۆجەلان ببێتە ڕێگەیەك تا دۆسیەی کوردیی گوێی لێبگیرێت. بەرگری بێ ئەندازی ڕێبەری پەکەکە لە خەباتی چەکداریی، هاوتابوو لەگەڵ شیکردنەوەکانی بۆ ئەو پرسەی کە خەڵکی بگەیەنێتە ڕادەی پێویست، تا دڵنیایان بکاتەوە لەوەی کە بەڵێ کوردان بندەستنو پێویستییەکانی گۆڕانکاریی پێوستە بێنە گۆڕێ. لەهەمان کاتدا سەرنجی نێونەتەوەیی لەمەڕ دادگایی ئۆجەلان. بەجۆرێك بوو کە هەوڵیاندەدا دادگایەکی عادیلانە بکرێت لەنێوخۆی وڵاتدا.

هەربۆیە بەمەیش حکومەتیان ناچار بە گۆڕانکارییەکی هەمەچەشنکردبوو لە دادگای ئاسایشی میریدا. ئۆجەلان وەك دروشمێك هاتە نێومەیدان، ئیدی ئەو جیاوازبوو لەو ئۆجەلانەی کە ڕێبەری گروپێکی وەك پەکەکەبێت.

---

[330] Sabah newspaper, February 25, 1999 (Internet edition).

پارێزەری کورد ئەحمەد زەکی ئۆجئۆغلو دەیگوت: "ئەوان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە خەڵکی کورد دادگایی بکەن، ئەویش لەدادگایی شەخسی ئۆجەلاندا خۆی دەبینییەوە". ناوبراو لەنەوەدەکاندا بەوە خۆی جوداکردبوویەوە کە رەخنەی سەختگیرو بێ ئەمانی لە عەبدوڵا ئۆجەلان دەگرت. ئێستەکانێش خۆبەخشانە سەردەستەی تیمێکە بۆ بەرگریکردن لە عەبدوڵا ئۆجەلان. چوون لە ئێستادا عەبدوڵا ئۆجەلان ببوویە رەمزێك. ناوبراو دەیگوت:"نەمتوانی بەسانایی وەك چاودێرێك تەماشای رەوشەکەبکەمو هەروا بمێنمەوە، بڕیارمداو کلاوی پارێزەرییەکەم کردە سەرمو بەرگریم لەنەتەوەکەم لە شەخسی ئۆجەلاندا دەبینییەوە "[331].

گرفتەکە ئۆجەلان بوو، یەکەم لێدووانی ئۆجەلان لەسەر مەتنی فڕۆکەکەدا بەجۆرێ بوو کە سەری لێشێوێنرابوو. یاخۆ نارۆشن بوو، نازانرێ ئەو ڤیدیۆیە چۆن روونبکرێتەوە. وادیاربوو ئەو بڕگانە لە قسەکانی وەرگیرابێتن تا هەستێکی ئاشتیخوازانەی لێبخوێنرێتەوە، چونکە ئۆجەلان لەهەوەڵ لێدوانیدا گوتی: "ولآتەکەمم خۆشدەوێتو دایکم تورکە. گەر بتوانم خزمەت بکەم، ئەوا دەبمە خزمەتکار "[332]. تەنها ئاماژەیەك بەسبوو بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئۆجەلان لەژێر فشارو بەتۆپزی ئەو قسانەی پێکراوە، ئەوەبوو کە ئۆجەلان زۆربەتوندی بە هەواڵگرەکەی وت چیدی هیچ پرسیارێکی تری لێنەکات. هەر ئەمەیش بوو کە ئەو کەسە لەدواییدا گوتبووی گەر ئۆجەلان پرسیارەکانی وەڵام بدایەتەوە، ئەوا دەیانکرد بە خزمەتکارو دەیتوانی بیکات". هاوکات لەمیانی رۆژانێکدا کە ئۆجەلان گیرابوو، میدیای تورکی پڕکرابوو لە راپۆرتگەلی دانپیانانەکانی ئۆجەلان، کەتێیاندا ئۆجەلان بەتێرو تەسەلی لەسەر چالاکییەکانی گروپەکە و گەریلاو پشتیوانەکانیان دووابوو، هاوکات رەخنەی گرتبوو لە چەکدارەکان و قسەی لەبارەی مێژوو سەنگینی تورکیاوە کردبوو. لەسەرەتاوە هاوسۆزانی پەکەکە واگریمانەیان کردبوو

---

[331] Gul Demir and Niki Gamm, "Okcuoglu says the Turkish legal system is on trial along with Ocalan," Turkish Daily News, April 8, 1999.
[332] Ozkan, Operasyon, 158.

کە ئۆجەلان سەرخۆشکرابێت، یاخۆ بیریان لەوەدەکردەوە کە ئەو لێدوان و بەڵگانە کە ناودەبرێن هەموویان ساختەو دروستکراون. دووای هەموو ئەوانە، پێش ساڵێك، رۆژنامەنوسەکان هەموو ئەو دانپێدانانەیان چاپکرد، کەلەلایەن شەمدین ساکیك فەرماندەی پەکەکەوە دەستیانکەوتبوو. ساکیك ئەو کەسەبوو کە دوواتر لەدادگادا هەموو شتێکی دایەدوواوەو پەشیمان بوویەوە. بەڵام ئۆجەلان دوواتر دەستی کرد بە بڵاوبوونەوەی هەمان لێدوانەکانی خۆی و تەواوی بۆچونەکانی لەرێگەی پارێزەرەکەیەوە بۆ هەوادارو پشتیوانانی خۆی بڵاویدەکردنەوە[٣٣٣].ئەو ستایشی هەلومەرجی زیندانەکەی کردبوو، فرە بەرێزەوە قسەی لەسەر ئەو سەربازانە کردبوو کە پاسەوانی دەکەن. هاوکات پێداگریی دەکرد لەسەر ئەوەی کە چەند بەباشی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت.

ئۆجەلان هەر لە لێدوانەکانیدا رۆچووبوو بە تانو پۆی دەوڵەتی تورکیاداو شانازی بەوەوە دەکرد کە دەوڵەتی تورکیا بە دەستگرۆیی کوردان دامەزرێنراوە. هاوکات ئەمەی وەك ئاماژەیەکی راستەوخۆ بۆ گەریلاکانی پەکەکە دەوتەوە. ئەو لە دوا لێدوانیدا لە سێپتەمبەردا داوای لە گەریلاکان کرد کە پابەندی ئاگربەست بن. گرنگترین شتێك کە ئەو ئاماژەی پێکرد بریتی بوو لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیاو کیانی تورکیا. لە رەوشێکی لەم جۆرەدا هاوسۆزو ئەندام و پشتیوانانی پەکەکە نەیاندەزانی کاردانەوەیان چۆن بێت. ئایا ئۆجەلان لەدانوستانایە لەگەڵ میریدا، یان دارای پلانێکی گەورەترەو ئەوە تەنها تاکتیکێکە یاخۆ بەئەشکەنجەو بە تۆپزیی ئەوشتانەی پێدەوترێت. چونکە بێ لەم ئەگەرانە ئەستەم بوو بروا بەو لێدوان و ئاخاوتنانەی ئۆجەلان بکرێت.

دادگاییکردنی ئۆجەلان بەتاوانی ناپاکیکردن لە ٣١ مانگی پێنجی ١٩٩٩دا دەستی پێکرد. دادگاکە پێکهاتبوو لە ژوورێکی دادگەی تایبەت لە دوورگەی ئیمرالی لەسەر دەریای مەرمەرە. ئۆجەلان لەوێ بەتاقی تەنهاو لە زیندانێکی بچوکی دوورگەکەدا دوور

---

333 Many of the notes released by Ocalan's lawyers are available at the Kurdish opposition site http://www.welatparez.com/tr/arsiv/gorusmenot" lari/.

لەهەموو ئاوەدانییەك بەندكرابوو. ئەو لەسندوقێكی شوشەی گوللە نەبڕەوە دەدووا. دەستپێكی قسەكانی و بەرگریی لەخۆكردنی بە داوای لێبووردن دەستپێكرد. سەرەتا ئەو ویستی هەموو لایەك لەوە دڵنیا بكاتەوە كە قسەكانی لەژێر گوشارو چاوسوركردنەوەدا نین. ئەو بەمجۆرە رایگەیاند: "دەمەوێ ئەوە بخەمە روو كە لەو رۆژەوەی كە گیراوم، بەڵێنم داوە لەپێناو ئاشتیدا بژیم، لەو رۆژەوەی كە هێنراوم بۆ توركیا، دوچاری هیچ لێدان و زۆرەملێیەكو مامەڵەیەكی خراپ نەبوومەتەوە"[334]. رێبەری پەكەكە دەمو دەس بانگەوازی ئاشتی كرد بۆ توركیاو بەڵێنی دا رێز بنوێنێتو دڵسۆزبێت بۆ كۆماری دێموكراتی توركیا. وشەكانی پڕاو پڕ وەفادارییی و ئەمەكدارییەكی نوێی ئەویان لێدەخوێنرایەوە بەرامبەر بە میریی. هاوكات ئەوەی خستە روو كە ئەو لەپێناو بەئاكامگەیاندنی ئاشتی و برایەتیدا بۆ توركیا، پێویستبوو بە زیندووی بمێنێتەوە. هەروەها رێزی خۆی نیشاندا بۆ هەموو ئەو خانەوادانەی كە سەربازەكانیان بەدەستی گەریلاكان كوژراون. لەمبارەیەوە وتی:"بەشداری خەمی ئەوانەم كە لەژیاندانو ئەوانەی كە ئازارو ناسۆریان هەیە"[335]. كاتێك دادگا داوای كرد ئایا ئەو وتانە وەك داوای لێبوردن لە خانەوادەی كوژراوەكان بنوسرێتەوە؟ ئەویش لەوەڵامدا رازیبوونی خۆی بۆ ئەوە نیشاندا.

شتێك كە ئاماژەی پێنەدا ئەوە بوو كە كوردەكانیش بەهەمان شێوە ئازارو ئەزیەتیان چەشتووە. كوردەكانیش بەدەستی سەربازانی تورك كوژراون. ئەو ئاماژەی بەوە نەدا كە خانەوادەو خێزانە كوردەكانیش عەزابارو خەمگینو چاوەڕێی كەسێكن لەتەرەفی توركەكانەوە كە داوای لێبوردنیان لێبكات. هەروەها ئەركی نەدایە بەرخۆی تا باسێ لە خواستەكانی نەتەوەی كورد بكاتو روونینەكردەوە بۆچی كوردەكان رۆژگارێكی دووروو درێژە لەخەباتدان و خواستی شۆڕش لە كەڵلەیاندایە؟ دووای ئەوەی ئۆجەلان

---

[334] Hurriyet, June 1, 1999, "Gundem: Yasamak Istiyorum." This and other articles are available at the newspaper 's on"line archives www.hurriyet.com .tr.

[335] Hurriyet, June 1, 1999, "Gundem: Yasamak Istiyorum."

ئاماژەی بەمەدا بۆ ئەوە بوو کە دادگا دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە ئەو گەیشتووە بەو ئاکامەی کە ئاراستەی جەنگ ئاراستەیەکی هەڵەبوو. ئۆجەلان یاداوەری ئەتاتورکی بە ستایشەوە کرد، ئەوەی دامەرزێنەری کۆماری تورکیابوو. زۆرجاریش ئاماژەی بە جەنگی هاوبەشی تورك و کورد دەدا لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتی تورکیادا لەساڵی ١٩٢٣ دا. لەلایەکی تریشەوە نکولی لە نیگەرانییەکانی مافی مرۆڤ کردوو سوربوو لەسەر ئەوەی کە پەکەکە پێویستبوو رۆژگارێك پێشتر وازی لەخەباتی چەکداری هێنابایە.

ئۆجەلان بە دادگای راگەیاند:"لەنەوەدەکاندا لەتورکیادا(کوردو تورك) هەنگاوی خێراو گەشەسەندنێکی پۆزەتیڤیان لەهەمبەر مافی مرۆڤدا هێناوەتە گۆڕێ". هەروەها وتی:"پاش ئەم گەشەسەندنە، راپەرین و سەرهەڵدانەکان هەڵە بوون، مادام رێگەی چارەسەریی گرفتەکان هەبوو".

هەڵگەڕانەوەی ئۆجەلان وەك شۆکێك وەهابوو، تەنێ بۆ ئەوانە شتێکی نۆرماڵ بوو کە ئەویان نەدەناسی. بۆرکای نەیاری سەرسەختی ئۆجەلان و سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان پێمی وت:"ئۆجەلان ترسنۆك بوو". بۆرکای هەمیشە سەرکۆنەی ئۆجەلانی دەکرد بەوەی توندوتیژەو کار بۆ زەمینە سازی ئاشتی ناکات. وەڵێ کە لێدوان و بەیاننامەکەی ئۆجەلانی بینی لەدادگادا ئیدی وەك هێمایەك بۆ خۆبەدەستەوەدان لێکیدایەوە.[٣٣٦]

هەروەها بۆرکای وتی:"قسەگەلێکی لەو جۆرەی ئۆجەلان لەسەرەوەختی دەستگیرکردنیدا دەکرا قبوڵبکرێن، چوون بەهۆی ئەوەوە بووە کە ئەو هەڵەی پێکراوەو رازیکراوە بە بیری چارەسەریی ئاشتیانە". لەبەیاننامەیەکیدا کە میدیاکانی ئەڵمان لەمیانی دادگاکەدا بلاویانکردەوە، بەم شێوەیە سەرکۆنەی ئۆجەلان کرابوو: "لێدوان و پەیامی ئۆجەلان بۆ دادگاو بۆ دەوڵەتی تورکیا بەم جۆرە بوو (هەرچییەکتان بوێت، ئامادەم ئەنجامی بدەم)، هاوکات رێزی بێپایانی بۆ کۆماری تورکیاو پێداگیریی و

---

[336] Hurriyet, June 3, 1999, "Gundem: Aglatan Ifade."

جەختکردنەوەی چەندینجاریی کە ئومێد دەکات ببێتە خزمەتکار، تەواویی کوردان و ئەندامانی پەکەکە دوچاری شۆککرد"[337].

ئەگەری زیاد ئەوەیە کە ئۆجەلان بەتەواوی باوەڕی نەبوو کە خەریکە دەستبەردارو ملکەچی هەموو بەهاکانی تورك دەبێت. ئەو هیوای خۆی لەوەدا بینیبوویەوە کە راستەوخۆ بچێتە دانوستان‌و سازانەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا. وادیاربوو کە ئەوان لە وتوێژدا بوون، ئۆجەلان پێی وابوو ئەوە هەنگاوێکی گرنگەو جگە لەوە شتێکی دیکە لەگۆڕێدا نییە. هەندێك لە سەرخەران و پشتیوانانی ئۆجەلانیش باوەڕیان وابوو کە ئەوە واقیعێکەو پێویستبووە لەستایشی دەوڵەتی تورکیادا برەو بەخەباتەکەیان بدەن.

رۆژنامەیOzgur Politikaی سەربە پەکەکە کە لەئەوروپادا دەردەچوو، سەبارەت بەو قسانەی کە ئۆجەلان لەبارەیانەوە دەدوا، ئاماژەی دابوو کە شتانێکی هەڵە خەریکن روودەدەن. رۆژنامەکە نوسیبووی: "پەیامی ئاشتیخوازیی ئۆجەلان دەبوو رەچاوی رێزو حیکمەتی بکردایە، بەرپرسانی دادگا دەبێت زۆر بەرپرسانەتر و جدی تر ئەو رێگەیە و ئەو راڤانە تاوتویێ بکەن". سەرەڕای هەموو ئەو راڤەو روانگانەی هەوادارو پشتیوانانی پەکەکە لەمەڕ بەیاننامە ئازاربەخشەکەی ئۆجەلان تاوتوێیان دەکرد. بەڵام راستییەك هەبوو کە بڕیاری سەرۆکەکەیان بۆ بەرگریی نەبوو لەخەباتی کورد، بەڵکو هەوڵێك بوو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە بەندییەتیدا.

نموونەی خیانەتێکی لەم جۆرە سەیر نەبوو، چوون ئۆجەلان دەکرا پاش ئەوەی لەسوریا دەربەدەرکرا، رووبکاتە باکووری ئێراق‌و لەوێدا پەنای خۆی بدات. زۆرێك لە رێبەرانی کورد لەوێندەر خۆیان هێشتبوویەوەو بارەگاو بنەیان لەوێ بوو. هەرچۆنێك بووایە لەو رەوشەدا پەکەکە گرنگتربوو لە مانەوەی خودی خۆی لە ژیاندا، وەلێ ئەو بڕوای بەو راستیە نەدەکرد.

---

337 Hurriyet, June 25, 1999, "Gundem: Apo Diktator."

ئۆجەلان هیچ کات لەسەر پلان و ئامانجێك جێگیر نەبوو، ئەو هەموو فرە بواریی و هەمە چیزییە ببوویە بەشێك لە هێزی پەکەکە. ئێستا کە ئەو لە زیندانی تورکیا بوو، رەنگە بۆی روونبووبێتەوە کە لۆژیکیترین ئامانجو پلان ئەوەیە کە خۆیان وابەستەکەن بەهێزو هەرەکەتی میرییەوە. ئەگەرچی ئەمە وەك خیانەتێکی تەواو لەپەکەکە لێکدەدرایەوەو کێشەی کورد نارۆشن و گومەساربوو لەپلانەکەدا[٣٣٨].

پارێزەر ئەحمەد زەکی ئۆکچۆغلو، سەردەستەی تیمی بەرگریکار لە دۆسیەی ئۆجەلان، وەختێ زانی ئۆجەلان نایهەوێت بەرگریی لەمافی کوردو جەنگی کورد بکات، دەستی لەکار کێشایەوە. ئەو بە گلەییەوە دەیگوت: " بۆ هەموو دیکتاتۆرەکان، ئەوان ژیانی خۆیان لەهەموو شتێك پێ گرنگترە". هەروەها دەیگوت: "شتێك لە گۆرێدا نییە کە نەتوانرێت قوربانی بۆ بدرێت" [٣٣٩].

فرە بەداخەوە بۆ ئۆجەلان، چونکە میریی هیچ چاوپۆشییەکی لەپاکانەکانی ئۆجەلان نەکرد، کاتێك لە ٢٩ی مانگی شەشدا حوکمی دادگا خوێنرایەوە، هەروا بە هەوانتە بریارەکەی دادگایان نەخستبووە رۆژی دەرچوونی بریاری دادگا بۆ لەداردانی سەرکردەی نەتەوەیی کورد شێخ سەعیدی پیران لە دیاربەکر. ئۆجەلانیش بەهەمان شێوە سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا. هەر لەهەمان دادوەریدا کەبۆ ئۆجەلان بریاردرابوو، هەموو کارێکی خزمەتگوزاریی گشتی لێقەدەغەکرابوو. ئیدی چاودێران و کۆڵەرانی بواری یاسا خرۆشانو سرودی نیشتیمانی تورك تەواوی ولاتی گرتەوە. هاوکات پەکەکە بێ سەرکردەو سەردار مایەوە، لەبەر ئەوە سەردەمی نوێ و پلانی هەنگاوی ئایندە دەبوو بگیرێتە بەر.

---

338

339 Hurriyet, June 25, 1999, “Gundem: Apo Diktator.”

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)


براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )



# PKK HISTORY

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ ( ١٠٠٠٠ ) دینار